**هەرێمی كوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پرۆتۆكۆڵەكان

# 77

**ساڵی/ 2012 – بەرگی حەفتا و حەوت**

---

چاپی یەكەم/ ساڵی 2012

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 77
چاپی یەكەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێریست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/30 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/7 ل 75

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/8 ل 149

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/5/9 ل 175

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/14 ل 225

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/15 ل 267

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/5/16 ل 339



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 30\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/4/30

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2012/4/30 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/4/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای ڕێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای هەموار كردنی ماددەی (32) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی هەموار كراو.

ب- پێشنیاری بڕیار دەربارەی كارەسات و رابوونی 4/24ی قەڵادزێ.

ج- پێشنیاری یاسای ماڵی مامۆستا.

د- پێشنیاری پێكهێنانی ئۆفیسی هاوبەشی نیشتمانی بۆ پرسی ناوچە دابڕێنراوەكان.

هـ- پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی ژمارە (19)ی ساڵی 2011.

و- پێشنیاری یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان.

ز- پێشنیاری یاسای ڕێكخستنی خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان.

ح- پێشنیاری یاسای جێ بەجێ كردنی هەموار كردنی یەكەمی یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2009ی عێراق.

ك- پێشنیاری یاسای بە موڵك كردنی حەرەمی ئەو گوندانەی كەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیەكانەوە (تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات).

ی- پێشنیاری یاسای قەرەبوو كردنەوەی ئەو كەسانەی حوكمەكانی یاسای ڕێكخستنی موڵكی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (90)ی ساڵی 1975 و هەموارەكەی دەیانگرێتەوە.

ك- پێشنیاری یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (وەزارەت یان دامەزراوەی پێشمەرگە).

ل- پێشنیاری یاسای بڕیاری زیادەڕۆیی لەسەر موڵكی شارەوانی.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سواڵکردن لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (11)، ڕۆژی دانیشتن 2012/4/30،

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (11)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/4/30 بەم شێوەیە بێت:

1- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (32) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی هەموار کراو.

ب- پێشنیاری بڕیار دەربارەی کارەسات و ڕابوونی 4/24ی قەڵادزێ.

ج- پێشنیاری یاسای ماڵی مامۆستا.

د- پێشنیاری پێکهێنانی ئۆفیسی هاوبەشی نیشتمانی بۆ پرسی ناوچە دابڕێنراوەکان.

هـ- پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی ژمارە (19)ی ساڵی 2011.

و- پێشنیاری یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان.

ز- پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان.

ح- پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی هەموار کردنی یەکەمی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2009ی عێراق.

ك- پێشنیاری یاسای بە موڵك کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە نێو سنووری شارەوەانیەکانەوە (تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات).

ی- پێشنیاری یاسای قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی موڵکی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (90)ی ساڵی 1975 و هەموارەکەی دەیانگرێتەوە.

ك- پێشنیاری یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (وەزارەت یان دامەزراوەی پێشمەرگە).

ل- پێشنیاری یاسای بڕیاری زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی شارەوانی.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سواڵکردن لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتن، یان ئامادە نینە، لە دانیشتنی رابردوو، یان مۆڵەت دراون، یان ئامادە نەبوونە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی لە 2012/4/23 مۆڵەتیان پێ دراوە، یان ئامادە نەبوونە، ئەمانەن:

1- احمد سليمان عبدالله(بلال)/ مۆڵەتی پێدراوە.
2- اسماعيل سعيد/ ئامادە نەبووە.
3- برهان رشيد حسن/ مۆڵەتی پێدراوە.
4- رێباز فتاح محمود/ ئامادە نەبووە.
5- ژيان عمر شريف/ مۆڵەتی پێدراوە.
6- سميرە عبدالله اسماعيل/ مۆڵەتی پێدراوە.
7- سەرگوڵ رضا حسن/ مۆڵەتی پێدراوە.
8- شەونم محمد غريب/ ئامادە نەبووە.
9- شێردڵ تحسين محمد/ مۆڵەتی پێدراوە.
10- صباح محمد نجيب/ مۆڵەتی پێدراوە.
11- عبدالقادر اكرام جميل/ مۆڵەتی پێدراوە.
12- عبدالله محمد امين/ ئامادە نەبووە.
13- عبدالله محمد نوری/ مۆڵەتی پێدراوە.
14- عبدالله محمود محمد/ مۆڵەتی پێدراوە.
15- عدنان عثمان محمد/ مۆڵەتی پێدراوە.
16- عمر حمدامين خدر/ ئامادە نەبووە.
17- عونی كمال سعيد بەزاز/ مۆڵەتی پێدراوە.
18- ليلى امير عاض/ ئامادە نەبووە.
19- نەريمان عبدالله قادر/ مۆڵەتی پێدراوە.
20- نەژاد عزيز سورمێ/ ئامادە نەبووە.
21- هاژە سليمان مصطفى/ مۆڵەتی پێدراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو كەسەی ئیعتیرازی هەیە دوایی بچێت موڕاجەعەی بكاتەوە، تاكو راستی بكاتەوە، ئەگەر هەر شتێك بە هەڵە بوو، لێرە موناقەشەی ئەوە ناكرێت كێ مۆڵەت بوو، یان كێ ئامادە نەبووە، یان بە هەڵە ناوی

خوێندراوەتەوە، دوایی موڕاجەعەت بکەن بۆ چارەسەر کردنەکەی، ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، کە دەنگدانە لەسەر پرۆژە یاسای رێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو خوێندنەوەیە دەخرێتە پرۆتۆكۆل، بە حەقیقەت من غائیب نەبوومە، نە ئیجازەم وەرگرتووە، نە غائیب بوومە، کە ئێستا ناوم هاتووە، لەبەر ئەوەی دەخرێتە پرۆتۆکۆلەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە لە دانیشتووی پێشوو ئامادە بووم، بەس ئێستا ناوم خوێندرایەوە کە غائیب بووم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە جێی خۆیدایە کە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (54) جێ بەجێ دەکرێت، کە ناوی ئەو ئەندامانە دەخوێندرێتەوە کە ئامادە نەبوونە، هەروەها ناوی ئەوانەی بەبێ عوزرێکی رەوا ئامادە نەبوون، بەڵام بەشی دووەمی ئەم بڕگەیە داوا دەکەم ئەویش جێ بەجێ بکرێت، کە پوختەی مەحزەری دانیشتنی رابردوو لەم دانیشتنە دەبێت بخوێندرێتەوە، دوای راست کردنەوەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدات راستەوخۆ، یان لەسەر داوای یەکێك لە ئەندامان دەسەڵمێنرێت کە ئەمە بەشی دووەمی ئەم بڕگەیە، بڕگەی چوارەم لە ماددەی (54) ئەوەیان جێ بەجێ نەکراوە، داوا دەکەم ئەوەشیان جێ بەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لە بەرنامەکانی رۆژانی داهاتوو ئەوەشیان جێ بەجێ دەکەین، زۆر باشە، فەرموون لیژنەی هاوبەش، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببووره، پێموایە ئەو تەبریدە کە ئیش دەکات هاژە هاژێکی زۆرە تەئیسیر دەکاتە سەر کۆی گوێ گرتنەکە بەڕاستی، ئەوە هۆکاری سەرەکییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە خۆتان دەزانن ماوەیەکی باش موناقەشەی ئەو پرۆژەیەمان کردو دەرفەتێکی باشیشماندا بە لیژنەی هاوبەش، گوتمان بۆ ئەوەی دارشتنی بۆ بکەنەوە، دواکەوتنەکەی دانیشتنی ئەمڕۆمان هەر لە ئەنجامی ئەوە بوو کە پێویستیان بە کاتی تر بوو، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ پێدا بچنەوەو ئەو کەموکورتیەی لە دارشتنەکە هەبوو تەواوی بکەن، ئێستاش داوایان لێ دەکەین خاڵ بەخاڵ دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لە دوای هەردوو دانیشتنی یەك لە دوای یەکی تایبەت بە یاسای رێگا گشتیەکان و وەرگرتنی دیدو بۆچوون و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد، کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا لە 4/29، بۆ ئەوەی ئەو دیدو بۆچوونانە بە هەند وەربگیرێت و لەناو یاساکە ئەگەر پێویست بوو گۆڕانکاری بکرێت، بۆیە ئێمە راپۆرتێکی هاوبەشمان نووسیەوە، پێمان باشە راپۆرتەکە عەرزی ئێوەی بەڕێز بکەین، بەڵام پێش ئەوەی دەست بکەین بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە، ئەو رەئیانەی کە وەرگیراوە لێرە بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کردوومانەتە راپۆرتێك، راپۆرتەکانیش دابەش کراوە، ئەگەر جەنابت بفەرموویت راپۆرتەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر ئەو راپۆرتە وەختی خۆی خوێندراوەتەوە، ئێستا بەس بۆ دەنگدانە، ئەگەر دەنگدانیش بێت دەبێت مادده بە مادده بخوێندرێتەوە، چونکە موناقەشەی تەواوی لەسەر کراوە، دەبێت مادده بە مادده دەنگی لەسەر بدرێت، بۆ جارێکی تر بخوێنینەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پرۆژە یاساکە هاتووە هەر لە عینوانەکەیەوە بەسەریدا هاتووە، ئێستا ئەسڵی پرۆژەکەو گۆڕانکارییەکان پێشکەش دەکەین.

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ماشرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الدورة ( ) الجلسة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار:

ئـەو گۆڕانکارییـەی بەسـەر ئـەم بەشـەدا هـاتووە مەجلیسـی وەتـەنی کـراوە بـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـەم شێوەیەی خوارەوە:

(وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة مـن قـانون رئاسـة اقلـيم كوردسـتان – العـراق رقـم (1) لسـنة 2005 المعـدل وبنـاء علـى ماشـرعه برلـمان كوردسـتان – العـراق في الـدورة ( ) الجلسـة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار)، گۆڕانکاریەکە تەنیا لێرە پەرلەمانی کوردستان ئیزافە کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئاسانکاری جەلسەکەو ئاسان کردنی دەنگدان، پێویست ناکات نەصـەکەی پێشـوو بخوێندرێتـەوەو نەصـە هەموار کراوەکە، بەڵکو هەر یەکسەر یاساکە بەهەموار کراوی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگی لەسـەر بدەین، ئەگەر هەر کەسێك پێویستی بە روون کردنەوەیەك بـوو، ئـەوەتا لەبەردەسـتماندایە، ئـەوە راپۆرتـە هاوبەشەکە هەیە، ئەگەر ئێمە سەیری راپۆرتە هاوبەشەکە بکەین و سەیری نوسخە ئەسڵیەکە بکـەین هـی یاساکە دەزانین گۆڕانکارییەکە لەکوێ کراوە، لەبەر ئەوە ئەوان پێویسـت ناکـات نەصـە کۆنەکـە بخوێننـەوە، بەڵکو یەکسەر نەصە تازەکە بە هەموار کراوی بخوێندرێتەوە، ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دیباجەی کە کاك عومەر خوێندیـەوە دیباجـە تـابعی سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتانە، عیلاقـەی بـە پەرلەمان نییە، واتا موجیب نییە ئێمە لێرە بیخوێنینەوە، ئەو دیباجەیە دەبێت دیباجەی پەرلـەمان بێـت بەو شێوەیەی لە قەوانینەکانی تر دەرچـووە بـەو شـێوەیە بنووسـرێت، نـەك بـەو شـێوەی کـە کـاك عومـەر خوێندیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز کاك کامەران دەکەین بەخێر بێت سەرچاومان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم صیاغەی کە ئێستا پێشکەش بە ئێوەی بـەڕێز دەکرێـت ئەمـە دوای ئەوەیـە کـە عـەرزم کـردن هـەردوو لیژنـەی هاوبـەش کۆبوونـەوەیان کـرد لەسـەر ئـەو رەئـی و دیـدو بۆچـوونانەی ئێـوەی بـەڕێز لـە هـەردوو

**دانیشتنی پێشووتری پەرلـەمان بەسـتی لەسـەر یاسـای ڕێگـا گشـتیەکان، بـە نەتیجـەی ئـەو گفتوگۆیانـەی بەڕێزتان و ئەو مولاحەزاتانە، ئەم صیاغەیەی کە ئێستا لەبـەر دەسـتماندایەو لەبەردەسـتتاندایە پێشکەش دەکرێت، ئەمە صیاغەی کۆتاییە، لەبەر ئەوە ئێستا پێشکەشتانی دەکەین.**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1):**

**يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:**

**اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمماً ومعلناً عنه كطريق سريع.**

**رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.**

**سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.**

**ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:**

**1- طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.**

**2- الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.**

**تاسعاً: الاثقال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**تكایە بە كوردیەكەش.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها گۆڕانكارییەك لەم ماددەیەدا كراوە هەڵەیەكی زمانەوانی هەبووە لە ماددەی یەك بڕگەی نۆ كە (الاثقال المحوریة) بووە، خۆی (الاشغال المحوریة) نووسراوە، ئێمە كردوومانە بە (الاثقال المحوریة) راستیەكەی ئەوەیە.**

**یاسای رێگا گشتییەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

**ماددەی (1):**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:**

**یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**دووەم: رێگای گشتی: ئەو رێگا قیرتاو كراوە، یان قیرتاو نەكراوەیە كە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان كراوە، كە قەدەغەكراوەكانی رێگایەكەش دەگرێتەوە، جۆرەكانی رێگا گشتییەكانیش بەخێراو سەرەكی و لابەلاكان و رێگاكانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە.**

**سێیەم: رێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو رێگا گشتیەیە كە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل دانراوەو دامەزراوەو خزمەت بە موڵكەكانی هاوشان و نزیكی خۆی ناكات، واتا (شووورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا كراوەتەوەو لەگەڵ هیچ رێگایەكی تر، یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەكی تر، یان رێگای پیادەدا لە هەمان ئاستدا یەكتر نابڕن و وەك رێگایەكی خێرا دامەزراوەو راگەیەنراوە.**

**چوارەم: پرد: بە كۆنكرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووكیان دامەزراوەو پانتاییەكەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەكەوە، یان لەسەر فەتحەیەك دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووكیان، چەمكی پرد ئەو پردە سەر ئاوەكەوتووانەش دەگرێتەوە كە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر كار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەكات بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاویان دەكاتەوە.**

**پێنجەم: یەكتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك رێگای پێكەوە بەستراو و یەكتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، كە رێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو رێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەكات.**

**شەشەم: تونێل: رێگایەكە بە ژێر رێگایەكی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان رووبار، یان كەنداو، یان كەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم رێگایە دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە بە تونێل پێناسە كراوەو راگەیەنراوە.**

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەكی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە كەناڵێكی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەكی سروشتی، یان دەستكرد لەلایەكی ڕێگاكەوە بۆ لایەكەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەكراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1- ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەكتربڕ، یان تونێل.

2- زەویەكانی هاوشان ڕێگایەكە دەگرێتەوە كە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەكات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاو دەكرێتەوە.

نۆیەم: قورساییە میحوەریەكان: بریتیە لە كێشی ئۆتۆمبیلەكە لەگەڵ ئەو بارەی كە هەڵیگرتووە، كە قورسایی دەخەنە سەر هەر میحوەرێك لە میحوەرەكانی ئۆتۆمبیلەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم دوای گفتوگۆی ئەم بەڕێزانە ئیزافەی كەلیمەی صەلاحیەی خرایە سەرو فەقەرەی حەوتی بۆ ئیزافە كرا لەسەر رەئی هەردوو لیژنەو برادەران، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ هات:

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون ونطاق سريانه**

المادة (2):

يهدف هذا القانون الى ما يأتي:

اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.

ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.

ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعتها وابعادها.

رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليد على الاراضي التي تمر بها الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.

خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.

سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود صلاحية رئاسة البلديات ومديرية البلديات.

سابعاً: تنظيم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلانات على الطرق العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەكوردیەكەشی.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایەو مەودای حوکمەکانی**

**ماددەی (2):**

**ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەکەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی زیادەڕۆیی لەسەریان.**

**دووەم: دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان.**

**سێیەم: دیار کردنی قورسایی بارو بارگەکان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن.**

**چوارەم: ئاسان کردنی ڕێکارەکانی دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە مولکردنی ئەو زەویانەو ڕێکخستنی ڕێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەیان.**

**پێنجەم: ڕێکخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ڕێگا گشتیەکان دەکەن و دیار کردنی دوورایيان لەو ڕێگایانەوە.**

**شەشەم: موافەقەت کردنی لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی دەسەلاتی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.**

**حەوتەم: ڕێکخستن و پێدانی مۆڵەتی دانان و داکوتانی هۆیەکانی پروپاگەندەو بلاْو کردنەوەی لە ڕێگا گشتیەکان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەی سێیەم.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە هەروەکو ئەسڵی پرۆژەکە مایەوە بەبێ گۆڕانکاری:**

**المادة (3):**

**تسري احكام هذا القانون على:**

اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.
ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء المجسر منها فقط دون المقتربات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بە كوردیەكەش.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەكەم: ئەو رێگا گشتیانەی دەكەونە دەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانیەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو پەڕینەوەو تونێل و یەكتربڕانەش كە دەكەونە چوارچێوەی قەدەغەكراوەكانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش كە خزمەت بەو رێگایانە دەبەخشن.
دووەم: هەموو جۆرە پردێك كە دەكەونە سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی و دەرەوەشیان كە وەها پێناسەكراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەكانی پردەكە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الاستملاك والتقدير**

المادة (4):

اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.
ثانياً: للوزارة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن اتحاد الفلاحين

وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة في الوحدة الادارية وصاحب او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.

ثالثاً: تتبع للجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقدير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.

رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى رئاسة محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

بەنیسبەت ئەم ماددەیە، ئێمە لە ئەسڵی پرۆژەکە (في الحالات المستعجلة) کە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کرد بوو لابراوە (جمعيات الفلاحية) بوو بە (اتحاد الفلاحين)، کەلیمەی ڕیئاسەمان زیاد کرد بۆ مەحکەمەی ئیستئناف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیەکەش.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**بە مڵك کردن و خەمڵاندن**

ماددەی (4):

یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی قەدەغەیە دەستکاری ئەو زەوییانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.

دووەم: وەزارەت بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانەدا بگرێت، کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقەکانیان هاتووەو دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەمڵاندنی بەهای دامەزراو و چێنراو و زەرعەتانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بەو زەویانەوە هەیە، خەمڵاندنەکەش لەلایەن لیژنەیەکەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەت و نوێنەری تۆماری عەقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی یەکێتی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی عەقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یان لە نوێنەرەکەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.

سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاندنە پێڕەو دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)ی ساڵی 1981و هەموارکراودا هاتووە.

چوارەم: وەزارەت و هەر کەسێکیش کە پەیوەندی هەبێت بە پاشکۆکانی ئەو زەویەوە، کە بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە بەرواری پێ ڕاگەیاندنەوە لەبەردەمی دادگای سەرەتایی تایبەتمەند بە جێگای عەقارەکە ناڕەزایی لە ڕەشنووسی خەملاندنەکە دەربڕن، دادگاکەش لە ماوەی (15) ڕۆژدا سەیری ناڕەزاییەکە دەکات و بڕیارەکەشی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تانە لێدانەوە لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر لەسەر هەر ماددەیەك تێبینیەکی هەبوو دەست بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی تێبینیەکەی ڕەچاو بکەین، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی کە خوێندراوەتەوە هەمووی من پشتگیری لە دەقەکەی دەکەم تاکو ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر تێبینی چیت هەیە؟

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە زەویەك لە شارەوانی دەچێتە سنووری شارەوانی هی جوتیارێکە بە ڕێژەی لە 3٪ کە عەقدی هەیە تەعویز دەکرێتەوە، ئێستا هەمان زەوی کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەیکاتە جادە تەعویزی زراعەتەکەی دەدرێتەوە، ئەمە زوڵمە لە جوتیار دەکرێت، هەمان زەویە لە هەمان شوێن یەکیان وەزارەتی شارەوانی ئیشی پێیەتی، یەکیان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیشی پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی کە کاك قادر باسی لەسەر دەکات، ئەوە لە یاسای تایبەتمەندەکانی خۆی باسی لەسەر کراوە لەسەر حەقی تەسەروف و لەسەر موڵکی زراعی، لەسەر ئەو کەسانەی کە عەقدیان هەیە، هەر کەسێك، هەر لایەنێك، هەر نەوعێك لەو جۆرانە نیسبەتی خۆی بۆ تەحدید کراوەو یاسای تایبەتی تەحەکومی پێوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج دوای وەرگرتنی دوو مولاحەزە لە ئەندامانی پەرلەمان و جەنابی سکرتێری پەرلەمان بە ئیزافە کردنی ئەو دوو مولاحەزەیە، ئێستا بەو دوو مولاحەزەیەوە ئەو ماددەیەتان پێشکەش دەکەین، مولاحەزەکان یەکێکیان عیبارەتە لەوەی ئیزافە کردنی عیبارەی (مالم یکن قد تم اخذ الربع القانوني من قبل لاي سبب كان) لە ئەخیری فەقەرەی سێ، هەروەها گۆڕانی کەلیمەی (الدولة) بۆ (الاقليم) لە فەقەرەی شەش لە هەمان ماددە، بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوەتەوە:

المادة (5):

اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ طلب الاستملاك ايهما افضل للمستملك منه.

ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.

ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه مالم يكن قد تم اخذ الربع القانوني من قبل لاي سبب كان.

رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.

خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او مديرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.

سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الاقليم الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

یەکەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا ڕۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای موڵکدار کردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەکانی دەست دەکات بە موڵکدار کردنی ئەو زەویانەی کە دەقەکانیان لە مادده (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەکەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە کردنی دەستکارییەکەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەکەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك کردنەکەوە، یان کامیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە زەویەکەی لێ دەسەنرێت.

دووەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانی زەویەکانەوە وەربگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەکانی ئەو زەویانەی کە بە موڵك کردن دەیانگرێتەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا لانی کەم دووجار بلاّو دەکرێتەوەو مۆڵەتی (90) ڕۆژیش بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا ڕۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەکانیان بە موڵك کراو دادەنرێت.

سێیەم: بەبێ بەرامبەر (بەخۆرایی) ئەو چوار یەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە جۆرو پۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە، بە مەرجێ چواریەکی یاسایی پێشتر وەرنەگیرا بێت لەبەر هەر هۆیەك بێت.

چوارەم: زەویە قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کە بە موڵك کراون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.

پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر ڕووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا موڵکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یان بۆ بەڕێوەراریەتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە، دەست نیشانی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.

شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی هەرێم، سەرپەرشتی ئەو زەویانە دەکات کە دەکەونە ژێر رکێفی حوکمەکانی ئەم یاسایەوەو بەهاودەنگیش لەگەڵ یەکە ئیداریەکاندا زیادەڕۆییان لەسەر لا دەبات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش هیچ مولاحەزەیەکی لەسەر نەبوو، هەر وەکو خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

المادة (6):

اولاً: للوزارة عند الاقتضاء وضع اليد على اي ارض او بستان او اي جزء منها بصورة مؤقتة لاغراض تنفيذ مشاريع الطرق العام والجسور لمدة لاتتجاوز مدة انجاز المشروع ببدل ايجار بعد تبليغ مالكها بذلك مدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.

ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الايجار السنوي او الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن بها مع توابعه.

ثالثاً: على الوزارة اعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه الى مالكه بعد انجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الاضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

یەکەم: لەکاتی پێویستدا دەستەکە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یان هەر پارچەیەکدا دەگرێت بەشێوەیەکی کاتی باخێك، یان هەر پارچەیەکیدا دەگرێت، بەشێوەیەکی کاتی بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژە گەلی رێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك کە لە ماوەی تەواو کردنی پرۆژەکە نەترازێت، بۆ ئەوەش کرێ دەدات بە خاوەنەکەی و بەر لە (30) سی رۆژ ئاگاداری دەکات.

دووەم: ئەو لیژنەیەی کە لە بەندی (دووەم)ی ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، کرێی سالآنە، یان کرێی مانگانەی ئەو عەقارە دیاری دەکات، کە بڕیار دراوە بەشێوەیەکی کاتی دەستی بەسەردا بگیردرێت و رەشنووسێکیشی لەگەڵدا رێك دەخات، باری کاتەکەو دۆخی پاشکۆکانی تێدا دەچەسپێنێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەڕێنێـەوە بۆ خاوەنەکـەی دوای تەواو کردنی پرۆژەکە، هەر وەکو ئەو حاڵەتەی کە لـە ڕەشنووسـی دەسـت بەسـەردا گرتنەکـەدا جـێگیر کـرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەکە بخەملێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەکەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبـەش بـە کـوردی و عـەرەبی خوێندیانـەوە، کـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوت هیچ مولاحەزەیەکمان نییە وەکو لیژنەی هاوبەش:

**الفصل الرابع**

**محرمات الطرق العامة والجسور**

المادة (7):

يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يأتي:

اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منها.

ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامـل الغربلـة او تأسيس المقـالع او اجـزاء تحـويرات في مسار النهر بما يؤدي الى الحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.

ثالثاً: محرمات التقاطعات والانفاق والمعابر ان وجدت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردەکان**

ماددەی (7):

ئەمانەی خوراەوە بە بەیاننامەیەك دیـاری دەکـرێن و وەزارەت دەریـان دەچـوێنێ و لـە ڕۆژنامـەی فەرمیـدا بلاّو دەکرێتەوە:

یەکەم: قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ نا سەرەکی، چ دەشتەکی و ڕێگای لەو جۆرە بابەتانە دیار بکرێن (تەنها ئەو بەشانەیان نەبێت کە بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی ڕشتەی بنەرەتی خۆیان دیار دەکرێن).

دووەم: قەدەغەکراوەکانی ئەو پردانە دیار بکرێت، کە ناشێ کارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانکاریەکی وەها لە ئاراستەی ڕووبارەکەدا بکرێت، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە، یان بە جێگە نزیکەکانی.

سێیەم: قەدەغەکراوەکانی ڕێگا یەکتربڕەکان و تونێل و مەعبەرەکان، ئەگەر هەبوون، دیار بکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوردیەکە وشەی سەرەکی تیا نەبوو، سەرەکی و نا سەرەکییە، بەس نا سەرەکیەکەی خوێندەوە لە ڕەشنووسەکەشدا نییە، بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێت، یەعنی تەرجەمەی (الرئیسە) نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش عەرەبی خوێندیەوە، دوایی تەرجومەی دەکەین بۆ کوردیەکەی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆی ئەو بەڕێزانەو ڕاو پێشنیارەکانیان و کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە ئیزافەی فەقەرەیەك بە ژمارە دوو کرا بۆ فەقەرەی حەوت لە ماددەی هەشت بەو شێوەیەی خوارەوە:

(2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة)، دواتر ئەو ڕەقەمانە لە دوو، سێ دەبێتە سێ و چوار، هەروەها ئیزافەی عیبارەی (طمر ضحي) بۆ دوای کەلیمەی (محدثات) لە فەقەرەی دەیەم لە هەمان ماددە کراوە بە ڕەزامەندی جەنابی وەزیرو داواکاری ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة (8):

اولاً: لايجوز البناء او الغرس او الزرع او شق الانهر او الجداول او المبازل او انشاء محطات الوقود او مد الاسلاك او تثبيت وسائل الدعاية والاعلان او اجراء اي تصرف اخر ضمن حدود المحرمات من اية جهة كانت الا بموافقة تحريرية من الوزارة.

ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسة ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط باقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متر يساراً او يميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة لطريق ذي الممرين الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.

ثالثاً: لا يجوز لاية جهة اقامة جسر او قنطرة او معبر او اية منشأة اخرى ضمن محرمات (الطرق العامة) الا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.

رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائدة لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل اذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية او على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية وبالتنسيق بينها وبين الوزارة.

خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة باجازة اصولية او موافقة احدى الجهات الرسمية اذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق او تحديد محرماته بعد التعويض عنها اذا كانت تؤثر سلبا على الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:

1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.

2- يقدر التعويض بتاريخ منح الاجازة او بتاريخ صدور الموافقة او الاذن باقامة المنشأت او بتاريخ رفعها ايهما افضل للمواطن والا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت اجراء الكشف والتقدير الا اذا وجد اتفاق خلاف ذلك.

3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل عن كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الادارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.

4- للوزارة ولصاحب العلاقة الاعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييزاً امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

5- يصرف التعويض عما يلحق به من مصاريف واجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه الى مستحقيه وفق القانون.

سادساً: ترفع المحدثات التي انشئت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق او تحديد محرماته طبقا للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.

سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:

1- استغلال جزء من محرم الطريق العام لاقامة المنشأت السياحية او خدمات الطريق او للاغراض الزراعية الموسمية او الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة او مد خطوط القابلوات او اعمدة الكهرباء او مشاريع الماء او المشاريع الحكومية الاخرى شريطة ان لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق او سلامة المرور فيه.

2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلانات ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة.

3- ابقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق اذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على ان يتم تسييجها بشكل نظامي على نفقة اصحابها.

4- الابقاء على المحدثات والابنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- اجزاء الابنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقاً اذا كان في ازالتها ضرر على عموم البناية.

ب- اعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشأت الكائنة خلفها.

ج- الابنية والمنشأت العائدة لدوائر الاقليم ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من احكام البند سادساً من هذه المادة المنشأت والمشاريع الانتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين انقضاء عمرها الانتاجي بشرط عدم اضافة خطوط انتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد انقضاء عمرها الانتاجي على نفقة الجهة التي تعود اليها المحدث بدون اي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الابنية والمنشأت والمرافق الاخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة باجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها او تصممها وبالكيفية التي تقدرها في المواقع التي تعينها داخل او خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة اصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز اقامة اية ابنية او منشأت او محدثات او طمر صحي ينجم عن استعمالها خطر او ازعاج او تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من ادخنة او ابخرة او غازات او اتربة او روائح مضرة او ما يماثل ذلك الا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لاصحاب القطع الزراعية وفق القانون على ان يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وان لا يتم الربط الى الطريق مباشرة وانما الى طرق الخدمة الموازية للطرق المحلية السريعة او الى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من احكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس او ما يماثلها فلا يسمح باقامتها الا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە بە كوردیەكەشی.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (8):

یەكەم: ناشێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغەكراوەكاندا لە هیچ لایەكیاندا بینا دروست بكرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بكرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابكێشرێت، یان خۆیدەڵێنی تێدا هەڵكەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بكرێت، یان ئامرازی پرۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر كارێكی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.

دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەكیە سەرەكیەكان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبكەندرێن، كە دەكەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك كە وەزارەت خۆی دایدەنێت.

سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوێكی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەكان)دا دروست بكات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو رشتەیە نەبێت، كە وەزارەتەكە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش كە رێگەیەكی كاتی گونجاو لەماوەی ئیشەكەدا، بۆ هاتوچۆ دابین بكات، هەموو نیشانەكانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.

چوارەم: پێش بەكارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی كە سەر بە دایەرە فەرمیەكانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغەكراوەكانی رێگا گشتیەكان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگا هونەریەوە كاریگەریەكی خراپ بكەنە سەر رێگا گشتیەكان، یان كاریگەریەكی خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە كیسەی لایەنە پەیوەندیدارەكەو بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەكەدا ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی كە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن كە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێكی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ كردنی رێگایەكە دامەزرابن، یان دیار كردنی قەدەغەكراوەكانی دوای قەرەبووەكەی، ئەگەر كاریگەریەكی خراپی لە رووی هونەریەوە كرد بێتە سەر رێگایەكەو سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو كردنەوەكەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەكرێن:

1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەكان دەكرێت.

2- قەرەبووەكە لە بەرواری پێدانی ئیجازەكەیەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەكەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەكانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەكانەوە، كامیان بۆ

هاوولاَتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاَندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بوو بێت وەکو خۆی دیاری دەکرێت، مەگەر رێکەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.

3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکەو یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقارەکانی دەوڵەتەوە دەخەملێنرێت.

4- چ وەزارەتەکەو، چ لایەنە پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە ناڕەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە دەرببڕن، بڕیاری دادگایەکەش بە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکەو خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە رێی ئەو دادگایەوە دەدرێت، کە تایبەت بە جێگەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە زیادەڕۆیی دامەزراون، دوای جێ بەجێ کردنی رێگایەکە، یان دوای دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حیسابی زیادەڕۆ و کارەکەش دەکرێت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنی زیادەڕۆییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە گەلی گەشتوگوزار، یان خزمەتگوزاری رێگایەکە، یان بۆ چاندن و زراعەتی وەرزی، یان بۆ زراعەتی ئەو شتانەی کە رێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یان بۆ راکێشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەکەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی رێگەکەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆی نەگەیەنێت.

2- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی رێگایەکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بە مەرجێك پەرژین بکرێن بەشێوەیەکی رێکوپێك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی رێگەکەدا، لەو رێگایانەدا کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە جێ بەجێ کراون بە مەرجێ مانەوەیان هاودژ نەبێت، لەگەڵ پێداویستیە هونەریەکانی رێگایەکەو سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایانەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین، ئەگەر لابردنیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- کۆڵەکەکانی کارەباو تەلەفۆن، قابلۆکانی میحوەری هێڵی شەمەندەفەرو کەناڵەکان و دامەزراوەکانی پشتەوەی.
ج- بیناو دامەزراوەکانی دایەرەکانی دەوڵەت و خانەکانی پەرستن و گۆڕستانەکان.
هەشتەم: دامەزراو و پرۆژەگەلی ڕەنێوهێن بەرهەمهێنەرەکان (الانتاجیة) مولکی هەر کەسێك و لایەنێك بن، لە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی ڕەنێوهێنانیان بەسەر دەچێ، بە مەرجێ هێڵی ڕەنێو هێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوانە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی کە خاوەنیانەو هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.
نۆیەم: بینایەو دامەزراو و خزمەتگوزاری دیکەی پێویست بۆ خزمەتکردنی ڕێگا گشتیەکان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو ڕشتەیەی کە پارێزگاکە دایدەنێ و بەو چۆنێتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغەکراوەکەدا دیاری دەکات، پێویستیشە لەسەر وەزارەت کە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.
دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی، یان بێزار کردن، یان کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە، یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دووکەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان (طمر صحي)، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە لە کەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە کراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێراو ڕێگا سەرەکیەکان، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن بەپێی یاسا، بە مەرجێ پەرژینی دەرەوەی خانووەکە لە کەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام کراوی ڕێگەکەوەو یەکسەر بە ڕێگە گشتیەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، کە لەگەڵ ڕێگا خێراکەدا هاوتەریبن، یان بەو ڕێگایانەوە ببەسترێت کە لە ناوچەکەدا هەن.
یازدەیەم: ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن، پرۆژە زراعی و کێڵگەکانی پەلەوەرو تروکانی هێلکەو هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت کە ماوەی کەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغەکراوەکانی ڕێگایەکەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەسڵی پێنجەم، ماددەی نۆیەم، ئێمە وەکو لیژنە بەس (طرق العام) بوو کردوومانە بە (طرق العامة)، کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هەر غەڵەتێکی زمانەوانی بوو، هەروەها (دوائر الدولة) بگۆڕێت بە (الحکومة الاتحادیة)، بەنیسبەت رەئی ئەندامانی پەرلەمان، رەئیەك هاتبوو کە ئیستیسنائات لابرێت، هەروەها لە ئیستیسنائاتیش تەحدیدی بکەین (المرکبات الحاملة للمواد التموینیة والوقود الاتیة من الحکومة المرکزیة والتي هي ضمن حصة الاقلیم)، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر وەکو وەزارەت پێمان باشە بەس عامەکە بگۆڕێت و دەوڵەت بکرێت بە حکومەتی ئیتیحادی، هیچ گۆڕانکارییەکی لەسەر نەکرێت، بەم شێوەیە:

**الفصل الخامس**

**اوزان الاثقال المحوریة للمرکبات**

المادة (9):

تحدد الاثقال المحوریة للمرکبات التي تستخدم الطرق العامة ببیان تصدره الوزارة وینشر في الجریدة الرسمیة وللوزارة استثناء بعض المرکبات الاختصاصیة العائدة لدوائر الحکومة الاتحادیة وکذلك مرکبات القوات المسلحة وقوى الاسایش الداخلي والمرکبات المستخدمة في حالات خاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان**

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەریدەچوێنێ و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی حکومەتی فیدراڵی و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببورێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە دەڵێین ئیستیسنا بکرێت لە دەوائیری دەوڵەت، واتا ئیقلیم و حکومەتی ئیتیحادی دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەناو حکومەتی هەرێم دێن ناتوانین ئیستیسنایان بکەین، بۆ

نموونە محاویلەیەکی گەورە هەڵدەگرێت، یان جسرێك ناتوانێت، دەبێت ئیستیسنای بکەین لەو کاتەدا، بۆیە دەوڵەکە راستترەو هەردووکیشیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بیخوێنەوە سەر لەنوێ، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اوزان الاثقال المحورية للمركبات**

المادة (9):

تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في حالات خاصة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان**

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەریدەچوێنێ و لە رۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببورێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە بریتیە لە چوار برگە، بەلاّم دواتر لەسەر داواکاری جەنابی وەزیر برگەیەکی بۆ ئیزافە کراوە، هەردوو لیژنەش بە پەسندیان زانی ئەو برگەیە ئیزافە بکەن، واتا ماددەی دەیەم دەبێتە پێنج برگە، ئەو برگە ئیزافیەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

(اضافة فقرة بتسلسل (خامساً) الى المادة العاشرة كالاتي:

خامساً:

1-يستوفي مبلغ قدرها (1000) الف دينار كأجور مقابل عملية الوزن لكل مركبة في محطات الاوزان.

2- تسجيل اجور المستوفي في الفقرة (١/ خامساً) من هذه المادة ايراداً للوزارة.

3- تقسيم حصيلة الايراد المنصوص عليها في الفقرة (2/ خامساً) اعلاه من هذه المادة على وجه الاتي:

أ-(75٪) خمسة وسبعون بالمائة منها تودع في حساب الوزارة والتخصص لصيانة وادامة محطات الاوزان وتوفير المواد والمستلزمات الضرورية والمواد الاحتياطية لهذه المحطات.

ب- (25٪) خمسة وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين الشاغلين ومن ضمنها................ منتسبي مديرية المرور العامة في محطات الأوزان.

ج- في حالة إناطة مهام إدارة و تشغيل محطات الوزن التابعة الوزارة إلى القطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة ثالثاً من هذه المادة، يتم تغطية النفقات التشغيلية من الموارد المستحصلة في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعاة القوانين و التعليمات الصادرة بهذا الخصوص.

د- للوزير إصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد.

به واتا ئەصلى ماددەكه بەم شێوەى خوارەوەى لێ دێت:

المادة (10):

اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.

ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.

رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.

خامساً:

1- تستوفى مبلغ قدرة ألف دينار كأجور مقابل عملية الوزن لكل مركبة في محطات الأوزان.

2- تسجل أجور المستوفي في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة إيراداً للوزارة.

3- تقسم حصيلة الإيراد المنصوص عليها في الفقرة (2) خامساً أعلاه وفق هذه المادة على الوجه الآتي:

أ- 75٪ منها تودع في حساب الوزارة و تخصص للصيانة و إدامة محطات الأوزان و توفير المواد و المستلزمات الضرورية و المواد الإحتياطية لهذه المحطات.

ب- 25٪ منها حوافز للعاملين الشاغلين و من ضمنها منتسبي مديرية المرور العامة في محطات الأوزان.

ج- في حالة إناطة مهام إدارة و تشغيل محطات الوزن التابعة للوزارة في القطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة ثالثاً من هذه المادة يتم تغطية النفقات التشغيلية من الموارد المستحصلة في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعاة القوانين و التعليمات الصادرة بهذا الخصوص.

د- للوزير إصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

یەکەم: وەزارەتەکە بەهاوەدەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دیار کردنی جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتەکە بینایە گەلێك و گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەم کردنی جیهازی کێشان و پاراستنیان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ و وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەی وێستگەکانی کێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر سەرپێچیکاراندا دەسەپێنرێت.

سێیەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی ئیدارە و بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان، کە ئیشی خۆیەتی هەواڵە بکات بۆ کەرتی تایبەت بەپێی رێنمایی گەلێك کە وەزارەتەکە خۆی دەری دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

چوارەم: هەموو وێستگەکانی کێشان کە دەکەونە دەست کەرتی تایبەت، دەکەونە ژێر رکێفی ئەو رێنمایی و بەندو بەستنەوە کە وەزارەت دەریان دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بە مەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.

پێنجەم:

1- گوژمەیەك وەردەگیرێت کە بڕەکەی هەزار دینارە وەك کرێی کێشانە کردن بۆ هەر بارهەڵگرێك لە ویستگەکانی کێشان.
2- تۆمارکردنی کرێی وەرگیراو لە برگەی (1)ی پێنجەمی ئە ماددەیەدا بە داهاتی وەزارەت دادەندرێت.
3- دابەش کردنی کۆی داهاتی کە لە برگەی (2)ی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- 75٪ی لە حیسابی وەزارەت دادەنرێت و تەرخان دەکرێت بۆ چاککردنەوەی ویستگەکانی کێشان و پێویستییەکانی کەل و پەلی یەدەگی ئەو ویستگانە.

ب- 25٪ی بۆ هاندانی کرێکاران و کار پێکەرانی ویستگەکان لە نێوانیان دا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی هاتۆچۆش بگرێتەوە لە ویستگەکانی کێشان.

ج- لە حاڵەتی پێدانی ئەرکی بەڕێوەبردن و کارپێکردنی ویستگەکانی کێشانی سەر بە وەزارەت بە کەرتی تایبەت بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت کە لە بڕگەی (3)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە تێچووی کارپێکردنی ئەو کەل و پەلە بەدەست هاتووانەی لە بڕگەی (1)ی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، بە پێی ڕێنماییەك کە وەزارەت دەری دەکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لەو بوارەوە دەرچووە.

د- پێویستە وەزیر ڕێنمایی پێویست لەو بارەیەوە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەی کە بە دوایین داڕشتنی لێژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندرانەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، وەڵلا تکاتان لێ دەکەین جارێکی تریش دوو، سێ جار باسمان کردییە ئەو خوشك و برا پەرلەمانتارانەی کە دەڕۆنە دەرەوە بۆ ئیسراحەت حەق وایە زوو بێنەوە، چونکە دوایی کە ژمارەکە کەم بوو نیصابی قانونی تەواو نەبوو، ناتوانین تەصویتی لەسەر بکەین، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (11) دوو ڕەئی هەیە، ڕەئی هەردوو لێژنەی هاوبەش لەگەڵ وەزارەت ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنیتەوە، هەندێ ئەندام پەرلەمان ڕەئیان وابوو کە غەرامەکە، سزادانەکە زیاد بکرێت لە 500 هەزارەوە بۆ 750 هەزار.

**الفصل السادس**

**العقوبات**

المادة (11):

يعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مائتان وخمسين الف دينار ولاتزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:

اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السير والمرور وتشكيل خطورة على مستعمل الطريق.

ثانياً: اهمل التنبيه نهاراً او التنوير ليلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة على الطرق العامة.

ثالثاً: استخدام (الطرق العامة) بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميله نفقات ازالة التجاوز.

رابعاً: خالف قواعد إستخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدوائر المختصة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**سزاکان**

وەکو وترا دوو ڕا هەیە، ڕایەك ڕای لیژنەی هاوبەش و ڕای وەزارەتە کە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕایەکەی تریش غەرامەکە زیاد بکرێ، لە 250 تا 500 هەزار، بکرێ بە 500 هەزار تا 750 هەزار دینار.

ماددەی (11):

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

یەکەم: زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەکان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەکارهێنەری ڕێگایەکە.

دووەم: ئاگادار کردنەوە بەرۆژو ڕووناك کردنەوە بەشەو بخاتە پشت گوێ لەو جێگایانەدا کە کاری هەڵکەندنی تێدا دەکرێت، یان لەسەر ڕێگە گشتیەکان ماددە گەلێك دانرابن.

سێیەم: بەکارهێنانی ڕێگە گشتیەکان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی کە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی کە ئەگەر بکەون مەترسی لە ڕێگاکەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەکارهێنانی ڕێگاکە نەبوو بێت.

چوارەم: سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان کردبێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە ڕاگەیەنراون.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە لەسەر موافەقەتی لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر بووە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس بوو، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا پێویست بوو پێش ئەوەی ماددەکە بخوێنێتەوە دوو ڕەئیەکە بخرێتە دەنگەوە، چونکە دوو ڕەئی هەبووە، ئێ نەیاننووسیوە، مادام نووسیویانە دەبوایە دوو ڕەئیەکە بخرێتە دەنگەوە کامەی دەنگی هێنا ئەو صیاغەیان بخوێندبایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆشیان موتەفیق نەبوون، یەك کەس بوون یان دوو کەس بوون، ئەگەر دووش بێ خۆی دوو کەس دەبێ سێ کەس بخرێتە دەنگەوە، بە سێ کەس بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام نووسیویانە دەبوایە بیانخستایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لەبەر ئەوەی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار ئیختیصاصین، بە تایبەتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، لەگەڵ وەزارەت دا، بێگومان ئەوە بە دیراسەت کراوە، هەروا مەبلەغەکان دانەنراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕایەکی دووەمیش هەبێ، کەسێکیش بێ یان دوو کەس، هەر ئەو کاتە لە ناو پەرلەمان دا بە بێ دیراسە کردن پێی وابووە زیاد بکرێت باشە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ئیعتیبار بۆ لیژنەی پەیوەندیدار کە ئیختیصاصی خۆیەتی و چەندین دانیشتنیان کردووە و بۆ وەزارەت هەر ئەو ڕایە بێ، تازە دەنگیشی لەسەر درا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە گوێرەی پەیڕەو سێ کەس، سێ ئەندام ئەگەر ڕەئیەکیان هەبوو دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕاستی من لەگەڵ سۆزان خان نیم بۆ ئەو قسەیە، ڕاستە لیژنە ئیختیصاصی خۆیەتی، بەڵام سێ ئەندام پەرلەمان لێرە کە من و هەردوو کاک قادر لەسەر ئەوە باسی ئەوەمان کرد کە ئەو سزایە زیاد بکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش خۆیان هەندێك دەڵێن یەك، هەندێك دەڵێن دوو، لیژنەی هاوبەش خۆشیان موتەفیق نین لەسەر چەند کەس ئەو ڕایەی پێشکەش کردووە کاتی خۆی، فەرموو کاک عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا کاک قادر باسی لەوە کرد کە غەرامەکە زیاد بکرێ، ئەندام پەرلەمانێکیش باسی لەوە کرد کە تەنیا غەرامە کافی نیە، بەڵکو حەبسیشی لەگەڵ دا بێ، بەڵام دوایی جەنابی وەزیر موافیق بوو لەسەر ئەوەی کە غەرامەکە وەکو خۆی، وەکو پرۆژەکە بمێنێتەوە، ئێمەش لە لیژنە دواتر کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە

غەرامەكە هەر وەك خۆی، چونكە ئەو غەرامەیە ڕەبتی بەو كەسانەوەیە كە زەرەر لە ڕێگاكان دەدەن، بە 250 هەزار بۆ 500 هەزار ئیكتیفای پێ هێنا، وەزیر موافەقەتی لەسەر كرد كاتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د.أحمد.

**بەڕێز د.أحمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم بێجگە لەو دوو ڕەئیە، ڕەئیەكی تریش كە هەبوو ئێمە باسمان كرد وابزانم جەنابی وەزیریش پشتیوانی لێ كرد، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم (سەرپێچی لە ڕێساكانی بەكارهێنانی ڕێگا خێراكان كردبێت)، ئەوە یەكسان كردنی ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵەكانی تر كە كارەكە قورسترە، بۆ نمونە/ زیانێكی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتییەكان بگەیەنێت ببێتە مایەی ڕێگەگرتنی هاتوچۆ، ببێتە مایەی مەترسی لەگەڵ بەكارهێنانی ڕێگاكە، یان لێرە سزاكە یەكسان كراوە بۆ هەر چوار بڕگەكە، ئەو حاڵەتە ئێمە باسمان كرد لەوێ، جەنابی وەزیریش پشتیوانی لێ كرد، وتی/ ئەگەر بكرێ غەرامەكەی، سزاكەی تەخفیف بكرێ، چۆن سەرپێچی لە ڕێساكانی بە كارهێنانی ڕێگا خێراییەكان دەكرێ؟ بۆ نموونە یەكەم جاری بێ، یان نەیزانیبێت یەكسان بكرێ لەگەڵ ئەوەی كە زیانێكی بە ڕێگا گشتییەكان گەیاندووە، كە مەترسی لەسەر ڕێگاكان دروست كردووە، بەڵام ئەوە نەخراوەتە ناو ڕەئیەكانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك خلیل ڕەئی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەكەی كاك شێرزاد كە دەڵێ/ زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان تەئیدی ئەوەیان كردووە كە غەرامەكە زیاد بكرێ، ئەوە بۆ ماددەی (13) بوو ئەوەی كاك شێرزاد باسی دەكات، چونكە لەوێش غەرامەیەك هەیە زیاد لە سێ ئەندام پەرلەمان باسی كرد، ڕەئیەكەش نووسراوەتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە دوایی، لە ماددەی....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە تەصویتی لەسەر كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (12): یعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة ألف دینار و لاتزید عن (750000) سبعمائة و خمسین ألف دینار كل من:

أولاً/ تجاوز على محرمات الطريق العامة بالحفر أو بالإستخدام بدون إجازة أو بناء المؤقت أو الدائم إضافة إلى تحميله نفقات إزالة التجاوز.

ثانياً/ تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات و مديرية البلديات.

ثالثاً/ نزع علامة مرورية أو أكثر أو أسيجة الأمان أو أسيجة السلكية أو عبث بالقناطر و الجسور أو شوهها أو إحداث ضرر فيها أو غير محلها أو إتجاهها.

رابعاً/ منع أو عرقلة منتسبي الوزارة أو الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.

خامساً/

1- خالف أحكام المادة الثامنة من هذا القانون.
2- خالف أحكام التعليمات و البيانات الصادرة بموجب أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حەمە سعيد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

بە غەرامەیەك سزا دەدرێ کەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێ لە (750000) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار هەر کەسێك:

یەکەم/ بە هەڵکەندن یان بە بەکارهێنانی بە بێ مۆڵەت یان بە دروست کردنی بینای کاتی یان هەمیشەیی یان زێدەڕۆیی کردبێت بەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکانی سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەصرفی ئەو زیادەڕۆییەی دەکەوێتە سەر.

دووەم/ ببێتە هۆی پەکخستنی هاتوچۆ لەسەر ڕێگا گشتییەکان لە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و لە دەرەوەی شارەوانی.

سێیەم/ نیشانەیەکی هاتوچۆ یان زیاتر هەڵکێشێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لابردبێت، یان پەرژینی تەل کردنی لادابێت، یان ئاوبارەکانی تێکدابێت، یان پردەکانی شێواندبێت، یان زیانی پێگەیاندبن، یان جێگەکانی گۆڕیبن، یان ئاراستەکانی گۆڕیبن.

چوارەم/ کارکەرانی وەزارەتەکە یان لایەنە گرێبەستەکانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیان قەدەغە کردبێ، یان هاتوچۆیانی وەگێر هێنابێت.

پێنجەم/

1- سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کردبێت.
2- سەرپێچی لە حوکمەکانی ڕێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کردبێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچووبن.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەیەكمان لەسەر ئەو ماددەی (12) هەیە، فەقەرە (2)ی (تسبب) بەم شێوەی خوارەوە دێت (تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود البلديات)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر هەردووكی بخوێننەوە جارێكی تر بە كوردی و بە عەرەبی، بەڵام دوای چاككردنەكەی، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی پەرلەمانتارە بەڕێزكان وازحتر بێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (12)

يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة ألف دينار و لاتزيد عن (750000) سبعمائة و خمسين ألف دينار كل من:

أولاً/ تجاوز على محرمات الطرق العامة بالحفر أو بالإستخدام بدون إجازة أو بناء المؤقت أو الدائم إضافة إلى تحميله نفقات إزالة التجاوز.

ثانياً/ تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود البلديات.

ثالثاً/ نزع علامة مرورية أو أكثر أو أسيجة الأمان أو أسيجة السلكية أو عبث بالقناطر و الجسور أو تشويها أو إحداث ضرر فيها أو غير محلها أو إتجاهها.

رابعاً/ منع أو عرقلة منتسبي الوزارة أو الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.

خامساً/

1- خالف أحكام المادة الثامنة من هذا القانون.

2- خالف أحكام التعليمات و البيانات الصادرة بموجب أحكام هذا القانون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێ لە (750000) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار هەر كەسێك:

یەکەم/ بە هەڵکەندن یان بە بەکارهێنانی بێ ئیجازە یان بە دروست کردنی بینای کاتی یان هەمیشەیی زیادەڕۆیی کردبێتە سەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەصرفی لابردنی ئەو زیادەڕۆییەی دەکەوێتە سەر.

دووەم/ بووبێتە هۆی پەکخستنی هاتوچۆ لەسەر ڕێگا گشتییەکان لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان.

سێیەم/ نیشانەیەکی هاتوچۆ یان زیاتری هەڵکێشابێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادابێت، یان پەرژینی تەل کردی لادابێت، یان ئاوبارەکانی تێکدابێت، یان پردەکانی شێواندبێت، یان زیانی پێگەیاندبن، یان جێگەکانی گۆڕیبن، یان ئاراستەکانی وەرگەڕاندبن.

چوارەم/ کارکەرانی وەزارەتەکە یان لایەنە گرێبەستەکانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیان قەدەغە کردبێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنابێت.

پێنجەم/ 1-سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کردبێت.

2-سەرپێچی لە حوکمەکانی ڕێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کردبێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچووبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (12) بەو صیغەیەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرانەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینییەکمان نیە وەکو لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەم ماددەیە.

المادة (13):

إذا كون الفعل المخالف لأحكام المادتين (11 و 12) من هذا القانون جريمة عقوبتها أشد بموجب قانون آخر فيطبق النص الأشد عقوبة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

ئەگەر ئەو سەرپێچییەی لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە تاوانێکی لێ بکەوێتەوە، سزاکەی بەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە لەو بارەدا دەقی قورسترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (13) بەو شێوەیەی بە کوردی و بە عەرەبی خوێندرانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (14) هیچ تێبینییەكی لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوە ماددەكە بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە/**

**المادة (14):**

**لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الأضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات أو التجاوزات المشارة إليها في هذا الفصل.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (14):**

**ئەو سزایانەی كە دەقەكانیان لەم بەشەدا هاتوون، مافی وەزارەتەكە پووچ ناكەنەوە، بەڵكو وەزارەتەكە سەرباری ئەوانەش مافی داوا كردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی كە تووشی دەبن لە ئەنجامی سەرپێچی كردن، یان زیادەڕۆیی كردن كە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی (14) كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ببورە ماددەی (15) دوو مولاحەزەی لەسەر هەیە، یەكێكیان ڕەئی لێژنە و وەزارەت ئەوەیە كەوا بڕی غەرامەكان وەكو خۆی بمێنێتەوە، چەند ڕەئیەكی تریش لەسەر ئەوە هەبوو كە بڕی غەرامەكان بەم شێوەی خوارەوەی لێ بێت:**

**لە بڕگەی یەكەم دا بڕگەی یەكەم (5000) بكرێتە (15000) دینار، لە بڕگەی دووەمی دا (10000) بكرێتە (25000) دینار، لەبڕگەی سێیەمیدا (15000) دینار بكرێتە (50000) دینار، ئیتر ئەوە بۆ جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، بزانین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەگەر سێ كەس یان دوو كەس زیاتر داوایان كردبێ ئەو گۆڕانكارییانە بكەن، جارێ پێشنیارەكەی ئەوان بخوێنەوە، چونكە دوورترە لە ئەصڵییەكە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ، ئینجا ئەصلییەكەی دەخەینە دەنگەوە، فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزەت هەیە.**

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تەوزیحە بیدەم بۆ بەڕێزتان بۆ ئەو زیاد کردنە، ئەگەر ئێمە چوار تەن زیادە بنووسین، ئەوە تەنها بۆ سەد کیلۆیە، نەك بۆ تەنێکە، واتا کە دەڵێین پێنج هەزار، سەد کیلۆ پەنجا هەزارە بۆ تەنێك، بۆ ئەوەی ئەوە تەوزیح بێ بۆ لای بەڕێزتان، ئەگەر بێت و بیکەین، ئەوی تریان بکەین بەو ژمارەیەی باسی لێ دەکرێ پەنجا هەزار بۆ سەد کیلۆ، کەواتە بۆ تەنێك دەبێ بە پێنج سەد هەزار، کەواتە بۆ چوار تەنەکە دەبێ بە دوو ملیۆن، بۆیە ئەوە بۆ تەنێك نیە، بۆ سەد کیلۆیە، تەنها بۆ ڕوون کردنەوە، بۆیە پشتگیری لە مانەوەکەی دەکەین وەکو ئەوەی کە لە دەقەکە هاتووە، ئەگەر تەجاوزی ئەو هەشت تەنە بکرێ دەکاتە 950000 نۆ سەدو پەنجا هەزار بۆ غەرامەی سەیارەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دیدو بۆچوونەکانی جەنابی وەزیر بووین، چونکە ئەوە حیسابی دووری و مەسافەی بۆ کراوە، حیسابی سەد کیلۆمەتری و چەند جار زیاد وەزنی بۆ کراوە، چەند جار زیاد بکات غەرامەکان زیاد دەکات، وەکو جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، ئەگەر وابێ غەرامەکان تا (950000) نۆ سەد و پەنجا هەزار دینار ئەوانە زیاتر بەرەو ژوور دەڕۆن، بۆیە ئێمە کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە هەر لەسەر هەمان نیسبەتی ناو پرۆژەکە موتەفیق بووین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ڕوون کردنەوەکەی جەنابی وەزیر و تەئکید کردنەوەی لیژنەی هاوبەش، ئەو خوشك و برایانەی کە پێشنیاریان کرد غەرامەکە زیاد بکرێ، لەسەر ڕەئیەکانی خۆیان ماون؟ فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە من کردم بە حەقیقەت ئەوەی کە زیادە، چونکە ئێستا بە ڕەئی من رادیع نەبی بە حەقیقەت ئێستا بیستمەوە گوتیان (generator)ێك هاتووە لە ئەوە وەرگەڕاوە، یەعنی زۆر شتی تریش باری زیاد بار دەکەن، ئەگەر ئەو رادیعە هەبێ بە ڕەئی من، من تێگەیشتم کە بۆ سەد کیلۆیە، نەك بۆ یەك تەن، من ئەو کاتیش باسی ئەوەم کرد بۆ یەك یەعنی ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەو غەرامەیە ئەگەر تەتبیق بکرێ بەو شێوەیەی کە ئەو بەڕێزە ئاماژەی پێ کرد، دەکاتە پێمواییە دوو قاتی کرێی سەیارەکە، یەعنی دوو قات، سێ قات جاری وا هەیە، یەعنی بە پێی زیاد کردنی کیلۆکان و

تەنەکان، لەبەر ئەوە هیچ شۆفێرێك شتی وا ناکات کە غەرامەیەك بخاتە سەر خۆی کە دووقات یان سێ قاتی کرێکەی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی یەك کەس خاوەنی ئەو پێشنیارە بوو، ناتوانین یەك کەس بخەینە تەصویتەوە، بۆیە ئەو صیاغەیەی بخوێننەوە کە لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر لەسەری موتەفیقن، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (15):

اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:

1- (5000) خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.

2- (10000) عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.

3- (15000) خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.

ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية الى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف اذا زادت الحمولة عن ما مذكور كحد اعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.

ثالثاً: تستوفى اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەکەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە سەرپێچی لە کێشەکانی سەنگە میحوەریەکان دەکات بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە هەر بارێکی زیادە (5000) پێنج هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆگرام غەرامە دەکرێ تا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.

2- لە هەر بارێکی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆگرام غەرامە دەکرێ تا چوار تەن لەو بارە زیادەیە.

3- لەهەر بارێکی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆگرام غەرامە دەکرێت ئەگەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانەی قورساییە میحوەریەکان دەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی بارە زیادەکەی بە تالٚ دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی وێستگەی کێشانەکان لەسەر مەسرەفی سەرپێچیکارەکە، ئەگەر بارەکەی لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار بۆ هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا بمێنێتەوە ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (15) بەو شێوەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (16) ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خۆی بمێنێ، (عدا) ئەوەی کە لە بڕگەی سێ دا سزایەکی تیایە بە نیسبەت حەبس کردن، ئێمە پێمان باش بوو بکرێ بەوەی کە لە مانگێك کەمتر نەبێ و لە سێ مانگ زیاتر نەبێ.

المادة (16):

اولاً: يمنح منتسبي المرور المنتسبين للعمل في محطة الوزن صلاحية فرض الغرامة وحجز المركبة ذات الحمولة الزائدة وفق احكام المادة (15) من هذا القانون وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة.

ثانياً: تعتمد قراءة مقياس الوزن دليل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.

ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص عليها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ المخالفة يعاقب سائق او مالك المركبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن شهر واحد ولا تزيد على ثلاثة اشهر.

رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) اربعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (16):

یەکەم: کارمەندانی هاتوچۆ ئەوان کە تەرخان کراون بۆ ئیش کردن لە وێستگەی کێشانەکە دەسەلاتی سەپاندنی غەرامە و دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (15)ی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.
دووەم: خوێندنەوەی پێوانی کێشەکە پەیڕەو دەکرێت کە بەڵگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەکە بەسەر سەرپێچی کارەکەدا.
سێیەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی کە لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری سەرپێچیەکەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی کارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.
چوارەم: لێخوڕی ئۆتۆمبیلەکە، یان خاوەنەکەی ئەگەر لە کرداری کێشانەکە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (16) بەو شێوەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) لەگەڵ ئەصلی پرۆژەکە غەلەتێکی ئیملائی تیا بووە (التلاعب) بکرێ بە (بالتلاعب)، بەم شێوەی خوارەوە:

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة التاسعة من هذا القانون بالتلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق الماده 307 من قانون العقوبات رقم 111 لسنه 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 17 فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە برگەی (2)ی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کرد، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی کە دەیبینم لێرە لە عەرەبیەکە دا جیاوازە لەگەڵ کوردیەکە و عەرەبیەکەی کە یەکەم جار خوێندوومانەتەوە دیارە هەڵەیەکی ئیملائی هەیە، کراوە، لێرە دەڵێین (الواردة فی الفقرة 2 من المادة تاسعة، نووسراوە لە عەرەبیەکە خۆی (المادة العاشرة)یە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بەڵێ لە کوردیەکە خوێندتەوە، بەس لە عەرەبیەکە بە ماددەی تاسعە خوێندرایەوە، دەبێ ماددەی عاشرە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون بالتلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە برگەی (2)ی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کردووە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 17 بە پێی دوایین دارشتنەکەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، تکایە کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 18 لەسەر مولاحەزەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دوو گۆڕانکاری تیا کراوە لە فەقەرەی (أولا) بەم شێوەیەی خوارەوە:

في الفقرة اولا من المادة الثامنة عشر اضافة كلمة (والمواد) بعد كلمة (بالاموال)، اثنين، في الفقرة الثالثة من المادة 18 تغير عبارة استثناءً من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة الى وفق القوانين النافذة.

ئەوە ڕەئی لیژنە و وەزارەت کۆك بوون لەسەر ئەوە لەبەرئەوە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة (18):

اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المركبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال والمواد المحملة القابلة للتلف.

ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.

ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية وفق القوانين النافذة.

رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايرادا للوزارة.

خامساً: تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:

1-(75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.

2-(25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.

سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (سادساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (18):

یەکەم: ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی بارە بارکراوەکان دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.

دووەم: حوکمەکانی یاسای دەستکاری کردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەراگیراو و جێهێڵراوەکانی ژمارە (8)ی ساڵی 1987 بەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیکارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێ دەهێڵرێن.

سێیەم: ئەو بارانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیان دەهێڵن، وەزارەتەکە بە موزایەدەی ئاشکرا دەیانفرۆشێت بەپێی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان.

چوارەم: پارەی فرۆشتنەکە کە دەقەکەی لە بەندی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە دەرامەتی وەزارەتەکە تۆمار دەکرێن.

پێنجەم: دەستکەوتی ئەو رێژەیەی کە دەقەکەی لە بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

1-(75٪) حەفتاو پێنج لە سەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەکەوە کە بۆ پاراستنی رێگاکان دادەنرێت.

2-(25٪) بیست و پێنج لە سەدی وەك دەستخۆشانەو هاندان دەدرێت بە کارمەندانی وێستگەی کێشانەکان و کارمەندانی وەزارەتەکە.

شەشەم: وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ رێنمایی هاندان دەردەچوێنن، کە دەقەکەی لە برگە (ب)ی بەندی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، کە بنەماکانی دابەشکردن و دیار کردنی ئەوانەی کە دەیانگرێتەوەو حاڵەتەکانی بێ بەش بوونیشی تێدا هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 18 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 19،لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکی لەسەری نیە، وەك خۆی بمێنێتەوە.

**الفصل السابع**

**احكام عامة وختامية**

المادة (19):

اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم في الطرق الخاصة اذا كان التشيد قد تم بناء على طلبهم.

ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوکمەکانی گشتی و کۆتاییەکان**

ماددەی (19):

یەکەم: وەزارەتەکە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامیانی دەدا لە سوودمەندەکان وەردەگرێتەوە کە لەسەر داوای خۆیانە.

دووەم: یەکەی ئیداری پارەی تێچووی لابردنی ئەو زیادە ڕەوییانەی کە لەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کراوە لە زیادەڕۆکانی وەردەگرێتەوە بەپێی ئەو لیستانەی کە لەلایەن خۆیەوە ئامادە کراون بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموار کراوەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 19 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ ٘دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 20 هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە، پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

المادة (20):

على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او شركات تأمين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20):

پێویستە لەسەر وەزارەتەکەو بەڵێندەر یان ئەو کۆمپانیانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن بەردەوام بوونی ڕۆیشتنی ئاو و رووبارو جۆگەو خوێ دەڵێن کە دەکەونە ڕێگای پرۆژەگەلی ڕێگە گشتیەکان و پردەکانەوە مسۆگەر بکەن، هەروەها ڕێگای بریخراویش بۆ ئەو ڕێگایانەی کە هەن و دەکەونە ڕێگای پرۆژە تازەکانیان لە قۆناغەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەیاندا مسۆگەر بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 20 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ˘دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستثناء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21):

کارمەندانی وەزارەت بۆیان هەیە بچنە ناو عەقارە تایبەتەکانەوە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکانیان، (بەدەر لە خانووەکانی نیشتەجێ بوون و بینایەکان)، بۆ ئامادە کردنی کاری پێوان و دیار کردنی ڕەوتی ڕێگە گشتیەکان و پردەکان، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 21 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ˘دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ماددەی 22 لە لیژنەکە ڕەئیەك هەبوو کە کەلیمەی ئیشراف زیاد بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیردا کۆبوونەوەکە کرا، پێش ئەم جەلسەیە، ئەو پێی باش نیە ئیشرافەکە بخرێتە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەو ئیشی هەر ئەوەیە تەنفیزی ڕێگەکە بکات، ئیشراف کردنی

ڕێگا ئیشی مروره و ئیشی هاتوچۆیه و وەزارەتی ناوخۆیه، لەبەرئەوه ئێمه ئێستا وەکو نووسراوه لای ەبەین ئیشرافەکە، بەم شێوەی کە دەیخوێنینەوه، وەکو پرۆژەکە بمێنێتەوه.

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحية او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (22):

یەکەم: تەنیا ئیشی وەزارەتەکەیە ڕێگای خێراو سەرەکی و ناسەرەکی و یەکتربڕو تونێل و پردەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان دابمەزرێنێت.

دووەم: دایەرەکانی دیکەی دەوڵەت، یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلیەکان، یان ڕێگا گوندەکان، یان ڕێگاکانی گەشتوگوزار، یان ڕێگا تایبەتەکان و ڕاڕەوەکان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتەکە جێ بەجێ بکەن، بە مەرجێ دیار کردنی قەدەغە کراوەکانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا ئیشی وەزارەتەکە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 22 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەس ئەگەر ئەو ئیبعاد کە لە خوارەوە بوو غەڵەتێکی ئیملائیە و بیکات بە ابعاد.

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا دووریەکانی ئۆتۆمبیلە جۆربەجۆرەکان دیاری دەکات، هەروەها زۆرترین خێرایی و کەمترین خێرایشیان لەسەر ڕێگا گشتیەکان بەپێی جۆری هەر ڕێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەکات و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بە بەیاننامەیەك ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان دیار دەکات و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 23 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 24 هیچ تێبینیەکمان لەسەری نەبوو وا دەخوێندرێتەوە:

المادة (24):

یستمر العمل بالبیانات الصادرة عن مدیریة المرور العامة بما لا یتعارض واحکام هذا القانون الی حین صدور مایحل محلها او یلغیها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24):

کار بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ دەردەچوێندرێن بەردەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تر دەردەچێت و جێگای دەگرێتەوە، یان پووچەڵی دەکاتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 24 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25 تەنها مولاحەزەیەکی لەسەر هەبوو، ئەویش ئەوەیە کەوا عیبارەی (وزارة الداخلية و وزارة المالية والاقتصاد) بکرێت بە (وزارتی الداخلية والمالية والاقتصاد) بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة (25):

لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزارتی الداخليه والماليه والاقتصاد اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حمه سعيد فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (25):

وەزیری ئاوەنکردنەوەو نیشتەجێ بوون و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 25 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 26 هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبوو، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

المادة (26):

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (26):

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 26 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (27):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (27):

ئەم یاسایە لە بەرواری بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 27 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ هۆکارە پێویستیەکان، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسبابی موجبە، دوو ڕا هەبوو یەکێکیان ئەوە بوو کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەمیان ئەوە بوو کە ریئاسەی بەلەدیات و مودیریاتی بەلەدیات بکرێت بە (البلديات)، واتە بەم شێوەیەی خوارەوە: باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تەشکیلەی وەزارەتی شارەوانیەکاندا ریئاسەی بەلەدیەمان هەیە، واتە سەرۆکایەتی شارەوانی کە لە مەرکەزی شارەکان دایە و مدیریاتی عامی بەلەدیاتمان هەیە کە بەلەدیەی شاروشارۆچکەکانە، کەواتە دوو تەشکیلەی جیان، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات بڵێین (رئاسە البلديات) ئەوەی ناوەندی شارەکانە، مدیریات البلديات ئەوانەیە کە هی شاروشارۆچکەکانە کە دوو شتی جیان لە تەشکیلەی وەزارەتی شارەوانی دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک حەمە سعید فەرموو.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارە پێویستەکان**

**بە مەبەستی دیار کردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی رێگا گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان و لەپێناوی ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پردو یەکتربڕەکان بکەونە ژێر رکێفی یاساوەو لە رێی قەدەغە کردنی زیادەڕەوی لەسەر رێگا گشتی و رێگا خێراکان و قەدەغە کراوەکانیان، هەروەها لەپێناو دیار کردنی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان کە ئەم رێگایانە بەکار دەهێنن و بۆ یەکخستنی رێکارەکانی بە موڵك کردن و رێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکان و ڕێگا خێراکان لەبەرئەو گۆڕانکاریانەش کە لە پەیکەری ئەو دایەرانە دا کە پەیدا بووە و ڕێگا گشتیەکان دەکەنەوە و جێ بەجێ یان دەکەن و لە بۆ یەکخستنی ڕێسا یاسایی و پەیوەندارەکانیش ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا هەموو یاسایەکە دەخەینە دەنگدانەوە و فەرموو کاك عبدالله.**

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕای من ڕەنگە شتەکە دووبارە بێ، هیوادارم ئەم مەسەلەی خستنە دەنگی کۆی پرۆژەکە ئەمە پێشتر کە بیستمان ئەمە عورفێکە و کاری لەسەر دەکرێت و دەبێ دووبارە بکرێتەوە، ئەم عورفە لەڕاستی دا بە بڕوای من هەڵەیە، یەعنی برادەرێك دەنگ بە ماددەیەك دەدات و یەکێکی تر دەنگ بە ماددەی 2 دەدات و**

دەنگ بە ماددەی یەك نادات، یەكێكی تر دەنگ بە هەمووی دەدات و یەكێكی تر دەنگ بە هیچی نادات تۆ كە دێی لە كۆتایی دا هەمووی دەخەیتە دەنگدانەوە، كۆی پرۆسەی دەنگدانەكە سفر دەكەی، بۆیە من هیوادارم ئەم عورفە بەڕاستی كۆتایی پێ بێت و بۆ ئەوەی ئەو دەنگدانەی كە كراوە لەسەر كۆی ماددەكان و وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان لەسەر كۆی پرۆژەكە مانع نیە لەوەی كە برادەرێك دەنگی لەسەر ماددەیەك نەدابێ و بەلام خۆ دژی پرۆژەكە نەوەستاوە، لەگەڵ ماددەیەك دا كۆك نەبووە، ئەوەی كە لە ئەسڵ دا هەر دەنگی لەسەر هیچی نەداوە دەتوانێ ئێستاش دەنگ لەسەر پرۆژەكە نەدات، بۆیە هیچ مانعێك نیە ئەگەر كۆی پرۆژەكان بخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی یەك جار دەنگدەدرێت و پەرلەمانتار یەك جار دەنگ دەدات ویان نایدات و یان بێ دەنگ دەبێ، بەلام وەكو ئەمانە هەمووی تەواو دەبێ لەگەڵ ماددەكان دا لەڕووی قانونیەوە نا قانونیە جارێكی تر تۆ دەنگێك دەدەیتەوە و یان تەئیدی دەكەی یان تەئیدی ناكەی، بۆ نموونە هەندێك لەگەڵیا بووین، لێرە ئەگەر ڕەفزی دەكەیتەوە كەواتە لەگەڵ ئەوەی خۆشت دا نەبووی، ئەگەر هەندێكیشی لەگەڵ نی، كە دەنگت پێی دا كەواتە لەگەڵ ئەوەش بووی جارێكی تر، بۆیە دەبێ دوو دەنگدان ناقانونیە و بەڕاستی ئەمە عورفێكی هەڵەی قانونیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كۆی ماددەكە بە تێكڕای كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ هەموو قانونەكە، كێ لەگەڵ دانیە؟ سێ كەس لەگەڵ دانیە، پیرۆزبایی دەكەین و دەستتان خۆش بێ وماوەیەكی باش هیلاك بوون و سیاغەی باشتان كرد، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەكەین كە ئامادە بوو و هاوكاری كردین بۆ ئیقرار كردنی ئەم قانونە و ئومێد دەكەین خەڵكی كوردستانیش هەم سوودی لێ وەربگرن وهەم ئیلتزامی پێوە بكەن، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بچین وسوپاستان دەكەین، جەنابی وەزیر ئازادی ئەگەر شتێكت هەیە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی بەڕێزتان و هەردوو لیژنەی یاسایی و ئاوەدانکردنەوە و هەموو برا پەرلەمانتارەکان دەکەم کە بەڕاستی زۆر ماندوو بوون بە دەوڵەمەند کردنی یاسایەکە، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستانیش دەکەم کە لە دوای ئێستاوە بەم یاسایە دەتوانن ڕێگاکان بپارێزین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی قانونی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، ئەوانی تر دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بەردەوام دەبین فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بریتیە لە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

أ/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی 32 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە 4 ی ساڵی 2009 ی هەموار کراو.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی یاسایی پەرلەمانەوە ئەم بەڕێزانەی خوارەوە/ سۆزان شهاب نوری، د.جهان اسماعیل بنیامین، امیر گوگە یوسف، د.ثائر عبدالاحد، سۆزان یوسف خۆشابا، ئارام شاهین داود، شڤان احمد عبدالقادر، شێردڵ تحسین، یشار نجم الدین، یاووز خورشید، شیلان عبدالجبار، سالار محمود، سمیر سلیم، ئەم پرۆژەیە بریتیە لە دوو ماددە و هۆی دەچواندنی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی تایبەتمەندی پرۆژەکە تەحویل دەکرێت بۆ لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆ دیارە ئەمە چونکە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پێشکەشیان کردووە و نوسخەیەکی دەنێردرێت بۆ حکومەت و بۆ هەموو ئەندامانیش، فەرموو خاڵی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 2 خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری تایبەت دەربارەی کارەسات و ڕابوونی 4/24ی قەڵادزێ، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و ئەوانەی واژویان کردووە، 1/د.حسن محمد سورە،2/ عبداللە مام علی، 3/عمر نورەدینی، 4/د.رفیق سابیر، 5/ سۆزان شهاب، 6/ دڵشاد شهاب، 7/عمر هەورامی، 8/ شوان کریم کابان، 9/ گەشە دارا حفید، 10/ قادر حسن قادر. پرۆژە بڕیارەکە پێك هاتووە لە 3 بڕگە و لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی پرۆژەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

به پێی تایبەتمەندی پرۆژەکە ، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشتر خوێنرایەوە دوو کەسیان ئیستقالەیان کردووە و هەشت کەس ماوەتەوە، من ئەو پرسیارەم ئاڕاستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم، ئایا ئەمە ژمارەی یاسایی ماوە ئەم پرۆژەیە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیار لە سەرۆکایەتی دەکەم و تاریخی تەقدیمەکەی کەی بووە؟ ئەگەر ساڵ و نیوێك پێش ئێستا بووە ئەو بەڕێزانە ئەندام بوون، یەعنی مافی ئەوەیان هەبووە، بۆچی پاش ساڵ و نیوێك ئەمڕۆ دەخوێندرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی دووەم بە پێی تایبەتمەندی تەحویل دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و نوسخەیەك بۆ حکومەت دەنێردرێ و هەروەها هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی 3ی بڕگەی 3 ی بەرنامەی کار بریتیە لە پرۆژە یاسای ماڵی مامۆستا پێشنیاری یاسای ماڵی مامۆستا، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووەن، کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن، عمر نورەدینی، سەروەر عبدالرحمن، سۆزان شهاب، د.صباح، فەرمان عزالدین، عەزیمە نجم الدین، پەیمان عبدالکریم، امینە زکری، شلێر محی الدین، پەیمان عزالدین، عبدالله مەلا نوری، ئاواز عبدالواحد، دلێر محمود، عمر هەورامی، ثائر عبدالاحد، دانا سعید سۆفی، زکیە صالح، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە پێکهاتووە لە 17 ماددەو هۆکاری دەرچواندنی، تکایە ڕووبەڕووی لیژنەی پەیوەندیدارەکان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی تایبەتمەندی ئاراستەی لیژنەی یاسایی، پەروەردە، نوسخەیەکیشی بۆ حکومەت، هەروەها هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش، فەرموون بۆ خاڵێکی تری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (د) پێکهاتووە لە پێکهێنانی ئۆفیسی هاوبەشی نیشتمانی بۆ پرسی ناوچە دابڕێندراوەکان، ئەو پێشنیارە لەچوار  بڕگە پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن.

ناوەکان:

1-گۆران ئازاد 2-محمد احمد  3-سالار محمود  4-عمر عبدالعزیز  5-سەرگوڵ رضا 6-ناسك توفیق  7-شەونم محمد غریب  8-عدنان عثمان  9-علی حسین  10-بەفرین حسین  11-سۆزان یوسف  12-هاژە سلیمان 12-شۆڕش سەید مجید  13-عبدالله محمد  14-ایوب نعمت (ئارام)  15-ڤیان عبدالرحیم  16-عبدالرحمن حسین  17-پەیمان عبدالکریم  18-پەیام احمد  19-عظیمة نجم الدین  20-نەسرین جمال  21-سیوەیل عثمان  22-فەرمان عزالدین  23-پێشەوا توفیق  24-ئاشتی عزیز  25-شێرزاد عبدالحافظ  26-کاردۆ محمد  27ئاراس حسین  28-هاوڕاز شێخ احمد  29-نەریمان عبدالله  30-د. صباح بەرزنجی  31-احمد سلیمان(بیلال)  32-ئەڤین عمر  33-سەردار رشید  34-سەرهەنگ فرج  35-اسماعیل سعید

تکایە ڕووبەڕوی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەرەوە جەنابی سەرۆك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و نوسخەیەکیشی بۆ حکومەت ڕەوانە دەکرێت، لەگەڵ هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم، خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، ژمارە(19)ی ساڵی 2011، ئەم پرۆژەیە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە، ئەم بەڕێزانە واژوویان کردووە.

ناوەکان:

1-عبدالسلام مصطفی صدیق  2-تارا تحسین یاسین  3-سەردار رشید  4-بەیان احمد  5-کەیلی اکرم  6-ژیان عمر شریف  7-حمدیە معروف  8-شڤان احمد  9-سیوەیل عثمان  10-عمر هەورامی

پرۆژەی یاساکە لە 4 ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکە، داوا دەکەین لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی وخزمەتگوزاری، حکومەت، ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی شەشەمی بەرنامەی كار خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای (پارێزەرانی هەرێمی كوردستان - عێراق)ئەم پرۆژە یاسایە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەوانەی كە واژوویان كردووە.**

**ناوەكان:**

**1-شێروان حەیدەری 2-عونی بەزاز 3-رۆژان دزەیی 4-كاردۆ محمد 5-صباح بەزنجی 6-عدنان عثمان**

**7-عبدالسلام بەرواری 8-بكر كریم(ئاسۆ) 9-عمر هەورامی 10-سۆزان یوسف**

**پرۆژەی یاساكە لە 163 مادده پێكهاتووە، لەگەڵ هۆیەكانی دەركردنی یاساكە، داواكارین لەسەرۆكایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەم پێشنیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و حكومەت و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین، بۆ خاڵێكی تر تكایە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی (ز) پێشنیاری یاسای ڕێكخستنی خانەنشینی لەهەرێمی كوردستان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئەوانەی كە واژوویان كردووە.**

**ناوەكان:**

**1-پەیمان عزالدین 2-دڵشاد حسین 3-عبداللە ملا نوری 4-كاردۆ محمد 5-كوێستان محمد 6-عدنان عثمان 7-نەسرین جمال 8-ئاهەنگ عارف 9-فەرمان عزالدین 10-پەیام احمد 11-سیوەیل عثمان 12-عبداللە محمد سامي 13-سەرهەنگ فرج 14-شێرزاد عبدالحافظ 15-ڤیان عبدالرحیم 16-برهان رشید**

**17-سەرگوڵ رضا 18-ناسك توفیق 19-عمر عبدالعزیز 20-ڕێباز فتاح**

**ئەم پرۆژەیە پێكهاتووە لە 7 ماددەو هۆی دەرچواندنی، تكایە ڕووبەڕوی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەنەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەم پێشنیارە ئاراستەی لیژنی یاسایی، دارایی، حكومەت، گشت ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەكەین، بۆ خاڵێكی تر تكایە.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی هەشتەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێبەجێکردنی هەمواركردنی یەکەمی یاسای هەمواركردنی یەکەمی خزمەتی زانکۆیی ژمارە(23)ی ساڵی 2008ی عێراقی، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، ئەوانەی کە واژوویان لەسەر کردووە.**

**ناوەکان:**

**1-د. عمر نورەدینی 2-د. سەروەر عبدالرحمن 3-د. دانا سعید 4-د. ثائر عبدالاحد 5-شلێر محی الدین 6-سۆزان شهاب 7-ئەڤین عمر 8-د. صباح محمد 9-فەرمان عزالدین 10-عظیمة نجم الدین**

**ئەم پرۆژەیە لە 8 مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکاری دەرچواندنی یاساکە، داوا لەسەرۆکایەتی دەکەم کە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، خوێندنی باڵا، حکومەت، گشت پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی نۆیەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای (بەموڵك کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیەکانەوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، شێوازی پێکەشکردنەکەشی بەم شێوەیەیە.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ (تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات)**

**بەڕێزان ئێمەی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کەلەخوارەوە واژوومان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای(تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت وپەرلەمان دەنگی لەسەر بدات.**

**هاوپێچ/**

**دەقی پرۆژەی هەمواركردنی یاساکە.**

**ناوەکان:**

**1-جمال طاهر 2-شیلان عبدالجبار 3-سەرهەنگ فرج 4-شلێر محمد 5-احمد سلیمان(بیلال) 6-سیوەیل عثمان 7-شوان کریم 8-فاضل بەشارەتی 9-نیشتمان مرشد 10-ایوب نعمت(ئارام قادر)**

**پرۆژەی یاساکە لە 13 مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکاری دەرچواندنی، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، دارایی، خزمەتگوزاری، حکومەت، گشت ئەندامانی پەرلەمانیش دەکرێت، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (ی): پێشنیاری یاسای قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی موڵکی کشتوکاڵ لە کوردستان – عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975 و هەموارەکانی دەیانگرێتەوە،..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو، نوقتەی نیزامیت هەیە؟.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی خۆی ئەو یاسایە لە حکومەتەوە هات بۆ پەرلەمان، ناونیشانی یاساکە کەهات هەڵە بوو، چونکە قەربوو کردنەوەی یاسای ژمارە(90)ی ساڵی 1975 شتێکی نایاساییە، زۆر زەحمەتە بکرێت، بە برادەرانی لیژنەی یاساییشم وت لەوانەیە ئەوانیش پشتگیریم بکەن، کەهات بەغەڵەت هاتبوو، بۆیە داوا دەکەم کە چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (ی): بەرنامەی کار پێشنیاری یاسای قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی موڵکی کشتوکاڵ لە کوردستان – عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975 و هەموارەکانی دەیانگرێتەوە، بەڕێزان ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، ئەم بەڕێزانە واژوویان کردووە،

ناوەکان:

1-احمد سلیمان 2-شلێر محمد 3-سیوەیل عثمان 4-شوان کریم کابان 5-شیلان عبدالجبار 6-جمال طاهر
7-فاضل بەشارەتی 8-نیشتمان مرشد 9-ایوب نعمت (ئارام قادر) 10-سەرهەنگ فرج

ئەم پرۆژەیە لە 12 مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکاری دەرچواندنی، بەزمانی عەربی پێشکەشکراوە، تکایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، کشتوکاڵ، دارایی، حکومەت، گشت ئەندامانی پەرلەمانیش دەکرێت، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (ك): خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(وەزارەت یان دامەزراوەی پێشمەرگە). ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پیشکەشکراوە، بەنووسراویان کەئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەم شێوەیە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ (پرۆژە یاسا)**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان ئاراستە کردووە بەناوی (یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(وەزارەت یان دامەزراوەی پێشمەرگە)) تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر کردووە.

1-خلیل عثمان 2-شۆڕش سید مجید 3-کاردۆ محمد 4-قادر احمد 5-کاوە محمد امین 6-ایوب نعمت(ئارام قادر) 7-سەرگوڵ رضا 8-سۆزان شهاب 9-محمد شارەزووری 10-د.دانا سعید 11-صباح بیت الله 12-قادر حسن 13-سالار محمود 14-شیلان عبدالجبار 15-شڤان احمد 16-امینە زکری 17-فاضل بەشارەتی 18-د.عمر نورەدینی 19-ئاواز عبدالواحد 20-صبیحە احمد 21-شوان کریم کابان 22-عبدالله حاجی محمود

23-اسماعیل محمود 24-شێرزاد عبدالحافظ 25-فەرمان عزالدین 26-کاروان صالح 27-گۆران ئازاد 28-بکر کریم(ئاسۆ) 29-عبدالله ملا نوری 30-عبدالسلام بەرواری 31-سەردار رشید 32-جلال علی عبدالله 33-نیشتمان مرشد

ئەم پرۆژەیە بەشی یەکەمی لە شەش مادده پێکهاتووە، بەشی دووەمی لە یەك مادده پێکهاتووە، لەگەڵ چەند بڕگەیەك، بەشی سێیەم، لەیەك مادده پێکهاتووە، بەشی چوارەم دەروازەی دووەم، لەدوو بڕگە پێکهاتووە، دەروازەی سێیەم: لە پێنج مادده پێکهاتووە، دەروازەی چوارەم لە حەوت مادده پێکهاتووە، دووبارە دەروازەی چوارەم لە چوار مادده پێکهاتووە، دەروازەی پێنجەم لە چوار مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی بیلال، فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (ی) یاسای قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی موڵکی کشتوکاڵ لە کوردستان – عێراق ژمارە(90)ی ساڵی 1975 و هەموارەکانی دەیانگرێتەوە، ئەوە ئەصڵی پەیوەندی بەلیژنەی شارەوانیەوە هەیە، هەر خۆشمان وەك لیژنە ئامادەمان کردووە، بەس جەنابت ئاراستەی لیژنەکەمانت نەکرد، هەموو بڕگەکانیشی هەر شارەوانیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەو پرۆژەی ئاراستەی لیژنەی شارەوانیشی دەکەین، ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا کاك عونی خوێندیەوە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی، پێشمەرگە، سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی(ل): لە بەرنامەی کار، پێشنیاری یاسای بڕیاری زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی شارەوانی، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، کە ئەم بەڕێزانە واژوویان کردووە:

ناوەکان:

1-احمد سلیمان 2-جمال طاهر 3-فاضل بەشارەتی 4-شلێر محمد نجیب 5-سەرهەنگ فرج 6-شیلان عبدالجبار 7-سیوەیل عثمان 8-شوان کریم کابان 9-نیشتمان مرشد 10-ایوب نعمت(ئارام قادر)

ئەم پرۆژەیە لە 15 ماددە پێکهاتووە، بەزمانی عەرەبی هاتووە، بەبێ هۆکاری دەرچوواندنی، تکایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، دارایی خزمەتگوزاری، حکومەت، سەرجەم پەرلەمانتارەکان دەکرێت، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی کۆتایی لەبەرنامەی کار، خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر پێشنیاری یاسای سواڵکردن لەهەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو وەرنە سەر مەنەصە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی کاتی خۆی ڕاپۆرتمان سەبارەت بەو پرۆژەیە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئێستا دەقی ڕاپۆرتەکە بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون منع التسول في إقليم كوردستان**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم 22/سەرماوەز/2711 كوردي المصادف لـ 2011/12/13 ميلادي لدراسة مشروع قانون **(منع التسول في إقليم كوردستان)** المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان في جلسته رقم (9) في 2011/10/25 ، وبعد المناقشة والمداولة تقترح اللجنة مايلي:

1- التسول في إقليم كوردستان ظاهرة واضحة و في ازدياد رغم وجود قانون لمنع هذه الظاهرة وفق قانون العقوبات العراقي رقم (111) لسنة 1969 المعدل ، حيث خصص الفصل الثامن منه لهذه الظاهرة بعنوان (التسول).

2- مضمون المشروع المقدم تم معالجته في المواد (390 ، 391 ، 392) من قانون العقوبات العراقي ، و وفق هذه المواد:

- التسول يعد جريمة و تم تحديد عقوبة له وفقاً لسن القائم به.
- المادة (391) قرر عقوبة بديلة للذين يمتهنون التسول و ذلك بوضعهم في اماكن عمل في حالة قدرتهم على العمل ، او في المؤسسات الخيرية او دور المسنين.
- المادة (392) فرض جزء على كل شخص يقوم بتشجيع من هم اقل من (18) سنة من العمر على القيام بالتسول.

اذن ليس هناك فراغ قانوني للقضاء على ظاهرة التسول و معالجته ، وانما تكمن المشكلة في المراقبة ومتابعة تطبيق نصوص القوانين النافذة في اقليم كوردستان والتي تقع مسؤولية تطبيقها على الجهات المعنية ، لذلك نقترح رفض المشروع. لاسيما ان قانون الرعاية الاجتماعية رقم (126)لسنة 1980 النافذ في اقليم كوردستان قد عالج في بعض احكامه ووضع حلول لمشكلة التسول وكيفية معالجتهم واندماجهم للعيش في الاقليم كمواطنين عاديين دون الاعتماد على ظاهرة التسول.

مع التقدير

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوریش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی قەدەغەکردنی سواڵکردن لە هەرێمی کوردستان**

لێژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 22/سەرماوەز/ 2711ی کوردی بەرامبەر بە 13/ 12/ 2011 ی زاینی کۆبوونەوە بۆ دیراسەت کردنی پڕۆژە یاسای (قەدەغەکردنی سواڵکردن لە هەرێمی کوردستان ) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (9) لە 25/ 10/ 2011 ڕەوانەی لێژنە کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن، لێژنە پێشنیار دەکات:

1- دیاردەی سواڵ کردن لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەیەکی دیار و تەشەسەندووە، سەرەڕای بوونی یاسایەك بۆ چارەسەرکردن و قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی 1969ی هەموارکراو بەشی (هەشتەمی) بەناوی (سواڵکردن) تەرخانکردووە بۆ ئەم بابەتە.

2- ناوەڕۆکی پڕۆژە یاسای پێشکەش کراو لە ماددەکانی (390و391و392) ی یاسای سزادانی عێراقی چارەسەرکراوە کە بەپێی ئەم ماددانە:

- سواڵکردن بە تاوان داندراوە و تاوانی بۆ دانراوە بەپێی تەمەن.

- لە ماددەی (391) سزای جێگرەوە بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە سواڵ دەکەن کە ئەویش بە دانانی لە شوێنی کار لە حاڵەتێك توانای کارکردنی هەبوو یان دانانی لە پەناگەی خێرخوازی یا بەساڵاچووان، ئەگەر توانای کارکردنی نەبوو.

- لە ماددەی (392) سزای بۆ هەموو ئەو کەسانە داناوە کە هانی کەسانی خوارووی تەمەن (هەژدە ساڵ) دەدات بۆ سواڵکردن.

کەواتە بۆشاییی یاسای نییە بۆ کۆتایی هێنان بە دیاردەی سواڵکردن و چارەسەرکردنی، بەڵکو گرفت لە چاودێری و بەدواداچوونە بۆ جێبەجێ کردنی دەقی یاسا کارپێکراوەکان لە کوردستاندا بۆیە لایەنی پەیوەندیدار بەرپرسیارن لە جێ بەجێ کردنی یاساکە، بۆیە پێشنیار دەکەین بە ڕەت کردنەوەی پڕۆژەکە. هەروەها لەیاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (126)ی ساڵی 1980 بەڕوون وئاشکرا کار لەسەر سواڵکردن کراوە، ڕێگای جێبەجێکردنی بۆ کراوە، بۆیە ئێمە وەك لێژنەی یاسایی ئەم پرۆژەیە ڕەد دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژەی یاسای قەدەغەکردنی سواڵکردن**

سڵاوو ڕێز..

ئەمەی خوارەوە بڕیاری لیژنەکەمانە سەبارەت بە پرۆژەی یاسای قەدەغەکردنی سواڵکردن، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکرابوو، لەکۆبوونەوەی ژمارە(9)ی ڕۆژی 2011/10/25، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لەپەرلەمانی کوردستان، ئاراستەی لیژنەکەمان کرا بە نووسراوی ژمارە( ك: 1383) لە ڕێکەوتی 2011/10/26، لیژنە دوای گفتوگۆ گەشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

1- ماددەی یەکەم قەدەغەکردنی سواڵکردن بابەتێك لە یاسای عقوباتی عێراقی چارەسەرکراوە، لەماددەکانی (390و391و392).

2- ماددەی دووەم لە پرۆژە یاساکە زیادەیەو لە یاسای عقوباتی عێراقی سزاکان دیاری کراوە.

3- ماددەی سێیەم برگەی (ب) بە ڕای لیژنە هەندێ ئیجرائات و ئەرکی پۆلیسە.

4- ماددەی چوارەم بەڕای لیژنە ئەم ووردەکاری نیەو ئەرکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، وە پێچەوانەیە ڕۆحی یاساکەیە، بۆیە لیژنە بڕیاریدا کە ئەم پرۆژە یاسایە ڕەد بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیەکی یاسایی و فەنیم هەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە بەواژووی بەڕێز کاك عبدالسلام سەرۆکی لیژنەیە بەتەنها، ئایا ئەم جۆرە ڕاپۆرت نووسینانە موتەبەع بووە لەپەرلەماندا؟ یەعنی بۆچی واژووی ئەندامانی لیژنەی لەسەر نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمیشە ئێمە کە ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە دەنووسین، وەرەقەیەکی لەگەڵە کە واژووی هەموو ئەندامانی لەسەرە، لەگەڵ تێبینیەکانیان، ئەگەر ئەوەی خوارەوە سەرۆکی لیژنە نووسرابێت ڕەنگە هەڵەی سکرتارییەت بێت، چونکە وای زانیوە نووسراوی عادییە، لەبەرئەوەی لە یەك لاپەڕە پێکهاتووە، ئەگەر ئیسرار دەکەن داوا دەکەم کە بیگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر خۆی عادەتی ئەو جۆرە ڕاپۆرتان دەبێت ئیمزای ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بێت، ئێستا ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەشکراوە لەلایەن هەردوو لیژنەوە ڕەفزیان کردۆتەوە، لەڕاپۆرتی هەردووکیان ڕەفزە

ئێستا کێ دەیەوێت دژی ڕەئی ئەو دوو لیژنەیە قسە بکات؟، تکایە ناوی دەنووسم، تەنها دوو کەس دەیانەوێت قسە بکەن، دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە خۆی دەبوو یەکەمجار پرۆژەکە بخوێندرێتەوە، چونکە تا ئێستا دەقی ماددەکانی ئەو پرۆژەیە نەخوێندراوەتەوە، نەلە خوێندنەوەی یەکەم، نە لە خوێندنەوەی دووەمیش، تەنها ڕاپۆرتەکە خوێندراوەتەوە، سەبارەت بەکۆی یاساکە دیارە خۆی سواڵکردن دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوە ئەمڕۆ، قابیلە بە ئیهتیمام و موتابەعە کردن، دیارە کە دیاردەکە نوێ نیەو لەهەموو وڵاتانی دونیادا هەیە، لەگرنگترین هۆکارەکانی لاوازی هۆکاری ئابوورییە، سواڵکردن دیاردەیەو نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتیە، شوێنەواری ترسناکی لەسەر لایەنی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی هەیە، ئەم دیاردەیە پێویستی بە تەفعیل کردنی یاسایی و میکانیزمی نوێ ودەستنیشان کردنی هۆکارەکانی وڕووبەرو بوونەوەی و قەدەغەکردنی هەیە، ڕاستە لەسێ ماددەی یاسای سزاکانی عێراقیدا سواڵکردن قەدەغەکراوەو سزای بۆ دانراوە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە زیاتر گۆڕاوە لەوکاتەی کە ئەو یاسایە دەرچووە، لە ساڵی 1969، پێویست دەکات ئێمە لەهەرێمدا میکانیزمی نوێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دیاردەکە بگرینە بەرو چەندین وەزارەت بەرپرسیار بکەین وەك لە پرۆژەکەدا دیاری کراوە، بەتایبەت تەفعیل کردنی ڕۆڵی ئایین و مزگەوتەکان، لەپێناو هاندانی وازهێنان لە سواڵکردن لەلایەنی شەرعیەوە، تەنانەت پێویستی بە ئەکتیف کردنی ژمارەیەك لەیاساکانی تریش هەیە بۆ سنووردانان بۆ ئەو دیاردەیە، وەك یاسای ئیلزامێتی خوێندن یان خوێندنی ئیلزامی، کەڕێگا نادات منداڵان لە تەمەنی خوێندندا سواڵ بکەن، ئەمە جگە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەڕێگای ڕاگەیاندن و مزگەوتەکان و بڵاوکردنەوەی پۆستەرات بۆ هاندانی خەڵك کەپارە نەدەن بەهەموو ئەو سواڵکەرانەی کە سواڵ دەکەن، تا نەبێتە هۆیەك بۆ هاندانی کردنیان لەسەر بەردەوام بوونی سواڵکردن، چونکە دیارە خەڵکێکی موستەحەقیش هەیە کە سواڵ دەکات، ئاینیش هانی خەڵکی داوە بۆئەوەی یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە موستەحەقن لەکاتی سواڵکردندا، بەڵام بێگومان ئەو کەسانە لەناو ئەوخەڵکە زۆرەی کە سواڵ دەکەن، کردوویانە بە پیشەو بازرگانی پێوە دەکەن، ئەوان دیار نەماون و وون بوون، لەگەڵ بوونی یاسای عقوباتی عێراقی کە ئەو ماددانەی تێدایە سەبارەت بەسواڵکردن، بەڵام هەر لەعێراق و بەتایبەتی لە شاری بەغدادی پایتەخت، دیاردەی سواڵکردن وای کرد کە ئیجرائاتی زیاتر بگرنە بەرو داوای کاراکردنی یاساکان بکەن بۆ قەدەغە کردنی، چونکە بەپێی زانیارییەکانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی سواڵکردن کە لە پارێزگای بەغداد دروست بووە، ژمارەی سواڵکەران لەو شارەدا لەنێوان 800 بۆ 1000 کەس دەبێت، سەرۆکی لیژنەکە ڕایگەیاندووە کە خەریکی ئامادەکارین بۆ کۆنگرەیەکی فراوان، بۆ دیراسەکردنی هۆکارەکانی دیاردەکەو دۆزینەوەی چارەسەر، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان وزانکۆکان وناوەندەکانی توێژینەوەی دەروونی وپەروەردەیی،

لەكوردستانيش بەتايبەتی لەشاری هەولێر و شارەكانی تريش دەبينين كە ئەم دياردەيە چۆن پەرەی سەندووەو ڕۆژ بەڕۆژ لە تەشەنەكردندايە، بۆيە پێمان وايە پێويستی بە ياسايەكی تايبەت هەيە، بۆ قەدەغەكردنی ئەم دياردەيەو بەرەنگاربوونەوەی وچارەسەركردنی، ئەوانەی كە بەفيعلی موستەحەقن بۆيە سوالّ دەكەن، لەڕاستيدا هەردوو ڕاپۆرتی ليژنەی ياسايی و ليژنەی كاروباری كۆمەلاّيەتی كەوا پێم وايە لەيەك لاپەڕەدا بەشێوەيەكی زۆر سادە، ڕەفزی ئەو ياسايە كراوە، تەنها هۆكار بۆ ڕەد كردنەوەكەی زياتر ئەوەيە كە سێ ماددە لە ياسای سزادانی عێراقی كە ماددەكانی (390 و391 و392)ە باسی لە سوالّكردن كردووە، ئەو هۆكارانەی بەڕای من پرۆژەكەی پێ ڕەد كراوەتەوە، هۆكاری لاوازن، چونكە يەكەم: سێ ماددە لەياسای سزاداندا هەيە، زۆر شتی تريش لەو ياسايەدا هەيە، بەلاّم ئێمە هاتووين ياسای سەربەخۆمان بۆ دەركردووە، دووەم: ئەوەی لێرەدا لەم پرۆژە ياسايەدا هاتووە، چەند جياوازييەكی هەيە، لەگەلّ ئەوەی لە ياسای سزادانی عێراقيدا هاتووە، لە پەيوەست بەچارەسەركردنی دياردەكە، لەوانە، ماوەی زيندانيەكە جياوەزە لەوەی كە لە ياسای سزادانی عێراقی هاتووە، باسی پڕكردنەوەی بەلێن نامەی تێدايە بۆ وازهێنان لە سوالّكردن كەدوای ئەوەی گەڕايەوە سەر سوالّكردن سزا بدرێت، ليژنەيەك بۆ لێكۆلێنەوە لەگەلّ سوالّكەران پێك دێت كەچەندين وەزارەتی بەرپرسيار كردووە تێيدا، ئەمەش ئيجرائات و ئيمكانيزمێكی نوێيە لە ڕووبەروبوونەوەی دياردەكە، كە دۆسيەكەی بۆ هەموو سوالّكەرەكان دەكاتەوە، چونكە لێپرسينەوەی ياسايی لاوازە لەهەرێمی كوردستان، كەمتەرخەمی لايەنە بەرپرسەكان هەيە لە گرتنی سوالّكەرەكان، لێكۆلێنەوە لە حالّ و گوزەرانيان تا لەسەر ئەو بنەمايە حوكم بدرێت لەسەريان، كە ئايا ئەوانە موستەحەقی سوالّكردنن؟، يان نا؟ سێيەم: ماددەی سێيەم دۆسيە كردنەوە دەكرێت كە لێرەدا ڕاپۆرتەكە وا ڕەفزی كردووە كە ئەمە كاری پۆليسە، دۆسيەكە دەكرێت لەلای ليژنەكە بێت، دوای ئەوەی كە پۆليس سوالّكەرەكان دەستگير دەكەن، چونكە وەزارەتی ناوخۆ ئەندام دەبێت لەناو ليژنەكەدا، چوارەم: ماددەی چوارەم، چونكە پێشتر دياری نەكراوە ، ئەگەر ئەو كەسە هيچی نەبوو يان هەژار بوو ئەو سوالّكەرە چۆن مامەلّەی لەگەلّ بكرێت، .

**بەڕێز بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر ئێمە نەهاتووين موناقەشەی پرۆژەكە بكەين، تۆ دوو، سێ خالّ بلێ بۆ مانەوەی ئەم مەشروعە نەك هەموو مەشروعەكە موناقەشە بكەيت، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەكە نەخوێندرايەوە ماددە بە ماددە نەخرايە دەنگدانەوە...

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

وەختی خۆی ئەم پرۆژەيە خوێندرايەوە، خوێندنەوەی يەكەمی بۆ كراوە، لەبەردەستی هەموو ئەندامان بووە، باشە با قسەی خۆی بكات، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەى كە مادده بە مادده نەخرايە دەنگدانەوە تا ئێمە ڕەئى خۆمانى لەسەر بدەين، ئەوان هەموو پرۆژەكەيان ڕەد كردۆتەوە، بۆيە قسەكە لەسەر هەموو پرۆژەكەيە، يان پشتگيرى دەكەين؟، يان ڕەدى دەكەينەوە؟، من تەنها چەند دێڕێكم ماوە ئيتر كۆتايى بەقسەكانى خۆم دێنم، بۆيە لێرەدا پرۆژە ياساكە پێويستى كردووە لەسەر حكومەت كە مووچەيەكى شايستە كە بەشى بژێوى ژيانى سواڵكەرەكە بكات بۆى ببڕێتەوە، ئەگەر بەساڵاچوو بوو لە خانەى بەساڵاچوان شوێنى بۆ بكرێتەوە، باشە چى تێدايە، ئەگەر ئەركى وەزارەتى كار بوو، ئەگەر ئيجازەم نادەن قسە بكەم ئەوە دادەنيشم، با ئەندامان قسەى خۆيان بكەن، باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەم ياسايە خوێندنەوەى يەكەمى بۆ كراوە، لەلاى ئەندامان هەيە، لەبەر ئەوە بەڕێزيان دەڵێن كەوا نەخوێندراوەتەوە لەناو پەرلەماندا، ئەى چۆن هاتووەتە ناو بەرنامەى كارەوە، ئەگەر خوێندنەوەى يەكەمى بۆ نەكرابێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ڕاپۆرتى ليژنەكەمان خوێندرايەوە، بەڵام بۆ دڵنيا بوونى ڕاى گشتيش، چونكە ئەمەى كە ڕوودەدات لێرەدا دەچێتە بەردەمى خەڵكيش وە بۆ دەرفەتدان بە برادەران وخوشكان ديار بێت بۆيان كە ئايا ياساكە كەلێنى تێدايە يان ڕاپۆرتەكان لاوازن، وەكو باسكرا، من پێشنيار دەكەم هەرچەندە ڕەنگە دوورترين پێشنيار بێت كە بخرێتە دەنگدانەوە، خۆى هەموو سێ ماددەيە، ئەوەى لەڕاپۆرتى ئێمە هاتووە زۆر وازحەو دەتوانين ئێمە يان خوشك وبرايان بەڵگە بهێنين يان دەعم بكەين كە بۆچى، هەروەها ليژنەى ياسايش وەكو پسپۆڕێك ئێمە ئەمڕۆ جارێكى تر ڕووبەڕوى حاڵەتێك بووين كە هەميشە دووبارە دەبێتەوە لەم پەرلەمانەدا، دياردەى سواڵكردن دياردەيەكى خەتەرناكە، لايەنى خراپى كۆمەڵايەتى و ئابوورى هەيە، پێويستە ئەم دياردەيە موحارەبە بكرێت، هەموومان لەسەر ئەوە كۆكين، بەڵام جارێكى تر دەڵێم كە

تێکستێك بۆ ئێمە هاتووە کە نەچارەسەری ئەم دیاردەیە دەکات، نە بۆشایەتیەکی یاسایی هەیە تا پێویست بێت بۆ ئەو یاسایە دەربچێت، بۆیە دەکەوینە موناقەشەی و جارێ لیژنەکان یەك تا دوو هەفتە خەریکی بوون، لێرەش دوو تا سێ ڕۆژ موناقەشەی دەکەین، لە ئەخیرەوە بۆمان دەردەچێت و بە زۆرینەی دەنگدانیش دەبینین کە ئەو هۆیانەی ئەم تێکستەی پێ ڕەد کراوەتەوە ڕەوایە، بەڵام وا لەقەڵەم نادرێت کە ئەوانەی داوای ڕەد کردنەوەی ئەم پرۆژەیان کردووە، خەمی سواڵکردنیان نیە، دژی ئەوەن کە دیاردەیەك بنبڕ بکرێت، جارێکی تر دەڵێم خۆزگە ئێمەی پەرلەمنتار هەڵسایانە بەئیشی لیژنەکان وەکو تاك، تا ئەو بەندە یاسایانەو ئەو ئیجرائاتانەی کە هەن، فیعلەن جێبەجێ بکرێن، ئەوکاتە یاسایەکی تازە هەبێت یان نەبێت، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر ئێمە دەنگدانمان لەسەر ڕەد کردن بوو کە ئەوە ڕۆشت، ئەگەر بڕیاردرا کە موناقەشەی بکەین، ئەوە من داوا دەکەم نوێنەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ لێرە بن، چونکە ئەوەی کەداوا کراوە لە پرۆژەکە، ئێمە مەعلوماتمان هەیە کە ئەوانە لە 100٪ پێی هەڵدەستن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەم پرۆژەی کە ڕەد کراوەتەوە لەلایەن هەردوو لیژنەوە، بەڕاستی ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان زۆر پێویستیمان بە پرۆژەیەکی ئاوا هەیە، چونکە ڕاستە لە یاسای سزادانی عێراقی باس کراوە، بەڵام بۆ ئەمڕۆمان زیاتر پێویست دەکات یاسایەکی توندتر دەربکەین بۆ ئەو دیاردەیە، چونکە ئێمە دەزانین کە دیاردەیەکی زۆر قێزەون لە کوردستانەکەی ئێمەدا هەیە، زۆرجار بووەتە هۆی بەکارهێنانی منداڵ، زۆرجار بووەتە هۆی ئیستیغلال کردنی ئافرەت لەبارەی جنسیەوە، بەڕاستی لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەو پرۆژەیە موناقەشە بکرێت و ڕەد نەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن دوو لیژنە پێشنیاری ڕەد کردنەوەی ئەو پرۆژەیە کرا، ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوە دەست دەکەین بە موناقەشە کردنی و ئالیەت و چۆنیەتی ئامادەکردنی نوێنەری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وناوخۆ، با ئەو پێشنیارە دەنگدانی لەسەر بکرێت، پاشان ئەوە حەل دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر ئەوەندە بە قەسوەتەوە موعامەلەی دیاردە دەكرێت لەم هەرێمی كوردستانە، لەڕێگای یاساكانەوە، خۆ نەبێت من زۆر موعجیب بم بەوەی كەهاتووە لەیاسای سزادانی عێراقیدا، ئەوانەش حاڵەتێكی توندن، بەڵام هەر لەمدیو ئەم عێراقەوە بڕۆرە هەرچی وڵاتێك هەیە لەدونیادا، خەڵكەكە سواڵدەكات بەس بەو شێوەیە نیە كە لێرە هەیە، ببێت بەجێگای بەزەیی وخەڵكێك بەدرۆ وا لەخۆی بكات، دەبینین كابرایەك مۆسیقایەك لێ ئەدات، كابرایەك هونەرێك پێشكەش دەكات، كەبەشێوەیەك وات لێدەكات تۆ ئارەزوومەندانە ئەم پارەی بدەیتێ، جارێكی تر ئێمە لەجیاتی بڵێین با ئەم بابەتە بەم شێوەیە نەبێت دەڵێین دەبێت قەدەغە بكرێت، دەبێت سزاكانی توندتر بكرێت، ئەو یاسایە كە پێشكەش كراوە، هیچ لە یاسای عقوباتەكە بەڕەحم تر نیە، بۆیە من بەڕاستی ڕەدی دەكەمەوە، ئەگەر كەسێك بیەوێت پرۆژەیەك پێشكەش بكات بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە نەهێڵێت، یەكەم: بەغداد نموونە نیە بۆ دیاردەی سواڵكردن، بەڵكو دەبێت لەهەرێمی كوردستاندا لێكۆڵینەوەیەك بكرێت بزانین چەندێكی خەڵكی هەرێمی كوردستان ئەوانەی كە سواڵ دەكەن، چونكە ئەوەی كە دەركەوتووە زۆربەی زۆریان لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان دێن لێرە سواڵدەكەن، دووەم: ئەگەر بمانەوێت ئێمە یارمەتی ئەو كەسانە بدەین تا ڕوونەكەنە ئەوكارە، یان ئەوەتا بەو شێوەیە ڕێگایان پێ بدرێت لەڕێگەی هونەرێكەوە كە دەیزانن ئەو پارەیە وەربگرن، یان ئەوەتا ناوەكانیان دابندرێت وبخرێتە سەر تۆڕی كۆمەڵایەتی تا هاوكاریان بكرێت، نەك جارێكی تر یاسایەكی قاسی ئیلغا بكەین، بەیاسایەكی زۆر لەو قاسی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی هەر پرۆژە یاسایەك كە لە پەرلەمانەوە پێشكەش دەكرێت و خوێندنەوەی بۆ دەكرێت، ئەبێت پێشتر توێژینەوەیەكی لەسەر كرابێت یان ئامار وداتایەك هەبێت كە لەهەرێمی كوردستان دیاردەی سواڵكردن چەندە؟، بەڵام ئێمە بەبێ ئەوەی كە لەهەرێمی كوردستان نە توێژینەوەیەك نە ئامار وداتایەك هەبێت، ئێمە یاسایەك لە پەرلەمان دەربكەین بەناوی دیاردەی سواڵكردن، بۆیە پێویست دەكات توێژینەوەیەكی وورد هەبێت، ئامار وداتایەك هەبێت، ئینجا ئەم پرۆژەیە قسەی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێدەکەم کە دەبێت ئێمە پرسیار بکەین بۆ دەبێت لەکاتێکدا کە یاسا هەبێت، چارەسەری ئەو کێشەی کردبێت، پەرلەمانتاران بێن یاسایەکی تر پێشکەش بکەن، کە دیاردەکە هەیە، یەعنی ئەمە ڕۆژانە ڕووبەڕوی دەبینەوە لەکوردستان دیاردەی سوالکردن، کە دیاردەیەکی ناشرینە لەکاتێکدا کە ئێمە لە کوردستان لەولاتێکی دەولەمەندین و وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی یان تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی، یان چاودێری کۆمەلایەتی پارەیەکی زۆر زۆر تەرخان دەکات بۆ چاودێری کردنی خەلك و چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی، من پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکان بەدوادانەچوونە بۆ ئەو پارە زۆرەی کە دەدرێتە وەزارەتی کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە سەرف دەکرێت، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە سەرف ناکرێت، ئەمە یەکێکە من لەخۆمان دەپرسم ئێمە بۆ نەتوانین موتابەعەی ئەم زاهیرەیە بکەین کە حکومەت پێویست بکات ئیجرائاتی یاسایی بەتووندوتیژی بەکار بهێنێت، ئیجرائاتی ئەوەی کە کێشەی هەژاری هەیە، مندال لەجادە دەبینین ژن وئافرەت دەبینین، پێویستە ئێمە وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی بانگ بکەینە ئێرە بزانین ئەو بڕە پارەی کە تەرخان دەکرێت بەکێ دەدرێت و ئەو زاهیرەیەش هەر بەردەوامە لەکوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆر احمد وەرتی، دەلێت..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی تۆ وەلام مەدەرەوە تۆش ڕەئی خۆت بلێ، پەرلەمانتار حەقی ڕەئی خۆیان هەیە کە بیدەن، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئەم پرۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە دانیشتنی ژمارە(9) لە 2011/10/25، ئاراستەی لیژنەکان کراوە، لەگەل هەموو ئەندامان، دووەم: ئێمە لەکاتی کۆبوونەوە لەگەل ئەندامانی لیژنەی یاسایی، بەتایبەتی لەگەل ئەو بەڕێزەی کە گلەیی هەیە، خۆی لە دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر بڕگەو بابەتەکانی ماددەکە، تەماشاکردنی یاسای سزادانی عێراقی، هەروەها یاسای چاودێری کۆمەلایەتی عێراقی، کە لەهەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، دەقاو دەق ئەو ماددانەی کەلەناو پرۆژەکەدا هاتوون موتابقی ئەو ماددانەن کە لە یاساکەی عێراقی و کوردستانیش کە ئیشی پێ دەکرێت هەیە، واتە فەراغێکی تەشریعیمان نیە، لەئەنجامی گفتوگۆش خۆی واژووی کرد کە ئێستا دەلێت لەگەل ڕاپۆرتەکەدا نیم، بڕگە

به برگه ماددەکان موناقەشەی لەسەر کرا، ئینجا قەرارماندا وەك لیژنەی یاسایی کە ڕەفزی بکەینەوە، لەبەر ئەوەی کە فەراغی یاسایی نیە تەنها بەدواداچوون بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین ڕەفزەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کەس ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەنها تێبینیەك دەخەمە بەردەم جەنابتان، دیارە لاوازی جێبەجێکردنی یاسا لەهەرێمی کوردستاندایە، ئەمە یەکەمجار نیە کەوا بەم شێوەیە تووشی ڕەد کردنەوەی پرۆژە دەبین، ئەم لاوازی جێبەجێکردنە لەلایەن لایەنەکانی جێبەجێ کردنەوە، بووە بەمایەی ئەوەی کە لاوازییەك هەیە لەلایەنی چاودێری پەرلەمانەوە، ئەمەش ئەمانگەیەنێت بەوەی کە ئەمجارە لایەنی تەشریعیشمان لاواز دەبێت، ئەگەر ئەمجارە بێت و چاودێرییەکی پەرلەمان بکرێت، دەڵێن لەلایەنی تەشریعیشەوە پەرلەمان زەعیفە، بۆ لەبەر ئەوەی کە پرۆژەیەك پێشکەش دەکرێت، فەراغێکی یاسایی نیە، فەصڵێکی کامل لە یاسای عقوباتدا لەسەر سواڵکردنە، بەڵام پرۆژە یاساکە ئیمزای بۆ کۆکراوەتەوە، کاتی بردووە لەم پەرلەمانە، ئەمە یەکەم پرۆژەش نیە، چەند پرۆژەیەکی تریش هەیە، چونکە پێویستی ئەم خەڵکە بە فیعلی ئەم کێشەیە هەیە، چەندینجار مەسەلەن تۆمارکردنی خانووبەرە لە تاپۆکان، کرێچیەکان، دابین کردنی خانوو بۆ کرێچیەکان، ئەمانە بەیاسا حەلکرابوو، بەڵام پرۆژەشی بۆ پێشکەشکرا، بۆ لەبەر ئەوەی کە یاسا جێبەجێ ناکرێت؟، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام کە ئاگامان لەمە بێت، ئەگەر هەر ئاوا بڕوات پرۆژە لەلایەن پەرلەمانتارەوە پێشکەش بکرێت، دواتر ڕەد بکرێتەوە لەبەر ئەوەی کە فەراغی یاسایی نیە، مولاحەزە لەسەر لایەنی تەشریعی پەرلەمانیش دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، یەکێکیان دەڵێت خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سواڵکردن لەهەرێمی کوردستان، بەڵام هەردوو لیژنەی یاسایی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێن ڕەفز بکرێتەوە، لەبەر ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، سەرەتا ڕەفزەکە، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕەفز بکرێت؟، بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە موناقەشە بکرێت؟، تکایە با دەستی بڵند بکات، تەنها 4 کەسی لەگەڵدایە بۆیە بەزۆرینەی دەنگ ڕەفز کرایەوە، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێنین تا سەعات 11ی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، بەرنامەی کارمان بەم شێوەیە دەبێت، یەکەم: دەست لەکار کێشانەوەی پەرلەمانتار (اسماعیل گەڵاڵی). دووەم: پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی. سێیەم: پرۆژە

یاسای بەدەست هێنانی زانیاری. چوارەم: پرۆژە یاسای زەمانی کۆمەڵایەتی ژمارە(39)ی ساڵی 1971. تا ڕۆژی چوارشەممە بەخواتان دەسپێرین، خوتان لەگەڵ...

| د. ارسلان بایز اسماعیل | د.حسن محمد سوره | فرست احمد عبدالله |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 7\5\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/5/7

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/5/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم، ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/5/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد علی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39) ساڵی 1971.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (12)، ڕۆژی دانیشتن 2012/5/7، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/5/7 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد علی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39) ساڵی 1971.

بەخێرهاتنی بەڕێز ئاسۆس خان وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی غائیبەکان دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (11)ی ئاسایی لە 2012/4/30 مۆڵەتیان پێ دراوە، یان ئامادە نەبوونە، ئەمانەن:

1- اسماعیل سعید/ مۆڵەتی پێدراوە.

2- برهان رشید حسن/ مۆڵەتی پێدراوە.

3- پەیمان عزالدین عبدالرحمن/ مۆڵەتی پێدراوە.

4- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر/ مۆڵەتی پێدراوە.

5- تارا تحسين ئەسعەدی/ مۆڵەتی پێدراوە.

6- دڵشاد حسين قادر/ مۆڵەتی پێدراوە.

7- رازاو محمود فرج/ مۆڵەتی پێدراوە.

8- كاروان صالح احمد/ مۆڵەتی پێدراوە.

9- محمد دلێر محمود/ مۆڵەتی پێدراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر بڕگەی یەكەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (اسماعيل سعيد محمد علی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان.

لەبەر ئەوەی بەڕێز كاك اسماعيل دەست لە كاركێشانەوەكەی خۆی سەحب كردەوە، بۆیە ئەم خاڵە لە بەرنامەی كاری ئێمە نامێنێت، دەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیارییە.

فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار، چوار راپۆرت هەیە، هی چوار لیژنە، ئەم راپۆرتانە یەك نەخراوەو نەكراوە بە یەك راپۆرتی موەحەد، كە كەمترین موناقەشەو نزیك كردنەوەی رەئیەكانی لەسەر بێت، بۆیە من داواكارم داوا بكرێت لەو دانیشتنە ئەو چوار راپۆرتە لەو چوار لیژنەیەی كە پێشكەشیان كردووە، هەتاوەكو ئێمە بەرنامەی كارەكە تەواو دەكەین، ئەوان ئەو راپۆرتەیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەساسی یەك راپۆرتی هاوبەش قسە بكەین، ئەمە بابەتی یەكەم.

بابەتی دووەم/ لەبەر گرنگی یاسای هەموار كردنی دەستبەری كۆمەڵایەتی كرێكارانی ژمارە (39)ی ساڵی 1971، دەبوایە ئەم یاسایە لە پێش یەكی ئایار ئێمە قسەمان لەسەر كرد بوایە، بەڵام ئیتر كاتی پشوو بوو، واتا ئەو رۆژە پشوو بوو، بۆیە ئێستا من بە دەرفەتی دەزانم و داوا دەكەم لە بەڕێزت بیخەیتە دەنگدانەوە ژمارە چوار كە دەكاتە یاسای هەموار كردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكاران بێتە پێشەوەیە، بەڵام بە مەرجێك یاسای پێدانی زانیاری داوا بكرێت لە لیژنەكان بە زووترین كات راپۆرتەكانیان هاوبەش بكەن، ئەمە دوو.

سێیەم/ تەسەلسولەكە وای لێ بێت پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی یەكەی خانەنشین كردنی كرێكاران یەكەم بێت، بۆ ئەوەی دەرفەتێك بدەین بە لیژنەكان، دوای ئەوە ئەوەی ئەكادیمیایی كوردی بێت، دوای ئەوە ئەوەی مافی پێدانی زانیاری بێت، لەو ماوەیە ئەوان دەتوانن ئەو راپۆرتانە یەك بخەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ماوەیەکی زۆرە لە پەرلەمانە، ئەمە پەیوەندی بە چینێکی ئەوەوە هەیە، کە وەزعی گوزەرانیان زۆر خراپەو، راپۆرتەکانیان ئامادەیە، لە رۆژی 5/1دا کرێکاران لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان هاتنە بەردەمی نووسینگەو، هاتنە بەردەمی پەرلەمان، ئێمەش بەڵێنمان پێیاندا کەوا یەکەم کاری دوای پشووەکەمان هەموار کردنی ئەم یاسایەیە، بۆیە داوا دەکەم ئەم بڕگەیە یەکەم بڕگە بێت، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دوای ئەوە یاسای مافی زانیاری بێت و دوایی وەکو خۆی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، منیش لەگەڵدامە، بەس تێبینی ئەساسی ئەوەیە عەجەبەن لە ساڵی 2010ـەوە ئەم پرۆژە یاسایە دەهێنرێت و دەبرێت، من پرسیارم ئەوەیەو بە مافی خۆمی دەزانم وەکو پەرلەمانتارێك، یەعنی ئەو هەمموو کاتەی ئێمە دێت و دەڕوات بۆچی سێ لیژنە راپۆرت حازر دەکەن، بەس لیژنەی ئەساسی کە لیژنەی یاساییە، راپۆرتی لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە ئامادە نییە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2010ـەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو خوێندراوەتەوەو دووبارە باس کراوەو وەکو لیژنەکانی تر حازریان کرد بوایە، بۆ ئەوان حازریان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئامادەیەو پێشکەش کراوە بە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێشەکە ئەوەیە چوار راپۆرت هەیە، ئەو چوار راپۆرتە تەوحید نەکراوەو نەیانتوانیوە تەوحیدی بکەن، ئەگینا لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی هەیە، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو پاش و پێشە، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەگەڵ ئەوەی مادام دەرفەتێك دەرەخسێت بۆ یاسای مافی زانیاری ئێمە چەند رۆژێکمان لەبەردەستدایە، داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم کەوا بەو پێیەی لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ لیژنەی یاسایی، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ هەر یەکە راپۆرتێکیان ئامادە کردووە، یەعنی ئەم دەرفەتە بۆ ئەوە بێت، کە ئەم لیژنانە پێکەوە راپۆرتێکی هاوبەش لەسەر یاسای بەدەستهێنانی زانیاری ئامادە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی کە گرنگە هەمووتان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە خاڵی چوارەم بێتە پێشەوە، ئێستا ئێمە ئەوە ئەنجام دەدەین بۆ تەسەلسولی بەرنامەکەی تر، دوایی لەکاتی تەواو بوونی ئەو خاڵەی کە موناقەشەی لەسەر تەواو دەبێت، ئەوەی تریش ئیتیفاقی لەسەر دەکەین دەیخەینە پێشەوە، پێتان باشە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی چوارەم بێتە خاڵی یەکەمی موناقەشەی ئەمڕۆمان، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)یساڵی 1971 ببێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان تا تەواوی دەکەین، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ شوێنی خۆتان، لیژنەی هاوبەش ئەوەی پەیوەندی بەو پرۆژە یاسایەوە هەیە، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی کۆمەڵایەتی سوپاسی هەمووتان دەکەین بۆ ئەم گرنگیدانە بەم یاسایە، بێجگە لەوەی فەترەیەکی درێژ پێش دەرچوونی یاساکەش، بەحەقیقەت جەنابی وەزیریش لێرەیە، وەزارەت کارێکی هەرە سەرەکی کرد، چەند وۆرك شۆپ و کۆنفرانسی کرد، پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە هات، ئێمە جارێکی تر سەروو تازە بە هاوکاری لیژنەی ئێمەو وەزارەت و سەندیکا کۆبوونەوەی موشتەرەکمان کرد، تا گەیشتینە ئەم راپۆرتەی لیژنەی ئێمە، لە ئاخیر موحاوەلە بە دەست پێشخەریەکی سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان بەست بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیرو لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر خودی پرۆژە ئەسڵیەکەمان کرد، تەقریبەن هەموومان لە یەك نزیکین، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی هەندێك ئیزافاتمان خستە سەر ئەو پرۆژەیە بە دەرفەتمان زانی، چونکە ئەمە یاسایەکی زۆر زۆر گرنگە، بۆیە دوو راپۆرتمان ئامادە کردووە، لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی هەیە، هەروەها ئێمەش وەك لیژنەی کۆمەڵایەتی راپۆرتی خۆمان هەیە، بەڵام راپۆرتی ئێمە لە دوو بەش پێك هاتووە، یەکێکیان ئەو پێشنیارانەیە کە بە پێویستمان زانی بخرێتە سەر یاسا ئەسڵیەکە.

دووەمیان/ تێبینیەکانمانە لەسەر پرۆژە یاساکە مادده بە مادده.

ئیتر بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانە، کە ئێمە چۆن دەست پێ بکەین بە تەسەلسولی ئێمە، یان پرۆژە یاساکە موناقەشە بکەین مادده بەمادده، پاشان پێشنیارەکانی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت راپۆرتەکان بخوێندرێتەوە، ئینجا دێینە سەر ماددەکان یەکە، یەکە موناقەشەیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئێمە تەنها عەرەبیەکەمان هەیە، کوردیەکمان هەیە، ئەگەر تۆزێك کەموکورتی لە یەکێك لەوانە هەبێت، داوای لێبوردن دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوا دەکەم بەتایبەتی بۆ لیژنەی قانونی، یان لیژنە هاوبەشەکان پێك دێن بۆ صیاغە کردنی هەر پرۆژە یاسایەك، تکاتان لێ دەکەم عەرەبیەکەی بۆ من بنێرن، کە تەواوتان کرد راستەوخۆ نوسخەیەکی بۆ من بنێرن، چونکە من یەکسەر تەرجومەی دەکەم بە کوردیەکی باش، تەبعەن لە رێگەی چەند برادەرێکەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تقرير لجنة العمل والشؤون الاجتماعية حول تعديل مشروع قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971**

يضم تقرير لجنتنا حول مشروع القانون المشار اليه اعلاه مجموعتين من الملاحظات وهي:

أ- مقترحات اضافية من قبل اللجنة لتعديل بعض مواد القانون.

ب- ملاحظات اللجنة حول مشروع القانون.

أ- مقترحات اللجنة:

**1- تقترح اللجنة اضافة الفقرات التالية الى المادة الاولى من أصل القانون:**

**- العامل: هو من يعمل لقاء أجر يومي أو اسبوعي أو على أساس القطعة أو الساعة وينجز أعمالاً يدوية لصالح صاحب عمل متعاقد معه تحريرياً.**

**- المستخدم: هو كل من يعمل لقاء مرتب شهري وينتج عملاً ادارياً أو فنياً، ومرتبط بعقد تحريري مع صاحب العمل.**

**- البطالة: هي تلك الفترة الزمنية التي يكون فيها المضمون منقطعاً عن العمل بسبب انتهاء العقد أو فسخه أو أي سبب آخر، لحين الدخول في عقد عمل جديد.**

**2- اضافة ضمان البطالة الى أهداف القانون وبذلك تكون نهاية المادة الثانية من أصل القانون بالشكل التالي:**

**أ. الضمان الصحي.**

**ب. ضمان اصابات العمل**

**ج. ضمان التقاعد.**

**د. ضمان البطالة.**

**هـ.ضمان الخدمات.**

**3. تقترح اللجنة تعديل المادة الثالثة من القانون بالشكل التالي:**

**أ. تسرى أحكام هذا القانون على كافة العمال والمستخدمين في مؤسسات وشركات القطاع الخاص الناشطة داخل الاقليم.**

**ب. يستثنى من أحكام هذا القانون من كان:**

**1. موظفاً في احدى الدوائر أو المؤسسات الحكومية أو التي يتم التعامل معها كمؤسسات القطاع العام.**

**2. يعمل لدى المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية الاجنبية.**

**3. يعمل لدى جهات تشترط في العاملين لديها الخضوع لنظام اجتماعي خاص بها**

**4. من منتسبي قوى الامن الداخلي وحرس الاقليم.**

**4. اضافة فصل عن تأمين البطالة اعتباراً من المادة (80) من اصل القانون، وتقترح الصياغة العامة الاتية حول حق التأمين ضد البطالة، وتتضمن المبادىء الاساسية وترك التفاصيل لقانون منفصل لاحق أو تعليمات وزارية:**

**المادة ( ): التأمين ضد البطالة**

**يحق للعامل المضمون التمتع بتأمين البطالة وفق الاسس التالية:**

**أ. أن يكون مضموناً لفترة لا تقل عن سنة واحدة.**

**ب. يدفع المضمون شهرياً مبلغاً يساوي 1.8٪ من أجره الشهري بضمان البطالة، كما يدفع صاحب العمل النسبة نفسها.**

ج. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 60٪ من دخله الشهري (على أن لا يكون أقل من مستوى الفقر) لفترة لا تزيد عن ستة أشهر في حالة كونه مضمونا لفترة لا تقل عن السنة في السنوات الثلاث الاخيرة.

د. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 70٪ من دخله الشهري لفترة لا تزيد عن ثمانية أشهر في حالة كونه مضمونا لفترة لا تقل عن ثلاث سنوات في السنوات الخمس الاخيرة.

هـ. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 80٪ من دخله الشهري لفترة لا تزيد عن سنة واحدة في حالة كونه مضموناً لفترة لا تقل عن خمس سنوات في السنوات العشر الاخيرة.

و. يجب أن يقبل المتمتع بتأمين البطالة أي عمل يعرض عليه من قبل الجهة المختصة بالتشغيل شريطة أن تكون مشابهة (او متقاربة) لمجال عمله وخبرته العملية.

ز. يحق للمتمتع بمبلغ ضمان البطالة الرفض لمرتين شريطة القبول بدخول الدورات التأهيلية المتوفرة لدى الوزارة لغرض تهيأته لمتطلبات سوق العمل بالنسبة للذين يصعب ايجاد أعمال مناسبة لهم، ويستمر في استلام تعويض البطالة خلال فترة الدورة.

ح. ينتهي التمتع بمبلغ ضمان البطالة في حالة رفض المضمون العمل المعروض عليه أكثر من مرتين بدون أسباب مقنعة.

ط. يحق للمتمتع بمبلغ ضمان البطالة الحصول على خدمات الضمان الصحي طوال فترة البطالة.

ي. تحتسب الفترة التي يقضيها المضمون متمتعاً بتأمين البطالة، كخدمة فعلية لاغراض التقاعد.

ك. بعد انتهاء الفترة المخصصة للحصول على تعويض البطالة وفي حالة عدم ايجاد أي عمل مناسب، يحق للمضمون الاستفادة من الخدمات الاجتماعية الاخرى الواردة في هذا القانون.

ب- ملاحظات اللجنة حول مشروع القانون:

المادة الاولى: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.

المادة الثانية: لا تجد اللجنة مبرراً لهذا التعديل المقترح.

المادة الثالثة: لا توافق اللجنة على هذا التعديل المقترح وتقترح بقاء النص الاصلي كما هو.

المادة الرابعة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.

المادة الخامسة: ترى اللجنة بأن هناك خطأ لغوي حيث أن أصل الفقرة هو (ز) وليس (س) من المادة (48) وليس (47). و تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة بالشكل التالي:

ز. للمرأة العاملة الحق في طلب اجازة الامومة بعد اجازة الوضع لمدة سنة واحدة بنصف الراتب (على أن لا يقل عن مستوى الفقر) وتدفع لها من مديرية العمل والضمان الاجتماعي بشرط عدم انتهاء العقد.

المادة السادسة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.

المادة السابعة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.

المادة الثامنة: تؤيد اللجنة بقاء المادة (65) فقرة (أ) و (ب) من أصل المشروع كما هي عليه.

المادة التاسعة: تقترح اللجنة أن تصاغ بالشكل التالي:

أ. يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات عن 80٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة المضمونة من خدمة العامل.

ب. يعتبر الحد الادنى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لا يجوز النزول عنه في جميع الحالات عن 60٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة من خدمة العامل المضمون، شريطة أن لا يقل عن مستوى الفقر.

ج. يتم حساب راتب التقاعد الجزئي على أساس نسبة العجز الجزئي مضروبة بالراتب التقاعدي الكامل، مع مراعاة ما ورد في الفقرتين (أ) و (ب) أعلاه.

المادة العاشرة: لا تؤيد اللجنة المقترح وتقترح بقاء المادة على ماهي عليه.

المادة الحادية عشرة: لا تؤيد اللجنة التعديل وبذلك تبقى الفقرة (3) من المادة (85) من أصل المشروع كما هي عليه.

المادة الثانية عشرة: لا تؤيد اللجنة المقترح وتقترح بقاء المادة على ماهي عليه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنینەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)**

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی 27/نەوروز/2712ی کوردی بەرامبەر بە 2012/4/16ی زایینی کۆبوونەوە، بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)، کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوەو، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12) لە 2010/11/18 ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن گەیشتینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

- لیژنە پێشنیاری هەموارکردنی ناوی پرۆژە یاساکە دەکات بۆ (یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39)ی ساڵی 1971).

ماددەی یەکەم:

لیژنە پشتیوانی هەموارکردنەکە دەکات و پێشنیاری گۆڕینی ڕستەی (زیاتر نەبێت لە 30٪) بە (ڕێژەی 30٪) و بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{یەکەم: دووبارە کارکردن بە بڕگەی (ز) لە ماددەی (20)ی هەموارکراو لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران کە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (669) بۆ ساڵی 1983 بەم شێوەیە:

(ز): بەشداری کردنی خەزێنەی گشتی لە داهاتی دامەزراوەی خانەنشینی و دەستبەری کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی ئەو هاوبەشیە بەپێی ئەو دیاریکردنەی کە لە بودجەی ساڵانەی گشتی ئاماژەی پێدەکات، بە ڕێژەی (30٪)ی ئەو هاوبەشیانە کە دراوە بە دامەزراوەکە لە ماوەی ساڵی دارایی پێشوو}.

ماددەی دووەم: سەبارەت بە ماددە (27) دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: بڕگەی (2)ی ماددەکە: پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنی بڕگەکە دەکەین پشت بەستوو بە پێوەری ڕێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، کە ئەو ڕیژەیە لە بەشەکانی دەستەبەر (ضمان) وەرگیراوە.

ڕای دووەم: پشتگیری هەموارکردنەکە دەکەن.

ماددەی سێیەم: سەبارەت بە ماددە (30):

پێشنیاری ڕەت کردنەوەی بڕگەی پێشنیارکراو لە پرۆژەکە دەکات.

ماددەی چوارەم:

ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (ب/2) لە ماددەی (38). پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم بڕگەیە کرێکاری وڵاتانی عەرەبی بەدەر کردووە لە حوکمی ماددە (38).

ماددەی پێنجەم: سەبارەت بە ماددە (48): پێشنیاری زیاد کردنی بڕگەیەك کراوە بە زنجیرە (ز)، سێ ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: ڕەت کردنەوەی بڕگەکە. لە کاتی پەسند کردنیدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئافرەتی کرێکار.

ڕای دووەم: پشتگیری پێشنیارەکە دەکات هەروەك لە پرۆژەی حکومەت هاتووە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی ئافرەتی کرێکارە.

ڕای سێیەم: پشتگیری ڕای حکومەت دەکەن، بە مەرجێك مووچەی کەمتر نەبێ لە هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی.

ماددەی شەشەم: سەبارەت بە ماددە (50)/ بڕگەی (ه):

پشتگیری پێشنیازی حکومەت دەکەین کە بڕگەکە هەموار بکرێ. لەبەر ئەوەی میراتگرانی کرێکاری خانەنشین سوودمەند دەبێ لێی، ئەوەی کە ڕێژەی پەککەوتەی لە (75٪) زیاترە.

ماددەی حەوتەم: سەبارەت بە ماددە (60)/ بڕگەی (ج):

پشتگیری هەموارکردنی بڕگەکە دەکەین و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (60)/ج: لە حاڵەتی مردنی خانەنشین کراوی پەککەوتە بە ڕێژەی کەمتر لە (75٪)، جێگرەوەی قەرەبوو دەکرێتەوە بە ڕێژەیەك یەکسان بێ بە مووچەی خانەنشینی پەککەوتەی هەندەکی (الاصابة الجزئية) چوار ساڵی، لە کاتێکدا ئەگەر جێگرەوە شایستەی ماف کەوتەی خانەنیشن بە هۆی مردنەوە نەبێ}.

لیژنە پێشنیار دەکات بە هەموارکردنی بڕگە (ب)ی ماددەی (60) تا بڕگەکانی ماددەی (60) هاودژ نەبن لەگەڵ یەك و، پێشنیار دەکەین بڕگەی (ب) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (60) /ب: لە حاڵەتی مردنی خانەنشینی تووش بوو بە پەککەوتەی هەندەکی (مصاب جزئي) بە ڕێژەی لە (75٪) زیاتر، مووچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جێگرەوە}.

ماددەی هەشتەم: سەبارەت بە ماددە (65):

داوای هەموارکردنی هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) کراوە، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنەکە دەکەین لەبەر ئەوەی نایێتەوە لەگەڵ پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان.

ماددەی نۆیەم: سەبارەت بە ماددە (68):

پێشنیار کراوە کە ماددەکە کارا بکرێ، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی پڕۆژەی ماددەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران یاسا ڕاناگیرێ.

ماددەی دەیەم: سەبارەت بە ماددە (69): دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: لەگەڵ دیاری کردنی بڕی مووچەی خانەنشین نین.

ڕای دووەم: پێشنیار دەکەین بەرزترین ڕێژەی مووچەی خانەنشین (80٪) لە دوایەمین کرێی پێدراوی هاوبەشی کردن و پێشنیاری دیاری کردنی مووچەکە دەکەین بە شێوەیەك کە کۆی مووچەی خانەنشین لە (200,000) دینار مانگانە کەمتر نەبێت و، مووچەی خانەنشینی جزئی لە (150,000) دینار مانگانە کەمتر نەبێت و، ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (69):

أ- ڕێژەی بەرزی گشتی کۆی مووچەی خانەشینی بۆ هەموو بەشەکانی دەستەبەر لە (80٪) دوایەمین کرێی پێدراوی هاوبەشی کردن کەمتر نەبێت.

ب- لایەنی کەم گشتی کۆی مووچەی خانەنشینی نابێت لە (200,000) دینار کەمتر بێت.

ج- لایەنی کەم مووچەی خانەنشینی جزئی نابێت لە (150,000) دینار کەمتر بێت)}.

ماددەی یازدەیەم: سەبارەت بە ماددە (71):

بڕگەی (ب)، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات جەخت لەسەر هەژمارکردنی ماوەکە بکرێت و، بڕگەکانی تری ماددە (71) ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە.

ماددەی دوازدەیەم: سەبارەت بە ماددە (85):

برگەی (3): پێشنیاری ڕەت کردنـەوەی هەموارکردنەکـە دەکـەین، لەبـەر ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتە لـە یاسـاکە هاتووە، پێویست ناکات بدرێتە خودی وەزیر.

ماددەی سێزدەیەم: سەبارەت بە مادده (86):

پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنەکە دەکەین.

ماددەی چواردەیەم:

پشتگیری پێشنیارەکە ناکەین، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات دەقێکی یاسایی هەبێ بۆ گۆڕینی بڕی پارەکە بە دراوێکی فەرمی.

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە  پێشنیاری زیادکردنی چەند برگەو ماددەیەك کرا، ئێمەش وەك لێژنـەی یاسـایی پشتگیری پێشنیارەکەمان کرد.

1- ڕاگرتنی کارکردن بە ماددەی (3)ی یاساکەو، ئەم دەقە جێی دەگرێتەوە.

(حوکمەکانی یاساکە سەرجەم پڕۆژەکان دەگرێتەوە، کە یەك کرێکار، یان زیاتر تێیدا کار دەکات).

2- پێشنیاری هـەموارکردنی م (50)/ب: ئەگـەر پێکـراو بـە پەککەوتـەی بەشـی (المصاب بعجـز جزئـي) بـە ڕێـژەی (35٪ - 75٪) دەقـی یاسـاکەی لەسـەر جێبـەجێ دەکرێـت، ئەگـەر پێکـراوی پەککەوتـەی بەشـی ڕێژەکەی لە (75٪) بەرەو سەرەوە بوو، لە کاتی مردنی مووچەی خانەنشینی بە  میراتگری دەدرێت لە بـڕی قەرەبووی یەك جارەکی، لەبەر ئەوەی پێکراوی بەشی بە ڕێژەی (75٪) بەرەو سەرەوە مانـای ئەوەیـە توانـای کـارکردنی نییـە، ناتوانێـت هـەلی کـار بدۆزێتـەوەو کـار بکـات بـۆ بـژێوەی ژیـانی و ماددەکـە بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{مادده (50)/ب: ئەگەر پێکراو (مصاب) بە پەککەوتەی بەشـی بـە ڕێـژەی (35٪ - 75٪)، ئـەوە مووچـەی خانەنشینی پەککەوتەی بەشی پێ دەدرێ، ئەگەر ڕێژەی  پەککەوتەی لە (75٪) زیاتر بوو، لە کاتی مـردنی مووچەی خانەنشینی بە میراتگری دەدرێت} .

3- ماددەی (90)ی یاساکە باس لە (پێدانی تأمین) دەکات لە لایەن خـاوەن کـار لـە حاڵـەتی تانـەگرتن لەسـەر بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی و حکومەت پێشنیاری زیاد کردنـی بـڕی پـارەی تأمینـات دەکـات کـە لـە بڕگـە (أ)ی ماددەی (90) هاتووە لە (25) دینار بۆ (100,000) دینارو، ئـەو بـڕەی کـە لـە بڕگـەی (ب)ی مـاددەی (90) هاتووە لە (50) دینار بۆ (200,000) دینار.

و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (90):

أ- لە حاڵەتی تانەگرتنی خاوەن کار لە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی لەبەردەم ئەنجومـەنی کـارگێڕی، داواکـەی وەرنـاگیرێ تـا بـڕی (100,000) دینـار وەکـو دڵنیـایی دانـەنێت لـەلای دەزگـای خانەنشـین و دەسـتەبەری

کۆمەڵایـەتی کرێکـاران، ئەگـەر هـاتو سـکاڵاکەی پشـت ڕاسـت بـوو، بـڕی پارەکـەی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوەو بـە پێچەوانەوە دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی دەزگاکە.

ب- ئەگەر خاوەن کار تانەی لە بڕیاری ئەنجومەنی کارگێڕی گرت، تانەکەی وەرناگیرێ لەلایەن دادگای کـاری تایبەتمەند، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بڕی دڵنیایی بدات کە لە لایەن دادگا دیاری دەکرێ بەپێی ڕەوشی ئـەو کاتە نابێ لە (200,000) دینار کەمتر بێت، بڕی پارەکەشی بۆ دەگەڕێندرێتـەوە، ئەگـەر سـکاڵاکەی پشـت ڕاست کرایەوەو بە پێچەوانەوە دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی دەزگاکە}، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری، ئێمـە ئـەو پـرۆژە یاسـایەمان لـە سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە نووسراوی (ك850) لـە 2010/11/10 بەدەسـت گەیشـتووە، کۆنووسـمان ئامـادە کـردووە لەسەری لە ڕێکەوتی 2011/1/17، تەنها ئەوە هەر بـۆ زانیارییـە، مـاوەی ئامـادە کردنـی ئـەو کۆنووسـەی ئێمە لەگەڵ هەردوو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایـەتی و یاسـایی ماوەیـەك هەیـە لەنێوانیانـدا، ڕاپـۆرتی ئێمـە پێش ئەوان ئامادە کراوە، ئەو یاسایەی بۆ ئێمە هاتووە بە سێ هاوپێچ بۆمان هاتووە، هاوپێچی یەکەم/ ئەو ماددانەی لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971، کە پێویستی بـە هـەموار کردن هەیە.

هاوپێچی دووەم/ ئەو ماددانەی کە پێویستی بە هەموار کردن نییە.

هاوپێچی سـێیەم/ ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە دەکرێـت لـە یاسـای تەعـدیلی ئیشـتیراکاتی زەمـانی ئیجتیمـاعی ژمارە (31)ی ساڵی 1987.

لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی هاتووە مامەڵەی لەگەڵ ئەسڵی پرۆژە یاساکە کردووە، بـەپێی ئـەو ماددانـەی کـە هاتووە لە هەموو هاوپێچەکە، دواتر ئێمە ئەو یاسایەمان دیوە دوای لێکۆڵینـەوە لـە لیژنـەو بـە ڕەزامەنـدی هەموو ئەندامانی لیژنە تێگەیشتووین کە ماددەکان، یاخود ئـەو هـەموار کردنـەی کـە هەیـە لـە ماددەکـانی ئـەو یاسایە لەبەرژەوەنـدی کرێکارانـە، تـا ڕادەیـەك دەبێتـە هـۆی بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی ژیـان و ئاسـتی کۆمەڵایەتیان، ئێمە بەم شێوەیە لە لیژنەی دارایی مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، ئێستاش بڕگە بە بڕگە ئـەو خاڵانە دەخەینە ڕوو، دوای ڕەزامەندی بەڕێزتان.

ئێمە بەپێی کۆنووسی ژمارە (45) کە بەرزمان کردۆتەوە بە نووسراومان ژمارە (101) لـە 2011/1/18 بەم شێوەیەی خوارەوە:

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

کۆنووسی ژمارە (45)

ڕێکەوتی 2011/1/17

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك 850) لە (2010/11/10) دەربارەی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشنیار کراوەو، لە دانیشتنی ژمارە (12)ی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2010/11/8) لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنەکەمان چل و پێنجەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە ڕێکەوتی (2011/1/17) و، بەزۆرینەی دەنگ گەیشتینە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

یەکەم:

دەربارەی (اولا) لە هاوپێچی ژمارە (1) کە پێویستی بە هەموارکردن هەیە دەربارەی سەر لەنوێ کارکردن بە بڕگەی (ز) لە ماددەی (20)ی هەموارکراو لە (قانون التقاعد والضمان الأجتماعي للعمال) کە پوچەڵ کراوەتەوە، بەپێی بریاری (مجلس قيادة الثورة المنحل رقم 669 لسنة 1983) لیژنەکەمان ئەم بڕیارەیدا: لەبەر ئەوەی ئەم بڕگەیە دەربارەی هاوکاری (الخزينة العامة)یە بۆ (مؤسسة التقاعد والضمان الأجتماعي)یە، لەبەرژەوەندی کرێکاران و، لەهەمان کاتدا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر داوەو، توانای خەزینەی گشتی هەیە بۆ ئەو هاوبەشیە، لیژنەکەمان بەزۆرینەی دەنگ ڕەزامەندە لەسەر هەموار کردنی بڕگەی ناوبراو وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.

دووەم:

دەربارەی (ثانياً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی گۆڕینی (الفقرة الثانية) لە مادەی (27) لە یاسای ناوبراو وەکو لە خوارەوە هاتووە.

(2): نسبة 4٪ من الأجور على دائرة العمل والضمان الأجتماعي.

(3): توزع مجموع الأستقطاعات البالغة 17٪ كما يلي:

3٪ لفرع الضمان الصحي.

2٪ لفرع ضمان اصابات العمل.

12٪ لفرع ضمان التقاعد.

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار بدات لەسەر ئەم ماددەیە، بەهۆی ئەوەی دەقی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (27) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە، مەبەستم ئەوەیە پرۆژە یاساکەی کە بۆمان هاتووە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو دەقەی تیا تۆمار نەکراوە، چونکە کە دەگەڕێینەوە سەر یاسا ئەسڵیەکە چەندین ئاماژە هەیە بەو نیسبەتانە، لەبەر ئەوە نەمانتوانی وەکو پێویست ڕەئی لەسەر بدەین، ئەوە بەجێ دەهێلین لەناو هۆلی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، دوای ئەوە تەوزیح دەدرێت لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە.

سێیەم:

دەربارەی (ثالثاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (أ) لە ماددەی (30) لەیاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(على اصحاب العمل تسديد الأشتراكات المستحقة عليهم وعلى عمالهم للمؤسسة في المواعيد المحددة في هذا القانون .... الخ).

بڕیار:

لیژنە بەزۆرینەی دەنگ ڕەزامەندە لەسەر ئەم سەرلەنوێ داڕشتنەوەیە وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.

چوارەم:

دەربارەی (رابعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (ب/2) لە ماددەی (38) لە یاسای ناوبراو (استثنى من عدم دفع الشخص الموجود خارج العراق......الخ).

بڕیار:

بەزۆرینەی دەنگ پەسندە.

پێنجەم:

دەربارەی (خامساً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی زیاد کردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی (ز) بۆ ماددەی (48) لە یاسای ناوبراو بەم شێوەیە:

(للمرأة العاملة وبعد اجازة الوضع الواردة في الفقرة (ج) من هذه المادة، الحق في اجازة الامومة لمدة سنة واحدة بنصف الراتب .........الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

شەشەم:

دەربارەی (سادساً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (هـ) لە ماددەی (50)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەم شێوەیەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(يحول راتب التقاعد المرضي الكامل، و راتب التقاعد المرضي الجزئي.......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

حەوتەم:

دەربارەی (سابعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (ج) لە ماددەی (60) یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەم شێوەیەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(اذا توفي المتقاعد المصاب بعجز جزئى اكثر من 75٪ من العجز الكامل، يحول راتبه الى خلفه.....الخ).

بڕیار:

بەزۆرینەی دەنگ پەسندە.

هەشتەم:

دەربارەی (ثامناً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) لە ماددەی (65)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

أ- اذا اكمل الرجل خمسة وخمسون من العمر..... الخ.

ب-اذا كان للرجال خمسة وعشرون سنة خدمة مضمونة......الخ.

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم:

دەربارەی (تاسعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی پەیڕەو کردنی ماددەی (68) لەیاسای ناوبراو لە بڕی (قرار مجلس الوزراء الاتحادي رقم 222 لسنة 2010) کە لە کاتی ئێستادا کاری پێ دەکرێ و، هەروەها سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ماددەی (69)ی یاسای ناوبراو وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات، هوالراتب التقاعدي لاقرانه من الموظفين على ملاك الوزارات......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

دەیەم:

دەربارەی (عاشراً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی گۆڕینی بڕگەی (ب) لە ماددەی (71)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە: (يجوز انتقال مدة ضمان التقاعد..........الخ).

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار لەسەر ئەو خاڵە بدات، بەهۆی ئەوەی دەقی بڕگەی (ب) لە ماددەی (71) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

یازدە:

دەربارەی (الحادي عشر) دەربارەی (اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشؤون الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة (3) من المادة (85) من القانون.......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

دوازده:

دەربارەی (الثاني عشر) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی زیاد کردنی ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە بۆ کۆتایی ماددەی (86) لە یاساکە بەم شێوەیەی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(............. وتعفى من الرسومات دعاوي قضايا العمل..........الخ).

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار بدات، بەهۆی ئەوەی دەقی ماددەی (86) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

سێزده:

دەربارەی (تعدل كلمة الدينار اينما ورد في القانون الي مائة وخمسون دينار.........الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

چوارده:

دەربارەی هاوپێچی (2) لە پرۆژە یاساکە دەربارەی (ئەو ماددانەی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971 کە پێویست بە هەموارکردن ناکات، بەڵکو دەبێت جێبەجێ کردنیان کارا بکرێت. کە بریتیە لە:

اولاً: المادة (51).

ثانياً: المادة (56).

ثالثاً: المادة (68).

رابعاً: المادة (85).

وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە.

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندەو، پشتگیری لێ دەکەین بۆ کارا کردنیان.

پازده: دەربارەی هاوپێچی ژمارە (3) لە پرۆژە یاساکە دەربارەی (مقترح تعديل نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987) دەربارەی گۆڕینی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (11) لە (نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987)و، داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە: (تعتبر من المتممات الاجور والرواتب والمخصصات الدائمة المستمرة ......... الخ).

بڕیار:

لبژنە ناتوانێ بڕیار بدات لەسەر ئەم خاڵە، بەهۆی ئەوەی دەقی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (11)ی یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

پێشنیاری لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

لیژنــه پێشـنیار دەکـات بـۆ بـەڕێز سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، کـە بـە نووسـراوی ڕەسمـی داوا لـە ئەنجومـەنی وەزیـران بکات کـە سـەرلەنوێ داڕشـتنەوە بـۆ دەقـی ئـەم پـڕۆژە یاسـایە بکرێـت، کـە ژمارەیـەك لـەو بڕگـەو ماددانەی کە (رادەگیرێ و سەرلەنوێ داڕشتنەوەو هەموارکردنی بۆ کراوە)، کە لە پڕۆژە یاساکەدا نـەهاتووە زیاد بکەن و، سەرلەنوێ ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانـەوە، چونکە ئەمە کۆنە بەڕاستی ئەم پێشنیارەمان نووسیوە، ئێستا بەڕاستی پێویست ناکات، بەم شێوەیە کۆنوس داخـرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بە عەرەبی و کوردی بیخوێننـەوە، دوایـی هـەر لیژنەیـەك ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێینە سەر مادە بە مادده، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە یەکەم جار عینوانی قانونەکە، ئێمە پێشنیارمان کردووە عینوانی قانونەکە بەم شێوەیە بێت:

(قانون تعديل تنفيذ قانون التقاعد والضمان الاجتماعي المرقم (39) لسنة 1971 في اقليم كوردستان).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، کـەوا ئـەمڕۆ هـەموار کردنـی ئـەو یاسایە خراوەتـە ڕوو، دیـارە ئێمـە دەمێکە ناردوومانـە بـۆ پەرلەمان، سەبارەت بە ناردنی پرۆژەکە لە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە، یـەك/ تێبینیـەکمان هـەبوو، ئێمـە لـە وەزارەتەوە ناردمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە دوو بڕگە، ئـەو بڕگانـەی کـە پێویستیان بـە هـەموار کـردن هەیە پێویستی بە پەرلەمانە، بڕگەیەکی تر نازانم دیارە بە هەڵە هاتۆتە پەرلەمانەوە، تەنها لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری بۆ دەرچوو کە ئەم ماددانە کارا بکرێ.

سەبارەت بە ناوەکە، هەر یاسایەك دەردەچێت دەبێت تـەنفیز بکرێـت، ئـەوەی کـە ئێمـە ناردوومانـە تـەنها چەند بڕگەیەکە لە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، یەعنی تەنها هەموار کردنێکە بۆ یاسـاکە، نەك تەنفیز کردن، کە یاسا بوو هەر دەبێت تەنفیز بکرێت، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەموار كردنی یاساكە، ئێمە بۆچوونێكمان هەیە، چونكە سەرەڕای پەسند كردنی، یان قەبوڵ كردنی پشتگیری كردنی هەموارەكە، بەلاّم ئێمە پرۆژە یاسایەكمان پێشكەش كرد، پەیوەندی بە زەمانی ئیجتیماعیەوە هەبوو، بە دڵنیایی كۆمەلاّیەتیەوە هەبوو، لەبەر یەك هۆ، چونكە رەنگە ببێتە رێگرێك، ئەگەر ئێمە یاساكەمان هەموار كردەوە، كەچی ئەوە پرۆژەیەكی تری تیا هاتەوە، من ئەو تێبینیە دەخوێنمەوە كە پەیوەندی بە تێڕوانینی ئێمەیە، سەرەڕای قەبول كردنی ئەم هەموار كردنە لە خزمەتی كرێكاران تا ئەو یاسا گونجاوەی كە ئێمە باوەڕمان پێیە دەردەچێت، ئەویش ئەوەیە سەرەڕای تێبینیەكەم لەسەر بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەلاّیەتی، كە وتی ئێمە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران كردووە ئەم ماددانە كارا بكرێت، ئەگەر ماددەكە خۆی كارایە دەبێت جێ بەجێ بكرێت، ئەگینا بۆ ئەنجومەنی وەزیران نییە ماددە كارا بكات، ئەمە وەكو رووە قانونیەكەی، هەموار كردنی یاسای دڵنیایی ساڵی 1971ی عێراق بۆ (41) ساڵ بەر لەمڕۆ دەگەڕێتەوە، كە دنیایەك لە گۆڕانكاری روویانداوە لە بوارەكانی كۆمەلاّیەتی، پەیوەندییەكان، ئابووری، سیاسی، گۆڕانی سیستەمە فەرمانڕەواییەكان، گۆڕانی فیكری و مەعریفی، پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا، فراوان بوونی تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان كرێكارو خاوەن كار، پەیدا بوونی بازاڕی رەشی كار، پەرتەوازەی دابەش بوونی كار، هەموو ئەوانە بەلگەیەكن بۆ ئەوەی پێویستە بە تێڕوانینی رۆژگاری ئەمڕۆ بە سوود وەرگرتن لە یاسا هاوشێوەكانی ولاّتانی پێشكەوتووی خاوەن پیشەسازی، یاسای كارو دڵنیایی كۆمەلاّیەتی دابڕێژرێت، واتا ناكرێت بە تێگەیشتنی (41) ساڵ بەر لەمڕۆ تەماشای بازاڕی كارو پێدوایستیەكانی كرێكاران بكەین، ئەمە هەڵەیەكی گەورەیە دەرهەق بە گەلەكەمانە دەیكەین، لەكاتێكدا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە یاسای گونجاو لەگەڵ واقیعی ولاّتەكەمان دارێژین، یاخود سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئێمە پرۆژەیەكیشمان تەقدیم كردووە، رەنگە لە ئایندە بێتە بەرنامەی كار، لەبەر ئەو هۆكارە، بەلاّم سەرەڕای ئەوە چونكە دواكەوتووە، پشتیوانی ئەو هەموار كردنە دەكەین، چونكە لە قازانجی كرێكارانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 1971 لە كوردستان كاری پێ دەكرێت، بەلاّم ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان كە تەعدیلی چەند ماددەیەك دەكەین لە قانونەكە دەبێت عینوانەكەی بگونجێنین لەگەڵ ئەو تەعدیلەی كە دەیكەین، بۆیە ئێمە پێشنیارمان كردووە وەكو لیژنەی یاسایی عینوانەكەی بەو شێوەیە بێت، (قانون تعدیل تطبیق قانون رقم (39) لسنة 1971 في اقلیم كوردستان)، ئەو كارە لە چەند قەوانینی تر ئێمە لە كوردستان كارمان پێ كردووەو یەك لەوانە بۆ نموونە قانونی ئەحوالی شەخصیە بە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2008 هەموار كراوە، تەعدیلەكەی بەو شێوەیە بوو كە قانونێكی ئیتیحادیەو كاری پێ دەكرا

لە کوردستان، بەڵام چەند ماددەیەك زیاد کرا، بۆیە عینوانی قانونەکە کاتی خۆی کردمانە (قانون تعدیل تطبیق قانون الاحوال الشخصیة)، ئێستاش بەو ڕێگایە پێشنیاری ئەوە کراوە کە قانونەکە عینوانەکەی بەو شێوەیە بێت، ڕەئی کۆتاییش، ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، چونکە یاسایەکی فیدراڵیەو کارایە تەتبیق دەکرێت، ئێمە دائیمەن بۆ ئینفازی قانونێك، تاکو تەتبیق بکرێت لەو پەرلەمانە بڕیار دەدەین، ئێمە ئێستا دێین چەند گۆڕانکارییەك دەکەین، واتا ئەو تەتبیقەی بڕیارمان لەسەر داوە تەعدیلی دەکەین، بۆیە ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ئاخیر ڕەئیت.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان ڕەئیم هەیە، ئەمە هەر ناونیشانی یاساکە بێت و تەعدیلەکە پەسند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سێ ڕاپۆرتە ئەوەی لیژنەی یاسایی، یان لیژنەی کۆمەڵایەتی، یان لیژنەی دارایی، کامیان دەکرێت بە ئەساس؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ کێشەمان نییە، ئێمە مولاحەزەمان کرد لەڕاپۆرتەکان خیلافمان نییە، واتا مولاحەزەکان وا ئیجاب بکات کە دانیشتنەکە تەئجیل بکەین تا بتوانین کۆی بکەینەوە، چەند خیلافێکی سادە هەیە، خاڵ بە خاڵ

که موناقەشەی دەکەین و ماددەکان دەخوێنینەوە، ئەو کاتە دەتوانین چارەسەری بکەین، هەر لێرەش چارەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، لەگەڵ خوێندنی هەرسێ راپۆرت، من بۆ خۆم خەریتەیەکم کرد، تەنها لەو ماددانەی کە لیژنەی دارایی دەڵێت ئێمە ئەسڵەکەمان نەدیوە، رەئیان نەبوو، لەوانەی تر خۆشبەختانە ئێمەو لیژنەی یاسایی لە (13) بڕگەکە یەك رەئی بووین، لیژنەی دارایی لە مونتەلەقی لیژنەی خۆیان لە یەك، یان دوو رەئی جیاواز بوون، واتا تەقریبەن یەك راپۆرتمان هەیە، هەر بۆ زانینتان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح، لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکەی بۆمان هاتبوو دەقی هەندێکی تیایە، دەقی هەندێکی تیا نییە، ئەو دەقانەی کە تیا نییە ئێمە لامان هەیە کە رامانکێشاوەو بە دەستمان کەوتووە، بەس ئەگەری ئەوەیە لە دەرئەنجامی نەقل و کۆپی شێوەیەك لە گۆڕانکاری لە نەقلی بڕگە یاساکاندا هەبێت، بۆیە ئێمە وەکو پێویست ئەوەمان بەجێ هێشتووە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگینا وەکو دەق لە شوێنی تر هێناومانە، بەس لەوەی کە لە پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە تیا دەرج نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای پێدانی رەئی لیژنەکان، دەرکەوت کە ئیختیلافەکە ئەوەندە زۆر نییە، ئێمە وای لێ بکەین ئەم جەلسەیە تەئجیل بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زیاتر لە دوو ساڵ لەناو پەرلەماندا هەبووە، ئەم یاسایە کە پێشکەش کراوە، ئەم ماوە زۆرە ئیشیان لەسەر کردووە هیچ پێویست بەوە ناکات ئێمە تەئجیلی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموون نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس داوای تەئجیلی نەکردووە، بەڵام من پرسیاری ئەوەم کردووە سێ راپۆرتی جیاوازە، ئایا ئەم سێ راپۆرتە کامیان دەکرێت بە ئەساس، نەك داوای تەئجیل کردن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت، مادام وەکو کاك عبدالسلام دەڵێت راپۆرتەکان زۆر نزیکن لە یەك، یەکلایی بکەنەوە یەك راپۆرتیان بکەنە ئەساس، مەسەلەن لیژنەی یاسایی بیکاتە ئەساس، ئەوانی تر بەس خیلافەکان بخوێننەوە، پرۆژە یاسای حکومەت ئەساس بێت، بەڵام یەك راپۆرت بخوێندرێتەوە، مەسەلەن چوار راپۆرت دەخوێنیتەوە یەك شتە، ئەگەر بکرێت دوانیان سەحبی خوێندنەوەی راپۆرت بکەن، بەس خیلافەکان بخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان رەئی هەیە لەسەر ئەو سێ راپۆرتەی باسی دەکەن، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دوو، سێ پرۆژەمان هەبێت دەتوانین یەکێك بکەینە ئەساس و موناقەشەی لەسەر بکەین، بەس ئەگەر دوو، سێ راپۆرتمان هەبێت ناتوانین یەکێك بکەینە ئەساس، سێ راپۆرتن، یان نەتیجەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش، راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش دەکەن، یانیش هەر یەك راپۆرتی خۆی دەخوێنێت، ئەگەر جیاوازی هەبێت لە رەئی و بۆچوون عەرزی تەصویت دەکرێت، لە راپۆرت نابێت هیچ راپۆرتێك ببێتە ئەساس، هەر سێ راپۆرت ئەساسە، یان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش تەوحید دەکرێن، یان ئەگەر تەوحید نەکرا هەرسێ راپۆرت دێنە خوێندن و تەصویت لەسەر پێشنیازەکان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەکەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن لەسەر قسەکانی کاك فرسەت سکرتێری پەرلەمان، قسەکانی زۆر راستە، ئێمە قانونەکانی تر کە پرۆژەکە لە لایەن حکومەتەوە تەقدیم کراوە، ئەو ئەساسە بۆ موناقەشە، راپۆرتەکان موناقەشەکانی تێدایە، زۆر سوپاس.

ماددەی یەکەم لە ئەسڵی قانونەکە بەو شێوەیە:

(المادة العشرون/(ز): مساهمة الخزينة العامة في موارد المؤسسة وتحدد المساهمة بما ترصده وزارة المالية في الموازنة السنوية العامة على ان لا يزيد على (30٪) من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة).

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە صیاغەی ئەو بڕگەیە بەم شێوەیە بێت:

(المادة الاولى:

اللجنة تؤيد التعديل وتقترح تبديل الجملة (على أن لا تكون أكثر من 30٪) ب(نسبة 30٪) وتتم صياغة الجملة بالشكل الآتي:

(أولا: اعادة العمل بالفقرة (ز) من المادة (20) المعدلة من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال والذي تم الغاؤه بموجب قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (669) لسنة 1983 وكالاتي:

(ز): مشاركة الخزينة العامة في ايرادات مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي وتحديد هذه المشاركة وفق ما يتم الاشارة اليه في الموازنة السنوية العامة، بنسبة (30٪) من المشاركة المعطاة لهذه المؤسسة في السنة المالية الماضية).

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، وەکو خۆی قەبوڵمانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەن بەو شێوەیەی هەموار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە هاتووە قەبوڵمانەو پەسندە لەلامان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەو شێوەیە بێت (على ان لا يزيد على 30٪ من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة)، ئەوەی ئێستا هەیە بەشداری کرێکاران و خاوەن کارانە بۆ سندووقی زەمانەکە، بەپێی

ئەم ماددەیە ئێمە ساڵانە لە میزانیەی بودجەی حکومەت لە 30٪ ئەو نیسبەیە دادەنرێت، کە نیسبەیەك وەردەگرین چەندێك ساڵی پێشووی مالی سندووقی زەمان چەندی تێچووە؟ لەسەر ئەو ئەساسە لە 30٪ـەکە، نەك لە 30٪ی میزانیەکە، بەڵکو لە 30٪ی ئیشتیراکاتی دراوە بۆ ساڵی پێشوو، بەو شێوەیە، دیارە بەم ماددەیەش ئێمە دەتوانین سندووقی زەمان، پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کرێکاران بتوانین دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ تێبینی لەسەر ماددەیە هەیە؟ تاکو ناوی بنووسین، تەنیا دوو کەس، هاژە خان و سۆزان خان، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دا هاتووە کە موفقتەرەحیان هەیە بەوەی کە ئەو پێناسانە زیاد بکرێت، ئەگەر لەسەر ئەو پێناسانە زیاد بکەین وابزانم پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ماددانە دەبێ ئەو پێناسانە زیاد بکرێت لە ماددەی یەکەم کە پێناسەی (العامل و المستخدم و البطالة) ی کردووە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویست دەکات ئەوە پێشتر و پێش ئەوەی بچینە سەر هەموار کردنەکە ئەوانە موناقەشە بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پرسیارێکم هەیە و لەسەر ئەساسی ئەو پرسیارە دەتوانم پێشنیارەکەی خۆم پێشکەش بکەم، من دەمەوێ بزانم لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاخۆ ئەو سندوقەی کە باسی دەکەن هی موئەسەسەی زەمان فعلەن عامل لەلای ئێمە زەمان دەکرێت، ئەو حاڵەتە هەیە خاوەن کار خۆی بچێ تەوعیەی عامل زەمان بکات بۆ ئەوەی ئێمە مەبلغەکە بزانین و تەحدیدی 30٪ یەکەی بۆ بکەین، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە ماوەیەکی تر بودجە دێتە پەرلەمانەوە دەبێ بزانین ئەو مەبلەغە چەندە؟ چونکە ئەمە ناکرێ لە گۆترە بێت، چونکە حاڵەتێك هەیە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ئەو حاڵەتە زەمان کراوە بە حاڵەتی ئیجباری، بەڵکو هەرکەسە بە ئارەزووی خۆیەتی کێشەیەکیشمان هەیە کە یەعنی هەیە خاوەن کار هەیە کرێکارەکانی لای خۆی زەمان ناکات، یەعنی وەکو ئەوە وایە کە بەڕەش

ئیشیان پێ دەکات لەلای خۆی، بۆیە ئەگەر ئەو ماددەیە دانەنێین کەوا هەموو خاوەن کارێك ئیجبار بکەین کە کرێکارێکی هەبێ هەتا چەند کرێکار، ئەوانە بە ئیجباری زەمان نەکرێت هەتا تەنانەت دانانی ئەم بڕگەیە و لە دانانی 30٪ یەکەش هیچ مەعنایەکی نابێ و سوودی نابێ بۆ خودی کرێکاران خۆیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب (وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زەمان ئێستا لە کوردستان هەر پرۆژەیەك سێ کرێکار و زیاتری هەبێ مەشمولە بە زەمانەوە و ئەوە ئیجبارییە، لیجانی تەفتیشمان هەیە ئەوە ئامارم هەیە و کە چەند هەزار سەردانی لیژنەی تەفتیشمان هەیە بۆ پرۆژەکان، چەند پرۆژە هەیە دابین نەکراوە ئەو کرێکارە و ئەو هەر خاوەن کارێکیش کە کرێکار دابین نەکات دەستەبەری نەکات ئەو کاتە ئێمە مەلەفاتمان هەیە و دەیدەین بە دادگا و غەراماتیشمان هەیە، پێم خۆشە هەر کەسێك داوای زانیاری بکات ئەوا ئامارمان هەیە و ئیجبارییە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرە داوامان کردووە و لە کۆنفرانسدا سەندیکای کرێکارانیشمان لەگەڵ بووە و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیشمان لەگەڵ بووە و وتوومانە ئەو ژمارەیە ئێستا لە سێ کرێکار زیاترە و لەوێ کرێکار دەست پێ بکات، بەڵام هەمووتان دڵنیا دەکەمەوە ئیجبارییە و لیژنەی تەفتیشیش سەردانی پرۆژەکان دەکات و ڕۆژانەش ئێمە کرێکار دەستەبەر دەکەین و خزمەتەکەی دەستەبەر دەکەین و ساڵانە کرێکاریشمان هەیە خانەنیشین دەکرێت و ساڵانە ئێمە ئامارمان لایە ئەو کرێکارانەی کە تووشی پێکان دەبن لە سندوقی زەمان بۆی سەرف دەکرێت و ئەو ڕێژەیەش من داوا دەکەم مەقتوع بێ 30٪ یەکە، ئاماریشمان هەیە چەندێکمان هەیە لە سندوقی زەمان هەولێر و سلێمانی و دهۆك و چیش لەو سندوقە سەرف دەکرێت بۆ کرێکاران، هەموویمان لایەو هەرکەسیکیش داوای ئامار بکات ئێمە ئامادەی دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیر باسی لەوە کرد کە هەموو ئەو کرێکارانە سەردانیان کردوون کە خاوەنیان هەیە و ئەوانە زەمان دەکرێن ئەی ئەوانەی کە کرێکاری بیناسازی کە ئەمان وایان ناو ناون ئەوانە خاوەن کاریان نیە، لەبەرئەوە زەمان ناکرێن، ئێمە ئەگەر بێین سەیر بکەین زۆربەی کرێکارەکان و ئێمە زۆر کارگەمان کەمە ئەوەی لە کارگەکاندان تەعینن، یەعنی پێویستیان بەوە نیە زەمان بکرێن، ئەوەی کە زۆر کەمە کە ئەمە کرێکاری بیناسازی نەگرێتەوە توێژێکی زۆر کەم دەگرێتەوە کە بەڕاستی وەك ئەوە وایە هیچی وامان

نەكردبێت، ئەمە یەك، پرسیاری دووەمم لە بەڕێز وەزیر ئەوەیە كە ئەو زەمانەی كە پێشتر وەرگیراوە چووەتە چ داهاتێكەوە، بۆمان ڕوون بكاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من دوو تێبینیم هەیە، یەك لەسەر پرسیارەكەی سۆزان و هاژەخانیش باسی كرد، حیساب كردنی ئەو 30٪ ە زۆر ئاسانە، چونكە لە سەری ساڵ سندوقەكە مادام هەیە و لە مودیریە و لەوێ تەرتیباتە دەتوانن هەر وەختێك مەبلەغەكە تەحدید بكەن، كە تەخمیناتی خۆی بۆ میزانیە دەنێرێت وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی دەتوانێ بڵێ بۆ مەعلوماتتان و بە پێی فلانە مادده یاسای زەمان ئەوەندە مەوجودی ئیشتراكاتی سندوقەكەیە و ئەوە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بەهەر شێوەیەكی تر هەبێت، یەعنی تۆ وتت سندوق هەیە یان نا خۆ دەبێت لەوێ تۆمار كرابێت لەو ساڵە چەند پارە هاتووە، ئەساسەكە چەند هاتووە دەتوانن بكەن، یەك، دوو/ بەڕێزان با واقعی بین ئەوەی جەنابی وەزیر وتی ڕاستە 100٪ و قانونیش ئیجباری خاوەن كار دەكات كە هەر عەقدێكی لەگەڵ یەك كرد پێی بڵێ بە پێی یاسا من مولزەمم پێت بڵێم و دەبێ خۆت دەستەبەر بكەی، بەڵام واقعەكە وا دیاری كردووە كە هەر خودی كرێكاریش لێرە گوناح بارە و هەندێ جار خاوەن كاریش، هەتا لیژنەكانی كە باسیان كرد كە هەندێ لە ئەندامانی لیژنە باسی ئەشكالیاتی خۆیان كرد لەوە، خاوەن كار بەو شێوەیە لەگەڵ كرێكار باس ناكات بڵێ ئەرێ كاكە دەبێ چوار لە سەد لە راتبی تۆ ببڕدرێت، بۆ چیە؟ پێی دەڵێ من نازانم بۆ حكومەتە بە نموونە دەڵێت دەتەوێ یان ناتەوێ؟، ئەگەر ناتەوێ ........ .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام ئەو تەفسلاتە ئێمە لە .. كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئەم یاسایە تایبەتە بە كەرتی تایبەت، حەز دەكەم هەمووتان بزانن، یەعنی شامل نیە بۆ هەموو كرێكاران، پێشتر بۆ خۆتان دەزانن كەرتی گشتی كرێكاری تیا نەماوە بە بڕیارێك كە بڕیاری 150 یە هەموو كرێكاری كوردستان كراونەتە فەرمانبەر، بۆیە ئەمە تایبەتە بە كەرتی تایبەت و كەرتی تایبەتیش لە كوردستان دا بەڕاستی نەبوژاوەتەوە، بۆیە لێرەوە من پشتیوانی ئەو قسەیەی كوێستان خان دەكەم، سوپایەك لە كرێكاران لە دەرەوە چاوەڕوانی ئەم یاسایەیە كە من دوو، سێ جار پێش ئەم خولەش بۆ خۆم بە نوێنەرایەتی كرێكاران هاتوومەتە ئەم پەرلەمانە، بۆیە داوا دەكەم زۆربەی پێكهاتەی میللەتەكەی ئێمە كرێكارە، بەڕاستی كرێكاری مەیدانە و كرێكاری بیناسازیە و كرێكاری

بینا و مەشاریعە، بۆیە دەکرێ لەم یاسایە بەڕاستی لە شکلێ لە شکلەکان یاساییەکان یان ڕەئی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان جێگایەك بۆ ئەو کرێکارانی بیناسازی بکەینەوە، ناکرێ هەروا بڕۆینە دەرەوە و لەم یاسایە بێ بەشیان بکەین، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەر دوو لیژنەی بەڕێز کە ئێستا لێرە دانیشتوون بەڕاستی حەلێکی جەزری بۆ مەسەلەی کرێکارانی بیناسازی بدۆزنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مومکینە ئەوەی زیاتر لەو قتاعە ئیش دەکەن ئەوانە باشتر بزانن، بەلاّم کرێکارێکی بیناسازی کە هەر ڕۆژێك لە شوێنێکە، یەعنی خاوەنێکی دائیمی نیە، دوو ڕۆژ ئیش دەکات و دوو ڕۆژ ئیش ناکات، عادەتەن بۆ زەمان دەبێ کرێکار بۆ خۆی بەشێك بدات، عادەتەن ساحبی کاریش بەشێك بدات، بەلاّم ئەوەی کە لە قتاعێکی حکومی ئیش ناکات یان لە قتاعێکی ئیش ناکات، ڕۆژانە کرێکاری بۆ ئەم و ئەو دەکات بۆ بیناسازی، خۆشم سەرم لێی دەرناچێ چۆن دەتوانن زەمانەت بۆ ئەوە تەمین بکەن مەسەلەن، دوایی قسە بکە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من ڕاستە ئەم هەموار کردنە ئەوەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە لە هەندێ خاڵی دا ئیجابیاتی تیایە و دەتوانێ وەکو ئەو هاوڕێیانە باسیان کرد گوزەرانی ئەو کرێکارانە باش بکات کە کرێکار نین، بە پێی قانون موزەفن و لە کەرتە حکومیەکان دان، بۆیە من ڕام وایە بۆ ئەوەی ئێمە شتێك نەکەین کە دواتر چاوەڕێی هەموارێکی تر بین وەکو کاك کاردۆ ئاماژەی پێی کرد کە پرۆژەیەکی تریش پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە چۆن ئێمە نموونەی پرۆژەی ترمان هەیە و بە نموونە پرۆژەی لێبوردنی گشتیە کە ئەوەی کە پێشکەش کرا لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی پێ ئامادە کرا زۆر جیاواز بوون لەیەك، بەلاّم کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە شتێك بێت لە بەرژەوەندی گشتی دابێت، بۆ ئەمەش بە هەمان شێوە ئەمە جارێکی دیکە ئەم داوای هەموار کردنەی کە ئەنجومەنی وەزیران ناردوویانە ببێ بە دەرفەتێك بۆ ئەوەی زۆربەی ماددەکانی تر کە دەتوانین چاکسازی تیا بکەین و دەتوانین وابکەین کە هەموو کرێکاران بگرێتەوە مادام هەر کرێکارێك بێت ئەوەی بەڕێزیشت باست کرد کە بیناسازیە و هەر ڕۆژەی لە شوێنێکە حەقی هەیە بەسەر ئەم وڵاتەوە و لە کاتی ئیعاقە بوونی یان لە کاتی کێشەیەك کە تەقاعودی هەبێت، یاخود زەمانی هەبێ، بۆیە دەکرێت بەو شێوەیە ئەم یاسایە وا ڕێك بخەینەوە کە بە تەنیا بۆ حاڵەتێکی دیاری کراو نەبێ و بە تەنیا نەڵێین هەموارمان کردووە و دواتریش بەرژەوەندی گشتی کرێکارانی لەبەرچاو نەگرتبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە ڕاستی دا ئێرە جێی ئەو موناقەشاتانە نیە، چونکە لە لیژنەکان پێویستە ئەم مەسەلەیە باس بکرێت، بەڵام بۆ کرێکاری بیناسازی مەسەلەن هەر ڕۆژەی لای یەکێکە، کێ لە جیاتی ساحب کار ئەوەی بۆ دەدات؟، د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە ئەو یاسایەی کەوا هەمواری دەکەین سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتەکانی کرێکارە، بەڵام خۆتان دەزانن پێویستە یاسایەك هەبێ کە پێشتر ڕێکی خست بێ و کرێکار کێیە؟ دیارە ئەمە یاسای کاری ژمارە 151 ی ساڵی 1970 ئەمەی ڕێك خستووە، بەڵام ئەمە وەکو باسی کرد کاك سەرداریش بە بڕیاری 150 ئەمە ڕاگیراوە و لە قتاعی عام، لە قتاعی خاس ئایا کاری پێکراوە، لێرە ئەگەر بێتو ئەمە ڕێك نەخرابێت پێشتر و بە شێوازی کارکردنیان و عەقدەکانیان و کێن ئەوانە دەیگرێتەوە و ئێمە ناتوانین لێرەدا ئەوە بکەین، بۆیە پرسیارێك لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە باسی دەکات لە زەمان دا کە وەرگیراوە کە ئایا بە پێی یاسای کار وەرگیراوە؟ ئایا ئەو کەسانەی کەوا پارەکەیان داوە چ خاوەن کارە و چ کرێکارە توانیویانە سوود لەو پارەیە وەربگرن لە دواتر دا کە داویانە؟ چونکو بە پێی یاسایە کرێکارێك دوای ماوەیەك کاتێك واز لە کارەکەی دەهێنێ ئەگەر بچێتە قتاعی عامەوە لەوێ دەتوانێ خزمەتەکەشی بگوازێتەوە، ئایا ئەوانە جێ بەجێ کراوە؟ من پێم وانیە ئەمە کرابێ، ئەگەر کرابێت بەڕاستی پێمان خۆشە جەنابی وەزیر بۆمانی ڕوون بکاتەوە، بۆیە پێویستە پێشتر قسە لەسەر ئەوە بکرێت لەوێ ڕێك بخرێت ئینجا بێین ئەوەی بیناسازی و ئەوانی تریش بێ گومان بخرێنە یاسایەکەوە و، بەڵام بە پێی یاسایەکەی تر ڕێك بخرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باسکرا سەبارەت بە کرێکاری بیناسازی لە هەرێمی کوردستان لە ڕاستی دا گرفتێکە پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکەین تا هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، چونکە ئەم یاسایە هەمواریش بکرێت زۆربەی زۆری کرێکاران لە هەرێمی کوردستان دا کرێکارانی بیناسازین ئەوانیش وەکو ئاماژەی پێی درا لە چەند لایەکەوە گرفتیان هەیە، بە تایبەتی هەتا لەڕووی ئامادەیی ئەوان بۆ دانی ئەم مانگانەیە بخرێتە ناو سندوقەوە، نا ئامادەیی هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە پێی دەگوترێ ڕۆژانە کارکردنی ئەوان و بە کاتی کار کردنی ئەوان کە موشکلەی گرفتی خاوەن کاریان هەیە کە چۆن ئەم مەوزوعە ئەوان زەمانیان بکات؟، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەو پارەیەی لەناو ئەو سەندوقە دابووە لە ساڵانی ڕابردوو ئەگەر ویست بێتیان

کرێکاری بیناسازی سوودی لێ وەربگرێت ئەوان مەراسیمیان حازر کردووە و بە هەدیە پێیان داون پارەکەیان، بۆیە کرێکارانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی زۆریان بەشی زۆری کرێکارانی کوردستان پێك دەهێنن سوود لە یاساکان نابینن پێویستی بەوە هەیە ئێمە هەوڵ بدەین ئەگەر لەناو یاسایەکەش دا نەبێت وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای هێنانە ئارای هەندێ میکانیزم و ڕێوشوێنی گونجاوەوە هەوڵ بدات کە کرێکارانی بیناسازی سوود لەم سەندوقە و لەم یاسایە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕوام وایە ئێمە نەگەیشتووینەتە بەر بەست بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دەرفەت هەبێ بۆ ئەوەی چاو بخشێنرێتەوە بە ڕاپۆرتەکاندا، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لە پێناسەی یەکەم دا بە بڕوای من زۆر ژیرانە موعالەجەی ئەو کێشەیەی کردووە کە ئێمە قسە دەکەین لەسەری ئێستا، ئێمە گرفتی ئەوەمان هەیە ئەو کرێکارانە کە سەربەستن، کە کۆنتراکتیان نیە، چۆن بتوانرێ ئیلزام بکرێن کە بە بەردەوامی بەشێك لە داهاتی خۆیان بۆ زەمانەکە پێشکەش بکە، بەڵام ئەگەر بە پێی ئەو هەموار کردنە و ئەو ئیقتراحاتانە بێ لە پێناسەکە دەڵێت، (العامل: هو من يعمل لقاء اجر يومي أو اسبوعي أو على اساس القطعة أو الساعة وينجز اعمالا يدويا لصالح صاحب العمل متعاقدا معه تحريريا أو شفويا) یەعنی دوو بنەما هەیە لە کارەکە دا، ئێمە دەتوانین لەسەر بنەمای کاتژمێری کارکردنی بۆی حساب بکەین، مەرج نیە کۆنتراکتەکەی بەردەوام بێ، سەعاتی کارکردنەکانی کۆدەکاتەوە لە هەفتەیەك دا و لە مانگێك دا دەیخاتە سەر فۆرمێك دەتوانین فێری ئەم میکانیزمەیان بکەین و مەسەلەیەکی گران نیە پێشکەشی بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێت، ئەمە خاڵێك دووەمیش بەمە موعالەجە کراوە، چونکە ئەو کۆنتراکتەکەی زارەکیە لەگەڵ خاوەنی کارکردنەکەی دا، بۆیە پێناسەکە موعالەجەی ئەوەی کردووە کە کرێکاری بیناسازی و بوارەکانی تریش دەگرێتەوە لەم پێناسەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ لە پێشدا من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەو تەعریفاتانەی لەناو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە بخرێتە ناویەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەو ئەشکالیاتە ڕزگارمان بێت، خاڵی دووەم، ئەوەیە کرێکاری بیناسازی دەبێ لە ڕێگەی مەکاتبی عەمەلەوە هەم ئیشیان دەست کەوێت و هەم زەمانەکەشیان

بكرێت بۆ ئەوەی ئەم كارە رێك بخرێت، مەكاتبی عەمەلمان نەبێ هەركەسە و بە تاقی تەنیا خۆی بچێتە سەر كارێك ئەم حاڵەتە دروست دەكات، ئیللا دەبێ ئێمە یاسای كار بگۆڕین و مەكاتبی عەمەل دروست بكەین، بەڵام هەر ئیسباتەن بۆ قسەكانی خۆم كە كردم لەوەوە و پێش و باسی ئەوەم كرد كە لە كۆی گشتی ئێمە چەند كرێكاری مەزمووونمان هەیە و چەندێك كرێكاری نامەزمونمان هەیە؟، نەك 40٪ ە زۆر لەوەش كەمترە، رێژەی ئەوانەی كە مەزمون نەكراون زۆر زۆر زیاترە، بە پێی ئەم راپۆرتە و ئەو خشتەیەی كە لەبەردەستی من دایە هینی وەزارەتە، لە هەولێر 3417 زەمان كراوە، 875 كەس زەمان نەكراوە، كۆی گشتی لەسەردانەكان كە كراوە، یەعنی بەهەرحاڵ من دەتوانم پێتان بڵێم خەڵك لێرە كرێكار زەمان ناكات، خاوەنی ئیش كرێكارەكەی بە ئیجباری زەمان ناكات بۆیە ئێمە ئەو ئەشكالەمان هەیە، بۆیە ئێمە ئەگەر باسی ماف دەكەین دەبێ لە پێشدا مافەكە لەلایەن خاوەن كارەوە تەلاعوبی پێوە نەكرێ و پێی نەوترێ ئەم 4٪ ە لە تۆ دەبڕدرێ بۆ حكومەتە و دەچێتە گیرفانی حكومەتەوە و بەڵكو دەبێ تێ بگەیەنرێ كە ئەمە بۆخزمەتی خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بمانەوێ چارەسەری كرێكاری بیناسازی بكەین حەق وایە كرێكاران یەكەم جار تەوعیە بكرێن لەلایەن ڕاگەیاندن و وەزارەت و سەندیكاكانەوە و ناوی خۆیان بنووسن و خۆیان زەمان بكەن و 5٪ ەكەی ڕاستە لەوانەیە ڕۆژێك كە چونكە مووچە نیە و كە مانگانە نیە هەر ڕۆژەی برە پارەیەك وەردەگیردرێت و كرێیە و ئەو كرێیە دەتوانی معەدەلی ئەو مانگەی بڵێین كە چەندی وەردەگریت و بڵێین 5٪ی كرێكار بیدات و خۆی زەمان بكات، هەویەی هەبێ، ئەوە یەك، دوو: لە ماددەی دووەم هاتووە لە یاسایەكە دەڵێ نسبەی (4٪ من الاجور على دائرة العمل والضمان الاجتماعي) ئەوە كە دیاری كردووە لە پرۆژە یاسایە عەلا ئەساس دەبێ حكومەت لە جیاتی خاوەن كار بیدا كە پێویستە خاوەن كار 12٪ ی بدات لە بۆ كرێكاری كە لەلایەتی و كرێكاریش 5٪ ی بدات، ئێستا لێرە لەو نیسبەیە حكومەت هەستاوە لە 17٪ لەو پرۆژەیە یاسایە كردوویەتە ئەوەی كە دەبێ خاوەن كرێكارەكە 5٪ بدات خاوەن كار یارمەتی دراوە، ئێمە لە دژی خاوەن كار نین، خاوەن كار وەزعی ماددی زۆر باشە، لە جیاتی ئەوەی خاوەن كار 4٪ عەفو بكەین، حەق وایە حكومەت لە جیاتی خاوەن كار 4٪ ەكەی بدات، حەق وایە حكومەت ئەو 4٪ لە جیاتی ئەو كرێكارەی بیناسازی بكات كە خاوەن كاری نیە ئەو كاتی چارەسەر بكرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بیر بکەینەوە لە بەستنی کرێکاری بیناسازی و کەرتەکانی تریش کە ڕێك نەخراون لە کارگە و شتی وادا، بە قەناعەتی من یەك ڕێگا هەیە دامەزراندنی کۆمپانیای کرێکاران کە ئەو کرێکارانە لای کۆمپانیاکان بن و هەم کرێکارەکە بەشی خۆی بدات و هەم کۆمپانیاکە بەشی خاوەن کار بدات و هەم ئەوەی تریش دەچێتە دەوڵەتەوە و بەس بەو ڕێگایە دەتوانین دەرچین و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە هەموو ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام ئێمە ئێستا موناقەشەی یەك بڕگە دەکەین لە پرۆژە یاسایەك، ئەوانەی باس کرا خۆ ئێمە لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی ئێمە تەقریبەن هەمووی باس کراوە، ئێمە ڕێزمان گرتووە لە ڕێوڕەسمی ناو پەرلەمان وتوومانە پرۆژە یاسایەك هاتووە ئێمە بە بڕگە بچین کە تەواو بوو ئەوکاتە دێین ومافی خۆمانە داوای ئەو گۆڕانکاریانە و زیادانە دەکەین، هیوادارم هاوکارمان بن، بێجگە لەوەی ئێمە داوامان کردووە چارەسەری وەکو ئەو کێشانەی وەکو بیناسازی و ئەوەی خاوەن کار خۆشی تێدا بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بگەڕێینەوە موناقەشە کردنی بڕگەکانی یاسای ئەسڵی، بەڵام تێبینیەکانمان لەسەر ئەو ئیزافاتانە بێنین بۆ ئەخیر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشە کرا ئاخر ڕەئی دەدەینە جەنابی وەزیر، ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب (وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باش بوو پێش موناقەشە کردنی ئەو بڕگانە ئەندامانی پەرلەمان هەندێ زانیاریان وەرگرتایە لەسەر سندوقی زەمانەکە، بۆ ئەو بڕگەیە ئێستا ئەوەی کە لە لامە، ئەوەی کە دەچێتە سندوقی زەمانەوە سندوقێکی موغلەقە کەس بۆی نیە دەسکاری یەك دیناری ئەو بەشداریە بکات، تەنها دەسەڵاتی وەزارەتی داراییە ئەویش بە پێی پێداویستی سندوقەکە بۆ خانەنیشینی بێ بۆ ئیسایاتی عەمەل بێت، بۆ موکافەئاتی نیهایەتی خدمە بێت، بۆ ئەو کرێکارانەی کە مەشمول نابن بە مووچەی تەقاعودی، ئەو بڕەی کە هەیە ئێستا هی ساڵی 2011 ( 18,999,971 هەژدە ملیار و نۆسەد و نەوەد و نۆ دینار و نۆ سەد و حەفتا و یەك) واتە ئەم 18 ملیار زیاترە، ئەوەی کە هاتووەتە سندوقی زەمانەوە بە دینار و بە فلس و بە هەموو

شتێكیەوە دانراوە، واتە ئێمە كە لە بودجەكە دیاری دەكرێت 30٪ ی ئەم مەبلەغە دەبێت، ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا دەكەمەوە ئەم سندوقە لە دەسەڵاتی وەزارەت نیە تەنها لە دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە و دەسەڵاتی مالیەیە، ئەوەی كە باسی كرد سۆزان خان بۆ ئەو ژمارەی ئێمە تەنها ئەوە نیە هەموو ژمارەی كرێكارانی دەستەبەر كراو نین، وەكو ئەو ژمارەی كە لەبەردەستیا بوو لە ڕاپۆرتی چالاكیەكان تەنها ئەوانەیە كە زیاراتی تەفتیشیمان هەیە، ئێمە بە دوو، سێ هەزار ئامارەكەمان لایە و لیژنەی تەفتیش سەردانی پرۆژەكان دەكات، ئەوەی كە دەیبینین واقعی حالەكە تۆماری دەكەن، مەكاتبی تەشغیلمان هەیە، مەكاتبی عەمەل و مەكاتبی تەشغیلمان هەیە ڕۆژانە ئەوانەی كە بێ كارن ناوی خۆیان دەنووسن و لیژنەی (ئیستخسا)مان هەیە كە داوای ئەوە دەكەن لە ڕێگەی ئەوانەوە هەلی كاریان بۆ بدۆزرێتەوە، سەبارەت بە كاری یاسای 151 ی ساڵی 1970 ئەوە ئیلغا كراوەتەوە ئەو یاسایەی كە ئێستا كاری پێ دەكەین ژمارە 71 ساڵی 1987 ە كە ئەوەی ئێستا كاری پێ دەكرێت، سەبارەت بە كرێكارانی بیناسازی ئەوەی كە زەرورە ئێمە بیزانین هەموومان دەزانین گرفتێكمان هەیە سەبارەت بە كرێكاری بیناسازی، بەڵام تاوەكو ئێمە نەتوانین یاسای كارێ كە ئێستا لەبەردەستمانە و ووركشۆپمان بۆی ئەنجام داوە هەتاوەكو یاسای كارەكە كە لە ماددەی 8 دا پێناسەی كرێكار دەكات تاوەكو ئێمە كرێكاری بیناسازی لەوێ جێگایان نەكەینەوە ناتوانین پاش ئەوە ئێمە خزمەتی ئەوان دەستەبەر بكەین، بۆیە ئێستا ئێمە لە هەوڵی ئەوە داین لە ئایندەیەكی نزیك دا كۆنفرانیسێك بكەین یاسای كارەكە بخەینە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و پاشان بۆ پەرلەمان لەوێ دەتوانین داوای هاوكاریمان لە ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی كردووە كە بە چ شێوازێك بتوانین یارمەتی كرێكاری بیناسازی بدەین، چونكە چینێكی زۆرن و ژمارەیەكی زۆرن و تاوەكو ئێستا بۆمان نەكراوە، بەڵام لەبەرئەوەی یاسایەكە بواری نەداوە كە ئەسڵی یاسایەكە یاسای كارە، بۆیە ئێمە خستوومانەتە دیراسەت و داوای هاوكاریشمان كردووە و داوای پەسەند كردنی ئەو ماددەیە دەكەم كە 30٪ ی ئەو بەشداریە بێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی هاوبەش دەكەم هەموو ئەو تێبینانەی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لای خۆیان تۆمار بكەن، دوایی لە سیاغە كردنەوە موراعاتی بكەن، هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەش كە تێبینی تریان هەیە بیدەنە لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەیەكی تر كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم وابزانم کێشەمان نەما، بە تایبەتی حکومەت کە پشتگیری ئەو سیاغەی کرد کە لیژنەی یاسایی دایناوە، هەتا کێشەمان بۆ دروست نەکات و دوو، سێ ئەندام قسەیان کرد لەسەر بابەتە هەتا بە ئاسانی بڕوات لە کاتی دەنگدان لەسەر ماددەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە ئەسڵی پرۆژەکە:

یوقف العمل بالفقرة ب من المادة 27 من قانون التقاعد والضمان الاجتماعی للعمال رقم 39 لسنة 1971 فی اقلیم کوردستان - العراق ویحل محلها ما یلی:

ب/ تتحدد نسبة إشتراكات الادارات واصحاب العمل عن عمالهم المضمونين على النحو الاتی:

1/ نسبة 8٪ من الاجور على جميع الادارات واصحاب العمل ما عدا اصحاب العمل الذين استثنى من احكام المادتين الاولى والثانى من القانون رقم 101 لسنة 1964 المعدل.

2/ نسبة 4٪ من الاجور على دائرة العمل والضمان الاجتماعی وتوزع هذه النسبة كما يلى، 3٪ لفرع الضمان الصحی و 2٪ لفرع الضمان اصابات العمل و 12٪ لفرع ضمان التقاعد.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر دەرفەتم بدەی تەنها تەوزیحێك بدەم، ماددەی 27 باسی ئەو پارەیە دەکات ئەوەی دەبێت بدرێت ئەوەی دەستەبەر کراو، کرێکار 5٪ دەدات و حکومەت 12٪ لەو داواکاریە پرۆژە یاسای حکومەت، حکومەت دەڵێ من ئامادەمە 4٪ لەو 12٪ ەی خاوەن کار لای خۆمەوە بیدەم، ئەمەیە ئەساسی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی ڕەدمان کردووە، ئێمە دەڵێین ئەگەر حکومەت بیەوێ با هاوکاری کرێکار بکات، داعی نیە 4٪ لە باتی ساحبی عەمەل بدات، ئێمە ئەوەمان ڕەد کردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنەی یاسایی دوو ڕا هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەکەمیان/ بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:

المادة الثانية: هنالك رأيان حول المادة (27):

الرأي الاول: الفقرة (2) من المادة: تقترح الغاء مقترح تعديل الفقرة استنادا الى معايير منظمة العمل الدولية ووفق أسس المعايير الدولية بحيث انه تم استلام هذه النسبة من اقسام الضمان.

الرأي الثاني: تؤيد تعديل الفقرة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێزد.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمان ئاماژەمان بەوە داوە کە ناتوانین لەسەر ئەم ماددەیە بڕیار بدەین، لەبەرئەوەی لە ئەسڵی ماددەکە لەناو پڕۆژە یاسایەکەی حکومەت دا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوتان بڵێین بۆ ئەوەی ناوتان تەسجیل بکەم، کاروان صالح، دڵشاد حسین، سیوەیل عثمان، دلێر محمود، عمر هەورامی، کاک کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم هەندێ لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەو ماددەیە هەندێ تێبینی بدەم، ئێمە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، و لە وڵاتانی دەوروبەریش هەندێ ئەو مەسەلە یەکلاکراوەتەوە لەلایەن وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی، هەندێ مەکاتبی تایبەت دەکرێتەوە بۆ ئیشراف کردن لەسەر ئەوەی کە بزانێ کێ کارگەرە و کێ کرێکارە بۆ ئەوەی هەر کەسێ ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کۆدێکی هەیە هەر کرێکارێك لەو دنیایە، بەس لای ئێمە وەکو کاک سەردار باسی کرد، جەیشێکمان کرێکار هەیە و هەموو کرێکاری ونن، شەهید دەبێ لەناو ئیش و کارەکەی دا، دەبێتە قوربانی زۆرجار کەس نازانێ، لەبەرئەوەی کەسوکارەکەشی خۆشی ئەوەندە بە ئاگاو وشیار نیە موراجەعەی دەستە و دایەرەکان بکات، بە ڕێی من وەزارەتی کار حەق وایە هەندێ مەکاتب بە کەرتی تایبەت بسپێرێ کە ئەوە لە ئەوروپا بۆ نموونە لە هۆڵەندا (ئەوزەنبیرۆ)ی پێی دەڵێن، کە ئەو مەکاتبانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە وەزارەتی کارەوە هەیە، ڕۆژانە مەعلوماتی خۆی لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەداتە وەزارەت کە ئەوەندە کرێکارە چووەتە ئیش لەڕێگەی ئەو ناوانەی کە چوونەتە ئیش وەزارەت دەتوانێ باشتر زەمانەتی ئەوە بکات ئەو ساحێب کارە ئایا مافی ئەو کرێکارە دەستەبەر دەکات یان نا؟ دەستەبەری تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەموو لە ڕێگای ئەوانەوە

کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە ئێمە بەڕاستی حەق وایە ئەو وەزارەتە بەڕێزە و جەنابی وەزیر بیر لەوە بکاتەوە لیژنەیەکی پسپۆر بۆ ئەو مەسەلە دابین بکات، هەندێ ئەرك بە کەرتی تایبەت بسپێرێ، بەڵام ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەکەی بەڕێزیانەوە ئیشراف بکرێت، هەندێك کاریش هەیە کە لەلایەن وەزارەتی بەڕێزیانەوە کە لە ئەوروپا ئەویش پێی دەڵێن (ئەربائیزدیرۆ) کە خۆی دەستی کار بۆ کرێکار دەبینێتەوە، کەواتە کە خۆی ببینێتەوە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ دەکات و دەستەبەری تەندروستی بۆ دەکات، هەموو ئەو لایەنەش ڕێك دەخرێت، ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئێمە ئەو یاسایە هەموار نەکەینەوە بۆ ڕێك خستنەوەی ئەو بوارانەیە کە پێویست بە هەموار کردنەوە دەکات، حەق وایە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی لەو بوارە هەندێ شت بدات بە کەرتی تایبەت و هەندێکیشی خۆی ئیشرافی بکات بۆ ئەوەی ئیحسائیەکی بۆ دەرچێت، تا ئێستا ئێمە نازانین چەند کرێکارمان هەیە لەو هەرێمە و چەند دەستی کار هەیە ڕۆژانە ئەو (فابلیك)س و کۆمپانیا نوێیانەی دێنە ئێرە چەند کرێکار ژیانی بۆ دابین دەکرێت و چەندی حەیاتی لە خەتەردایە؟، چەندی ڕۆژانە مافەکانی پێشێل دەکرێت لەلایەن خاوەن کارەوە؟ بۆیە ئەوە پێویست بەوە دەکات ئەو ئەرکە بە وەزارەتی کار بسپێرین و خۆشیان لە هەموار کردنەوەی هەر بڕگەیەك لەوانە پەرلەمان لەبەردەستیەتی و ئێمەش بتوانین هاوکاری بین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە کە لە مادده ئەسڵیەکەش دا هاتووە، لە مادده ئەسڵیەکە فەرعێکی تیایە کە پێی دەڵێن (فرع الضمان الخدمات) ئەمە لابراوە، لەم تەعدیلە، من دوو پرسیارم هەیە، یەك/ فەرعی زەمانی سحی و فەرعی زەمانی ئیسابات عەمەل، فەرعی زەمانی تەقاعود، ئەی فەرعی زەمانی بێ کاری؟ یەعنی مەسەلەن ئەو فەقەرەیە ناکرێت بخرێتە جێگەی خەدەمات و ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت؟ بۆ نموونە لەم سندوقە ئەو کرێکارانەی بێ کار دەبن لە کاتی لە دەستدانی کارەکانیان دا سندوقێك نیە زەمانیان بکات و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە چ سندوقێك پارەی بێ کاری دەدات؟ دوو/ پرسیارم ئەوی ترم هەیە فەرعی زەمانی تەقاعود بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت لە 7٪ (ئیستیقتاع) یان لێبڕیوە بۆ تەقاعود, بۆچی لێرەدا کرێکاران 12٪یان دەڕوات بۆ فەرعی زەمانی تەقاعود؟, یەعنی بۆچی دەوڵەت لە 7٪ لە کرێکاران دەبڕێت؟, وەکو من دەزانم و ئەوەی بیستوومە بۆ لێرەدا لە 12٪یە؟ ئەوەیان پرسیارە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیە کە پێشتریش باسم کرد, ئەو لە 8٪ و لە 4٪ بۆ خۆی پێویستە خاوەنکار بیدات, بەڵام ئەگەر حکومەت دەیەوێت یارمەتی خاوەنکار بدات, خاوەنکار وەضعی ماددی باشە, هەرچەندە ئێمە دژی خاوەنکار نین, بەس زۆرتر لایەنی کرێکار دەگرین, لەبەرئەوەی کرێکارەکە هەژارە و کەمدەرامەتە, بەڕای من ئەو 4٪ەی کە تازە پێشتریش باسمکرد ئەو 4٪ە ببێتە 8٪ هەر 12٪ەکە بێت خاوەنکار بیدات, 4٪ەکەی کە حکومەت دەڵێ من دەیدەم, پێشتر حکومەت 30٪ی دایە بۆ سندوقەکەی, یەعنی پێشتر حکومەت 30٪ی دایە ئێستاش هاوکاری خاوەنکار دەکات 4٪ی لەجیاتی دەدات, لەبەرئەوە پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر حکومەت 4٪ەکەی دەدات, باخاوەنکارەکە 12٪ەکەی بدات, ئەگەر حکومەت دەیەوێت 4٪ بدات, با لەجیاتی لەبڕی ئەو کرێکارانە بیدات کە کرێکاری بیناسازینەو خاوەنکاریان نیە, نەك لەجیاتی ئەوەی کە خاوەنکارە و عەفووی دەکەن لە 4٪ەکە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هەموارکردنە کە بۆ ماددەی 27ی یاسای خانەنیشین هەموارێکی ترە, ئەو لە 4٪ ە کە حکومەت دەیدات, دەستی خۆش بێت, بۆیە ئەگینا لە 17٪ەکە کە 5٪ی کرێکار داویەتی, 12٪شی خاوەنکار داویەتی پێشتر هەر هەبووە, بەڵام تاکو ئێستا لە کارگەکاندا بەوشێوەیە خەڵك بۆ نەچووە ئەو شێوەیە بکات, یاخود لیژنەکان چۆن کە لە کارگەیەکدا 10 کرێکاری تێدابێت, وتیەتی 10 کرێکاری تێدایە (ئەحمەد —مەحمود —مارف) هەر ناوی سیانیشی نەنووسراوە لەو کاتەدا, کەس نازانێت زەمانەتەکەی وەرنەگرتۆتەوە, کەواتە ئەوە چیە؟ وشیاری لای کرێکاران نیە, بۆ ئەوەی بچێت زەمانەتی خۆی بکات, چی وشیاری پێ دروست دەکات؟ لەوکاتەی کە کرێکارانی کەرتی بیناسازی ئەگەر ڕێگایەکیش بۆیان بدۆزرێتەوە, یاسای کاریش بۆ ئەوەش پشت بە تەعدیل کردنی یاسای کار ببەسترێت, دەبێت یاسایەکی کار هەبێت, ئەگەر ڕێگایەك بۆیان بدۆزرێتەوە ئەوانیش شمول بکات, ئەو کاتە زیاتر وشیاری دەبێت بۆ کرێکاران چ لە کارگەکاندا, چ لە کەرتی بیناسازی دا بچن, بۆ نموونە: چۆن یەعنی تێکڕای کرێی ساڵانەی ساڵێك, ساڵێك ئەگەر تۆ هی کرێکارێك حیساب بکرێت خۆی ئەو کرێکارەکە کە وەختێك دەچێتە لای وەستایەك, لای بیناسازی کارەکە, دەڵێ من مانگەکە ئەوەندەم هەیە, ڕۆژانە ئەوەندەم هەیە, خۆشم ئەوەندەی دەدەم, تۆش کە خاوەنکاری ئەوەندەی دەدەی, ئەوساکە با ئیتیفاق هەبێت و, هەروەها کە بوو بەئیتیفاقەکە خۆی مانگانە دەچێت یاخود ساڵانە بە شەش مانگ جارێك دەچێت, ئەو زەمانەی خۆی دەدات ئەمە لەلایەکی ترەوە, هەم دیسان ئەوەش دەبێتە هۆی وشیاری ئێمە کە دەمانەوێت خزمەتی کرێکاری پێبکەین, دەبێتە هۆی وشیاری بۆ کرێکاران دەنگیش دەداتەوە لەناو کرێکاراندا, کرێکارانی کەرتی تایبەتیش لە کەرتێکدا کە ئیش دەکەن, لەو کەرتەیە ئەگەر بێت و زەمانی نەبێت و زەمانی بۆ نەدرێت و بەناوی سیانیەوە نەبێت قبووڵی ناکات,

ئەویش بەهەمان شێوە بچێتە ئەو شوێنە کە هەیە, ئینجا بەنسبەت دەڵێن مەکتەبی عەمەل, مەکتەبی عەمەل ئێستا نیە, وەکو وتمان ئەو تێکڕای کرێی ساڵانەیە, دەتوانرێت حیساب بکرێت, خاڵێکی تر هەیە کە لەوەی خوارەوە ئیشارەتی پێنەدراوە, دەڵێ ئەوەی هەرخاوەنکارێك یاخود کرێکارەکە لەوەی کە حکومەت هاتووە, ئەگەر بێت و مانگانە دوابکەوێ, هەموو مانگێك لە2٪ی غرامە دەچێتە سەر, خۆی بەڕاستی ئەوە شتێکە ئەو لە 2٪ە کە دەچێتە سەری مانگانە کە دوابکەوێ بچێت پارەکەی دەدفع بکات, حەقە لە 6مانگ جارێك بێت, چونکە زۆربەی کات خاوەنکار پارەکەی لەو مانگەیەدا نیە, یەعنی لە 6مانگ جارێکدا غرامەی 2٪ە بچێتە سەر نەوەکو هەموو مانگێك, لەبەر ئەوەی زۆر لە خاوەنکارەکان زۆر لەوەدا ناڕازین, وە زۆربەی کاتیش کە کرێکار زەمان ناکەن لە کەرتی تایبەتدا ئەوەیە دەڵێت پارەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرم, چونکە خاوەنکار دەشێت لەوکاتە لەومانگە پارەی بەدەستەوە نەبێت, با 6مانگ جارێك ئەو پارەیە بدات ئەو زەمان بدات بۆ بچێت بۆ فەرمانگەی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی؟, لەو 6مانگ جارە ئەگەر چوو دواکەوت لەدوای 6مانگەکە لە2٪ی بخرێتە سەر, سەلامەت بی, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرمووو.

**بەڕێز عمر صديق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشتگیری ڕایەکەی بەڕێزان لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم, لەبەرئەوەی ئەگەر حکومەت مەبەستی دەعم کردنی کەرتی تایبەت بێت, ئەوە خاوەنکار بێت بەهێنانەوەی بڕگەی (ز) دەعم دەکرێت, چونکە حکومەت ئەگەر ئێمە دەنگ بدەین لەسەر ئەوەی کە 30٪ی کۆی پارەی سندوقی زەمان, حکومەت ساڵانە بیدات, مانای وایە تۆ دەعمی کەرتی تایبەت دەکەیت لەڕێگای ئەو بڕگەیەوە, وە ناکرێت جارێکی تر تۆ نسبەیەکی تر لەبری خاوەنکار یان لەبری شەریکات حکومەت بیدات, چونکە ئەوە وادەکات کە باری حکومەت لەڕووی داراییەوە گران بکات, وە ئیلتیزاماتی شەریکات و کۆمپانیەکانیش و ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان شەریکات و حکومەت هەیە کەمتر دەکاتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەوەی کە وەردەگیرێت لە خاوەنکار و کرێکاران لە 12٪ەیە, لە 12٪ی خاوەنکار دەیدات لە 5٪ کرێکار دەیدات, لەو نسبەیە لە 12٪ی دەچێتە بواری تەقاعودەوە, لە 2٪ بۆ حیساباتی عەمەلە, لە 3٪ی بۆ زەمانی صەحیە, منیش داوای ئەوە دەکەم, لەبەرئەوەی بەڵێ لەپرۆژەی حکومەتدا هاتووە, بەڵام بەڵێ نوێنەری حکومەتم لێرەدا, بەڵام لەهەمانکاتدا من پارێزەری مافی کرێکارانم, بۆیە داوا

دەكەم ئەو نسبەیە كە ئێستا هەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە لە12٪ چۆن خاوەنكار دەیدات، لە 5٪یش كرێكار بیدات، چونكە گۆڕینی ئەو نسبەتانە لەبەرژەوەندی كرێكاران نیە، بەڵكو زەرەر بە كرێكاران دەگەیەنێت، سەبارەت بەوەی كە ئێمە كۆد و ژمارەی كرێكارانمان بۆنیە؟، ئەگەر بەڕێزان سەیری كارنامەی وەزارەتمان بۆ بكەن لە كابینەی حەوتدا ئەوەی تێدایە، كە هەمووی بە كۆد و ژمارە دەبێت، بەڵام كرێكار هەر هەمووی ناوی تەسجیلە لەلامان، ئەگەر كۆدیشی نەبێت و ژمارەكەشی نەبێت، ئێمە ناومان هەیە و مافی نافەوتێت هیچ كاتێك و، هەروەها بۆ بنكەی بەكارخستن و مەركەزی تەدریب، ئێستا ئێمە ڕێنماییەكانمان ئامادەكردووە هەفتەی داهاتوو دەست دەكەین بەجێبەجێ كردن، مۆڵەت دەدەین بەكردنەوەی بنكەی بەكارخستن، مەكاتبی تەشغیل لە كەرتی تایبەت، هەروەها مۆڵەتمان داوە بە بنكەكانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی لەلایەن كەرتی تایبەتەوە، بۆئەوەی هاوكاری حكومەت بن، بەڵام لەهەمان كاتدا لەژێر ئیشرافی وەزارەتمان بن، سەبارەت بەوەی ڕای ئەو نسبانە لە 12٪ و 5٪ەكە ڕای سەندیكای كرێكارانیش لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو ماددەیە وەكو بەڕێزان وتیان ئەو هەموار كردنە ئیلغاء بكرێتەوە و وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئێمە ڕەئیمان وازیحە ڕەدی ئەو پێشنیارەمان كردووە ئێمەش باش بوو كە ئێمە و لوجنەی یاسایی و حكومەت هاوڕاین، بەڵام هەندێك تێبینی كە ئەگەر باسكران، تكایە ڕێگام بدەن باسی بكەم، برادەرێك وابزانم كاك دڵشاد بوو باسی كرد، بۆ زەمانەی بەتاڵەی تێدانیە؟ كێشەكە لەوەدایە بۆیە ئێمە ئیقتراحمان كرد بۆ فەسڵێكی تایبەت هەبێت، لە ماددەكانی پێشوو باسكراوە كە خۆی لە ستانداردی دونیا زەمانی ئیجتیماعی (5)لقە، ئەوانە بەس (4) لقیان گرتووە كە ئەوەی بەتاڵەی تێدا نیە بە مەعلومات دوو: ئەوەی 12٪ەكە ئەو ماددەیە باس دەكات كە چۆن دابەش بكرێت، یەعنی لەو مەجموعی ئەو پارەیەی كۆ دەبێتەوە 17٪ نادرێت لەو 17٪، 12٪ بۆ تەقاعود بێت، چونكە جولەجول زۆرینەی پارە بۆ ئەوێ دەچێت و، 2٪ بۆ صەحی بێت و،3٪ بۆ ئەو هەر بۆ مەعلومات یەعنی، پاشان گۆڕینی هەندێك باسیان كرد گۆڕینی ئەوە بە ئەوەندە (5) (12) ستانداردی دونیایە، خەبیرمان لێرەیە كاك ئەمیر باش دەزانی تەقریبەن ئەسراری زۆر گەورە لەسەری دەكەن، بە تأكید ئەو خوشك و برایانەی باسیان كرد فعلەن ئەو مەنتەلەقی ئێمە بوو بۆ ڕەدكردنی ئەو هەمواركردنە ئەوە بوو حكومەت خۆی لە خۆیدا ( لایزید عن كافی بالمیە) دەدات ماڵی ئاوابێت، ئیتر بۆ ئەوی تر وەڵلاهی مەكاتیبی تەشغیل موژدەیەكی باشە سوپاسیان دەكەین هیواداریین ئەگەر پڕۆژە یاسایەك هەبێت بۆ مەكاتبی تەشغیل كەرتی تایبەت زوو بۆمان بنێرن مەمنونتان دەبین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ئاراس ئێوە پرسیارتان هەبوو؟.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت لەڕێی بەڕێزتەوە سوئالێك ئاراستەی بەڕێز وەزیر بکەین پەیوەندی چیە لەنێوان ئەو لە30٪یەی کە هەیە لە ئیشتراکات لەگەڵ ئەو لە 4٪ەی کە ئێستا لێرە دەرج کراوە؟

سوپاس.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری کارو کاروباری کۆمەلآیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لە 30٪یە بەشداری بودجەی سالآنەی حکومەتە بۆ سندوقی زەمانەکە, لە سندوقی زەمانەکە ئەوەی دەدرێت ئێستا بۆ لای هەمووان ئاشکرابێت, لە 5٪ کرێکار دەیداتە سندوقی زەمان, 12٪ خاوەنکار دەیدات, نسبەکان لە 14٪ەی ئەو نسبەیە بۆ تەقاعودە,3٪ بۆ زەمانی صەحیە, 2٪ بۆ حیساباتی عەمەلە,یەك زەمانی صەحیە, واتە ئێمە ئەو نسبانە لەهی کرێکاران لە 5٪ەکە تەنها بۆ تەقاعود دەبێت, ئەوەی کە ئەو بەشداریەی دەدرێتە سندوقی زەمانەکە, کرێکار کە توشی پێکان دەبێت لەو سندوقی زەمانە دەدرێت, کە تەقاعود دەبێت لەو سندوقی زەمانەیە, کە موکافاتی نیهایەتی خدمە دەبێت لەو سندوقی زەمانەیە و, هەروەها ئیستسمار بکرێت لەو سندوقی زەمانە بۆ پڕۆژە بەپێی ماددەکان (80 - 81) ئەوانە لە سندوقی زەمانە بۆ خزمەتگوزاری بۆ کرێکاران, وەکو (خەستەخانە-دایەنگە-پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر), هەر هەمووی دەکرێت ئێمە لەو سندوقی زەمانە بکرێت, ئەوەی ئێستا هەیە داوای ئەوە دەکەین ئەو نسبەیەی کە ئێستا دەدرێت 12 ,5 ەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە, داوای ڕەتکردنەوەی ئەو هەموارکردنە دەکەم کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم پێم باشە ئەصلی قانوونەکە بخوێنمەوە دوای ئەو پێشنیارەی کە پێشکەش کرا بۆ هەموارکردنەکەی.

(المادە الثلاثون: واحد: علی اصحاب العمل تسدید الاشتراكات المستحقة علیهم و علی عمالهم للمؤسسة فی المواعید المحددة فی هذا القانون او فی الانظمة و التعلیمات الصادرة بموجبه و فی حالة التأخر عن الاداء فی المواعید المقررة یلتزم صاحب العمل بأداء غرامه للمؤسسة تعادل اثنان بالمائة من مبلغ الاشتراكات عن كل

شهر تأخير و فى حالة التأخر عن الأداء فى المواعيد المقررة يلتزم صاحب العمل باداء غرامة للمؤسسة تعادل خمسة بالمئة من مبلغ الاشتراكات عن كل شهر تأخير).

پرۆژەی حكومەت سێیەم كار بەبڕگەی یەكی ماددەی 30 یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكارن دەوەستێت، وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە، پێویستە لەسەر خاوەنكارەكان ئابوونەی سەربەخۆیان وە ئابوونەی كرێكارەكانیشیان بدەن بە دەزگاكە لەماوەی دیاریكراوی ئەو یاسایەدا، یان لەو ماوەیەی دا كە لە پەیڕەو و ڕێنمایەكانی دەرچوێنراوە و دیاریكراون خۆ ئەگەر لەوەحدەكەی سێ مانگ تێپەر بێت وە پارەكە نەدرا، ئەوە خاوەنكار پابەند دەبێت، كە لەسەر هەر مانگێك لەو دواكەوتنە غەرامەیەك بدات بە دەزگاكە یەكسان بێت بە 2%ی پارەی ئابوونەكان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنە لەگەڵ ئەو ماددەیە نین وە پێشنیار دەكەین دەستەواژەی ئەصلی وەك خۆی بمێنێتەوە، چونكە پرۆژەكە ئەو سزایەی كە دانراوە لەسەر خاوەنكار كەمدەكاتەوە.

زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەو هەمواركردنەیە كە لەلایەن حكومەتەوە بۆمان هاتوە.

سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت ئەو ماددەیە، ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، واتە ئیلغای ئەو پێشنیارە دەكەین، كە لەلایەن حكومەتەوە پێشكەشكراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو كەس فەرموو شلێر خان و دواتریش كاك شڤان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لێرە دەمانەوێت كەرتی تایبەت تەشجیع بكەین, وە ئەو كەسانەی لە كەرتی تایبەتدا ئیش دەكەن, خاوەن كارگەكان موعاناتێكی زۆریان هەیە, یەعنی كە دائیرەی زەمان دەچێت ناوی كرێكارەكانیان دەنووسێت, جاری وا هەیە ئەو كرێكارە لە لای ئەوانیش نامینێت, ئەو موستەمڕ هەر ئەو 17٪ەیەیە, بۆچی لە17٪ەیە؟ چونكە بەڕاستی كرێكار لە 5٪ەكەی نادات هەر خاوەن كارەكەیە لە17٪ەكەی بۆ دەدات, لەبەرئەوە ئەگەر حكومەت ویستبێتی تەشجیعی كەرتی تایبەت بكات, تۆزێك ئەركەكەی كەم بكاتەوە, من لێرەدا سوئالێكیش لە وەزیر دەكەم یەعنی ئێستا ئێمە مانگی سێی ئەو ساڵ جەماعەتی گەشتوگوزار هاتن بەڕاستی هەمووی بەتەمابوون هەرچی شوێنی گەشتوگوزار هەیە دایخەن, دەڵێ من بۆ ساڵانە تۆ لە 17٪ەكە لەمن وەردەگریت, نا, 12 نیە لە 17٪ەیە, چونكە هی كرێكارەكەش هەر ئەو دەیدات, من مەوسمی ئیشەكەم هەر سێ مانگ من داهاتم هەیە, وە ئێمە لە زستاندا هەر سیاحەمان ئیش ناكات؟ دووەمین: لەبیناسازیشدا كە سولفە دەكرێت بۆ مەقاول, پێشینەی بۆ دەكرێت دەبێ ئەستۆ پاكی لە سێ شوێنەوە بێنێ، یەكێك لەوانە دائیرەی زەمانە، ئێ باشە ئێمە ئێستا باسی كرێكاری بیناسازیمان كرد، ئەی دائیرەی زەمان چۆن ئەستۆ پاكی بەو بەڵێندەرە دەدات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمدعبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقەتەن من سەرەتا لێرە نەبووم، من پێم خۆش بوو لە سەرەتا ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر لە ڕێی جەنابتانەوە بكەم، من لەگەڵ ماددەكەمە وەكو ماددە وەك خۆی بمێنێتەوە، بەلاَم هەرچی تەماشای ئەو یاسایە دەكەم هەموو بڕگەكانی ئەم یاسایە بە پێی ئەو ڤیتاعەی كرێكاری كە لە كوردستان هەیە، 30٪ شمول دەكات، ئەوی تر ناچێتە بابی شمول كردنی ئەو هەموو  ڤیتاعەی كە كرێكارمان هەیە، بە پێی ئەو تەعریفەی كە لیژنەی پەیوەندیدار خوێندی, یەعنی چ مەخرەجێك بۆ ئەو حالە دەبیننەوە؟, پرسیار لە جەنابی وەزیر دەكەین چ مەخرەجێكیان هەیە بۆ ئەو خەڵكەی كە شمول ناكاتن وە كرێكارە؟  زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر ئاسۆس نەجیب.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری كارو كاروباری كۆمەلاَیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی کە کرا بۆ ئەو کرێکارانە, ئێمە هەر پڕۆژەیەك کە 3 کرێکاری زیاتری هەبوو مەشمول دەبێت, واتە ئەوە نیە تەنها کرێکار, ئەوە ئێستاکە تەطبیقی دەکەین, یەعنی تەنها ئەوە نیە لەبەرئەوەی کرێکارەکەلەوێیە, ئەگەر زستان بێت یان هاوین بێت, ئیشی هەبێت یان نەبێت ئێمە لێی وەرگرین, بەڵکو هەر پڕۆژەیەك 3 کرێکاری بەرەو ژووری هەبێت مەشمول دەبێت بە زەمانەکە, زەمانەکەش بەو شێوەیەیە کە پێشتر باسم کرد, بۆ تەقاعودە, بۆ زەمانی صەحیە, بۆ زەمانی حیساباتی عەمەلە, بۆئەوەی کە بیناسازیەکە پێشتر باسمانکرد, وتمان تاکو ئێستا نەمانتوانیوە گرفتێك چارەسەر بکەین, بەڵام ئەوەتا مسوەدەکەمان لەبەردەستدایە قانوونی زەمانی کرێکارانە, واتە ئێمە ناوی یاساکەشمان گۆڕیوە ئامادەشمان کردووە, بۆ ئەوەی بتوانین لە کۆنفراسێکدا ئەو ڕاوپێشنیارانەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەیە بتوانین بیکەینە پڕۆژە یاساکە, بۆ ئەومادەدەیە ئەوەی کە تێبینیمانکردووە ئەگەر بەو شێوەیە کاربکەین لەبەرژەوەندی کرێکاراندا نیە, چونکە تەنها پارەدان نیە بەڵکو ئیستیمارات پێشکەش دەکرێت بە خاوەن پڕۆژەکان، چۆنیەتی کرێکارەکە, ئیلتیحاق دەکات بەو پڕۆژەیە یاخود ئەو ڕۆژەی ئینهیای عەقدەکە دەکات, یاخود ئەگەر عەقدیشی نەبێت لەو ئیستیمارەیە باسی ئەوە دەکرێت دیاری دەکرێت, کە لەبەرواری چەند ئەو ئیشەی جێهێشتوە بۆیە ئەو ماددەیە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە, هەموار نەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە پڕۆژەی بچووکن 1 کرێکاری تێدایە, وە زۆرێك لە کرێکاران مەحروم دەبن, بۆیە ئێمە وەکو لیژنە پێشنیارمان کردووە ئەو بەڕاستی زەمان کردنە 1 کرێکاریش بگرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی قانوونی تێبینیتان هەیە؟, فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المادة الرابعة: یخفف العمل بالفقرة اثنین باء: من المادة 38 من قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنه 71 فی اقلیم کردستان العراق), کە ئەصڵی ئەو ماددە دوو بائیش دەربارەی ئەو عەرەبانەنە کە عێراق بەجێدەهێڵن (باء لاتدفع المؤسسة استحقاقات للشخص الموجود خارج العراق و تتوقف عن دفع الاستحقاقات الشخصیة یثبت انه غادر العراق الا فی احدى الحالات الاتیة: اذا کان المستحق العراقي و غادر البلاد بشکل قانونی و بعد موافقة الوزیر اذا کان لا المستحق عربی), ئەوەیە دوو لە باء (اذا کان المستحق عربي وقد عاد الى قطره بعد انتهاء خدمته المضمونة او اذا توفى و کان المستحقون من خلفه لا

یقیمون  فی العراق) وەکو ئاگادارن ئەوە بەندە، پەیوەستە بە ئەو کاتەی ڕژێمی پێشوو کە عومـالی عـەرەبی دەهێنـا بـۆ ئێـرە وە عەقـدی لەگـەڵ دەکـرد, چونکە ئـەو حالەتـە نـەماوە, ئێمـە پێمان باشـە فیعلـەن ئـەو ئیقتراحەی حکومەت پەسەند دەکـەین, کـە کـار بـەوە نـەکرێت, چونکە واقیعـەن لـە کوردسـتاندا نیـە ئـەو حالەتە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوە دەکـەین, کـەوا ئـەو بڕگەیـە نەمینێتـەوە, لەبەرئـەوەی وەکو بـەڕێز کـاك عبدالسـلام بـەرواری تـەوزیحی کـردەوە, ئـەو کرێکارانـەی وڵاتانـەی عـەرەبی بـەدەرکردووە لـە حکومەکانی ماددەی 38ی یاساکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ هەموارکردنەکە داین, کە وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هـاتووە, وەکـو هـەردوو لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتی و یاسایی, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تیبینی هەیە؟

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقەتەن ئەو سیغەی, کە پێشتر ئێستا لێرەدا ئیلغائمان کرد سیغەیەك بوو ئیمتیازێك بوو نیزامی بـەعس بە برا عەرەبەکانی دەدا بکە لە خارجی عێراق دەهاتنە کوردستان, یەعنی لەعێراق ئیشیان دەکـرد, ئێسـتا لە حاڵەتی کەدا ڕاستە ئێمە عـەرەبمان نیـە ئێسـتا, بـەڵام خـەڵکی دیکـەمان هەیـە لـە کوردسـتانی (تورکیـا-سوریا-ئێران) خەڵکی یەکجار زۆر ئیش دەکات, دەکرێت ئەو سیغەیە هەر لەسەر ئەو نەمەتە بـڕوات تـا ئـەو ئیمتیازە بەکرێکاری کورد بدرێتن کە لە کوردستاندا ئیش دەکاتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب /وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای پەسەند کردنی ئەو ماددەیە دەکەم, واتە ئەو ئیمتیازە نەمێنێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەربۆ تەوزیح ئێمە تەنها ئەو بڕگەیە کە باسی (اذا کان من قطر عربی)یمان کردووە, ئەوەی کاك شڤان باسی کرد لەناو یاسادا هەیە, ئەوەی لەدەرەوە بێت و گەڕایتەوە ولأتی خۆی ئەو شتانە یەك, دووەم: ئەگەر پاشان تەواومان کرد هاتینە سەر پێشنیارەکانی لوجنەمان, وتومانە هەمووی ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کە لەناو کوردستان ئیش دەکەن بگرێتەوە, ماعدا, ئەگەر خۆیان لە کۆمپانیەکە سیستەمی خۆی هەبێت, بۆیە ئەگەر هاتینە ئەو حاڵەتە ئەوە جەنابت دەڵێی هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەکان تێبینیەکیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی پێنجەم ئەصڵی قانوونەکە بەم شکلەیە.

(المادة 48 /واحد: على المرأة العاملة الحامل المشمول بأحكام هذا القانون ان تعرض نفسها على الجهة الطبية التی تعتمدها, تعتمدها المؤسسة عند ظهور الحمل لديها وعليها التقيد بعد ذلك, وحتى الوضع بالتعليمات الطبية التى تعطى لها) پێشنیار کرایە بڕگەك بە (ز) زیادبکرێت لەسەر ئەو ماددەیە, ڕای یەکەم: ئیلغاء کردنی فەقەرەکەیە دەڵێ لەحالەتی قبول کردنی زەرەر بە کرێکاری ژن دەگەیەنێت کە حامیلە, ڕای دووەم: تەئیدی پڕۆژەکە دەکات وەك ئەوەی کە لە حکومەتەوە هاتووە, ڕای سێیەم: تەئیدی ڕای حکومەت دەکات, بەمەرجێك مووچەکەی کەمتر نەبێت لەو مووچەی کە لە ریعایەی معاونەی ریعایەی ئیجتیماعی بۆ تەرخانکراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم لیژنە دەبینێت کە هەڵەیەکی زمانەوانی هاتووە, کە ئەصڵی بڕگەکە (ز)یە نەك (س) لەماددەی 48 نەك ماددەی 47, لیژنە پێشنیار دەکات نووسینەوەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت, ز: ژنی کرێکار بۆی هەیە داوای مۆڵەتی دایکایەتی بکات, دوای مۆڵەتی منداڵ بوون, بۆماوەی یەك ساڵ

بـەنیو مووچـە, بەمـەرجێك لـەژێر هێڵـی هـەژاری دا نـەبێت, واتـە كـەمتر نـەبێت لـەبڕی پـارەی تـۆڕی كۆمەڵایـەتی, وە مووچـەكە لـە بەڕێوەبەرایـەتی كـارو دەسـتەبەری كۆمەڵایـەتی وەرگرێـت, بەمـەرجێك گرێبەستی تەواو نەبووبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرمووو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی هەمواركردنەكەیە, كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

بەڕێزان (ژیان عمر شریف – احمد وەرتی - فاضل محمد بەشارەتی– شڤان احمـد – محمـد دلێـر محمـود – سیوەیل عثمان – دڵشاد حسین) ئـەو بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە (ژیـان عمـر – شـەونم محمـد – د. احمـد ابراهیم – فاضل محمد – هاژە سلیمان – شڤان احمد – محمد دلێر- سیوەیل عثمان – دڵشاد حسین)

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئـەو ماددەیـە خـۆی لـە هـەموو دونیـا وایـە یـەعنی پیـاو 6مـانگی وەردەگرێـت, ژنـیش 6مـانگ وەردەگرێت, بەپێی ئیتیفاقاتی دوەلیش مافی ژن خۆیەتی, كە تمەتوع بكات بەئیجازەی ئومەمەوە, وە ئەو نیو ڕاتبە زۆرجار ئەوە لەناحیەكەوە لەناحیەكی ترەوە ئافرەتەكە كە خـۆی نیـو ڕاتبـی هـەبێت, دیـارە كـە كرێكار بێت دیارە پێویستی بەمووچە هەیە دەیەوێت كاربكات, كە نیو ڕاتبـی هـەبێت لەوانەیـە خـۆی هـەر تمـەتوع بكـات بـە 3مـانگ یـان 2مـانگ خـۆی بگەڕێتـەوە بـۆ سـەركارەكەی و بۆئـەوەی هـەموو ڕاتبەكـەی وەربگرێت, ئەو نیوەیە وەرنەگرێت, لەبەرئەوە من پشتگیری ئەوە دەكەم و زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرمووو.

**بەڕێز شەونم محمدغریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لـەو بڕگەیـە وەك ڕوونكرایـەوە بەڕاسـتی ئیجحافێـك دەبیـنم بەحـەقی ژن, ئەگـەر ژنێـك كرێكـار بێـت بێگومان مەعاشەكەی ئەوەندە زۆر نیـە كـە بتوانێـت ژیـانێكی زۆر مورەفـە ببـات بـەڕێوە, كـە منداڵێكیشـی دەبێت پێویستی بەوەیە چ بۆخۆی چ بۆ بەخێوكردنی منداڵەكەی ژیانێكی باش تـەئمین بكـات, مەعاشـێكی

باشی هەبێت، یەعنی موناسەبە چیە بکرێت بە نیوە؟، بەڵام ئەگەر پیاوێك نەخۆش بێت ئیجازە وەربگرێت بێت مەعاشی کامل وەربگرێت، لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم ئەگەر ئەو بڕگەیە تەعدیل بکرێت ژنەکانیش مەعاشی تەواو وەربگرن، هەتاکو بەو مەرجەی کە دیاریکراوە ئەگەر هاتو عەقدەکەی کۆتای نەهاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو ماددەوە یان وەکو لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دا هاتووە، من پشتگیری لە ڕای سێیەم دەکەم یەعنی ئافرەت بۆخۆی لێرە بەشێوەیەکی ئیختیاریە دەتوانێت بۆی هەیە کە ئەو ئیجازەیە وەربگرێت، بەڵام ئەو مووچەیە کەمتر نەبێت لە هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی، چونکە نیوەی ڕاتب داندراوە نیوە ڕاتبەکە ئایا چەندە؟ تەحدید نیە، لەبەرئەوە ئەگەر کەمتر نەبێت لەو مووچەیەی کە لە چاودێری کۆمەڵایەتی دەدرێت بۆئەوەی زیان بە ئافرەتەکە نەگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێشنیارم ئەوەیە وەکو مولاحەزەیشم لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی لەکاتی ئیجازەی دایکایەتیدان نیو مووچەیان بۆ سەرف بکرێت، ڕاستیەکەی من ئەوە بە وەکو ئەڵێن خیلاف یان ڕێزنەگرتن لەو دایکانە دەزانم کە منداڵ وەبەرهەمدەهێنن، چونکە بەڕاستی هەمووومان دەزانین لە هەندێك وڵاتانی دەوروبەریش چەند مانگ پێش منداڵ بوون ئیمتیازی زیاتریش بەو دایکە دەدرێت وە مۆڵەتیشی پێدەدرێت هەتا منداڵەکەی دەبێت، بۆیە بەحەقیقەت من ئەوە پێشنیاردەکەم ئەو نیو مووچەیە لابرێت و بکرێت بە مووچەی کامل و ڕێزیش لەو دایکە بگیرێت کەمنداڵ وەبەرهەم دەهێنێت، بۆیە بەحەقیقەت من ئەوە بەخیلاف دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لەو هاوکارانە دەکەم کە باسیان لەوە کرد, کاتێك کە ئافرەتی کرێکار مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرێت بە ڕاتبی تەواو بێت, چونکە لە دامودەزگا حکومیەکانیش ئەو جۆرە بڕیارە هەیە, یەعنی 6مانگ بەڕاتبی تەواوە, 6 مانگ بە نیوەی ڕاتبە, بەڵام ڕاتبی یەعنی ئافرەتی کرێکار جیاوازی هەیە لەگەڵ ئافرەتی فەرمانبەر, وە لەبەرئەوەی بەڕاستی لە زۆربەی زۆری ئەو شوێنانەی کە ئافرەت کاری لێدەکات دایەنگا نیە, بۆیە بە پێویستی دەزانم بەڕاتبی تەواو 1 ساڵ مۆڵەتی دایکایەتی پێبدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناتوانین بەپێی یاسا ئیجباری صاحیب کار بکەین ڕاتبی کامل بداتن, بەڵام دەکرێت بەدیلی ئەوە ئێمە داوا لە حکومەت بکەین بەپێی بڕگەیەکی یاسا کە نیوەکەی بۆ پڕبکاتەوە, یەعنی ڕاتبی کامل بداتە ئەو دایکە وە بەحەقیقەت من دەبینم بەشێوەیەکی غەیر موباشر ئەوە تەحدید نەسلە, تەحدید نەسلیش لە صالحی ئێمەی کورد نیە, چونکە بەس ئێمە دەزانین چ کارەساتێکمان بەسەر هاتووە, دەبێت ئاگاداری ئەو مەوزوعە بین, دەبێت تەشجیعی نەسل بکەین, نەك تحدید نەسل بکەین, زۆر سوپاس ئەگەر لە بڕگەیەك حکومەت پڕکاتەوە ئەو ڕاتبە وە ئیمتیازی زیاتریشی پێبدرێتن بەهەر بڕگەیەکی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شتە خۆی دوو لایەنەیە لەلایەکەوە بۆ خزمەتی کرێکاران و لەلایەکی تریشەوە بۆ مەسەلەی هاندان بێت بۆ کەرتی تایبەت, کەرتی تایبەت ئەگەر هان نەدرێت و تەسهیلاتی بۆ نەکرێت و هەڵبەتە ئەویش ناتوانێت کرێکار ئیستیعاب بکات بۆلای خۆی, لەبەرئەوە من بەباشی دەزانم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, بەڵام ئیضافەی ئەوەی بۆبکرێت ئیضافەکە ئەوە بێت ئەو نیو مووچەیەی کە وەریدەگرێت کەمتر نەبێت لە هاوکاری مانگانەی چاودێری کۆمەڵایەتی, ئیتر ئەوە ئەگەر حکومەت دەیخاتە سەر ئەستۆی خۆی یان کەرتی تایبەت ئەگەر هاوکاری بکات. بەهەرشێوەیەکیان بێت, ئەگەر حکومەت بیخاتە سەرخۆی لە ماوەی ئەو ساڵەدا باشترە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کراو, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەڕەی (ج) لەو ماددەیە, کە لە مادده ئەصڵیەکە هاتووە, کە دوای وەزعی حامیل بوون یان ویلادە, شەش هەفتە بە موجاز حیساب دەکرێت, من پێشنیار دەکەم ئەو فەقەڕەی (ج) گۆڕانی بەسەردابێت بکرێت بۆ شەش مانگ یان بە ئیجازە حیساب بکرێت, پاشان ساڵێك بە ڕاتبی کامل بۆ ژنی شیردەر, بۆبەخێوکردنی منداڵەکەی بدرێت لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی, زۆر سوپاس, نەء ساڵێك، یەك ساڵ، شەش مانگی یەکەم, (ج) شەش هەفتەیە بکرێت بە شەش مانگی یەکەم, ئیجازە بە ڕاتبەوە بکرێت بە ساڵێك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو وەزیرێك و تەنها وەزیرە ژنێك لە ئەنجومەنی وەزیران, من لە 100٪ لەگەڵ ئەو ماددەیەم, بۆئەوەی بتوانین ئێمە ئەو کرێکارە ژنانەی کە لە پڕۆژەکان یان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن, مافیان بپارێزین, بەلاَم مەترسیمان هەیە بەڕاستی من مەترسیم هەیە لەجێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە, لەبەرئەوەی ئێمە وەکو ڕاپرسیەك, ڕاپرسیمان لەگەڵ خاوەن کارەکان کردووە, لەئێستاوە هەندێك خاوەن پڕۆژە و خاوەن کار هەیە, لەئێستاوە بڕیاری ئەوەیان داوە کە ئەو ماددەیە بگرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، هەلی کار نەدەنە دەست ژن, مەترسی ئەوەمان هەیە, بەلاَم داوای ئەوە دەکەم ئەگەر ئەو ماددەیە پەسەند بکرێت, ئەو مووچەیە لەلایەن حکومەتەوە بدرێت نەك لە سندوقی زەمان, ئەو مووچەیە لەلایەن حکومەتەوە بدرێت, حکومەت تەحەمولی ئەوە بکات نەك لە سندوقی زەمان, چونکە لە سندوقی زەمان لەوانەیە ئێمە تووشی عیجز بین, وە ئەگەر پێشتان باشە دیراسەی زیاتری بکرێ و, بۆئەوەی بخرێتە پڕۆژە یاسای زەمانەکەوە کێشەمان نیە, بەلاَم من لە سەداسەد لەگەڵ ئەوەم, بەلاَم بەمەرجێك حکومەت تەحەمولی بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە لە حکومەت هاتبوو, حکومەت خۆی ئامادەیی خۆی دەربڕیە, یەعنی ئەو دەقەی کە خوێنرا, کە ساڵێك بە نیو مووچە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار بدرێت, پێشنیاری حکومەت بوو, بۆیە ئێمە پێمان خۆش بوو حکومەت وابکات, تەنها تەعدیلێ کە داوامان کرد بوو ئێمە و لیژنەکانی تریش, کە ئەو بڕە پارەیەی نیو ڕاتب چونکە خۆی کەم وەردەگرێت, کەمتر نەبێت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی, وە لەسەر ئەساسی ئەو ژنە، ئەو خوشکە، خۆی دەستەبەرکراوە, بۆیە پارەی داوە حصەی هەیە لەو سندوقە, پێشنیاری ئەوەی کە حکومەت بیدات، ڕێگایەکی تر بدۆزن, ئێمە هیچ مانعمان نیە لەگەڵ ئەوەینە ئەو ئافرەتە بۆ ئەو ساڵە مافی ئەوەی هەبیت, قسەکانی وابزانم ژیان خان بوو زۆر موهیمە لە ڕووی عەمەلیەوە دوو، سێ جار بیر لەخۆی دەکات, بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەو مافەی هەبێت, دەمەوێت یەك شت ئیضافە بکەم بەڕێزان لە یاسای کار, ئەوەی تا ئێستا ماوە ژن یان مافی ئیجازەی وەزعی هەیە 72 ڕۆژ, واتە دوو مانگ و نیو, لە ئەو پڕۆژەیاسایەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆکراوە و لێرەش لەگەڵ پسپۆران لەوێ کراوە بە 90 ڕۆژ, واتە سێ مانگی یەکەم ئیجازەی کامل ڕاتب وەزعی هەیە, تەبعەن لە یاسای کار باسی ئەو حاڵەتەی کردووە, ئەگەر هاتو ڕاپۆرتی پزیشکی هینا, وە باری تەندروستی ئەو زۆر هاوکار نەبیت, بۆی هەیە وابزانم ئەویش تا ساڵێك، 9 مانگی تر داوای ئیجازە بکات, بۆیە ئێمە لێرە لە زەمان, چونکە ئەو یاسایەش دەرنەچووە, ئێمە پێشیان کەوتین, وە زۆر زۆر پێمان خۆش بوو ئەوەی لەلایەن حکومەت هاتووە, تەنها یەك شت ماوە تاکو ئێمە مەضمون کەین کە لە تۆڕی هەژاری, واتە لە مووچەی تۆڕی کۆمەڵایەتی کەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی شتێکتان هەیە؟ لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە لەو بارەیەوە,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان یەك دەقیقە قسەت دەدەمێ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاش ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز وەزیر, کە ئەو حاڵەتە وادەکات خاوەن کارەکان ژن لەلایەن خۆیان وەکو کرێکار وەرنەگرن, بەڕاستی ئەوە زەربەیەکی گەورەترە لەوەی کە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین, با ساڵێك بە مووچەی تەواوبێت, ئێمە هەر چۆنێك بێت دەمانەوێت ئەو ژنە مەعاشەکەی نەبڕدرێت, بەڵام ئەگەر حکومەت خۆی ئەوکارە دەکات و مەعاشی دەداتێ, من تەئیدی ئەوە دەکەم کە ڕاتبەکە لە مەعونەی ئیجتیماعی کەمتر نەبێت و دەبڕێتەوە, بۆئەوەی ئەو فرسەتە لەبەردەمی ژناندا بەهۆی تەعدیل کردنێکەوە ئەو فرسەتی کارکردنە لەبەردەمی ژناندا لانەبەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاسۆس خان.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەی ئێمە مووچەکە نیە, ئێمە بە هەموو شێوەیەك دەتوانین هاوکاری ئەو ژنە بکەین, بەڵام ئێمە کێشەکەمان لەوەیە شەرتەکە ئەوەیە (بشرط عدم انتهاء العقد), ئێمە وەکو حکومەت ناتوانین, تاکو ئێستا دەسەڵاتی ئەوەمان نیە, کە گرێبەستێك لەکەرتی تایبەت بەو شێوەیە بێت, کە نەتوانێت فەسخی بکات, یەعنی کێشەکەی ئێمە تەنها گرێبەستەکەیە, مووچەکە ئەگەر بەچاودێری کۆمەڵایەتیش بێت کێشەی ئەوەمان نیە, بەڵام گرێبەستەکە کێشەمانە لەگەڵ خاوەن پڕۆژەکان, خاوەن کارەکان کە گرێبەستەکە فەسخ بکەن و ئەو ژنە دەربکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم

پڕۆژەی حکومەت بەو شێوەیەیە, کار بەبڕگەی (ﻫ) ماددەی 50ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و کرێکاران دەوەستێت, وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە, (ﻫ) ئەگەر خانەنشینەکە بمرێت, ئەوە مووچەی خانەنشینی تەواو, وە مووچەی بەشێك لە خانەنشینە نەخۆشەکەی کە دەکاتە مووچەی 75٪ی پەککەوتەیی تەواودەدرێت بە منداڵەکانی, بەڵام مووچەی بەشێك لە خانەنشینە نەخۆشەکە ئەگەر پەککەوتەیی لە 75٪ کەمتر بوو, ئەوە بە مردنی خاوەنەکەی ئیدی بەتەواوی دەبڕدرێت, ئەصڵی قانوونەکە بەو شێوەیەیە, بەزمانی عەرەبی (یحول (ﻫـ) یحول راتب التقاعد المرضی الکامل عند وفاة المتقاعد مرضیاً الی خلفه, اما راتب التقاعد المرضی الجزئی فینقطع نهائیاً عند وفاة صاحبه), ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پڕۆژەکەی حکومەت دەکەین, بەوشێوەیەی کە هاتووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوانین, چونکە ئەوە فراوانکردنی مافە بۆ کرێکار, ئەوەی عیجزی جوزئی هەبیت, لە 75٪لەسەرەوە تەقاعودیەکەی بەردەوام دەبێت, ئێمە بە سوپاسەوە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەراورد کرن لە نێوان هەردوو دەقەکە، لیژنە بۆی دەرکەوت کە ئەو هەموارکردنە لەبەرژەوەندی کرێکاران دایە, بۆیە ئێمە پەسەندی هەموارکردنەکە دەکەین وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان لێرەدا دیارە شتێکی باشە بەرامبەر بەو پڕۆژە یاسایە, گرینگی پێدانێکی باشە بەرامبەر بە کرێکاران, بەڵام بە نسبەت تەقاعودەکە, ئەوەی کە دەڵێ ڕێژەی نەخۆشیەکەی یاخود عیجزەکەی بەرامبەر بە 75٪ تەقاعودیشی دەبڕێت و بۆ ئەوانەی کە لە دوای دێن, بەڵام ئەوەی کە کەمترە لە 75٪کە دەڵێ تەقاعودیەکەی هەر نامێنێت و کۆتایی دێت, باشە ئەدی ئەگەر ئەو شەخصە مندالی لە 18 ساڵ کەمتری هەبوو, و سەرچاوەی دارایی تری نەبوو, چۆن بەڕێوە دەچێت؟ بۆیە باشترە لێرەدا نیسبەیەك دیاری بکرێت, بۆ نیسبەی تەقاعودەکەی کە لە 75٪ کەمترە عیجزەکەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆئەوەی ئێستا کە چی جێبەجێ دەبێت؟, ئەوەی ئێستا هەیە ئەگەر کرێکارەکە نەخۆش بێت, ئیتر ئەگەر تەقاعودەکە ئەوەی کە بۆی دەبڕێتەوە مرضی بێت یاخود نەخۆشیەکەی عیجزی کامل بێت یان عیجزی جوزئی بێت, دەبێت بگاتە لە 100٪ ئەوکاتە دەدرێتە وەرەسەکەی, دەبێت لە 100٪ بێت, بەڵام لێرەدا داوای ئەوەمان کردووە لە 75٪ بەرەو ژوورەوە کاتی مردنی کرێکارەکە,

موتەقاعودەکە بۆ خەلەفەکەی بڕوات, بەڵام ئەوەی کە دەڵێت لە 75٪ کەمترە, کاتی وەفاتی ئەو کاتە ئەو مووچەیەی خانەنشینیە دەبڕێت, بەڵام هەمان کات ئەگەر بەخێوکەری نەبێت وەرەسەکەی ئێمە مەشمول دەبێت بە چاودێری کۆمەڵایەتی و هاوکاری دەکرێت, واتە ئەگەر لێرە مەلەفەکەی داخرێت, بەڵام لە شوێنێکی ترەوە هاوکاری بۆ دەبڕێتەوە, بۆیە داوای پەسەندکردنی ئەو بڕگەیە دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان ئەگەر تێبینیەکیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە السابعە: يوقف العمل بالفقرة ج من المادة 60 من قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي, للعمال رقم 39 لسنة 1971 في اقليم كوردستان-العراق, ويحل محلها ما يلي: ج: اذا توفى المتقاعد المصاب بعجز جزئي اكثر من 75٪ يحول راتبه الى خلفه, واذا كان العجز الجزئي للمتوفي اقل من 75٪ يمنح خلفه تعويضاً يساوي راتب التقاعد عدا الاصابة الجزئي عن اربع سنوات في حالة عدم استحقاق الخلف لتقاعد الوفاة.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم

پڕۆژەی حکومەت بەو شێوەیەیە, کار بە بڕگەی (ج) ماددەی 60 لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران دەوەستێت, ئەوانەی خوارەوە جێگای دەگرنەوە, (ج) ئەگەر خانەنشین زیاتر لە ڕێژەی 75٪ی پەکی کەوتبێت, ئەوە لەو بارەدا مووچەکەی دەدرێت بە منداڵەکانی, بەڵام ئەگەر ڕێژەی پەکەوتنەکەی لە 75٪ کەمتر بوو, ئەوە قەرەبوویەك دەدرێت بە منداڵەکانی یەکسان دەبێت بە مووچەی خانەنشینی تووشبوونی جوزئی چوار ساڵ, ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر منداڵەکانی موستەحەقی خانەنشینی مردنەکەی نەبن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوەی ماددەی پێشوو, هەموارکردنی ئەو ماددەیە لەبەرژەوەندی کرێکارانە, لەبەرئەوە پشتگیری هەموارکردنەکە دەکەین بە بەراورد لەگەڵ ماددە ئەصڵەکە, ئەو هەموارکردنە پێشکەوتوو ترە بۆ خزمەتی کرێکاران, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەر ماددەكە نیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ یەك كەس فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە كە تەعدیل كراوە لەگەڵ ماددە ئەصڵیەكەی, ماددەی ئەصڵی 60 (ج), (ج) لەوێ نووسراوە (المتقاعد المصاب بعجز جزئی) نسبەتەكەی دانەناوە, ئەو ماددەیە نسبەتەكەی داناوە بە 75%, كەواتە ماددە ئەصڵیەكە زۆرتر لە قازانجی كرێكاردایە, تا ئەو تەعدیلەی كە كراوە, چونكە نسبەتی عیجزەكەی داناوە, ئەگەر عیجزەك 60% بێت شمولی ناكات, لە 74% بەرەو خواربێت شمولی ناكات, بەڵام ماددە ئەصڵیەكە نیسبەتی عیجزی دانەناوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری كار وكاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوای هەمواركردنەوەی ئەو دوو ماددەیەمان كردووە, لەبەرئەوەی ئێستا ئەوەی كە هەیە دەبێت دەرەجەی عیجز, ئەگەر لە پێكان بێت یاخود خانەنشین بێت, دەبێت لە 100% بێت ئەوكاتە وەرەسەكەی دەتوانێت موستەفید بن لە خانەنشینەكەی, بەڵام ئێمە لێرە داوای فراوان كردنمان كردووە, لە 75% بەرەو ژوورەووە موستەفید دەبێت, واتە ژمارەیەكی زیاتر لە كەسوكاری ئەو كرێكارە ئیستیفادە دەكەن, بۆ بەرژەوەندی كرێكارانە, بەڵام صیاغەكە داوای ئەوە دەكەم بە دوو فەقەرە بێت فەقەرەی (ب), فەقەرەی (ج), ( اذا توفی المتقاعد المصاب بعجز جزئي اكثر من 75%, فاكثر يحول راتبه الى خلفه والفقرة (ج) كالاتی), ( اذا توفي المتقاعد المصاب بعجز جزئی اقل من 75% يمنح خلفه تعويضاً يساوی راتب التقاعدی اصابة الجزئی ان اربع سنوات, في حالة عدم استحقاق خلفه لتقاعد الوفاة), واتە ئێمە دوو حاڵەتەكەمان بەوردی داناوە, ئەوەی یەكەم (فی مرض) (مرض)ەكەش شتێكی ترە لە دوو حاڵەت ئەوە ئیسابەیە, ئیسابە شتێكی ترە, لێرە خەلەفەكەش لەكاتی ئەوەی لە 75% خوارتریش بێت, ئێمە لەبەرژەوەندی خەلەفەكەش لێرەشمان نووسیوە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر تەوزیحێك, وابزانم كاك دڵشاد بوو, (ج) ئەصڵی باس دەكات دەڵێت ئەو عیجز جوزئیە بەس تەنها چوار ڕاتبی دەدرێتێ و خواحافیز, پرۆژەی حكومەت چی وتووە؟, وتیتی ئەگەر عیجزەكەی لە 75 زیاتر بێت ڕاتبی كامل وەردەگرێت, ئەوەیە ئیضافەكە (اذا توفى المتقاعد المصاب بعجز جزئى اكثر من 75٪ يحول راتبه الى خلفه, راتبه يعنى الراتب التقاعدى), وە پاشان ئەوەی كەمتر لە 75٪ ئەحكامی كۆنەكەیە, حەزدەكەم باش بەوردی بخوێنی,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

يوقف العمل بالفقرة (أ و ب) من المادة 65 من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم 39 لسنة 1971 في اقليم كوردستان - العراق, ويحل محلها ما يلى: أ: اذا اكمل الرجل 55 من العمر, او اذا اكملت المرأة 50 عاماً من العمر, وكانت لأى منهما 25 سنة مضمونة على الاقل, ب: اذا كانت للرجل 25 سنة خدمة مضمونة على الاقل, او كانت للمرأة 20 سنة خدمة مضمونة على الاقل), بەڕێزان ئەگەر تۆزێك تەوزیحی بكەین, ئەوەیە ماددەی 65 دەڵێت عاميلی دەستەبەركراو كە خزمەتەكەی تەواو ببوو, شایەنی مووچەیەكی خانەنشینیە لەو حاڵەتانەی خوارەوە, كە (ا و ب و ج), ئەصڵیەكەی ئەگەر ئیجازە هەبێت, ئەصڵیەكەی دەڵێت ئەگەر پیاو 60 ساڵی تەواو كرد, ئافرەت 55 ساڵی تەواو كرد, وە 20 ساڵی خزمەتیان هەبێت, هەمواركردنەكە داوا دەكات لەجیاتی 60 پیاو 55 ساڵ, لەجیاتی 55 ئافرەت 50 ساڵ, وە لەجیاتی 20 ساڵی خزمەت 15 خزمەت بێت, ب: ئەگەر پیاو ئەصڵیەكەی دەڵێت ئەگەر 30 ساڵی خزمەتی مەضمونی هەبێت بەكەمی, وە ئافرەت 25 خدمەی مەضمونی هەبێت, واتە 20 ساڵ, 30 ساڵی ئیشی كردووە و دەستەبەركراو بوو, بەلاّم تەمەنی نەگەیشتووتە ئەو تەمەنەی 65 ساڵ ئەوكاتیش حەقی خانەنشینی هەیە, لێرە جارێكی تر پێشنیارەكە لەجیاتی داوای 30 ساڵی كاری دەستەبەركراو لە پیاو بكات, بۆی كەم كردووە، بۆ 25 , وە لە ئافرەتیش 25 كراوە بە 20 تا بزانن ئەصڵی ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی ڕەفزی هەمواركردنەكە دەكەین, لەبەرئەوەی ناگونجێت لەگەڵ پەیڕەوە نێو دەولیەكان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشت بەستوو بەوەی كە تەمەنی لە 5 ساڵ, بڵێین ئەو كرێكارە قازانج دەكات, هەم لە تەمەنی كاركردنی مەضمون, وە لەبەرژەوەندی كرێكارانە, ئێمە لەڕاستیدا وەكو لیژنەی ئابووری, لیژنەی دارایی تەئیدی پڕۆژەكە دەكەین, ئەگەر گونجاو بێت لەگەڵ چوارچێوەی یاساییە,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (عمر عبدالعزیز – سۆزان شهاب – پەیمان عزالدین – سیوەیل عثمان – صباح بیت الله).

ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (مامۆستا عمر – سۆزان خان – پەیمان خان – سیوەیل خان – كاك صباح)

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر تەمەنەكان تێبینیم نیە, بەس چوار هەڵەی زمانەوانی تێدایە بەڕێزان نەوەكو هەروا تێپەڕێت و دووبارە بێتەوە, (اذا اكمل الرجل 55 من العمر), لە دێری دووەمیش (اذا اكملت المرأة 50 من العمر) و, هەروەها لە فەقەڕە بائیش ( اذا كان للرجل 25 سنة ) وە لەدێری ئاخیریش (او كانت للمرأة 20 سنة) ئەوانە چاك بكرێت نەوەكو تێپەڕێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی نەصی, یەعنی مەشروعەكەی دەكەم كە لەلایەن حكومەتەوە نێردراوە, ڕاپۆرتی لیژنەی كۆمەڵایەتی, ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی, وە دەمەوێت بزانم بۆچی لیژنەی قانوونی رەفزی كردووە؟ لەبەرئەوەی لەگەڵ مەعایری ئەوانیش نگونجێ رەفزیان كردووە, داوای لێبوردن دەكەم وەمزانی لای ئێوەش هەن, چونكە لە ڕاپۆرتەكە لەبەردەممدایە واناڵێت, بەلاّم من تەئیدی دەكەم, بۆچی؟ ڕاستە مەعایری دوەلی ئەجوائی كاركردنەكەشیان فەرقی هەیە لەگەڵ ئێمەیە, بۆیە 65 ساڵ ئینجا تەقاعود دەبێت, تۆ سەیری

ئەجوائی کاری کەسێك بکە، کە لە ولاٌتێکی پێشکەوتوو ئیش دەکات، لە ئەوەل ڕۆژەوە بە عەقد، و بە زەمان، و تەئمین صەحی بۆ دەدرێت، زەمانی تەقاعودیەکەی ئەکرێت لەڕێگەی بنوکەوەو، لە ڕێگەی شەریکاتی تأمین و پاکێتەوە، ئەوەی ئێمە ڕۆژێك لەم کارگەیە ئیش دەکات، ڕۆژێك لەو ماڵە ئیش دەکات، ڕۆژێك لای ئەو دوکانە ئیش دەکات، ڕۆژی دواتر کابرا دێت دەری دەکات یەکێکی تر دادەنێت، ئەوە کەی ئەجوائی صەحی و مەعایری دوەلیە، هەتاکو ئێمە خۆمان ببەستینەوە بە مەعایری دوەلی، بۆیە من پێم باشە ڕێك وەکو ئەوەی کە هاتووە لەلایەن حکومەتەوە، وەك خۆی ئەو ئەوەی کە داوایان کردووە وەك خۆی بڕوات، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەڕاستی من لە ڕوویەکەوە لەگەڵی نیم، وەختێك ئێمە لە یاساکانی تر قسە لەسەر مەبادئی یەکسانی و، قسە لەسەر مەسەلەی جێندەر دەکەین، ناکرێت بە تەنها یەکسانیمان لە حقوقەوە بوێت، مەفروزە لەئەرکیش دابێت، من بە خۆم تێناگەم لەوەی کە حیکمەت لەوە چیە؟ لێرە ژن و پیاو جیاکراوەتەوە ئەو بە 50 ساڵ بێت، ئەو 55 ساڵ بێت لە کاتێکدا کە ئیشی کرێکاری بۆ هەردووکی وەکو یەکە، ئەوەی کەئێمە باسی دەکەین ئەو یاسایە دەیگرێتەوە، کرێکاری بیناسازی نین، هەتا بڵێین پیاوان زۆرتر ئەرکی جەستەیی و ماسولکەییان لەسەرە، ئەمە ئیشێکە ئەوەی کە لە مەعاملە ئەهلیەکان داهەیە، لە مۆڵەکان داهەیە، لەو جێگایانەدا هەیە، کە ئەو قانوونە دەیگرێتەوە، ئەوە حیکمەت چیە لە جیاوازی کردنی؟ وە ئەوەی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکرێت، بەس بڕگەی با لەو ماددەیە ئەوەی کە لە حکومەتەوە هاتووە، بەتەنها بۆ پیاوی حیساب کردووە، ئەگەر خزمەتەکەی 25 ساڵ بێت نازانم ئەوان تەصەوڕ دەکەن ژن نەگاتە 25 ساڵ، چی؟، بەڕاستی لە هەموو حاڵەتێکدا مەفروزە بنەماکانی یەکسانی بۆ هەردووبڕگەکە ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیە، ئەمن لەگەڵ ئەصڵی ماددەکەمە، کە ئەگەر پیاو تەمەنی 60 ساڵ بێت و، ژنیش تەمەنی 55 ساڵ بێت، لەبەرچی؟ ئەگەر ئەوانە خانەنشین کران لەتەمەنی 50-55 ساڵی، باری ئابوورییان خراپە، کەم دەرامەتن، مەجبورن سبەینێ چ لە کۆمپانیایەك، لەشوێنێکی دیکە بە عەقد، بە گرێبەست، دیسان کاردەکەنەوە، ئەگەر خانەنشینیش بکرێن، لەبەرئەوە وەزعی ماددیان خراپە، دوایی ئەو تاقەتەیان

هەیە، یەعنی 15 ساڵ خزمەت چیە بۆ کەسەك کە دانیشی تەقاعودی بکەی، خانەنشینی بکەی؟ عەفوو، لە کەرتی گشتی هەمانە، ئێستا 40 ساڵیشی خزمەتی هەیە، ڕاستە کەرتی گشتی فەرمانبەرە، مۆزەفە، مامۆستایە، یان کارگوزارە 40 ساڵ خزمەتی هەیە، ئەگەر تەمەنی دەگاتە 65 ساڵ ئینجا بۆ خۆی دەچێت خۆی تەقاعود دەکات بەتۆپزی، ئەگەر ئیختیاری بێتن تەمەنی بگاتە 70 ساڵیش خۆی تەقاعود ناکات، واتە لەگەڵ ئەصڵی ماددەکەی نیم پێم باشە و باش ترە و، لەبەرئەوەی تاقەتی ئیش کردنیان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو هەموارکردنە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوکاتەی کە ئەو بڕگانەمان نارد دیارە، لەبەرئەوەی زۆری پێچوو لەپەرلەمان، بواری ئەوەمان بۆ رەخسا لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی داوای ڕایان بکەین، ئەوان رەخنە لەو ماددەیە دەگرن، دەڵێن لەبەرئەوەی ستانداردی نێودەوڵەتی دژی ئەو ماددەیەیە، ئێستا تەمەن لە وڵاتانی تر زیاد دەکرێت نەك کەم بکرێتەوە، بەڵام وەك ڕوونکردنەوەیەك، ئەوەی کە ئێستا هەیە باسی ئەوە دەکەین تەمەنی بگاتە 60 بۆ پیاو، 55 بۆ ژن، ئێمە لەکەرتی تایبەت دەریان ناکەین، بەڵکو دەڵێین ئەوکاتەی کە تەمەنی گەیشتە ئەوە بۆی هەیە داوای خانەنشینی بکات، بۆیە داوای ئەوە دەکەم ماددەکە، هەروەکو ئەصڵی ماددەکە 65 وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەموارکردنەکە پەسەند نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەکان تێبینیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

یوقف العمل بالمادة 69 من قانون تقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم 69 لسنة 71 في اقلیم کوردستان-العراق، ویحل محلها ما یلی، هەموارکردنی بڕە پارەی دیاریکراو لە ماددەی 69، کە بە گوێرەی بەرزترین و کەمترین ڕادەی گشتی مووچە، مووچەی خانەنشینی دانراوە، هەروەها کەمترین ڕادەی گشتی مووچەی

خانەنشینی بەشی (التقاعد الجزئی), بەم شێوەیەی خوارەوەیە, ا: لەکاتی کارکردن بەبەندی 68 مووچەی خانەنشینی نابێتە ڕەها, بەڵکو بەرزترین ڕادەی بۆ دادەنرێت, بە مەرجێك تێنەپەڕێت لە بەرزترین ڕادەی مووچەی خانەنشینی, بەڕێژەی لە 80٪ لە ناوەندی کرێی دوا ساڵی دانی بەشداریەکان, ب: کەمترین مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقە جیاوازەکانی دەستەبەری لەو یاسایە لەهەر بوارێك دابێت, نابێت مانگانە کەمتر بێت لە 180 هەزار دینار, وە ئەگەر بە گوێرەی هاوڕێژەی ئەژمارکردن مووچەکەی کەمتر دەرچێت دەگەیەنرێتە ئەو ئاستە, واتە بەرز دەکرێتەوە, ج: مانگانە 120 هەزار دینار بۆ کەمترین ڕادەی گشتی مووچەی خانەنشینی بەشی (التقاعد الجزئی), لەهەر بارێك بێت لەکاتی مردنی کرێکاری خانەنشین کراو, مووچەکەی دابەش دەکرێت بەسەر میراتگرەکانی بە پێی توێژی یەکەم و دووەم, کە باسی کراوە لەو برگە تایبەتمەندانەی چۆنیەتی دابەشکردنی مووچەی خانەنشینی, زۆر سوپاس.

ماددەی نۆیەم:

لیژنە پێشنیاردەکات بەوشێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت, ا: ڕادەی بەرزی گشتی خانەنشینی تەواو بەنسبەت هەموو بەشەکانی دەستەبەری لەو یاسایەدا نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە 80٪ تێپەڕێت, لە نیوەی مووچەی مانگانەی کەمتر نەبێت لەو ساڵەی کۆتای دەستەبەرکراو لە ڕاژەی کرێکار, ب: دەبێت ڕادەی نزمی گشتی مووچەی خانەنشینی تەواو, بەنسبەت هەموو بەشەکانی دەستەبەری لەو یاسایەدا نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە 60٪ دابەزێت, لەنیوەی مووچەی مانگانەی ئەو ساڵەی کۆتایی بە خزمەتی کرێکاری دەستەبەرکراو هێنابێ, بەمەرجێك لە ژێر هێڵی هەژاری نەبێت, جیم: مووچەی خانەنشینی حیساب دەکرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی پەککەوتوویی بەشی ( العجز الجزئی), جاران مووچەی خانەنشینی تەواودەکرا لەگەڵ ڕەچاوکردنی برگەکانی ا , ب کە لە سەرەوە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە ماددەی نۆمان هەیە, کە باسی ماددەی 69 دەکات, باسی (الحد الاعلی و الحد الادنی) ئەوە نەصێکی تر هەیە, باسی 68 دەکات, ئەوەی سێ و هاوپێچ پاش ئەو بۆ ئێمە لە حکومەت ئەو پڕۆژە هاتووە, ئێمە لەسەرئەوە ئیشمان کردووە, ئەوەی ئاخیر بۆ ئێمەتان ناردووە, هەر خۆتان ناردووتانە, خیلاف زۆرە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی سعید کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشنیارەکەی حکومەت کە بۆ ئێمە هاتووە, ڕامان لەسەر دایە، نۆیەم بەو شکڵەیە, حکومەکانی ماددەی 69 لەو یاسایەدا دەخرێتە کار بۆ حیساب کردنی مووچەی خانەنشینی ئاسایی, لەجیاتی ئەوەی کە ئێستا کاری پێدەکرێت, بەپێی بڕیاری ژمارەی 222 ساڵی2010ی ئەنجومەنی فیدڕالی وەزیران, کە مووچەی خانەنشینە کرێکارەکانی بە پارەیەك بڕاندۆتەوە لە 130 هەزار دینارەوە تا 200 هەزار دینار, بەپێی ساڵەکانی خزمەتی دەستەبەرکراو,حکومەکانی ماددەی 69ی یاسای خانەنشینی, وە دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی کرێکاران هەموار دەکرێت, وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە بە گشتی ئەو پەڕی سنووری بەرزی مووچەی تەواوی خانەنشین بۆ هەموو جۆرە لقەکانی دەستەبەرکردن, لەو یاسایەدا کە لە هەموو بارێکدا ناشێت زیادبکرێت, بریتییە لە مووچەی خانەنشینی هاوشەکانی لە فەرمانبەری میلاکی وەزارەتەکان, وە ئەو لایانانەش کە بە وەزارەتەوە نەبەستراون بەپێی حکومەکانی یاسای بەرکاری خانەنشینی یان هەر یاسایەکی تر جێگای دەگرێتەوە, هەروەها ئەوپەڕی سنووری نزمی مووچەی تەواوی خانەنشینی بۆ هەموو جۆرە لقەکانی دەستەبەرکردن لەو یاسایەدا, کە لە هەموو بارێك دا ناشێت کەم بکرێتەوە بریتییە لە 180 هەزار دینار مانگانە, هەر حیساب کردنێکی یاساییش بۆ ئەو مووچەیە ئەگەر لەو ڕادەیە کەمتر بوو, دەکرێت بە 180 هەزار دینار مانگانە, هەروەها سنووری نزمی گشتی مووچەی خانەنشینی جوزئی مانگانە 120 هەزار دینارە, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕامان لەسەر ئەوەداوە, کەوا ناکرێت بە قەرارەکی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران قانونێك ڕابگیرێت، یان هەمواربکرێت، ئیلا دەبێت لەڕێگەی پەرلەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەڕووی داراییەوە، لەڕاستیدا ئەصڵی پرۆژەکە لە (68)تەحدیدی میقداری خانەنشینەکە دەکات، دواتر ماددەی (69)تەحدیدی ئەکات، کە خانەنشینەکە ئەو مەبلەغە دەردەچێت لەوەندە زیاتر نەبێت و لەوەندەش کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوە هەموارکردنەکە لە پرۆژەی حکومەتدا کەهاتووە گونجاوە، لەگەڵ بارودۆخی ئێستاکەدا کەوا لەنێوان (180)هەزار تا (120) هەزار بێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ هەموارکردنی پرۆژە یاساکەین، دواتر لەڕێگەی جەنابتەوە ئەگەر بکرێت جەنابی وەزیر هەندێ ڕوونکردنەوەمان بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن،( کوێستان خان، سۆزان خان، کاك شڤان، شەونم خان)، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من نە تەئیدی ئەوەی حکومەت دەکەم، نە ئەوەی لیژنە بەڕێزەکان، لەبەر ئەوەی کرێکارێك دوای ئەو هەموو ساڵە لەماندووبوون، دوای ئەوەی کە تەمەنی وای لێدێت کە ئیتر کار نەکات، مووچەیەکی خانەنشینی وایان بۆ بڕیوەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ لایەنی کەمی هیچ خێزانێك دابین بکات، (200) هەزار یان (150)هەزار دینار ئایا خێزانێکی پێ دەژێ؟، دوای ئەوەی ئەم کەسە ماندوو ئەبێت، دوای ئەوەی ئەم کەسە ئیتر ناتوانێت هیچ کارێك بکات، لەباتی ئەوەی کە پاداشت بکرێت، لەباتی ئەوەی مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە کە ئیتر لەدوا تەمەنی ژیانیدا بە خۆشی بژی، لەدونیای پێشکەوتوو وایە خەڵکی پیرو منداڵ زیاترین خزمەت دەکرێن، بەڵام لای ئێمە کەمترین مووچەیان بۆ بڕیونەتەوە، کە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام ئەم مووچەیە زۆر لەوە زیاتر بکرێت، کە ژیانێکی شایستە بۆ ئەو کەسانە دابین بکات، کە ساڵانێکی دوورودرێژە خزمەتی ئەم نیشتمانەیان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ انشاء الله ئەمجارەش ناڵێن حکومەت ڕەفزی کردۆتەوە، لیژنەش بڵێن ئێمەش ڕەفزمان کردۆتەوە، چونکە من ڕاپۆرتم لەبەردەستدایە لەسەر ئەساسی ڕاپۆرت قسە دەکەم، بۆیە لەڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتیدا بەشێوازێکی تر هاتووە، کە ئەوە دەرمان دەکات لەو ئیشکالەی کە ئێمە پارە تەحدید بکەین، ئێمە خۆمان زۆر زۆر باش دەزانین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخ زیاد دەبێت، ڕۆژ بەڕۆژ نرخەکان فەرقیان دەبێت، بۆیە ئەگەر هاتو ئێمە تەحدیدی ڕاتبمان نەکرد، بەڵکو بەوەی کە هاتووە لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتی کە هیوادارم ئەوانیش ئێستا نەڵێن ڕەفزمان کردۆتەوە، بەم شێوەی لێ دێت، أ- (يعتبر الحد الاعلى للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لايجوز تجاوزه في جميع الحالات عن(80٪) من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة المضمونة من خدمة العامل)، چونکە کرێکار لەناو کەرتی تایبەتدا ساڵانە زۆرجار هەیە، مووچەکەی زیاد دەکات، بۆیە تۆ ئەخیر مووچەی چەند بووە لەناو ئەو شوێنەدا لەسەر ئەساسی ئەوە مووچەی بدەیتێ، بێجگە لەو هەموو پارەی کەچەندین ساڵە لەناو سندوقی زەماندایە، ب- (يعتبر الحد الادنى للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لايجوز النزول عنه في جميع الحالات عن 60٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة من خدمة العامل المضمونة شريطة ان لايقل عن مستوى الفقر) ئەمەش بۆ حەدی ئەدنایەتی کە ژیانێکی

گونجاو بۆ کرێکاران دابین بکەین، یەعنی ئەگەر هاتو ئەم کرێکارە حەدی ئەدنای مووچەکەشی زۆر کەم بوو، مانگی بە (180)هەزار ئیشی دەکرد هەر نابێت مووچەکەی ئەوەندە کەم بێتەوە کە لە 120 هەزار کەمتر بێت، کەواتە من ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی کۆمەڵایەتی کردوویەتی تەئیدی دەکەم، کە تەحدیدی پارە نەکرێت، بەڵکو تەحدیدی نسبەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من هاوڕام لەگەڵ سۆزان خان، کە تەحدیدی نسبەکە بکرێت باشترە، چونکە یاسا کە عمومیەو سیفەی دەیموومەی هەیە، دەکرێت پاش ساڵێکی تر قوەی شیرائی پارەکە بەو شێوەیە نەبێت، ئەو وەختە دەبێت دیسان بێینەوە سەر تەعدیل کردنی، بۆ ئەوەی تەعدیلاتی زیاتر نەکەین، بەو سیغەی کە سۆزان خان خوێندیەوە وای لێ بکرێت، هەروەها بڕگەیەکیش زیاد بکرێت، هەر گۆڕانێك لەقوەی شیرائی دروست ببێت ئەمانەش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بەزەمانێك بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش هەمان ڕەئی هاوڕێنمان هەیە، بەڕاستی ئەو کرێکارانەی کە ئیش دەکەن، لەژیاندا ئەوەندە ماندوو دەبن و دەگەنە ئەو تەمەنەی کە تەقاعود دەبن، توانایەکیان نامێنێت بۆ هیچ کارێکی تر کەبیکەن، بۆیە ڕەنگە لەخەڵکی تر زیاتر پێویستیان بەچاودێری تەندروستی هەبێت و بەدکتۆر و دەرمان و پێداویستیەکانی تری ژیان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژەیەی کە دیاریکراوە من بەکەمی دەزانم، بۆیە منیش هەمان پێشنیاری هاوڕێکانم هەیە، کە بەنیسبەت دابندرێت، لەگەڵ بڕگەیەکی تر کەزیاد بکرێت، لەگەڵ موراعات کردنی نرخی پارە لەو ڕۆژەدا، بۆ ئەوەی لە 80٪کە شمولی کرێکارێکی کرد بەپێی ئەو ڕۆژە بڕیاری بۆ بدرێت، چەندە ئەو 80٪ی مووچەیە، نەك وەك ئێستا کە زۆر مووچەی تەقاعودی فەرمانبەر هەیە کە لە جیلەکانی پێش ئێمە ماونەتەوە بەڕاستی مووچەکەیان ئەوەندە کەمە بەشی دوو عیادەی دکتۆر ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەتەمەن لەهەموو کەسێك زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە دەوڵەت موراعاتی بکات و ژیانی بۆ دابین بکات، تا ئەو کاتەی کە ژیانی کۆتایی پێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دوو بڕگە باس دەکەین، ماددەی (68)جیایە لە ئەصلی ماددەکە، کە ئێستا کاری پێ ناکرێت و داوامان کردووە کە کاری پێ بکرێت، ئەصلی ماددەکە لە بەرژەوەندی کرێکاراندایە، کە سالانە لە 2,5 ی مووچەکانی بۆ ئەژمار دەکرێت، واتە سالانی خزمەتی چەند بێت ئەو کاتە خانەنشینیەکەی زیاتر دەبێت لەوانەی کەخزمەتیان کەمترە، سەبارەت بە ماددەی(69) ئێمە کاتێك کە ئەمەمان ناردووە پێش 2 سالّ بووە، دیارە ئەوکاتە مووچەی چاودێری کۆمەلایەتی خۆی 30 هەزار بووە، ئێستا بووە بە 150 هەزار دینار، گۆڕانکاری لەمووچەکان بووە، داوای ئەوە دەکەین و ئێستاش نووسراومان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دوو سبەی بڕیاری لەسەر دەدرێت کە کەمترین حەدی ئەعلاو ئەدنای مووچەی کرێکاران دیاری بکرێت لەسندوقی زەمان ئەوەی کە دەدرێت، وتوومانە کەمترین مووچەی خانەنیشینی نابێت لە (120)کەمتر بێت، بەس ئێستا هەیە 130 هەزارە، داوای ئەوەمان کردووە، ئەو 130 هەزارە ببێت بە 200 هەزار، لە 200 تێدەپەڕێت، بەلام ئێمە دەلێین لە 200 کەمتر نەبێت، ئێستا ئەوەی هەیە بە مەقتوعی دەدرێت، داوای ئەوەشمان کردووە خانەنشینی کرێکاران ئەوەی کە تەقاعودی جزئی وەردەگرێت نابێت لە مووچەی چاودێری کۆمەلایەتی کەمتر بێت، نابێت لە 150 هەزار کەمتر بێت، واتە ئێمە حەدی ئەعلاو ئەدنامان دیاری کردووە، بەلام ماددەی 68کە لەبەرژەوەندی کرێکارانە داوای ئەوە دەکەین ئەو دوو ماددەیە بەو شێوەی کە هەیە پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان ئەگەر تێبینیتان نیە فەرموو بۆ ماددەیەکی تر، باشە کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك هەی دەمەوێت شەرحی بکەم، تەنها لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی باسی ماددەی 68 و 69 ئەکات، 68 کەباس کراوە وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد ئەویش وا هاتووە، کە پێشەکیە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چی بکەین لەگەلّ ماددەی 69 بۆیە ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، وەکو 9 وجودی بۆ نیە، لە ئەوەی کە ئەوان پێی دەلێن ماددەی 10 باسی ماددەی 9 ئەکات، تکایە تا ئەخیر عەدەدەکەی کەم بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەی کە کاك عبدالسلام دەیلێت دیارە جەنابی وەزیریش دەلێت دوو ماددەی جیاوازە ماددەی 68 و69، نەك تەنها باسی یەك ماددە، ئێمەش ڕەئمان لەسەر هەردوو ماددەکە داوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدم بۆ قسەی خۆم.

المادە العاشرە: یوقف العمل بالفقرة(ب) من المادة(71) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال، رقم(39) لسنة 1971في اقلیم كوردستان – العراق، ویحل محلها مایلي:

ب- یجوز انتقال مدة ضمان التقاعد في الخدمة المضمونة واحتسابها لجمیع الاغراض لدى اي تنظیم تقاعدي اداري او خاص ینظمها القانون كما یجوز العكس. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ ئەو هەموارکردنە نین، چونکە ئەصڵەکە دەڵێت سەنەواتی زەمان نقلٌ دەبێت بۆ هەر تەنزیمێکی تری ئیداری، کە ئەمە مەنتق و ماقی دەستەبەرکراوەکەیە، بەڵام ئەم وشەی (لجمیع الاغراض)ە مەعقول نیە من بەپلەیەك بڵێم کرێکار بوو، چونکە ئەمە یاسای کرێکارە، من کرێکار بووم پاشان دەرفەتێك بۆ من ڕەخسا، چومە جێگایەك وەك موهەندیس کارم کرد، چونکە دەرچووی هەندەسەم، بەڵام کرێکاریم دەکرد، ئەو ساڵانەی کە من وەك کرێکار ئیشم کردووە، بۆ من حساب بێت بۆ تەرفیع وەك موهەندیس، ئەمە زەرەرێکی گەورە بەخۆی و بە مەسڵەحەی عامیش دەگەیەنین، چونکە سەنەواتی خزمەت بۆ تەرفیع حساب بێت، لەسەر ئەو ئەساسەی کە مومارەسەی میهنەکەی کردووە ئەو هەموو ساڵە، بۆیە ئێمە نەسە ئەصڵیەکەی وەکو خۆی دەهێڵینەوە، ئەو (لجمیع الاغراض)ە ئەو تێبینیەمان لەسەری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەڕای لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕەفزی ئەوە دەکەین لە کە پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەمانتوانی بگەینە ڕەئی کۆتایی بۆیە هێشتمانەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەناو لیژنەکەدا، چونکە لەڕاستیدا لە ئەصڵی یاساکەدا ئەم ماددەیە نەهاتووە، لەهەمان کاتیشدا ئەو کۆپیەی کە لەبەردەستماندایە لقی (ب) لە ماددەی 71 ی تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە ناوی دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن( پەیام خان، سۆزان خان، ئەڤین خان، سیوەیل خان) فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵایەتی، کەلەگەڵ ئەصڵی یاسەکەین نەك هەموارکردنەکە، بەڵام ئەو (لجميع الاغراض) ە نەمێنێت لەبەر ئەوە ئەو کەسە دەبێت لەبوارەکەی خۆی خزمەتی کردبێت، بۆ ئیشی عەلاوەو تەرفیع و ئەو شتانە، هەر لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵایەتیم، بۆیە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم ئەم ماددەیە بۆ ئەوەیە، کە دەرفەت بدرێت بەخەڵکانێك کە لە کەرتی گشتیەوە بچنە کەرتی تایبەت بەپێچەوانەشەوە، مافی خۆیانە ئەم کەسانە ئینتقالی مودەی زەمانی تەقاعودەکە بکرێت، ئەوە مافێکی سەریحی خۆیانە، ئیحتیساب بکرێت، بەڵام (لجميع الاغراض) ەکە ئێستا قسەی لەسەر دروست بووە، بۆچی بەکار بێت، بۆیە من ڕەئی خۆم وایە، ئەمە وەك خۆی بێت هەتا (لجميع الاغراض) ەکە لابرێت، (لدى اي تنظيم تقاعدي اداري او خاص ينظمها القانون) ئێمە ئەو کێشەیەمان هەیە، ئێمە خەڵکێکی زۆر لە زەمەنێکدا لەگەڵ ڕێکخراوی (U.N) وەکو فەرمانبەر ئیشیان کردووە، وەکو کرێکاریش ئیشیان کردووە، دوایی نقڵی حکومەت بوونەتەوە، ئێستاش بەهەمان شێوە هەیە، بەڵام بە بڕیارێك نقڵی خەدەماتەکەیان بۆ کراوەتەوە بۆ کەرتی گشتی، ئەی باشە کرێکارەکە کە بیەوێت لەکەرتی تایبەتەوە بچێتە گەرتی گشتی یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەو مافەی نەبێت؟، بەڵام (لجميع الاغراض) ەکە مەتاتیەتێکی تێدایە، بۆیە ئەگەر ئەوە لابرێت ئەوانی تر ئەبێتە تەشجیعێك بۆ ئەو خەڵکە کە ڕوو بکاتە کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو دەقەدام کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، ئەو هەموارەی کە حکومەت ناردوویەتی، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین، خەڵکانێکمان هەیە لە بەر زروفێك تەعین نەبوون و خاوەن بڕوانامەن، بەڵام سەیر دەکەین

کە لە کەرتی تایبەت ئیشیان کردووە، کە دەرفەتێکی بۆ دێت و دەچێتە کەرتی گشتی، لێرەدا لەکەرتی گشتی لە ئیدارەدا، سەیردەکەین سولەمی مووچە هەیە، یەعنی سولەمی ئیداری هەیە، کە دەبینین ئەوە 5 ساڵ لەکەرتی تایبەتی کاری کردووە، کە دێت تۆ لە سولەمەی ئیداری دای دەنێیت، بۆ مووچەکەی 5 ساڵی دەدەیتێ، بەڵام بۆ تەرفیع کردنەکەی بەرپرسیارێتی وەرگرتن یان ئەو شتانەی کە لە ئیدارە هەیە، ئەوە بابێکی ترە، سەیر دەکەین لە دائیرەکەدا خۆیان بەرپرسیارێتیەکی دەدەنێ، بۆ نموونە من 15 ساڵ خزمەتم هەیە، بەڵام مەرج نیە سەرۆکی بەش یان مودیرێك بم، خزمەتەکەم هەیە، لێرەدا کە تۆ بۆ تەرفیع خزمەتەکەی بۆ حساب دەکەیت یان بۆ هەر غەرەزێکی تر بۆی حساب دەکەیت، ئەوە گرێ نادرێت بەو مەسئولیەتیەی کە دەیدرێتی لە دائیرەکەدا، بەڵام ئەمە بەمن کارێکی باشە، چونکە خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە کەوا خاوەن بڕوانامەشە لەکەرتی گشتی کار بکات، لەکەرتی تایبەت کار دەکات، لێرەدا هەست بە مەغبوونی ناکات، لەکەرتی تایبەت کاری کردووە، بەڵام کە دەچێتە کەرتی گشتیش هەمان زەمانەتی بۆ دەچێتە ئەویٚ، بۆیە من ئەمە بە زەمانێك دادەنێم بۆ خاوەن بڕوانامەکان کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، بۆیە پشتگیری ڕەئیەکەی حکومەت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەکەڵ هاوکارانم پەیام خان و سۆزان خان، کە( لجمیع الأغراض نەمێنێت، چونکە ئەوە فەرقی تێدایە، ئەوەی بۆ خانەنشینی یان بۆ زەمانە، کێشەمان نیە، لە کەرتی گشتی بۆ تایبەت، بەڵام لەتایبەت بۆ گشتی، بەڵام لە تایبەت جاری وا هەیە، ئەگەر بۆ کەرتی گشتی بگوازێتەوە ئەو کاتە لەوانەیە کرێکارێك بێت، ئەبێت ئێمە بڵێین بۆ کرێکارانە، ئەگەر مهندس بێت یان مامۆستا بێت هەرچیەك بێت هەر حسابە لە کەرتی تایبەت، یەعنی ئەو هەر بە کرێکار حسابە، چونکە یاساکە بۆ کرێکارانە، بەڵام لەوانەیە بۆ نموونە یەکێك لەکەرتی تایبەت دەچێتە کەرتی گشتی، واسیتەیەکی دەبێت ناعەدالەتی تێدا دەبێت، وەزیفەکەی بەرز دەکرێتەوە، پلەکەی بەرز دەکرێتەوە، ئەو (لجميع الاغراض) وەك ئەوەی سۆزان خان وتی، مەتاتیە ئەوەی تێدا نەمێنێت باشترە، ئەوانی تریش زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوەی لەکەرتی تایبەت بێتە کەرتی گشتی، یاخود بۆ فەرمانگەیەك کەدادەمەزرێت، ئەو خزمەتەی کەهەیەتی دەستەبەرکراوەکەی بۆ دەژمێردرێت، بەڵام بەس بۆ تەقاعودی، نەك بۆ تەرفیع

و عەلاوە، ئێستا ئێمە ویستمان بەو ماددەیە گۆڕانکارییەك بکەین لە پرۆژەکە تا خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، یاخود لە فەرمانگەن و دەچنە کەرتی تایبەت، بەلام ئەوەی کە بینیومانە بەڕاستی جێبەجێ ناکرێت، نە کەس دەتوانێ لەکەرتی تایبەت ئەو عەلاوەو تەرفیعە بکات، نە لەکەرتی گشتیش ئێمە بەو شێوەیە ئیش بکەین، کە ماددەیەك هەموار بکەین و نەتوانین جێبەجێی بکەین، بۆیە منیش ڕام لەگەڵ لیژنەی کۆمەلایەتی و لیژنەی یاساییدایە، ناتوانین جێبەجێی بکەین لەڕاستیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاکو شتەکە زۆر وازحتر بێت، بڕگەی (ب)ی ئەصڵی پرۆژەکە، دەڵێت (یجوز انتقال مدة الضمان التقاعدي في الخدمة المضمونة واحتسابها خدمة تقاعدية لدى اي تنظيم تقاعدي اداري او خاص ينظمها القانون كما يجوز العكس) ئەو قەلەقەی کە هەتانبوو دەستەبەر کراوە، جەنابی وەزیر شەرحی کرد ئەو نیەتەی کە لەهەموو ئەغرازێك بێت، کە ئێمە ڕەدمان کرد، یەك حاڵەتی تریش هەیە، خۆتان دەزانن لەکەرتی گشتی، قانونی خزمەتی مەدەنی هەیە، یاسای خزمەتی مەدەنی مەرجەکان و پلەبەندی و هەمووی جیاواز لە 100٪ لەئەوانەی کە لە کەرتی تایبەت هەیە، خۆیان لەبەینی خۆیان چەند نەوع کار هەیە، چەند نەوعە کرێکار هەیە، بەپێی سەندیکاکان، بۆیە جەنابی وەزیر ڕاست دەکات، عەمەلیەن کە من دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەکەرتی گشتی ئیش بکەم، پلەکەم و دەرەجەکەم بۆ دیاری کراوە، من تەعین دەکرێم بەو پلەیە، بەو ڕاتبە، بۆیە تەسەور دەکەین تەتبیقیش نابێت، لەهەموو دونیاش تەسەور دەکەم، ئەو جیاوازیە لەنێوان خدمەی مەدەنی و خدمە لەکەرتی تایبەت کەلەوێ فراوانە و هەیە، بۆیە ئێمە ڕەدمان کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان ئەگەر تێبینیتان نیە بچنە سەر ماددەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادي عشر

اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشوؤن الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة (39) من المادة (85) من القانون والخاصة بمنح العمال الفقراء من ذوي الاجور القليلة مساعدات مالية رمزية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يوقف العمل بالفقرة (3) من المادة (58) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971 ويحل محلها يلي :

3- من صلاحية الوزير او من يخوله منح العمال المضمونين مساعدات مالية في حالات الافراح كالاعياد والزواج والولادة او في حالات المآسي كوفاة او مرض احد عيال العامل مرضاً عضالاً او ما سوى ذلك وفي حالة وفاة العامل المضمون تمنح المساعدة المالية عندة الوفاة الى عياله) بەڕێزان مادده (85) لە برگەی (أ) داوا دەکات کە مەکاتبی نەقابی خاص بۆ زەمانی ئیجتماعی دروست بکرێت، ببنە حەڵقەیەك لە پەیوەندی نێوان دەزگای زەمان و کرێکارەکان، لەماددەی سێیەم لەرێگای ئەم مەکتەبانە ئەم یارمەتیە بدرێت، ئەو تەعدیلەی کەکراوە ئەڵێت ئەمە لە سەلاحیاتی وەزیرە، یان ئەوەی کە ئەو تەخویلی ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت زیاتر ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەم برگەیە، ئەصڵی یاساکە بەو شێوەیەیە، 3- منح العمال المضمونين مساعدات مالية في حالات الافراح كالاعياد والزواج والولادة او في حالات الماسي كوفاة او مرض احد عيال العامل مرضاً عضالاً او ما سوى ذلك وفي حالة وفاة العامل المضمون تمنح المساعدة المالية عن الوفاة الى عياله، ولمجلس الادارة اصدار تعليمات بتحديد مبالغ المساعدات والضوابط التي يتم المنح بموجبها. لە پرۆژەکەی حکومەتدا بەم شێوەیە هاتووە، دەسەلات دەدرێت بەوەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی کە برگەی (3)ی ماددەی (85) لەم یاسایە جێبەجێ بکات، کە تایبەتە بەوەی یاریدەی ڕەمزی یاسایی بدات بە کرێکارانی هەژار و ئەوانەشی کە کرێیان کەمە، ئێمە وەکو لیژنە یاسایی لەگەڵ ئەو پێشنیارە نین کە لەلایەن حکومەت تەقدیم کراوە، چونکە یاساکە ئەو مافەی داوە بەوەزارەت لە ئەحکامی ماددەکانی تردا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د .ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی تێگەیشتنی لیژنەی دارایی بەڕاستی لەماددەی (85) لە ئەصڵی ماددەکە مەراکزی هێناوەتە پێشەوە، مەراکزی عەمەل ئەو مەراکیزانە کۆمەڵێك سەلاحیاتیان هەیە، یەکێك لەو سەلاحیاتانە، ژمارە (3)ی

ماددەی(85)ە، ئەو ژمارە سێیە، لێرەدا لەهەمواركردنەكەدا، سەلاحیەت دەدەن بەوەزیری كاروكاروباری كۆمەلایەتی بۆ جێبەجێكردنی ئەو خاڵە كەجاران لە دەسەلاتی مەراكزی كاردا بووە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو هەمواركردنەداین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، ئەم بەڕێزانە قسەیان هەیە، كاك حمە سعید، مامۆستا عمر، ئاشتی عزیز، پەیمان خان، سۆزان خان، كاك جلال، پەیمان خان، شلێر خان، كاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو سەلاحیەتە بدرێتە وەزیر، لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی كرێكاری هەژارو ئەوانەی كرێیان كەمە، ڕاستە لە یاساو لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت، سەلاحیەتی وەزیر هەیە كە هاوكاری بدات، بەلام ئەمە تەقیدی ئەكات بۆ كرێكارە هەژارەكان، لەبەر ئەوە لەناو عامێكدا تەقیدی خاصێك گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا كە رمزیەكەی لێ لابرێت، چونكە ئەوە تۆزێك كەمی دەكاتەوە، بەلام مساعدات مالیە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ماددەیە من دوو تێبینیم هەیە، یەكەمیان پەیوەندی بە تەحدیدی حاڵەتەكانەوە هەیە، خۆی ئەو دەسەلاتە بۆ وەزیر شتێكی باشە، تەبعەن پێویستە و شتێكی موتەبەعە، كە دەسەلات بدرێت بەوەزیر، بەلام ئایا ئەم حاڵەتانەی لێرە (علی سبیل المثال)وتراون، كە دەلێت(كالاعیاد والزواج والولادة والمأسي) هەر بە نموونە وتراون، ئایا باشتر نیە كە تەحدیدی حاڵەتاكان بكەین، یان دەسەلاتەكە كراوە بێت، دووەمیان بەنیسبەت بڕی هاوكارییەكەشەوە، ئەوەش هەر موتەبەعە لە یاسادا، كە سەقفی ئەعلای دیاری بكرێت، ئەوەیش هەركراوەیە، یان سەقفێك دیاری دەكرێت بۆ ئەو دەسەلاتەی كە دەدرێت بەوەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تێبینیم لەسەر ئەم ماددەیە جیاوازە، پێشتر لەیاساكەدا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە، كە ئەو دەسەلاتە بدرێت بەجەنابی وەزیر، پێشتریش ئەمە موتەبەعە كە بڕێك پارە لەژێر دەسەلاتی وەزارەتەكەی جەنابتدا هەیە، كە بتوانی جۆرێك لەو هاوكارییە داراییانە پێشكەش بكەیت، بەلام لێرەدا

ئەصڵی پرۆژەکە بەبڕوای من شێوازێك لە سستماتیك تر موعالەجەی هاوکارییەکانی کردووە، ئەم دەسەڵاتە کە بەموتڵەقی دەدرێت بە جەنابی وەزیر، مەسەلە خوانەخواستە گومان کردن نیە، چونکە ئەمان بەشێکی گەورەن لە هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە لێرە تەرحی دەکەین، ئەوانیش جێبەجێی دەکەن، یەعنی دەسەڵاتی ئەوان و توانای ئەوان ناخەینەوە ژێر پرسیار، ئەوەندەی من لەسەر سستمی بەڕێوەبردن قسە دەکەم، ئێمە ساڵانە لە بودجەدا موشکیلەیەکمان هەیە، بەتایبەت لە برگەکانی منحە و ئیعاناتدا، کە نازانین چۆن ڕەصدی بکەین، هاوکارییەکان بۆ کێیە؟ وە چۆن کۆنترۆڵ بکرێن، ئەگەر بەم موتڵەقیەتە بەتایبەتی کە ناو نراوە، هاوکاری ڕەمزی، هەم بڕەکە تەحدیدی نیە، هەم هاوکارییەکە بۆ ئەشخاصەکانیش بە حاڵەت تەحدید کراوە، یەعنی ئەمە ئەگەر بە تەعلیمات کۆنترۆڵ نەکرێت، بەبڕوای من ئەبێتەوە بە دەرگایەکی تر تەعلیمات بۆ ئەم برگەیە ڕووبەڕووی جەنابی وەزیری دەکەمەوە، دەبێت زۆر زۆر ورد بێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی ئەو گرفتانە نەبین، پرسیارێکی تر، چەند لەو کرێکارانە کە حاڵەتەکانی بە ئیستیسنا باس کراوە، چەندێك لەمانە هۆشیاریان هەیە، یان ئەتوانن بگەنە وەزارەت، بۆ داوا کردنی کۆمەك، بۆیە ئەمە بە سستم بکرێت، وەکو ئەو برگانەی کە پێشتر دانراوە، کە کەسێك بێت پێشتر ناچار کرابێت هەویەی زەمانی هەبێت، کۆمەڵێك زانیاری خۆی تۆمار کردبێت، ئەوە بەو شێوازە هاوکاری بکرێت باشترە، لەوەی کە لێرە بەم شێوە موتڵەقە بدرێت بە وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە هاوکارم ئاشتی خان، بەڵام تێبینیەکەی من ئەوەیە، سەرباری ئەوەی کە دەبێت لیژنەیەك یان مجلسی ئیدارە هەبێت، ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، یانیش ئەو کەسانە دیاری بکات کە بەڕاستی ئەوانە موستەحەقی ئەو ئیعاناتانەن، ئەو باربووەن، کە لە حاڵەتی پێویستیدا دەیاندرێتێ، دوای تۆمارکردنی ئەو زانیارییە ڕاستانە لەڕێگای چی، ئێستا تەبعەن خۆمان دەزانین عەسری تەکنەلۆژیایە، هەموو زانیارییەکی هەر کرێکارێك کە خۆی زەمان دەکات، زانیارییەکانی خۆشی هەمووی دەهێنێتە خوارەوە، حاڵەتی کۆمەڵایەتی چۆنە، ئەو لیژنە تایبەتمەندە، ئەو زانیارییانەی لەبەر چاوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئایا ئێمە کە سندوقی زەمان دادەنێین ئەو سندوقە سندوقێکی داخراوە، تەنها پارەکەی بۆ تەقاعود بەکار دەهێندرێت، ئەو باربووە لەکوێ دەکرێت، یەعنی پێویستە ئەمە بزانین، ئایا ئەوە دەرامەتی وەزیرە هی تایبەت کە بۆی دانراوە و حەقی سەرفی هەیە؟ یانیش دەگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە؟ ئەگەر بۆ سندوقەکە دەگەڕێتەوە ئەوە شتێکە، ئەگەر وەزارەتیش دەیدات ئەوە شتێکی ترە، بەس باشترە کە دیار بکرێت، هەندێ کرێکار گلەیی ئەوەیان هەبوو کە وەزارەت تەکریمی هەندێکی کردووە، ئەوان بەشیان نەبوو لەوەدا کە زۆر پێویستیان پێی هەبوو، ڕێزم بۆ جەنابی وەزیر هەیە لەوانەیە ئەو لەو

پۆستە نامێنێت یەکێکی تر دێتە شوێنی، بەلام پێویستە ئێمە ئەو کارە تەحدید بکەین، زۆر بەوردی تەحدیدی بکەین، چونکە بۆ داهاتوو ئەو ئیشە دەبێتە کەرتی تایبەت و بال دەکێشێت بەسەر هەمووکایەکی ژیاندا، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو شتە مەزموون بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خودی ئەم ماددەیەی کە داوا کراوە تەعدیل بکرێت، لەژێر ج ناوێکدا هاتووە لەناو یاسا ئەصلیەکەدا، لەژێر ناوی (المراكز النقابية للضمان الاجتماعي) لێرەدا باسی ڕێکخستن دەکات، چۆن ئەم کرێکارانە زەمانەکەیان ڕێك دەخرێت؟، لەڕێگەی مەکاتبەوە ئەبێت، مەکتەبێك دروست دەکرێت پێی دەوترێت،(تؤسس في مكتب الاتحاد، وفي مكاتب الاتحادات الفرعية، وفي مكاتب النقابات في المحافظات) یەعنی کارەکە خۆی لێرەدا کراوە بەکارێکی موئەسەساتی ئێمە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەبەری کار و دەستەبەری کۆمەلایەتیمان هەیە، لەلایەکی ترەوە سەندیکای کرێکارانمان هەیە، کەواتە دەکرێت لەڕێگای سەندیکای کرێکاران و لەگەل دائیرەی دەستەبەری کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی ئەو ڕەبتە دروست بکرێت کەوەختی خۆی لەناو یاساکەدا باس کراوە، هەرسەندیکای کرێکارانە کە ئیعلامی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی دەکەن، دەلێن ئەوە فلان کرێکار مەزموون نیە، با زەمان بکرێت، ئەوە فلان کرێکار حادیسەی لێ قەوماوە، دەستی پەڕیوە، لەکاتی کارکردندا قاچی پەڕیوە، داوای هاوکاری دەکات، دەبێ زەمانە صەحیەکەی بۆ سەرف بکرێت، کەواتە ئەوان دەبن بەو حەلقەیە، بەلام کێشەی ئێمە کێشەی داراییە، کە دەبێت هەموو ئەو سەلاحیاتانەی کەدەدرێت دەبێت ئێمە ناوی بنێین، دەبێت بلێین ( اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشؤون الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة(3)) یەعنی ئەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی بگەڕێتەوە بۆ بەڕێز وەزیر بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە سەرف بکرێت، ئەوەیە مەبەستەکە لێرەدا، بەڕاستی من لەگەل ئەوەدا نیم ئێمە کارەکان زیاتر بەموئەسەساتی بکرێت، دەسەلاتەکان زیاتر شۆڕ بکرێنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی بەهاوکاری لەگەل سەندیکای کرێکاراندا ئەم حالەتانە ڕەصد بکەن، وەداوا بکەن لە سندوقەکە یارمەتی بدرێن، ئیعاناتیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره لەهەموارەکەدا کە ئیقتراح کراوە سەلاحیەت بدرێت بەجەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی کە یارمەتی دارایی بدات بەکرێکاری هەژار و ئەوانەی کە کرێکەیان کەمە، دیارە کرێکار زۆربەیان هەژارن، ئەگەر نەڵێم لە 100٪ ی لەبەر ئەوە، ئەوەی لە یاسا ئەصڵیەکەدا هاتووە دەڵێت لەکاتی شاییدا، لەکاتی خۆشیدا، لەکاتی شیندا، لەکاتی کارەسات ولێقەوماندا یارمەتی بدرێت، لەڕێگەی ئەو دائیرەو فەرمانگانەی کە سۆزان خان باسی کرد، ڕێنمایی و دەسەلات بدرێت بەوان کە بۆی دیاری بکەن، ئایا ئەمە لە شیندایە یان لە شاییدایە، لە لێقەومان و کارەساتدایە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو یارمەتیەی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پێش ئەوەی ڕەئی خۆم بلێم پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، هەر بۆخۆی حیکمەت لەو گۆڕینە چیە؟ کە ئەو سەلاحیەتە ئەیانەوێت بیدەن بە جەنابی وەزیر، چونکە من پێم وایە، مەهامی وەزیر، زۆر زیاترە لەوەی کە ئاوا شۆڕ بێتەوە بۆ ئەو باربووانەی کرێکاران، ئەوەی کە تەحدید کراوە لێرەدا لە حاڵەتی شایی و شیندا کەزۆر حاڵەتی جیاجیا دەگرێتەوە، پێم وابێ ئەمە هەم لەڕووی ئالیەتی ئیشکردنەوە، ئالیەتێکی خراپە، هەم ئەو سەلاحیەتەش جۆرێك لە زەمانەت دەدات کەئەو بڕگەیە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرێت، چونکە ئاوا کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەسەلاتانە لەلای وەزیر، من پێم وایە جۆرێك لە موماتەڵە یان لەدوورکەوتنەوەی ئیشەکان ڕوو ئەدات، بەهۆی ڕۆتینیاتەوە، بۆیە من پێم وایە هەروەکو ئەوەی کەهەیە بۆ ئەو مەجالیسانە بمێنێتەوە، یان ئەو هەیئاتانەی کەهەیەو خۆیان ڕێکیان خستووە، چونکە هەم ئەوان باشتر ئەزانن کە کرێکارەکانیان چالاکیان چەندە؟ وە ئەو خۆشیە یان ناخۆشیەی کەهەیانە بەچەند تەقدیری دەکەن، تا ئەو مینحەیان بدەنێ، کەنەچێتە لای وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئەو دانی سەلاحیەتە وەکو سۆزان خان وتی، ئێمە خۆمان لە موعاناتێکدا دەژین کەبەراستی دەمانەوێت وەزیر ئەو سەلاحیەتەی هەبێت، ئەگینا هەمووومان بە بەردەوامی موتابەعەی ئەو بەرنامانەش دەکەین، وەزیر چەندین جار دەستی خەڵکی گرتووە کە کەمدەرامەت بوون، نەك هەر کرێکار بڵێین کە سەر بەوەزارەتەکەیەتی، لەبەر ئەوە بەعەکسەوە با ئەو سەلاحیەتەی بۆ بمێنێتەوە، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە خۆمان یاساییەکمان دەرکرد لەم پەرلەمانە، بۆ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ

خەڵكی كەمدەرامەت، ئەصڵەن ئەم دەسەڵاتە بدرێت بە وەزیر، كە بەشداری لەوەشدا بكات، هەر ئەو نەوعە كەسانە ئەو خاڵی نیشتەجێبوونەشیان بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، خۆی ئەم بڕگەیە هەیە لە ئەصڵی ماددەكە، بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزان نەمن دەسەڵاتم هەیە، نە مەجلسی ئیدارەی كاریش ئەو دەسەڵاتەی هەیە یەك دینار لەو سندوقی زەمانە سەرف بكات، تاكو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە یارمەتی كرێكارێك بدەین بەپێی یاساكەی ئێمە دەبێت ئەو كرێكارانەی كە تووشی پێكان دەبن بیانێرین بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان تا چەرەسەریان بۆ بكرێت، ڕۆژانە ئێمە حاڵەتی وامان دێتە بەردەم و ناتوانین یارمەتیان بدەین، لەبەرچی؟ چونكە سندوقەكە داخراوە، بەس تەنها دەسەڵات دەسەڵاتی دارایی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر دینارێكی لێ سەرف بكرێت، ئەمەش كەلێرە هاتووە نازانم بۆچی هاتووەتە ئەم تەعدیلەوە، خۆی دەبوایە لەو بڕگەیە بوایە كە لە ئەنجومەنی وەزیران داوای كاراكردنیمان كردووە، ئەم دەسەڵاتە ئەگەر من ئەم دەسەڵاتەم هەبێت وەری ناگرم، وە جێبەجێشی ناكەم، چونكە مەجلسی ئیدارەی عەمەلمان هەیە، نوێنەری سەندیكای كرێكارانمان لەگەڵدایە، خاوەنی ژووری بازرگانیمان لەگەڵدایە، خاوەن كارمان لەگەڵدایە، نوێنەری داراییمان لەگەڵدایە، هەر پرۆژەیەك بۆ بەرژەوەندی كرێكارانە ئێمە بەنوێنەرایەتی و بەئامادەبوونی سەندیكای كرێكاران ئەم ئیشانە دەكەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، بەڵام ئەوەی كە بۆمان نەكراوە، بودجەی تەرخانكراومان نیە بۆ یارمەتی ئەوكرێكارانەی كە ڕۆژانە داوای هاوكاری ماددی دەكەن، داوای چارەسەر دەكەن، ئێمە لەموعاناتداین یارمەتیمان بدەن تا بودجەی تەرخانكراو هەبێت بۆ ئەو حاڵەتانە، تا بتوانین یارمەتی ئەو كرێكارانە بدەین، ڕۆژانە كرێكاران دێنە وەزارەت ناتوانین هاوكارییان بكەین، بۆ زانیاری هەمووتان كرێكار هەبووە، داوای هاوكاری كردووە، من وەكو وەزیر وەكو خوشكێك سواڵم بۆ كردووە لەكۆمپانیاكان، لەشوێنەكانی تر، لە ئەنجومەنی وەزیران داوای هاوكاریم كردووە، لە كەرتی تایبەت داوای هاوكاریم كردووە، ئەگەر ئەم بودجەیە هەبێت، پێویست بەوە ناكات من بەتەكلیفی شەخصی یارمەتی كرێكاران بدەم، ئەوكاتە ئەو بودجەیە هەیەو لەلایەن حكومەتەوە دەبێت وهەموو كەسێك دەتوانێ داوای هاوكاری بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ هەموو ئەو تێبینیانە، من لەسەرەتا پێم خۆش بوو کە فرسەت بە جەنابی وەزیر بدرایە کە قسەی بکردایە، ئەوکاتە موناقەشەکانی ئێمە کورت دەبوو، چونکە هەڵوێستی ئەوەم دەزانی، لەم یاسایەدا جۆرێك لە دەستەبەر هەیە، پێی دەڵێن زەمانی خەدەمات، ئەو زەمانە 2٪ ی پارەی سندوق بۆ ئەو بوارە دەچێت، لێرە لە یاساکەدا باس دەکات، وەك جەنابی وەزیریش باسی کرد، لە ئەصڵیەکە دەڵێت (ولمجلس الادارة اصدار تعليمات بتحديد مبالغ المساعدات والضوابط التي يتم المنح بموجبها) یەعنی ئەو مەترسیانەی کەباسیش کران، چ بەدەستی وەزیر بێت یان بەدەستی کەسێکی تر بێت، مەجلسی ئیدارە هەیە، نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تێدایە، کرێکارانە، خاوەن کارە، بەڵام ناڕێکی یاسایی، سیاغەی یاسیی ماددەی (85) لە (أ) باسی ئەو مەکاتبانەی نەقابی دەکات و لە (1و3و4) باسی ئەرکەکانی ئەو مەکتەبە دەکات، مەعقول نیە ئێمە لە ئەرکی سێیەمی مەکتەبدا بڵێین وەزیر بۆی هەیە، یەعنی گریمان حەتا ئەگەر ئیسرار هەبوو لەلای حکومەت کە ئەو سەلاحیەتە بدرێتە وەزیر، دەبوایە بە شێوەیەکی تر موعالەجە بکرێت لەدەرەوەی ماددەی (85) لە (أ)، بۆیە ناڕێکە لەدوولاوە، ئەگەر غەرەزەکە تەحقیق بێت خۆ وەزیر سەرۆکی مەجلسی ئیدارەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی تێبینی ترتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە جەنابی وەزیر بەتەحدیدی ڕەئی خۆی بدات لەسەر ئەوەی کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی داوامان کردووە، ئەو برگەیە ڕەفز بێت، ئایا تەئیدمان دەکات لە ڕەفزەکە، یان **بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ منیش ئەو ماددەیە ڕەفز دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیەش تەواو بوو، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین تا بەیانی سەعات 11 بەخواتان دەسپێرین هەر بژین.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 8\5\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/5/8

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/5/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/5/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (13)، ڕۆژی دانیشتن 2012/5/8، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددە بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/5/8 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، ئێستاش جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەوانە دەخوێنێتەوە کە ئیجازەن یا غائیبن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی لە ڕێکەوتی 2012/5/8 مۆڵەت دراون یا ئامادە نەبوون ئەمانەن:

1-اسماعیل سعید محمد- مۆڵەت

2-برهان رشید حسن- مۆڵەت

3-تارا تحسین یاسین- مۆڵەت

4-حازم تحسین سعید- مۆڵەت

5-سمیرە عبدالله اسماعیل- ئیفاد

6-شێرزاد عبدالحافظ شریف- مۆڵەت

6-د.صباح محمد نجیب- ئیفاد

7-عماد محمد حسین- مۆڵەت

8-عظیمة نجم الدین محمود- مۆڵەت

9-گوڵێزار قادر اسماعیل- ئیفاد

10-یشار نجم الدین نورالدین- ئیفاد

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر بڕگەی یەك لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران، ژمارە (39)ی ساڵی 1971، فەرموو لیژنەکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بودجە گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، و ئەمڕۆ لە بەرنامەی کاردایە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی، پێشنیار دەکەم کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، و ئەم بابەتە بدرێتە دەنگ دانەوە هەتا ئەوە ببێتە فەقەرەی یەکەم، ئینجا ئاراستەی لیژنەی دارایی بکرێتەوە بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرت لە لایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بەشی هەرە زۆری ڕۆیشتووە، شتێکی کەمی ماوە، کەی ئەو تەواو بوو هەر ئەمڕۆ خاڵی چوارەم دەینینە پێشەوە، ئەمڕۆ تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی دارایی و بۆ هەموو لیژنەکان و کاری لەسەر دەکەین، لەبەر ئەوە با ئێمە خاڵی یەکەم تەواو بکەین لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، دوای دەچینە سەر خاڵی چوارەم، فەرموو لیژنەکان بۆ شوێنی خۆتان. ماددەی(12):

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12) لە ئەصڵی قانون لە پرۆژەکە:

تضاف فقرة بتسلسل (ب) الى المادة (86) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971 في اقليم كوردستان وكالاتي:

ب- في القضايا التي تقدم الى قضاء العمل والتي ترفع من المؤسسة تعفى من الرسومات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو لیژنە ئەو ماددەیەمان ڕەفز کردووە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەم یاسایەمان کردووە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دامانناوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ماددەی (21)دا هەیە، بەڵام ئێمە لێرە ویستوومانە ئیزافە بکرێ وەك جەخت کردنەوەیەك کە ئەوەی قەزائی دەعوای عەمەل ئیعفا بکرێ لە ڕسوومات، ڕای کۆتایی لای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

المادة الثالثة عشر:

(تعدل كلمة (دينار) اينما وردت في القانون الى خمسون دينار و نصف دينار الى خمسة و سبعون دينار)

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە لە لیژنە ڕەتمان كردووە، چونكە نەبەس تەنها لەم یاسایە، لە زۆر یاسا ئێمە ئیشكالیاتمان هەیە، مەبالیغی دینار حیساب كراوە، وابزانم لای حكومەتی ئێمە هەندێ تەعلیمات هەیە خاصە، چۆن ئەو حیسابە ئەكرێت بە پێی ئەو دینارەی وەختی خۆی لە عیراق هەبوو، چونكە لە هەندەك جێ مەعقول نیە رەئسەن لەهەر جێگایێك بكەینە (مائة و خمسون و نصف دینار الى خمسة و سبعون دینار)، لە هەندێ جێگا باسی سەد هەزار كراوە، باسی دوو سەد هەزار كراوە، بۆیە تەصەور دەكەین ئەمەش زیادە، سوپاس

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیاری ڕەت كردنەوەی ئەو بڕگەیەمان كردووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دیدی لیژنەی داراییەوە ئەو بابەتە پشتی بەستووە بەو گۆڕانكاریەی لە قیمەتی دینار كراوە لە كاتی خۆی دا لە دوای 2003 وە، كە دینارێكی سویسری بە سەد و پەنجای ئەو چاپەی كە تازە دائەنرێ، لەبەر ئەوە ئێمە لە ڕووی ئەو مەبدەئە كە پەیڕەوی ئەكرێت تاكو ئێستا ئێمە پەسەندمان كردووە و دواتر ڕاش بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب- وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە زۆر فەرمانگەدا پرسیاری ئەوەمان لێ ئەكەن و تەوزیح ئەدەن، دیارە دوا بڕیاریش لای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە كە كار بكرێ بەو تەعلیماتەی كە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده سەرەكیەكانی پرۆژە یاسا تەواو بوون، دێینە مادده ڕۆتینیەكان، بەڵام پێش ئەوە داوای ڕەزامەندی بەڕێزتان ئەكەین كە ئێمە ئەو پێشنیارانەی كە لە ڕاپۆرتی ئێمەدا هاتوون، لەگەڵ مەوزوعی ئەوانەی

خاوەن پیشەی خۆیانن، و کرێکاری وەرزی، لێرە گفتوگۆ دەست پێ بکەین تاکو چەند مادده ئیزافه بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانه ئەنجام بدرێن ئەگەر موافق بن، سوپاس.

**بەرێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەصڵی پرۆژە یاساکە کە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان نێردراوە، لە هاوپێچی ژمارە (3)دا موقتەرەحێکیان هێناوە کە پێی دەڵێن (مقترح تعدیل نظام تسدید اشتراكات الضمان الاجتماعي) رقم (31) لسنة 1987، بەم شێوەیە داوا ئەکەن (تعدل الفقرة الثانية من المادة (11) من نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987)، و تقرآ كالاتي:

لە هاوپێچی سێیەمی ئەصڵی پرۆژە یاساکە کە بۆمان هاتووە داوای ئەو تەعدیلە ئەکەن.

2-تعتبر من متممات الاجور و الرواتب المخصصات الدائمة المستمرة التي لا تنقطع عن العامل المضمون عند تمتعه باجازة اعتيادية آو مرضية آو خلال آيام العطل الاسبوعية و العطل الرسمية و الاعياد والايفاد آو آية حالة اخرى مماثلة بشرط آن لا تزيد هذه المخصصات عن نسبة 50٪ من الاجرة الشهرية للعامل.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو هاوپێچە تەنها بۆ مەعلومات بوو، حکومەت نیزامێکی دەرکردووە بێ یاسا، نیزامە، خۆی حەقی خۆی هەیە بۆ خۆی نیزامەکەی خۆی بگۆڕێت، من تەصەور ئەکەم ئەمە عیلاقەیەکی ڕاستەوخۆی بە یاساوە نیە.

**بەریز ئاسۆس نجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێش ئاماژەم بەوە کرد هەنێ سیستەم و پەیڕەو هەیە داوای کارا کردنیمان کردووە، کە بەهەڵە هاتووە بۆ پەرلەمان، دەبوایە هەر لە ئەنجومەنی وەزیران بوایە، سوپاس

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەك لیژنەی یاسایی مافی خۆمان دەپارێزین بە داوا کردنی زیاد کردنی چەند ماددەکی (پرۆتۆکۆلی) کە لە پرۆژەکەدا نەهاتووە، و مەعلومە لای ئەندامانی پەرلەمانیش کە شێوازەکانی چۆنە، دوایی دەیخوێنینەوە پاش ئەوەی کە بەرێز کاك (عبدالسلام بەرواری) پێشنیارەکانی خۆی تەقدیم دەکات وەك لیژنەی تایبەتمەند، سوپاس

**بەرێز سەردار رشید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئێمە کە یاسا دەرئەکەین بۆ کرێکار کە کەرتی تایبەت و دوێنێش من تەوزیحم دا، بەڵام بەڕاستی جگە لەو هەزاران هەزار کرێکارەی کە چاوەڕێی ئەوە ئەکەن کە ئێمە لێرە

مەدخەلێك یاخود جێگایەكیان بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر مەكاتبی عەمەلە هەر ئەمڕۆ پەرلەمان و وەزارەت لێرەیە بەڕاستی با بڕیار لەمە بدەین، چونكە هەر ئەمانەن بەڕاستی دێنە پەرلەمان، هەر ئەمانە بوون بەڕاستی لە یەكی ئایار هاتنە مەكاتب و نووسینگەكانی پەرلەمان لە سلێمانی و لە دهۆك، ئەمە تەڵەبی ئەوانە، یەعنی مەنتیق نیە ئێمە بڵێین لەبەر ئەوەی خاوەن كاریان نیە وەلا هیچیان بۆ ناكەین، لەهیچ ولاتێكی دونیا ئەگەر یاسا سەروەر بێ حەتمەن ئەبێ یاسا موعالەجەی ئەم وەزعە بكات، ئەبێ یاسا حەلێكیان بۆ بدۆزێتەوە، جگە لەوەی كە بەڕاستی من پێم وایە كۆمەڵێك شەریحەی تریش هەیە لەو كۆمەڵگایەی ئێمە كە زۆرن، ناكرێ ئێمە بەڕاستی نادیدەیان بگرین، مەسەلەن یەكێ لەوانە نانەواكانن، كاكە نانەوایەكی زۆر و زەبەند هەیە، بڵێین شۆفێری تەكسی هەیە، شۆفێری پاس هەیە، ئەمانە لە ولاتان رێك خراون بە رێنمایی كاری نێودەوڵەتی، كاك (ئەمیر) لێرەیە لە وانەیە باشتر شارەزابێ لەبەر ئەوەی چەندین دەوراتی لەو بارەوە بینیوە، لەڕاستیدا من باس لە شتێك ئەكەم مەسەلەی یاسا،توخوا (سۆزان) خان بەیارمەتی، مەسەلەی یاسا چەند گرنگە بەڕاستی دەرچێ جێ بەجێ كردنەكەی گرنگترە بەڕاستی، ئێمە پێشتر سێ یاسامان هەیە كاكە لەم ولاتە، یاسای زەمانمان هەیە، یاسای (57)مان هەیە نازانم سێیە یا چوارە، یاسای ژمارە (57)ی ساڵی (56)مان هەیە، یاسای ساڵی (60)مان هەیە، كۆمەڵێك یاسامان هەیە، بەلام نوقتەیەك نەبووە ئیلزامی خاوەن كار بكات بەڕاستی، ئەوەش لە سەر شانی وەزارەتی كار كە جەنابی وەزیر لێرەیە، تائێستا ئەو یاسایانە نەچوونەتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، یەعنی یەك یاسا كە من لە تاریخی (57)ەوە شارەزام لەوانەیە ئیحتیماله لە پێشتریش دا هەبووبێ، سێ یاسا بە یاسای (39)ەوە تاكو ئێستا بەڕاستی نوقتەیەكی قوەتی تێدا نەبووە كە خاوەن كار ئیلزام بكات، ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بەڕاستی پێ لەسەر ئەو یاسایەدا نەگرین سری قوەتی ئەم یاسایە لەوەدا بێ كە خاوەن كار ئیجبار بكەین بەوەی كە بەڕاستی یاساكە جێ بەجێ بكات، سوپاس

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیارەكەی كاك (سەردار) دەكەم، لەبەر ئەوەی ئێمە ئامانجمان لە دەركردنی ئەو یاسایە هەمواركردنی، زەمانەت كردنی یا دەستە بەركردنی مافی كۆمەڵایەتی كرێكارانە، كرێكاران بە گشتی وەبەتایبەت كرێكارانی بیناسازی كە پەیوەندی بە شوفێرەوە هەیە، بە ژنانی كار كەر هەیە، یەعنی توێژێكی بەرفراوان و گەورەن، پێم وایە ئەوە ئەركی حكومەتە، یەعنی حكومەت خۆی بەشێك تەئمین دەكات لە دەستەبەری كۆمەڵایەتی، لە دڵنیایی كۆمەڵایەتی، دەتوانین ئێمە لێرە چارەسەرێك بدۆزینەوە كە حكومەت ئەو ئەركە لە ئەستۆی خۆی بگرێت كە پەیوەندی بە یەعنی زیاتر ئەو كرێكارانەیە، زیاتر ئەو توێژە بەرفراوانەیە كە چارەنووسی نادیارە، هەتا بۆ ئیش كردنیش، یەعنی ئیشەكەشی رێك خراو نیە و زامن نیە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرە ئەتوانین بە دەقێكی یاسایی حكومەت مولزەم بكەین زەمانەتی دەستە بەركردنی ئەو كرێكارانە بگرێتە ئەستۆ، با خاوەن كاریشی دیار نەبێت، مەكتەبی تەشغیل كە نووسینگەی

کارکردن دەکاتەوە و ناسنامەیان بۆ دروست ئەکا، و بە پێی ئیشەکەی ئەتوانێ بەشداریش بکاتن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ئەنجامدا ئەو کرێکارە دەستە بەری کۆمەڵایەتی یا دڵنیایی کۆمەڵایەتی بۆ جێ بەجێ کرایە، و مسۆگەر کرایە، و سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەد لە سەد پشتگیری لە قسەکانی هاوڕێ و هاوکارم کاك (سەردار) دەکەم، چونکە ئێمە کێشەکەمان هەیە، بەم تەعدیلاتە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێ، دوێنێش باسم کرد، ئێمە کرێکارمان هەیە کە بەپێی یاساکانی عیراق ئەبێ هەموو کرێکارێك خاوەن کاری هەبێ، بەس ئەمە عاملە، بەکرێ، بە قتعە، کە کرێکاری بینا سازیە، ئەمانە خاوەن کاریان نیە، بەڵکو ڕۆژانە ئەچن کاری خۆیان ئەکەن و ئەو ڕۆژەی کاریان هەبێ ئەوە ئەژین و ئەو ڕۆژەی کاریان نەبوو ناژین، ئەی ئەمە ئێمە چۆن چارەسەری بکەین ئەگەر لەناو چوار چێوەی یاسایدا نەبێ؟ زۆر ئاسانە کە ئێمە بتوانین ئەم بابەتە چارەسەر بکەین لە ڕێگەی مەکاتبی عەمەلەوە، مەکاتبی عەمەل دابمەزرێ، ئەمە حاڵەتی یەکەم، کەئەبێ هەموو خاوەن کارێك ئەبێ ئیلزام بکرێ بە زەمان کردن، هەموویان زەمان نەکراون، کەس ناتوانێ بەمن بڵێ ئێستا هەرچی کرێکار هەیە لە کوردستاندا ئەوەی لە کەرتی تایبەتدایە زەمان کراوە، شتی وا نیە، جەولاتی تەفتیشی هەیە، ئەچن، بەڵێ سەردان ئەکەن، بەڵێ کرێکاریان لە لایە، یەکێ زەمان ئەکات و دە نایکەن، چونکە کابرای خاوەن کار ئەبێ پارەی بۆ بدات، ئەمە یەك، مەسەلەی مەکاتبی عەمەل ئەو هەموو کەسێکی کە خاوەنی کارێکە، بە ئوجرەیە، بە قتعەیە، کرێکار دەستیە، بیناسازیە، هەرشتێکە، لەم مەکاتبی عەمەلەدا دەچێت خۆی ناو نووس دەکات، ئەم مەکتەبی عەمەلە لەبەرامبەر بڕێك پارە کە مانگانە لێی وەردەگرێ هەر چ ڕۆژێك ئیشی هەبوو ئەچێ ئەڵێ تەسجیل ئەکات، یا هەفتەی جارێك، ئەچێت ئەڵی من ئەمەنە ڕۆژ ئیشم کردووە، ئەمەنە ڕۆژ ئیشم نەکردووە، ئەی ئەو کابرایە کە مرد خۆ ئەبێ شوێنێك هەبێ پارە بدات بە ماڵ و منالی؟ ئەی چۆن ئێمە باسی ئەوە ئەکەین کە هەرچی هاووڵاتی ئەم وڵاتەیە ئەبێ ژیانی مەزموون بێ؟ نابێ لە چوارچێوەی یاسادا ئێمە ئەم ژیانە مەزموون بکەین؟ هەر لەبەر ئەوە بەجێیان بێڵین، بڵێین ئەوانە کرێکاری بیناسازین، خاوەن کاریان نیە، ئەوانە فلانن؟ هەر لەم بەینەدا کرێکاری بیناسازی دووانیان هی دەرەوەی هەرێم بوون، یەکێکیان خەڵکی ئەم هەرێمە بوو، لە (تاوەر جافدا) بەربوونەوە خوارەوە یەعنی من نازانم ژیانی ئەم ماڵ و منداڵەیان چی بەسەردێ کە ئەمانە مەزموون بوون یا مەزموون نەبوون؟ ئەمانە چۆن ئەم حاڵەتە چارەسەر ئەکرێ؟ کابرا مرد، تەواو، نە شوێنی کارەکەی سەلامەتی عەمەلی تیایە، نەخۆی ژیانی مەزموونە، ئەی ئەمە چۆن بژی دوای ئەوەی کە تووشی کەم ئەندامی بێ یا بمرێ؟ منالەکانی چۆن بژین؟

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرۆژە یاسایە ئەگەر دەرچێتن وەك هاوكارانم باسیان كرد، ئەگەر ئەو كرێكارانە نەگرێتەوە كە خاوەن كاریان نیە، هەر دەرنەچێ باشترە، هەرچەندە ئەو یاسایە هەمواركردنی یاسای ژمارە (39) یە، بەلاَم لە ماددەی (2)دا هاتبوو پێشتریش باسم كرد كە حكومەت پێشنیاری ئەوەی كردووە بابڵێین ئەو پرۆژە یاسایەی كەهاتووە، لە 4٪ لە جیاتی خاوەن كار بدات، با حكومەت لە جیاتی ئەوەی لە 4٪ ی لەجیاتی خاوەن كاری بدات، ئەوە دوو، سێ جارە باسی دەكەم، با لەجیاتی ئەو كرێكارانە بدات كە خاوەن كاریان نیە، ئەگەر حكومەت پارەی هەیە با لەجیاتی ئەو كرێكارانە بدات باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان دوێنێش دووجار قسەت كرد، ئەمڕۆ هەمان قسەت كردەوە، فەرموو كاك دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەگەر تەماشای چەند مۆدێلێكی بابڵێین جیهانی بكەین دەتوانین ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكەین، ئەگەر بابڵێین یەكێك كار دەكات، بەلاَم بۆ خۆی خاوەن كاری نیە، بەلاَم ئەوەی ببینین لە مۆدێلی ولاَتانی تر بە (سێڵف ئیمپلۆیمێنت) ناو نووس دەكرێت، واتە بۆخۆیان خاوەن كاری خۆیانن، پێم وایە ئەگەر ئێمە بتوانین تەعریفی ئەوە بكەین كە ئەوانەی كە بۆخۆیان كار دەكەن بەلاَم بابڵێین كە خاوەن كار نین بۆ خۆیان، بەلاَم ئێمە ئەبێ سیستەمێك بدۆزینەوە كە تۆمار بكرێن، وەك چۆن شەریكات تۆمار دەكرێ، كۆمپانیا تۆمار دەكرێ، ئەوانیش دەبێ خۆیان تۆمار بكەن، بەلاَم دەبێ لەهەمان كاتدا خۆیان كرێی زەمانەكەی خۆیان بدەن، یەعنی لەجیاتی خاوەن كار بیانداتێ، پێم وایە ئەوە موعالەجەی ئەوە دەكەین ئەوكاتی ئێمە دەتوانین لەو یاسایە هەرچی كرێكار هەیە ئەوانەی بابڵێین خۆشیان خاوەن كار نین، ئەوانیش سوود مەند بن لەم یاسایە، بەلاَم بە مەرجێك بۆخۆیان دەبێ خەرجی زەمانەكەی خۆیان بدەن، سوپاس

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لە ڕایەكەی كاك (سەردار) دەكەم، چونكە زۆر زۆر گرنگە كە ئێمە ئەو كێشەیە لێرە چارەسەر بكەین، چونكە بەڕاستی ئەوەی كە موتەبەعیە لە هەموو دونیا ئەوەیە كە هەموو ئەو كرێكارانە لە ڕێگەی سەندیكای كرێكاران مافەكانی خۆیان بەدەست دێنن، بەلاَم بەداخەوە لەهەرێمی كوردستاندا دەبینین كە سەندیكاكانی كوردستان بۆ كرێكاران بە حیزبی كراوە، زۆر لەو كرێكارانە لەبەر ئەوەی حیزبی نین و سەر بە هیچ لایەنێك نین ناچن خۆیان تۆمار بكەن لە سەندیكای كرێكاران هەتا مافەكانیان پارێزراو بێ، بۆیە دەبێ ئەو كێشەیە لێرە چارەسەر بكرێ بەتایبەتی ئەوەی كە كاك (سەردار) باسی كرد كرێكارانی بیناسازی، ئەوانەی تر، شوفێری تاكسی، بەڕاستی كە كاتێك تووشی كارەساتێك دەبێ، ئەوكات كەس نیە كە زەمانی بكات، بۆیە پێویستە كە ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت، و سوپاس

**بەرێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە لە ولاَتێکی ئەورووپی زۆر ئاسان عیلاج دەکرێ، کە هەموو کرێکارێك تۆمار دەکرێتن، بەس لە کوردستان و تەبیعەتی ئیش و کاری کرێکاران لە کوردستان، ئێستا ئەگەر کرێکار ئیختیاری بدەینێ بلێین دەبێ خۆت تۆمار بکەیت، دەفعی زەمانی خۆت بکەی، خۆت صاحێب کاری، بەلاَم نابێتن ئەتۆ ئیشی ڕەش بکەی بە صلاح ئەورووپی بەتەئکید ڕەفز دەکاتن، جا پێم وایە ئەمە لە کوردستان عەمەلی دەرناچێتن، دەکرێ ئێمە عیلاج ببینینەوە بە تەشجیع کردنی ئەمانە کە کارەساتێکی بەسەر هات حکومەت بتوانێ هاوکاری بکات، چ بە ئیمکانیەتێکی موعەیەن، چ ڕاتبێکی موعەیەنی بداتێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێ هەندێ تێبینی بدەم، ئێمە ئەوەی کردوومانە هەموارکردنی قانونە، ئێمە لەگەڵ قسەکانی ئێوەداین، بەلاَم ئەوە بە سەر پێیی نابێت، ئەوە پێویستی بە دیراسەیە، پێویستە حکومەت لێی ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی دیراسەی بکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین، ئەو داوا کاریانەی کە ئێستا کردتان، ئەو پێشنیارانەی کە ئێوە کردتان، بیکەن بە پرۆژە یاسایەکی تر، ئەو پرۆژە یاسایە (10) کەس تەوقیعی بکات، بیدەن بە ئێمە، ئێمە تەنسیق دەکەین لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاَیەتی، لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئێمە ئەوە ئیقرار بکەین، بەلاَم ئەوە ئەو هەموو پێششنیارەی کە ئێوە دەیکەین ئێمەش ئێستا ئیزافەی بکەینە سەر ئەو ماددەیە بە نەزەری من وەلا قانونی نیە، هەمووومان دەمانەوێ وەزعی کرێکار باش بکرێ، ناویان تۆمار بکرێ، زەمانی حەیاتیان بکرێ، بەلاَم ناکرێ بەسەر پێیی ئەو ئیشە بکرێ، فەرموو کاك (عبدالله).

**بەرێز عبدالله محمد نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوێنێوە لە گفتوگۆکان دەرکەوت کە هەموومان ئەو نیەتەمان هەیە کە پێویستە کرێکارانی بیناسازی و یا هەر کرێکارێکی تر لەم یاسایە سوود مەند بێ، واتە نیەتەکە هەیە، ئیرادەکەش هەیە، بەلاَم ئەوەی کە هەستی پێ ئەکرێ کە نیە بیرۆکەیێکە، یاخود بابلێین پرۆژەیەکە، جەنابیشت پێشنیاری ئەوە ئەکەی کە بە پرۆژەیەکی تایبەت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، بەلاَم مادام ئێمە دەرفەتمان لەبەر دەستایە و ئیرادەکە هەیە، نیەتەکە هەیە، ئەوەی کە ماوەتەوە دەرفەت بڕەخسێنین بۆ ئەو لیژنەیەی کە ئەم پێشنیارانە ڕێك ئەخاتەوە، دەرفەتیان پێ بدەین کە بۆخۆیان میکانیزمێکی باش بگەڕێن ئاساییە، یەعنی بە بڕوای من با چارەنووسی پێشنیارەکان نەدەینە دەست قەدەری پرۆژەیەکی تر، بەلکو دەرفەت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەلاَیەتی بڕەخسێنین لەگەڵ وەزارەتدا بەهاماهەنگی لەگەڵ یەك، میکانیزمێکی ڕێك و پێك ڕەنگە بە چەند ماددەیەك چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.

**بەرێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تاياسايەك دەردەچێ ئێمە هەمواركردنی ئەم ياسايەمان لەبەر دەست دايە، دەتوانين ئێمە ئەگەر لە ڕووی ياساييەوە ياسايی بێت ئێمە ئيزافات بكەين، ئەو پێشنيارەی دكتۆر (دانا) پێشنيارێكی واقيعيە، بەلاَم ڕەنگە ئيشكالياتێك دروست بێ، داهاتی كرێكاری سەربەخۆ، داهاتی كرێكاری سەربەخۆش ئەكرێ بە ڕێنماييێك تەخمينی داهاتی بكرێ، بۆ ئەوەی 17٪ كرێكارەكە خۆی هەمووی بدات، خۆی تەئمين بكات، ئەوكاتە ئەبێتە ئيختياری، هەر كرێكارێك، هەر شۆفێرێك، هەر خاوەن دوكانێك، هەر نانەوايەك، نەيتوانی تەئمينی 17٪ ی خۆی بكات سوود مەند نابێ لەم تەئمينە، بۆيە ئەكرێتە ئيختياری، و داهاتەكەشی ئەكرێ تەخمين بكرێ بە ڕێگای تەخمين، يا بەڕێگای حيسابات پێشكەشی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلاَيەتی بكات، من حەزئەكەم ئەگەر ڕێگە هەبێ ئيزافە بكرێ لەم ياسايە تا ياسايەك دەردەچێت، سوپاس

**بەڕێز شوان عبداكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هيچ قسەم نيە، سوپاس

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لەو پێشنيارەی كە چەند پەرلەمانتارێك خستيانە ڕوو، وەكو بيرۆكە باسی لێكرا، ئەگەر سەيری ڕاپۆرتی ليژنەی كار و باری كۆمەلاَيەتی بكەين چەند بابەتێكی تريان پێشنيار كردووە، ئێمە لەپێشدا با ئەوانە يەك لابكەينەوە، پاشان دەكرێ هەر بيرۆكەيەكی تر بكرێت، لە چوار چێوەی ماددەيەك لەگەلْ ماددەكانی ترا ڕێك بخرێت، و سوپاس

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەلْ ڕێزم بۆ هەموو بۆچوونەكان، و پشتيوانيم بۆ ماڧی هەموو كرێكارێك، بەلاَم ئێمە ئێستا باسی سەدان هەزار كرێكار دەكەين، ئەگەر باسی سايەق تەكسی و ئەوانەی كە لە كەرتی بيناسازی كار دەكەن ئەوە ژمارەيەكی يەكجار زۆرە، ئيلتيزامەكی مالی زۆر دەكەوێتە سەر ئيحتيمالە حكومەتيش، ئێمە باسی تشتەكی زۆر گەورە دەكەين، بەو سەرپێيە، بەو پەلە پەلە ناكرێت ئێمە قەڕار بدەين، دەبێ ئێمە بوار بدەينە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلاَيەتی، و لەگەلْ ليژنەی تايبەت مەند لە پەرلەمان پێكەوە كار بكەن، بۆ دۆزينەوەی تشتەكی مەعقول و مەنتيقی كە بەيانی پەشيمان نەبين، و پەلەی لێ نەكەين، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئێمە ئێستا بەو هەموو موناقەشاتە ناگەينە هيچ ئەنجامەك، ئەنجامەكی مەعقول و مەنتيقی، يەعنی شايستەی ئەوەبێت كە جێ بە جێ بكرێت، لەبەر ئەوە پێشنيار دەكەم جارێ واز لەو بابەتە بينين لەسەر ئەصلْی ياسايەكە كار بكەين، ئەو بابەتە دوا بخەين بۆ مەجالەكی تر كە بتوانين تشتەكی ڕێك و پێك ئامادە بكەين، سوپاس.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە هاوكارانم زیاتر زۆر قسەی لێ دەكەن ئێمە هەست دەكەین كە لە كوردستاندا كرێكارێكی یەكجار زۆر هەیە خاوەن كاری نیە، بەتایبەتی كرێكاری بیناسازی و ئەوانەی كە ڕۆژانە دەچن ئیش دەكەن هەندێ ڕۆژ دەستیان دەكەوێ، هەندێ ڕۆژ دەستیان ناكەوێ، دەبینین لێرە لەو هەموار كردنە جێگیایان نابێتەوە، ئەویش بەڕاستی بە دوو ڕێگا دەبێ، ئەگەر لە ڕووی قانونیەوە دەكرێتن ئێمە قسەی لێ بكەین، ئیقتیراحات بكەین، ئەوەی كە لەگەڵ واقیعی كوردستان دەگونجێ بەڕاستی مەكاتبی عەمەلە، بۆ ئەوەی كرێكاران بتوانن لەو ڕێگایەوە، لەو دەزگایەوە بتوانێ زەمانی خۆی بكاتن، ئەگەر نەشكرێتن دیسان دەبێ ئەوە تەئجیل بكرێتن هەر وەكو كاك (خورشید) باسی كرد، پەلەی لێ نەكرێتن، بۆ ئەوەی لە پاشە ڕۆژدا ئێمە بتوانین زەمانی مافەكانی ئەو كرێكارانە بكەین كە فیعلەن خاوەن كاریان نیە، كە كرێكارێكی یەكجار زۆرن لە كوردستاندا، بەڕاستی ئێمە دەبێ لە واقیعی خۆمان سەیر بكەین كە زەمانی كرێكاران تەنها و تەنها بە مەكاتبی عەمەل دەكرێتن، سوپاس

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ڕایەی كاك (عبدالله) ئەكەم كە ئێمە ئەمە تەئجیل نەكەین بۆ پرۆژەیەكی تر ،چونكە بە دڵنیایەوە دوو ساڵی تر نایەتەوە پەرلەمان، ئێمە ساڵێكمان ماوە، ئەمە یەك، دووەم، من پێم وایە ئەمە بە دوو شێوە چارەسەر ئەكرێ، بۆ مەسەلەی كرێكاری بیناسازی و شۆفێری تەكسی و ژنانی كار كەر و هەموو ئەمانە، ئەویش بە دوو شێوە، یان ئەوەی كە لیژنەی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی پێشنیاریان كردووە لەماددەی (3)دا ئەتوانین بڕگەیەكی بۆ زیاد بكەین لێرە جێگای ئەبێتەوە، یا لە ئەحكامی خیتامیەكان كە كاك (عونی) باسی ئەكات، لەو دوو ڕێگایە زۆر بە باشی ئەتوانین جێگای بكەینەوە، و هەڵی نەگرین بۆ ئایندەیەكی نادیار، و سوپاس

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی ئەڵێن ئەوە جێگەی نیە، ئەمە هەر خۆی یاساكە یاسای هەموار كردنی مەشروعی قانونی تەقاعود و زەمانی ئیجتیماعی بۆ عوماڵە، یەعنی قەت لەم یاسایە زیاتر نیە جێگەی ئەم بابەتەی تیا بكرێتەوە، من پێشنیار دەكەم بە زیاد كردنی بڕگەیەك بەوەی:

1-دابین کردنی دەستەبەری ئەم کرێکارانەی تەبعەن ناوەکانیانمان هێنان، کرێکاری بیناسازی، موستەخدەم، دابین کردنی دەستەبەری ئەم جۆرە کرێکارانە کە قەوسێك ئەکەیتەوە (کرێکاری بیناسازی، موستەخدەم، ئەوەی کە خاوەن کاری نیە، کشتوکاڵیە) هەمووی لەناو قەوسێکە، ئەوانەی کرێکارانی بێ خاوەن کار، لە ڕێگەی نووسینگەی بەکارخستن و کۆمپانیای کار و کرێکارەکان، یەعنی ئەمە وای لێ دێت ئەمە ئەڵقەیەك دروست دەبێ نووسینگەی بەکارخستنی ئەبێت لەگەڵ کۆمپانیای کار، ئەوانەی کە کار دابین ئەکەن، لەگەڵ کرێکاران، ئەوەی کە خۆی کاری بۆ دابین ئەکات، مەسەلەن مەجموعەیەك کرێکاری بیناسازیە لە کۆمپانیایەك کە دەچێت کاری تیا دەکات هەتا بیناکە تەواو دەبێتن دەبێ عەقدیان بۆ بنووسێت بۆ ئەو کرێکارانە.

2-بڕگەیەکیش بڵێین بۆ ئەوەی ئەم بابەتەی ئێمە ئێستا بەو سەر پێی و هینە نەکرێ، بە ڕێنمایەك ئەوە ڕێك ئەخرێ لە نێوان وەزارەتی کار و ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە بۆیە باس لەوە ئەکەین، کە ئەڵێین وەك هاوکارم کاك (دڵشاد) باسی کرد کە تۆ ئەو کەسەی کە خاوەن کاری نیە خۆی کرێکارە، خۆی خاوەنی خۆیەتی، خۆی بە ڕۆژانە ئیش ئەکاتن، کە لە 17٪ی خۆی دانا، تەواو، بۆ ئێمە لەو هەموار کردنەدا حکومەت ئەڵێ من موستەعیدم 4٪ بدەم بۆ خاوەن کارەکە، بەڵام ئێستا لێرەدا با 4٪ کە بدات بە کرێکارەکە، کرێکارەکەش با 13٪ کە خۆی بیدات.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێمە هەتا ئێستا باسی کرێکار و کرێکاری بیناسازی دەکەین، زۆر چاکە، پارەیان و زەمانیان و هەموو ئەو شتەی دەیانەوێت، هەتا ئێستا ئێمە شتێکمان درك پێ نەکردیە، (سۆزان) خان باسی شتەکی کرد کە لە تاوەر (جاف) کرێکار بەردەبتەوە، لەکەلار لەپێش چاوی خۆم کرێکار بەربوویتەوە، ئەوانە دەبێ هەموو شتەکی زیاد بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر زۆر گەورەیە، شەریحەکی زۆر کەسیش دەگرێتەوە، هەندەك خەتەر هەیە کرێکار خۆی درکی پێ ناکات، بەڕێز دوێنێ جەنابی وەزیر کە باسی کرد گوتی ئێمە تیممان هەیە موراقەبە دەکات، کەچەند کرێکار لە مەوقیع هەیە، و چەند کرێکاریش کار دەکەن لە بیناسازی، ئایا ئەو تیمە هەتا هەنکە قەت بووە موراقەبەی عەمەلەیەکی بکات کە کۆسەرەی ئیستیعمال دەکات خۆی نازانێ ئیستیعمالی بکات، بەردی کۆسەرەکە دەردەپەڕی پێی دەبڕیتەوە، ئایا قەت گوتیتمان عەمەلەکی کە مەرمەڕی دەبڕی ئەو تۆزەی کە سینگی پارچە پارچە دەکات، دەبی ئیلا قیناعی لەبەر بکەی، ئایا قەت گوتیتمان ئەو کرێکارەی کە لەگەڵ قاڵب و نەجاری ئیش دەکات، دەبێ پۆتینەکی لەبەر بکات، یان شەبقەکی لەسەر بکات هەر وەکو وڵاتەکانی تر کە یەك بزمار نەکەوتە بەر پێت یان، ئەمە خۆی لە خۆی ئەساسەن کە کرێکار تشتەکی دەوێ ئینجا هاوار دەکەین، دایکەك کە منداڵ دەگریێ ئەوجا شیری دەداتێ، باشە دەڵێ مەگەڕێ ئەو کرێکارە بگرییێت، کاکە ئێمە زۆر شت هەیە پێویستە کرێکارەکان ئیجبار بکەین لە مەوقیعی

عەمـەل بلّـێین ئـەوە لەبـەر صـەحەتت باشـە دەبـیّ ئـەوەی بکـەی، بەڕاسـتی وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کۆمەلاّیەتی ئـەو قانونـە قانونـەکی زۆر زۆر فراوانـە، دەبـیّ ئەمـە کـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ مـەوقیعی خۆمان بۆ ئەو خولە شانازیە کە ئەمە هەندەك شت بچەسپێنین کە کرێکار خـۆی درکـی پـیّ نـەکردبیّ، نـا بەس ئەوەی کە هاوار دەکات شازدە دینار و حەڤدە دینار، و هەژدە دینار، کە ئەوە سبەینیّ هـەر بـازاڕ بلّنـد بێت لۆ ئەو چ ناکات، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەموومان کۆکین لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە شـتێك بـۆ کرێکـاران بکـەین، هەلّبەتە نە لەسەر ئەساسی ئـەوەی کـە ئێمـە ئـەو شـتەی دەیکـەین یـان داوای دەکـەین لـە گیرفـانی خۆمـان دەینینە دەریّ، بەلّکو لە دەسـتوری عیراقـی دا هـاتووە کـە حکومـەت موکەلەفـە بـە زەمـانی ئیجتیمـاعی بـۆ کۆمەلّێك چین و توێژ لـە عـیراق، و کوردسـتانیش پـێی پابەنـدە، بـەلاّم فەرقەکـە لێـرە ئەوەیـە ئێمـە قسـە لەسەر قانونێك دەکەین کە کاتی خۆی لەسەر ئەساسی دەستورێکی کۆن هاتووە، موعالەجەکەی  بە جۆرێك کردووە، لەسەر ئەساسی سـندوقیك هـاتووە، ئـەو سـندوقە پێـك هـاتووە لـە ئیشـتیراکاتی کرێکـاران خـۆی و دەعمی حکومەت، واتە ئەوانەی کە ئـەو ئیشـتیراکاتەیان داوە ئـەوان مـەشمولن بـەو سـندوقەیە، ئـەوەی کـە ئێوە باسی دەکەن پێویستی بە پرۆژەیەکە کە حکومەت بیکات، هـیچ کرێکارێـك لەوانـەی کـە ئێسـتا خۆیـان ئیشـتیراك دەدەن ئامـادەنین لـە ئیشـتیراکی خۆیـان زەمـانی کرێکـاری تـری پـیّ بـدرێت، باسـی کرێکـاری بیناسازیتان کرد، کرێکاری بیناسـازی ئـەمڕۆ ئیشـی هەیـە دە ڕۆژ نیـەتی، لەبـەر ئـەوە لـە وانەیـە نـەتوانیّ ئێشتیراك بدات، کەواتە دەبیّ بە پێی قانونێك حەل بکریّ، بەپێی پرۆژەیەك حەل بکریّ کـە لـە دەسـتوری عیراقیەکە هاتووە، یەعنی ئەمە کرێکارێکی بیناسازی زەمانەکەی 100٪ دەکەوێتـە سـەر حکومـەت، بـەلاّم ئەو کرێکارەی کەوا صاحێب عەمـەلی هەیـە ئـەوا کەوتۆتـە سـەر ئـەم سـندوقە، بۆیـە بـەڕای مـن دوو، سـیّ پرسیار هەیە، ئایا بەهەموار کردنی ئەم یاسایە دەتوانین ئێمە حەق بدەینە ئەم کرێکارانە؟ ئایا کـیّ پـارەی ئەوەی ئێوە باسی ئەکەن ئەیدات؟ ئەگەر ئێمە بیخەینە سەر ئەم سندوقە غەدر لەو کرێکارانـە دەکـەین کـە ئیشتیراکیان کردووە، چەندین سالّە ئەم پارەیان کۆ کردۆتەوە بـۆ زەمـانی خۆیـان، بـۆ ئـەو خەدەماتـەی کـە باسمان کـرد، تەئیـدی قسـەکەی کـاك (دلّشـاد) دەکـەم، ئـەبیّ یـان ئـەوەتا ئێمـە کـە لێـرە بڕیـار بـدەین ئـەو کرێکارانەی بیناسازی داخیلی ئـەم پـرۆژە بـن، ئـەبیّ هـەموویان مـولزەم بکـەین ئـەوانیش ئیشـتیراك بـدەن 17٪، ئەگـەر ئـەوە بکـەن بڕیـار بـدەن غـەدریان لـیّ ئەکـەن، چونکە لـەقانونی زەمـانی ئیجتیمـاعی ئـەوان مەفروزە حەقیان بداتیّ، و پێویستە پرۆژەیەکی تایبەت بۆ ئەوان ئامادە بکریّ، و من پێشم وایـە وەزارەتـی کار و کاروباری کۆمەلاّیەتی بیری لەوە کردۆتەوە، پرۆژەشی حازرە، سوپاس

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ ئەو تەفصیلەی کە باسی لەسەر کرا تیکراری بکەمەوە، بەلاّم دەمەوێ بە یەك کەلیمە، من خۆشم و هەموو ئەو برا پەرلەمانتارانەی کە لە پەرلەمان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە هەموو کرێکار مافی هەبێ، هەموو کرێکار زەمانی حەیاتی هەبێ، پارێزراوبێ لەو مەخاتەرانەی کە لە ئیشا ڕوو بەڕوویان ئەبێتەوە، ئەمە ئالیەتی تایبەتی خۆی ئەوێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە بە پرۆژەی تایبەتی ئەکرێ، چونکە دوو بابەتە، بابەتێکی پەیوەندی بە خاوەن کارەوە هەیە، بابەتێکی پەیوەندی بە کرێکارەوە هەیە، بە دەرامەتی کرێکارەکەوە هەیە، ئەو کرێکارەی کە ئیش ئەکات چەند ئیستیعدادی هەیە لەو ئابوونە و بەشەی کە ئەکرێ بە زەمان بیدات، هەروەها ئایا ئەم کرێکارانە موستەعیدن ئەم زەمانە بدەن یانا؟ چونکە من پێم وایە هەندێك لەو کرێکارانە مەصادری تری ژیانی هەیە لەوانەیە پێویستی بەمە نەبێ، بۆیە من ئەگەڕێمەوە سەر پرۆژەکە کە جەنابت پێش تۆزێك مولاحەزاتێکت دا، ئەمە ڕاستە کە هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە ئەم زەمانە هەبێ، کە ئەم یاسایە زۆر مۆدرێن بێ، زۆر گرنگ بێ کە پارێزگاری لە مافی هەموو کرێکارێك بکات لە ژیانیش و پاش مردنیشیان بۆ کەس و کارەکانیان، بەلاّم ئێمە با شتێکمان لەبیر نەچێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، و جەنابی وەزیریش خۆی لێرە ئاگادارە، ئەم پرۆژەیە کە هاتووە حەصرە بە تەعدیل کردنی چەند ماددەیەك لە یاسای دەستە بەری کاروباری کرێکاران، کە لە ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (13) کۆبوونەوەی لەسەر کراو جەنابی وەزیر خۆی ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بووە، بەواتە ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە ئەکرێ تەنیا قسە لەسەر ئەو چەند ماددەیە بکرێ کە هاتووە بۆ تەعدیل کردنی، ئەو موقتەرەحە چاکانەی کە ئێستا پەرلەمانتارە بەرێزەکان باسیان کرد، و هەمووشمان کۆکین لەسەری، و جەنابیشت تەوزیحت دا لەسەری، و لەبەر ئەوەی ئیلتیزاماتی مالیشی تیایە، و پێویستی بەچەند لایەنێك هەیە کە ئامادە بێ (سەندیکای کرێکاران، نەقابەی سەناعین و پیشە وەران و پیشەسازیەکان، نەقابەکانی تر) لەگەڵ جەنابی وەزیرا کۆك بن کە کۆبونەوەیەکی لەسەر بکەن بۆ ئیزافە کردنی ئەو ماددانەی کە ئێستا ئەم برادەرانە باسیان کرد، لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیەی کە ئێمە کاری لەسەر ئەکەین و موناقەشەی لەسەر ئەکەین، حەصرە بە تەعدیل کردنی چەند ماددەیەك و هیچی تر، غەیری ئەمە ئەبێ بە پرۆژەی تر پێشکەش بکرێت، و سوپاس

**بەرێز فرست احمد عبدالله- سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەهەمیەت و گرنگی ئەو مەوزوعە بەڕاستی وای لەمن کرد کو من ئەو موداخەلەیە بکەم، من دگەل هەموو ئەو ڕەئیانەمە کو مەوزوعەکی زۆر گرنگە، شەریحەیەکی زۆر گەورەیە، مەفروزە زەمانی حقوقیان بکەین، بەس ئەهەمیەتی ئەو مەوزوعە، و گرنگی ئەو مەوزوعە، و فراوانی ئەو شەریحەتە وای لە ئێمە کرد کو لە حەلەك نەگەرێین سەرپێ بێتن، لەباتی موشکیلەکە حەل بکەین موشکیلەکە زیاتر تێك بدەین، بە ڕەئی من ئەو مەوزوعە زۆر گەورەترە لەوەی کو بە ماددەیەك و دوو ماددە بێتە چارەسەر کرن، ئەوە لە ناحیەك، ناحیەی دووەم، صەلاحیەتی ئێمەیە هێ دەستوری تەعدیلی تەتبیقی تەنفیزی قانونەکی

ئیتیحادی بکەین، یەعنی نەصەك مەوجود بێت جوزئیەن ڕابگرین ماددەیەکی بەدیلی بۆ دابنێین، بەس هەگەر گەهێشتە حەدەکی وا فەصڵەکەو، بەشەك بۆ ئیزافە بکەین بە ڕەئی من ئەو بەش و ئەو فەصڵە مەفروزە بە قانونەکی تایبەتی خۆمان بێت و بەناوی ئێمە بێت، نە بەناوی قانونەکی ئیتیحادی بێت، بۆیە من دگەل ئەو ڕەئیەمە کو ئەو مەوزوعە زیاتر ئیحتیاجی دیراسەتە، و ئیحتیاجی پرۆژەیەکی قانونیە، مابەینی مەو حکومەت چارەسەر بکرێتن، چونکی ئیلتیزاماتی مالی زۆری تێدایە، سوپاس

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەر باس لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکار دەکەین، بەڵام من پێم وایە پێش ئەوەی هەر باسمان لەوە کردبایە هەمواری یاسای کار بکرابایە، بەڕاستی هەمواری یاسای کار لە هەمووان گرنگترە، چونکە یاسای کار کۆمەڵێك کەلێنی تێدایە، ئەگەر ئەو کەلێنانە لە یاسای کاردا نەبوایە ئێمە لە ئەشکالیەتی یاسای کار بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران تووشی ئەو ئەشکالیەتە نەدەبووین، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی دووبارە، لەبەر ئەوەی دوو ساڵە ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەمانە، دەبوایە هەمواری یاسای کرێکار بکرابایەوە، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەمیشیان، بەڕاستی ئەو یاسایە ئەگەر بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت بەڕاستی هیچ دادپەروەریەکی لە نێوان کرێکاراندا پێ دابین ناکرێ، و سوپاس.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی بەڕێزتان دەکەم کە زیاتر ئەو مەوزوعە دیراسە بکرێت، بەڕاستی زۆر گرنگە ئەو نەزەریاتەی کە لێرە تەرح دەکرێ، بەڕاستی زۆر گرنگە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە، و لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێمە گونجاو نیە، ئێمە چەندین جۆر کرێکارمان هەیە، ئەو کرێکارەی بۆ دەوڵەت ئیش دەکات بۆ (حکومەت)، ئەو کرێکارەی بۆ کەرتی تایبەت کار دەکات، ئەو قوتابیەی لە فەترەی پشوودانی هاوینان ئیش دەکات، ئەو کرێکارەی دوو ڕۆژ ئەچێ بۆ کابرایەك ئیش دەکات، لە خیلالی ئەو دوو ڕۆژە فەرەزن کەوتە خوارەوە و پشتی شکا، کابرا خاوەن کار نیە، بۆ دوو ڕۆژ هێناویەتی، کابراش بۆخۆی چووە، بۆیە ئەوە پێویستە زیاتر دیراسە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیزاماتەی کە حکومەت جێ بە جێی دەکات بزانی یەعنی ئیلتیزاماتەکان چیە، نەك ئیتر هەموو کەسێك کە نە سەندیکا ئاگای لێ بێت، نە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاگای لێ بێت، نە ئۆفیسێك ئاگای لێ بێت، ئەبێ هەموو ئەمانە دیراسە بکرێت، پرۆژە یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دەربکرێت، چونکە گرنگە بەڕاستی، سوپاس

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو پێشنیارانەی کە کران بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی یاسادا جێی ئەو کرێکارانە بکرێتەوە کە لەگەڵ خاوەن کاردا نین، خۆ بەخۆ ڕۆژێك کاریان هەیە، جاری واهەیە لەهەفتەی جارێك کاریان هەیە،

بەڕاستی ئەوەی کە کێشەی گەورەی چینێکی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئێمە ئەگەر قسە لەسەر واقیعی کۆمەڵگا بکەین، بەڕاستی ئەوەی کە گرفتە لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا کە هیچ یاسایەك نیە، هیچ کەسێك ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، هیچ زەمانەتێکی ژیانیان نیە، ئەو کرێکارانەن کە خاوەن کاریان نیە، ئەو کرێکارانەن کە ڕۆژانە هەر یەکەو لە جێگایەك کار دەکەن، بەڕاستی ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم یاسایە، لەو ماددانە جیانەکرێتەوە، بەڕاستی جارێکی تر ناتوانرێ لە هیچ یاسایەك زامنی گوزەران و ژیانی ئەو کرێکارانە بکرێ کە لە کرێکاری ڕۆژانەدا کۆمەڵێك ماڵ و منداڵیان هەیە، لە یەکی ئایاردا لە چەمچەماڵ کرێکارێك قاچێکی بڕایەوە کۆمەڵێك ماڵ و منالی هەیە، کێ زەمانەتی ژیانی ئەکات؟ ئەبێ بە خێر و صەدەقەی خەڵك بژێت، بەڕاستی ئەمە ئەرکی حکومەتە، بەڕاستی لە چوارچێوەی ئەم یاسایە بتوانێ ئەگەر لە ڕێی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە یارمەتیەك و هاوکاریەکی کەمیش بێت تا بەیاسایەك چارەسەری ئەم کێشەیان ئەکرێت، بە ڕەئی من ناکرێ پشت گوێ بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پشتگیری قسەکانی کاك (سەردار) ئەکەم کە لە ئەوەلا کردی، بەڕاستی کە ئەم یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە دوو ساڵ لەمەو پێش، کرێکاران چاوەڕوانی ئەوە بوون ئەو زەمانە بۆ کرێکاری عام بێ نەك تەنها ئەو کرێکارانەی کە خاوەنکاریان هەیە، ئینجا ئەگەر ئەڵێین ئێمە ناتوانین تەعدیلی قانونی ئیتیحادی بکەین، ئێمە تەعدیلی قانون ئەحواڵ شەخسیمان کردووە، بڕگە و ماددەمان بۆ زیاد کردووە، ئەمە یەك، دوو، ئەگەر ئەڵێین ناکرێ لەسەر ئەصڵی پرۆژەکەی کە تەقدیم کراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە شت زیاد بکەین، ئەمەشمان کردووە، چونکە پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی یەعنی ئەوەی کە هاتە، ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کرابوو زۆر جیاواز بوو لەوەی کە ئەصڵی پرۆژەکە تەقدیم کرابوو، لەبەر ئەوە ناکرێت بۆ ئەو مەوزوعە شتێك بکەین کە لە پرۆژەی تردا کراوە، یەعنی ئێستا وەك کاك (عبدالله) وتی زۆر جێگەی خۆیەتی، چونکە تا پرۆژە ئامادە ئەکرێت، تا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێت، تا موناقەشە ئەکرێت، زۆری پێ ئەچێ، ئەو لیژنە هاوبەشە دیراسەی ئەمە بکەن بۆ ئەوەی کرێکارانیش شموول بکات، ئەوکات تەفاصیلی ئەوەی کە چ کرێکارێك شموول بکات ئەکرێ بە تەعلیمات پێشکەش بکرێ، و سوپاس

**بەڕێز ئاسۆس نجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوارم پێ بدەی دیارە زۆر پرسیار کراو وەڵامیان ئەوێ، و مەوقیفی وەزارەتیش سەبارەت بەم هەموار کردنەوە، بەم خاڵانەی کە هێناومانەتە پەرلەمانی بەڕێز، ئێمە لە 5/10 کە نوێنەری سەندیکای کرێکاران دوو ئەندامیان حازر بوونە، لێرەش لە کۆنووسەکە ئیمزاشیان کردووە، دوای پێنج مانگ ئەمە لە 10/10 لە پەرلەمان بووە، ئەو هەموار کردنە، و ئەو پێشنیارانە هەمووی سەندیکای کرێکارن لەگەڵمان بووە،

شەریکی ڕاستەقینەمان لە بواری کار و دەستەبەردا کاری دەکرد، ئێمە کرێکارانمان لەگەڵدایە، لەهەموو هەموار کردنێك داواکاری کرێکارانمان بۆ دێن و کاری لەسەر ئەکەین، سەبارەت بەوەی کە بۆ کرێکاری بیناسازی کە بۆ لێرە جێگای ناکرێتەوە؟ ئێمە تاکو ئێستا پلانی وەزارەتمان هەیە، ئەوەتا (ورکشۆپپیشمان) ئەنجام داوە و ڕەش نووسەکەشمان ئامادەیە کە یاسای کارە، تاکو یاسای کار هەموار نەکرێتەوە نابینە خاوەن یاسای کاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان، ناتوانین ئەو کرێکارانەی کە ئێستا گیرو گرفتیان هەیە مەشمولیان بکەین، گومان لەوەدا نیە کە حکومەت و پەرلەمانیش ئەیەوێ ژیانی چینی کرێکاران چاك بکات، هەموو کرێکاران، کرێکاری بیناسازی بێ یاخود کرێکارەکانی تریش بن، هەنێ کرێکار هەیە دەستەبەر نەکراوە، لە کاتی ئەوەی کە لیژنەی تەفتیش ئەڕوات خۆیان لە لیژنەی تەفتیش ئەشارنەوە بە هەر هۆیەك بێت، و لیژنەی تەفتیشیش کە ئەڕوا بۆ پرۆژەکان با ئەندامان هەموو بزانن، هەر پرۆژەك بە پێی یاسا لە سێ کرێکار و زیاتری هەبێ مەشمولن بە زەمان، دەستە بەرکردنیان ئیجباریە، ئەو کرێکارانە زۆربەیان لە 5٪ی خۆیان نادەن، بەڵکو خاوەن کار بۆیان ئەدات، جگە لەوە ئێمە لە پرۆژەکاندا لیژنەی تەفتیشمان هەیە، سەلامەتی تەندروستیمان هەیە، لیژنەی تایبەتمان هەیە، کە ئەچێ سەردانی پرۆژەکان ئەکات، هەنێ کەل و پەلی تایبەتی هەیە کە ئەبێت لە کاتی کارکردندا ژیانی پارێزراو بێت، سەبارەت بەوەی بۆ کرێکارانی بیناسازی چیمان کردووە؟ ئێمە لەگەڵ مەکتەبی ئەقلیمی مانگی شەش لەگەڵ مونەزەمەی دەولی عەمەلی کۆبونەوەیەکمان هەیە، و ڕەش نووسەکەشمان ئامادەیە بۆ زەمانی ئیجتیماعی، بەڵام ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین کە کوردستان ببێتە خاوەن یاسایەکی تایبەت، لە هەرێمی کوردستان زەمانی ئیجتیماعی بێ یاخود یاسای کار بێت، تاکو یاسای کاریش لێرە لە پەرلەمان هەموار نەکرێ ئێمە ناتوانین یاسای زەمانی ئیجتیماعی بێنینە پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە یاسای کارا باسی ئەوە ئەکا و تەحدیدی ئەکات کرێکار بەکێ ئەوترێ، لەوێ ئێمە ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا هەیە، هەموو پێشنیاری ڕێك و پێکن، هەموو پێشنیاری تەندروستن، ئێمە لەوێ ئەتوانین جێگای ئەمانە بکەینەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەین، سەبارەت بە مەکاتبی عەمەل، مەکاتبی عەمەلمان هەیە، مەکاتبی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستنمان هەیە، ئاماریشمان لە لایە کە ڕۆژانە خەڵکی داوای ئەوە ئەکەن بە دوای کارا بۆیان بگەڕێین، بە ئامار لەبەر دەستمایە، لە 2004 تا 2011، چەند هەزار کەس بێ کار بووە و ناوی خۆی تۆمار کردووە، بە ئامار لەبەر دەستمایە کە بۆ چەندیان هەلی کارمان دۆزیوەتەوە، و ژمارەیەکیش لە وانەی کە هەلی کاریان دۆزیوەتەوە خۆیان بەو هەلی کارە ڕازی نین، جا لەبەر شوێنی هەلی کارەکە بێت، یاخود لەبەر کرێیەکە بێت، یاخود لەبەر پرۆژەکە بێت، چونکە زۆر لەو هەلی کارانەش بە بەراورد لەگەڵ شەهادەکانیان نەگونجاوە، سەبارەت بەوەی کە لە یەکێ لە پرۆژەکان دوو کرێکار گیانیان لەدەست داوە، ئێمە لیژنەی تەفتیش هەمان ڕۆژ چۆتە ئەو شوێنەیە، و دەعوای یاسایشی بەرامبەر خاوەن پرۆژەکە بەرز کردۆتەوە، چونکە یەکێ لەو کرێکارانە دەستەبەر نەکراوە، بەڵام بە هەموو شێوەیەك خاوەن پرۆژەکە مەسئولە و مافی کەس و کاری ئەو کرێکارەش ناخورێت، چونکە ئێمە لە دائیرەی زەمانی ئیجتیماعی ئێستا

به دوای ئەو دەعوایەوەین، سەبارەت بەوەی کە دەعوای ئەوەمان کردووە ئێمە، دوێنێ دەعوای ئەوەم کرد کە ئەو ماددەیەی کە دەستەڵات ئەداتە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەت کرێتەوە، مەبەستم لەوە بوو ماددەمان هەیە لە زەمانە، ماددەی (85)ە، ماددەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی دەور بدرێ بە سەندیکای کرێکاران، داوای ئەوە ئەکەین، ئێستا ئێمە ساڵانێکە داوامان کردووە، ئەمساڵیش داوای ئەوە ئەکەین، هیچ نەبێ بە لایەنی کەم ساڵانە دوو سەد و پەنجا ملیۆن لە سندوقی خانەنشین بۆ سەندیکای مەکاتبی عەمەل، کە ئێستا مەکاتبی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئێستا لە سەندیکای کرێکاران بۆیان دابین بکرێتن بۆ ئەوەی ئەوان ئیشی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی سەندیکای کرێکارانیش لەمەودوا دەوری خۆیان هەبێ، بەدوای پرۆژەکاندا بڕۆن، بتوانن ئێستا حاڵی حازر نوێنەری سەندیکای کرێکارانمان لەگەڵە کە ئەچن بۆ پرۆژەکان، بەڵام ئێمە داوای ئەوە ئەکەین لەبەر ئەوەی شەریکی ڕاستەقینەی کارن لەبواری دەستەبەردا، سەندیکای کرێکارانیش دەوری خۆیان ببینن، تاکو ئەو ماددەیەش تەفعیل نەکرێ ناتوانین بەو شێوەیە ئێمە بتوانین وا بکەین ئەو کرێکارانەی کە خۆیان لە لیژنەی تەفتیش ئەشارنەوە ئێمە بتوانین خزمەتیان دەستەبەر بکەین، بۆیە ئەم پێشنیارانە ئەتوانین ئێمە لە یاسای زەماندا جێگایان بۆ بکەینەوە، و هەر پێشنیارێکیش دیارە ئێمە بەهەندی وەرئەگرین ئەوکاتەی کە کۆنفراسەکە ئەکەین، یاساکە دائەرێژین ئەم پێشنارانە هەمووی لە یاساکەدا جێی ئەکەینەوە، سوپاس

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەمان.**

کار و ژیان یا دەستەبەری کۆمەڵایەتی مافێکی دەستوریە، ئێمە قسە لەسەر زەمانەتی کرێکار دەکەین، هەموو ئەو پاساوانە بۆ ئەوەبێ کە حکومەت دەربازبێ لە ئەرکەکی دەستوری، یاسایی کە دەستەبەری کۆمەڵایەتیە بۆ کرێکاران، ئێمە دوێنێ قسەمان لەسەر ئەوە کرد وتمان بەڵێ سەردەمەکە پێویستی بە یاسایەکی پرۆژە هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بۆ دڵنیایی کۆمەڵایەتی، یاسای کار چاك نەکراوە، بەڵام ئێمە ئەی بۆ تەعدیلەکەمان کرد؟ مادام وایە کە تا یاسای کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەری ئەکاتن ئێمە ئەو تەعدیلەمان نەکردبایە، ئەگەر مەبەستەکە ئەوەیە، ئێستا زۆرینەی پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوەنە کە ئێمە ئەو ئیرادەیە یان ئەو پێشنیارە، چارەسەر کردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو توێژە بەر فراوانە بدەینە لیژنەکە بۆ ئەوەی دەقێکی وا ڕێك بخات کە حکومەت بەرپرسیار بکا و بیخەینە دەنگ دان نەك بە پاساوی تر تێیپەرێنین....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

صیغەیەکی موشتەرەك هەیە بۆ ئەمە؟ صیغەیەکی موشتەرەك نیە؟ هەرکەسەو ڕەئی خۆی دەردەبڕێت، ئەبێت صیغەیەکی موشتەرەك هەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەریز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا قسە لەسەر هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ئەکەین، بەڕای من قسەی زۆر کرا، ئەو مەوزوعە ئیشباع بووە، ئەوەی کە موختەصەری ئەو پێشنیارانە بێ ئێمە دوو ڕێگامان لەبەر دەست دایە، یا ئەوەیە ئیزافە بکرێ بەم یاسایە، مۆڵەت بەین بە لیژنەکە تا ئەو ڕۆژەی کە قەرارە ئێمە ڕۆژی دەنگ دان دێت بۆ ئەو مەوزوعە، کۆی ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزانم کردیان شتی خۆی وابزانم ئێرەیە، ئێستا دەیان هەزار کرێکار چاوەڕێی بەڕاستی ئەم یاسایەن بەڕاستی، بەتایبەتی کە کرێکارانی بێ خاوەن کار کە زۆر قسەی لەسەر کرا، من وا ئەزانم یا ئەبێ مۆڵەتێك بەین بە لیژنەکان ئەو پێشنیارانە بخەنە سەری کە ڕێگەی سروشتی و یاسایی خۆی وایە، یا ئەگەر مەجال نەبوو لیژنەکە زانیان ئەمە ناکرێ واباشە کە پرۆژەکە ئامادە کرێ بەلاًم سەقفێکی زەمەنی دانرێ کە تێنەپەرێ، چونکە ئەم مەوزوعە هەردووکیان یەعنی ئەو باسی کرێکارانی بێ خاوەن کارە بەڕاستی پەیوەندی بەم پرۆژە یاسایەوە هەیە کە ئێستا ئێمە ئەیکەین، وەك بەڕێزان وتیان ئێمە زۆر یاسای تریشمان تەعدیل کردووە لە یاسای ئیتیحادی هیچ ئیشکالیەتێکمان نەبووە، هیچ گرفتێکمان نەبووە، ئێستا بۆچی عەجەب مۆڵەت نادەن بە لیژنەکە لە کاتی هێنانەوەی پرۆژەکە دوای تەعدیلات ئەو پێشنیارانەش جێگا بکەنەوە، ببورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من خاڵێکم بیر چوو لەبەر ئەوەی جەنابتان قسەتان ئەکرد، ئەم مەوزوعە ئیشباع بووە بە دەنگ دان یەك لای کەرەوە جەنابت، لەبەینی ئەوە کە لیژنەکە مۆڵەتی بەینێ ئەو پێشنیارانەی کە پەیوەندی بەو توێژە لەناو کرێکاراندا هەیە جێی بکاتەوە لەناو ئەم یاسایە، یان بە سورعەت پرۆژە یاسایەك ئامادە بکرێت، وابزانم ئیشباع بووە، بە دەنگادان یەك لای کەیەوە جەنابت باشترە، و سوپاس

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو پێشووتریش وتم، چ لیژنەی بەڕێزی قانونی، چ لیژنەی کار و باری کۆمەڵایەتی چەند پێشنیارێکیان هەیە وکو موتەبەعیش بووە، لە موناقەشە کردنی پرۆژە یاساکانی تر یان پرۆژەی هەموار کردنەکانی تر، لە پێشا ئەو پێشنیارانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا موناقەشە ئەکرێ کە لە لایەن لیژنەکانەوە ئەخرێنە ڕوو، پاشتر ئەگەر هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز پێشنیارێکی هەبوو دواتر لە ڕێگای تەئید کردنەوە ئەخرێتە بەر باس و دەخرێتە دەنگدان، بۆیە ئێستا بۆ ئەوەی کاتەکەمان نەڕوات هەر ئەوها، لەپێشا ئەو پێشنیارانەی کە هەیە لە لایەن هەردوو لیژنەی بەڕێز ئەوانە موناقەشە بکرێن، پاشتر ئەتوانن ئەندام پەرلەمانتارانی بەڕێز هاوکاری لیژنەکان بن بۆ ئەوەی صیغەیەك بدۆزرێتەوە بۆ حەل کردنی ئەم پرسە، سوپاس

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەگەر ئەم پرۆژە یاسایە بەو شێوەیە تێپەرێندرێ، ئەوەی کە لیژنەی موختەص باسی کردووە، ئەوەی کە بڕایان و خوشکان باسیان کرد ئەوا ئەم پرۆژە یاسایە بە نەقوسانی ئەڕوا، و فەراغێکی

گەورەی تیایە، مافێکی زۆری کرێکارانی بێ خاوەن کار دەستەبەر نابێ تیایە، بۆیە منیش تەئکید لەو پێشنیارە ئەکەم کەوا هەرسێ لیژنەی بەرێز، چەند ماددەیەك، یان ماددەیەك بە چەند بڕگەیەك ئیزافەکەن، و ئێستا بە دەنگدان ئەوا حەسم بکەین، دوایی ئەو ماددانە کە ئەمێنێتەوە لەکاتی تەعدیل و هاوبەشدا، ئەو ماددانە ئیزافە بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارانەی کە ئێوەش کردتان، دەیخەینە بەردەمی لیژنەکان، لە کاتی تەصویتدا با صیاغەی بکەن لەکاتی دەنگمان دا بۆ ماددەکانی تر بۆ ئەوەش دەنگدانی لەسەر دەکەین، جا لیژنەکان ئێوەش خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی داڕشتنەوەی یان تەعدیل کردنی یاساکە ئەوەش ئامادە سازی بۆ بکەن، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی ئەو خوشك و برا پەرلەمانتارانە ئەکەم بۆ دەربڕینی ئەو هەستە جوانە، من دەچمە ڕێزی ئەوان کە هەر شتێك بوترێ بۆ ئەو شەریحە فراوانەی بۆ کۆمەڵگای ئێمە بکرێ هێشتان کەمە بەڕاستی، بەلأم بە خودای قەڵەمم هەڵگرتبوو چاوەڕوانی پێشنیار بووم، من سوپاسی کاك (دانا) و کاك (دڵشاد) ئەکەم، و ئەو خوشك و برایانەی کە فکرەی تریان هەبووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تاکو بزانین ئەرکەکەمان چیە تکات لێدەکەم مەجالم بدێ ئەرکەکەی خۆمان شەرح بکەم، تاکو کە دێینە سەر دەنگدان موناقەشەکە دیسان دەست پێ نەکات، ئەگەر ڕێگەم بدەنێ.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-بێجگە لە عاتیفە و بێجگە لە هاوسۆزی، خاوەن کار یاسایەك و بوارەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەسحابی میهنە حوڕەنە، ئەوان چونکە خاوەن کاریان نیە، یاسای تایبەت بۆ ئەوان هەیە، یاسا بۆ کرێکار شتێکە، بۆ ئەوەی خاوەن کاری خۆیتی شتێکی ترە، لە سەرەتاوە ئەو داخوازیەی، ئەو شەریحەیەی کە ساحێب تەکسیە، ئارێشگایە، نانەوایە، یەکێکە خۆی و خێزانەکەی لە محەلەکە ئیش ئەکەن (بنەماڵەکە)، ئەوانە هەموویان لە عیراقیش یاسا کۆنەکە ئەگەر لێ بگەڕێین تەرتیباتی تایبەت بۆیان ئەکرێ، تکاتان لێ دەکەم بزانین، بۆیە ئیشەکە زۆر زەحمەت بوو، کەم کەس توانی ئەفکاری تازە بینی کە فیعلەن گونجاوبێ لەگەڵ ئەو یاسایە، بەلأم من پێشنیارەکم هەیە بۆ ئەوەی بە دەستی بەتاڵ دەرنەچین، ئەمە یەك.

2-بە نیسبەت ئەوانەی کە کاری وەرزی ئەکەن، هەیە تەبیعەتی ئیشی، ئیشی وەرزیە، لە کشتوکاڵیش هەیە، لە بیناسازیش هەیە، لە جێگای تریش، بێجگە لەوەی وەرزیە ئەوانە هەندێکیان خاوەن کارە، هەندێکیان

خاوەن كار نیە، یەعنی ئەگەر هاتو هی بیناسازی ئەو پێشنیارە ئەوها بەسەر ناچێت، ئێمە شەریكاتمان گرت، ناچارمان كردن بچێت لای ئەو شەریكاتانە بڵێ من كاشی چیمە، و چاوەڕوان بێت ئیشی بۆ بدۆزنەوە كە دڵنیامە نایكەن، دژی مافی مرۆڤیشە، ئینسان حورە بۆخۆی لە پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤ، نابێ ئیجباری یەكەك بكەی كە فەرزێكی ژیان بۆخۆی ئیختیار بكات، ئەمە كێشەی دووەمە، حیساب كردنی ئەو پارەی كە وەری ئەگرێت و ئەو پارەی كە دەیدات، پێشنیارەكی جوان هات وابزام كاك (دڵشاد) بوو، مەسەلەی تەخمینی داهات كە من موتەئەكیدم قبوڵی ناكەن، وابزانم شۆفێرەكانی تەكسی لە دەرەوە زۆر ئاسانە، تەخمینی حیسابێك ئەكەن، وەزارەتی كار، دارایی، سەندیكا، ژورەكانی بازرگانی و پیشەسازی، تەخمینێك ئەكەن دەڵێن وەصل و شتم بۆ نەهێنا، تۆ پازدە هەزار گلدەن دەهینی، یان شەش هەزار، تۆ دەبێت 12%كەی بدەیت تەواو، بۆیە بەپێی هەموو ئەو قسانە ئێمە رووبەڕووی دوو شت دەبینەوە، یان وەكو زۆربەی زۆریان بە مەنتیقی و بە قانونیش دانرا، داوا دەكەن ئێمە بە هێمنی و بە راوێژكاری یاسای خۆمان، یەعنی تەعدیل نیزامی خۆمان هەبێت، ئەوانی تر كە داوا دەكەن ئێمە دەربچین بە شتێك بۆ كرێكاران، منیش لەگەڵیانم و هاوسۆزم لەگەڵ ئەو قسانە، پێشنیارێك هەیە كە ئێمە ئیزافەی حاڵەتێك لەماددەی (27) كە باسی دانی 5% لەلای كرێكار لە 12% لەلای خاوەن كار، پێمان دەكرێت ئێمە بچین دابنیشین صیاغەیەك بدۆزینەوە سەبارەت بە كرێكاری خاوەن كاری خۆی، بەلام جارێ حەلمان نەدۆزیتەوە، فیعلەن ئەگەر ئەو بیەوێت ئارەزوومەندانە لە هەر بەشێك لە بەشەكانی تەئمین پارەكە بدات، بە مەرجێك هەردووكی بدات، ئەگەر حكومەت ئامادە بوو لە 4% لە جیاتیان بدات، یان زیاتر، هەروەها هەوڵ بدەین و رێگایان پێ بدەین لە یەك بوار بێت، مەسەلەن تەنها هی تەقاعودی هەبێت، تەنها هی رووداوەكانی كاری هەبێت، پێشنیارەكانی ئێمە ئەوەیە، ئەمە فیكرەكەیە لە ماددەی (27) بڵێین سەبارەت بەو كرێكارانەی خاوەن كاری خۆیانن بۆیان هەیە خۆیان دەستەبەر بكەن بە مەرجێك بەشی كرێكارو بەشی خاوەن كار لە ئەستۆی خۆیان دابێت.

دوو/ خۆ دەستەبەر كردن ئارەزوومەندانەیە بۆ هەر بەشێك لە بەشەكانی دەستەبەری كۆمەلایەتی بەپێی ئەحكامی ئەم یاسایە.

سێ/ بۆ هاندانی كرێكارانی بێ خاوەن كار حكومەت رێژە لە بەشی خاوەن كار سەرف دەكات، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە رێنمایی پێویست بۆی دەردەكرێت، یەعنی فیكرەكە ئەوەیە دەرچوون............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام، ئێمە داوا دەكەین، ئێوە وەكو لیژنەكان كە لێرە دانیشتوون بە هاوكاری لەگەڵ وەزیری كارو كاروباری كۆمەلایەتی، رەئی زۆربەی برادەرەكانیش وەرگرن، ئەوەی پێشنیاریان هەیە بە نووسین بدەن بە لیژنەكان، صیاغەیەك بكەن، بۆ ئەوەی لێرە بتوانین بیخەینە دەنگدان و بەشێك لەو تەعدیلە ئیزافە بكەن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راپۆرتی خۆمان دوو بەش بوو، ئەگەر لە بیرتان بێت، یەك/ موناقەشە کردنی ماددەکانی پرۆژە یاسای کە هاتووە.

دوو/ پێشنیارەکانی لیژنەی ئێمە پاش راوێژکاری لەگەڵ سەندیکاو ئەویتر، وامان کرد کە ئەمە تەعدیل و ئیزافەیە بۆ چەند ماددەیەك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێوەش پێشنیارتان کردووە دەبێت بە ئاگاداری وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و دارایی بێت، دەبێت راوێژ بکەن لەگەڵ ئەوان، دوایی هەمووتان دەگەنە صیغەیەکی نیهائی بۆ کاتی دەنگدانەکە، فەرموو ئاسۆس خان.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کاتەی کە هەموار کردنەکە لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان هاتووە، ماددەیەکی زۆر گرنگیان لەکاتی چاپدا لەبیر چووە، ئەویش ئەوەیە داوای ئەوە دەکەین، ئێستا ئەوەی کە هەیە لە واقیع حاڵەتێك هەیە، هەر پرۆژەیەك سێ کرێکار بەرەو ژووری هەبێت مەشمول دەبن بە زەمان، ئێمە داوای ئەوە دەکەین هەر پرۆژەیەك لە یەك کرێکار دەست پێ بکات، ئێستا چۆن لە سێ کرێکارەوە بەرەو ژوور ئیجبارییە، لە یەك کرێکارەوە ئیجباری بێت، بۆ ئەوەی مەشمول بێت بە زەمان و، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین خزمەتیان بکەین، هەر ماددەی سێیە (يوقف العمل بالمادة الثالثة ويحل محلها مايلي: يتم شمول كافة المشاريع المشمولة باحكام قانون العمل والتي تستخدم عاملاً واحداً فأكثر بأحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بیدەنە لیژنەکان، با لیژنەکان دیراسەی بکەن لەکاتی دەنگداندا ئەو کاتە بیخەنە صیاغەکەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل کرا لەسەر یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 1971 هەموار کراو، کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دارایی داوای مۆڵەت دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەوا بتوانین ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە

دیراسەتی بکەین، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بخرێتە دەنگدانەوەو یاساکە پەسند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا بەم جۆرە خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كارمان بەتێر تەسەلی موناقەشە كرد، دەستتان خۆش بێت، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەكەین كە ئامادە بوو، دەمێنێتەوە ئەوەی كە لیژنەكان ئاخیر صیاغەی بۆ بكەن، بۆ ئەوەی لە دانیشتنی داهاتووماندا، یان لە دوای تەواو كردنی دارشتنەوەكەی بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە قانونێك دوای هەموار كردنەكەی ئێمە كاری لەسەر بكەین، ئێمە سوپاستان دەكەین، سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەین بۆ ئامادە بوونت و بەشداری كردنت لەو موناقەشانە، سوپاسی هەموو لایەكیشتان دەكەین، ئێستا لەسەر ئەو پێشنیارەی كە برگەی چوارەم بێنینە پێشەوە، بۆ ئەوەی تەحویلی لیژنەكانی بكەین و دیراسەی بكەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی چوارەم لە بەرنامەی كار بێتە پێشەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێكرای دەنگ پەسند كرا، فەرموون برگەی چوارەم لە بەرنامەی كار بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی كە ئیجازە لە بەڕێزتان وەردەگرم بە نووسراوی (4869) لە 2012/5/7 یاسای بودجەی خەملێنراوی هەرێمی كوردستان ساڵی 2012 ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە، كە لە (33) ماددەی یاسایی پێك هاتووە، لەگەڵ موازەنەكە، داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكانی پەرلەمانی بكەیت، بۆ گفتوگۆ كردن لەسەری و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەین، هەروەها هەموو لیژنەكان، بەڵام داواكارین هەر یەكە لە لیژنەكان بەپێی ئیختیصاصی خۆی دیراسەی بكات، ئەوەی لە ئیختیصاصی خۆی بە راپۆرتێك دەیداتەوە بە لیژنەی دارایی و ئابووری، هیچ لیژنەیەك ناتوانێت جارێك لە ئیختیصاصی خۆی تێبینیەكان بدات، ئەگەر فراكسیۆنەكان تێبینیان هەیە لە رێگای نوێنەرەكانی خۆیان لە لیژنەكانەوە تێبینیەكانی خۆیان دەدەنە لیژنە، لیژنەكانیش بیدەن بە لیژنەی دارایی و ئابووری، دواتر لیژنەی دارایی و ئابووری هەمووی كۆ دەكاتەوەو یەك دەخەین، هەر پەرلەمانتارێكیش بۆی هەیە تێبینی خۆی هەبێت، بەڵام لە رێگای لیژنەكانەوە مولاحەزاتی خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی دوایی بە تێرو تەسەلی موناقەشەی لەسەر بكەین و ئیقراری بكەین، فەرموو كاك سالم.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیار دەکەم سەقفی زەمەنی بۆ ئەو شتانە دابنرێت تا زۆر نەکێشێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، تا بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین، هەر بژین.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**چوار شەممە رێكەوتی 9\5\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/5/9

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/5/9 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/5/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1-دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای دەستبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە 39 ساڵی 1971

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 12ی ساڵی 1997.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

پێش ئەوەی دەست بە دانیشتنەکەمان بکەین، تکاتان لێ دەکەین لە کاتی موناقەشات حەق وایە هەندێك موراعاتی هۆڵەکە بکەن بۆ ئەوەی باش گوێمان لە موناقەشات و تۆمارکردنی پرۆتۆکۆلەکەش بێت، چونکە جاری وا هەیە قسەکان ئەوەندە زۆر دەبن پرۆتۆکۆلەکە وەکو پێویست تۆماری ناکات.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان. بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی دانیشتن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 14، ڕۆژی دانیشتن 2012/5/9

بەرنامەی کار: بە پێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20، لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بڕیاری دا دانیشتنی ژمارە

14ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 9-5-2012 بەم شێوەیە بێت:

1-دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای دەستبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە 39 ساڵی 1971

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 12ی ساڵی 1997.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو کەسانە دەخوێنێتەوە کە ئیجازن، یان ئیفادن یان غائیبن، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو کەسانەی کە لە دانیشتنی 13ی ئاسایی کە لە 8-5-2012 ئیجازە بوون یان غائیب بوون:

اسماعیل سعید محمد/مۆڵەت دراوە.

بێریڤان سەرهەنگ/ئیفاد کراوە.

تارا تحسین یاسین/مۆڵەت دراوە

ڕێباز فتاح محمود/ ئیفاد کراوە

سمیر سلیم/مۆڵەت دراوە

سمیرە عبداللە اسماعیل/مۆڵەت دراوە

شیرزاد عبد الحافظ/ مۆڵەت دراوە

د.صباح محمد نجیب/مۆڵەت دراوە

عماد محمد حسین/مۆڵەت دراوە

گولێزار قادر اسماعیل/مۆڵەت دراوە

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسک خان.

**بەڕێز ناسک توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خوێندنەوەی غیاباتە زۆر باشە، بەس ئێمە شتێکی تریشمان هەیە، ئەگەر ئەوەش بکەین زۆر باشە، بە پێی پەیڕەو مەفروزە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی حکومەت ئەکرێ، نووسراوەکە بخوێندرێتەوە، ئەگەر لە ماوەی ئاساییشدا وەڵام نەدرێ، حکومەت ئامادەیی هەبێ بۆ وەڵامدانەوەی، لەبەر ئەوەی زۆرن ئەو پرسیارانەی کە دەڕوا و دواتر وەڵام نادرێنەوە، ئەگەر بکرێ نووسراوێك بکرێ بەم ماددانە بیری ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەوە، بۆ ئەوەی دوای ئەمە ئەمەش تەتبیق بکەین زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر پرسیارەكان وەڵام نەدرانەوە، ئەوە لە داهاتوودا ئێمە ئیجرائاتی باش دەكەین بۆ ئەوەی پرسیارەكان وەڵام بدرێنەوە، ئێستا دێینە سەر بەرنامەی كار كە خاڵی یەكەمی: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای دەستبەری كۆمەڵایەتی كرێكاران ژمارە 39ی ساڵی 1971یە.

لەبەر ئەوەی دوا صیاغەی وەكو پێویست تەواو نەبووە، بۆیە ئەبێ مەسەلەی دەنگدانەكەی دوا بخەین هەتا دوا صیاغەی تەواو دەبێ، بۆیە ئێستا دەچینە سەر فەقەرە دوو كە: خستنە روو و گفتوگۆكردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری یە.

ئەو لێژنانەی كە ئەو ئەركەیان پێ سپێردراوە بۆ خاڵی دووەم و راپۆرتی خۆیان نووسیوە، بفەرموون بۆ شوێنی لێژنەكان بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بكەین لەسەر خاڵی دووەمی بەرنامەی كار، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرۆژە یاسایە، ئەدی بڕیار بوو هەر چوار لێژنەكە راپۆرتێكی هاوبەش ئامادە بكەن و پێشتر بیدەنە ئەندامانی پەرلەمان ، ئینجا گفتوگۆی لەسەر بكەین و دیار نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر وەك هاوكارم خاتوو سیوەیل باسی كرد، ئەو راپۆرتە هاوبەشەی كە لە كۆبوونەوەی پێشوودا قەرار بوو ئامادە بكرێ لە لایەن لێژنە پەیوەندیدارەكانەوە، وەكو ئاگادارین ئامادە نەكراوە و كەسمان راپۆرتی هاوبەشمان لەبەر دەستدا نیە، لەبەر ئەوە وا پێویست دەكات ئەو بڕگەیە دوا بخرێ لەبەر دەنگدانی پەرلەمان ئەو مەسەلەیە دەكرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر دوێنێ موناقەشەی راپۆرتی یاسایەكمان كرد سێ راپۆرتی هەبوو، ئەندامانی پەرلەمان رەئیەكان دەڵێن و دوایی دەچین راپۆرتی هاوبەش پێكەوە دەنووسین و هیچ ئیشكالاتێك نیە، بۆیە پێویستە یاسیەكە بڕوات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی کاك کاردۆ دەکەم، چونکە بە تایبەتی ئەم پرۆژە یاسایە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکاندا ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ زۆر ویستمان راپۆرتی هاوبەش بنووسین، بەڵام هەندێك خاڵی تێدا بوو نەئەکرا یەك بخرێ، بۆیە شتێکی ئاساییە لیژنەکان ڕای جیاوازی خۆیان هەبێ و لێرە بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خۆشمان لە سەرۆکایەتی پێمان باشە موناقەشە بکرێ، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر حەفتەی پێشوو کە دەستمان کرد بە بەرنامەی کار، سەبەبەکەی تەئجیلەکە، بوونی ئەو چوار راپۆرتە بوو، وتمان هەتا وەکو ئەوەی کار و خانەنشینی کرێکاران تەواو ئەکەین، دوای هینی ئەکادیمیای تەواو ئەکەین، ئە لەوێدا دەرفەتێك دەکەین ئەو چوار لیژنەیە کۆبوونەوە بکەن و راپۆرتی موشتەرەك، هیچ نەبێ رەئیەکانی کە موشتەرەکە، ئەوەی کە خیلافە خۆ لە پەرلەماندا تەرح ئەکرێ و زۆر ئاساییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە باسی ئەوەمان نەکرد کە ئەوەی ئەکادیمیای دەخەینە پێشەوە، وتمان ئەو خاڵی یەکەم دوا دەخەین بۆ ئەوەی ئەو چوار راپۆرتە یەك بخرێن، بەڵام یەکیان نەخستووە، ئێستاش ئێمە هیچ ئیشکالێکمان نیە لە موناقەشە کردن، وەکو پرۆژە یاسایەکەی پێشووتر، ئەو هەموارکردنەی پێشووتر بتوانین تەوحیدی رەئیەکان بکەین بۆ داهاتوو، فەرموو د.سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسمان لاریمان لەسەر ئەوە نیە ئەوەی لە بەرنامەی کار داندراوە، بەڵام من پێم زەرووورە ئێستا ئەوەی ئەکادیمیا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەکادیمیا دەزگایەکی گرنگە لەم وڵاتەدا، پەکی کەوتووە لەسەر یاسایەکەی و یاسایەکەی هەمواری ئەکادیمیاش بەراستی زۆر کەمە، پێموایە ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی لەسەر بکرێ و هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، راپۆرتەکانیشی یەکن کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیریە، بۆیە باشترە ئەمە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە ئەوەی تریان هەم بابەتەکە دوور و درێژە و هەم کاتی

زۆر دەویٚ و چوار راپۆرتی جیاشە، پێمان وابیٚ تەواو نابیٚ، چونکە بودجە لە گۆڕیٚ دایە و دێتەوە، ئەگەر ئێستا ئەمە تەواو بکەین، دەکریٚ بەیانی یان لە حەفتەی داهاتوو بێینە سەر ئەوەی تر و ،سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی دکتۆر، ئەو هەموو ساڵە ئەگەر ئەکادیمیا ئیشکالی هەبیٚ، بەو حەفتە و دە رۆژەش موشکیلەیەکی ئەوتۆ نیە بەراستی، فەرموو کاك د.ئەحمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی ئەو بڕگەی دواخستنی پرۆژە یاسای بەدەستهێنانی زانیاری بە دەنگدان دواخراوە، ئەگە بڕیار بێت بیخەینەوە موناقەشە ئەبیٚ بە دەنگدان بیٚ جارێکی دیکە، پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات بۆ دەنگدان، منیش پێم باشە کە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ئەکادیمیای کوردی پێش بخریٚ و موناقەشەی بکەین، چونکە ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دواخستنی پرۆژە یاسا، دەنگدان یان موناقەشە کردنی پرۆژە یاسای بە دەستهێنانی زانیاری بوونی ئەو چوار راپۆرتە، ئەو هۆکارانە هەر وەکو خۆی باقینە، چونکە ئەو چوار راپۆرتە یەك نەخراون، راپۆرتی هاوبەش و بڕیاری لەسەر نەدراوە لە لایەن لێژنەکانەوە، بۆیە منیش پێم باشە ئەو فەقەرەیە پێش بخریٚ کە پرۆژە یاسای ئەکادیمیای کوردی  گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.عومەرفەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەو هۆکارانەی کە بوونە مایەی دواخستنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، هۆکارەکان هەر ماون بە تایبەتی بوونی راپۆرتی جیاواز لە لایەن لێژنەکان، هەروەها راسپاردنیان بەوەی کە راپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەن، ئەمە یەك، دوو، دوای ئامادەکردنی راپۆرتەکان، چەندین سیمینار و وۆرك شۆپی تر لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە کراوە بۆ سوود وەرگرتن ئەوان و دەوڵەمەندکردنی راپۆرتی هاوبەشیش و دیسان دواخستنی بە پێویست دەزانین، لە راستیدا دواخستنەکە بەسەبەبی ئەوەیە کە بیر و بۆچوونەکان یەك بخرێن و هەروەها زیاتر دەوڵەمەند بکرێن ، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە دوا بخریٚ لە بەرامبەردا ئەوەی ئەکادیمیا پێش بخریٚ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوو بۆچوون هەیە بۆ ئەوەی دووەم، بدە دەنگدان جا تەئجیل بکرێ یان تەئجیل نەکرێ، ئەوە رەئیەکە حەسم دەکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکاری ئەوەی کە ئێمە یاسای دەسەتەبەری کۆمەڵایەتیمان هێنا پێشەوە، لەبەر ئەوەی زەروورییەت بوو و پێشتر بەڵێنمان بە کرێکاران دابوو کە لە پشووەکە یەکسەر ئەوە موناقەشە بکەین، هۆکارەکە ئەوە نەبوو کە مافی بە دەستهێنانی زانیاری کۆمەڵێ راپۆرتە، ئەم یاسایە لە ساڵی2009لە مانگی 8 پێشکەش کراوە، لە مانگی 11 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، کەواتە سێ ساڵ زیاترە، بۆیە دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەو هەموو کۆبوونەوەیە ئێستا زۆر ئاساییە چوار راپۆرت هەبێ، کۆبوونەوەی دوێنێ کە وەك هاوکارم کاك کاردۆ باسی کرد، راپۆرتی جیا هەبوو، حەفتەی پێشوو هەر راپۆرتی رێگا گشتییەکان هەبوو و زۆر ئاساییش رۆیی، بۆیە من هیچ تەبریرێك نابینمەوە کە ئەم یاسایە دوا بخرێ،وە لەبەر ئەوەی بودجە هاتووە و ئیحتیماڵە ئەمە زۆر تاخێر ببێ، بۆیە من بە زەرووری دەزانم بە تایبەتی ئێستا رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان بەتەمان بگەنە زانیاریەکان، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەمرۆ مناقەشە بکرێت و، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاستیدا من بۆخۆم وەکو ڕەئی شەخصی خۆم ئەوە ڕەئی شەخسی خۆمە تەبعەن پیم باش بوو مناقەشە بکرێ، یەعنی بەدەست هێنانی زانیاری مناقەشە بکرێ، بەڵام چونکە چوار کەس داوایان کردووە کە جێگۆڕکێ بە خاڵەکان بکرێ لە ڕووی قانونیەوە سەرۆکایەتی پێی وایە بخرێتە تەصویتەوە بەڕاستی، بەڵام بەخۆم دەنگ دەدەم بۆ ئەوەی کە مناقەشە بکرێت بە صەراحەت ئێستاکامەیان دوورترە،ئێستا ڕەئیەك هەیە دەڵی خاڵی دووەم کەختسنە ڕوو و گفتوکۆکردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری، لەبەر ئەوانەی کە ئەو قسانەیان کرد کۆمەڵی تەبریراتیان بۆ هێنایەوە دەڵێن دوابخرێ خاڵی سێەم بێتە پێشەوە خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیە ، ئیستا کێ دەڵێ خاڵێ دووەم دوابخرێ وخاڵی سێەم بێتە پێشەوە بۆ مناقەشەکردن ، تکایە دەست بەرزکاتەوە ﴿42﴾کەس دەڵی ئەم جێگۆڕکێیە بکرێ، کێ لەگەڵ نیە؟ بە دەنگی منەوە دەبیتە ﴿33﴾لە بەرئەوە دەبێ جێگۆڕکێی پێ بکەین، فەرموون لیژنەی پەروەردە و یاسایی ،بەڵی فەرمووکاك کاردۆ .

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیتر لەمەودوا هەرپڕۆژەیەك چەند ڕاپۆرتێك بێت ئەمەش کردوویانە نەریت بە دەنگێش دەبێ بکرێتە یەك ڕاپۆرت، ئینجا پڕۆژە بخوێندرێتەوە، چونکە ئەکادێمیاش دەبێ یەك ڕاپۆرت بێ ئیستا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوە نیە کاك کاردۆ، مادام چوار کەس داوای کرد کە ئەمە پاش و پێش بکری هەر بیانوویەك بێ تازە ئەوە قەپات بووە، تازە لەسەرئەم موضوعة مناقشە تەواو بوو شتێکی ترهەیە؟

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە جاری پێشوو کە ئەمڕۆ دیسان تەئجیل بۆتەوە ئیشکالمان لەسەر ئەوەیە کە وەخت تحدید نەکراوە، ئێستا مەفروزە وەخت تەحدید بکرێ، کەی حازر دەکرێ،چونکە هەروا بڕۆینەوە هەموو جەلسەیەك تەئجیل بکرێ چیە یەعنی؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای تەواو بوونی خالی ئەکادیمیا، یاسای ئەکادیمیای کوردی هەردوای تەواو بوونی موباشر مناقەشەی ئەوە دەکەین بەدڵنیاییەوە پێتان دەڵێم، بەڵی فەرموو خاتوو سیوەیل.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

حەق وایە سەرۆکایەتی لەمەودوا ناڵێم لەم ڕووە بەس لە بەیانییەوە ئەگەر هەر ڕاپۆرتێك سێ، چوار ڕاپۆرتی ئی لیژنەکان سەرۆکایەتی لێیان وەرنەگرێ، ئیلا ڕاپۆڕتێکی هاوبەش وەربگرێ ئەو کاتی تەئجیل نابێ نەك ئەمڕۆ، ئەمڕۆ بامۆناقەشەی بکەێن تەواو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوە ئێمە سەبەبی تەئجیلەکە نە لەبەر چوار ڕاپۆرتە، هەموو لێژنەیەك مافی خۆیەتی، بەلاّم ڕاپۆرتەکان جیاوازی زۆرە، بۆ ئەوەی ئەم بیروڕایانە ڕێك بخرێن پێیەوە بۆیە......

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مۆناقەشەیە تەواو ، بوو ئەی ئەگەر تا ساڵێکی کە ئەو چوار ڕاپۆرتە یەك نەخران ، سۆزان خان ئەگەر تا چوار ساڵی کە ڕێك نەخران مۆناقەشەی شتەکە تەئجیل بکرێ لە کۆبوونەوەی داهاتوو یەکەمین ماددە ئەو ماددەیە دەبێ تەوحیدی دەکەن، باشە تەوحیدی ناکەن مۆناقەشەی دەکەین، بەڕاستی ئێستا ئەوەی

ڕاپۆرتی ئامادە کردووە بۆ خالی سێەم خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی ، فەرموون بۆ شۆێنی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ئەکادێمیەکە لای کاك عەونیە، ئەوە حازر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە داوا دەکەین لەو چوار لیژنەیەی کە ڕاپۆرتی جیاجیایان هەیە لەسەر مافی بەدەست هێنانی زانیاری تەوحیدی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بکەن، ئەگەر نا ئێمە بۆ هەفتەی داهاتوو مەجبور دەبێن بە هەر چوار ڕاپۆرت داخلی موناقەشە بکەین بەڕاستی، فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ هەموارکردنی یاسای ئەکادیمیای کوردی، ماددەی یەکەم بخۆێنەوە .

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم سەبارەت هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی ژمارە 12ی سالی 1997 بەم شێوەیە:

﴿المادة الاولى تعدل المادة الثانية وتصبح كما يلي : الاكاديمية الكوردية هي المرجع الاعلى في كل ما يتعلق باللغة الكوردية والحفاظ عليها واغنائها وتوحيدها وصولاً الى لغةٍ رسمية موحدة وعلى المؤسسات والجهات الحكومية الالتزام بقراراتها في هذا المجال ولها شخصية معنوية مستقلة﴾ ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت ئەو ماددەیە بەم شیۆەیە.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای دووەمی هەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاری هەریمی کوردستانی عیراق ژمارە 12ی سالی1997

{ماددەی یەکەم : ماددەی دووەم هەموار دەکرێت و بەم شیۆەیەی لێدێ ، ئەکادیمیای کوردی ﴿مرجع﴾ژێدەری بالای ئەو لایەنە پەیوەستانەیە بەزمانی کوردی پارێزگارێکردن لێی و دەولەمەندکردن و یەکخستنێان بۆ گەیشتنە زمانێکی فەرمی یەکگرتوو{ستاندارد} لە سەر دەزگاو لایەنە حکومیەکانە کە پابەند ی بڕیارەکانی بن ، لەم بوارەدا ئەکادیمیای کوردی کەسیتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی هەیە.سۆپاس.

**بەڕێزکاك عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری دارشتنەوەی ئەو ماددەیە دەکات هەروەك لە راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیری و راگەیاندن هاتووە .

**بەڕێز: سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى نقترح ان تعاد صیاغتها وتصبح كالاتی

1. الاكادیمیة الكوردیة هي المرجع الاعلى في كل ما یتعلق باللغة الكوردیة والحفاظ علیها واثرائها وتوحیدها وصولاً الى لغةٍ رسمیة موحدة وعلى المؤسسات والجهات الحكومیة الالتزام بقراراتها في هذا المجال .
2. للاكادیمیة شخصیة معنویة مستقلة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

1 . ئەکادێمیای کوردی ژێدەری بالای ئەو لایەنە پەیوەستانەیە بەزمانی کوردی و پاراستن و دەوڵەمەندکردن و یەکخستنی بۆ گەیشتنە زمانێکی فەرمی یەکگرتوو لە سەر دەزگاو لایەنە حکومیەکانە کە پابەند ی بڕیارەکانی بن لەم بوارەدا .

2.ئەکادێمیا کەسایەتیەکی سەربەخۆی مەعنەوی هەیە.

جیاوازیەکە تەنیا ئەوەیە ئێمە هاتووین لێکمان کردووتەوە ، ئەکادیمیای کوردی وەکو مەرجەع ئەو لایانەمان لیك جیاکردەوە لەوەی کە ئەکادیمیا کەسایەتیەکی سەربەخۆی مەعنەوی هەیە بە دوو بڕگە دابەشمان کردووە ، تەنیا ئەوەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ناوی خۆیان بنووسن.

{امنە زکری سعید،عمرنورەدینی،د.بشیرخلیل، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت اللە، شڤان احمدعبدالقادر، عمرهەورامی، سەروەرعبدالرحمن عمر، هاژە سلیمان، خلیل عثمان حمدامین، زکیة صالح ، عمرعبدالعزیزد.احمدوەرتی)، فەرموو امینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی مادده ئێکی من چەند تێبێنیەك هەی،

1.ئەکادیمیە کوردی کاری وێ دێتنا من دیراسەتکرن و ڤەکۆلێنکرن وەهەروەصا ئامادەکرنا زەمینەیەکەیا بۆ هەندێك و زمانێکی ستاندار چێبێتن نەك ژێدەرێکی سەرەکێیا یان ژێدەرە بۆ هەندی کۆبڕیاری سەر

زمانی ستاندار بداتن ، سببی دی ژی ئەز دماهایی دیار کەم کۆ جێیە ما زانکۆ ناڤاند جهی ڤەکۆلێنە یێ زمانێت هەین کۆئەڤە هەمی ئامادەکاریە بۆ هەندێ دکە ئەگەر ئەکادیمیە کوردی ببێتە ژێدەرەکی سەرەکی بۆ هەندی کوبڕیاری سەر زمانی ستاندار بدات، کاری ڤان زانین گاها ڤەکۆلینە ڤان هەمی موئەسەساتی کۆ سەر زمانی کار دکەن چییە؟ شئالیەکی ترڤا ئەڤ ئەکادێمیا نەشی بڕیار سەر تشتەکی بداتن کو یێ گریدایە ب گە لڤە یەعنی گەل بڕیاری بداتن کا چ زمان ببێتە زمانی ستاندار ئەڤ ئەکادێمیە دێت زەمێنە سازیە بوهەندی بکاتن کۆ زمانەك ستاندار بۆ نمونە فەرهەنگی زاراڤا جێیکە دیراساتە لەهجاتی کوردی بکاتن لی ئەس نابینم ئەڤ ئەکادیمیە شیانێت هەندی دا هەبێتن کۆ بشهێتن بڕیاری سەر زمانی ستاندار بدات،

2. ئالێدی تر ئەڤ کەسی کۆ تووی ئەکادیمیە شۆل دکەن ئەڤە ماوەی هەندە ساڵە کویە هاتە دامەزراندن ژوان پانزە کەسی کۆ تێدا کار دکەن بەڕاستی زانا بوون لهجە دا نینە یەعنی زانا بوون زارا بۆ لهجی کوردی دا نێنە ئەودی چەوا دشێ بنە مەرجەعیك بو هەندی کۆ زمانی ستاندار ئەو بڕیاری سەر بدەن ئوو هەمی دەزگاو موئەسەساتی حکومی ژی مولزەم بن ببڕیاری ئەو ئەکادیمیە، یەعنی مە سەلە زمانی ڤەزیەکی کو بۆ هەموو گە لی زڤرێتەڤە یا گریدای هەندی نێڤە یا شاملە تشتەکی نەتەوەییە یی گریدایێ موئەسەساتی ئەدەبین، رەوشەنبێرین ئەو زمانە پاشان ئەڤ هەمی کۆنفرانسە یێت زمانی تێ کرن بۆهەندی ئەم بشهێن نزیك بوونە لهجە دروست بکەین بگەهێنە ئەساسیك بۆ هەندی کو زمانی ستاندار جێبکەین ئەوا دەبێتە سببی هەندی ئەو هەمی پێنگاڤ تشتی کۆ تهاڤی پی هاڤێتن ئەوا هەمی د هینە فەشەل دێنێتن هیچ موئەسەسات بتەنی ژێ نەهێت پارێزگاری سەر زمانی بکاتن یەعنی چونکی زمانی هەی دمری یێ هەژی د گەشە کەتن تەنها گەلە پاراستنی سەر زمانی بکاتن یا دۆی ژی دکەتە سەر مل حکمەتە بکاتن کۆ کارا کرنە تێدا بکاتن ئەکادیمیە کوردی د شێت گەشە پیدانی یا دەوڵەمەندکرن و وەزبەکرنە یا زمانی بکات نە زاراڤەگی سەر زاراڤەکی دی بسەپێنیتن ژوان پازدە کەسی کو ئەکادیمیە کوردی شوول کەنەوە پسپۆری زمانی بتەنی دوو کەسن، ئەوی دی تر پێنچ کەسی اختصاصاتی میژوو حەتتا نەها ئەکادێمیە کوردی یەك نە ڤەکولی نەژی فەرهەنگەکە زاراڤە چێکریا، ئاخر ئەو دی چەوە ژ بێتە ژێدەرەکی سە رە کی بوو من کوبرێاریکی سەر زمانییێکی یێ ستاندار بدەتەڤە ئەز هەمی پەرلەمانتارێکی ژێ ئاگادار د کەم کو ئەو کەسی ویری دا یەعنی لایەنگری عنصریەتێك بوو، زاراڤەك هەی ئەز نمونەیەك ئینم ئەز حەز ناکەم بەحسی بکەم بەس پرسێکی سەر وێ موضوعي هەی من دڤێت رایی هەمی پەرلەمانێت هێژا بۆ هەندی رادکێشم ئەز باوەڕم هەمی فراکسیۆنی پەرلەمانی د هزر هەندی دا ژێ کەین هەمی لایەنی بەرچاو وەربگرن و ب هزرەکە یا زانا بوون و یا دراسە کری سەر وێ ماددە بدا ئەکادیمیە کوردی نڤێسینەکە یا بۆ هەموو زانکۆیە کوردستانی یا شاندی بێژیتن د ڤێتن هەمی ڤەکۆلین و دیراساتی کۆ ژ زانینگەها دەرکەڤن تنی زاراڤی سۆرانی بێت، ئەڤە تەحەیوزەك بوو، ئەڤە نەشێ کو بڕیاری سەر هندی بدات زمانێکی ستاندار چێببیتن، ترسیا هەی ئو پاشان ڤیدا نە زاراڤە فەیلی هەیە، ئایا زانا بوون سەر زاراڤی فەیلی، هەورامی، زازاکی، باهدینی هەمی نها کەسێك تیدا مایە، ئاخر ئەوە چەوا دشێ بریاری سەربدا، ژ بەر هەندی ئەز پێشنیار

کەم ببێتە ئیك ژێدەری سەرەکی بهەماهەنگی و گەل زانکۆ و زانینگەهی هەرێمی کوردستانی دگەل ئەو کەس و پەیوەندیدارو زانست ڤەکولەری زمانی بن ئەکادیمیە کوردی بشهێتن وی کاری بکات ئو برپارە سەرەکی بۆ ئەکادێمیە کوردی نەبێتن، یەعنی برپاری سەر زمانی ستاندار نەدات هەمی جهاتی حکومی مولزەم بن پێ، بەلکو کاری وێ دراسەت کەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمرحمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- ئەمە پرسەکی زۆرزۆر گرنگە، من دەست خۆشانە لە هەرردوو لێژنە دەکەم کە زەحمەتیان کیشاوە، ماندووبون بەوەی کە ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کردووە، بیروبووچونی باشیان هێناوە، پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کردووە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم کە ئەوێش پرسی زمانی ستانداردو یەکگرتووی نەتەوەییە ، کە باسی نەتەوەیی دەکەین لە قەوارەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پرسەکە گەورەترە باشترە ئێمە بڵێین ئەکادیمیای کوردی یەکێکە لە ژێدەرە باڵا ئەکادیمی و زانستێکان بۆ ئەوەی چوارچیوەی کاری ئە کادیمیا تایبەت بێ بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و ئەنجام دانی کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی لەسەر ساغکردنەوەی زمانی کوردی و زەمینە سازی بۆ یەکگرتوویی ئەم زمانە، واتە بەم شێوە رەهاییە نییە کە لە تەعبیرەکە دا هاتووە، ئێمە ئەوە نەڵێین کە لەسەر دام و دەزگاکان پیویستە پێوەی پابەند بن، چونکە لەسەر زەمینەی واقع لە ئێستادا هەم لەرووی لەچوارچیوەی نەتەوەیی زۆر زەحمەتە، چونکە ڕەنگە تۆ لێرە هەندێ دامو دەزگاکان لە هەرێمی کوردستان ناچار بکەی، بەڵام ئایا موئەسەساتی ثقافي و ئەکادیمی و مەعریفی ئەگەر سیاسی و حوکم رانێتی نەبێ لە پارچەکانی دی پێ ناچار دەکرێ ئیلتیزام بەم زمانەوە بکەن یان نا؟ بۆیە پیوێستە ئا لەمەش خۆمان بپاریزێن واتە بەم شێوەیە بێهێڵینەوە، ئەکادیمیای کوردی یەکیکە لە سەرچاوە باڵا ئەکادیمی و زانستیەکانی تایبەت بە زمانی کوردی و پاراستن و دەوڵەمەندکردنی یەکخستنی بە ئامانج گەیشتن بە هێنانە ئارای زمانیکی یەکگرتووی ستانداری کوردی. سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.بەشیر

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسایەکی گرنگە، مەسەلەی ئەکادیمیای کوردی و مەسەلەی زمانی ستاندار پرسێکە گرنگی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە و ئێمە هەست بە مەترسیەکانی دەکەین ئێستا کاتێك کە منداڵەکانمان لە قوتابخانە و هەروەها گەنجەکانمان لە کاتی قسە کردن و حەتتا ڕۆشنبێرو

ئەدیبەکانیشمان لە کاتی نووسێنی ئەدەبیدا تووشی کێشەیەکی ئاوا دەبنەوە بەسەبەب نەبوونی زمانێکی ستانداردەوە/ زۆر جاری وا هەیە پەنا دەبەینە بە زمانێکی دیکەی غەیرە کوردی بۆ ئەوەی کە شتێك لە نیوان دوو ڕۆشنبیر تێبگەینرێ یان حەتتا لە قوتابخانەکانیشماندا قوتابیەکانمان تێبگەن بەڕاستی، بۆیە ئەمە پێویستە زۆر بە هەستیارانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، منیش رەئی خۆم دەخەمە پاڵ رای هەردوو هاوکارانم کە لە پیش من قسەیان کرد بەوەی کە ئەکادیمیای کوردی ناکرێ بکرێتە تاکە مەصدەرێك کە قراراتەکانی مولزەم بێ بۆ تەحدید کردنی ئەم زمانە یان بۆ سەر جیهاتی حکومی، لەبەر ئەوە تەنها ئەم لایەنە نیە کەوا ئەم ئیختصاصە دەگرێتەوە، زۆر ئێمە مەراکزی بحوثمان هەیە لە جامعات دەکرێ وە قرار دانی ئەخیریش ئەمە علاقەی بە مەسەلەی گەلەوە هەیە، من پێم وایە لە پاش ئەوەی بحوث و دراسات ئامادە دەکری وەهەروەها تەوصیاتەکان ئامادە دەکرێن لە ئەکادیمیە لە مەراکزەکانی دیکە، لە جامعات و ستراتیژی ئەمانە بێت لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ، چونکە ئەمە علاقەی بەهەموو گەلەوە هەیە.

- مولاحەزەی دووەم ، ئێمە لە کوردستاندا زمانی کوردی زمانی یەکەمە، زمانی ڕەسمیە، بەڵام دەبێ ئێمە ئەوەش بڵێین لەپاڵ زمانی کوردی زمانی کەشمان هەیە زمانی {تورکمانی، سریانی، عەرەبی} مان هەیە ڕاستە عەرەبی مەجمەعی لوغەی عەرەبییان هەیە لە عیراق، بەڵام دەکری ئێمە لە پاڵ ئەکادیمیای کوردی لقێك یان بەشێك بۆ زمانە غیرە کوردیەکان بکەینەوە وە زمانی {تورکمانی، عەرەبی، سریانی} بۆ ئەوەی بحوث و دراسات بۆ ئەوەانیش ئەنجام بدرێ، چونکە ئەم ئەکادیمیایە ئەکادیمیایەکی دەوڵەتیە، یەعنی فەرمی سەربەحکومەتە، بۆیە حکومەت پیوێستە خەم لە زمانەکانی دیکە بخوا ئەوانیش لقێکیان هەبێ یان ئەکادیمیایەکی ئاوا موصوغەریان هەبێ بۆ ئەوەی کار بۆزمانەکەی خۆیان بکەن.

- مولاحەزەی سێیەم، مولاحەزەیەکی تەرجمەیە بۆ زمانی کوردی لە تەرجمە کوردیەکەدا مەصدەر بە {ژێدەر} هاتووە، بەڕای من ژێدەر لەکاتی بحوث و نووسینی کتابات و بحوث بەکاردێ، ئەگەر هات و مەصدەرەکە کتێبێك بوو وەکو کتێبیکی ئەدەبی، بۆ نووسێنەوەیەك دەڵێ ژێدەرەکەی ئەوەیە، بەڵام مەصدەری قەرارات مەبەستمان بوو دەڵێین سەرچاوەی بڕیارەکان، نەك ژێدەری بڕیارەکان. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەربارەی ئەم ماددەیە دوو رام هەیە لە سەری:

1-کە تەعریفی ماددەکە دەکا باسی ئیش و کارەکانی دەکا، نووسراوە {اهتمام کە مەرجەعی ئەعلایە} یە لەوەی کە موتوعولیقە بە لوغەی کوردی و حفاظ کردنی و دەوڵەمەند کردنی و یەکگرتنی، من نموونەیەك بۆ جەنابتان دەهێنمەوە، من لەماوەی ڕابووردوو لای کەسێك بووم ناوی دکتور بکرعبداللەیە 38ساڵە دکتورە لە جامیعەی روسیا، کتێبێکی لەبەر دەست دابوو نیشانی منی دا وتی ئەم کتێبەم هێناوە

کەس نیە تەرجومەی بکات و خۆشم توانام نیە، کتێبەکە شتێك بوو لەسەر تاریخی کوردی لە ئەکادیمیای علومی روسی و بە هاوکاری ﴿معهدی استشراقی ڕوسی﴾ نووسرابوو باسی ئەوەی ئەکرد کە هەتا کتێبی ئاڤێستا بە زمانی هەورامی کۆن نووسراوە، من لەبەر ئەم سەبەبانە ئەم قسەیەم کرد پیوێستە جەمعی مەصادری تاریخی بسپێردری بەم ئەکادیمیایە لەبەر ئەوە شتێکی زۆر هەیە لەسەر تاریخی کورد، لەسەر ئەدەبی کورد لە قەدیمەوە کە تا ئێستا لێرە ئیهتیمامی پێ نەدراوە، شۆێنێك نیە کۆیان بکاتەوە، بەڕاستی هەموو میللەتێ تاریخی خۆی زانی، رابووردوو وئەمجادی خۆی زانی، ئەتوانرێ ئەو میللەتە زیاتر تەقویە بێ لەرووی نەفسیەوە، لەرووی تاریخی، لە هەموو رووەکانەوە.

2-قسەی دووەمم لەسەر ئەوەیە کە ئەڵێ پیوێستە بۆ گەێشتن بە لوغەیەکی ڕەسمی ،لوغەی ڕەسمی لێرە مەبەست لە لوغەی ستاندارد بێ، پار هەراو هوریایەك دروست بوو لەلایەن رۆژنامەکانەوە، مەقالاتێکی زۆر لەلایەن ئەکادیمیەکانەوە نووسرا بۆ ئەو بابەتە، من زۆرم خوێندەوە دەربارەی ئەوەی بگەم بە نەتیجەیەك ئەوەی شایەنی باس بێ ئەوەندە تێگەیشتم ، لەهەموو وڵاتانی دونیا هەموو میللەتێك چەند لەهجەی هەیە، ئەو لەهجەیە کە ستانداردە ئەوەیە کە واقعێکی سیاسی، اقتصادی، زرووف و زەمان و مەکانێك ئەولوغەیە خۆی فەڕز دەکات ، لوغەی ستاندارد فەڕز ناکرێ، بێی لوغە تێکەڵاوکەی من وام زانیوە نازانم هەڵەم یان نا وام خۆێندۆتەوە ، لە لەهجەی کوردی بکەرو فرمان پێش و دوا ئەکەوێ لەچاو لەهجەیەکی ترەوە، لە بەر ئەوە تاریخی واقیعیەکە چۆنە ، ئاوایە واقعی تاریخی،سیاسی،حوکمڕانی فەرزی لوغەی ستاندار ئەکا، نەك بەزۆر بسەپێندرێ من ئەمەندە تێگەیشتووم لەهەموو بحوثاتی ئەم خەڵکە ئەکادیمیانەی کە پار لە جریدەکانەوە خۆێندیانمەوە، دوای ئەوە ئێمە 90ساڵە یەك لوغە، لوغەی کتابەتمانە، ئایا ئەگەر ئێمە لوغەیەکی بەدیل بێنین یان تەوحیدی بکەین یان لەهجەیەکی زیاد لەپاڵ ئەمە زیندوو کەینەوە ئایا زەرەر لەو ڕابوردووە نادات؟ ئایا ئەو گەنجینە گەورەیەت هەیە بەلوغەیەك نووسراوە کە لوغەی ڕەسمی بووە، 90ساڵە لەوەتەی تاریخی دەوڵەتی عیراق هەیە یان هەر مەجەڕەد بە لاتینی نووسێنیش بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ لەهجەی تر، ئەمەش زیان بەو گەنجینە میژووییەت ناگەیێنێ کە هەتە؟ بەڕاستی ئەمە اختصاصی خەڵکانی ئەکادیمیە بۆ لوغەی ستانداردیش لەهەموو دونیایە واقعی سیاسی و اقتصادی و زرووفی زەمان و مەکان و سیاسەتی حوکم بە مروری زەمەن وردە وردە لەهجەیەکی ڕەسمی شوێن پێ بە لوغەیەکی تر چۆڵ کردووە، هاتووتە ئاراوە، لە دونیا وا بووە، فەرز ناکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ بکرێتە لوغەیەکی ڕەسمی. سوپاس.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە بەڕاستی پێك هاتووە لە دووبەش ئەگەر بەشی سێەمی شخصیەتێکی، موستەقلی خۆی هەیە واز لێبێنم من لەبەشی دووەم دەست پێ دەکەم،

1. بەعەرەبی کە دەڵێ{على المؤسسات والجهات الحكومية الالتزام بقراراتها}ئەمە دەزگایەکە لە قطاعي عامة بەشێوەیەك لە شێوەکان لە چەشنی قطاعي عامة، بەڵام پلەکەی زۆر نزمترە لە وەزارەت و لە مجلس وزرا، من تا ئێستا لە فصڵی سوڵتات وا تێگەیشتبووم پەرلەمان تەنها ئەو جهەتەی کە تەشریعات و بڕیاەکانی مولزەمە بۆ حکومەت. هیچ مەنتقێکی ئیداری و قانوونی نابینم کە دەزگایەك لە دەزگاکانی حکومەت بڕیارەکانی ئیجباری بن بۆ موئەسەساتی حکومی بە مجلس وزرائەوە، بۆیە بە تصوری من ئەوە لادەین برادەرانی من قسەیان کرد ئیشارەیان بەوە دا بەشێوەی من ئەیڵێم ئەمە تناقوزێکی تەشریعی و ئیداریە ئەکری بڵێن ئەنجامی ئیشەکانی خۆی بنێرێ بۆ حکومەت تاکو حکومەت بڕیارو ڕێنمایی پیوێست دەرکات ئەو کاتە بڕیارەکانی حکومەت ملزەمن نە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت، بەڵکو بۆ هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە، بۆیە رجا ئەکەم ئەمە لە بەر چاو بگرن و ئەمە دەچێتە خانەی کفری یاسایی و ئیداری.

2. بەسنگێکی فراوان تەماشا بکەین و واتەماشا نەکەین ئەوەی قسە ئەکات بە چ زاراوەیەك یان خەڵکی کێندەرە ئێمە ئەندام پەرلەمان گەیشتووینە تەمەنێك و لە ئاستێکین دەبێ هەر ئەوها قسەش بکەین هەر ئەوها قسەکانمان وەربگێرێ، لە هەموو یاساکەی هەوڵی داوە باسی لەهجات و زاراوە نەکات لە ئامانجەکانی،المحافظة على اللغة الكوردية وتوحيد مصطلحاتها، وەکەئەنەهو یەك زمانمان هەیە تەنها کێشەی زاراوەمان هەیە، هەولێری بەشێوەیەك دەیڵێت و ڕەواندزی بە شێوەیەك دەیڵێت، کەلاری بە شێوەیەك، ئەمە روحیەتێکە زۆر خەتەرە. ﴿مشكلەی مرجعی اعلی﴾ ئەتوانێن ئێمە پێشنیارێك تقديم بکەین کولیەی ئاداب قسمی کوردی الحاق ببێ بەو مەرجعە تاکو بزانن چۆن ئێش دەکەن مرجعی ئەکادیمیە دراسات دەکات، ئەوە ئەتروحاتی دکتۆراە دەکات ئەمە ﴿مرجع اعلی﴾ یە وەکو خوشکە امینە باسی کرد بەس دوویان لە کوردی دەزانن ڕێزم بۆیان هەیە شخصیا ئینسانی مەعتەبەرن، ڕۆشنبێرن، بۆیە ئەم وشەیە {المرجع الاعلى} بەڕاستی ئەوێش نەفسی تاك رەوی تیدایە خۆ زل دیتنە، رجائەکەم ئەو زمانە لە پەرلەمانی ئێمە لە تشریع لە وثائق نەبێ بلێ مصدرێکە لە مصدرەکان، بلێ هەوڵ دەدا، واجبێتی ئا یەعنی چبوو ئەگەر گوتبا ئەکادیمیا ئێش دەکات بۆ جی بەجێبەجکردنی ئەم ئامانجانەی لە ماددەی چوارەم هاتووە بۆ ئەوشتە زلە پاشان هەموو ئەوەی پیوێستی بە زمانی کوردی هەیە، پێیان ناکرێ دەبێ ببنە بەدێلی هەموو موئەسەساتی عالەمی {حفاظ عليها اغنائها} باشە، بەڵام تەوحیدی چی؟ تەوحیدی لوغەی کوردی ئەگەر شتێك هەبێ بەناوی لوغەی کوردی یەکە، ئەتۆ دەتوانی یەك تەوحیدکەی لێرەش خۆی دزیەوە کە ئیعتراف بکات لەهەجات هەیە، بەڵام صەلاحیاتی داوە بەخۆی بەهۆی ئەوەی ﴿المحافظة على اللغة الكوردية﴾ لای بەرچاوی ئەو لوغەتەکی کوردی هەیە، ئەوانی تر هەمووی، تەوحیدی تر مەعنا هەمووی بێنە بەر دەستی ئەو، ئەمەی کاك برهان و امینەخان وتیان، ئەمە کیشەیە هەمووی درێژە، بەڕێزان زمانی کوردی خصوصیەتێکی هەیە من لە ولأتێك ژیامە نۆ موقاتەعەیە، نۆ جمهوریە، هەر نۆهەر یەك لەهجەی هەیە، ئێمە لە وەسەتێك دەژین،بیست وچەند دەوڵەتی عربی هەیە هەر یەك لەهجەی خۆی

هەیە، کە قسەی پێ بکەن، لە یەکتری تێناگەن، بەڵام بەخوا هەموو عەرەب مذکر ئەڵێت مـذکرو بـە مؤنـث ئـەڵێن مؤنـث وانـتَ وانـتِ یـە هـەموو شـانزە ولایـەی ئـەڵمانیا کـە لەهجـەی شـڤابەکانی شـتودگارت لەگـەڵ جەماعەتی کیبیکی حدودی هوڵەندا لە یەکتری ناگەن، ئەگەر بە لەهجەی خۆیان قسە بکـەن، بـەڵام زمـانێ هەیە لووتەر کە ئنجیلی تەرجەمە کرد وە تـەنها ژێـدەری زمـانی ئـەڵمانی بـوو، ئـەو زمانـە بـوو بـە زمـانی فەرمی هیچ ئەکادیمیەکی لوغـەوی نـەهات ئـەم بڕیـارە بـدات کـە قورئـان بـە عـەرەبی هـات و بـە لەهجـەی قورەیش و تائیفەیەکی نـاو قـورەیش دەبـوا فێـری دیانـەت ببێ، ئـەو لەهجەیـەی ئێـستا پـێ دەڵێن لوغـەی عەرەبی ستاندارد هات، بەڵام کە لـە هندسـتان نـەیانتوانی ئـەوە بکـەن هەڵنەسـان مەحاوەلەیـەکی ئینگلیـز هەبوو بچووکترین مکەونی لوغەوی لە هند تاکو مشکلە نەبێت ئەو زمانە بکەنـە سـتاندارد، ئـەم تەوحیـدە هەڵسوڕینە. لوغەی ڕسمیە موەحەدە، ئێمە دەبێ بە عاتیفە قسە نەکەین، ئەگینا هەر یەکێك بـە رائـی مـن بۆنی ئەوەی لێدێت کەلەهجەیەکی  لوغەی کوردی جاهیزە، حازرە ئەوانی تر ئیلحاقیان بەوە، ئێمە ئـەڵێین براژن، ئێوە ئەڵێن ژن برا، وەعەکسەکەی ئێمە ئەڵێن پەنجە شێر ئەوان ئەڵێن شێر پەنجە، ئەوانە تەوحیـد دەبن، ئاسانن هیژاو بـەڕێز تەوحیـد دەبـن بـەڵام ێیـۆی و یـاوی چ لـێ بکەین؟لـە صفە لـە پاشـوەندی هـەر وشەیەك لـە فعـل و فاعـل هـەموو ئـەو نێـرو مـێ یـە وجودی هەیـە، بۆیـە تەوحیـدی چـی ئەکـەین، ئێمـە تەوحیدی زاراوەی ئەم لەهجە، ئەم قسەو روئیەیـە بـۆ زمـان لەهجـەکانیش لـە یـەکتر دوور دەکات شۆڕشـی ئەیلوول توانی وابکات کوردی بۆتانی کوردستانی باکوورو و خەڵکی خانەقین لەگەڵ یەکتر لە یەك سـەنگەر بە کوردی قسە بکەن، لە یەکتر تێبگەن، لەبەر ئەوەی وشە ئاسان و وشە نزیکەکانی وەرگرتـووە قسـەیەکیان کرد بە زمانێك ئەوانەی پێشمەرگەبوون لەبیریانە توانیان تەفاهم بکەن ئەم هەوڵەی بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی لەیەك مەنزورەوە تەماشای زمانی کوردی بکەم وە هێنانەوەی ئەو هەموو وشە دەستکردانەی کـە نازانم لە کوێ دێن؟ وا ئەکات ئەو موهەندیسەی زاخۆ لەگەڵ ئـەو دختـۆرەی جەلـەولا لـە یـەکتر تێنەگـەن، بەعارەبی لەگەڵ یەکتری قسـە بکـەن، بۆیـە رجاتـان لی دەکـەم بـا کـورتی کـەم ئـەم {علـی مؤسسات الجهات الحكومية الالتزام بقراراتها} جارێکیتر ئەڵێم کفرێکـی ئیداریـە، تەشـریعیـە ئـیقتراح دەکـەم بڵێین ئـەنجامی لیکۆڵینەوەیان ئەنێرن بۆ حکومەت تاکو حکومەت ڕینمایی پیوێست دەرکات، ئەم تەوحیدە لادەین با بڵێین {اغنـاء} ئـەو {مرجـع اعلـی} رجاتـان لی دەکـەم {مرجـع اعلـی} ئـەم تەسـەلوتییەی تیـدا نـەمێنێ ئـاخر کەلیمەم  دەڵێم {قانون التعديل الثانی لقانون المجمع العلمی لأقليم كوردسـتان }ئـەوە نـاوی قانوونەکەیـە، هەموو یاساکە باسی شتێکی تر دەکات، باسی {مجمعی علمی کوردستان} ناکـات دەزانـی باسـی چـی ئـەکات؟ ئەکادیمیای کوردی، بۆم صافی کەن ئەوەش ناوی یاساکە {مجمع علمی} ماوە واتە  ئەو موئەسەسەیە دەبـێ لە ناو قانووون هەموو ناوی مجمع علمی بێ بەتەعدیلێك، بە شتێك کراوە، ناوی ئـەکادیمیای کـوردی دەبـێ، ناوی یاساکە بگۆڕدری بکرێتە یاسای ئەکادیمیای کوردی. سوپاس.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به حقیقەت هەندێك لە قسەكانی من بەڕێز كاك عبدالسلام كردی، بەڵام منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە كە جیاوازیەك هەیە لە نیوان ئەكادیمیاو {مجمعی علمی} ئەكادیمیا زیاتر بۆ مەڵبەندو خوێندن و توێژینەوەیە، {مجمعی علمی} زیاتر بۆ لایەنی زمانەوانی دەچێت بە ڕەئی من ناوی قانوونەكەش بكرێتە قانوون {مجمع اللغه الكوردیه}

ـ ئەگەرئەوەی {المرجع الاعلی} بمینێتن كە دەڵی {الاكادیمیه الكوردیه هی المرجع الاعلی} {ببێتە الاكادیمیه الكوردیه هی المرجع العلمی الاعلی}. سوپاس.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ناوەكە جارێ پێم وایە ئەكادیمیەكە زۆر شامل ترە لە مجمعی علمی، {مجمعی علمی} ئەوە هەر لە عەرەبیەكە وەرگیرایە، ئەكادیمیەكە زۆر شامل ترو وافی ترە بۆ ئەم عنوانە، لەسەر مادده یەك من هاوڕام لەگەڵ ڕەفیقەكانی پیش خۆم كە قسەیان لەسەر كرد وە بەتایبەتی ئەو صیغەیەی كاك عمر باسی كرد صیغەكی زۆرزۆر بەجێیە، دەكرێتن یەك لە {مراجع} بێت {احد من المراجع} بێتن بۆ ئەو هەدەفەی كە بۆی دانراوە، بەڵام من دەبینم خودی پەرلەمان خۆی لە تناقوضیكی زۆر گەورە دایە لەگەڵ ڕۆحی ئەم قانوونە ئەو تناقضة لە كوێیە پێش ساڵی 1991 ڕێگرێك و مانعێك هەبوو بۆ زمانی كوردی، بۆ پێشخستن و پاراستنی زمانی كوردی كە پیوێست ناكات ناوی لیبنێین، واضحة، بەڵام لە پاش ساڵی1992یاسا بەر قەرارەكان كە تەئكید لە زمانی كوردی دەكەن وە پاش ماددەی چواری دەستووری عێراقی هەمێشەیی ئەو مافە بە یاساو بە دەستوور بە ئێمە دراوە، ئێستاشی لەگەڵ دابێ زۆر بەی خەڵك ئەمە نازانن ئێمە دەبێ حقیقەت بە خەڵكی خۆمان بڵێین كە ئێستاش پەرلەمانی بەڕێز زۆربەی هەرە زۆری یاساكان و پڕۆژەكان وبڕیارەكان هەر تحویل لەسەر زمانی عەرەبی دەكرێتن، ئەمە متناقضة لەگەڵ ڕۆحی ئەم بۆچوونەو ئەم یاسایە كە ئێستا بۆ ئەكادیمیای كوردی تەعدیلی دەكەین ئێمە دەبێ لەخۆمان دەست پێ بكەین ئێمە خۆمان لە تناقض داینە، بۆیە من لێرەوە داوا دەكەم وەكو دەست پێكێك بگەڕێنەوە سەر تحویل كردن لە سەر زمانی كوردی بە حیجەی ثقافەی عەرەبی، هەریەك لە ئێمە نەبێتە ڕێگر، نەبێنە هاوسەنگ لەگەڵ پێش ساڵی 1991 بە شێوەیەكی موباشر دژ بە زمانی خۆمان بین. سوپاس.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تێبێنیەكانم لە چوارچێوەی ئەو تێكستە هەیە كەنووسیانە بەڕێزان لە لیژنەی ڕۆشنبێری پێشنیار دەكەم ئاوای لێبێت، ئەكادیمیای كوردی ژێدەری باڵای ئەو لایەنە پەیوەستانەیە بەزمانی كوردی، پاریزگاری كردن و دەوڵەمەندكردن و یەكخستنیان لی لابدری تاوەكو پیێ بوترێ یەكخستنیان بە زمانیكی

فەرمی یەکگرتوو ستاندار، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە تاکو ئێستا بڕیارمان نەداوە ئێمە زمانیکی یەکگرتووی ستاندارد دروست کەین لە فەترەیەکی موعەیەن وەبیشیسپێرین بەم مەرجەعە یان بەم ئەکادیمیایە، ئەگەر ئەو بڕیارەمان دا ئەو کاتە ئەتوانین ئەم برگەیە یان ئەم دەستەواژەیە بێنین لەناو ئەم بەندەیە، بەڵام مەسەلەی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی زۆر ئاساییە بدرێت بەم ئەکادیمیایە. پرسیارێکیش بۆ بەڕێزان لە لیژنە دەڵێ لەسەر دەزگاو لایەنە حکومیەکانە کە پابەندی بڕیارەکان بن لەم بوارەدا، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو برگەیە بمێنێتەوە بەس پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە ئایا تەنها لایەنە حکومیەکان یان غیر حکومیش کەرتی تایبەت، منظمات، وە ئەوچالاکییە رۆشنبیریانەی کە ئەکرێ ئیمکانە هەندێ جوڵە هەبن، هەندێك تێکست و برگە هەبێ لە لایەنی غیری حکومی کە بەکار ئەهێنرێ ئەوان بەخراپ بشکێتەوە بەسەر زمانی کوردی، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا پیوێست ناکات لایەنە غیرە حکومیەکان یان کەرتی تایبەتیشی تێبخەین، چونکە هەروەکو ئەبینین لە نووسینی سەر هەندەك شوێنی بازرگانی یان غیرە بازرگانی نووسینەکان علی اساس بە کوردی نووسراوە، بەڵام کوردی نین، زمانی کوردی ئەشێوێنن، بۆیە من بە پێویستی دەزانم غیرە حکومیشی تێ بخرێت، بەڵام بەم شێوەیەی کە گوتمان ئەکادیمیای کوردی ژێدەری باڵای ئەو لایەنەپەیوەستانەیە بەزمانی کوردی، پاریزگاریکردن و دەوڵەمەندکردنیان لە دوای ئەمە لەسەر دەزگاو لایەنە حکومیەکانە وە غیر حکومیەکانە کە پابەندی بڕیارەکانی بن لەم بوارەدا.

سوپاس

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەکە بەوەی دەست پێ دەکەم ئەم پڕۆژەیە کە هاتووە خۆشی هەڵەی تێدایە وەکو کاك عبدالسلام ئیشارەتی پیدا، ئێمە ئەگەر سەیری ناونێشانی پرۆژە هاتووەکە بکەین{قانون التعدیل الثانی لقانون المجمع العلمی لأقلیم کوردستان} بەکوردیەکەی کۆڕی زانستی هەرێمی کوردستان هاتووە، تەرجەمەکراوە لەکاتێکدا ئەمە هەمواریش کراوە کۆڕی زانیاری و کۆڕی زانستی هەر نەماوە بەپێ هەمواری یەکەمی ژمارە 39ی ساڵی 2007ە، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکە کەوا لێرەدا کراوەو حەق بوو لیژنە پەیوەندیدارەکانیش ئیشارەتێکیان لەویە پێ بدا بوایە. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. دیارە لە هەموو وڵاتیکدا دەزگای ئەکادیمی یان با پێی بڵێین کۆڕی زانیاری، کۆڕی زانستی، ئەکادیمیای ئەو وڵاتە بەناوی خۆی هەیە وە مەهام وئامانجی خۆشی هەیە وە دەزگای باڵاشە لەو مەسەلە پەیوەندیدارانەی کە پەیوەندیان پێوە هەیە، خۆی لە خۆیدا لە نیزامەکانی خۆیاندا نووسیانە ئێمە بەنیسبەتی ئەکادیمیای کوردیەوە دیارە گرنگیەکی زۆری هەیە هەر بە گرنگیدان بە زمان، بە کلتوور، بە جوگرافیا،بە میژوو،وەکاری باشیشیان کردیە وە بەرنامەی باشیشیان هەیە بەڕاستی ئێمە پێویستە ئەم دەزگایە بەهێز بکەین بەتایبەت کە دوایی لەوانەیە لە ماددەکانی تر بێینە سەر ئەوەی چۆن دەکرێ دەستی ئەمانە کراوە بێ، بەڕێزان ئەم دەزگایە دەزگایەکی نیشتیمانییە لەو پەرلەمانە بڕیاری لێدراوە، دەزگایەکی هەرێمی

نییە،دەزکایەکە حزبی نییە، دەزگایەك نییە کەوا ئەگەربێتو ئێمە بەجۆرێکی تر بیری لێ بکەینەوە پێمان وابێ ئەمە کار دەکات بۆ پارچە پارچەبوونی زمانی کوردی، یان زاڵ بوونی لەهجەیە بە سەر لەهجەیەکی تردا، یان دروست کردنی جۆرێك جیاوازی، ئێمە شتێکی ئاوا تێبێنی دەکەین لەو دەزگایە دا لە ئیش و کارەکانیاندا، ئێمە پەرلەمانین،پەرلەمان حەقی لێپێچینەوەی هەیە، حەق نیە ئەمەیان لێ قەبوول بکەین، بەڕێزان سەبارەت بەو خاڵەی کە دەڵێ مەرجەعێکی باڵابێ لەو لایەنە پەیوەندیدارانەی گرنگی بەزمان و ئەو بابەتانە دەدەن بێگومان ئێمە پێوستمان بەوە هەیە کە مەرجەعێکی باڵامان هەبێ، ئێمە کۆمەڵێك زانکۆمان هەیە لە هەر زانکۆیەك کۆمەڵێ بەشمان تایبەت بە زمان کردووە، جۆرەها ڕێکخراوی ثقافی و زمانەوانیمان هەیە، هەریەکەو لەئاشێك لێ دەکەن، چۆن دەکرێ ئەوانە لێککەنەوە؟ بێگومان ئەمە تەنها بە دەزگایەکی نێشتیمانی دەبێ کە ئەویش ئەکادیمیایە، من لەوەی تەئیدی بەشێکی قسەکانی کاك عبدالسلام و امینەخان دەکەم، ئێمە ڕاستە لەگەڵ لیژنەی پەروەردە سەردانی ناوچەی بادینانمان کردووە، بەڕاستی ناخۆش بوو کاتێ قسەمان لەگەڵ منداڵەکان دەکرد تێنەدەگەیشتن، بۆ؟ بەڕێزێکی بادینی کە دێت لەگەڵ منداڵێکی بچووك لە ناوچەی سۆران، لە سلێمانی قسە دەکات تێناگات، بەتایبەت لەو مەنهەجەی کەوا دەیانخوێند، ئەمەش بوو بووە مایەی ئەوەی کەوا مەنهەجێکی یەکگرتوو دانرابوو، دوایی دووبارە شەق بێتەوە ببێتە دوو مەنهەج، ئێستا لە بادینان بە شێوازی بادینی دەخوێندرێ، لە سۆران بە شێوازی سۆرانی دەخوێندری، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە چۆن دەکرێ یەك: ئەو زمانە یەك بخەین تا کەی بەو شێوازە بێ؟ بەڵێ ڕاستە لە هەر ناوچەیەك، لە هەر وڵاتیك لەهجەی جیاجیا هەیە، جۆرەها شێوازو دیالێکت هەیە، لە کوردستانیش هەروەها، بەڵام ئەی زمانی ڕەسمیمان تا کەی ئێمە کار بۆ ئەمە نەکەین؟ تاکەی ئەم دەزگایە کاری بۆ نەکات؟ ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانراون لەدەستەی باڵادا سێ کەسیان پسپۆری زمانە، بەڵام پێنج کەسی تر لەوانە ئەگەر دەرچووی بەشی زمانیش نەبن، بەڵام فەرهەنگی زۆر پوختەو ناوازەیان چاپ کردووە، شارەزاییەکی زۆرزۆریان لە زمان هەیە، ئەم فەرهەنگانەن ئەمڕۆ بەکاردێن لێرە، بۆیە بە هەر شێوەیەك بێت پیویێستمان بەوەیە دەزگایەکی باڵا هەبێ، ئەمە وەکو دەزگایەکی باڵا بمینێتەوە وەك مەرجعی باڵا.

- خاڵی دووەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئێمە ئەگەر بێت و ئەو وشەی ئیلزامە کە دەڵێ حکومەت و دام ودەزگاکان پێویێستە ئیلزام بەوەوە بکەن ئەو بڕیارانەی لەوێوە دەردەچێ، بەڵێ من لەگەڵ ئەوەدام پیویێستە ئیلزام بکرێت، ئێمە تاکەی کێشەی فرە زاراوەییمان هەبێت تەنانەت لەیەك شێوەزاریشدا؟ من لەوەیە بەڕاستی ئێستا بۆ نموونە لە دەزگایەکی بەرزی وەکو پەرلەمانی کوردستاندا من جارێکی تریش ئەم قسەیەم کردووەو بە یاداشتیش بەسەرۆکی پەرلەمانم داوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. من شەرم دام دەگرێ کاتێك هەندێ لە نووسراوەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخوێنمەوە بەو شێوازە زمانە خراپە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. نووسراوی ڕەسمی بە ئیمزای سەرۆکی پەرلەمان پێشکەشکراوە {تهریب نفط} بە تیرۆری نەفت تەرجەمە کراوە لەو پڕۆژە یاسایە، کاتێك هاتووە مەجمەعی عیلمی وشەی مەجمەعی بە

کۆمەڵگا تەرجەمە کردووە، ئا ئەوەتا لەبەر دەستمانە لێرە، چۆن دەکرێ ئێمە تاکەی وا بین؟ پەرلەمان، بەڵێ، ڕاستە دەسەڵاتێکی باڵایە، بەڵام ئەم بابەتە بابەتێکی پسپۆڕیە، پیوێستە هەر چەند باڵاش بێ مولزەم بین بە بڕیارەکانی ئەوانەوە، چونکە ئەوان زانای زمانەوانن لەوێ بڕیاری لێ دەدرێ بۆیە تکا دەکەم بەڕێزینە ناکرێ ئێمە بەچاوێکی بەو جۆرە لەو دەزگایە بڕوانین کە پارچە پارچە بوون بێ ئەگەر هەر ئیشکالێك لەو دەزگایە هەیە پێویستە بە دواداچوونی بۆ بکەین. خاڵێکی تر بۆیە پێم وایە لێرە شوێنی دەبێتەوە ئەم دەزگایە نازانم ئەگەر لیژنەی یاسایی وەڵام دەدەنەوە سەبارەت بە کێشەی دارایی پەیوەندیدار بە بەرنامەو مەشاریعیان ئایا دەکرێ لەو ماددەیە قسەی لێ بکرێ، دابنرێ؟ یان دەکرێ تەئجیل بکرێ؟ چونکە یەکیك لە کێشە گەورەکانی ئەو دەزگایە کە دەستی بەستراوە ناتوانێ کار بکات کێشەی داراییەتی، چونکە وەکو دائیرەی ئاووکارەبا هەریەك لە دائیرەکانی ترلێی دەڕواندرێ لە مەسەلەی توێژینەوەدا، لەمەسەلەی بە دواداچوون و زماندا، ناکرێ وەکو ئەوانە تێی بڕواندرێ.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبێنیم هەیە، لە ڕاستیدا یەکەمیان لەسەر ناوی هەمواركردنی پڕۆژەکەیە، هەمواركردنی یاساکەیە ئەویش بەڕاستی ئێمە باس لە زمانی کوردی دەکەین کاتێك کە باس لە زمانی کوردی دەکەین ئەبێ پانتاییەکی بەرفراوان هەبێ، بەڕاستی هەر کوردستانی عیراق نیە کە زمانی کوردی بەکار دەهێنێ، لەپارچەکانی تری کوردستانیش ئەو زمانە بەکاردەهێنرێ، بۆیە بەڕاستی دەبێ پانتاییەکی فراوان هەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە هەرێمی کوردستان لاببرێت تەنها ناوی یاساکە ئەکادیمیای کوردی بێ، چونکە بەڕاستی کورد هەیە لە ڕوسیا، موستەشرقی روسی هەیە پرۆفیسۆرە لە زمانی کوردی، بۆیە ئێمە ئەگەر هات و تەنها حصر نەکەین بە هەرێمی کوردستان دەتوانین سوودمەند بین لەوانیش، هەتا ئەندامێك بێن لە دەستەکە، بۆ ئەوەی بتوانین سوودیان لێ وەربگرین، دەربارەی مەسەلەی گەیشتن بە زمانێکی ستاندارد، من لەگەڵ ئەوە نیم، لەگەڵ ئەم هەموار کردنە نیم، چونکە بەڕاستی لای هەموومان ئاشکرایە دوو لەهجەی سەرەکی هەیە لە کوردستان ئەویش یان کرمانجی ژووروە یان کرمانجی خوارووە،یەعنی بادینی و سۆرانی دەتوانین ئەو دووە بە ستاندارد بکەین چونکە بەڕاستی لەهجەی زۆر هەیە، ئەگەر باس لە لەهجەکان بکەین، هەرکەس لهجەکەی خۆی لە هەموو لەهجەکان پێ شیرینترە، من بەخۆم کە خەڵکی رواندزم لەهجەکەی خۆم پی لە هەموو لەهجەیەك پێ شیرینترە وە هەموو ئەوانی تریش بە ڕاستی، بۆیە ناکرێ ئەو شتە ئێمە بسەپێنین لەسەر خەڵکەکە،ئەکرێ ستانداردەکە لەو دوو لەهجەیە بکرێ، بەڵام بکرێتە ستاندارد بۆ هەمووی ئەوە ناکرێ، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەو هەموار کردنە نیم، زۆر سوپاس

**بەڕێز خەلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەكانی مـن زیـاتر لەسـەر دەقـە كوردیەكەیـە بەڕاسـتی، مـن پـێم وایـە لـە ڕووی شـكڵێەوە كـە لایـەنێكی ئەساسیە لە دارشتنی یاساكان، ئەمە ئەكرا بە شێوازێكی تر دابڕێژرایەتەوە بەتایبەتی كە فەقەرەی (ا، ب)ی تیكرارە، خاڵێكی ترم ئەوەیـە نووسـراوە لەسـەر دامـو دەزگـا حكومیەكانـە كـە پابەنـدی بڕیارەكـان بـن لـەم بوارەدا، ئەوەی من تێگەیشتبم ئەو ماددەیـە تـەعریفی ئەكادیمیایـە، دەكـرێ ئـەم بڕگەیـە كـە لەسـەر دامـو دەزگا حكومیەكانە ئـەوە لـە بڕگەیـەكی تـردا بنووسـرێ، چونكە ئەمـە لێـرە پێناسـەی ئـەكادیمیای كـوردی كردووە، بۆیە مـن پـێم وایـە بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە (ئـەكادیمیای كـوردی ژێـردەری بـاڵای ئـەو لایەنـە پەیوەسـتانەیە بـە زمـانی كـوردی و پاراسـتن و دەوڵەمەنـد كـردن، و یـان بـۆ گەیشـتن بـە زمـانێكی فـەرمی یـەكگرتوو، خـاوەن كەسـێتی مەعنـەوی سـەربەخۆیە)، یـەعنی لـە ڕووی شـكڵیەوە ئـەم هینـە بـەم شـێوەیە دابرێژرێتـەوە، چونكە ئـەوەی لەسـەر دامـو دەزگـا حكومییەكانـە ئـەتوانرێ لـە بڕگەیـەكی تـردا دابنرێـت، حكومەت بەوە ئیلزام بكرێ نەك لەناو پێناسەكەدا، دوو، خاوەن كەسێتی مەعنەوی سـەربەخۆیە ئـەتوانرێ هەر لەگەڵ پێناسەكەدا یەك بڕگە بێت باشترە من پێم وایە لە ڕووی شكلیەوە، زۆر سوپاس

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نسبەت مادده ئێكێ بڕاستی ئەز دگەل خاڵە ئێكێ نیمە كو ئەڤـە ببیتـە مەرجەعـەكی ئـەعلا بـۆ ئـەكادیمیا كوردی، چونكو مە كو هەكا ئەكادیمیایەكا هەین كو ئەڤە دشێتن بیتە ژێـدەرەك ژوان ژێـدەرا بـۆ ئـەكادیمیا كوردی، نەكو ببیتە مەرجەعێ ئـەعلا بـۆ ئـەكادیمیایێ كـوردی بـۆ زمـانێ، هـەروەكی كـاك (عبدالسلام)یش ئاماژە پێدای دێ چ دكاتە بنەما بۆ هەندێ كو زمانەكێ ستاندارد ل هەرێما كوردستانێ دابنێتن؟ چونكو مە بەس ڤـێ ئـەكادیمیایێ ئەكادیمیایەكـە بـۆ هـەرێما كوردسـتانێ یـا عیراقـێ، دێ چ بنـەمایێ دا نـیتن، وەخـتێ لەهجاتا بكاتـە بنـەما بوچی بەحسـێ وان لـەهجاتا ناكا، بوچی نەگوتـە كـیش لەهجەنـە دبیتـە بنـەما؟ بـۆ هەنـدێ كـو كـار بكـات، بـۆ هەنـدێ كـو زمانـەكی سـتاندارد ل هـەرێمێ كوردسـتانێ دروسـت بكـاتن، ئەگـەر مەبەسـت ڤـێ ئـەكادیمیایێ پاراسـتن و ڕاگـرتنێ زمـانێ یـا كوردیـە، و گەشـە پێـدانا یـا زمـانێ كوردیـە، واتـە وەختێ زمانەك یان لەهجەك یان دیالێكتەك كرا سـتاندارد ئـەز دبیـنم دیـف ئـەزموونا مـە هـەی ل هـەرێما كوردستانێ لەهجێت دی هەمیت دناڤچن، ژبەر هەندێ ناڤ هینانـا ڤـێ لـەهجێ ل ڤـێ دەركـێ زۆریـا كرنگـە، بوچی دی ناڤچن؟ دیف ئەزموونا مە هـەی ل هـەرێما كوردسـانێ دا هـەی، و گەلـە جـارا ئـەم دگـەل خـەلكێ پارێزگاهێ دهوكێ ڕێنیشتینە خـارێ، و حـەتا ئـەز دبێـژم خـەلكێ پارێزگاهێ دی یێـت پارێزگـاهێ هـەرێما كوردستان ژی، سلێمانی و هـەولێرێ ژی موشـكیلەیا هـەی، بـۆ نموونـە ئیلتیـزام كرنـا یـا حكومـەتا هـەرێما كوردستانی یان دامو دەزگاییێت ڕەسمی ب لەهجەكی بتنێ، بۆ نموونە بلا دبێژم لەهجەیا بـادینی بـیتن، ئایـا لەهجا بادینی وەختێ دكاتە زمانەكی ستاندارد، و حكومەت دامو دەزگاهێت ل هـەرێما كوردسـتانێ ئیلتیـزام بكاتن ڤێ لەهجێێ ئەڤە بخو نابیتە سەبەبێ هەندێ كو ئەو لەهجێت دیێت هەی هێدی هێدی دناڤچن؟ كو ئەز دبینم مەترسیا ڤێ ئێكێ یا هەی بوچی دگەل ناڤەندێت یێ ڕەوشەنبیری یێت یـێ پارێزگاهێ دهوكێ،

يێت پەروەردیێت پارێزگاهیێت دهوکێ وەختێت درینینەت خارێ گەلە جارا دێ ئاماژە بهەندی دەن دبێژن قوتابییێت مە یێ مەدرەسەیێت بویە مشکێ موختەبەرێ، دێ ئەڤروکە یینن زاراڤەکی ل سەر تەجروبە کەن، سالاڤکا دی زاراڤەکی دی ل سەر تەجروبە کەن، و ئەز دلنیایی ڤە ژی ئەز دبێژم حەتا ئەو مەنهەجێت دیراسیی هەنوکە ل مەداریسێت مە دهێتە خاندن ژی، بۆ نموونە شەشێ ئێعەدادیەت ژی دێتە خاندن، ئەگەر ئێکێ خەلکێ سلیمانییێ، یێ هەولێرێت ژی بیتن گەلە جارا وی مەنهەجێت ناگەهیتن، کوردیەکا وەسایە، یێ وەسا زەحمەتە کو تێناگەهیتن، چاوا ئێکێ خەلکێ (شێلادزێ، دەرکارێ)، یێ مەنتقێت یێ لەهجێت بگەهیتن؟ ژبەر هەندێ ئەڤە نەشێتن ببیتە بنەمای، ببیتە سەنتەرەك بۆ هەندێ کو بشێتن زمانەکی ستاندارد دانیت، بەلکی چێتن ببتە زەمینە خوشکەرەك بۆ گەشە پێدانا یا زمانا کوردی، چونکی وەکو کاك (عبدلسلام) یش یا ئاماژە پێدای دوو لەهجێت یێت (سۆرانی، بادینی) بینین، دوو لەهجاتێ گەلەك گەلەك ژ لایەنێ قەواعدی ژ یەك جودانە، مە گەلەك تشتێ هەیت بەلکی ژ زاراڤێ یێ کرمانجییێت خاراڤێدا نینە، بۆ نموونە مەسەلەن (نێر، مێ) کو لەهجایێ بادینی داهەی بەس لەهجایێ سۆرانی دا نینە، ژبەر هەندێ ژی ئەم نەشێین لەهجەیەکی بکەینە زمانێ یێ ستاندارد بۆ هەرێما کوردستانێ، و تایبەت ژ ئەڤ ئەکادیمایا بتنێ پێرا ببیتن، و مولزەم ژی بکاتن ژی حکومەت ئەو دامو دەزگاییێت حکومی ل هەرێما کوردستانێ بۆ هەندێ کو ڤێ لەهجێ بکار بینن، مەترسیەکا دی ل ڤێ دەرکا هەی ل سەر هەیکەلیەتا یا ڤێ ئەکادیمیاییە، ئایا هەیکەلیەتا وێ چاوانێیە؟ چونکو گازندە ل سەر ڤێ هەیکەلیەتێ وێ دێتە کرن، ئایا هەیکەلیەت چیە؟ کێ ل ئەکادیمیا دایە؟ مەترسیێت دی ل سەر میکانیزما بڕیاردانا وێیە، ئەو میکانیزما بڕیار تێدا دان، وەکی مە بەحس کری ل سەر هەیکەلیەتا وی ئایا پێڤەر چیە بۆ دانانا کەسان وان ل ڤێ درکێ کار دکەن، ئایا پێڤەرەك هەیە بۆ هندێ؟ ئەو کەسێت ل ڤێرێ دهێتە دانان کینە، چ کەسن، چ مەجال دە شارازاییێت هەیە؟ زۆر سوپاس

**بەڕێز عمر عبدلعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(من مەزانە ئەگەر بەهەورامی قسەیێ ئەکەن و چۆن کەسێك یا ئەوانە، یا هەجون یا درۆیە یا هەرکەسێ یا ئەوانە)، بەڕێزان ئەوە ڕستەیەکی هەورامی بوو، عەرزم کردن نازانم ئەکەر بە هەورامی قسە بکەم چەند کەس تێ ئەگەن؟ وابزانم دوو کەس یا سێ کەس تێ ئەگەن، (کاك عمر، کاك ئارام، مامۆستا سەمیر) تێئەگەن، ئەمەم بۆیە خستە ڕوو بەڕێزان تا بزانین ئەم بابەتە هەم هەستیارە، هەم گرفتە، هەم جوانییێکە لە جوانیەکانی هەر زمانێك، بۆ هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی سەر ئەرز، زمان بە پێی دەقی قورئان بەڕێزان یەکێکە لە نیشانەکانی خوای گەورە (ومن ایاتە خلق السموات و الارض و اختلاف السنتکم و الوانکم)، لەبەر ئەوە چەند گرفتە، و کێشە دروست دەکاو دەبێ زانستیانە، هەستیارانە، دوور لە حەساسیەت مامەڵەی بکەین، ئەوەندەش جوانیە و مایەی دەوڵەمەند بوونی زمانەکەیە، زمانی کوردی شیرینی هەموو لامانە، من لەم دەست پێکەوە ئەچمە ئەم بابەتە ئەگەر ڕوخسەتم بدەن دوو، سێ تێبینی

عەرز بکەم، سەرەتا من پێم وایە بۆ ئەم بابەتە زۆر پێویست بوو بەرێزان بەلای کەم (وەزیری ڕۆشنبیری، وەزیری خوێندنی بالاّ) ئامادە بوونایە، چونکە بابەتێکی هەستیارە، و تاحەدێك پەیوەندی بە هەردوو لاشیان هەیە، ڕەنگە هەر لە ناوی ئەکادیمیاکەوە دەست پێ بکەین بزانین گرفتەکەی ئێمە لە کوێیایە، کە تائێستا وەکو بەرێز کاك (عبدالسلام) یش ئاماژەی پێ کرد و هەنێ لە بەرێزانی تریش، هێشتان لەسەر ناوەکەدا ڕێك نەکەوتووین، من زۆر بە کارەساتی ئەبینم کە لەسەر دەرگای ئەکادیمیا نووسراوە ( ئەکادیمیای کوردی)، چونکە تۆ باس لە زمان ئەکەی، باس لەوە ئەکەی ئیهتیمام بە زمانەکەی خۆت بدەی، ڕێك نەکەوتووین لە سەر ئەوەی ناوێك بدۆزینەوە کە وشەکە ناوەکەی کوردی بێ، ئەوی تر هەر کوردیە، و بەشە ئەساسیەکەی کە ناوی موئەسەسەیە بە غەیرە کوردی دەستمان پێ کردووە، بەرێزان ئەم بابەتە وەکو عەرزم کرد بابەتێکی بەڕاستی حەساسیەتی ناوێ، بۆیە با هەمووما بە نەفەسێکی کوردانە، و کوردستانیانە باس لەم مەسەلەیە بکەین، منیش قەناعەتم وایە ئەکادیمیای کوردی بەرێزان کە منیش تاحەدێك دۆستایەتیم لەگەڵ زۆرێك لەو بەرێزانە هەیە، و شێوەی پێك هاتەکەی ئەزانم، و ئەزانم چ کەسانێك تیایە ئیش ئەکەن، بەڕاستی بە تاقی تەنیا ناتوانن ئەو بارە قورسە هەڵبگرن، باس لەوە نیە ئەو بەریزانە دڵسۆزی نەکەن، نەتوانن، یان نایانەوێ، یان حەزناکەن، باس لەوەیە کە زۆر زۆر گرانە، ئێمە لە کوردستاندا چەندین دەزگاو ڕێکخراوەی ترو دامو دەزگا تەنانەت کەسانی ئەکادیمی و پسپۆر هەن لەو مەجالە، لەبەر ئەوە ئەگەر هاودەنگ بم لەگەڵ ئەو بەرێزانەی باس لەوە ئەکەن، من ناشڵێم مەرجەع نەبێ، بەلاّم بەم حاڵەوە کە ئێستا هەیەتی ئەکادیمیای کوردی بە تەئکید ناتوانێ مەرجەعی یەك خستنەوەی زمان و هێنانە کایەی زمانێکی ستاندارد و کوردی بێت، چونکە ئێمە ساڵانێکە واقیعەکە ئەبینین، ئەکادیمیاش ئەبینین، وەزعی پرۆگرامی خوێندن و ڕۆژنامەگەری و نووسراوە فەرمیەکان ئەبینین، بە مەلاین دۆلار و دینارمان سەرف کرد لە چاپ کردنەوەی کتێبی پرۆگرامی خوێندن لەسەر کێشەی زمان، با ئێمە واقیعی بین، لەبەر ئەوە من پێم باشە مەرجەعیەتی، پێم باشە ئەکادیمیای کوردی بکەینە ئیتارێك ئەمە موئەسەسەیەکی واقیعە، قائیمە، لەم پەرلەمانە بڕیاری لەسەر دراوە، دەزگایەکی نیشتیمانیە، بیکەینە ئیتارێك ناوی بنێین ( ئیتارێکی گشتی بۆ یەك خستنەوەی هەوڵەکان، بۆ نزیك کردنەوەی وەجهات نەزەرەکان، ئەکادیمی و کەسانی پسپۆڕ و دامەزراوەکانی تری موهتەم بە زمان ئەمە شتێکی باشە، لە پێناو گەیشتن بە زمانێکی ستانداردی کوردی)، و تەنها وابزانم بەو دوو دێرە ڕزگارمان دەبێ و تەوحید ئەکرێ، و زمان ئەبێتە یەك، بەڕاستی ئەمە نەوعە خەیاڵێکە ئێمە تیایە ئەژین، من وائەزانم عیبارەتێکم نووسیوە ڕەنگە بۆ یەخستنەوەی ڕاوو بۆچوونی بەرێزان بێت، کە ئەکادیمیای کوردی مادام هەیە ئێمە نابێ هەوڵەکانیان سفر بکەین، نابێ نادیدە بیان گرین، بەڕاستی هەوڵی باشیان داوە، هەنگاوی زۆریان ناوە، چەندین کۆڕ و سیمیناریان بۆ ئەم بابەتە و پێشتریش بۆ ئیشی خۆیان بۆ کاری خۆیان کردووە، هەر ئەم ئەکادیمیایە بەم سەرنج و تێبینیانەوە کە هەمووما هەمانە لە سەری، هەوڵ بدەین بیکەینە ئیتارە عامەکە، بۆیە پێم باشە ئەم مادده بەم شێوەیە صیاغە بکەینەوە ئەگەر بەرێزان

لێم قبولی بکەن، (الاكاديمية الكوردية هي الاطار العام لتوحيد المسائل العلمية، و تقريب وجهات نظر الاكاديميين، و المؤسسات المعنية باللغة الكوردية، بغية وصول الى لغة رسمية موحدة)، بە کوردیەکەی (ئەکادیمیای کوردی چوارچێوەیەکی گشتیە بۆ یەك خستنەوەی هەوڵە زانستیەکان و نزیك کردنەوەی دیدو بۆ چوونی ئەکادیمی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بە زمانی کوردی بە هیوای گەیشتن بە زمانێکی فەرمی یەکگرتوو)، لەمە زیاتر بەڕاستی ناواقیعیە لەگەڵ ڕێزم، بەشی دووەمی ماددەکەش کە باس لەوە ئەکات هەر لە ئێستاوە موئەسەسات و جیهاتی حکومی ئیلزام بکەین بە ئیلتیزامێك کە هێشتان ڕۆشن نیە لە لامان، با ئەوە بخەینە قۆناغێکی تر، پێویست ناکات ئێمە لەم قۆناغە ماددەیەك تێپەڕێنین کە هێشتان لەسەر ئەصڵی کارەکە گەلاڵە نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر عبدالعزیز) ئەگەر لوتف بکەی ئەو صیاغە بنێری بۆ بڕادەران بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکەن، فەرموو (دکتۆر احمد).

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم دیارە بێگومان زمان یەکێکە لە کۆڵەگەکانی پێك هاتنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، و مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەك، زمانی ستانداردیش گرنگیەکی زۆری هەیە و لەمێژە لەناو کوردستان و هەرێمی کوردستاندا قسەی لەسەر دەکرێ لە نێوان پسپۆڕان و ڕۆشنبیرانی بواری زمان، بوونی زمانی ستاندارد لە نێوان چەندین شیوە زاردا مانای پشتگوێ خستن و گرنگی نەدانی ئەو لەهجانەی تر نیە کە لە وڵاتدا هەن، لە هەموو ولاتانی دنیاشدا زمانی ستاندرد پەیڕەو دەکرێ، و گرنگیش بە زمان و شێوە زارەکانی تر دەدرێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بە موئەسەساتی دەوڵەت و بە داموو دەزگا ڕەسمیەکانەوە هەیە، خاڵی دووەم، پشێویەکی زۆر لە زمانی کوردی و بەکارهێنانیەوە دیارە، و پسپۆڕانی بواری زمانیش تەئکید لەسەر زەڕوریەتی بوونی زمانی ستاندارد دەکەنەوە، ئەوە ئێمە نین کە ئەم حەقیقەتە باس دەکەین یاخود فەرزی دەکەین، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەبواری زمان یا پسپۆڕی زمانن لە دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، لە زانکۆکانی هەرێم باس لەو حەقیقەتە ئەکەن، هەمووشیان باس لە یەکخستنی زمان و ستاندارد بوونی زمانی کوردی ئەکەن، دیارە ئەم کارە دەبێ بە شێوازێکی زانستی و بە دیراسەتی تەدریجی ئەنجام بدرێت، نەك بە شێوەیەکی کتوپڕ، کە وابکەین هەموو شێوە زارەکان بەسەر یەکا تێك بشکێن و فەرامۆش بکرێن، سێیەم، ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە نێردراوە، حکومەت خۆی ناردوویەتی، کەواتە حکومەت بە پێویستی دەزانێ مەوزوعێکی زانستی و ئەکادیمی و زمانەوانی هەبێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی لە بواری زمانی کوردیدا هەیە، بۆیە من وەکو خۆی پشتگیری لە ماددەکە ئەکەم، و بە پێویستی ئەزانم کە ماددەکە وەکو خۆی پەسند بکرێت، بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان، ئەو پرۆژە یاسایەی کە بۆ یەکخستنی چەند وشە و زاراوەیەك پێشکەشی پەرلەمانمان کرد لەو پەرلەمانە موناقەشە کرا، بە بیانووی ئەوە ڕەتکرایەوە کە ئێمە ئەکادیمیایەکمان هەیە، ئەکادیمیای کوردی کە مەرجەعە بۆ یەکخستنی زمان و زاراوەکانی کوردی، بۆیە ئەبێ هەموو شتەکان بگێرینەوە بۆ ئەکادیمیای کوردی، بەلام لێرە وا هەست ئەکەین کە ئێمە ئەکادیمیاش ڕەت ئەکەینەوە، نەك یەکخستن و زمانی ستاندارد ڕەت ئەکەینەوە، بەلکو بوونی ئەکادیمیایەك و مەرجەعێکیش بۆ زمانی کوردی ڕەت ئەکەینەوە، ئەمە بەڕاستی خەتەرێکی زۆری هەیە، ئێمە ئەبێ گوێ لە پسپۆڕانی زمانی کوردی بگرین، ئەوانەی کە خەمیان خواردووە، زەمانێکە تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە پێویستە زمانی ستاندارمان هەبێت، سەبارەت بە وشەی (مەرجەعیش) من هەروای بە باش ئەزانم کە هەر وشەی مەرجەع لە کوردیشدا بەکاربێنین یان سەرچاوە وەکو دکتۆر (بەشیر) باسی کرد، نەك (ژێدەر)، (ژێدەر) زیاتر بۆ سەرچاوەی کتێب و سەرچاوەی زانستی بەکار ئەهێنرێت، و سەبارەت بەو دارشتنەش کە لە نێوان تەرجەمە کوردیەکە لەگەڵ عەرەبیەکە، لە عەرەبیەکە ئەڵێ ( الاكاديميه الكوردية هي المرجع الاعلى في كل ما يتعلق باللغة الكوردية)، لە کوردیەکە ئەڵێ (ئەکادیمیای کوردی مەرجەعی باڵای ئەو لایەنە پەیوەستانەیە)، ئەمە ناکات مەعنای ئەو دەقە عەرەبیە، بەڵکو ئەکادیمیای کوردی مەرجەعی باڵای هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەستن بە زمانی کوردی و هەتا دوایی، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند تێبینیەکمان بۆ هاتووە لە لایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەڵێن ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانەی کە قسە دەکەن، جاری یەکەم موفەدیمەیەك قسە دەکەن، دوایی مەوزوعەکە دەکەنەوە، و دوایش دەچنە موئەخەرەش، ئینجا دوایی پوختی دەکەنەوە، سەعات و نیوێکە هێشتان ماددەیەکمان تەواو نەکردووە، تکایە ئەگاتان لە وەقت بێ، دکتۆر (دانا).

**بەرێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوەکە پێم وایە هیچ کێشەیەك نیە ئەگەر ناوەکەی ئەکادیمای کوردی بێت، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی تریش هەر بەو شێوەیە، یەعنی ئەکادیمیای کوردی بە زمانی وڵاتەکە نووسراوە، ئەگەرچی پێشتر (کۆڕی زانیاری) بووە، بەلام ئەوە ئەو یاسایە هی سەردەمی بابڵێین ڕژێمی پێشووە، بۆیە وا ڕۆیشتووە، ئەگەرنا ئەکادیمیا هیچ گرفتێکی تێدا نیە، ئێستا لەبەردەم دەتوانم بڵێم دوو تێگەیشتنی جیاوازین سەبارەت بە سێ پڕەنسیپ بۆ تێڕوانین لەو دەزگایە، یەکەمیان ئەوەیە ئایا ئێمە ئەو دەزگایە وەکو دەزگایەکی ڕەسمی سەیر دەکەین یاخود مەعنەوی؟ پڕنسیپەکەی تر ئەوەیە، ئایا ئێمە ئەو دەزگایە وەکو دەزگایەکی پسپۆڕ یاخود وەکو دەزگایەکی سیاسی سەیر دەکەین؟ و پڕەنسیپی سێیەم ئەوەیە، ئایا ئێمە باس لە زمانی یەکگرتوو دەکەین یاخود زمانی ستانداردی فەرمی فەرمانگەکان دەکەین؟ یەعنی بە تەصەوری من ئەوانە دوو تێڕوانینی لێك جیاوازن، بەڕای من ئەو تەعریفەی کە ئێستا کراوە لە

هەموارەکـە، بـە شـێوازێکی دەتـوانم بڵـێم مەعنـەوی سـەیری ئـەو دەزگایـە دەکـرێ، لەبـەر ئـەوەی هـەموو هاوکارانم لێرە تێبینیان لەسەر ئەوە بوو کە باس لـە مەرجـەعی ئـەعلا دەکـات، بـە تەصـەوری مـن یـەعنی سەیر کردنی ئەو دەزگایە وەکو دەزگایەکی مەعنەویە زیاتر، یاخود (کارێزمایی) نازانم چۆن ناوی بنێم، بە تەصەوری من دەبێ وەکو دەزگایەکی ڕەسمی سەیری بکەین، دەکرێ دەزگای تریش هـەبێ کـە دەوری هـەبێ لە زمانی کوردی، ئەگـەر تـۆ وەکو دەزگایـەکی فـەرمی سـەیری بکـەی دەزگـای تریشـمان هەیـە، بـۆ نموونـە زانکۆکـان، ئەوانـە دەزگـای فـەرمین، یـاخود کۆمـەڵێك دەزگـای ترمـان هەیـە کـە کـاری توێژینـەوە دەکـەن، ئەوانەش دەزگای فەرمین، جا بۆیە من پێم باشە وەکو دەزگایەکی فەرمی سەیری بکەین نەوەك ئەوەی کـە هاتووە، باس لەوە دەکات مەرجەعی ئـەعلا، و هـەروەها ئەگـەر ئێمـە بێتـو وەکو دەزگایـەکی پسـپۆڕ، وەکو دامەزراوەیەکی پسپۆڕ سەیری ئەو دامەزراوەیەمان کرد، ئەو مەترسیانەشمان نامێنێ ئەوەی کە ئێستا بـاس کرا هەندێك لە ڕووی تێگەیشتنێکی سیاسیەوە بۆ مەسەلەکان چوون، یـاخود لـە تێگەیشـنێکی لەهجـەوی و ناوچە گەریەتیـەوە، بێگومـان ئـەو مەترسـیانە مەترسـی ڕەوان، یـەعنی هـەموو کەسـێك لەهجەکـەی خـۆی خۆش دەوێت، بـەڵام ئەگـەر ئێمـە وەکـو دەزگایـەکی پسـپۆڕ سـەیری ئـەو ئەکادیمیـە بکـەین بێگومـان ئـەو مەترسیەش دەڕوێتەوە، و شتێکی تریش هەیە، ئێمـە بەڕاسـتی نـابێ مەسـەلەی زمـانی کوردی تەسـلیم بـە تاکە دەزگایەکی جا چ فەرمی بێ یـاخود زانسـتی بـێ تەسـلیم بـەوانی بکـەین، بەڵکـە ئێمـە بـاس لـە زمـانی ستانداردی فەرمانگەکانمان دەکـەین، دەکـرێ ئـەوە تەسـلیم بـە دەزگایـەکی ئـاوا بکـرێ، لەبـەر چـی؟ لەبـەر ئەوەی پێویستە ئەو کتێبانـەی لـە وەزارەتـەکان، لـە فەرمانگـەکان دەکـرێ پێویسـتە زمـانێکی سـتانداردمان هەبێتن، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باس لە (تەلەفۆن) بکەین، پێویستە هەمووومان بزانین چ لە بادینـان بـێ، چ لە سۆران بێ، چ لە هەورەمان بێ، پێویستە بزانین کە ناوەکەی یەك بێ، ناوی (تەلەفۆن) بێت، یەعنی زمان بوونەوەرێکی زیندووە، هەمیشە لە نوێبوونەوە دایە، بۆیە دەبێ دەزگایەك هەبێ ئەو نوێ بوونەوانە تۆمار بکات، ڕۆژانە وشـەی تـازە، زارەوەی تـازە دێتـە نـاو زمانەکـەمان، کـێ ئـەو ئیشـە بکـات؟ کـێ ئـەو وشـانە بـە شێوەیەکی بابڵێین وا بکات تەوحید بێ لە نێوان (بادینان، سۆران، هەورەمان)؟، یەعنی بەڕاستی ئێمە ئەبێ ئەو ئەرکە بەوە بدەین، جا بۆیە بـەڕای مـن یـەعنی دەکـرێ ئێمـە وەکو ئـەو پێناسـەیە بگـۆڕین، پێناسـەی بکەینەوە مەسەلەی (مەرجەعی ئەعلاکەی) لێ لادەین بیکەینە (فەرمانگەی کوردی دامەزراوەیەکی فەرمی پسـپۆڕە، ئـەرکی یـاخود کـاری پاراسـتن و پـەرە پێـدانی زمـانی کوردیـە، هـەروەها دروسـت کردنـی زمـانی ستانداردی فەرمانگەکانە، یاخود زمانی ستاندارده)، یەعنی ئێمـە ئەوکاتـە ئـەو مەترسیانەمان دەڕوێتـەوە، هەروەها ئەو بڕگەیەی کە هاتووە لـە کۆتـایی تەعریفەکـە بـاس لـەوە دەکـات خـاوەنی شەخصـی مەعنـەوی موستەقیلی خۆیەتی، ئەگەر ئێمە وەکو دامەزراوە تەعریفمان کرد ئەوکاتە هەموو دامو دەزگایەك خـاوەنی شەخصیەتی مەعنەوی خۆیـەتی، پێویسـت بـەو بڕگەیـە ناکـات، وەك لـە بڕگـەی (ب)ی پێشـنیاری لیژنـەی ڕۆشنبیری دا هاتووە، زۆر سوپاس

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەوڵ ئەدەم زۆر بە كورتی قسە بكەم، چونكە بڕادەران زۆریان باس كرد لەسەر ئەو مەوزوعە، و مەوزوعەكەش گرنگە بەڕاستی، لە ڕاستی دا پێم وابێ ئیشكالیەتەكە لە ڕاپۆرتی هاوكارانمانەوە هەیە كە بابڵێین ئیزافەیەكیان كردووە، یان جۆرێك لە صیاغەیان كردووە، و ئیشكالیەتێك لە دوو مەوزوعدا هەیە كە مەسەلەی تەوحیدەكە و مەسەلەی ئیلزام كردنەكە، یەعنی بابڵێین مسەلەی ئیلزام كردنی لایەنە پەیوەندیدارەكان بە بڕیارەكانی ئەو ئەكادیمیایەوە، مەوزوعی تەوحیدەكە، یەعنی ئەكادیمیاكە گرنگە دەستەڵاتی هەبێت، و توانا و قودرەتی هەبێت بۆ ڕاپەراندنی كارەكانی و ئیشەكانی، دیارە كەس لاری لەسەر نیە و كارێكی زۆر گرنگە، بەلاّم مەسەلەی تەوحیدی زمانەكە، و دواتریش لەوێ ئەڵێین بڕیارەكە ئیلزامە بابڵێین جۆرێكە بۆخۆی ئەكادیمیا كارێكی ئەكادیمیە، دەزانین كە كاری ئەكادیمیا زۆرجار ئیجتیهاداتە، هەوڵدانە، بەحسە، لێكۆڵینەوەیە، مەسەلەی مەعایری زانستی بەكار دێنێ لەوێ، بۆیە مەسەلەی ئیجتیهادی زانستی لەوێدا جێگای ئەبێتەوە، لێرە ئەو ئیجتیهادە، بۆ نموونە قسە لەسەر زمان بكەین، ئەو ئیجتیهادە دەبێتە بابڵێین بڕیارێك لەسەر ئەم شێوازە، ئەم شێوە زارە یان نازانم چیە، ئەبێتە زمانێكی ستاندارد، و دواتریش ئەبێ هەموو لایەنەكان ئیلتیزامی پێوە بكەن، چونكە ئەوە بڕیاری پەرلەمانی كوردستانە، و دەبێتە یاسایەك كە دەبێ هەموو لایەنەكان ئیلتیزامی پێوە بكەن، من پێم وایە ئەمە كێشەیەك دروست ئەكات، ئیشكالیەتێكیش دروست ئەكات بۆ هەموو لایەنەكان، لە بڕی ئەوەی بۆ نموونە ئەو هەوڵەی ئێمە لە پێناوی یەكخستنەوەی زمانی كوردی و هەوڵی هەمە لایەنەكان لە ڕاستی دا ئەمە پەكی دەخات، و لە ڕێڕەوە زانستیەكەی خۆی كە هەوڵدانە بۆ نزیك كردنەوە، نزیك كردنەوەی لەهجەكان، هەوڵدانە بۆ تێكەیشتن لەسەر مامەڵە كردن لەگەڵ ئەم مەوزوعە، یەعنی زمانێكی ستانداردت ئەوێ، دوو شێوە زار ئەكەی بە زمانی ستاندارد، یەعنی ئیجتیهادات لەم بارەیەوە زۆرە، ڕاو بۆچوون لەم بارەیەوە زۆرە، تۆ ئەم ڕێگایە ئەبڕیت، یەعنی بوار بە دەزگایەك ئەدەیت دەزگاكە با فەرمیش بێت، با مەرجەعی بالاّش بێت، بۆ ئەوەی جۆرێك لە فەتوا بدات كە ماجالی تەعن كردنی پێوە نەبێت، قەرارەكەشی ئەبێتە قەرارێكی ئیلزامی، ئەمە كارێكی زۆر قورسە لەسەر شانی ئەكادیمیاكە، و پێم وایە بەستنەوەی ئەكادیمیاكەشە، لە ئەركە گرنگەكانی خۆی، لە ئەركە زۆر پێویستەكانی خۆی كە مەسەلەی نزیك كردنەوەی زمانە، هەوڵدانە بۆ دروست كردنی زمانی ستاندارد، هەوڵدانە بۆ كۆكردنەوەی وشەكان، و داتاشینی وشەكان، هەموو هەوڵی ئەوەیە كە زمانێكی ستاندارد داتاشێ بۆ ئێمە كە ئەمە كارێكی سەختە، قورسە، و كارێكی زۆر هەستیارە، و دواتریش ئەو صیغە ئیلزامیە لە ڕاستی دا ئەكادیمیا لە موئەسەسەیەكی زانستیەوە كە كاری زانستی ئەكات ئەكاتە موئەسەسەیەكی تەنفیزی وەكو ئەوەی كاك (عبدالسلام) و ئەوان باسیان كرد كە من 100٪ لەگەڵ قسەكانیم، بۆیە ئێمە مەوزوعی تەوحیدەكە وەلا بنێین، و ئیلتیزامەكەش جۆرێك لە تەوصیە بێت لە ڕاستی دا هی ئەكادیمیاكە، یان لێكۆڵینەوەكانی ئەكادیمیاكە، ببێتە جۆرێك لە تەوصیە كردن، ئەكرێت ئیلتیزامی پێوە بكرێت بە گوێرەی مەعایرێك كە دائەنرێت، بەلاّم مەوزوعی تەوحیدەكە ئەمە وەلا بنێین،

**هەوڵدەین ئەو ئەكادیمیایە كار لەسەر یەكخستنەوەی زمانی كوردی بكات، لێكۆڵینەوە لەسەر یەكخستنەوەی زمانی كوردی بكات، سیمینار بكات، ووركشۆپ بكات، كۆنفرانسی گەورە گەورەی زمانەوانی بكات، چی گرنگە بیكات، بەڵام ئەم ئەركە ئەركی یەكخستنی زمانی كوردی بخرێتە ئەستۆی ئەكادیمیاكەش پێم وایە ئەوە ئەركێكی زۆر زۆر گەورەیە بۆ ئەكادیمیاكەش، زۆر سوپاس**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری ئەگەر تێبینیەكتان نیە فەرموو بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو كاك (عەونی).**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی دووەم من بە باشی دەزانم كە ئاماژە بە شتەكی بدەم ئەویش یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 2007 هەمواری یەكەمی ئەم یاسایەیە، و ناوەكە لەوێ گۆڕایە بوویتە (ئەكادیمیای كوردی)، چونكە هەندەك لە بڕادەران مولاحەزەمان كرد ئاگایان لەو گۆڕاكاریانە نیە كە لەسەر یاساكە هاتووە، هەروەها دەزگاكە پەیوەستە بە ئەنجوومەنی وەزیران.**

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من هەندێك خاڵ هەیە بەڕاستی بە پێویستی دەزانم تەوزیحاتی لەسەر بدرێت، یەكەم شت ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆ پەرلەمان هاتووە و خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، و تەحویلی لیژنەكان كراوە، واتە ئەمە ڕای حكومەتی لەسەر بووە، بۆیە ئێمە لەناو لیژنەی خۆمان كە بە حزوری نوێنەری ئەكادیمیا دكتۆر (نوری تاڵەبانی) موناقەشەی ئەم پرۆژە یاسایە كراوە، ئەمە بۆ ئەوەی لە لای خوشك و برایان ڕوون بێت، دووەمیان، لە ئەصڵدا ئەم پرۆژە یاسایە بە زمانی عەرەبی بوو، دواتر ئێمە دەقە كوردیەكەمان دیت بوو، بە زمانی عەرەبی بۆ ئێمە هاتبوو، بۆیە ئێمە لەناو لیژنەكەدا، لە ڕاپۆرتەكەماندا لە ئەصڵدا بە زمانی عەرەبی موناقەشەمان كردووە، ئەمەیان خاڵێكی ترە، بۆیە كە دەبینرێت هەندێك جیاوازی هەیە لە نێوان دەقە عەرەبیەكە و دەقە كوردیەكە ئەمە حەقە لەبەر چاو بگیرێت، دواتریش زۆر گرنگە بۆ بەڕێزان ڕوون ببێتەوە لە كوێدا جیاوازی هەیە، دووەمین شت بەڕاستی حەقە جیاوازی بكرێت لە بەینی دوو شت، لە بەینی ئەو تەعریفەی كە بۆ ئەكادیمیا كراوە لەو ماددەیە كە پێشنیاز كراوە، هەروەها لە نێوان پێك هاتەكانی ئەو ئەكادیمیا هەیە، بابڵێین لە چی پێك دێت؟ ئەندامانی كارای هەیە، ئەنجومەنێكە كە لە ئەندامانی كارایە، هەندیكیان یاریدەدەرن، هەندێكیان ئەندامی شەرەفن، بەڕاستی لەوێدا دەكرێ دواتر قسە لەسەر ئەوانە بكەین، كە وەكو خوشكی بەڕێزمان خوشكە (ئامینە)،**

هەروەها (زەكیە) خان و چەند برادەرێكی تریش باسی ئەوەیان كرد كە پێویستە لەناو ئەكادیمیادا نوێنەرایەتی ئەوانە بن بەڕاستی سەرجەم لەهجەكانی تێدابێت، ئەوەیان زۆر زۆر ڕاستە دەكرێ لەوێدا قسەی لەسەر بكرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا بەس قسە لەسەر تەعریفی ئەم ئەكادیمیایە دەكەین، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو چەند ڕوون كردنەوەیە هەبێت بۆ خوشك و برایانمان، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەمی پرۆژەكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەو شێوەیە پێشكەشی پەرلەمان كرایەوە:

المادة الثانية: ((تلغى المادة الرابعة من القانون و تحل محلها ما يلي)):

المادة الرابعة: تعمل الاكاديمية على تحقيق الاهداف التالية:

1-المحافظة على اللغة الكوردية و توحيد مصطلحاتها.

2-النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي و الثقافي.

3-احياء التراث الكوردي في العلوم و الاداب و الفنون و ابراز دور العلماء الكورد فيه.

4-العناية بدراسة تاريخ الكورد و كوردستان و حضارته.

5- التثبت في عناوين لوحات الشوارع العامة في المدن و القصبات و اسماء المدارس و المكاتب و المحلات التجارية و غير التجارية لغويا و اعلام الجهات المعنية بها لاتخاذ ما يلزم بشانها.

6-توثيق و تعزيز العلاقات بالمجاميع العلمية و الجامعات و مراكز البحث العلمي داخل الاقليم و خارجة.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان من بە باشی دەزانم ئاماژە بكەین بە ئەصڵی ماددەكە كە لەكاتی خۆی هەم هەموار كرایەوە، ئەگەریش پێتان باشە ئەویش بخوێنمەوە هەتا ئەندامانی پەرلەمان بەرچاویان ڕوون بێت كە یاساكە جیاوازی چیە، و هەموار كردنەكە كو دەكرێتەوە، ئەصلی پرۆژەكە، قانونەكە بەو شكلەیە:

يهدف المجمع الى تحقيق ما يلى:

1-المحافظة على اصالة اللغة الكوردية و تنميتها و تطويريها.

2-العمل على الوصول الى لغة كوردية رسمية موحدة من مفردات ومصطلحات جميع اللهجات.

3- الاهتمام بالبحوث العلمية واللغوية.

4- الاهتمام بالثقافة القومية الكوردية.

5- الاهتمام بالدراسات التأريخية والجغرافية والاثرية للكورد وكوردستان.

6- تشجيع وتعضيد التأليف والكتابة باللغة الكوردية والاهتمام بعلم اللغة بجميع فروعها.

7- الاهتمام بالترجمة من اللغة الكوردية الى اللغات الاخرى وبالعكس.

8- تمتين العلاقات مع الاكاديميات العلمية والجامعات ومراكز الدراسات العلمية فى داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم ماددەی چوارەمی یاساكە لادەبرێت و ئەوانە جێگای دەگرنەوە:

ماددەی چوارەم: ئەكادیمیە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە كاردەكات:

1-پاراستنی زمانی كوردی و یەكخستنی زاراوەكانی.

2- بەرزكردنەوەی دیراساتی كوردی كە هاوشانی پێشكەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری بڕوات.

3- زیندووكردنەوەی كلتوری كوردی لەبواری زانستەكان و وێژەو هونەرو دەرخستنی ڕۆڵی زانایانی كورد تێیدا.

4- بایەخدان بە خوێندنی مێژووی كورد و كوردستان و شارستانیەتەكەی.

5- جێگیركردنی ناونیشانی تابلۆی شەقامی گشتی و شاروشارۆچكەو ناوی قوتابخانەو نووسینگەو كۆگاو بازاڕو بازرگانی و نابازرگانیەكان لەڕووی زمانەوەو ئاگاداركردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ گرتنەبەری كاری پێویست لەم ڕووەوە.

6- توندوتۆڵكردنی پەیوەندی لەگەڵ كۆڕە زانستیەكان و زانكۆو ناوەندەكانی توێژینەوەی زانستی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ فەرموو ڕای لیژنەكان.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنە بەو شێوەیە: ماددەی چوارەمی یاساكە لادەبرێت و ئەوانە جێگای دەگرنەوە, سەبارەت بەبڕگەی یەك ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە, سەبارەت بەبڕگەی دوو و سێ هەمان شت, هەروەها بڕگەی چوار هیچ تێبینیەكمان لەسەر دەقە كوردیەكەی نیە, بەڵام لەدەقە عەرەبیەكەی دا پێشنیاردەكەین, لەجیاتی وشەی (العنایە) بكرێت بە وشەی (الاهتمام), پێنجەم: پێشنیاز دەكەین بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە, یەعنی مەبەستمان بڕگەی پێنجە جێگیركردنی ناونیشانی تابلۆی شەقامە گشتیەكان و ناوی قوتابخانەكان, پەرستگەكان ئەوە زیادبكرێت, چونكە لەناو ئەصڵەكەدا نەبووە پەرستگەكان, نووسینگەو كۆگا بازرگانی و نابازرگانیەكان لەڕووی زمانەوە و ئاگاداركردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆگرتنەبەری كاری پێویست, شەشەم: پێشنیاز دەكەین بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە دامەزراندن و توندوتۆڵكردنی پەیوەندی لەگەڵ كۆڕ و كۆمەڵی زانستی و زانكۆ و ناوەندەكانی توێژینەوەی زانستی لەناوەو و دەرەوەی هەرێمدا, حەوتەم: پێشنیاز دەكەین بڕگەیەك زیادبكرێت بكرێتە سەربڕگەی دوو, بەو شێوەیە كاركردن بۆ یەكخستنی زاراوە و دەستەواژەكان لەبوارەكانی پەروەردەو, ڕاگەیاندن بە هاریكاری و هەماهەنگی لایەنە تایبەتمەندەكان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

نەصە عەرەبیەکەش بابخوێنێتەوە فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية تلغى المادة الرابعة من القانون ويحل معلها مايأتي, اولاً: ليس لدينا ملاحظات عليها, ثانياً: ليس لدينا ملاحظات عليها, ثالثاً: ليس لينا ملاحظات عليها, رابعاً: نقترح استخدام الكلمة الاهتمام بدلاً من العناية, وان تصبح صياغته كالاتى, الاهتمام بدراسة التأريخ الكرد وكردستان وحظارته, خامساً: نقترح اعادة صياغتها لتصبح كالاتى, التثبت فى عناوين لوحات الشوارع العامة في المدن والقصبات, و أسماء المدارس ودور العبادة و المكاتب و المحلات التجاريه و غير التجاريه و اعلام الجهات المعنية بها لاتخاذ مايلزم بشأنه, ستة: نقترح اعادة صياغتها كالاتي اقامة العلاقات مع المجاميع العلمية, والجامعات ومراكز البحث العلمي وتوثيقها وتعزيزها داخل الاقليم وخارجه, سبعة: نقترح اضافة فقرة جديدة على ان يكون تسلسله الثاني وكالاتي, العمل على توحيد المفردات في مجالات التربية والاعلام بالتعاون والتنسيق مع الجهاد المختصة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکات, کە لیژنەی تایبەتمەند پێشکەشی کردوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (هاوڕاز خۆشناو – زکیە سید صالح – خورشید احمد - نەژاد عزیز سورمێ – شلێر محمد نجیب – شڤان احمد – جمال طاهر – سۆزان شهاب – کاوە محمد امین – شلێر محی الدین – امینە زکری – ئاشتی عزیز – عظیمة نجم الدین – محمد دلێر محمود – گۆران ئازاد – عبدالرحمن حسین – ئەڤین عمر – کاردۆ محمد) هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لە ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم بەڕاستی باسێکی زۆری لەسەر کرایە, یەعنی هەر لە ماددەی یەکەم بەشێکی ماددەی دووەم موناقەشەی کرا بەڕاستی, هەم لە باسی ئیلغا دەکەی, هەم لە باسی تەوحید دەکەی, هەم لە باسی حیفاز دەکرێت, من لە ماددەی دوو زیاتر تێبینیم بەڕاستی لەسەر خاڵی یەکەم هەیە, کە خاڵی یەکەم دوو بەشە بەشی یەکەمی باسی حیفاز لەسەر پارێزگاری کردن لەسەر زمانی کوردی دەکات, من لەوێوە بەڕاستی زۆر مەترسیەکی گەورە دەبینم لەسەر زمانی کوردی, چونکە زمانی کوردی خەریکە تووشی شێواندنێك دەبێت, لەبەرئەوەی وشەی بێگانەی زۆر دێتە ناو, وە ئەو وشانەش بەڕاستی بەزۆر دووبارەکردنەوەی, بەزۆر بەکارهێنانی لە نووسینەکاندا, هەست دەکەم وا خەریکە (تەثبیت) دەبێت, ئەوە بۆ زمانێکی کوردی, زمانێکی وەکو زمانی ئێمە وەکو زمانێکی دایك, بەڕاستی پێموایە مەترسی زۆری لەسەر دروست دەبێت, ئێمە نەمانتوانیوە حیفاز بکەین لەسەر زمانی کوردی

خۆمان, مامۆستا هەژار موكريانی چەند ساڵ لەمەو پێش شتێكی زۆر جوانی نووسیوە لەسەر شێواندنی زمانی كوردی, كە بەڕاستی خەریكە زمانی كوردی تووشی شێواندنێك دەبێت بەهاتنی وشەی بێگانە, بەهاتنی وشەی نامۆ, بۆ ناو زمانی كوردی, كە سەردێری باسەكەی, باسی ئەوە دەكات هەمووشتێك بە خوێ و خوێش بە مەعنا, بەڕاستی لەوێ زۆر جوان باسی ئەو شێواندنەی زمانی كوردی دەكات, ئەوە هەموومان دەزانین بەڕاستی ئێمە بۆ تەوحیدكردنی زمانی كوردی ئەوە شتێكە پێم وایە بڕیارێكە ئێمە زمانێكی دەوڵەمەندمان هەیە, چەند لەهجەی دەوڵەمەندمان هەیە, من قسەم لەسەر ئەو تەوحید كردنە پێموایە شتێكی هەروا ئاسان نیە, ئێمە لێرەدا قسەی لەسەردا بكەین, وە بەڕاستی من لەگەڵ قسەكەی كاك بورهان دام, كە واقیعی (سیاسی- ئیجتیماعی -ئیقتصادی) زمانێكی ستاندارد ئەوكاتە دەكاتە زمانێكی ستاندارد, یەعنی زمانێك دەكاتە زمانێكی ستاندار بە مروری زەمەن ئەو زمانانەی كە دەبنە زمانی ستاندار, و دەبنە زمانی فەرمی لە شوێنەكاندا, كاریگەری ئەوەی هەیە ئێمە ناكرێت ئەو هەموو فەرهەنگ و نووسین و مێژووی خۆمان بخەینە لایەك, ئێمە دوو شت لەبەر چاومانە یەكەم: شت گۆڕینی مەنهەج, تەبعەن كاریگەری دەبێت, كاریگەریەكی زۆری كردە سەر منداڵەكان كاتێك لەسەرەتاییەوە دەستی پێكرد بۆخۆی بۆ شێوازێكی ئیجابی بوو, بەڵام پێموایە دواتر بۆ شێوازێك كە پەشیمان بوونەوەیەكی لێ دروست بوو, ئەمڕۆ ئەو تەوحیدكردنە لەبەینی بادینی و سۆرانی ئیشكالاتی تێدا دروست بوو ,گەڕانەوە بۆ پاش, كۆنگرەیەك گیرا, كۆنگرەیەك بە نیازی ستانداردكردنی زمانی كوردی و خزمەت كردن بە زمانی ستانداری كوردی كۆمەڵێك كێشەی لێبوەوە, كێشەكان هێندە گەورەتر بوون بەڕاستی كۆنگرەكەیان والێكرد كە زمانەكان, لەهجەكان لەیەكتری بكەونە گلەیی, لەجیاتی ئەوەی هاوكۆكیەك هەبێت, تەنسیقێك دروست بكرێت, من پێم وایە ئەو كۆنگرەیە ئیجابی نەبوو بۆئەوەی كە من ئەوەندەی موتابەعەم كردبێت, لەبەرئەوەی بڕیاردان لەسەر تەوحیدكردنی زمانی كوردی كە ئێمە بەكۆمەڵ, یەعنی بە لەهجە زۆر دەوڵەمەندین پێم وایە شتێكی ئاسان نیە, لێرە ئێمە بەبڕیارێ باس لە تەوحیدی زمانی كوردی بكەین, و هەر خۆمان لەپەرلەمانی كوردستانین, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زكیە خان فەرمووە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیف ئەو دانوستاندنێ ل ماددێ ئێكێ هاتینە كرن، ل خالا ئێكێ كو دبێژی (المحافظة علی اللغة الكوردية وتوحيد مصطلحاتها) موناقەشەكێ زۆر سەر هاتە كرن ل ماددێ ئێكێداژ بەر هەندێ ئەز باشتر بینم ئەسلێ قانونی ژمارە دوازدە سالا 1997 كو بایێ ماددەی چارێ گەلەك ب جان تر ئینای یا دیف موناقەشاتێن هاتینە كرن، بێژیت (المحافظة علی سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها) من پێ باشە ئەوە لە شوێنی ئەو خاڵە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا پێش بچمە سەر بابەت من دوو تێبینیم هەیە یەك: ئەگەر ئەم دەرفەتەکە بدەین پتر ئەڤ میللەتە تێکەڵی ئێك ببیت وە چ ژ ڕێیە کۆمەلایەتی یان ئابووری ئەڤە پشتی ماوەکی دیتڕێ ئەرزیەك دروست بیت دێ کو زمانەکێ موشتەرەك دروست ببێ, پەلەکردن و بلەز کرن ل دروست کرنا زمانێ ناچێبیت, زمان ب بڕیارێ یاسایێ دروست نابیت، زمان ب تێکەڵی و دیراسات دروست دبیت، خەلکێ شارەزا ل سەر کار بکەن، ئەڤە ئێك، دوو: هەلومەرجێ کوردستانێ ڤێ گاوڤێ بەڕەئیا من بوارەکی تەبیعی نینە هەلومەرجێکی تەبیعی نینە بۆ ڕوژاندنە بابەتەکی ژ ڤی ڕەنگی، مە کێشەی زۆر ترو حەساس تر هەی، هەڤە ئەوان خۆ پێڤە مەشغول بکەن، چونکو ئەڤ گەنگەشە دێتە کرن ل هۆلاً پەرلەمانی، دێ ڕەنگدان و دەنگدانەوە هەبی ژ دەرەوە هۆلاً پەرلەمانی، لەوما ب رەئیا من دەست نیشان کرن، یان کات نەیێ موناسبە بۆ موناقەشە کرنا ڤی بابەتی، نیسبەت خالا ماددێ دووێ، ماددێ دووێ ب رەئیا من ئەسڵی هەموار کرنێ زۆر زۆر مورەتەب ترو لێکدایتر و جوان ترە ژ ڤی بابەتێ ڤی گازڤێ هاتی، ئەڤە بچووك کردنەکە ڤی دەزگای ئێك، دوو، فەرامۆش کرنا هەندەك خالێ کو دئەسلێ پڕۆژەیدا هاتی ڤێرە نەهاتینە، لەوما ب رەئیا من ئەسلی ماددەی زۆر زۆر پتر خزمەت کەت ژ ڤی ماددەی هەموار بکەین، تێناگەهم ئەڤ هەموار کرنە بۆ چیە بۆ ئەسلێ ماددەیەکی کو زۆر مورەتەب و رێك و پێك لێکدایترە ژ ڤێ هەموار کرنا، لەوما ئەز پێشنیار کەم کو ئەسلێ ماددەی بمینیت، ئەم نەینە سەر هەموار کرنێ، چونکو خزمەتێ ناکەت، ئەگەر هاتو دەنگ نەینان، ئەگەر وەکی خۆ مابا، من دوو پێشنیارێت هەی، ئێك نیسبەت خالا دوێ، (المحافظة على اللغة الكوردية وتوحيد مصطلحاتها) ئەوە خالا ئێکێ، ب رەئیا من ب ڤی رەنگێ بێتە نڤیسین، سەر رۆشنایا گەنگەشە هاتە کرن ل سەر خالا ئێکێ  بێژین (المحافظة الكوردية والعمل على اعداد الدراسات التى من شأنها خلق الارضية المناسبة لتوحيد مصطلحاتها وبالاستفادة من كل اللهجات) دەبێت ئێمە لە ناو ئەو یاسایە لازمە ئیقرار بکەین، ئیعتیراف بکەین بەڵێ یاسا زۆر لەهجەییێت هەی، ئاماژە پێ بدەین ل خالەکێ، ئەڤە ئێك، دوو، خالا پێنجێ (التثبت من عناوين لوحات الشوارع العامه والمدن) ئەسلەن ئێمە رێك نەکەوتینە ل سەر وێرێ مە دەسەلات ل سەر موناقەشاتێت ئەوەلی، دەسەلات من نەدایە ڤی دەزگای، دەزگایەکێ دەسەلات دارە، بڕیار ددات، بڕیارا وێ مولزەمە، مادام ئەم ل سەر وێرێ رێك نەکەتینە، ئەز بێژم خالا پێنجێ زێدەیە ژ ناڤ بێتە لادان، چونکو ناگونجێ دگەل ئەوی موناقەشەو گەنگەشە هاتیە کرن ل هۆلا پەرلەمانی، کو ئەڤ دەزگایە مەرجەع ئەعلایە، جهێ بڕیارێیە ئەم ل سەر وێرێ رێك نە کەفتینە، ئەڤ خالا زێدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی منیش لەسەر خاڵی پێنجەم لە ماددەی دووەم, كە دەڵێت جێگیركردنی ناونیشانی تابلۆی شەقامە گشتیەكان و شار و شارۆچكە و ناوی قوتابخانە و نووسینگە و كۆگا بازرگانی و نابازرگانیەكان, كە لە ڕاپۆرتەكەدا دورعیبادەی بۆ زیادكراوە, واتە پەرستگاكان, بەڕەئی من لێرەدا چونكە باس لەوە نەكراوە كە دامودەزگاكانی حكومەت و فەرمانگاكانیش ئەو جێگیركردنە لە تابلۆكانیاندا بكرێت, بۆیە من ئەوە بەزیاد دەزانم پەرستگاكان بخرێتە ناویەوە دووری عیبادە, چونكە ئەوانەش ئەگەر دامودەزگاكانی تر بخرێنە ناویەوە و لە بڕگەكەدا تێدابێت, لەگەڵ ناوی قوتابخانە و نووسینگە و كۆگا و ئەوانە, فەرمانگاكانی موئەسەساتی حكومەتیش بخرێنە ناوی, ئەو كاتە پەرستگاكان یان مزگەوت و كەنیسەكانیش لەچوارچێوەی وەزارەتی ئەوقافن, هەروابزانم (تەحصیل حاصلە), بەلأم لێرەدا دامودەزگاكان نەخراوەتە ناوی, ئەوە تێبینی یەكەمە, سەبارەت بە تەرجەمەی (تثبت) (التثبت) لە عەرەبیەكەیدا, (فی عناوین لوحات الشوارع العامة الى اخره) تثبوت لە كوردییەكەی نابێتە تسجیل كردن بەڵكو دەبێتە دڵنیابوون, ئەگەر نا دەبێت بنووسین (تثبیت عناوین لوحات الشوارع العامة الى اخره) , زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێش ئەوەی دەست پێبكەم, هەندێك مولاحەزەم هەیە دەمویست مەوزوعی ئەوەی زۆر ناحەقیم دیت لەهەندێك برادەران دەربارەی كۆڕی زانیاری كورد, كە ئەوەی مەربوت كرایە بەڕژێمەوە, من پێموایە كۆڕی زانیاری كورد لەبەغدا یەكێك بوو لە دەستكەوتە هەرە موهیمەكانی 11ی ئازار, كە شۆڕشی كورد ئەو كاتی بەڕژێمی سەلماند, لەبەرئەوە ئەو كاتەی كە باشترین ماموستاكان, وەكو (مامۆستا علاءالدین سوجادی – مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ – مامۆستا مەلا عبدالكریمی مودەریس), وەكو هەموو ئەو مامۆستایانە كاریان لەو كۆڕە دەكرد, وە ئیشەكانی ئەو كۆڕە زۆر بە وازیحی ماونەتەوە, بەتایبەتی گۆڤارەكانی كە بە دەوری دەردەكران, ئەو كتێبانەی كە چاپ دەكران, وە هەموو ئەدەبی كلاسیكیاتی كورد تەقریبەن لەكۆڕی زانیاری كورد هەتا ئەو كاتەش كە ڕژێم زانی بەو شێوەیەیە, ئەوەبوو كە تەقلیسی كردەوەو كردی بەدەستەیەكی ئیهمال كراو لە كۆڕی زانیاری عێراق, ویستم ئەو مولاحەزەیە هەبێت وە پێموایە ئەوانەی بەتایبەتی جەنابیشت كە لە بەغدا خوێندیتت دەزانی, وە لە نزیكەوە ئەو مەوزوعە دەزانی, بەنسبەت مولاحەزەی ئەو برادەرەی كە پێشتر باسی كرد, كە باسی تەوحیدی موستەلەحاتی كرد, بەڕاستی تەوحیدی موستەلەحات شتێ نیە ئەوا كە بەئاسانی قسەی لێ بكەین, وە تەوحیدی لەهجاتیش

هەر عەینی شت شتێك نیە ئێمە هەندێكمان بە ڕوئیایەكی سیاسیەوە باس لە مەوزوعەكە دەكەین, وە هەندێكیشمان بە ڕوئیایەكی ئیقلیمیەوە باس لە مەوزوعەكە دەكەین, یەعنی زمانی كوردی بەلەهجە, دوو لەهجە نیە بەتەنها وە چەندین لەهجەیە, وەچەندین بن لەهجەشی هەیە, ئینجا بێجگە لەوەش هەتا لێرەدا لەهجەی سۆرانیش كە باسكرا مەسەلەن زۆرجار نموونە هێنرایەوە, وتیان نێر ومێی تێدانیە لە سۆرانیش نێرو مێ هەیە, بەلاٌم لە هەندێك لەهجەی سۆرانی بۆ نموونە ئەوێهێ دەڵێن ئەواهێ, یەعنی ئەوە مەسەلەن لە لەهجەی باڵەكایەتی و كە مەربوتە بە لەهجەی با بڵێین ناوەڕاست كە لەهجەی ئاوها هەیە, وە زۆر شتی تریش هاتنە كردن, یەعنی ئەوە لە لەهجەی كرمانجی ژووروووش دا هەیە, مەوزوعی زمان بەحەقیقەت یەعنی مەوزوعێكی سیاسی نیە, مەوزوعێكی عیلمی یە وە بەڕاستی تەصەوڕ دەكەم ئەو قانوونە هەر سەرلەبەری نقوستانی تێدایە, هەر سەر لەبەری یەعنی كە ئەساسەن هاتووە نقوستانی تێدایە, وە پێویستی بەوە هەیە كە دڕاسەتێكی زۆر جدی بكرێتن, یەعنی مەسئەلەی زمان هەندێك قسەم گوێ لێبوو, كە گوایە پاش 91 عەلەئساس بەعەكسەوە پاش 91, پاش ڕاپەڕین, یەعنی ئەوە حەقیقەتێكە دەبێت هەموومان بزانین, زمانی كوردی تووشی پاشەگەردانیەكی زۆر بووە, یەعنی پاشەگەردانی لە چی؟ ڕاستە كۆمەڵێك زاراوە هاتنە ناو زمانەكەمانەوە زاراوەی نوێ ئەوەش شتێكی تەبیعیە، بەلاٌم لە عەینی كاتدا زمانی كوردی بەشێوەیەك شێوا, بەتایبەتی لە دەرچوونی ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارانە كە هەر كەسێك بە كەیفی خۆی دەینووسێت، هیچ بەربەستێك نیە لەوەی كەوا چۆنی دەنووسێت؟ بەدەیان موستەلەحاتی وا هاتووەتە پێش كە ئێمە خۆمان ئەو موستەلەحاتەمان هەیە بە كوردی، یەعنی هەوڵ نەدراوە ئەوە پرۆتیستۆیە, ئەوە دیپۆرتە, ئەوە نازانم چیە؟, بەهەزاران موستەلەحاتی دیكە, بەدەیان هەیە, بەحەقیقەت لەو ماوەیەدا كە لە ڕۆژنامە ئیشم كردووە هاتووەتە پێشم یەعنی كوردییەكەی هەیە, بەلاٌم وەكو نەوعێك خۆی دەردەخات, لە فەقەرەی پێنجی ئەو ماددەیە (نقترح صیاغتها لتصبح كالاتی) منیش لەگەڵ ئەو برادەرەیمە كە بنووسرێت (العمل على تثبيت عناوين لوحات الشوارع العامة في المدن والقصبات وأسماء المدارس ودور العبادة والمكاتب والمحلات التجارية وغير التجارية) تێیدانیە, ئاخەر بەچی بە (غير التجاريه بأسماء الاعلام والرموز والمناطق الطبيعية والتأريخية الكورديه), یەعنی ئەوەی تێدابێتن تەشخیس بكرێتن بە چ؟ ئینجا دوای (اعلام الجهات المعنية بأتخاذ مايلزم بشأنها), لە فەقەرەی حەوتەم پێموایە بكرێتە (العمل على توحيد المفردات) نازانم مەبەستیان لە تەوحیدی موفرەدات چیە؟ خۆی ئەوەمان هەیە با بڵێین موراديفاتمان هەیە, یەعنی بە كرمانجیەكەش ناحیەی ڤۆكابولەری جودایە لەگەڵ ناحیەی قەواعیدی, یەعنی تەوحیدی موفرەدات نازانم مەبەستیان چیە؟ بە حەقیقەت تێنەگەیشتم, بەلاٌم ئەگەر مەبەست لەوە بێت كە لە هەموو شوێنێك بە یەك ئەوە بنووسرێت, لە مەجالاتی تربیەو ئیعلام (بالتعاون و التنسيق) نەنووسرێتن (مع الجهات المختصه) بنووسرێت (مع الجهات المعنيه) یان او (ذات العلاقه) سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرمووو.

**بەڕێز شلێر نجیب محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی دووەم: کە دەڵێت لە ماددەی چوارەم ئیلغاء بکرێت (المحافظة على اللغة الكوردية وتوحيد مصطلحاتها)، بەڕاستی کوردیەکەی وابێت پاراستنی زمانی کوردی و کار کردن بۆ دانانی زمانێکی فەرمی لە ڕاگەیاندن و پەروەردەدا، ئێمە زمانێکی موەحەدەمان هەبێت لەو دوولایەنە، ئیتر خۆی دەبێت بە زمانێکی موەحەدەد هیچ کەسێکیش ئەو کاتە بۆ خودی خۆی محافەزە بەلەهجەکەی خۆی دەکات، هیچ ئیشیکالێکیش دروست نابێت، کە ئەوە ئەرکێکی قورسە، یەعنی ئێمە چی بکەین قەدەری کورد وایە کە بەوشێوە هەمووجارێك کە دیفاع لە حەقی خۆت دەکەیت، پێت دەڵێن تۆ تەنها میللەتی دابەش کراوی و بەیەك زمان قسە دەکەیت، ئێستا یەکێك گوێی لە ئێمە بێت و لە بەشی باشوورەکە بەو شێوەیە قسە بکەین و ڕێك نەکەوین لەسەر یەك زمان، کە ئەوان هەمووی چاوەڕێی ئێمە دەکەن، بەڕاستی هەر ڕۆژێك ئەوانیش وەکو ئێمە گەیشتوون بە ئامانجی خۆیان، یان ئەوانیش ئەو زمانە بکەن بە لوغەی بەو زمانەی کە موەحەدە بێت لەسەرتاسەری کوردستاندا، هیچ زمانێکی دەوڵەتەکانی دراوسێشمان هیچی ئەو زمانە پاراوە نیە، زمانی فارسی زۆر زۆر کە مەشمولن لەگەڵ عەرەب واتە ڕێك نین کەچی هەر موستەلەحاتی عەرەبیشیان تێدایە هیچ نیە، لەبەر ئەوە لە ماددەی دووەمدا کە دەڵێت (النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي)، بە عەکسەوە لە شەشەوە کە جامیعات و مەراکزی بەحسی عیلمی دەتوانن ئەو ئیشە بکەن، چونکە ئێمە موصتەلەحاتی عیلمی بمانەوێت و نەمانەوێت، لە هەموو سەرتاسەری جیهاندا، مەجموعەیەك موصتەلەحاتی عیلمی هەیە، کە بەڕاستی هەر یەکێکە تۆ ناتوانیت بە تەنها بۆ کورد تەرجەمەی بکەیت، ئەصڵەن جامیعەی سۆربۆن لە فەرەنسا بەوە مەشهورە بۆچی قەوانینی عالەم، هەمووی زمانی فەڕەنسی پەیڕەو دەکات، یەعنی هەرچی لیجانی تەحکیمیش هەیە، لە مونازەعات دەچێتەوە بۆفەرەنسا کەسیش بە کەمی نەزانیوە، بۆخۆی لە ئەمەریکا و ئەو هەموو میللەتەی تێدایە، زمانی ئینگلیزی موەحەدەد، با ئێمەش کارێك بکەین بەڕاستی ئەو شوێنە, ئەو ئەکادیمیە ئەوەندە بەهێز بێت، یەکەم هەنگاو بێت، بۆئەوەی ئێمە یەك زمانی ڕسمیمان هەبێت، وە هەموو کەسێکیش دەست خۆشیان لێبکات، وە بەعەکسەوەش زۆر بەهێز بکرێن لە ناحیەی دارایی، وە خەڵکی پسپۆڕی تێدابێت کە کار بکات، بۆ ئەوەی هیچی تر بەو شێوەیە نەبین، کە داوای مافی خۆمان دەکەین پێمان بڵێن خاکێکتان هەیە، زمانێکتان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرمووو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە یەك لە بڕگەكانی ئامانجی ئەو ئەكادیمیایە, كە زۆرم لا گرینگە, دەبێت بڕگەی ئەگەر یەكەم نەبێت دووەم بێتن كە تێیدا هاتووە, چەند سیغەیەك بەشێوەی زۆر ئاڵۆز یان تاریك هاتوون, كە هەدەفی ئەو بڕگەیەیە كە ئێستا مەبەستمە و دەیخەمەڕوو ناگەیەنێتن كە گەورەترین گرفتی ئێمەیە, بەتایبەتی لە كوردستان لەپۆلی یەكی سەرەتایی تا شەشی دواناوەندی كە قوتابی دەردەچێتن تووشی بەربەستێك دەبێت لە كۆلێژ, بەربەستێك دەبێت كە ئەو دونیایە نەیدیتوە, لەو دونیایە نەژیاوە كە زمانی عەرەبیە, بۆیە یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو ئەكادیمیایە من پێموایە وە بە كوردی كردنی بە نووسین و وەرگێڕانی پەرتووكە مەنهەجەكانی زانكۆ و پەیمانگەكانی هەرێم, بەهاوكاری كۆڕە زانستەكان و ناوەندەكانی توێژینەوەی زانستی و لە ناوە و دەرەوەی هەرێم, ئەوە زۆر ئیحتیمالە بە ڕەئی زۆر لە خوشك و برایان ئەوە ناكرێت, بەلاّم چەندین تێزی دوكتۆراو ماستەرمان لە زانستە مرۆڤایەتیەكان, لە یاسا, لە كۆمەلاّیەتی, لە زانستیەكانی تر, هەن بە كوردی كراون, وە ئەوە گرفتی جیلەكانی دوایی ئێمەیە, یان ئەوانەی كە ئێستا كە بە كوردی دەخوێنن, بە كوردی لە دواناوەندی دەردەچن كە تووشی ئەو بەربەستە دەبن, دەبێت یەكێك لە ئامانجی ئەو كۆڕە بێت هاوكاری ئەو دەزگا پەیوەنیدارە بێت بەتایبەتی لە سەنتەرە زانستیەكان و زانكۆكان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان پێش ئەمن بچنە ناو بابەتێ مەهامە و ئەهدافە مە ئیتیفاقەك كردتە سەر ئەلوانێ یاسایێ, وە پێناسە مەجموعەی علمی, چونكی ئەو مهام تەنێ دیتقیە پێناسان هەیە هەرچەندە نەهاتە كرن, عنوان توحید نەبوو یان ئیتیفاق لەسەر نەهاتە كرن, ئەڤ بابەتە بابەتەكی بەرفرەهە وەكی هەمی دزانن, تنێ ئەڤ مەجموعێ علمی نەتایبەتە سێ پارێزگەها كوردستانێ, بەلكی كوردستانە گەورەیە موستەقبەلی, ناچمە تەفاصیل هەتا برادەرێ گەلەك بەحس كر دیسان هاتینە كەتینە خەلەتیەكێدا هەرچەندە هەڤالامن زكیە خانێ پێش من باسی بابەتێ كر ئەم دهێین خالا ئێكێ ( المحافظة على اللغة الكوردية و توحيد مصطلحاتها) ئەزێ یەك موستەلەحی هەوە پێنج ناڤە (كەپو - كەپی — لوت - پوز — دفن) كەرەم بكەن بۆ من تەئكید بكەن، ئەوە پێنج ناڤە ( دفن — كەپی — كەپو - لوت — پوز) ئەی كام موستەلەح بەكاردێنن, یەعنی ئەم دەبینن بابەتەكە تۆزێك یەعنی فرەهترە ئیمكانیەتێ ترە بۆچی ئەز پێشنیاردەكەم ئەمە نڤیسن ( المحافضة على اللغة الكوردية والعمل على تقريب المفردات اللغويه بين لهجاتها المختلفة)؟ گەر پێمان نەكرێت تەوحید بكەین بتوانن نزیكی یەكتر بكەن وە بە مروری زەمەن ئیحتیمالە ئەگەر هاتو كوردستان لە موستەقبەلدا گیانێكی سەربەخۆ بوو, بووە خاوەن سیادە ئەوكاتە ئیحتیمالە زمانێ خۆ پەیدا ببێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر سوپاسی ئەکادیمیای کوردی دەکەین, کە یاساکەیان بە عەرەبی ناردووە، چۆن ئەم زمانە یەك بگرێت زەحمەت نەبێت، دەرماڵەی مەترسی، هەمووومان دەزانین کە هەموو کارێك دەکرێت مەترسی خۆی هەیە، ئەوەی کە پۆلیسە بەردی بەردەکەوێت و چەقۆی لێ دەدرێت، عەزێتی دەدرێت، ئەوەی کە لەتاقیگەیەکدا کاردەکات، لەگەڵ بەکتریا مامەڵە دەکات، دکتۆرێك لەگەڵ نەخۆشدا، ئەوانە پێی دەوترێت مەترسی کارەکە، لەتازەترین داهێناندا کیتاب نیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە دەردەچێت لەهەندێکی دەنووسرێت دەرماڵەی مەترسی، لەهەندێکی تری دەنووسرێت دەرماڵەی ترسناکی، ترسناکی لەکوێ و مەترسی لەکوێ؟، یەعنی چۆن ئەم زمانە ستاندارده دروست دەبێت، چی بکرێت؟، ئەگەر هەر تەنها کیتابەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی کە دەڵێم حکومەتی هەرێم بە دامودەزگاکانیشیەوە بە پەرلەمانیشەوە بە قەزاشەوە، ئێمە لەبری ئەوەی کەهەمانە دەوڵەمەندی بکەین، دێین مۆدێلی تازە دادەهێنین، ئەی ئەکادیمیای کوردی نوسخەی ئەم کیتابانە نابینێت، ڕەئی خۆی ناڵێت لەسەر ئەم بابەتانە، من سەبارەت بەم ماددەیە بۆیە ئەم پێشەکیەم وت، خۆی مەفروزە بچمە ناو بابەتەکەوە، بەس بەڕاستی ناخۆش بووە، زمانەکە لەجیاتی دەوڵەمەند کردن خەریکە سەقەتی دەکەن، من لەخاڵی یەکەمدا بەڕاستی ئەم مەسەلەی یەکگرتنە بۆ ئیلا ئەبێت یەکگرتن بێت بۆ نەڵێین (المحافظة على اللغة الكوردية واغناء مصطلحاتها) ئەوەی کە لەیاساکەی خۆیدا هەبووە، (المحافظة على سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها)بۆ تەنها ئەم (توحيد)ناکرێت زمان، تەوحید ناکرێت، ئەمە شتێك نیە بڵێین تەوحیدی ئیداراتە، زمان دەوڵەمەندە، ئێستا ئەوەندە وازی لێ بینین مەجرای تەبیعی خۆی وەردەگرێت، بۆ نموونە یەك کەلیمە، دەڤەر ئێستا سۆرانیەکانیش کە قسە دەکەن، باسی ناوچەیەك دەکەن، زۆربەی زۆرمان پێی دەڵێین دەڤەر، کەواتە خۆی زۆر بەتەبیعی ئەو وشەیە هاتووەتە ناو زمانەکەمانەوە زۆر جوانیشە، بەکاری دەهێنین، بەڵام یەکێك پێم بڵێت ئیلا ئەبێت ئەوە بەکار بهێنیت، بەخوا ناتوانم بەکاری بهێنم، وازی لێ بێنن با بەتەبیعی بڕوات، چوارەم: ببێت بە (الاهتمام) منیش پشتگیریان دەکەم، پێنجەم: بەخوا کارەساتە ئەوەی کەتۆ دەیبینی لە قتعەکان، باسی جادەو بان و ئەو شتانە ناکەم، بەڵام لە قتعەی مەحەلات ونووسینگەکان کارەساتە، کارەسات، چۆن ئەتوانی ئەم ئەکادیمیای کوردییە، لەگەڵ کێ تەنسیق دەکات، هەر خۆی ئەوە ئیشی شارەوانیە کە بیکات، یەعنی مەعقولە شارەوانی هەولێر بەبەردەم ئەو قتعانەدا نەڕوات، نایبینێت، قتعەی کوردی نەماوە، حاشا ئەوانە کوردی نین ئەو وشانەی کە بەکاردێن، هەمووی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، ئینجا ئەگەر کوردیش بێت موفرەداتی زۆر سەیر، کە نە ناوە، نە ئاوەڵناوە، نەهیچە، چۆن ئەبێت خەڵك دوکانێکی هەبێت ناوی (چاوی چاوم) بێت، یان دوکانێك ناوی دوو قەڵەوەکە بێت، بۆ زمانەکەمان بۆ وڵاتەکەمان بەو شێوەیە بێت، کەواتە شارەوانی هەڵنەساوە بەکاری خۆی،

لەگەڵ ئەوەشدا دەوری عیبادە پەرستگاکانیشی بچێتە سەر، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم: کە وتراوە ئیزافە بکرێت، (العمل على توحيد المفردات في التربية والاعلام بالتنسيق مع الجهات المعنية)زەحمەت نەبێت بۆ ئیعلام جیهاتی مەعنی کوێیە؟، قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟، قسە لەگەڵ سەرنووسەرەکە دەکەیت؟، خوا ئاگای لێیە مەقالە ئەخوێنیتەوە نازانی ئەمە زمانی کوردییە یان نا؟، نازانی بەنەوعە زمانێك دەنووسێت جارێ سایتە ئەلکترۆنیەکان، ئەگەر یەك مەقتەع بخوێنیتەوە 10 غەڵەتی لێ دەردەهێنیت ئەوەندە بەزمانێکی بێ ڕێزمان دەینووسن، ڕەبت نیە لەنێوان ڕستەکاندا، قسە لەگەڵ کێ دەکەیت، لەڕاستیدا ئەوە نابێت بەو شێوەیە بێت((العمل على توحيد المفردات )بکرێت بە(العمل على اغناء المفردات وتصحيحها في التربية) بەخوا ئیعلام بە ئێمە چاك ناکرێت، چونکە لایەنێك نیە لێی مەسئول بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا برادەرێك پێش من باسی ئەوەی کرد لەماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم هەر ئەصڵی پرۆژەکە بمێنێتەوە تەعدیل نەکرێت باشترە، چونکە تەوحیدی موستەڵەحات برادەران ئاماژەیان پێکرد، کەزۆر قورسەو کاتی ئەوە نەهاتووە، من تێبینیم زیاتر لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، هەموو لایەك دەزانین کە زمان چەند گرنگە بۆ نەتەوەیەك، مێژووش گرنگی خۆی هەیە وەکو کۆڵەکەیەکی ئەساسیە، ئەوەی کەئێمە هەست دەکەین تا ئێستا گلەییەك هەیە، یان هەست بەلاوازی ئینتمای تاکی کوردی دەکەین بۆ خاك و نەتەوە و نیشتمان، بەقەناعەتی من بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەزۆر گرنگی نەدراوە بە مەنهەجی خوێندن لە قۆناغەکاندا بە مێژووی کورد و کوردستان، جا لەبەر ئەوە من پێم باشە (العنايە) یان (الاهتمام) مەسەلەیەك نیە، بەڵام ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت، ( العناية بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارته) ئەوەشی بۆ ئیزافە بکەین پاراستنیشی لە شێواندن، یاخود (حفاظ على سلامه) لەبەر ئەوەی پاراستنی مێژووی کوردو کوردستان گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە لەقۆناغەکانی خوێندن بەڕاست و ڕەوانی بیخوێنین، چونکە لە ڕژێمەکانی پێشوو بەشێواوی لەمەنهەجەکانی خوێندن خوێنراوە، تا ئێستاش ئاسەوارەکەی دەبینین، کە بەڕاستی ئەو ئینتیما وسۆزە بۆ خاك و نیشتمان هەیە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەخوێندن وەك خۆی نەخوێنراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێرخان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محى الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکانم لەلایەن خوشك وبرایان کرا، لەبەرئەوەی من کەوتمە ئەخیر، بەڵام لەسەر تەوحیدی زمانەکان، یەکخستنی موفرەداتی زمانی کوردی، زیاتر پشتگیری ئەوە دەکەم کە تەتویر بکرێت، نەك تەوحید بکرێت، چونکە لەهەر لەهجەیەك هەموو ئەو لەهجانە قسە دەکەن شانازی بەو موفرەداتانەی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوە تەتویر کردنی زیاتر موناسبە، لەخاڵی یەکەمیش پشتگیری قسەکانی هاوکارم زەکیە خان دەکەم، بەڵام ئەوەی کەزۆر پێی نیگەرانم خاڵی پێنجەمە، هەرچەندە خاتوو سۆزان باسی کرد، بەڵام منیش زۆر بەو شتە نیگەرانم، ئەگەر بێت و تەماشای شاری هەولێر بکەین، بەعزە گەڕەکێك هەیە کە لێی تێدەپەڕیت، 15 کۆگای بازرگانی هەیە، وادەزانی تۆ لەشارێکی تورکیا دەژیت، تابلۆی هەمووی گەورە گەورە بەزمانی تورکی لاتینی نووسراوە، لەژێرەوە زۆر بەبچووکی بەکوردی نووسراوە، ئەگەر لێی نەگەڕێیت نایبینیەوە، کە کەسێکی غەریب دێتە شاری هەولێر سەری لێ دەشێوێت نازانیت ئەو شارە هی چ وڵاتێکە؟، نازانێ لە عێراقە، یان تورکستانە؟، بەغەڵەتیش لێم تێمەگەن، کە من دژی هیچ لەهجەیەك نیم، ئێمە لەگەڵ خوشك وبرایانی تورکمان هەر بەتورکی قسە دەکەین، شانازیشی پێوە دەکەین، بەشداریشم لەخولی زمانی تورکی لاتینی کردووە، من دژی هیچ زمانێك نیم، بەڵام ئێرە کوردستانە، خاوەنێك ئەگەر تورك بێت و بێت لێرە کۆگایەکی بازرگانی بکاتەوە، ڕێگای پێدراوە کە کرێکارەکانی ناردووەتە تورکیا تا فێری تورکی بن، لەبەر ئەوەی کۆمپیوتەرەکە هەمووی تورکیە، کاشەر دەبێت وەسڵەکان هەمووی بەتورکی بنووسێت، هەتا جارێك شتێك ڕوویدا ژنێك لەلای کاشەرەکە بوو، کچەکە کورد بوو، پێی دەوت تۆپڵەم دەکاتە ئەوەندە ژنەکەش دەیوت وەڵڵا من تۆپم نەکڕیوە، ئەو پارە زۆرە چیە نووسیوتە، ئەویش هەر دەیوت تۆپڵەم ئەکاتە ئەوەندە، هەردوو کورد بوون بەس وا قسەی دەکرد، چونکە هەمووی وانووسراوە لەناو کۆمپیوتەرەکە، ئەوانە هەمووی ڕێگای پێدراوە، بەڵام خاوەنەکەی ڕێگا نادات وتەنازول ناکات کە قتعەکەی بەکوردی بنووسێت، ئەویشی هەر بەتورکی لاتینی نووسیوە، ئەوەش ئیشی ئەم ئەکادیمیایەی کوردی نیە، ئیشی شارەوانیە، بەزووترین کات دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەوانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری مەهامەکان بکەین لەم هەمووارکردنەدا، مەهامەکان زۆر پێچەوانەیە، لەگەڵ باسەکەدا، ئەو موناقەشانەی کەپێشتر کرا لەسەر پێناسەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەتەنها مەهامی ئەو ئەکادیمیایە مەسەلەی زمانەوانیە، بەڵام کەدێینە سەر ئامانجەکان دەبینین، کەکۆمەڵێك مەهامی تر دەکەوێتە سەر

ئەستۆی کە ئەو پێناسەیەی لەسەرەوەیە ناتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بێت بۆ مەهامەکانی خوارەوە، کەواتە ئەمە جارێکی تر تەسبیت دەبێتەوە ئەبێت دەستکارییەکی باش بۆ پێناسەکە بکەین، تا بتوانێ ئیحتیوائی هەموو ئەو مەهامانە بکات کەلەخوارەوەیە، بەلایەنی کەمەوە ئەگەر ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەی کە تێبینیم هەیە، لەگەڵ پێشنیارێك بۆ ماددەکە، ئەوەی کە تێبینیە، خاڵی یەکەم( المحافظة على اللغة كردية وتوحيد مصطلحاتها) دووەم: (النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي) چوارەم: (العناية بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارته) هەرسێکی بەبڕوای من ئەمانە بە بحوسی عیلمی ئەکرێت، کەتۆ دەڵێیت(المحافظة على اللغة الكوردية) خۆ موحافەزە بەوە نیە کە تۆ تەوق و بەند دابنێیت بۆ زمان، لەڕێگای ستراتیژیەتەوە لەڕێگەی بحوسی عیلمی ئەوانە پارێزگاری لێ دەکەیت، کە تەتویر بە زمانەکە دەکەیت، بەهەمان شێوەیش کەدەچینە سەر (النهوض بالدراسات) لەگەڵ (العناية بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارته) چۆن مێژووی کورد و شارستانیەتیەکەی دیراسە ئەکرێت؟، ئەگەر بە بەحسی عیلمی نەکرێت، من بڕوام وایە ئەم سێ مەهامە زۆر لەیەکتری نزیکن، دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی کە نزیك بوونەوەیەك هەبێت و لەیەك ماددەدا دابڕژێنەوە، لەبەر ئەوەی محتەواکانیان دەکرێت ببن بەیەك، ئەوەی کە ئیزافەیەو هەمە لەسەر ماددەکە، بەبڕوای من (النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي) جارێکی تر دەڵێم تەتویر کردنی زمان ستراتیژیەتە، ڕەسمی سیاسەیە، بۆ زمانی نەتەوەیەك یان گەلێك، دەبێت تەمەنێکی دوورودرێژ هەبێت، بەردەوامیش موراقەبەی ئەو ستراتیژیەتە بکرێت، ئایا ئەم زمانە لە گەشەکردندایە، لە پاشەکشێدایە، وە چەند وشە ئیزافە بووەتە سەر ئەم زمانە، لەدوای سەقفێکی زەمەنی کە بۆی دیاری دەکرێت، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەم بڕگەیە ئیزافە بکرێت، (وضع السياسات العلمية واعداد الخطط التفصيلة لبرامج تطوير البحث) یەعنی ئەمە ئیزافە بکرێت، ئینجا پێی بوترێت بەشێك لە ئیشەکەی (النهوض بالدراسات الكوردية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي)یەعنی ئەمە ببێت بەبەشێك لە بحوس و ستراتیژیەت کەدادەندرێت، پرسیارێکی تر لەم ئەکادیمیا بەڕێزە دەکەم، ئەم هەموو مەهامە کەدانراوە بەس کێ مەهامەکە جێبەجێ دەکات؟، غائیبە، خۆ ئەمان تەتویر بەم هەموو مەجالانە دەکەن، ئەی کوێ تەتویری تێدا نیە بۆ قابیلیات، ئەی کێن؟، ئەوەش مەهامێکی ئەوانە، کێ بحوس ئەکات؟، کێ دیراساتی شارستانی دەکات؟، کێ زمان دەپارێزێت؟، ئەمە لێرەدا مەهامێکیان بیرچووە، کە مەهامێکی سەرەکیە، کوردستانیش زۆر نەقسی هەیە، لە قابیلیاتدا، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم( توفير مقومات وبرامج تنمية الموارد البشرية من العلماء والباحثين) چونکە دەبێت ئەمان مەهامی ئەوەش بکەن، یەکێك لەگرفتەکانی پەرلەمان کێشەی تەرجومە کردنمان هەیە، کە دەزگایەکی فەرمیەو ئەم هەموو توانا و شارەزا جیاوازەی تێدایە، کەواتە ئەم هەموو مەهامە دەدرێت بەم ئەکادیمیایە، بەشێکی گرنگ لە مەهامی ئەکادیمیاکە بریتیە لەوەی کە دەبێت تەقویەی مەواردی بەشەری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ خۆی دروست بوون دەزگایەکی بەم شێوەیە، کە لێکۆڵینەوە لەزمان دەکات، یان دەزگایەکی وەك ئەوەی لێکۆڵینەوە لە زمان و داهاتووی ئەم وڵاتە بکات، بەڕاستی بەگرنگی دەزانین، بەڵام لەکاتێکدا کە تۆ لە هەرێمێکدا کە سستمێکی موئەسەساتیت هەبێت، بتواندرێت ئەو دەزگایە، دەزگایەکی کارا بێت بە مەهامەکانی خۆی و هەموو ئەو بڕیار ولێکۆڵینەوەو بەحسانەی کە دەیکات نەتیجەی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە لەم هەرێمەدا، دەیان دەزگای نیشتمانی وەکو ئەمانە، با یاساش جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنی قورسە لەم وڵاتەی ئێمە لەئێستادا، بۆیە گەورەترین گرفت ڕەنگە مەهامەکانی یان ئامانجەکانی ئەم ئەکادیمیایە بۆ داهاتوو گەورەو گرنگ بن، یەکێ لەوانەی کە لێرەدایە( کارکردن لەپێناو گەیشتن بەزمانێکی کوردی فەرمی یەکگرتوو، بەسوود وەرگرتن لە هەموو شێوە زارەکان)ئەوەی جێی شانازییە بۆ کورد، لە هەموو کوردستاندا دەوڵەمەندی زمانەکەمانە کە لەهجەی جیا جیامان هەیە، ئێمە نابێت بڵێین ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا بەتەنها شتێك بەچەند لەهجەیەك دەوترێت، دیارە ئەمە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی کەگرفتە لەهەرێمی کوردستان ئێستا کاری لەسەر بکرێت ئەم ئەکادیمیایە، نەبوونی زمانێکی نووسین و خوێندنە، کە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا کەسمان نەمانتوانیوە ئیعتراف پێ بکەین، لەو بڕوایەدام ئەم دەزگا نیشتمانیەش دروست بێت، نەتوانێت فەرزی زمانێك بکات کە بتوانێت ئەو زمانە ببێت بەزمانی خوێندن و نووسین و هەمووومان قەناعەتمان پێی هەبێت، بەهەموو لەهجە جیاجیاکانەوە، کە هەرێمی کوردستاندا لەکوێی لێکۆڵینەوەو بەحسی ئەوانەی کە لەزمان دەکۆڵنەوە دیارە،؟ بۆ خۆی زمانیش یەکێك لەو خاڵانەی کەهاتووە باسی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی دەکات، ڕەسەنایەتی زمان لەوەدا نیە کەتۆ زمانەکە زمانێکی داخراو بێت، هیچ موستەڵەحێك یان هیچ زمانێکی تر تێکەڵ بەزمانی کوردی نەبێت، خۆی هەموو ئەو زمانانەی کە زمانی هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەگەر ئێمە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان بکەین، هەموو ئەو زمانە جیهانیانەی کەهەن، موستەڵەحی جیاجیای نەتەوەکان تێکەڵ بوون، لەئەنجامی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سیاسی وڕۆشنبیری وکولتوری، نزیك بوونەوەی ئەم شوێنانە بەحوکمی ستراتیژیەتی جێگای ئەو نەتەوەیە، تێکەڵ بوونی ئەم زمانانە بووەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی بەشێك بێت لەو زمانانەی کە کاریگەری زمانی عەرەبیمان هەیە لەناو زمانی کوردیدا، کاریگەری زمانی فارسیمان هەیە، کاریگەری زمانی تورکی وچەندەها زمانی بێگانەی ترمان لەسەرە، ئێمە وەکو کورد ناتوانین ڕێگر بین لەو زمانانەی یان ئەو موستەڵەحە جیهانیانەی کەتێکەڵ بەزمانی کوردی دەبن، بەڵام دەکرێت، ئێمە لەهجە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ئەوانە لەناوچەکانی خۆیان قسەی پێ بکرێت و بپارێزرێت، بەڵام ئەوەی کە گرفتە لەهەرێمی کوردستان تەنها زمانی خوێندن و نووسینە، ئێمە ئەوەی کە گرفتە لەقوتابخانەکان ئێستا زمانی خوێندنە، لە ناوچەی زمانی سۆرانی لەسلێمانی بەشێوەزارێك دەخوێندرێت، لەدهۆك بەشێوەزارێکی تر، ئێمە قسە

لەسەر چی بکەین لێرەدا، وەکو ئەو برادەرانەی پێشوو باسیان کرد، منداڵێکی دهۆکی تێناگات لە منداڵێکی سلێمانی، هی سلێمانیش بەهەمان شێوە، بەڕاستی ئەمە ناکرێت لەجیا کردنەوەی لەهجەکان بۆ خوێندن، بۆ نووسین، یان زمانی ڕەسمی دەوڵەت بێت، ئێمە پێویستیمان بەوەیە لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەی کە لەداهاتوودا بتوانین ئەو لێکۆڵەروانەی زمان بەهەموو ئەوانەی کەتوێژینەوەیان کردووە، لێکۆڵینەوەیان کردووە لەزمان گەیشتوونەتە ئەوەی کەزمانی کوردی پێویستی بەوەیە لەداهاتوودا کەبووین بەدەوڵەت، دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت، ئەوکاتە دەتوانین ئێمە لەهەموو لەهجە جیاجیاکان وشەی ڕەسەن، وشەی پاك وبێگەردی کوردی هەڵبژێرین وبتوانین زمانێکی ستانداردی جیهانی لێ دروست بکەین، زمانێکی ستانداردی کوردی لێ دروست بکەین، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەکرێت، ئەم ئەکادیمیایە ئیشی لەسەر بکات و گرفتی سەرەکی زمانە لەم وڵاتەدا، جیاکردنەوەی زمانی سۆرانی و بادینیە، بەڕاستی ئەوەی مایەی نیگەرانیە لە 2007دا، بەحوکمی ئەوەی کەئێمە ویستمان گۆڕانکاری بکەین لە زمانی خوێندن ونووسین، زمانی سۆرانی و بادینیمان بەپێی بڕیارێك نازانم سیاسی بوو یان کۆمەڵایەتی بوو، کێ بڕیاری لەسەر ئەوە دابوو، کە زمانی سۆرانی و بادینی تێکەڵ بکرێت، ئەوە بوو ئەنجامەکەیمان بینی بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کەئێمە کردوومانە وەکو لیژنەی پەروەردە، لەناوچەکانی بادینان وسۆران، گەورەترین گرفت و دابەزینی ئاستی زانستی زمان لەو ناوچانەدا گەڕایەوە بۆ ئەوەی کە نە ئەوان لەو زمانە تێدەگەن، نە لێرەش دەتواندرێت زمانی یەکتری هەزم بکرێت، بەڕاستی ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە فەشەل هێنانی ئەو یەکخستنی زمانی بادینی وسۆرانیە خۆی فەشەلی هێنا، نەتواندرا ئەو یەکخستنە تەنها دوو لەهجە نیە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی سۆرانی و بادینی یەك بخەین، بۆ ئەوەی کورد یەك بگرێتەوە لەو حاڵەتەدا، بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو بەسەرماندا تێپەڕی، گەورەترین زەرەریشی لەوەدا بوو کە بەدەیان هەزار کتێبی چاپ کراو فڕێ درا لە ماوەیەکی کەمدا، ئەمە زەرەرێکی مادی گەورەو زەرەرێکی مەعنەوی لەدابەزینی ئاستی زانستی لەخوێندنگاکان، زۆرجار ئێمە بەبڕیاری سیاسی بێت یان نامەنتقی ویان کۆمەڵێك بڕیار کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەحسەوە نەبووە، بڕیار دراوە کە کۆمەڵێك شت بکرێت، بەس ئەنجامەکەی بەسەرماندا شکاوەتەوە، بۆیە ئێستا گرنگ ئەوەیە، کە ئەکادیمیای کوردی بتوانێت زمانێکی خوێندن ونووسین تا ئەو کاتەی دەبین بەدەوڵەتی کوردی، ئەوکاتە بتوانین زمانێك لەهەموو لەهجە جیاوازەکان دروست بکەین، بەڵام پێویستمان بەزمانێکە بۆ ئەوەی کەتابلۆی دامودەزگاکان و هەموو خوێندنگاکانمان وئەوانەی کەنووسراوی ڕەسمی حکومەت بێت، ئەوە تەنها پێویستیمان بەزمانێکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له یاسا هەموارکراوەکەدا له برگەی یەکەمدا ئەڵێت(پارێزگاری کردن لەزمانی کوردی ویەکخستنی زاراوەکان)، بەڵام من وای بەباش دەزانم برگەی یەك و پێنج لێك بدرێت و بەم شێوەیە دابرژرێتەوە، (پارێزگاری کردن لەمێژوو ورەسەنایەتی زمانی کوردی وهەوڵدان بۆ یەکخستنی زاراوە پێویستەکان لەبواری پەروەردەو راگەیاندن و جێگیرکردنی ئەوزاراوانەو تابلۆی شەقامە گشتیەکان وشارو شارۆچکەو قەزاو ناحیەکان و قوتابخانەو خوێندنگەو نووسینگە بازرگانی وپیشەسازی وگەشتیاری و دەزگاکان وفەرمانگە حکومی و کۆمپانیاکان، تاکو ببێتە بەردی بناغەیەك بۆ لێك نزیك کردنەوەی هەموو لەهجەکانی زمانی کوردی ولەیەکتری گەیشتن و حاڵی بوون لەیەکتری، بەمەبەستی زەمینە سازی بۆ لەدایك بوونی زمانێکی فەرمی لەداهاتوودا) بەنیسبەت برگەی چوارەمیش من وای بەباش دەزانم ئاوا دابرژرێتەوە، گرنگیدان بە دیراسەت کردن و لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد وکوردستان و جوگرافیاو کولتور و شارستانیەت و شوێنەواری کورد وکوردستان، هەروەها ئێمە زۆرجار باسی ئەوە دەکەین کەزمانی کوردی له کۆمەڵێك لەهجە پێك هاتووە، بوونی کۆمەڵێك لەهجە لەزمانی کوردیدا هەڵبەتە هۆکاری خۆی هەیە، گرنگی خۆشی هەیە، هۆکارەکانی ئەوەیە کە ئێمە کوردستان دەبینین دابەش بووە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا کە هەموویان زمانەکانیان جیاوازە، هەڵبەتە کۆمەڵێك زاراوەی ئەوان تێکەڵ بەزمانی کوردی بووە، لەهەمان کاتیشدا بوونی زاراوەی زۆر یاخود لەهجەی زۆر لەزمانی کوردیدا، ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەزمانەکەمان دەوڵەمەندە، وە دەتوانین سوودی لیّ ببینین هەر زمانی ئێمەش نیە لەناوچەکەدا کەسوودی لەزمانی بیانی وەرگرتووە، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری زمانی فارسی بکەین، سوودێکی زۆری وەرگرتووە، هەروەها تورکیش سوودی زۆریان لەزاراوەی عەرەبی وەرگرتووە، لەزاراوەکانی ناو زمانی کوردیش وەریان گرتووە، لەهەمان کاتیشدا زمانێکی زۆر زۆر دەوڵەمەندە هیچ کەمووکورتیشی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەلای منەوە ئەکادیمیای کوردی زۆر زۆر گرنگە، دەبێت ئێمە هەموومان پشتگیری لیّ بکەین، دەعمی بکەین و هاوکاری بکەین، تەتویری بکەین بەهەموو شێوەیەك تا ئەم ئەکادیمیایە بتوانێت بگاتە ئەنجامێك زمانێکی یەکگرتوو بۆ میللەتی ئێمە دابرێژێت، ئێمە هەمووومان قسەی پیّ بکەین، له سەر ئاستی دەزگاکانی حکومەت وله قوتابخانەکان، کە ئێستا گرفتێکی زۆر گەورەمان هەیە، هەمووومان لەناو ماڵی خۆمان کەمنداڵەکانمان دەچنە مەکتەب و دێنەوە نازانن بەچ زمانێك دەخوێنن، هیچ تێناگەن، ئێمە ناتوانین یارمەتیان بدەین کە تێبگەن و هاوکار بین لەگەڵی، چونکە هەندێجار بە بادینی وهەندێجاریش بەسۆرانی دەرس دەخوێنن، بەڕاستی ئەمە زۆر زۆر گرنگەو زۆر پیرۆزە، پێویستە ئێمە پشتیوانی لیّ

بکەین، دەعمی بکەین و زیاتر پێشی بخەین، زیاتر مەجالیان بۆ بڕەخسێنین تا بتوانن دەستیان بگاتە زیاتر تا ئەم زمانە یەك بخەن و یەك بگرێت و ببێت بەیەك زمان بۆ سەرتاسەری کوردستان، زمانێکی ستانداردمان هەبێت، ئەگەر ئێمە بێین سەیری دەوڵەتەکانی دەوروبەرمان بکەین، یان لەمێژوو وفەرهەنگی خۆمان سەیر بکەین، ئێمەی کورد لەهیچ میللەتێك کەمتر نەبووین، ئێمە حوکمان کردووە لەهەر چوار پارچەکە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە ئەو زمانە بەیەکگرتوویی بپارێزین، یەکگرتووی میللەتەکەشمان بپارێزین، لەبەر ئەوەی هەر میللەتێك، هەر ناوچەیەك لەئێمە کەوتووەتە ژێر دەستی ڕژێمێك، فەرهەنگ و فۆلکلۆرو زمانی ئەو ڕژێمە تەئسیری لە ئێمە کردووە، کە تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە یەك بگرین و یەك زمان بین و لەیەك تێبگەین، ئەگەر سەیر بکەین پێش ساڵێك کۆنگرەیەك بەسترا، بۆ زمانی کوردی ئەوانیش نەیانتوانی بگەنە نەتیجە، بەڵام هەرچەندە هەنگاوی باش نرا بۆ پێشخستن ونزیك کردنەوەی زمانەکە، ئێستاش خەریکن هەموویان پێکەوە لەگەڵ یەك، ئێمە دەبێت قەت درێغی نەکەین لە یەکگرتنی زمان، قەت سستی نەکەین لە یەکگرتنی زمان، قەت موشکیلەو ئاریشە دروست نەکەین، لەبەردەمی ئەم ئەکادیمیایە، ئێمە هەموو پشتیوان بین ودەفع بکەین بۆ پێشەوە بۆ زیاتر یەکگرتن، چەند زووتر یەك بگرین و زمانەکە یەك بگرێت باشترە، چونکە ئەوە پرەنسیپێکە لە پرەنسیپ بوونی دەوڵەت و دروست بوونی دەوڵەت بەچی دروست دەبێت؟، ئەگەر هەر کەسێك بەشێوەی خۆی کیتاب و نووسین بکات و ئاراستەی نەتەوەی تری بکات، ئەمە چ دەوڵەتێکی لێ دروست دەبێت؟ ئێمە ناڵێین لەهجەکان یەك بخەن، بەڵام زمانێکی یەکگرتوو بۆ نووسین و خوێندنمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.**

ئەوەی کەمن ئێستا لەم دوو ماددەیەدا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرکم پێ کرد، ئەوەیە کە ترسێك هەیە، لەلایەن هەموو لەهجەکان کەئێستا بوونیان هەیە، یان پێکهاتەکانی ناو هەرێمی کوردستان، کەئێستا بوونیان هەیە لەم هۆڵەدا، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئێمە باسی بکەین، بەڕاستی بوونی لەهجات کە زۆر بەڕێزیش باسیان کرد، بوونی لەهجات دەوڵەمەند کردنی ئەم زمانەی ئێمەیە، ئێمە ئێستا بڕۆین قاموسێکی زمانی عەرەبی بکەینەوە، کە دەبینین یەك وشە چەند کەلیمەیەك هەیە بەرامبەر هەر هەمان عەرەبیە، لەزۆر لە مەقالاتەکان دەیبینین ئەنووسرێت بەجۆراوجۆر، بۆ نموونە، یەك کەلیمە ئەتواندرێت چەندجارێك بەچەند مانایەك بەکاری بهێنن، بۆیە ئێمە ئەگەر بێت و وەکو زمانی کوردی بۆیەك کەلیمە چەند لەهجەیەك بەکار بهێنین، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، لەناو زمانی ئێمەشدا، ئەگەر ئێمە یەکەم شت بێین و سەیری ئەم ئەکادیمیایە بکەین، هەر خۆی لەناوەکەیەوە ناوی ئەکادیمیایە، کەواتە ئەرکی ئەم

دەستەیە یان ئەم دەزگا ڕەسمیە، ئەوەیە کە توێژینەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەمانە پێشکەش بکات، ئەمە کاری ئەساسی ئەم ئەکادیمیایەیە، بۆیە کاری ئەساسی ئەمەی کە دەبێت لێرەدا باس کراوە، ڕێزمانی کوردی بوو، بەڵام من نازانم ئەوە وەکو پرسیارێکیش ئاراستەی لیژنەی بەڕێزی دەکەم، ئایا بۆ باسێکی زمانی کوردی نەکراوە؟، کە مەفروز بوو ئێمە لێرەدا زاراوەکان ئەوەمان نیە کەبڵێین زاراوەکانمان جیاوازی هەیە، بەڵکو ڕێزمانیش ئەگەر بێت و بینووسینەوە سەیر دەکەین کە جیاوازییەك دەبینین لێرەدا، بۆیە ئەبوایە کاری ئەمان دیراسات و توێژینەوە و ئەو شتانە بێت، ئەبوایە لەڕێزماندا خۆی ببینیایەتەوە، دێمە سەر خاڵی یەکەم، من ئەوەی کە دەیبینم لە یاساکەدا یاسای ژمارە(37)ی ساڵی 1997 هاتووە، کە دەڵێت( أ- العمل على توحيد مفردات الكوردية من بين لهجاته المختلفة وصولا الى لغة رسمية) ئائەمە موستەڵەحێکی دروستە، کەتۆ دەتەوێت لەهجەیەکی ستاندارد دابنێیت بۆ ئەوەی هەمووومان لێی ڕازی بین، هەموومان بتوانین بەکاری بهێنین، ئەبێت موفرەداتی هەموو لەهجەکانی تێدا بێت، نەك ئەوەی لێرەدا هاتووە، کە باسی ئەوە ئەکات (المحافظة على اللغة الكوردية وتوحيد مصطلحاتها) ئەکادیمیا بەتەنها ناتوانێت پارێزگاری لە زمانی کوردی بکات، یاخود تەوحیدی زاراوەکان هەروا بە هەڕەمەکی بکات، بەڵکو دەبێت باسی لەهجاتی تری تێدا بکرێت، بۆیە من دەگەڕێمەوە دەڵێم ئەوەی کەلەپێشوو تر هاتووە، ئەو دەستەواژەیە دروست ترە، لەوەی کە ئێستا بەکار هاتووە لێرەدا، هەروەها باسی ئەوە ئەکرێت، کەوا مەسەلەی تەنقیت وئەوەی کەسۆزان خانیش ئاماژەی پێکرد، (المحافظة على سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها) بەڕێزان بەڕاستی تەنقیت شتێکی زۆر گرنگە لەناو زماندا، کەتۆ پەرەگرافێك دەخوێنیتەوە یان پارچەیەك شتێك نووسراوە تۆ دەیخوێنیتەوە، فەیناکە ئێمە دەڵێین کێشەمان ئەوەیە کەئەوەندە بەشێوازێك نووسراوەتەوە، بەزمانێك نووسراوەتەوە کە لێی تێناگەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم با تەنقیتیشی لەگەڵدا بێت، چونکە بەڕاستی زۆر گرنگە کە تۆ پەرەگرافێك دەخوێنیتەوە لەزمانی ئینگلیزیدا لە مەکتەب خوێندوومانە هەموومان، کە شتێك دەخوێنیتەوە دەبێت تەنقیتەکەی بەم شێوەیە بێت، لەزمانی ئینگلیزیدا، کەواتە تەنقیت شتێکی زۆر گرنگە، ئەبێت لێرەدا باسی بکەین، کەئەوان ئیهتیمام بەزمانی کوردی دەدەن با بەتەنقیتیش ئیهتیمامی پێ بدەین، چونکە زۆرجار ڕستەکە، لەگەڵ خاڵێکدا لەگەڵ فاریزەیەکدا مەعناکەی دەگۆڕدرێت، بۆیە بەڕای من ئەگەر ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت کارێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لە ماددەی دووەم ئەم دەزگایە، بەڕاستی ئەرکی زۆر زۆر قورسکراوە، ئێمە ئەگەر تەماشای زمان بکەین، هەر لەڕووی زمانەوانیەوە ڕەنگە هەر ئامرازێك بێت بۆ لێك حاڵی بوون، ئەگەر تەماشای بکەین لەڕووی هەستی نەتەوەییەوە، پێم وایە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە، ئەگەر میللەتانی خاوەن قەوارەو دەوڵەت، سەدان دەزگایان هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان وپاراستنی زمان وەکو بنەمایەك لە ڕووی نەتەوەییەوە، چونکە هێشتا میللەتێکین خاوەن قەوارەی خۆمان نین، لەبەردەم هەڕەشەین، لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەلای ئێمەوە زۆر زۆر گرنگە، کەجیاوازی بکەین لە لەهجەی ئاخاوتن، لەگەڵ زمانی نووسین و ستاندارد، ئێمە پێویستە ئەو حەقیقەتە بزانین، یەعنی بوونی زمانی ستانداردی یان فەرمییەکە، پەیوەندی بەقوڵایی کولتوری، مێژووی کۆمەڵایەتی، سیاسی هەیە، ئەگەر قسە لەوەش بکەین، کە ئێمە بمانەوێت هەموو لەهجەکان یەك بخەین، شتی وا موستەحیلە بکرێت، ئێمە دەزانین عەرەب زمانی قورئانیان هەیە، کەچی میسریەکان هەڵنەساون زمانی ئاخاوتنیان بگۆڕن، یان مەغریبیەکان، زۆرجار هەر تێش ناگەن، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، کە عەزیمە خان تەئکیدی لێ کرد، ئەو زمانی نووسینەیە، زمانی لێتێگەیشتن کەبەشێکی نەك دەکەوێتە سەر دەزگاکان، ئەرکە سەرەکیەکەی دەکەوێتە سەر دەسەڵاتی سیاسی کە 20 ساڵە ئێمە قەوارەمان هەیە، ڕەنگە ئەو هەوڵەمان نەدابێت کە پێویستە بدرێت بۆ بوونی زمانی ڕەسمی، ئەمە بەمانای تێنەگەیشتن نیە لەو مەترسیانەی کە ناوچەیەك حەقی خۆیەتی پاراستنی لەهجەی ئاخاوتنی خۆی بکات و قسەی لەسەر بکات، دەوڵەمەندی بکات، من مەبەستم ئەوە نیە، بەڵام زمانی فەرمی تێگەیشتن و نووسین شتێکە کە پێویستە هەموومان لەسەری کۆك بین، ئەمە بڕیاری سیاسی دەوێت، کاری دەوێت، ئەو دەزگایەش یەکێك بێت لەو دەزگایانە، بەڕاستی بەس ئیشی ئەو زەمینە سازییە بێت بۆ زمان، یەعنی ئێمە مەبەستمان لەیاسا دەرکردن جێبەجێکردنە، دەزگایەکی وا تۆ ئەرکی ڕەسەنایەتی، ئەرکی دیراسات، ئەرکی وەرگێڕان، ئەرکی مێژووی کورد پاراستن، ئەمانە کەی لەدەسەڵاتی ئەم دەزگایەدایە، دەتوانین وەکو بڵێین کە لەماددەی یەکەم هاتووە، ئەم دەزگایە ئەرکی زەمینە سازکردنە بەشێوازێکی زانستی لەگەیشتن بەزمانێکی فەرمی کە پێویستە لایەنە ڕەسمیەکان مولزەم بین پێی، ئەمە با تێنەگەشتن نەبێت لەم سەردەمەی ئێمەدا با قسە بکەین، زمانی فارسی یەکێك لە هێزەکانی کەخاوەن شارستانی خۆیانن، چونکە ئەو مەترسیەش هەیە، زۆرجار زمان شارستانیەتی تایبەت، کولتوری تایبەتیش دروست دەکات، بەرە بەرە نەتەوەکان لەیەك جیا دەبنەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەترسیە لەسەر ئێمەش هەیە، زمانی فارسی یەکێك لەدەوڵەمەندییەکانی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە من پێش 10 ساڵ قاموسێکم بینی کە 5 هەزار وشەی عەرەبی بەکار دێنێت، ئەمە کەی کێشەیە کە بۆ حاڵی بوونی خۆمان، بۆ نووسینمان، کەئێمە دەچینە سەر ئەنتەرنێت زمانی کوردی لەچاو زمانەکانی تر بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەدا زۆر کۆڵە، لەبەر ئەوە من ئەوەم بەلاوە گرنگە کە ئێمە ئەرکی دەزگاکە زۆر کورت بکەینەوە، شتێکی زۆر گرنگ و چارەنووسیە بۆ ئێمە کە زمانی فەرمییە، وە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیشە ئیتر بەرە بەرە ئەو فاکتەرانە نەهێڵێت کە دەبنە دابەش بوونی ناوچەکان، زمانیش

فاکتەرێك دەبێت ئێمە لەباتی ئەوەی تێکەڵ بین دوور دەکەوینەوە، بۆ نموونە هەتا کردنەوەی زانکۆ کە من بەکارێکی گرنگی دەزانم، بەڵام تۆ زانکۆیەك لە قەزایەك دەکەیتەوە بە مەحدوودی، هەر ئەو قەزایە، ناحیەیە لەڕووی ئیدارییەوە لەوێیە، ڕەنگە کابرا تا لەزانکۆ دەردەچێت بەحوکمی کەم ئیمکانیەتی بەس قەزاکەی خۆی ببینێت، لەکاتێکدا، ئەگەر لە دهۆك بێت تێکەڵی نەرێتەکەی، کولتورەکەی، سەقافەتەکەی، زمانەکەی دەبێت، کەزانکۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەیەکخستنی زمانی ئێمەش، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو، تکایە وەڵامیان مەدەنەوە، ئەگەر خۆتان تێبینیەکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا تێبینی وبۆچوونی هەمەجۆر و ڕای جیاجیا هەیە، ئێمە هەوڵدەدەین، لەلیژنەکە جارێکی تر دیراسەیان بکەین وبەهەندیان وەربگرین، بەڵام بەڕاستی پێشتریش ئێمە ئاگامان لەوە هەبوو کەلەناو نووسەرانیشدا لەناو پسپۆڕەکانیش دوو ئاراستەی سەرەکی هەیە، ئاراستەیەك ئەوەیە کە ئاخۆ ئەوە ئەکادیمیای زمانی کوردی بێت بەتەنها، یان ئەکادیمیای کوردی بێت، ئاخر بەڕاستی کێشەکە لێرە سەری هەڵداوە، کە ئەکادیمیای کوردییە کۆمەڵێك ئەرك و ئامانجی تری خراوەتە سەر، ئەمە ڕەنگە لەڕووی مێژوویشەوە وا هاتبێت، ئەگەر تەنها ئەکادیمیای زمانی کوردی بێت، ڕەنگە شتەکە بەشێوەیەکی تر بێت، بۆیە تا ئێستا یاساکە بەو شێوەیە داڕێژراوە کە کۆمەڵێك ئەرك و ئامانجی تری هەیە، بێجگە لە زمان، وەکو مێژوو، مەسائیلی جوگرافیا، شارستانی، کۆمەڵێك شتی تر، کولتوری کوردی، بۆیە ئەمە بەڕاستی کێشەیەکە زۆر زۆر ڕاستە لەزۆر وڵاتی تردا، بەتەنها ئەکادیمیاکە ئەکادیمیای زمانە، نەك بوارەکانی تری ئەو میللەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تێبینیەکان لای خۆتان تەسجیل بکەن، بەم جۆرە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ هات تا رۆژی دوو شەممە سەعات 11 بەخواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ...

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 14\5\2012**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## دوو شەممە رێكەوتی 2012/5/14

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2012/5/14 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (15)ی خـولی سـێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (15)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2012/5/14 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسایی هەمواركراوی دووەمی یاسایی ئەكادیمیایی كوردی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

2-خستنەروو گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسایی مافی بەدەست هێنانی زانیاریی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (15)، رۆژی دانیشتن (2012/5/14) بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/5/14 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسایی هەموارکراوی دووەمی یاسایی ئەکادیمیایی کوردی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 1997.

2-خستنەروو گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسایی مافی بەدەست هێنانی زانیاریی.

ئێستاش پێش ئەوەی بچینە سەر جێ بەجێکردنی بەرنامەی کار، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی لە دانشتنی ژمارە (14)ی ئاسایی لە (2012/5/9) مۆلەتبوون یان غائیب بوون:

1-اسماعیل سعید محمد مۆڵەت.

2-بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ ئیفاد .

3-تارا تحسین یاسین تقی الدین ئەسعدی مۆڵەت.

4-ڕێباز فتاح محمود نادر ئیفاد.

5-حمە سعید حمە علی مۆڵەت.

6-رازاو محمود فرج مۆڵەت.

7-شێرزاد عدالحافظ شریف مۆڵەت.

8-یاووز خورشید عثمان مۆڵەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، ئێستاش دەچینە سەر بەرنامەی کار بەردەوام دەبین لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسایی ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکانی یاسایی و رۆشنبیری فەرموون بۆجێگەی خۆتان.

ئێمە لەدانیشتنی ئەو رۆژە ماددەی (2)مان تەواو کرد ئێستاش دەچینە سەر ماددەی (3)، فەرموو کاک عونی.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە كۆبوونەوەی ژمارە (14) گفتوگۆ لەسەر دوو مادده لەم یاسایەدا كرا، ئێستا گەیشتینە ماددەی سێیەمی پڕۆژەكە، ماددەی (3)ی پڕۆژەكە پەیوەستە بە ماددەی (5)ی ئەصلی قانونەكە.

ماددەی سێیەم لەئەصلی پڕۆژەكە بەم شێوەیە:

تحقق الاكاديمة اهدافها بالوسائل التالية:

أ- وضع معاجم ومراجع وموسوعات علمية و لغوية.

ب- اصدارالمجلات و المطبوعات والعناية بامور النشر.

ج- نشر الكتب والوثائق والتحقيق في النصوص القديمة.

د- اقامة المؤتمرات العلمية واللغوية وعقد الندوات والمواسم الثقافية والاسهام في المؤتمرات خارج الاقليم.

هـ- تكريم العلماء والادباء والباحثين والفنانين.

و- تأسيس مكتبة و انشاء مطبعة.

ز- انشاء مركز لاقتناء وحفظ المخطوطات.

پڕۆژەی هەمواركردن سەبارەت بەو ماددەیە بەم شێوەیە:

المادة الثالثة:

تعدل المادة الخامسة من القانون وتقراء كالاتى:

تحقق الاكاديمة اهدافها بالوسائل التالية:

1- وضع معاجم ومراجع وموسوعات علمية و لغوية.

2- اصدار المجلات و المطبوعات والعناية بامور النشر.

3- نشر الكتب العلمية واللغوية وعقد الندوات واقامة المواسم الثقافية والاسهام في المؤتمرات داخل و خارج الاقليم.

4- تكريم العلماء والباحثين والادباء والفنانين.

5- تاسيس مكتبة و انشاء مطبعة.

6- انشاء مركز لاقتناء وحفظ المخطوطات.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو بەكوردییەكەی.

بەڕێز بكر كريم محمد صالح (ئاسۆ):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی سێیەم:

ماددەی پێنجەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەكادیمیا بەم هۆكارانە ئامانجەكانی خۆی بەدی دەهێنێ:

1- دانانی فەرهەنگ و سەرچاوە و مەوسوعاتی (دائیرة المعارف) زانستی زمان.

2- دەركردنی گۆڤار و بڵاوكراوە و بایەخدان بە كاروباری بڵاوكردنەوە.

3- بڵاوكردنەوەی كتێبی زانستی و زمان و بەستنی كۆڕو وەرزی رۆشنبیری و بەشداریكردن لە كۆنگرەكانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

4- رێزلێنان لە زانایان و توێژەران و نووسەران و هونەرمەندان.

5- دامەزراندنی كتتێبخانەیەك و چاپخانەیەكی تایبەت بە ئەكادیمیا.

6- دامەزراندنی ناوەندێك بۆ بەڵگەنامە و پاراستنی دەستنووسەكان.

ڕای لیژنە سەبارەت بە ماددەی (3) بەم شێوەیە:

ماددەی سێیەم:

ماددەی پێنجەم هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئێمە لەسەر (1 و 2 و 3) وەكو خۆی بمێنێتەوە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سەبارەت بەبڕگەی (4) پێمان وایە وشەی هونەرمەندان لەكۆتایی ڕستەكە لابدرێت، (5) وەكو خۆی، (6) وەكو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان یوسف خوشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الخامسة من القانون وتقراء كالآتي:

(اولاً وثانياً وثالثاً) تبقى كما هي، (رابعاً) تحذف كلمة (الفنانين) في نهاية هذه الفقرة، (خامساً وسادساً) تبقى كما هي.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم كە ئەصڵی قانونەكەیە لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەم هەمواركردنە دەكا كە لەلایەن حكومەتەوە پێشكەش كرایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری رۆشنبیری و مامۆستا سەعد دەكەین، كێ تێبینی هەیە؟ لەسەر ئەو بابەتە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە (دڵشاد حسین، عمر نورەدینی، سۆزان شهاب، نەژار عزیز سورمێ، فاضل

بەشارەتی، سەروەر عبدالرحمن، سالار محمود، د.صباح بەرزنجی، بەفرین حسین، عمر عبدالعزیز، د.دانا سعید صوفی)، فەرموو کاک دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەماددەی سێ تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، کە لیژنەی ڕۆشنبیری داوا دەکا فەنانینی لێ لابدرێ، من پێموایە فەنانین وەکو خۆی بمینێتەوە، چونکە ئەوانیش ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە هەموو بوارەکانی هونەرا بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و، پێم وایە وازح بکرێتن تەکریمی عولەما، عولەمای چی؟ عولەمای توبە، عولەمای زمانە، یەعنی چ عولەمایەکە و چ باعیسێکن؟ بۆیە پێم وایە پاشتر ئەم خاڵە وای لێبکرێ تەکریم کردنی ئەو زانا و لێکۆڵینەوەو ئەدیب و هونەرمەندانەی کە هاوکارن لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، چونکە دەبێ ئەو باعیس و عولەمایانە یەکلای بکرێنەوە لەبواری زماندان یان لە بوارەکانی دیکە، خاڵی شەشەم پێم وایە دامەزراندنی مەرکەزێك بۆ وەسائیق و حفزی مەختوتات ئەوە بسپێرێ بە یاسای دیکەمان لەبەر دەستدایە دیکۆمێنت پارێزی، مەرکەزی دیکۆمێنت پارێزی ئەوە کاری ئەوان بێ نەك کاری ئەمانبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە هەردوو لیژنە دەکەم کە هەوڵیانداوە گۆڕانێکی ئیجابی لەم ماددەیەدا بکرێ کە تایبەتە بە ئەو ئامرازانەی کە ئەکادیمیا بەکاریان دەهێنێ بۆ پێکانی ئامانجەکانی سەبارەت بە ئامرازی سێیەم، کە لەخاڵی سێیەم ئاماژەی پێدراوە دەڵێ بەستنی کۆڕ تەنها بەستنی کۆڕ بەڕەئی من ئەگەر تەواوی بکەین لەپاشان دەڵێ بەشداری کردن لەکۆنگرە لەدەرەوە و لەناوەوەی وڵات دا ئێمە بڵێین ئەکادیمیا هەم کۆنگرەش دەبەستێ، هەم کۆڕیش دەبەستێ، هەروەها بەشداریش لەو کۆنگرانە دەکا کە لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێن، واتە بەستنی کۆنگرە لەناو خۆی وڵاتیش یەکێك بێ لەو ئامرازانەی کە ئەکادیمیا بەکاریان دەهێنێ هەروەکو ئێستا تا ئەو ڕادەیەی ئێمە کە ئاگامان لێیە ئەوان دوو کۆنگرەیان کردووە پەیوەست بەزمانەوە، بۆیە بەم شێوەیە هەمواربکرێتەوە کە لەناوەخۆش ئەوان کۆنگرە دەبەستن، سەبارەت بە خاڵی شەشەم پرۆژەیەك هەیە، پرۆژە یاسایەك هەیە، ئێستا لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانا تا ئەو ڕادەیەی ئاگامان لێبێ ڕاپۆرتیشی لەسەر ئامادەکراوە تایبەتە بە دروستکردنی ناوەندێکی نیشتیمانی بۆ هەڵگرتن و پاراستنی دیکۆمێنت و ئەرشیف کردنییان بۆیە ڕەنگە ئەگەر ئەمە لێرە دابمینێتەوە پاشان ئەم یاسایە دەرکەین کە من پێم واییە دەرکردنی یاساکە و دامەزراندنی ئەم ناوەندە زۆر زۆر گرنگە ڕەنگە جۆرێك لە ئیزدیواجیەت و تێکەڵاوی لەنێوان ئیشی ئەم ناوەندە کە بەگوێرەی یاسا دادەمەزرێ لەگەڵ ئیشی ئەکادیمیا

بێتە ئاراوە، هەروەها پێشنیار دەکەم کە خاڵێکی تریش زیاد بکەین کە ڕەنگە ببێتە ئامرازێکی تر بەدەست ئەکادیمیاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەویش هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و زانستی پەیوەندیدارەکانی تر بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، بۆ نموونە ئەکادیمیا دەکرێ پڕۆژەی هاوبەشیان هەبێ لەگەڵ زانکۆکان کە لەوێدا کۆلیژی زمانیان هەیە، ناوەندی تریان هەیە، لەناو زانکۆکاندا کە بەیەکەوە بە هاوبەشی دەکرێ ئەکادیمیا کاربکەن تا بتوانن لەبواری زمان ئیختیساسی خۆیاندا ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم ماددەیە لەبەر ئەوەی جارێکی تر ئەیلێمەوە ئەکادیمیا خۆی بە عەرەبی ناردوویەتی لەبەر ئەوە من ئیزافاتەکانیش بە عەرەبی دەکەم، چونکە بە کوردی نەیانناردووە، سەبارەت بە چوارەم، فەنانین تەکریمی فەنانین یەعنی وەزارەتی رۆشنبیری ئیشی چییە؟ ئەگەر ئێمە ئەو تەکریمی فەنانییە نەشبەینە دەستی ئەکادیمیا دەکرێت ئەوان فەنان تەکریم بکەن لەبۆ بابەتێك ئەو فەنانە کارێکی زۆر گەورەی کردووە کەبۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی دەوڵەمەند کردووە، بەڵام ئەگەر لەسەر بابەتە هونەریەکان بێ بەڕاستی ئەوە تەداخولکردنی ئختیساسی وەزارەتی رۆشنبیرییە، سەبارەت بەخاڵی شەشەم بەش بە حاڵی خۆم من پشتگیری ئەوە ئەکەم مەرکەز یاسای ئەوە دەربچێ کە چۆن ئێمە ناوەندێك هەبێت لەهەرێمی کوردستاندا یاخود چەند ناوەندێکیش هەبێت لەهەرێمی کوردستاندا بۆ حیفزی وەسایەق، من نموونەیەك ئەهێنمەوە ئێمە لە سلێمانی بنکەی ژینمان هەیە، بنکەی ژین ئێستا کارێکی وای کردووە هەرچی کەسێك لەشاری سلێمانیا وەسائقی لەلابێت مەختوتاتی لەلابێت بەخۆی تەوعییەن دەیبات بۆ ئەو بنکەیە تەسلیمی دەکات، چونکە دەزانێ لەوێ دەپارێزرێ بۆیە یەعنی بۆچی ئێمە ئەو ئەرکە والێبکەین تەنها لەدەستی ئەکادیمیای کوردی بێت؟ من پێم خۆشە لەناو شارەکەی خۆما مەختوتاتی عائیلەی خۆم کە عایدی عائیلەی خۆمە کەسێك لەناو عائیلەکەی خۆما لەناو شارەکەی خۆما بپارێزرێ ئەوان ئەگەر ڕاست دەکەن دەیانەوێ ئەم بابەتە بێتە ئاراوە دەتوانن ئیسهام بکەن لە پەرەپێدان و پشتگیری کردنی ئەو جۆرە بنکانە، بەڵام ئەوەی کە ئەوان مەرکەز دروست بکەن پێم وانیە ئەو بارە ئەوان بتوانن هەڵیبگرن و، زۆر قورسە بۆ ئەوان هەڵناگیرێ و لابرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی چوار، منیش لەگەڵ ئەوە دام فەنانین بمینێتەوە، لەبەر ئەوەی شەرت نییە، یەعنی فەنانین هەر ئەوانەبن کە فەنی تەشکیلی و یان مۆسیقا و یان ئەوانە بگرێتەوە یان ئەوە شتێکی ئیختیساسی بێ، بەس تایبەت بێ بە وەزارەتی رۆشنبیری، بەنیسبەت فەقەرەی شەش برادەران ڕەئییان وایە کە مادام قانونێکمان دەبێ بە حیفزی وەسائق و مەختوتات کە نابێ کۆڕ یان ئەکادیمیای کوردی ئەو تشتەی هەبێ، من پێموایە ئەوە وانییە لەبەر ئەوەی زۆر لە زانکۆکانیش ئەو نەوعە مەرکەزەیان هەیەو، ئەوە رێگا لەوە ناگری کە کۆڕیش یان بڵێین ئەکادیمیای کوردیش مەرکەزیەکی وای هەبێ، بەڵام من پێموایە شوعبەیەکیشی بۆ زیاد بکرێ، کە ئەو مەختوتات و موقتەنایەتانە بۆ باحیسین لاسییەما بابڵێین ئاوای لێبێ (مع أضافة شعبة خاصة للمخطوطات والمقتنيات للباحثين لا سيما طلاب الدراسات العليا للاستفادة منها في بحوثهم ورسائلهم العلمية خاصة مما يتعلق بالتاريخ والأدب والثقافة الكوردية)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی شەشی ئەم ماددەیە هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە ئەڵێ: (دامەزراندنی ناوەندێك بۆ بەڵگەنامە و پاراستنی دەستنووسەکان)، یەعنی بەڕاستی من پێم وایە ئەمە تۆزێك هەڵوێستەی لەسەر بکرێ، چونکە بەو حوکمەی کە لەڕابردوو ئەو دەرفەتەی ئێستا نەبووە بۆ هەم تۆمارکردن و هەم کۆکردنەوەی ئەو بەڵگە نامە دەستنووسانە، چونکە لە واقعا ئێمە سەرمایەیەکی زۆر گەورەمان لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئیمتیازێك دیاری بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەستنووسیان هەتاوەکو ئێستاکە لای خۆیان هەڵگرتووە چ لەبواری زانستی و چ لەبواری مێژووی هینی خەڵك زانستی هەم باب و باپیرانیشمان بەڕاستیەکەی لێرە ئێمە سەرمایەیەکی زۆر گەورەمان هەیە، بەڵام پێم وابێ ئەمە ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری زیاتر بەمە هەڵنەستێ ناتوانرێ یان خەڵکانێك بەڕاستی ئامادەنابن ئەو دەستنووسانە بدەن، کە سوودێکی زۆر گەورەی هەم لە بواری مێژووی و هەم لە بواری زانستیشا دەبێت، کە ئەوە مەفروزە زۆر زیاتر کاری لەسەر بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم وایە کاتێك کە گفتوگۆی هەمواری ئەم یاسایە دەکرێت پێویست بوو سەرۆکی ئەکادیمیا خۆی لێرەدا ئامادەبوایە، هەرچەندە لەوانەیە لیژنەی یاسایی ئەمە وەکو بیانوویەك بەکاربێنین بڵێین ئەو پلەی وەزیرە، کە وەزیر نییە ناتوانێ قسە بکا، بەڵام ئێمە لەسەر دوو شێواز لەوانەیە لە پەرلەمان بڕۆین یەکەکیان وەکو یاسایە ئەوی تریان عورفە، ئەوەندەی من ئاگاداربم کە پرسیاریشم کردووە جاری وا هەبووە گفتوگۆی دەستەیەك کراوە لێرەدا و، سەرۆکی دەستەکەش ئامادە بووە لەپەرلەمان و قسەشی کردووە من لەپەیوەندیمدا لەگەڵ بەڕێز نوری تاڵەبانی کە هەم ئەندامی پەرلەمان بووە پێشتر و، ئەوەشی باسکرد کاتێك گفتوگۆی دەستەی مین کراوە سەرۆکی مین قسەی کردووە، بۆچی ئەگەر ئەمە بووە بە عورفێك........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.سەروەر تازە موناقەشەکە دەکرێ ئەو ئامادە نەبووە، ئێستا شتێ موناقەشە دەکەین تێپەڕیوە، لەسەر ماددەکە قسە بکە تکایە.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کاتێك ئەو قسەیە دەکەم، چونکە هەست دەکەم ئێمە گفتوگۆی هەندێك بابەت دەکەین کەوا لەوانەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ خوشك و برا بەڕێزەکان کاری ئێمە نەبێت ئێمە پێویست ناکا بچینە ناو وردەکاری زمانەوە ئەمە ئیشی خەڵکێکی پسپۆرە ئێمە گرنگ ئەوەیە قسە لەسەر دەزگاکە بکەین و، ئەوەیە بۆ ئەوەی باشتر بەرێوە بچوبایە، خاڵێکییان بەڕاستی پێم خۆشە وەکو هینێك پرۆژەکە لەبەر چاومانە یاساکەش لەبەر چاومانە ئێمە کە دەزانین کۆمەڵێك ئامانجی تری هەیە ئەم دەستەیە، ئەم ئەکادیمیایە ناکرێت ئێمە تەنها لەزماندا قەتیسی بکەینەوە ئەوەندە بێین پێ لەسەر زمان دابگرین ڕاستە مەهامی یەکەمی زمانە، بەڵام مێژوو و شارستانیەت و کەلتور و کۆمەڵێك شتی ترش هەیە ناکرێت ئێمە ئەوان بخەینە لاوە، سەبارەت بەخاڵی دیکۆمێنت پارێزی هەندێك لە هاورێکانم باسی ئەوە دەکەن کە نەمێنێ بەڕاستی دیکۆمێنت پارێزی ڕاستە ئێمە پرۆژە یاسایەکمان هەیە ئەویان پرۆژەیە هێشتا کاری لەسەر نەکراوە ئەمە، بەڵام یاسایەکە کە هاتووە و لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێ و ڕەسمیاتی زیاترە دوایی ئەوە ئەگەر لەشوێنی تریشدا هەمە هەبێ زۆر ئاساییە، بەڵام پێویستە ئێمە شوێنێکی گشتی نیشتیمانیمان هەبێتن بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان بەتایبەت کە دەستەی ئەکادیمیا لە هەولێرە وە پایتەختە با لەسلێمانیش هەبێ، با لە دهۆکیش هەبێ، بەڵام ئەمە دەکرێت ئەو کاتی پەسەندکردنی یاساکە هەماهەنگ بێ بۆ هاوکاری کردنی دیکۆمێنت پارێزی نەوەکو ئیشی سەرەکی بێت ئەمە یەکێك لەخاڵەکانە کە لەو ڕێگەیەوە کار بۆ ئامانجەکانی دەکات زۆر ئاساییە لەشوێنێکی تریشبێ، بەڵام ئەو هەماهەنگ بێت. بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان، من پێم باشە چونکە لەمەدا دەڵێت ئەکادیمیا بەم هۆکارانە ئامانجەکانی خۆی بەدی دێنێت، خاڵێکی تر هەیە زیاد بکرێت ئەویش بڵاوکردنەوەی زاراوە یەکگرتووە نوێییەکانە لەزمانی کوردیدا لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گشتاندنی بەسەر دامودەزگا فەرمییەکاندا بۆئەوەی بتواندرێ ئێمە بەتایبەت ئەو زاراوانەی کەوا یەکنین ئەوان کە یەکی دەخەن و، هەموو کۆکیش دەبین لەسەری کە دەڵێت هەموومان مەبەستم ئەوەیە هەندێك زاراوە هەیە لەم دواییە هاتۆتە کایەوە پێشتر نەبووە و، بۆ نموونە فەرمی، شاند، کۆمەڵێك شت هەیە هاتووە ئەمە ئیشی ئەکادیمیایە کەوا لەم ڕێگەیەوە بتوانێ ئەو زاراوانە بەتایبەتی یەکبخات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم یاسایە ئامانجەکان گرنگ بوون و، بۆ ئەم ماددەیەش گرینگتر هۆکارەکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەن کەواتە پێم وایە روحی ئەم یاسایە بریتییە لەم ماددەیە خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەتواندرێ لەیەك خاڵدا کۆبکرێتەوە، چونکە خاڵی یەکەم و دووەم یەك مەهامیان هەیە، بڕگەی یەکەمی خاڵی سێیەمیش ئەتواندرێ لێك بدرێتەوە بەم شێوەی کە من دام ڕشتۆتەوە خاڵی یەکەم واتە هەرسێ خاڵەکە بەمجۆرە خاڵی یەکەم بایەخدان بەکاروباری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی زمان و دانانی فەرهەنگ و دەرکردنی گۆڤار و مەوسوعاتی تایبەت بە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی کەواتە ئەکرێت بەستنی کۆڕو وەرزی رۆشنبیری و بەشداری پێکردن لە کۆنگرەکانی تر بەجۆرێکی تر بەخاڵێکی تر دەستنیشان بکرێتەوە و، ئەکرێ ئەمەشیان خاڵی دووەم بێ بەم خاڵەی کە من ئاماژەی پێدەکەم بەستن و هاندان بۆ توێژینەوە و کۆڕ و کۆنفراسی رۆشنبیری و بەشداری کردن لە کۆنگرەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم لە بواری زماندا خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە پاداشت کردنی هونەرمەندانەوە هەیە من ڕام وایە ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە هونەری خۆشنووسی ئێستا یەکێکە لەو هونەرانەی لە برەو دایە و، یەکێکە لەو چالاکانەی بەشداری پێدەکا لەناساندنی زمان و دەوڵەمەندکردنی زمان بۆیە ئەو پێشنیارەی کە داوا دەکات ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە من پشتگیری ئەکەم و، هەروەها بەشداری پێکردنی ناوەندە ئەکادیمی و رۆشنبیرییەکان لەدەوڵەمەندکردنی زماندا ئێمە زانکۆ و پەیمانگاکانمان هەیە و، کۆمەڵێ ناوەندی رۆشنبیریمان هەیە کە تایبەتن بە ئەرشیف کردن و دیکۆمێنت پارێزی و پەرەپێدانی زاراوەکان و دیالێکتەکان و، ئەو بوارانەی دەچێتە چوار چێوەی دەوڵەمەندکردنی زمانەوە لەم بەدی هێنانی ئامانجەدا خاڵێك هەبێ بۆ دروستکردنی هەماهەنگی یەکی ڕاستەوخۆ، چونکە لەم مەهامانەدا لەگەڵ مەهامی چەند

ناوەندێکی تر هاوبەشی دروست دەبێ، ئەکرێ زمان لەبەر ئەوەی بەرفراوانە ئەکرێ چەند ناوەندێك پێکەوە لە مەهامێکا کاری هاوبەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەمی ئەصڵی یاساکە کە ئێستا بە ماددەی سێیەم هەموار دەکرێتەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئێمە ئەرکی سەرشانی ئەم ئەکادیمیایە ئەوەندە قورس نەکەین بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، چونکە بەشێك لە ئەم ئەرك و فەرمانانە یان ئەو وەسائیلانەی کەلێرەدا هەیە ڕەنگە وەزارەت و دامودەزگاکانی تر بتوانن پێی هەستن، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم کە ئەڵێ: (وضع معاجم ومراجع وموسوعات علمية و لغوية) پێم باشە بەو سیغە نەکیرەیە نەبێ (وضع معاجم )، بەڵکو بڵێ: (وضع المعاجم والمراجع والموسوعات العلمية و اللغوية)، چونکە واتاکەی تا ئەندازەیەك گۆڕانی بەسەر دادێ سەبارەت بەبڕگەی دووەم کە دەڵێ: (اصدار المجلات و المطبوعات واالعناية بامور النشر)، من پێشنیار دەکەم لە باتی (اصدار المجلات و المطبوعات) تەنها مەجەلەیەکی دەوری هەبێ یەعنی (اصدار مجلة دورية الاكادمية)، مەسەلەی (امور النشر) بخرێتە بڕگەیەکی تر، سەبارەت بە نەشری کوتوبی علمیەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە تەرجەمەشی بۆ ئیزافە بکرێ، چونکە هەستدەکەم لەماددەکە مەسەلەی تەرجەمە پشت گوێ خراوە لەحاڵەکا ئامرازێکی زۆر کاریگەر بۆ بەرەو پێش بردنی زمان، زمانی کوردی بەرەو ئاستی جیهانی و، بۆ ئەوەی هاوشانی زمانەکانی تر و گۆڕانکارییە زانستییەکان بڕواتە پێشەوە ئەبێ گرنگی یەکی تەواو بدرێ بە بابی تەرجەمە، لەبارەی بڕگەی چوارەم کەباسی تەکریمی عولەماو باحسین ئەکا من لەگەڵ ئەوە دام ئەمە لابچێت، چونکە ئەمە بەپێی ئەو تەجروبەی کە هەیە ئەمە حەڵقەیەکە ئیشەك ئەدۆزینەوە بۆ ئەکادیمیا و، مەسەلەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت دێنێتە مەیدان لەباتی ئەوە بڵێین دەعمی عولەما و باحسین بکرێ (دعم العلماء والباحثين)، مەسەلەی تەکریم بدرێتە دەست حکومەت، خۆی لە ڕێگای وەزارەتی رۆشنبیریەوە لە ڕێگای زانکۆکانەوە و، مانع نییە ئەو کاتە زانکۆکان یان وەکو وەزارەتی رۆشنبیری تەنسیق و هەماهەنگی بکا لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی، یەعنی ئەو بڕگەیە لابچێ من پێم وایە ئەتوانین هەندێ لەو ئەرك و تەنانەت مومکینە گلەیش بێتە سەر ئەکادیمیای کوردی کە ئەوەبمینێتەوە فلانەکەستان بۆ تەکریم کرد، فلانتان بۆ تەکریم نەکرد؟ خۆمان هەمووومان ناوەندی کوردستان دەزانین، وەسەتی کۆمەڵایەتی خۆمان دەزانین، سەبارەت بە تەئسیسی مەکتەبەو ئینشای مەتبەعەو مەتبەعەیەکی تایبەت بە ئەکادیمیا ئەگەر ئەمە هەموو لەسیغەیەکا کۆبکرێتەوەو (اهتمام عناية بأمور نشر عن طريق تأسيس مكتبة وانشاء مطبعة خاصة بالاكاديمية)، ئەوە ئەکرێ بەو شێوەیە چارەسەر بکرێ، مەسەلەی بڕگەی شەشەم کەباسی مەرکەزێك دەکرێ بۆ دەستنووس لەڕاستیدا من پێم وایە لەبوونی ئەمە هیچ

تەعاروزێکی نییە، هیچ دژایەتی یەکی نییە لەگەڵ ئەو مەرکەزەی کە دەکرێتەوە بۆ وەسائیق مەرکەزێکی قەومی، چونکە نەك تەنها ئەکادیمیای کوردی هەر زانکۆیەکیش ئەتوانێ کتێبخانەیەکی دەستنووسی هەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە لەسەر حیسابی مەرکەزە قومیەکە ئەمە دروست نەکەین، یەعنی لەکوردستاندا مەرکەزێکی قەومی هەبێت بۆ مەختوتات، بەڵام مەجالیش بدرێ ئەکادیمیای کوردی بۆ خۆی، چونکە مومکینە ئێستا هەندێ دەستنووسی هەیە دەسنووسەکان گران بەهان ئامادده نییە دەستبەرداریان ببێ و بیداتە شوێنێکی تر با ئەکادیمیا بۆ خۆی توانای ئەوەی هەبێ کە مەرکەزێکی هەبێ بۆ مەختوتات و، کەسانێکی شارەزا و پسپۆر تێدا کاربکەن و، بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا دژایەتیشی نییە لە، دژایەتیشی نەبێ و، تەعاروزیشی نەبێ لە گەڵ کردنەوەی مەرکەزێك بۆ وەسائیق، چونکە وەسائیق تەنها دەستنووس نییە وەسائیق مەفهومێکی فراوانتری هەیە مومکینە وەسائیقی سیاسی بێت، وەسائیقی تاریخی بێ، بەڵام دەستنووسیش بەشێکی گرینکە لە وەسائیق و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە زمانی کوردی زمانەکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام سەرباری دەوڵەمەندی زمانەکەش سەرباری ئەو زۆری زاراوە و دیالێکتانەی کەوا هەمانە ئێمە بێ کێشە و بێ کەم و کورتی نەبووینە بەتایبەت ئەبینین لەبواری وەرگێڕانی یاساکان، ئێمە کێشەیەکی زۆر زۆرمان هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پەرلەمانی کوردستان کە هەیبەت و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە هەتا ئێستا ئێمە کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ یاساکان لەگەڵ دەقە عەرەبییەکە و دەقە کوردییەکەیە تا ئێستاش یەکلایی نەبووینەتەوە ئایا ئێمە ئیعتیماد بکەینە سەر دەقە کوردییەکە یان عەرەبییەکە؟ ئەبێ هەمیشە بگەڕینەوە بۆ عەرەبییەکە، یەعنی ئێمە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەمان لەبواری وەرگێڕان هەیە، بەتایبەت لەیاساکاندا ئەمەش بەحەقەت کێشەیەکی گەورەیە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، نایشارمەوە زۆر جاری واهەیە کوردێك کە قسەدەکا تەنها ئامرازە پەیوەندییەکانی کوردییە ما باقی ئەمە کە ئەمینێتەوە هەمووی زمانی بێگانەیە، دیارە چەندین زمان لە وڵاتانی جیهان بەرەو لەناو چوون رۆیشتوون، هەندێکی تریش لەژێر هەڕەشەی لەناو چووندان، بەڵام ئێمە لێرەوە ناڵێین کە زمانی کوردی لەژێر هەڕەشە و مەترسی لەناو چووندایە، بەڵام پێویستمان بە هەوڵ و تێکۆشان ودڵسۆزان و خەم خۆرانی بواری زمان و ئەدەب و توێژەران و ئەمانە هەیە، تاکو بتوانن بازنەی ئامانجەکانی ئەم ئەکادیمیایە فراوان بکرێت و کێشەکانی وەرگێڕان بەتایبەت لەبواری یاساکاندا نەبێ، ئێمە پاش (20) ساڵ لەحوکمڕانی خۆماڵی هەتا ئێستاش ئەبێ هەر ئیش بەکاری دەقە عەرەبییەکان بکەین، نازانم بۆچی؟ ئایا زمانێکی دەوڵمەندمان

نییە؟ بڕگەی چواری یاساکەش من لەگەڵ مانەوەی وشەی هونەرمەندانم یان بابڵێین ڕێزلێنان لە هونەرمەندانم، چونکە لەوانەیە ئەوەی کە هونەر ئەیگەیەنێ بە کۆمەڵگا، ئەوەی کە هونەر ئەتوانێ پێشکەش بە جەماوەری بکا، لەوانەیە بە دەیان کۆڕ و کۆبونەوە نەتوانێ ئەو ئامانجە یان ئەو گرینگیەتە بە کۆمەڵگا بگەیەنێت، بڕگەی شەشەمیش ئەگەر ئێمە بێت و دامەزراندنی ئەم ناوەندە واتە پاراستنی دەستنووس و دیکۆمێنتەکان بە ئەکادیمیای کوردی بسپێرین، ئەو کاتە گرینگی و ئەهمییەتی دیکۆمێنت پارێزی چی ئەبێت؟ کە ئێمە لە داهاتوو یاساکەی بۆ پەسەند دەکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەرکی پاراستنەکە بە ئەو یاساییە بسپێردرێت کە ئێمە لەداهاتوو پەسەندی دەکەین، ئەویش دیکۆمێنت پارێزیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم بەڕاستی ئەبوایە ئەگەر هەموو یاساکان عەرەبییەکەمان بکردبایەتە ئەصڵ، ئەم پڕۆژە یاسایەی کە باسی ئەکادیمیای کوردییە و، تەحدیدەن باسی زمانی تێدا زاڵە بە هەرجۆرێك بوایە ئەبوایە بەکوردی موناقشەمان بکردبایە، ئەویش زۆر ئاسان بوو پڕۆژە یاساکە بکرابایە بەکوردی ڕاپۆرتەکانیش بەکوردی بنووسرانایە پێشنیارەکانی ئەکادیمیاش بەداخەوە بە زمانی عەرەبی هاتووە بۆمان، ئەبوایە بەکوردی بێت، لەبەر ئەوە منیش هاوڕام لەگەڵ بەفرین خان، ئەمە بە خەلەلێك دەزانم حەق وایە چارەسەری بکەین، بەڕاستی یەعنی نەشیاو و نە گونجاوە بۆ پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی ئەکادیمیای کوردی بە زمانی عەرەبی بکات، بەنیسبەت ئەو ماددەیە کە ماددەی سێیە تەبعەن باسی ئامرازەکان یان وەسائیلی جێ بەجێبوونی ئەهدافەکانی ئەکادیمیایە، من چوار تێبینیم هەیە لەسەری، بەنیسبەت خاڵی یەکەمییان بەڕاستی خۆ ئێمە ئەرکی ئەکادیمیا ئەزانین پانزدە ساڵیشە دەست بەکار بووە، یەعنی یاسای بۆ دەرچووە ئەم ئەرکە قورسە کە لێرە وەکو وەسیلە باسکراوە بەس لە ڕاستیشدا خۆی دەبێتە ئامانج کە ئەڵێین: (وضع معاجم ومراجع وموسوعات علمية و لغوية)، یەعنی بەم ڕەهاییە بەم گەورەییەوە بۆچی ئێمە ئەوە بکەین؟ من پێم باشە ئەو خاڵە بەم شێوەیە بنوسرێ (وضع معجم لغوي)، چونکە ئێمە جارێ کێشەمان هەیە، موعجەمەکمان نییە موەحەدبێ، ئەکادیمیایەکی زانستی بڵێین مۆری خۆی لێدابێ بیکەینە سەرچاوە بۆ نووسەرانمان، بۆ ڕۆژنامە نووسانمان، بۆ پرۆگامەکانی خوێندنمان، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو خاڵە بکرێتە یەك موعجەم (وضع معجم لغوي ومرجع وموسوعة علمية)، یەعنی یەك مەوسوعەو یەك مەرجەع بنووسین کافییە، بەنیسبەت خاڵی دووشەوە موجەلاتیش هەروایە، یەعنی (اصدار المجلات) بەچ حاڵە حاڵێك تا ئەکادیمیا توانویەتی گۆڤارێکی وەرزی هەبێ، لەبەر ئەوە

ئەویش بکرێتە (اصدار مجلة خاصة بالاكاديمية)، ڕەنگە عەمەلی ترو واقعی تربێ، بەنیسبەت خاڵی دوومەوە مەسەلەی موجەلەو مەتبوعات و ئەوانە کەتێکەڵ کراوە بەڕاستی لەگەڵ خاڵی سێ بکرێ بەیەك، چونکە خاڵی سێش باسی نەشرل کوتوبی علمی و ئەوانە دەکا، هەنێك لەبرایان ئیشارەتیان بۆکرد ئەو نیوەی دووەمی خاڵی دووە بکرێتە خاڵی سێ، ئەوەی کە نوقتەی جەوهەری بێ من قسەی لەسەر بکەم لەسەر مەسەلەی پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانە، ئێمە پێش ماوەیەك پڕۆژە یاسایەکمان ئامادە کرد ناردمان بۆ ئەکادیمیا ئەوانیش ڕاو سەرەنجیان لەسەر ناردۆتەوە، من پێم وایە پاراستنی دەستنووسەکان، بەڵگەنامەکان دامەزراوەیەکی سەربەخۆی دەوێ لە کوردستان، چونکە لەبەشی زۆری کۆلیژەکان ئەمانە لە عێراق و دەرەوەی عێراق زۆرێك لە دەستنووسەکان پەرش و بڵاوبوونەتەوە وا ئەزانم لەتوانای ئەکادیمیا نییە، یان لەشەئنی ئەو مەسەلەیە کەم ئەکەینەوە کە بیکەینە وەسیلەیەك لەوەسائیلی جێ بەجێبوونی ئامانجەکانی ئەکادیمیا و، ئەکادیمیاش بەڕێزەوە وەڵامی ئەو پڕۆژە یاسایەیان داوەتەوە، ئەوانیش پێشنیاریان نەکردووە بڵێن بەشێکە لە ئیشی ئێمە، بەڵکو بەشتێکی باشیان زانیوە لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم ئەوە لەوێ هەرلابەین ئیلا مەگەر ئەو قەدەرەی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە وەگەرنا با دامەزراوەیەکی نیشتمانی سەربەخۆمان هەبێ بۆ پاراستنی دەستنووسەکان و بەڵگەنامەکان کە تا ئێستا ئەوەمان لەکوردستاندا نییە بۆیە پەرش و بڵاودەبێ، ئەگەر ئەمە بکەینە ئەرکی ئەکادیمیا هەروەکو خۆی ئەمینێتەوە لەزانکۆکانیش ئەبێ لەشوێنە جیا جیاکان نەبێ ناتوانین ئەو ئامانجە گەورەیەی بێنینەدی لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم لەخاڵی شەشا بە هیچ شێوەیەك باسی مەختوتاتی تێدا نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە خاڵی یەکەم، یەعنی ئەوە ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە دەبێت لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی یەك لەوێ تەعریفی ئەو موئەسەسەیەمان کرد کە موئەسەسەیەکی ڕەسمی دەبێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی پێم وایە ئەو ئیشەش لەڕێی خاڵی یەکەمەوە دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەمن تێبینیم لەسەر هەیە لەوێ ئێمە دەڵێین پاراستنی زمان و پەرەپێدانی بابڵێین زمانی کوردی، ئایا مەسەلەی مەوسوعاتی عیلمی نازانم ئەو عیلمییە لەچی یەوە هاتووە؟ ئەگەر مەبەستمان تەنها ئیسکلۆبیدیاو مەراجع و ئەوانەیە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام نازانم بەڕاستی ئەو عیلمییە لەوێ چی دەکات! سەبارەت بەخاڵی دووەم بەباوەڕی من یەعنی پێویستە ئەو موئەسەسەیە موجەلەیەکی ئەکادیمی دەوری هەبێت، لەبری ئەوەی کە ئیهتیمام بدات بە کاری نەشرو نازانم ئەو شتانەی کە هاتووە لە خاڵی دووەم دا، لەخاڵی سێیەم دیسان مەسەلەی عیلمییەکە دووبارە بوەتەوە، ئایا ئەرکی ئەو ئەکادیمیایەی کوردی چاپکردنی کتێبی عیلمییە؟ یاخود کتێبی زمانەوانی و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تایبەتن بە مەسەلەی زمان و

مێژوو و ئەدەبیاتی کوردییەوە؟ بەڕاستی دیسان لێرە دووبارە بوەتەوە، مەسەلەی نەشری کتوبی عیلمی نازانم بۆچی دەبێ ئەرکی ئەو دەزگایە بێت! سەبارەت بەخاڵی چوارەم، بەباوەڕی من ئیشی ئەو دەزگایە ئەوە نییە کە تەکریمی باحسین و فەنانین و ئەدیبان بکات، لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین عولەما لە چ بوارێك، باحسین لە چ بوارێك؟ بەپێچەوانە دەبێ ئێمە بوارەکە دیاری بکەین، ئەگەر بمانەوێت دەعم بێ، تەکریم بێ، پاڵپشتی بێ، دەبێ دیاری بکەین، لەبواری بابڵێین زمان و ئەدەب و مێژوو و هونەری کوردی، ئەگەر مەبەستمان بێت بەو شێوە دیاری بکەین توشی ئەو ئیشکالە نابین سبەینێ لێرە نووسراوە عولەما و باحسین ، یەعنی لە چ بوارێ؟ بەڕاستی دیار نییە، هەرچەندە ئەدیبان و فەنانین، ئەدیبان دیارە، ئەدیبان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم ئیشیان ئەوەیە مسەلەی پاراستن و پەرە پێدانی زمان، یەعنی هاوکارن، ئیش دەکەن، بەڵام فەنان دەکرێ بابڵێین فەنانێکی موبدیع بێ، بەڵام هیچ ئیزافەیەکی نەبێ بۆ مەسەلەی پاراستنی زمانی کوردی، یاخود بەهەمان شێوە عولەما و باحسینیش بەهەمان شێوە، جا بۆیە ئێمە پێویستە بەهەمان شێوە لێرە دیاری بکەین جا چ تەکریمە، چ دەعمە، لە چ؟ بۆ بواری زمان و ئەدەب و مێژوو و هونەر، ئەو چوار بوارە ڕەپتن بەوەی بە مەسەلەی پەرە پێدان و پاراستنی زمانی کوردی، سەبارەت بە خاڵی پێنجەم، من نازانم ئەوە هەبێ و نەبێ بەڕاستی بەلای منەوە یەعنی چ هەمیەتەکی نییە، یەعنی دەزگایەك ئەگەر ئەکادیمیای کوردی نەتوانێ کتێبخانەی هەبێ، هەر نەبێ باشترە بەڕاستی، بەڵام مەسەلەی مەتبەعەی هەبێ، نازانم ئەوە بۆ چییە؟ یەعنی دامەزراندنی چاپخانەیەك تایبەت بەخۆی، مەرج نییە، یەعنی دەکرێ هەی بێ، دەکرێ نەی بێ، سەبارەت بەخاڵی شەشەم، من پێم وایە هەر زۆر کتێبخانە هەیە، لە وڵاتان دەتوانن توانای ئەوەیان هەیە، دەستنووسی تایبەت بە بوارەکەی خۆیان هەڵدەگرن، ئەوە کێشەیەك نییە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا کتێبخانەیەکی مەرکەزی ناوەندی حکومی هەیە، دەستنووسەکان لەلای ئەوانیش دەپارێزرێ، بەڵام بەباوەڕی من پێویست ناکا، یەعنی مەرکەزێکی هەبێتن، ئینشاء مەرکەز نووسراوە، مەرکەزێکی هەبێ بۆ پاراستنی بابڵێین دەستنووسەکان و مەختوتات و ئەوانە، بەڵکو دەکرێ تەنیا ئەو ئەرکەی هەبێ کە بتوانێ ئەو دەستنووسانەی کە تایبەتن بەخۆیان لە کتێبخانەکەی خۆیان دا هەڵیان بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك فرست چەند تێبینیەکی هەیە، با بفەرموێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدللە / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای مادده دوو و مادده سێ بکەین، مادده دوو ئامانجەکانن، مادده سێ ئالیەتی بەجێهێنانی ئەو ئامانجانەن دەبینین پەیوەندیەکی زۆر لاوازی هەیە، ئینسان بەزمانێکی تر دەتوانین بڵێین بەو ئالیەتە ناتوانین ئەو ئامانجانە بەجێ بێنین ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر هیچ ئیشارەتەك بەڕەئی من لە دیڕاساتی

موقارین نەهاتووە کە زۆر موهیمە لە مەجالی زمان و (تاریخ و توراث)، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێ (تشجيع البحوث والدراسات المقارنة في مجال اللغة والتاريخ والتراث)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری رۆشنبیری فەرمووو.

**بەڕێز د.کاوە محمود / وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دەبێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەبێ لەنێوان ماددەی دوو کەمەبەستەکەمانە، لەگەڵ ماددەی سێ کە میکانیزمی جێ بەجێکردنی مەبەستەکانە، هەروەکو جەنابی سکرتێری پەرلەمان فەرمووی، بۆ ئەوەی ئەو گرفتانەچارەسەر بکرێ، خاڵی چوارەم دەکرێ بەم شێوەیە دابڕێژرێ کە ئەو مەبەستەی لەماددەی دووەم دا هەیە جێ بەجێ دەبێ، لەجیاتی (تكريم العلماء والباحثين والادباء والفنانين) دەتوانین بڵێین (تكريم المبدعين فى مجال احياء التراث الكوردي فى العلوم و الاداب والفنون)، ئەمە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، ماددەی شەش، لەجیاتی ئەوەی خۆی ئەو ببێتە ناوەندێك بۆ بەڵگەنامەکان، وەکو ئەوەی کە باسکرا، کە پڕۆژە یاسایەك هەیە، کە بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان، ئێمە لەوەزارەتی رۆشنبیری پێمان باش بوو لەجیاتی پڕۆژە یاسایەك بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان، یاسای ئەرشیفی نیشتیمانی کوردستانیمان هەبێ، هەموو وڵاتێك ئەرشیفی نیشتیمانی هەیە، و، لەبەر ئەوە ئێمە پڕۆژە یاسایەکەمان ئامادەکردووە لەجیاتی پاراستنی بەڵگەنامەکان، پڕۆژەی یاسای ئەرشیفی نیشتیمانی و، دەکرێت کتێبخانەی نیشتیمانیشی لەگەڵ دابێ لەیەك قانوون دا جێی بکرێتەوە، بەڵام بەنیسبەت ئەوەوە، بەنیسبەت ئەکادیمیا دەتوانین بەم شێوە موعالەجەی بکەین (انشاء مركز لحفظ الوثائق والمخطوطات الخاصة بالاكاديمية الخاصة بها) ئەو کاتە تەرخان دەکرێ بۆ مەسەلەی ئەکادیمیەکە، حاڵەتەکی گرینگ هەیە، بە پێویستی دەزانم کە ئیزافە بکرێ، ئەویش ئەم ئەکادیمیایە دوورگەیەکی دابڕاو نییە، لە جیهاتی حکومی و، لەجیهاتی غەیری خکومی، لایەنی حکومی و ناحکومی کە بایەخ بەو مەسەلانە ئەدەن، ئەوەی کە بایەخ بە زمان ئەدا لە ناوەندێکی فراوانەوە مافی خۆیەتی کۆمەڵگاش بایەخی پێ بدا و، هەروەها لەحکومەتدا وەزارەت تەرخان کراوە، کە وەزارەتی رۆشنبیریە، کە بایەخ بەمەسەلەی زمان دەدا، لەبەر ئەوە بابەتێك ئیزافە بکرێتە سەری (التنسيق والتعاون مع الجهات الحكومية وغير الحكومية المعنية بالاهداف التي يعمل من اجلها الاكاديمية) بۆ ئەوەی ئەو تەنسیقە هەبێ، چونکە جاری وا هەیە، لە ڕوانگەی نهێنی حەرفییەکی بەر تەسك چالاکی دەکرێ، ئەو چالاکیانە پەرش و بڵاوی پێوە دیارە، یەعنی بۆ نموونە ئێمە چالاکییەکمان کرد، هی وەزارەت، سەبارەت بەزمان، ئەکادیمیامان بانگ کرد، ئەکادیمیا نەهاتن بۆ چالاکییەکە، لەکاتێکدا ئەوان مەعنین بەو چالاکییە، و، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا، کۆلیژی زمان مەعنیە بە مەسەلەی زمان، جگە لەوە لەوانەیە رێکخراوی ناحکومی دیکەش هەبێ بەر پرس بێ بەرامبەر زمان، بۆیە ئەو هەماهەنگییە، ئەو تنسیق و هاوکارییە هەبێ، لە قانونەکەیا لەبەر ئەوەی شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی رۆشنبیری فەرموون.

**بەڕێز بکر کریم محمد صالح (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیش ئەوەی تێبینیەکی گشتی هەیە بیخەمە روو، بەپێویستی دەزانم لەسەر ئەو ماددەیە قسەیەك بکەم، بەتایبەتی لەسەر برگەی چوارەم، (ئەمە وەلام نییە، رەئی خۆمە)، بەنیسبەت برگەی چوارەم رێزلێنان لە زانایان و توێژەران و نووسەران و هونەرمەندان ، لەراستی دا بەشکلەکی رەها هاتووە، بیل فیعل من خۆم لەگەڵ ئەوەم کە پشتگیری کردن و رێزلێنان لە زانایان و توێژەران و نووسەران بێ، ئەوانەی کە لەبواری زمان و ئەدەبیات و مێژووی کورد دا کاردەکەن، ئەمە بۆ ئەوەی روون بێ، یەعنی بابلێین حەسر بکرێ، لەراستی دا لە پێناسە کردنی ئەکادیمیاش دا لێرە زۆر رەئیش دەربڕا، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەی پێشوو، ئایا ئەوە ئەکادیمیای زمانی کوردییە یان ئەکادیمیای کوردییە؟ هەموو زانستەکان بگرێتەوە یان تەنیا ئەکادیمیای زمانی کوردییە؟ ئەو خەڵتە هەیە، بە بڕوای من ئەوە لە کۆنەوە هاتووە، لە کاتی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد هاتووە، کە ئەو دەمە زۆر ئەرکی دەبوایە ئەرکی بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆیە ئێستاش پشتگیری کردن و رێزگرتن لەو زانایانەی، لەو توێژەرانەی، لەو نووسەرانەی، کە بەکوردی دەنووسن، بەکوردی شت بلاو دەکەنەوە گرنگە تا ئەم کاتەش، بەلام بەنیسبەت هونەرمەندان لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکیان بەزمانی کوردییەوە نییە، لەبەر ئەوە بوو بابلێین لەناو ئەو لێژنەش دا بابلێین دوورخرایەوە، سەبارەت بەخاڵی شەشەم، دیسان لەراستی دا کە ئێمە دیراسەی ئەو شتەمان کرد، ئەو دەمە بەرچاوی بابلێین رەنگە لیژنەش روون نەبوو، راستە پرۆژە یاسایەك بۆ دیکۆمێنت پارێزی خرابووە روو، بەلام لەلیژنەدا دیراسەت نەکرابوو، بەلام دەکرێ بەم شێوەیەی لێبێ کە ئەکادیمیا بۆی هەبێ، بەشێکی هەبێ، بایەخ بدا بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دەسنووسەکان، بەتایبەتی کە ئەوانەی پەیوەندییان بە ئیختیساساتی ئەکادیمیا خۆیەوە هەیە، سوپاس، بەنیسبەت ئەوبیرو بۆچوون و تێبینیانەی کە لەلایەن خوشك و برایانی پەرلەمانتار خرانە روو، ئێمە دەیانخەینەوە بەردەم لیژنەی رۆشنبیری، هەروەها لەگەڵ لیژنەی یاسایی دیراسەیان دەکەین و بە هەندیان وەردەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة لە پرۆژەکە:

تعدل الفقرة (أ) من المادة السادسة وتقرأ کمایلي:

أ/ اعضاء عاملین لایقل عددهم عن (15) ولایزید عن (19) ویکون خمسة منهم متفرغین.

لەئەصلی قانونەکە دا لەماددەی شەش بەم شێوەیە هاتووە:

تتألف الاكاديمية من:

أ/ اعضاء عاملين لايقل عددهم عن(15) و لايزيد عن (19) ويكون خمسة منهم متفرغين.

ب/ اعضاء مؤازرين.

ج/ اعضاء شرف.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردییەکەی.

**بەڕێز بکر کریم محمد صالح (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم لە پرۆژەیاسای هەموارکراوەکە بەم شێوەیە:

بڕگەی (أ)ی ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:-

أ/ ژمارەی ئەندامانی کارا لە (15) کەمتر نابن و لە (19) زیاتر نابن و پێنجیان خۆیان تەرخاندەکەن بۆ (متفرغین).

ڕای لیژنە بەم شێوەیە:

مادددەی چوارەم:

بڕگەی (أ)ی ماددەی شەشەم هەمواردەکرێتەوە بەم شێوەیەی لێ دێ:-

أ/ ژمارەی ئەندامانی کارا لە (13) کەمتر نەبێ و لە (17) زیاتر نابێ و پێنجیان تەرخان بن.

ئێمە لەو کۆبوونەوەیە دا کە بەڕێز د.نوری تاڵەبانی سەرۆکی ئەکادیمیا، ئامادەی بوو، لەبەر کۆمەڵێك ئیعتیبارات ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین ژمارەکە لەنێوان (13 و 17) بێ، نەك وەکو ئەوان پێشنیاریان کردووە لەنێوان (15 و 19) بێ، بەڕاستی زۆر قسەش لەسەر ئەوە کرا، کە پێویستە لەنێوان ئەندامانی کارا خەڵکی پسپۆری تێدابێ، لە لەهجە جیاجیاکانی زمانی کوردی، بۆیە ئێمە پێمان وایە پێویستە ژمارەکە زیاد بکرێ، لەنێوان (15 و 19)، بکرێتە، لەنێوان (13 و 17) بێ، ئەو کات د.نوری تاڵەبانیش بەم هەموارکردنە بابڵێین موافەقەتی لەسەر نیشان دایە، یەعنی ڕازی بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو هەموارکردنە ناکەین سەبارەت بەو بڕگەیە، و، بەباشی دەزانین ژمارەکان وەکو خۆی بمینێتەوە کە لە ئەصڵی یاساکە دا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (ناسك توفیق، سالار محمود، گوڵیزار قادر، حمە سعید، صباح بیت الله، سمیرە عبدالله، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، امنە زکری).

ئەم خوشك و برایە بەڕێزانە ناویان نوسراوە: (ناسك خان، کاك سالار، گوڵیزار خان، کاك حمە سعید، کاك صباح، سمیرە خان، ئەڤین خان، سۆزان خان، امینە خان)، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ملاحەزەم لەسەر شێوازی تەعدیل کردنەکە هەیە، چونکە ئەمەی لەبەر دەستی ئێمە دایە یاسای (97)ی مەعەدەلە، ئەو پڕۆژەی کە هاتووە تەعدیلی ئەمە ئەکا، ئێستا کە ماددەی چوارەم لەو پڕۆژە تەعدیل کراوە دەڵێ (تعدل الفقرة (أ) من المادة السادسة)، بەڵام لەیاسا ئەصڵییەکە ئەوە ماددەی شەشەم نییە، ماددەی حەوتەمە، یەعنی ئەگەر بێتو لیژنەی یاسایی لەگەڵم سەیرێکی ئەصڵی پڕۆژە یاسا مەعەدەلەکەی یەکەم بکا، کە ئەمە تەعدیلی ئەو دەکا، یاسای حەوتەمە ئەم نەسەی تێدایە، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم ماددەیە، ماددەی شەشەمیش تەعدیلێکی دەوێ، ماددەی شەشەم لە یاساکە ئەڵێ (الاکادیمیة الکوردیة هي المرجع الاعلی لتحقیق الاهداف المحددة في الفقرتین أ ، ب)، بەڵام ئێمە کردوومانە بە یەك و دوو، کەواتە ئێستا ئەم شێوازی تەعدیلە هەڵەیەکی ژمارەیی تێدایە، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵنەستم ماددەی پێنجەمیش تەعدیلەکە لەسەر ماددەی حەوت کراوە، بەس خۆی هەشتە، ماددەی شەشەم لەسەر هەشت کراوە، بەڵام خۆی نۆزدەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ملاحەزەیەك بکەن بۆ ئەوەی تەعدیلەکەمان ڕاست بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من زۆر تر جەخت دەکەمەوە سەر ئەو کەسانەی کە خۆیان تەرخان دەکەن، واتە موتەفەریغ دەبن بۆ ئەو کارە، لە پێنج کەس زیاتر نەبێ، چونکە ئەرکی گەورە و گرینگیش ئەکەوێتە سەر ئەو کەسانە، بەڵام ئەوانەی کە ئەندامی کاران ئەکرێ بەپێی کارەکانیان، لێکۆڵینەوکانیان و، چالاکییەکانیان بەئەندام بژمێردرێ و تەعدیل نەکرێ، چونکە ئەو کاتە دەزگاکە و، کەسانی موتەفەریغ، خۆ تەرخانکردو ودەتوانن سوود لەتواناکانیان ببینن، بەڵام تێبینیم لەسەر زانایانی زمان چۆنە ناو دەبرێن؟ من ڕام وایە بەکەسێك دەتوانێ زانا یان پسپۆر یان شارزا لەزمانی کوردی، کە شارەزایی لە هەموو دیالێکتەکان دا هەبێ، پێم وایە هەرکەسێك کەناوت نا پسپۆر یان شارەزا لەهەر دیالێکتێك دا ناشارەزایی هەبوو، ئەوە پسپۆر نییە، بۆیە ناکرێ، لە هەندێ کاتدا پێشنیاریش بکرێ، بەتایبەتی لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیرییەوە کە

نوێنەری دیالێکتەکان لە لیژنەکان دا هەبن، یا لە ئەنجومەنەکە دا هەبن، چونکە ئەمە لەرووی علمییەوە لە زانستی زمان دا نەقوستانییەکی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار لە پڕۆژەی حکومەت دا، پێشنیار کراوە کە ژمارەی ئەندامان لە (15–19) بێ، بەڵام لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەوانیش (15–19)، لیژنەی رۆشنبیری (13) لایەنی کەم و (17) لایەنی زۆری، من پرسیارم لەو دوو لیژنە بەڕێزە هەیە، لەسەر چ ئەساسێك ئەو ژمارەیان داناوە؟ لایەنی کەم و لایەنی زۆر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایم، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری بکەی ژمارەی مودیر عام و ئەقسامەکان بەزیادکردنی مودیریەتی تەرجومەوە دەبێ بە (10)، من لەگەڵ ئەوە دام کەبڵێین (اعضاء عاملین) (9–15) بێ و پێنج لەوانە موتەفریغن، لەسەر ئەو ئەساسە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من مادام پێنج کەس موتەفەریغە، ژمارەیان ئەگەر زیاتریش بێ موشکیلە نییە، چونکە پێشتر لە (المجمع العلمی)، هێمن و هەژاری موکریانیشی تێدا بوو، بۆ ئەوەی زیاتر لەهجەکان تێدا بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ژمارەکان، ئەمن پشتگیری قسەکانی کاك ئاسۆ دەکەم، مادام هیچ ئیمتیازات و شتی واشی تێدا نییە، لیژنەکانیش ژمارەیان زۆرە، تەقریبەن (9) لیژنەمان هەیە، وە ئەگەر بکرێ ژمارەکانی فەخری و شکۆمەندان ئەوانەش هەر دیاری بکرێ، دیاربێ، زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/  سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان  فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من لەگەڵ ئەو ماددەیەم كە چۆن هاتووە ئێستا، وەكو ئەو تەعدیلەی لەبەر دەستی ئێمە دایە ئەڵێ ( 15 بۆ 19)بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئێستا ئەگەر بێت و لە هەر لەهجەیەكیش سەیربكەین، بۆ نموونە لەزاراوەی سۆرانی دا دەبینی لەشارێ بۆ شارێكی دی كۆمەڵێك موستەڵەحات و كۆمەڵێك گۆڕانكاری هەیە لە لەهجەكان دا، كە كاتێك قسەی پێدەكرێ، بۆیە بەڕەئی من ئەگەر (15) بێ بۆ (19) زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەهجاتێكی زۆر زۆرمان هەیە، دیالێكتی زۆر زۆرمان هەیە، ئەگەر بێت و ژمارەیان وەكو لیژنەش ئاماژەیان بەوەی كرد ئیمتیازاتی نییە، تۆ كە (15) كەس خەڵكێكی ئیستیشارین، تەنها بۆ كۆبوونەوەكان ئامادە دەبن و موتەفەریقیش نین تەنها پێنجیان لێ تەفەروقی كردووە، بۆیە پێویستە چەند ژمارەكەیان زۆر بێ، بۆ كۆكردنەوەی زیاترین موفرەدات، سوودی زیاتر دەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم (15 بۆ 19)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من قسە لەسەر ژمارە ناكەم، چونكە پێم وایە ئەوان لەگەڵ دانیشتنیان لەگەڵ ئەكادیمیای كوردی، تەقریبەن بڕاندوویانەتەوە لیژنەی رۆشنبیری كەلیژنەی مەعنین، من قسە لەسەر تەمەن دەكەم، كە بۆتە گرفت و كێشە لەلای من، بۆ هەموو شتێك........، ئەوە بەس باسی ژمارەكانە، بەیەكەوە سەیرم كردووە، داوای لێبوردن دەكەم، من پشتگیری ڕاپۆرتی هین دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زێدەكردنا ئەنداما پێدیڤیە هەندەك پرسیارا ژ خۆ بكەین، یەعنی ئارمانجا مە زێدەكردنا ئەندامان ئەكادیمیا كوردی دا چییە؟ ئایا زێدەكردنا چەند كەسا، ئەڤ ئەكادیمیا دەشێتن ئەو رۆڵێ كو ب یاسا، قانون مە دانا سەر ملێ ئەكادیمیێ دشێت جێ بەجێ كەتن، ئەو چ ئەركە، ئەو چ كارەك كو (15) كەسا ئەڤ ئەكادیمیا نەشێت ئەنجامبدا، بەس ب (19) كەسا دشێت ئەنجامبداتن؟ هێژایان زێدەكردنا چەند ئەندامی دیكە بۆ ڤێ  ئەكادیمیێ ئەم گەلەك جار وەكو پەرلەمانتار گازاندە هەندێ دەكەین،  كو بودجا

تەشغیلییە زێدەیە وەزیفێت حکومی زێدەنە، بەڕاستی زێدەکردنا چەند کەسی دی، زێدەکردنا وەزیفێت حکومی و زێدەکردنا بودجایا تەشغیلیی نینە، ژ بەر هەندێ ئەز گەل هەندێ دانیمە چ کەسی تر بێنە زێدەکردن، هەر لەگەل وێ ژمارایا (15)ێ دامە، پێتڤیە پرسیارەکی ژخۆ بکەن ئایا نەوعییەت و پسپۆرییا ڤان کەسانا گرنگە وەکو ئەو (12) کەسێت کو تێدا هەی ئەمرۆ؟ لێ وان کارا بکەین، ئەوێت کو شارەزایی زمانینە، ئەم وان بینین کارا بکەین و فەعالیەت ناو وان ئەنداما بکەین، یان ژی ژمارە زێدە بکەین، ئایا ژمارە دبیتە پێوەرێك بۆ وان ئەکادیمی ڕۆڵێ زانستی یان دیراست کرنا بوارێ ئەکادیمی کوردی، ژبەر هندێ ئەز دگەل چ زێدە کرنا نیمە، ئەز گەل هندێمە پشتگیریا رەئیا لیژنەی قانونی دکەم، گەل زێدە کرنا ماددەکێ یان ژی زێدە کرنا خالەکا دی تر، بەرچاڤ وەرگرتنا جوغرافیا کوردی ژی بێتە وەرگرتن، بۆ ئەو کەسێت کو ڕێڤەبەریا ئەنجام دداتن، یا گرنگە خالەك بێتە زێدە کرن، ئەو کەسێت دڤێ ڕێڤە بەریێ کاردکەن پێتڤیا کەسانێت پسپۆر و زانای زمان و ئەدەبین هەروەسا لەهجاتێت کوردی ژی تێدا بێتە کرن، یەعنی جوغرافیا کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود / وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی لێژنەی رۆشنبیریم، بەزیادکردنی بەو ڕادەیە، چونکە بواری تایبەتمەندی پسپۆری لەزماندا ئەمڕۆ سنوورەکەی فراوانترە، مەسەلەکە هەر پەیوەندی بەنوێنەری دیالیکتیەوە نییە، بەو شێوەیە نییە مەسەلەکە، بەتایبەتی جەنابت شارەزای لەبواری زماندا، بواری کارکردن لەزماندا بوارێکی زۆر فراوانە و، وردەکاری زۆری تێدایە، بۆیە ئەو ژمارە ی کە لیژنەی رۆشنبیری ئیتیفاقی کردووە لەگەڵ ئەکادیمیا بەباشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی خوشکە ناسك زۆر لەجێی خۆیەتی، ڕاستە لەسندوقی ئەندامان ئەمڕۆ نووسراوێك دابەشکراوە لەسەر ئەندامان، کەتیایدا نازانم ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگای لەو دابەشکردنە هەیە یان نا؟ وا دەکا سەری ئەندامان لێیان بشێوێت، چونکە ئیشارەتی بەوە داوە کە ئەنەما یاساکە هەموارکرایە بەو شێوەی کە پێشکەش کرایە، واتە نازانم سەرۆکایەتی ئاگای لەوەی هەیە یان نا؟ سەبارەت بە پرسیارەکانی خوشکە گوڵیزار، ئێمە کە ئەو ژمارەمان دانایە، پشتگیری لە ئەصڵی ماددەکەی دەکەین، کە ماددەی شەشە، بڕگەی ئەلف ژمارەکە واتە بەینی (9) و (15) بیتن زیاتر نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة لەپڕۆژەکە:

تعدل الفقرة (أ/1 و ب/1 و ج/2) من المادة السابعة وتقرأ كالاتي:

أ- يشترط في العضو العامل:-

1- ان يكون كورديا بلغ الاربعين من العمر.

ب- يشترط في العضو المؤازر:-

1- ان يتقن اللغة الكوردية.

ج- يشترط في عضو الشرف:

2- ان لايقل عمره عن (50) سنة.

ئەصڵی ماددەکە، لە قانونی ئەصڵی، کە ماددەی حەوتە، بەو شێوەیە:

المادة السابعة: (يشترط في العضو العامل):

1.ان يكون كورديا او عراقيا بلغ الاربعين من العمر.

2.له اطلاع واسع في اللغة الكوردية وفي فرع او اكثر من فروع المعرفة وله نتاج اصيل فيه او تطلع في احدى اللغات الحية او القديمة وقدرة على تحديد المصطلحات.

ب- يشترط في العضو المؤازر:-

1. ان يكون ذا اطلاع في قواعد اللغة الكوردية.

2. ان تكون له إحاطة واسعة بفرع من فروع المعرفة وله نتاج جيد.

3. ان لا يقل عمره عن (30) سنة.

ج- يشترط في عضو الشرف:

1. ان يكون قد قدم خدمات جليلة في احدى فروع المعرفة.

2. لا يقل عمره عن (50) سنة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردییەکەی.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: بڕگەکانی (أ/1 و ب/1 و ج/2)ی ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:-

أ- مەرجە ئەندامی کارا:-

1- کوردبێت و تەمەنی گەیشتبێتە (40) ساڵ.

ب- مەرجە ئەندامی یاریدەدەر:-

1- زمانی کوردی بەباشی بزانێت.

ج- مەرجە ئەندامی شکۆمەندی:-

2- تەمەنی لە (50) ساڵ کەمتر نەبێت.

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری بەم شێوەیە:

بڕگەکانی (أ/1 و ب/1 و ج/2)ی ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێنەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:-

أ- مەرجە ئەندامی کارا:

1-هاووڵاتی کوردستان بێت و تەمەنی گەیشتبێتە (40) ساڵ، لەبەر ئەوەی هاووڵاتی، شەرت نییە، هاووڵاتی تەنیا کورد بێ، دەکرێ لەنەتەوەکانی دیکەش بێ، بەڵام زۆر زۆر پسپۆبێ لە زمان و زمانی کوردی دەکرێ ئەندامی کارا بێ.

ب- مەرجە ئەندامی یاریدەدەر:

(1) وەکو خۆی بمینێتەوە، (ج) وەکو خۆی بمینێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ باجارێ لیژنەی یاسایی تێبینی خۆی بدات، ببورن، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لەئەصڵی ماددەکە دەکا و، هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکە؟ ئەم خوشك و برایانە دەیانەوێ قسە بکەن (هاژە خان، کاك امیر، سۆزان خان، کاك صباح، شیلان خان، کاك قادر حسن، کاك عبدالسلام، سیوەیل خان، کاك عبدالرحمن، عظیمە خان، کاك دڵشاد، پەیمان خان، کوێستان خان، کاك سالار، کاك نەژاد، سمیرە خان، کاك سەروەر، صبیحە خان، مامۆستا عمر، د.احمد)، کەسی تر هەیە، قسە بکا؟ فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، دەربارەی هەموارکردنی ئەو ماددەیە، لەڕاستیدا لەخاڵی (أ) مەرجە ئەندامی کارا کورد بێت و تەمەنی گەیشتبێتە (40) ساڵ، مەسەلەی ئەوەی کە کورد بێت، من پشتگیری لەوە دەکەم، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەگەر سەیری ئامانجەکانی ئەو پڕۆژە یاسایە یان هەمواری ئەم پڕۆژە یاسایە بکەین، دەبینین لە ماددەی دووەم دا هاتووە، هەمووی باس لەوە دەکات کە پاراستنی زمانی کوردی، بەرزکردنەوەی دیراساتی

کوردی، زیندوو کردنەوەی کەلتوری کوردی، هەموو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، بۆیە بەڕاستی زۆر پێم زەرووره کە پشتگیری لەوە بکەم کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بەڕاستی وەکو پێشتریش باسکرا، خەڵکی کورد هەیە، یەعنی دانیشتووی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام لەپارچەکانی تری کوردستاندا زۆرن، هەندێکیان پرۆفسیۆرن لەکەلتوری کوردی، لەزمانی کوردی، کە بەڕاستی ئێمە زۆر زۆر سوودیان لێوەردەگرین، بۆیە پێویست دەکا لەو مەرجانەی کە لە ئەندامی کارا دابێ ئەو کەسە کوردبێ، لەمەسەلەی تەمەنەکە، تەمەنی (40) ساڵ، من پێم وایە، یەعنی ئێمە بۆ (40) ساڵ تەسبیت بکەین؟ خەڵکێك هەیە، تەمەنی (30) ساڵیشە و، پسپۆرو شارەزایە لە زۆر لەبوارەکان، بۆیە من بەباشی دەزانم کە تەمەنەکە (30) ساڵ دابندرێ، دەربارەی خاڵی (ج) مەرجە ئەندامی شکۆمەند، تەمەنی (50) ساڵ بێ، من پێم وایە ئەو (50) ساڵەش زۆرە، بۆیە پشتگیری لەوە دەکەم کەتەمەنەکە (40) ساڵ دابنرێ، بۆ ئەندامی شکۆمەند، چونکە خەڵکێك هەیە، کە شارەزایی هەیە و، ئەگەر بەئەندامی کارا نەبێت با ئەندامی شکۆمەند بێت، بۆ ئەوەی ئەکادیمیایەکە سوودی لێوەر بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرباری خالا (یشترط في ان یکون کوردیاً) دەربارەی ئەوەی خوێندنا کوردیا مە گەلەك نموونە هەنە کوردستانی و نوکە مەوجودن، نوکە مامۆستا هەیە ل بادینان مامۆستا وارکێز، شارەزاترین کەس د بوارێ زمانا کوردی ئیحتیمالە بەهدینا، ئەڤە نەکوردیێ ئەرمەنیە، بەلێ خزمەتا زمانێ کوردی کریە، ئایا ئێك بێت خزمەتا زمانەکی بکەت ئێ خراپە، یەعنی نابیت ئەندام تێدا، چونکە ئەم زانین نسبەتا زمانی، گەلەك زمان ل دونیایێ هەنە، زمانێت عەرەبی، زۆر عالمێ ل زمانێ عەرەبی کورد بین، زۆر عالمێ زمانێ کوردی ژی خزمەتا زمانەك دی کرینە، ئەڤە شەرتەك ب ڕاستی گەلەك گەلەك سەیرە ئەڤ خالە تێداهەبی، ڤیا ئەم وەکو کورد ڤی چاڤێ سەح نەکەین، ئەوێ خزمەتێ خزمەتا زمانێ مرۆڤی کەت، خزمەتا کەلتوری بکەت، دبیا ڕێز لێ ب گرتنا، مەجال بۆی بێنە دانین، هەروەها سەباری ئەمر، یەك هەیە نسبەتەی سێ ساڵە، بێژم ئیحتیمالە سێ ساڵ دکتۆرا خاندبت، ئاخر هیچ شەرت نیە سێ ساڵ بت یان پێنج ساڵ بت، ژ بەر هندێ تەمەن هیچ زەرورەت نابی ڤان خالادا بێتە دیاری کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری وتەکانی بەڕێز کاك امیر دەکەم، بەڕاستی بە لابردنی ئەو (على ان يكون كورديا)، دەبێ بکرێ بە (كوردستانيا)، مەرجیش نییە، هەر دایمەنێن، کەسێك هەبێ عەرەبیش بێ، خزمەتی زمانی کوردی کردبێ، یەعنی بۆ ئەو دەرفەتە موهیم ئەوە خزمەتی بەزمانەکە گەیاندووە، سەبارەت بەتەمەنیش، ئێمە لەخولی پێشوودا د. ڤیان سلیمانمان لەگەڵ دابوو، دکتۆرای هێنابوو لەیەکێك لەبوارەکان کە دەگمەن بوو لە (لەنگویستیکا)یە، تەمەنشی منداڵترین ئەندام پەرلەمان بوو، یەعنی چ ڕێگریەك هەیە لەو کەسە ببێتە ئەندامی هینی کوردی، ئەکادیمیای کوردی؟ هەر لەبەر ئەوەی (40) ساڵ نییە؟ ئێمە مەرجی عومر مەرجە ئەساسییەکە نییە، مەرجی ئەساسی ئەوەیە شارەزابێ لەبواری مەسەلەن بۆ نموونە زمان، ئەکادیمیست بێ، بڕوانامەی هێنابێ، بحوسی هەبێ، بۆ ئەو مەرجانە هەموو کراوەتە لاوەکی هی تەمەن و کورد بوون بووە بەسەرەکی؟ یەعنی ئەمە چ مەنتقێکە ئەم یاسایەی داڕشتووە؟ مەفروزە ئەوە لاببرێ من زۆر دژی ئەوەم کە تەمەن تەحدید بکرێ، گەنجێکی زۆر زۆرمان هەیە ئێستا هەر لەبەرنامەی تواناسازی رۆیشتوونەتە دەرەوە بۆ خوێندن، بۆ دەرفەتی وا لەبەر دەمیاندا نەرەخسێ بۆ ئەوەی لەو شوێنانە ئیش بکەن و کاری باش بکەن؟ (عضو الشرف) بۆ ئەویش بە تەمەن (50) ساڵ، یەعنی ئەگەر کابرا تەمەنی (49) ساڵ و نیو بوو بۆی نیە (عضو الشرف) بێ؟ یەعنی (عضو الشرف) چی دەکات؟ کە ئیلا دەبێ بەتەمەنەوە مەربوت بێت، بۆیە بەڕاستی من دژی تەحدیدکردنی تەمەنم لە هەردوو بابەتەکەدا، زۆر بەتوندیش، پشتگیری تەواوی خۆم بۆ قسەکانی کاك امیر دووپات دەکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح بيت الله فەرمووو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ڕۆشنبیریم کە دەڵێ (ان يكون من مواطني كوردستان) دەقاو دەق لەگەڵ ڕەئی کاك ئەمیر و سۆزان خانم، لەگەڵ تەحدیدی تەمەنم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان فەرمووو.

**بەڕێز شيلان عبدالجبار عبدالغني:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەز سەبارەت ڤی ماددەی بڕگا دبێژیت کو تەمەنی وی کورت بیت و تەمەنی وی نە 40کەمتر بیتن، ئەزیش وێ گەل بڕگێ دانینم، ئەزی ژی دەنگێ خۆ د دەمە دەنگێ هەڤالێ خۆ ئەمیر و سۆزان خان و کاك صباح، کو نابیتن تەمەن ببیتە مەرجێ ئەو هەتا مەرجێ ئەندامایەتی هەیە، ژبەر هندێ مەرج نینە هەرکەسەکێ کو توانایێ وی هەبن و شیاناوی هەبن، پسپۆراتیاوی هەبی ل بارەی زمانێ کوردیدا، تەمەنێ وی گەهشتبیتە 40 سالی، بەلکو هەیە ژ بەری بگەهیتە 40 سالی گەلەك کار کریەو بڕوانامەی هینایە،

پسپۆراتی هەیە و شارەزایی، ئەز ژی کو دبینم ئەو برگە نەمینێتن، هەروەسا یا تەمەنی ئەندامێ وێ نە ل 50 کەمتر بیتن، ئەز هەر نەفسی شت دگەل وێ دانینم، ئەم تەمنی بەلکو ئەم بهێلین ڤە کری، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرمووو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاستی بێ خوشکان و برایان باسیان کرد، بەڵام هەر بۆ تەئکید لەماددەی پێنج (أ/1) کەدەڵێ (ان یکون کوردیا) بکرێتە (ان یکون کوردستانیا)، ئەوەی تەمەنیش من پێم باشە وەکو خۆی بمینێتەوە، چونکە خیبرە، تەجروبە لەگەڵ شەهادە دوو شتی لێك جیاوازن، زۆر کەس تەخەروج دەکا، بەڵام هەتا چەندین ساڵ خیبرەی لە ئیختیاسی خۆشی وەرناگرێ، بۆیە من پێم باشە مادام ئەوە مەرکەزێکی ئاوا گرینگە حیفازەت لەزمان و کەلتور و فەرهەنگی کوردی دەکا، تەمەن و تەجروبە و خیبرە لەبەرچاو بگیرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری ڕای لیژنەی رۆشنبیری و هەندێك خوشك و برا دەکەم، ئەوانەی کە لەباتی کوردی کوردستانی بێت، لەبەر ئەو ئەسبابانەی کاك امیر بەجوانی وت، دووەم دەربارەی خودی ماددەکە هەمووی ئەگەر بێین ئەو ماددەی داخواز کراوە تەعدیل بکرێ، عزو عامل تەنها کوردستانی بیت، (40) ساڵی بێت، موهیم نییە کەفائەتی چییە، خیبرەی چییە، ئاخر ئەکادیمیای عیلمی لەهەموو دوەل (پریستیجە)، قیمەی زانین و پسپۆری لەو بوارە، لێرە هەر کوردێك، هەر کوردستانیەك، عومریش نەمینێتەوە وەکو ئەو خوشك و برایانە دەیلێن، هەر یەکێك تەعین دەبی لەسەر چ ئەساسێك؟ عزوی موئازر بەس کوردی بزانی، بۆ بویتە عزوی موئازر؟ هەمووومان کوردی دەزانین، منیش کوردی دەزانم......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە کاك عبدالسلام، مەرجی لەناوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن، کوردستانییە وتمان، موئازر (ان یتقن اللغة الکوردیة) ئەوە یەکەمێتی (ان تکون لە احاطة واسعة بفرع من فروع المعرفة)، یەعنی لە کوردی بەس کوردی بزانی، ئەدی بۆهیناومە ئەوێ؟ (30) ساڵیەکەش

لادراوە و، (ج/2) خۆی (لایقل عمره عن (50) سنة) بوو، یەعنی چی؟ تێنەگەیشتم (ج/أ) دەمینێت؟ چونکە (ج/2) هەر خۆی وەکو خۆی نووسراوە، واتە بەنیسبەت (ج/2) کێشە نییە، بۆ خۆی (50) ساڵ نووسراوە، هی شەرەف، ئەگەر تۆ (ج/أ) لانەدەی، بەنیسبەت موئازەر، زەمەنەکە لادراوە، یەعنی تەمەن لادراوەو، نووسراوە هەر تەنها کوردی بزانیت، هی یەکەکە قەیدی نییە، من دەڵێم ئەوەی ئەم یاسایە داناوە بڕوا بکە تۆزێ باش لەئیشی خۆی دەزانێ، ڕێگای داوە بە ئەو گەنجانەی تەمەنیان کەمە، بەڵام شەهادەیەکی باشیان هێناوە یان پسپۆری باشیان هەیە لەو بوارە، تاکو بیان کاتە ئەندامی موئازر، بۆیە تەمەنەکەی زۆر کەم داناوەو، هەروەها ڕێگای داوە بەوانەی زۆر خزمەتیان کردووەو، نیتاجیان هەبوو، بەڵام ڕەنگە ئێستا نەتوانن ئەوەندە ئەکتیف بن، تاکو ببنە عزو شەرەف، بۆیە سیستەمەکە بڵندبوو ئەوەشم لەگەڵە، ئەوەی ببیتە عزو عامل ئەبینین ئەبیتە ئەندامی ریئاسە، ئەندامی مەجلیس، بەڕاستی وەکو جارەکی دی ئەڵێم ئەم ئەکادیمیایە پریستیجێکی هەیە، مەعنای نییە ئەوەی نەبێتە ئەندام ئەکادیمیا وەکو یەکەکی ترکە عومری کەمترە یان خیبرەکی کەمترە، ئەوە پیاو نییە، یان بەشەر نییە، بەڵام ئێرە قیمەی ئەوەیە ئینسان خۆی هەوڵدەدات چۆن لەریازە دەتەوێ کاس وەربگری، کەبوویە ئەندامی ئەکادیمیا دەبێ ئەو هەموو سیفاتانەت هەبێ، ئەو مەترسی ئێمە کە ئەمەو ئەوی تر وەربگیرێ، ئەگەر بچن ماددەی (18) بخوێنین، نازانم ئێستا بوە (17)، ئەکادیمیا دەتوانێ لوجانی موئەقەت و دائیمی لەئەندامانی خۆی و غەیری ئەو تەشکیل بکات، واتە لێرە دا مەجال هەیە بەچەند شێوەیەك تۆ ئیستیفادە لە خەدەماتی خەڵك بکەی، دووەم ماددەی (19) کە مومکینە ببێتە ماددەی (18)، باسی مەکاتیبەکان و مودیریەتەکان دەکا، ئیشی فعلی لەوێ ئەکرێ، بحوثة ئەندامانی هیئه العامله یان الاعضاء العاملون ئیشراف دەکەن لەسەریان، بۆیە ئەو مەترسیەی خوشك و برایانە دەرئەبڕن کە ئەوەی تەمەن لابدرێ، بەحەقیقەت دەتواندرێ بە پێی ئەو پێکهاتە سوود لەو کەسانە لەهەموو جێگای تر وەربگرن، دەمینێت لەلای من پرسیارێك ئێمە ئەوانەی داوا دەکەین عەددەدیان (15 و 20 و 30) بی، ئەبینین لە مودیریەت مۆزەفن، خەڵکی ترە، ئەم (15، 16، 17) کەسە چی ئەکەن ئەرێ؟ بەس ئەمەوێ بپرسم بۆچیمانن؟ مادام ئەوان ئیشراف لە مودیریەتەکان ناکەن، مادام مودیر نین، ئەدی کۆبوونەوە ئەکەن چی ئەکەن؟ خۆ ئەو سەرۆکایەتیەی کە پێکهاتووە لە سەرۆك و جێگرو ژمێریار، دوو کارگێر ئەتوانن هەموو مەشورات و شت بکەن، لیژنەکانیش لە خیلال نەشاتیان ئەبینن ئەتوانن سوود وەربگرن لە هەموو ئەو کەفائەتە، ئەو شازدە، پازدە کەسی تر نەمزانی لەو قانونە ئیشیان چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەوڕام لەگەڵ ڕەفیقەکانم کە نابێت بڵێین (ان یکون کوردیا او عراقیا)، ئەمە هەر لەئەصلا ناکرێ بێتە ناو ئەو پڕۆژەیە هەر باسی لێبکرێ، چونکە ئێمە زۆر کەسمان هەیە لەئەرمەنستان ئێستا بەدەیان پڕۆفیسۆر هەیە، زمانی کوردی پاراستوە و خزمەتی کردیە بۆ زمانی کوردی تائێستاش بەسەدان کتێبی تەئلیف کردیە لەسەر زمانی کوردی، ئەمە ئەرمەنیەشە، بەڵام خزمەتی زمانی کوردی کردیە هاوڕایە لەگەڵ ئێمە کە کوردستانییە، دیسان کەسێك هەیە لە زاخۆ، سمیر زاخۆیی پێدەڵێن هونەرمەندە بەدەیان ساڵ خزمەتی زمانی کوردی کردیە و گۆرانی گۆتیە لەسەر زمانی کوردی، ئەمە هەر پاراستنە بۆزمانی کوردی، بۆ ئەم کەسانە بەدەر بکەین؟ ئەوایش هەر هاوڕانە لەگەڵ ئێمە، ئەمن زۆر زۆر دژی ئەو بڕگەمە، ئەمە دەبێ بنووسین وەکو لیژنەی رۆشنبیری باسی لێکردووە (ان یکون کوردستانیا)، کە عومرەکە ئەگەر (40) بێ یان (30) بێ، ئەمە دەبێ شروتەکی تێدابێ، چونکە هەرکەسێك بێ زمانی کوردی بزانێ بچێتە ناو ئەم ئەکادیمیا، ئەگەر ئەکادیمیای زمانی کوردی کە دەمانەوێ زمانێکی رێك و پێك و جوان رێکبخەین و تەوحید بکەین، دەبێ کەسانێك هەبن لەبواری زمان ئیشیان کرد بێ، لێبزانن، تەخەروجی کولییەی زمانی کوردی بن، نەك هەرکەسێ لەجادە، منیش وەڵا دەزانم چوار قسە بەکوردی بنووسم، بەڵام من زۆر شتی لێنازانم، نابێ بچمە وێ، دەبێ کەسانێك بکەمێ خیبرەی هەبێ، مخەوەل ببن تێدا، بزانن زمانی کوردی چۆن رێکدەخەن، چۆن تەنسیق دەکەن لەنێوان سۆرانی و بادینی، لەبەینی لەهجەکانی تر و ئەوی تر، تا ببێتە زمانێکی یەکگرتوو موەحەد، هەرکەسێ بێ بچێتە ناو ئەم ئەکادیمیایە بەڕاستی بەڕای من تێکیدەدا، ئەبێ ئەم شروتانەی لەسەر هەبێ، بەنیسبەت بڕگەی (ج) کە دەڵێ عومری (50) ساڵ بێ، ئەگەر (50) نەبێ ئەوانە ئەکەون لەماڵ، وەکو کاك عبدالسلام باسی کرد لەماڵ دانیشتوونە زمان شتێك لێدەزانن، بەڵام ناتوانن کارابن و ئیش بکەن، با ئەوانەش پرسی پێبکەن، وەکو موشریفێك وەکو بڵێین شتێکی یەعنی ئیشراف کەربن لەسەری کە شتەکە باشتر بۆیان دەوڵەمەند بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیویل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کاك امیر و سۆزان خان، کە یەك هاووڵاتی کوردستان بی نەك (ان یکون کوردیا)، ئەوەی تریش تەمەن دیاری نەکرێ، بەڵکو شارەزایی و لێهاتوو بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك امیر و سۆزان خان دەکەم، قسەکانم کراو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەك، من بڕوام وایە کوردستانی زۆر تەحدیدە، من بڕوام وایە وای لێبکرێ ئەو فەقەرەیە هەرکەسێك کە شارەزابێ و خاوەن ئەزموون بێ لەبواری زمانی کوردی بەگشتی ڕێزمان ئەدەبی کوردی کە ئەزموونی لە(10) ساڵ کەمتر نەبێ بە تیۆری و کرداری، ئەمە وامان لێدەکا ساڵەکەش، چونکە بەبڕوای من ئەزموون ساڵ تەحدیدی ناکا، بەبڕوای من ساڵ زۆر کەس چایەچییەك (30) ساڵ چای لێ بنێ چایەکەی خۆش نییە، بەس کەسەك (2) ساڵ چای لێبنێ چایەکەی خۆشە، هەرچەندە نموونەکە (مع الفارق)، بەڵام ئەوەیە ساڵ تەحدیدی ئەزموون و شارەزایی ناکا، بۆیە بڕوام وایە بۆ ئەوەی لە ساڵەکەش حەدی ساڵەکەش بڵێین (10) ساڵ ئەزموون دانێین بەتیۆری و کرداری بۆ ئەو فەقەرە، تەبعەن ئەوە بۆ هەموو عزوی موئازرو عزوی شەرەفەکەش ئەکرێ ئەو خیبرانە زیاد و کەم بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم، کە وەکو لەهەموارەکەدا هاتووە (ان یکون کوردیا بلغ (40) من العمر)، تەبعەن ئەمە بەڕاستی زۆر زۆر سنوورداری دەکا، ئەمە ئەگەر بێ و لە دوو ماددەی پێشوو زۆر زۆر لقی باسکرد لە لقەکانی لێکۆڵینەوەو دیراسەتی زمان و ئەدەبی کوردی، ئەگەر بێ و بەگوێرەی ئەوانە بی هەردەبێ ناوی لێبنێی شارەزا (ملماً بكافة المعارف الكوردية) لە زمان بێ، لەتوێژینەوە بێ، لەهەر لایەنەك لەو لایەنانە، شەرتیش نییە کوردیش بی، ئێمە بەدەیان کوردۆلۆژیمان هەیە، هەر ئەکادیمیا خۆی وا خەریکە شتێکیان بۆ ڕێکدەخا هەموو کوردۆلۆژەکان کۆ دەکاتەوە لە بیرو ڕایەکان وەکو بڵێی کۆنفراسێکی جیهانیان بۆ دروست دەکا، بەدەیان کوردۆلۆژ هەیە کەهیچیشیان کورد نینە، هەمووی موستەشریق بابڵێین خەڵکی ئەوروپاو ئەمەریکاو جۆرەها وڵاتی جیهانن، کەواتە لێرە هەرکوردییەکە هەڵبگیرێ، هەرکەسێك مولیم بێ لەهەر زانیاریەکی کوردی ئەوە دەتوانین بەوە تەبدیلی بکەین و، عزوی موئازریش ئەصڵی یاساکە کە دەڵێ (ان یکون ذا اطلاع في قواعد اللغة الكوردية وان يتقن اللغة الكوردية) موئازیرەکە یەعنی پێویستە ئەو شتانەی تێدا بی(ان یکون لها احاطة واسعة بفرع من فروع المعرفه) هەتا ئێرە شەرت نییە نیتاجی هەبی، یەعنی ئەصڵی یاسایەکە دوو خاڵی دانایە بگەڕێینەوە سەر ئەوە، لەگەڵ ئەوە نیم بەهیچ شێوەیەك کە عومردیار بکرێ، هەروەها لە عزوی شەرەفیش بەڕاستی پێویست ناکە ئەو عومرە دیاربکرێ،

ئەوەش بابلێین هەروەکو هاوکارانم وتیان ئەگەر (49) ساڵ و نیو بی ئایا ناتوانێ بەشداربی لەو پرۆسەیە بکا؟ ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من قسەکانم کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە تەرکیز دەکاتە دوو خاڵ وەکو مەحتەوا، یەکیان پەیوەندی بەنەژادەوە هەیە، ئەوی تریان پەیوەندی بەتەمەنەوە هەیە، من ئەگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکانی دەست نیشانکردنی ئەم دوو پێوەرە، کە پێم وایە پێوەرێکیان ئەتوانم ناوی لێبنێم پێوەرێکی کلاسیکیە کە پشت دەبەستێ بە تەمەن بۆشارەزایی و، بۆ تەجروبە لەکاتێکدا بەپێی پسپۆریەتی کە ئێمە قسە لەسەر زمان دەکەین، ئەبێ قسە لەسەر پسپۆریەتی بێ و، تەمەن تەحدید نەکرێ، تەجروبەی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامیەتی لەپەرلەمان و، کۆمەڵێك پێوەری تری گرینگ بەنەزەری ئێعتیبار وەربگیرێ نەك تەمەن، خاڵێکی تر کە من ڕام وایە ئەبێ کوردستانی بێ، بەو پێوەرەی کە زمانی کوردی زمانی ڕسمییە لە هەرێمی کوردستان دا و، هەمووو هاووڵاتیانی کوردستانیش دەتوانن ئەندام بن و، بەشدارێکی چالاك بن لەو ئەکادیمیایە و، سوپاستان کەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرمووو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (ان یکون مواطني کوردستان) ئەوە ئیشکالەکی لەسەر نییە بەحەقیقەت، بەڵام دیسان ئەوەی تێدا زیکر بکرێ (وله المام کامل باللغة الکوردیة واصلها ولهجاتها وتوزیعه الجغرافي اضافة الی اتقان عدد من اللغات خاصة تلکم اللغات التي هي من نفس عائلة الهند و اوربیة)، چونکە عزوی ئەکادیمیا یەعنی شتێك نییە، یەعنی شتێکی وا سەهل بێ، ئاسان بێ ئێمە وا بە ئاسانیمان وەرگرتییە بەڕاستی یەعنی، عزوی

ئەکادیمیا جاران ئەوانەی کە لەجیلی ئێمەنە دەزانن یەعنی هەتا یەکێك لەکۆڕی زانیاری دادەندرا یەعنی دەبایە کۆمەڵێك ئەوەی تێدابایە، یەعنی شەروت و مەرجی تێدابایە، یەکەکی وەکو مامۆستا ملا شوکر عزو نەبوو تەسەورکە، یەعنی ئەوە دەبێ بەنەزەری ئێعتیبار وەربگیرێ، مەسەلەی عومر من پێم وایە عومر بەحەقیقەت عومر خیبرەیە، یەعنی بمانەوێ، نەمانەوێ سەنەواتی عومر خیبرەیە ڕاستە یەعنی شەهادە ئەوەیە، ئێستا خەڵکێك هەیە بەڕاستی ڕێزم بۆیان هەیە دکتۆراشیان هەیە، بەڵام ڕەنگە خەڵکمان هەبی مەلابن، بەواستەی خیبرەیەوە زۆر لەوە لەزمانی کوردی باشتربێ، بەنیسبەت ئەوەی کە عزوی شەرەف، عزوی شەرەفیش بێگومان عزوی شەرەف کێیە؟ یەعنی جهودەکی نواندییە، جهودەکی مەشهودی هەیە، پێشتر (في مجال اهتمام في احدى جوانب الادب او اللغة والثقافة الكوردية)، یەعنی جهودەکی مەشهودی هەبیتن ئینجا دەکرێتە عزور شەرف، یەعنی ئەوە شەرت نییە کوردبیت، بەڵام دەبێ جهودی مەشهودی هەبیتن، ئەوە لێرانە زیکر بکرێتن بەڕەئی من باشە یەعنی بەحەقیقەت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ خوشك و برادەرانم، بەنیسبەت تەمەنەکە ئەمن بەڕاستی بەشتەکی دیموکراسی بڵێم تەقلیدی کلاسیکی دادەنێم، یەعنی مەرج نییە و زرورەتیش نییە دیاری بکرێت، بەڵام زۆر تەرکیز لەسەر شارەزایی پسپۆری دەکەم لە ئەدەب و زمان و فەرهەنگ و ئەوانەی کوردی، ئەوەش دەڵێ کە (کوردیا عراقیا) یەعنی عێراقیەن بۆ دابنرێ؟ مەعنای وایە کوردستانی تورکیاش بڵێ (کوردیا تورکیا)، موهیم یان کوردستانی بێت یان هەر ئەوەتە لای ببەین نەمینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك قسە دەکەمەوە کە دڵنیام وەڵامەکەی چییە، ئەو قسە دووبارە دەکەمەوە، خۆزگە سەرۆکی دەستە لێرە بوایە، بمبورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامان بداتەوە کاتێك ئێمە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە بەقوربان، تۆ مامۆستای جامیعەی، پەرلەمانتاری لەرووی قانونیەوە ناتوانێ بێ لێرە قسە بکە، برای خۆم، ئەبوایە ئێوە لەلیژنەکان بانگتان بکردبایە، موناقەشەتان لەگەڵ بکردبایە، حەق نییە دووجار تیکراری ئەو مەسەلەیە بکەیتەوە جەنابی دکتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆیە دووبارەم کردەوە لەبەر ئەوەی وتم ئەگەر بە عورف بجولێینەوە کاتی خۆی شتی وا بووە، بمبورە، من بۆیە لێرەدا کە دەڵێم بۆ ئەوەی وەڵامی داباینەوە، بەڕێزان ئەو یاسایە دەستەی ئەکادیمی دایانناوە، بۆ ئەوانە، ئەوان دەزانن بۆ وایان داناوە، من لەدوو خاڵدا قسە دەکەم، لەهەردووکیان نەك هاوڕانیم لەگەڵ هاوڕێکانم، پێچەوانەی ڕای ئەوان بیر دەکەمەوە، بۆچی؟ یەکەکیان باسی مەسەلەی ساڵ دەکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر مەسەلە گرینگی دانە بەگەنج، گەنجان لێرەدا وەکو ئەندامی یاریدەدەر جێیان کراوەتەوە، تەمەن (30) ساڵ، لەتەمەنی (30) ساڵ، جێی کراوەتەوە ئەمە، پێویست ناکا ئەمە بێینە سەر ئەوەی ناکرێتن من تەمەنم (38) ساڵە دکتۆرام هەیە، بەڵام سوپاسی ماموٚستا محمدی مەلا کەریم دەکەم بەتەڵەبەی خۆیم ڕابگرێتن، چۆن دەکرێ ئێمە ئەوە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەمەیا؟ کە مامۆستا محمدی مەلا کەریم هیچ بڕوانامەیەکیشی نییە، بەڕاستی تەمەن زۆر گرینگە لێرەدا، هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە تەمەنەکە پێویستە بمینێتەوە و، مەجالیش بۆ ئەمانە خۆشکرایە وەکو ئەندامی یاریدەدەر دەتوانن لەوێدا وەکو ئەوەی کە کاك دڵشاد وتی (10) ساڵ خزمەتی هەبێ، (10) ساڵ لەوێ بێ دەتوانێ بگاتە ئەو پلەی ئەویش وەکو ئەندامی کارابیتن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەخاڵێکی تریشدا من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی تر کەباس لەوە دەکەن دەڵێن کوردستانی بێ و کوردی نەبێ، بۆچی؟ سەبەبێك لێرە هەیە و هاتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، نەعاتیفەی قەومی وامان لێبکات ئێمە زاڵبین بەسەر هەندێك شتی تردا کە بێین بڵێین ئیلا دەبێ ئەمە کوردی بێت، نە هەندەك جۆری بمبورن لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ ڕای هەموو هاوڕێکانم، بەموزایەدەی ناوبنێن، بەچی ناو بنێن بڵێین ئەمە نەتەوەکانی تر بووە باوەڕم بە مافی هەموو نەتەوەکان هەیە، چۆن باوەڕم بەمافی نەتەوەی کورد هەیە، چۆن کاتی خۆی کە چەوسابووینەوە ئێمە لەژێر دەستەڵاتی بەعس دا ئەگەر بێت و ئێمە ئێستا وەکو کورد هەر شتێك بەرامبەر ئەو نەتەوانە بکەین، من لە شوێنی بەعسدا دەبینمەوە بەهین کردن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لێرەدا کە هاتووە دەڵێت پێویستە کورد بێت سەبەب هەیە، پێویست بوو بەڕێز لیژنەی ڕۆشنبیری ئەو پرسیارەیان بکرد بوایە لە ئەکادیمیا، کە بۆچی ئەو هۆکارەیان داناوە؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری بکەین لە ماددەی (25)ەوە هەست دەکەم هاتووە پاشتر کە دەڵێت پەیوەندی ئەکادیمیای کوردی لەگەڵ ئەکادیمیای نەتەوەکانی تردا لە هەرێم بە یاسا ڕێك دەخرێت، نەتەوەکانی تر کێن لە کوردستاندا؟ نەتەوەکانی تر، نەتەوەی تورکمانە، سریان و کلدان و ئاشوورییە، واتا لێرە مافێکی زیاتر بە ئەوان دراوە، کە چۆن وەکو کوردێك مافی ئەوەم هەیە مافی ئەکادیمیای خۆم هەبێت، ئەویش ئەکادیمیایەکی خۆی هەبێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا دوو پرۆژە یاسا هەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناردراوە، ئەنجومەنی شووراشی بڕیوە، هەم هی تورکمان بۆ ئەکادیمیای تورکمانی، هەم هی سریانی، ئەمە کاتێك دێتە کایەوە ئەو بەڕێزەی کەوا سریانە، ئەو بەڕێزەی کەوا تورکمانە، دەتوانێت لەوێ خزمەتی زیاتر بکات لەپاڵ ئەوەدا

پەیوەندییەکان بە یاسا ڕێك دەخرێت، لێرە بە یاساکە هاتووە کە ئەو بەڕێزانە یان ئەمەیان ببینایە، ئەگەر نەیان بینیوە، یاخود قسەیان لەسەر هەبوایە.

خاڵێکی تریش هەر سەبارەت بەمە دەکرێتن ئەو بەڕێزانە وەکو ئەندامی شەرەف تێدا بن، ئاساییە، نەك هەر تورکمان و سریان و کلدان، بەڵکو ئێستا وەکو کەسێکی ئیسماعیل بێشەکچی، تورکییە بۆچی ئەندامی شەرەف نەبێت، ئاساییە، بۆ ئەمە دەکرێت، بەڵام من پێموایە کە دەڵێم کوردی بێت، بەڵێ بۆ ئێرە کوردی بێت، مەرجیش نییە تەنیا لە باشووری کوردستان بێت، لە پارچەکانی تری کوردستان بێت، بەڵام ئەوەی تریان خزمەت بە نەتەوەکانی تر دەکات، کە ئەکادیمیایەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من وەکو وەڵام نا، داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام شەرت نییە ئیلا دەبێت کورد بێت، ئەگەر سریانیەك، کلدو ئاشوورییەك، تورکمانێك، ئینگلیزێك ئەگەر بە قەدەر کوردێك زیاتر شارەزای لە زمانی کوردی بێت، یەعنی پسپۆڕ بێت لە زمانی کوردی، بۆ ئەندام نەبێت تێدا؟ ئەوەی کە ئەکادیمیای جەنابت دەڵێی، ئەو ئەکادیمیایە بۆ زمانی خۆیەتی، کلدو ئاشووریەکە بۆ زمانی خۆی ئەکادیمیاو خزمەتی خۆی دەکات، بەڵام ئەو زمانەکەی خۆی نازانێت، دەیان کوردمان هەیە لە تاریخدا زمانی کوردی خۆی نازانێت، بەڵام زمانی عەرەبی دەزانێت خزمەتی زمانی عەرەبی دەکات، بۆ نەبنە ئەندام لە ئەکادیمیای زمانی عەرەبی، بە هەمان شێوە بۆ ئەوانی تریش، صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم خاڵی (أ) پشتگری لە ڕەئی لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم، کە دەڵێت دەبێت مواتنی کوردستانی بێت، بەڵام لە خاڵێکی تر، کە ئیشارەت بە تەمەن دراوە دەبێت لە سەرووی (40) ساڵ بێت، بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان، من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ خاڵی تەمەندا نیمە لەو ماددەیە، چونکە خەڵکانێك هەن کە بە تەمەن زۆر بچووکترن بەڵام لە ڕووی زمانەوانی و کوردی زۆر شارەزاترن، بۆیە لێرە داوا دەکەم و ڕەئی خۆم دەخەمە پاڵ ڕەئی هەڤاڵەکانم، کە خاڵی تەمەن لەم ماددەیە بە یەکجاری هەڵبگیرێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە سەراحەت پرسیارێکی تر، کە بۆ من لێرەدا جێگەی سەرسوڕمانە، لە هەیئەی ئەکادیمیای کوردی پێشوو، کە پازدە، یان نۆزدە نەفەرن، بە سەراحەت من کەسێکم نەدیت لەناویان کە لە هەیئەی ئیداری ئافرەت بێت، ئایا چ زەمانێك هەیە لەناو ئەو ئەکادیمیا کوردیەی کە ئێستا ئێمە یاسایان بۆ دەردەکەین ئافرەت لەو ئەکادیمیای کوردییە بەشدار بێت؟ ئایا ئافرەتی شارەزا، پسپۆڕ لە زمانی کوردی لە کوردستانی خۆمان بوونی نییە؟ ئەوە پرسیارێکە بەڕاستی من ئاراستەی ڕیئاسەی پەرلەمانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم، من دوو تێبینی و پێشنیارێکم هەیە، بەنیسبەت مەسەلەی کورد بۆ کوردستانی بوون، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوە نیم بە هیچ شێوەیەك ئەسڵەن ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێمە باس لە ئەکادیمیاو لە ئیختیصاص و لە شارەزایی دەکەین، یەعنی نە کورد بوون خاڵی بەهێزە بۆ ئەکادیمیایەکی زانستی، نە کورد نەبوون خاڵی لاوازییە بۆ ئەکادیمیایەکی زانستی، لەبەر ئەوە بە یەك دەستەواژە رزگارمان دەبوو، کە بڵێین شارەزا بێت لە زمانی کوردی خوا دەیکرد، ئێمە لە بیرمانە کە ئێستا سەرچاوەی زۆربەی نووسەرەکانمان بیانییەکانن، کەوا وەختێ منی کورد دەنووسم لەسەر زمانەکەم و لەسەر نەتەوەکەم پەنا دەبەمەوە بەر ئەوانەی کە موختەص بوون لەو مەجالە، بەتایبەتی ئەوانەی خزمەتێکی زۆریان کرد بەتایبەتی ئەرمەنیەکان، وەکو برایان باسیان کرد، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین کوردی بێت، یان کوردستانی بێت، باسی شارەزایی بکەین، شارەزا بێت لە زمانی کوردی، دوایی پێوەر دادەنرێت بۆ ئەم شارەزاییە، ئایا ئیختیصاصە، شەهادەیە، خزمەتی ئەو بوارەیە بە چەندساڵێك؟ ئەو گرفتە بەوە چارەسەر دەکرێت.

بەڕاستی بەنیسبەت تەمەنیشەوە هەروایە، یەعنی نە گەنج بوون، نە عەیبەیە، نە قسەیە بۆ کەسێك کە شارەزا بێت، نە تەمەن بوون، بە تەمەن بوونیش خاڵی بەهێزە بۆ کەسەکە شارەزا بێت، ئێمە بەپێی خۆمان دەزانین لە تەمەنی (22) ساڵی نەفەر هەیە شتی زۆر وەردەگرێت، دەیان کەسمان هەیە بە (30) ساڵ تەمەنەوە دکتۆرایان هەیە، لەبەر ئەوە لەوێشەوە هەر باسی شەهادەو ئیختیصاص و لێوەشاوەیی و شارەزایی بکەین باشترە، ئیتر ئەگەر داشماننا بەڕاستی، لەبەر ئەوەی بە پێوەری ستانداردی خۆمان لە کوردستان و لە زۆربەی وڵاتانی تریش لە (30) ساڵی قابلیەتی لە دکتۆرا وەربگیرێت، لە (30) ساڵ بەلای من زیاتر نەبێت، چونکە ستەم دەکەین لە کەسانێك کە لەنێوان (30 بۆ 40) ساڵە، لەوانەیە ئیختیصاصی باشیان لە رووی زمانەوە هەبێت.

بەنیسبەت خاڵی سێیەم/ کە پێشنیارێکە، وابزانم خوشکە صبیحە بوو باسی کرد، من پشتگیری ئەوە دەکەم، لێرەش حەرفەن نووسیومە، کە بەڕاستی پێویست بوو لە مەرجەکاندا ریعایەتی رێژەی ئافرەتان لەم دەستە باڵایە بکرێت و دەبێت بیکەن بە مەرجێك، من ئەوە بە داخەوە دەڵێم لێرە یازدە کەس کە کاتی خۆی دانراون لە ساڵی 2007، هەر یازدەیان پیاون، دواییش پێنج کەس ئیزافە کرا، هەر پێنجیان پیاون، مەعقول نییە ئێمە لە کوردستاندا شارەزایەکمان نییە لە خوشکان و ئافرەتان لە بواری زمان و ئەکادیمیا، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە ئیزافە بکەین (ان یراعی في الهیئة العاملة نسبة النساء)، دواییش لەسەر چەند پێك دێت، گرنگ ئەوەیە بە عومومیاتێکیش بێت ئاماژەی پێ بکرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی دانانی دەستەی باڵا ئەگەر گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەو کەلێنە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەمەوە كە تەعدیلی ماددەی حەوتەمە، دیارە لێرە ئەندامەكان دابەش كراون بۆ ئەندامی كاراو ئەندامی یاریدەدەرو ئەندامی شەرەف، لەبەر ئەوەی هەریەكە مەرجەكانی خۆی جیاوازە، بەنیسبەت ئەندامی كاراوە، وەكو لە پێشنیارەكەی لیژنەی رۆشنبیرییەوە هاتووە (ان یكون من مواطني كوردستان)، من پشتگیری ئەوە دەكەم لەگەڵ ئەوەدا (ان یكون من مواطني كوردستان وبلغ الاربعین من العمر) یەعنی ئەمە پێكەوە بێت، هەم لە مەواتنی كوردستان بێت، هەم تەمەنی (40)ساڵی لەگەڵدا بمێنێتەوە.

بەنیسبەت (ب- عضو مؤازر)، ئەندامی یاریدەدەر (ان یتقن اللغة الكوردیة)، كاتی خۆی لە یاساكەدا هاتووە (ان یكون ذا اطلاع بقواعد اللغة الكوردیة)، لێرە پێشنیار كراوە تەنها (ان یتقن اللغة الكوردیة)، من پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە بێت (ان یتقن اللغة الكوردیة وذا اطلاع في قواعدها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر ئەحمەد پرسیارێك بۆ هەموومان، ئایا پێویستە ئیلا زمانی كوردی بزانێت؟ كەسێك چۆن دەبێتە خەبیر لە زمانی كوردی، ئەگەر زمانی كوردی نەزانێت، نابێت، یەعنی چۆن دەبێت تۆ بە یەكێك بڵێی دەبێت زمانی كوردی بزانێت وەللا چیە دایدەنێ بە خەبیر لە زمانی كوردی، بە رەئی من ئەوەی هەر هەڵبگرن باشترە، عەفوم بكە، من پێم باشە هەڵبگیرێت، چونكە ناكرێت كابرایەك زمانی كوردی نەزانێت بە خەبیر لە زمانی كوردی دایبنێی، لە چ مەنتیقێك، لە چ قانونێك شتی وا دەبێت، عەفو، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە بەنیسبەت مەرجەكانی ئەندامی یاریدەدەر بوو، نەك ئەندامی كارا، ئێمە گوتمان ئەندامەكانمان دابەش كراوە بۆ ئەندامی كارا، ئەندامی یاریدەدەر، ئەندامی شەرەف، هەر یەكە مەرجی خۆی هەیە، ئەمە لە خاڵی (ب) كە مەرجە لە ئەندامی یاریدەدەر دەڵێت (ان یتقن اللغة الكوردیة)، كاتی خۆی لە یاساكە ئەمە نەهاتووە، دەڵێت (ان یكون ذا اطلاع في قواعد اللغة الكوردیة)، بەڵام لێرە من پێشنیار دەكەم، كە تەعدیلەكە وا پێشنیار كراوە (ان یتقن اللغة الكوردیة وذا اطلاع في قواعدها) زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخیر كەس ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم خاڵە من پێوایە کە دەستەواژەی کوردستانی هەڵبگیرێت، ئەگەر ئێمە لەناو ئەو بڕگەیەدا مەبەستمان ئەوە بێت بە دەستەواژەی کوردستانی، تەنها مەبەستمان هەرێمی کوردستان بێت، ئەوە بەشەکانی تری کوردستان و خەڵکی تری موختەص و خەڵکی شارەزای تیایە، کە زۆر زەحمەتە دواتر بە مەرجەکانی وەرگرتنیان ئەوان بتوانن لەم پۆستە ئیش بکەن، لەبەرامبەردا ئەگەر مەبەستەکە لەوە بێت ئەوانیش وەربگیرێن، ئایا لە رووی قانونیەوە، کە پێداویستیەکانی خۆیان بۆ وەرگرتن لەکاتی مونافەسەدا تەقدیم دەکەن، لەسەر

پاسەپۆڕتی هیچ کامەکیان لەوانە ئەوەندەی من ئاگادار بم وشەی کوردستانی نانووسرێت، قیاس بۆ کوردستانی وەکو قانونی نێودەوڵەتی هەر چوار پارچەی کوردستان زەحمەتە بتوانرێت یەکلا بکرێتەوە، بۆیە ئەمە تۆماتیکیەن ئیستیفادە کردن لە پسپۆرو لە زمانەکانی پارچەکانی تری کوردستان فەرامۆش دەکرێت، بۆیە تەئکید کردنەوە لەسەر مەسەلەی کوردی جیاوازە لەگەڵ کوردستانی، زۆر جار لەناوچە پەرتەوازەکانی کوردستانیش خەڵکانێك هەیە شارەزان لەمەجالی زمانەوانی کوردی، بەڵام دەکرێت لە کوردستاندا نەبن.

سەبارەت بە دیاری کردنی ئەو مەرجانەی کە دانراوە بۆ ئەندامانی ئەو دەستەیە، هەرچەندە من لەگەڵیاندا نیم کە کۆمەڵێك تەفاسیلە بەتایبەتی وەکو ئەوەی بەڕێزت گوتت، کە دەبێت زمانی کوردی بزانێت و ئەولەویاتی زۆر سادە دانراوە، بەڵام وەکو مەرجەکان دانراوە، دەبێت کۆمەڵێك مەرج دابنرێت بەلایەنی کەمەوە بتوانێت ئەو میکانیزمە، ئەو ئامانجانەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا قسەی لەسەر کراوە، بتوانێت لەو ئامانجانە بێنێتەدی، ئەم پسپۆرو شارەزایانەی کە لەمەدا تەحدید کراوە لە یەك، دوو خاڵدا کۆ دەبێتەوە، کە هیچی ئامانجەکانی پێشوو ناهێنێتەدی، بۆیە کە ئێمە دەڵێین دەبێت قاموس دابنێت، کۆمەڵێك شت دابنێت، دەبێت ئەوانە بکرێتە مەرجی پسپۆری، نەك بە تەنها مەرجی پسپۆری بریتی بێت لە زمانی کوردی، بۆیە من پێشنیازی ئەمە دەکەم لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرمان لەسەر شێوازەکانی زارەکی و قسە کردن و لەهجەکان قسە کردووە، پێشنیاری ئەوە دەکەم (ان یکونوا مختصین في مجال اللسانیات) یەعنی لە شێوازی زارەکیدا خەڵکی موختەصی تیا بێت، بۆ ئەوەی ب تەنها لە یەك مەجال لە پسپۆریەکان دووبارە نەبێتەوەو تەئسیر بکات لەسەر نەوعیەتی.

دووەم/ (مختصین في علوم التربیة والحاسوبیة والترجمة)، چونکە ئێمە ئەرکی تەرجەمە کردنمان داوەتێ، لوغەی کۆمپیوتەریش لوغەیەکی تەکنیکی نییە بۆ مەجالەکەی ئەمان، بۆ ئەوەی ئەو زمانەی لە کۆمپیوتەرو لە حاسوبیشدا پێی دەنووسرێت جۆرێك لە شارەزاییدا دەبێت، ئەمانە ئاگایان لەو تەیارە بێت کە زمانی کوردیش داخیلی ناو کۆمپیوتەر بووە، ئەمان جۆرێك ئیشرافیان بەسەر مەجەلەشدا هەبێت و، علومی تەربیەش دەبێت هەمان جۆرێك لە ئیشرافی راستەوخۆ و نا راستەوخۆیان هەبێت بۆ ئەو مەنهەجە دیراسانەی لە کوردستاندا دەردەچن، بۆیە دەبێت خەڵکی موختەصی تیا بێت لە مەجالی علومی تەربیە.

سێیەم/ بە رەئی من دەبێت (مختصين في مجال صناعة المعاجم)، یەعنی ئەمە زۆر مەسەلەیەکی گرنگە کە سیناعەی مەعاجم، یەعنی ئیختصاصێکی تایبەتمەندە، ئەگەر لەم جۆرە پسپۆریانەیان تێدا بێت، دەستەکە دەوڵەمەنتر دەبێت و، دەتوانێت ئیشەکانی خۆشیان باشتر بەڕێوە ببەن.

چوارەم/ (ان يكونوا مختصين في مجال التخطيط اللغوي)، یەعنی بە تەنها لوغە مەسەلەی قسە کردن و شێوازی نییە، تەختیتی لوغە هەیە، وەکو جاری پێشووش لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەمان کرد، کە لوغە ستیراتیجیەتە، بۆیە ئەو مەجالە مەجالێکی ئیختیصاصی گرنگە، پێویستە ئەو شارەزایانە تەنەوعی بێت، بۆ ئەوەی دەستەکە دەوڵەمەندتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی مەسەلەی ئەندامی کارا نابێت کوردی نەزانێت، بەڵام ئەندامی یاریدەدەر، یان هاوکار دەکرێت عەرەب بێت و کوردیش نەزانێت، بەڵام هاوکار بێت، خاصەتەن شارەزایی ئەدەبی کوردی، یان جوغرافیای کوردی، یان تاریخی کوردی بوو، دەکرێت وەکو هاوکار، یاریدەدەر بێت، چونکە بۆ مەسەلەی زمان تایبەتمەندی نابێت زمان نەزانێت، بەڵام وەکو هاوکار دەتوانێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج راستەوخۆ پەیوەندی بە ماددەی یەکەوە هەیە لە پێناسە کردنی ئەکادیمیا، ئەو ئەکادیمیانە لە هەر وڵاتێکدا هەیە مەسئولیەتێکی گەورەی لەسەرە، کاتێك کە ئەو تەصنیفە دەکرێت ئەوەی ئەندامی کارایەو ئەندامی یاریدەدەرە، ئەندامی کارا تەحەمولی مەسئوولیەتی قانونی دەکات، بەتایبەتی ئەگەر تۆ تەماشای پێناسەکە بکەیت، واتا ئەمە لایەنێکی بڕیاردەرەو مەرجەعێکە بەرامبەر بە زمان و پاراستن و تەحەمولی مەسئوولیەت دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت هاووڵاتی ئەو شوێنە بێت، چونکە تەحەمولی مەسئوولیەتی قانونی دەکات، کە دەڵێین کوردستانی، لێرەدا مەبەستمان کوردستانی خۆمانە، لەبەر ئەوە ناکرێت لە ئەندامی کارا بێت، تەنانەت لە پارچەیەکی تری کوردستان بێت، دەکرێت ئەوە لە پارچەیەکی تری کوردستان ئەندامی شەرەف بێت، ئەندامی موئازر بێت، چونکە ئەمە جیهەتێکی موقەریرە لە هەرێمی کوردستانداو بڕیاری زمانی فەرمی دەدات بۆمان، تەنانەت ئەو ئەرکانەی پێمان راسپێردراوە دەبێت هاووڵاتیەکی کوردستانی خۆمان بێت، ئەمە لەم لایەنە.

لە لایەنی دووەم/ هەڵبەتە ئێوە دەزانن من یەکێکم لەوانەی دائیمەن بانگەواز دەکەم بۆ کۆتا، بۆ ژنان و بۆ لاوان، بەڵام لەو بوارەدا بواری ئەوەی تیا نییە کە لاوان، یان ژنان بە کۆتا بێت، ئەگەر ژنێك بێتە ئەو بوارە، دەبێت بە توانای خۆی بێت، نەك بە کۆتا بێت، بۆچی ئەم حاڵەتە؟ چونکە ئێمە لە هەموو کوردستاندا (17) کەس دەبێتە ئەندامی عامل، ئەندامی کارا، ئەم (17) کەسە خۆ ژمارەیەکی زۆر هەیە پسپۆرە، لەوانەیە ئێمە هەزاران پسپۆرمان هەبێت لەبواری زماندا، لەو هەزار پسپۆرە تۆ (17) کەس

هەڵدەبژێری، یان (13)یان هەڵدەبژێری، لەبەر ئەوە دەبێت هەڵبژاردنەکە زۆر وریا بێت، زۆر بەوریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەنیسبەت ئەندامی موئازیر، دیسان ئەندامی موئازیر دەبێت پسپۆڕو شارەزا بێت، من لەگەڵ جەنابتم، ئەسڵەن نابێت ئەو دێڕەی تیا بێت (یتقن) زمانی کوردی، هەموومان زمانی کوردی دەزانین، بەڵام ئەرکێکمان هەیە کە پسپۆڕو شارەزا بێت لە زمانی کوردی، بۆیە دەبێت بەپێی بۆچوونی من ئەو تەمەنە بمێنێتەوە، مەبەست لەو تەمەنە کەڵەکە بوونی خیبرەو ئەزموونە، بۆ ئەوەی ببێتە فلتەرێك، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دەگاتە ئەوێ لەو بوارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك دەکەم لێرەدا ئایا بەڕێز جەنابی وەزیری رۆشنبیری کە لێرەیە تەمسیل لە رەئی کێ دەکات؟ ئایا تەمسیل لە رەئی ئەکادیمیا دەکات کاتێك کە بەڕێزتان پێی دەڵێن فەرموو وەڵام بدەرەوە؟ چونکە ئەو وەڵام و رەئیانەی بەڕێزی دەیدات من هەست دەکەم لە شوێنێکدا پێچەوانەیە کە لەو پرۆژە یاسایەدا هاتووە، کەسێك کە تەمسیل لە ئەکادیمیا بکات، پێویستە بەرگری لەوانە بکات، وەکو ئەوەی جەنابی وەزیر دەیڵێت، دەڵێت کوردستانی خۆمان، واتا هەرێمی کوردستان، ناکرێت هی پارچەیەکی تر بێت، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا هاتووە دەڵێت کورد بێت، کە وتی کورد بێت، واتا سنوورەکان دەبەزێنێ و هیچ هینێکی ....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر سەروەر تەعینی فەرمانبەران لە عێراق مەرجێکی وای نییە دەبێت جنسیەی عێراقی هەبێت؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە دەبێت جنسیەی عێراقی هەبێت، بەڵام ئەمە ئەکادیمیایە کاتی خۆشی لێرەدا کۆڕی زانیاری کورد هەبووە، هێمن و هەژاری تیا هەبووە کە جنسیەی عێراقیشیان نەبووەو کوردی رۆژهەڵاتیش بوون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دووجار پرسیار کردنی دکتۆر سەروەر، لەگەڵ ڕێزم بۆی، ماددەی (53)ی بڕگەی یەکی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێگا نادات ئەو کەسەی کە وەزیر نەبێت لە پەرلەمان ئامادە بێت و موناقەشەو ڕەئی خۆی بدات، هەتا ئەگەر جەنابی وەزیری مەعنی ڕاوێژکاری لەگەڵ خۆی هێنا، ئەوانیش ناتوانن قسە بکەن لەناو هۆڵی پەرلەمان، تەنها ڕەئی دەدەنە جەنابی وەزیری مەعنی کە ئامادە بووە لە هۆڵی پەرلەمان قسەی لەسەر دەکات، بەپێی ماددەی (53/أ)ی ماددەکە لە پەیڕەوی ناوخۆ.
سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کران، ئەو قانونە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانی عێراق (عضو عامل) ئەو کەسەیە موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت بەو شێوەیەی کە لە قانونەکەدا هاتووە، واتا ناتوانین وەکو جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری ئاماژەی پێدا خەڵکانێك بێنین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەو مەنصەبە، یان ئەو مەوقیعەی بدەینێ، ئەوە ڕوون کردنەوەیەك بوو ویستم ئاماژەی پێ بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بە بڕوای من کۆمەڵێك ئیستیفسارات و شت کران، ئەگەر قانونەکەمان هەمووی بەسەر یەکەوە بخوێندبایەوە، ڕەنگە زۆر لەو ئیشکالات و پرسیارانەی لێرە کران ڕوون دەبۆوە، بەتایبەتی ماددەکان دواتر، پاشان ئەکادیمیا مەلەفێکی خستۆتە بەردەستی هەموومان کە دیسان لەوێ هەندێ شتی ڕوون کردەوە، سەبارەت بە ئەندامی کارا، ئەندامی یاریدەدەر، شەرەف، سەبارەت بە لیژنەکان، بۆیە دیسان پێموا بوو دەبوایە بە باشی بخوێندرابوایە.
سێیەمیان/ بەڕاستی من لەگەڵ ڕوون کردنەوەکانی جەنابی وەزیرم، کە ڕوون کردنەوەکانی زۆر زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین، تا بەیانی سەعات (11) بە خواتان دەسپێرین هەربژین.

**فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 15\5\2012**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/5/15

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2012/5/15 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (16)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (16)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/5/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خسنەڕو و گفتوكۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسـای ئـەكادیمیای كوردی لەهەریمی كوردستان ژمارە(12) ساڵی 1997.

2-خسنەڕو و گفتوگو كردنی بیشنیاری یاسای بەدەست هینانی زانیاری.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم خـولی گرێـدانی دووەم ژمـارەی دانیشـتن (16) ڕۆژی دانیشـتن2012/5/15 ، بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)هەموار کراوی ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(16)ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات(11)پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی2012/5/15 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خسنەڕو و گفتوکۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ئەکادیمیای کوردی لەهەریمی کوردستان ژمارە(12) ساڵی 1997.

2-خسنەڕو و گفتوگو کردنی بیشنیاری یاسای بەدەست هینانی زانیاری.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و ڕێکخەری کاروباری نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین،ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەوانەی کە غائب و موڵەت دراون دەخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی کەلەدانیشتنی ژمارە(15) لە 2012/5/14 ئیجازە بوون یاغائب بوون:

1-اسماعیل سعید محمد - مۆڵەت دراوە

2-بێریڤان اسماعیل –ایفاد کراوە

3-تارا تحسین-مۆڵەت دراوە

4-ڕێباز فەتاح-ایفاد کراوە

5-شلێر محمد نجیب-موڵەت دراوە

6-شەونم محمد غەریب-موڵەت دراوە

7-شێردڵ تحسین-مۆڵەت دراوە

8-یاووز خورشید عثمان-مۆڵەت دراوە

9-گۆران ئازاد-مۆڵەت دراوە

10-محمد موسی -مۆڵەت دراوە

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کار،بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتۆکۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسی ئەکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان،فەرموو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری بۆ شوێنەکانی خوتان.گەیشتینە مادەی شەشەم پێموایە،فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕیز سەرۆکی بەڕلەمان.**

مادەی شەشەمی پڕۆژەکە بەم شێوەیەیە،المادە(6)تضاف مديرية الترجمة الى مديرية الواردة بالمادة(8)من القانون.ئەگەر تێبینی بکەین مادەی(8)ی یاساکە پەیوەستە بەبابەتێکی تر،واتە ئەم مادەیە بەهەڵە هاتووە بۆیە دەقی مادەی(18)م لەیاساکە دەخوێنمەوە کە ئەو بڕگەیە پەیوەستە بەئەو.

**الفصل الخامس**

**شؤون الآكاديمية الادارية و المالية**

المادة/18

آ-للمجمع المديريات التالية:

1-مكتب رئيس المجمع/ الآكاديمية،واتە یاساکە پێش ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر بکرێ بەو شێویە چاپ کرایتەوە.

2-مديرية الآدارة و الآفراد.

3-مديرية المحاسبة و التدقيق.

4-مديرية الآعلام و العلاقات العامة.

5-مديرية الخدمات الفنية و العلمية.

6-مديرية المطبعة و النشر.

7-المكتبة.

8-مركز المخطوطات و الوثائق.

9-المخزن.

ب-يرآس كل مديرية موظف حاصل على شهادة جامعية و يرتبط بالسكرتير.

ج-لمجلس الآكاديمية استحداث مديريات و اقسام اخرى عندالآقتضاء.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی(6) بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕان زیاد دەکرێ بۆ ئەو بەڕێوە بەرایەتیانەی کەلە مادەی(8)ی یاساکەدا هاتوون.

1-بەڕێوە بەرایەتی وەرگێڕان.

سەبارات بە ڕای لێژنە ئێمە هیچ تێبینییەکمان نیە لەسەر دەقە کوردیەکە تەنها ئەوە نەبێ لەدەقە عەرەبیەکە دا لەجیاتی مادەی(18)نووسرایە مادەی(8).

سوپاس.

**سۆزان يوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(6)تضاف مديرية الترجمة الى المديرية الواردة بالمادة (18)وليس المادة(8) كما جاءت في هذا المشروع من القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لێژنەی یاسایی سەبارەت بەم یاسایە بەم شێوەیە،لیژنەی یاسایی تێبینی ئەوەی دەکا وەك لەسەرەتا ئاماژەم پێدا بە هەڵەی چاپی هاتووە، واتە بابەتەکە پەیوستە بە ماددەی(18)ی یاساکە وە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو هەموار کردنە ناکەین،چونکە بەپێی یاسا لەدەستەلاتی ئەنجومەنی ئەکادیمیە کەمودیریات ئیستحداس بکا،واتە پێی ناوێ،هەرچ کارێك بکات مافی خۆیەتی بەپێی یاسا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟؟

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل رایە لێژنە قانونیمە،چونکە تە مادە(18)دایە ئەسلی قانونێ دا هاتی ئەڤ سلاحیا دایە ڤی ئەکادیمێ کو مدیریاتی ڤەکە،ئیدی چ حاجەتە کو لێ ب دەرگایە ئاماژە بدەینە کو مدیریە تەرجمی بهێتە کرن،واتە ئەو صلاحییەت وان بخویت هەی و چن صلاحیتێ بکار بێنن ژبەر هەندی پێدڤی ناکاتن و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم مادە تێ بگەم ئەگەر ئەکادیمیا تەنیا ترجمەی ئەوەی پەیوەندیدارە بەزمانی کوردی ئەوە پێویست ناکا مە هەبێتن، بەڵام ئەگەر ئەکادیمیا مەعنی بێ بەتەرجومەکردنی بواری سقافەی عامە لە هەموو بوارێك کە دەیان کتاب و دەیان شتی گرنگ لە عالم دەردەچێ ئەم ئەکادیمیا بتوانێ تەرجومە بکاتن بو شارعێ کوردی،بو خەلکێ کوردستان من پێم باشە زیکر بکرێت و ئەمە هەبێتن،وە من لەوە تیبەگەیشتیمە داخۆ لە ئەهدافی ئەوە نەهاتوە ئەگەر هەدەفەکەی بە شێوەکی عام بێتن ئەوە پیویستە هەبیتن،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تێبینی لیژنەی قانونین،چونکە لە برگەی(ج)دا هاتووە کە مەجلیسی ئەکادیمی ئەو مافەی هەیە کە مدیریاتی تر دروست بکات،وە پیشم وایە کە پێویستە هەر مودیریاتێك لەگەڵ بێداویستی پێناسەی ئەکادیمیاکە بگونجێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری ئەگەر تێبینیەکی ترتان نیە بچنە سەر مادەیەکی تر.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە،ئێمە لەسەر ئەو ئەساسەش لەگەڵ بوونی بەڕێوە بەڕایەتیێکی وابووین کەهیچ زیانێکی تێدا نیە،دەنا دەمانزانی کەئەنجومەنی ئەکادیمیە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بەڕێوە بەڕایەتیەکی لەم بابەتە هەرکاتەك بیەوێ زیادی بکاو پێکی بهێنێ.

ماددەی(7)-

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(7)ی پرۆژەکە بەم شێوەیە،تعدل الفقرة الاولى من المادة العاشرة وتقرآ كما يلى:

1-يتم آنتخاب رئيس الآكاديمية بحضور ثلثي الاعضاء العاملين و بالآقتراع السري و بالآكثرية المطلقة لمدة آربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة و يصدر بذلك قرار من رئاسة الآقليم،ئەسلی یاساکە بەم شێوەیەیە، المادة(10):

آ-يتم اختيار رئيس المجمع بحضور ثلثي الآعضاء العاملين و بالآقتراع السري و بالآكثرية المطلقة و يصدر بذلك قرار بالتعين من رئاسة مجلس الوزراء لمدة آربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

تێبینی ئەوەی دەکرێ کەهەڵەی چاپیە،سەبارەت بەتعدیل کردنی برگەی یەکەم،برگەی یەکەم نیە برگەی(أ)ە لەمادەی یەکەم.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی یەکەمی مادەی(10)هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

1-هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەکادیمیا بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کاراو و بەدەنگدانی نهێنی و یابەزۆرینەی دەنگ دەبێت و بۆ ماوەی(4)ساڵە و بۆی هەیە جارێك نوێی بکاتەوە و بۆ ئەوەش بڕیار لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە دەردەچێت،ڕای لیژنە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابریژرێتەوە،برگەی(1)مادەی(10)هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

سەرۆكی ئەكادیمیا بەدەنگدانی نهێنی و بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەكادیمیا بۆ ماوەی(4)ساڵ هەڵدەبژێرێت و تەنیا بۆ جارێك نوێ دەكرێتەوە و بۆ ئەمەش بڕیار لە سەرۆكایەتی هەرێمەوە دەردەچێ.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة(7)نقترح آعادة صياغتها بالشكل لآتي:

تعدال الفقرة الاولى من المادة(10)و تقرآ كالآتي:

1-يتم انتخاب رئيس الآكاديمية بالاكثرية المطلقة لعدد أعضاء مجلس الآكاديمية بالاقتراع السري و لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة و يصد بذلك قرار من رئاسة الاقليم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جیاوازی مادەكە لەگەڵ پرۆژەی پێشكەش كراو ئەوەیە كە دامەزراندنەكە بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبوایە لەبەپێی قانونە كۆنەكە،ئێستا بەبڕیاری سەرۆكایەتی هەرێمە،بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە هەموار كردنەكە دەكەین كە بەم شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێم وایە ترجمە كوردیەكە زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ عربیەكە،نوقتەی نزامت هەیە ناسك خان،باشە كە وتم بەسەر چاوان،لەبەر ئەوە تكا دەكەم وەرگێرانە كوردیەكە دوایی بیدەنەوە خوم لە جێگایەك وەدەكەم تەرجمەی باشی بكەن،كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە تكایە،تەنیا دوو كەس؟ باشە زیادی كرد، ناوت بڵێ؟

ناسك توفیق عبدالكریم

بەیان احمد كۆچەری

د.احمد ابراهیم علی(وەرتی)

سەروەر عبدالرحمن عمر

شڤان احمد عبدالقادر

سالار محمود مراد

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ هەستام ئەم ملاحزەم وت بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵنەستم بەس هەست دەکەم لیژنەی یاسایی بەهەندی وەرنەگرت،چونکە ئەمەی کەلەناو سندوقەکانی ئێمە دایە نووسراوە قانونی ئەکادیمیا ڕەقەم(12)ی 1997 المعدل،کەواتە ئەمە ئەسلی قانونە معەدەلەکەیە،ئەمە هەمواركردنی ئەم قانونەیە،یعنی ئەبێتە معدەلی دووەم،یعنی هەمواركردنی ئەم یاسایە،ئیستا ئەم مادەیەی حەوتەم کە ئەڵێ (تعدل الفقرة الاولى من المادة العاشرة) عاشرە نیە حادی عەشرەیە،مادەی عاشرە موزوعێکی ترە،باس لەمە ناکات لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوە بەسەرمانا تێنەپەڕێ ئەمە یەك،دوو مادەی پیش ئەوەش مادەی شەشەم هەرعینی شت مادەی تاسع عشرە و دەیەم نیە نۆیەمە لەبەڕ ئەوە ڕجائەن من هەست دەکەم ئەم پرۆژەیە کە ئامادە کراوە لە لایەن ئەکادیمیاوە یاخود هەرکەسێ ئامادەی کردووە لەسەر تعدیلەکە کردوویەتی نەك لەسەر یاسا معدل کراوەکە،بۆیە پێویستە تێنەپەرێ بەسەر لیژنەی یاساییاو سوپاس.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەئەو تعدیلە کەهەڵبژاردنی سەرۆکی ئەکادیمیا و قابیلە بۆ تجدید یەك جار بەقەرارێك لە لایەن سەرۆکی ئەقلیم کە ئەکادیمیا سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێ بۆقەرارەکە لە ڕئاسەی ئەقلیم دەربچێ؟؟تێبینیەکەی من لێرەدا ئەوەیە کە تجدیدەکەش بە قەراری ئەنجومەنی وەزیران بێ مادام مورتەبیتە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم ناوازحی هەیە لەومادە، چونکە دەڵێ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەکادیمیا بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کارا،ئایا مەبەست لێرەدا ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانە کاتی هەڵبژاردنەکە یامەرجە سەرۆك دوو لەسەر سێی تێکڕایی دەنگەکان بێنی؟؟ئەمە خاڵێکیان کە وازح نیە،خاڵی دووەم دەڵێ هەڵبژارنی سەرۆکی ئەکادیمیا بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کاراو بەدەنگدانی نهێنی و یا بەزۆرینەی دەنگ دەبێ،خۆت دەزانی دەبێ یەك ڕێگا هەبێ یا بەزۆرینەی دەنگ یا دوو لەسەر سێ،کامیان؟؟ئەمە دووحاڵەتی لێك جیا کردۆتەوە،دەبێ لێك جیا بکرێتەوە،چونکە لە ئەسلی یاساکەدا هاتووە بە ئامادە بوونی

دوو لەسەر سێی ئەندامە کاراکان ئـەنجام دەدرێت،چـونکە مـن خـۆم لەگـەڵ ئـەوەدام کـە بـە دەنگـدانی دوو لەسەر سێ بێت،خاڵێکی تر کە ئاشکرا نیە ئەویش لە کوتایی بڕگەکەدا دەڵێت بەزۆرینـەی دەنـگ دەبێـت و ماوەکـەی چـوار سـاڵە و بـۆی هەیـە جارێـك نـوێی بکاتـەوە،بۆ ئـەوەش بڕیـار لەسـەرۆکایەتی هەرێمـەوە دەردەچێ؟؟ئایا نوێ کردنەوەکە بەپێی ئەم دەقەی کە لێرەدا هاتووە بە هەڵبـژاردن دەبێتـەوە یـان لەلایـەن سـەرۆکایەتی هەرێمـەوە بڕیـار دەدرێ بـۆ ئـەوەی کـەدووبارە دابنرێتەوە،بـەپێی ئـەوەی کـە لـە دەقەکـە هاتووە،ئەو مانایە دەگەیەنێ کە بەبێ هەڵبژاردن دادەنرێتەوە،هیوادرم ڕوون بکرێتەوە و چاك بکرێتـەوە و سوپاس.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەتری یەکەمی قسەکانی من کاك د.سـەروەر کـردی،من دەبیـنم چـوارِ سـاڵ بـۆ ئەکادیمیایـەك شـتێکی زۆرِ کەمە،یەعنی لە زۆرِ ولاتان (مدی العمر) هەیە،چونکە شروت هەنە بۆئەو سەرۆکە یابۆ ئەوئەندامـە کارانـە کـە دەکرێـت سـبەینێ جەریمەیـەکی کرد،ئەمـە دەگـۆڕدرێن زۆر تەبیعیە،بـەلام چـوارِ سـاڵ زۆر کەمـە بـۆ ئیستقرارێکی سەقافی لە ولاتێك بۆ ئەکادیمیایەك کە ئەو ئەرکە قورسە لەسەر شانیەتی،من دبینم کە چوار ساڵ بەلای کەمیەوە لە شەش ساڵ کەمتر نەبێتن،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیا من تـەنها تـاقیبم لەسـەر بڕگـەی ئـەخیر هەیـە کـە بـۆ جارێـك نـوێ ئەکرێتـەوە بـە بڕیارێـك کـە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرئەچێ،من پێم وایە ئەوە ئەبێ روون بکرێتەوە چونکە ئەگەر بەو پرنسیپە بێ بۆ قۆناغی دووەم مەبدەئی هەڵبژاردن لەبەر چاو ناگیرێ،وە من پرسارێکم لەلیژنـەی بـەرێز هەیـە ئایـا حیکمـەت چـیە سـەرۆکایەتی هـەرێم ئـەم ئەرکـە لەئەسـتۆ بگـرێ و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران نەبێ؟؟سوپاس.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی بەرلەمان.**

ماددەکە وەکو ئەوەی تەواو بێ بڵێین مادەی یانزەیە لەئەسلی قانونەکە تەعدیل بکرێ ئەمە یـەك،دووەمین تەعدیلەکەش ڕوونە حاڵەتەکانی بەپلە وەرگرتووە،مەرجی یەکەم ئەبێ دوو لەسەر سێی ئەنـدامان ئامـادە بن،دووەمین شێوازی دەنگدان ئیقتیراعی سرِیە، سێیەمین نەتیجە ئەبێ ئەکسەریەتی موتلەقی حزور بێنێ، یـەعنی پـەنجا زائیـدەن یـەکی حـزور بـێنێ، چـونکە چوار سـاڵ ئەمێنێتـەوە، بـۆی هەیـە بەهـەمان ئـەم میکانیزمە جارێکی تر دەورەیەکی تر بەردەوام بێ، نوقتە کەئەڵێن نوقتە ئینجا دوای ئەوە (ویصدر بقـرار

من ڕئاسە الاقلیم)قەراری ڕئاسەی ئەقلیم بۆ هەموویەتی، یەعنی بۆ یەکەمجاریش ئینتخاب بکرێ بۆ ئەوەی کە تصدیقی ئینتخابەکە بکرێ قەڕاری بۆ دەرئەچێ لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە بەو جۆرەیە، واتە قرار من رئاسة الاقلیم بۆ دەورەی دووەم نیە،بۆ دەورەی یەکەم و دووەمە، بەلاّم بۆ هەردوو دەورەکە ئەو میکانیزمەیە کەهاتووە لە تەعدیلی مادەکەیە و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك فرسەت هەندێ ڕوون کردنەوەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من سیاغەی فەنی ئەو مادەیە غەڵەتە،چونکە هەڵبژاردنی سەرۆکی گریدایە لەگەڵ ئامادە بوونی سولسی ئەندامەکان،باشە ئەگە زیاتر حازر بوون بەرەئی من مەفروزە واسیاغە بکرێتن کو لەسولسەك کەمتر نەبن،نابێت واسیاغەبێ کوسولسەك ئامادە بن، چونکە ئیحتمال هەیە لەسولسەك زیاتر ئامادە بن،زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر هەیە کە ئەو مادەی حەوتەمە پەیوەستە بە بەماددەی دەیەمی پرۆژەکە نەك یازدەکە،وە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکە پەیوەستە بە ماددەی یازدەم بۆ هەڵبژاردنی جێگری سەرۆکی ئەکادیمی وە ماددەی دەیەم کەخوێندمەوە بەو شێوەیە:

المادة العاشرة:

(آ-یتم آختیار رئیس المجمع بحضور ثلثي الآعضاء العاملین) هەتا دوایی، وە ئەو پرۆژە کە لەلایەن حکومەت هاتووە بەوازحی ئیشارەتی پێدایە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرایە،جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دوێنێش ئاماژەم پێدا ئەو چاپە دابەش کرایە لەسەر ئەندامان ئەوە وابزانم سەرۆکایتیش وەلاّمی هەبوو کەگوتیان ئاگامان لێ نیە کە کودابەش کرایە، ئەوە هەموار کردنەکەیە کە بەنیازن هەموار بکرێ بەم شێوەیە هەرچەندە لەبیدایەتی نووسراوەکە بەغەڵەتی ئیشارەتی پێدراپە کەقانونەکە هی ساڵی 1997ە وە قەرارەکەشی قەراری ژمارە سیوهەشتە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال نوقتەی نیزامت هەیە؟؟فەرموو

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان دەبینم ئەوەی حكومەت تەواوە، چونكە (قانون التعديل الثاني لقانون المجمع في اقليم كوردستان) نەگوتیە (قانون التعديل الثاني لقانون الاكاديميه الكورديه)چونكە لەتەعدیلی دووەم بیە قانون لاكاديميه الكورديه ئەگەر بەم شێوە بێ وەك جەنابی وەزیر دەڵێ لازمە پێداچوونەوە بكەن لەمادەكانی تریش پێش ئێستا،تەواوە ئەوە مادەی دەیەمە نەمادەی یازدەمە دروستە لەئەسلی قانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ هیچ تێبینیت هەبو؟؟؟

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا بۆ ڕون كردنەوە یەعنی لێرە بەبڕوای من هیچ تێكەل و پێكەڵییەك نیە لەو بڕگەیە هەروەكو هەندێ لەخوشك و براپان ئاماژەیان پێكرد،ئەویش ئەوەیە یەعنی ئەو كۆبونەوەی كە سەرۆكی ئەكادیمیای تێدا هەڵدەبژیرێت بەقانونی حساب ناكرێ ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەكادیمیا لەو كۆبوونەوەیە ئامادە نەبن،بەلاّم بۆهەڵبژاردنەكە بەزۆرینەی ڕەهای ئامادەبووان كەنابێ لە دوو لەسەر سێی كەمتر ئامادەبن هەڵدەبژیرێت، بۆیە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە پیشنیارمان كردووە بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن،مەسەلەن بۆ نموونە حالی حازر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەكادیمیا پانزە ئەندامی كارایە ئەگەر دوو لەسەر سێی ئامادەی ئەو كۆبونەوەیە بن واتە دەكاتە دە ئەندام،زۆرینەی ڕەهای دەكاتە شەش ئەندام، واتە بەشەش ئەندام دەكرێ سەرۆكی ئەكدیمیا هەڵبژێری،ئێمە پیشنیازمان كردووە بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان كەهی پانزە ئەكاتە هەشت ئەندام،بەهەشت ئەندام هەڵبژێری نەك بەشەش ئەندام بۆئەوەی شەرعیەتی زۆرتربێ، پیشنیازی ئیمە هەر ئەوەبوو سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی بەرلەمان.**

ئێستا ئیشكالێكمان تووش بوو بەهۆی ئەم مناقەشەوە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتەی كەحكومەت ناردوویەتی بەداخەوە ئەیڵێم بێئاگاییە لەوەی كەئێمە هەمواركردنی یەكەمان كردووە بەناوی هەمواركردنی ئەكادیمیای كوردی یاسای ژمارە 39/ی ساڵی 2007،ئەو تەعدیلەی كەئەوان ناردوویانە لەسەر مەجمەعی كوردی قانونی ژمارە 13/ی ساڵی 1997 ئێستا ئێمە ئەم تەعدیلە لەسەر كامیان ئەكەین لەسەر ئەسڵی

قانونەكە ياخود لەسەر هەمووانە،چونكە لەئەسڵی قانونەكە ناوی مەجمەعی كوردیە،لەهەموار كردنەكە ناومان ناوە ئەكادیمیای كوردی،خۆ ئەبێ ئەمە یەكلا بكرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسایەك دەرچووە لەهەرێمی كوردستان بەژمارە(12)ساڵی 1997 جارێك هەموار كراوە،هەمواركردنەكە ژمارەی 39 یە ساڵی 2007 ئێستا كەئێمە هەمواركردنی دووەمی دەكەین دەبێ ئیشارەت بدەین بەئەسڵی یاساكە كەژمارە 12ی ساڵی 1997 نەك هەمواركردنی یەكەم ژمارە 39ی ساڵی 2007، بۆیە دەبی موراعاتی ئەوەی بكەین لەقانونەكەی تەعدیلی یەكەم تەنها دوو مادە تعدیل كراوە وە دوو مادەش ئیزافە كراوە،لەمادەی یەكەمی ناوی مەجمەعەكە گۆڕاوە بوویتە ئەكادیمیای كوردی، واتە دەبوایە كاتی چاپ كردنی وە پێشكەش كردنی پڕۆژەكە ئیشارەتیان بەوە دابایە نەك (قانون التعدیل الثاني لقانون المجمع العلمي الكوردستاني) دەبوایە بەناوی قانونی الاكادیمیە الكوردیە رقم 12 لسنة 1997 المعدل. بەو شێوەیە بێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی كاك فرسەت روون كردنەوەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی كاك عونی راستن، بەس بۆ ڕوون كردنەوە، تەعدیلی یەكەم داخلی ئەسڵی قانون ئەبێت وە تەسەلسولی مەواد جارێكی تر راست دەكرێن،ئینجا تەعدیلی دووەم لازمە ئیشارەت بەقانونە ئەسڵیەكە بكەن نەئیشارەت بەتعدیلەكە بكەن،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بۆماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

المادة الثامنة لەپڕۆژەكە  تعدل المادة الحادیة عشرة من القانون وتقرآ كما یلي:

(لرئیس الاكادیمیة نائب ینتخبه مجلس الاكادیمیة  من بین اعضاءه العاملین بالاكثریة المطلقة و بالاقتراع السري لمدة اربع سنوات قابلة للتجدید مرة واحدة ویقوم مقام الرئیس عند غیابه)،ئەسڵی یاساكە بەو شێوەیە،(المادة الحادیة عشرة،لرئیس الاكادیمیة نائب ینتخبه مجلس الاكادیمیة من بین آعضاءه العاملین

بالاكثرية المطلقة و بالاقتراع السري لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ويقوم مقام الرئيس عند غيابه).

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی هەشتەم، مادەی یازده لەیاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ج- ئەندامانی ئەكادیمیای خۆ تەرخان نەكردوو ڕێزانەی مانگانە وەردەگرن.

د-لەكاتی كۆتایی هێنان بەئەندامیەتی ئەندامی كارای خۆ تەرخان نەكردوو ئەوا مووچەی خانەنشینی بۆ تەرخان دەكرێت گەرهاتو مووچەیەكی تری نەبێ یا وەزیفەیەكی تری نەبێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك عونی خوێندیەوە دوو مادەی جیاوازن،ئەسڵەن لەكوردیكە دا ئەوە نەهاتوە،سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: تعدل المادة الحادية عشرة من القانون وتقرآ كما يلي:

(لرئيس الاكاديمية نائب ينتخبه مجلس الاكاديمية من بين آعضاءه العاملين بالآكثرية المطلقة و بالاقتراع السري لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة ويقوم مقام الرئيس عند غيابه).

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای لیژنە بەو شێوەیە دەقە كوردی و عەربیەكە وەك یەك نین،بۆیە ئیمە لەگەڵ ئەوەین دەقە عەربیەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە و ئەو بكرێ بە ئەساس.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة تبقى كما هي عدا آلاخطاء اللغوية.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەی نهائی دوایی چاكی دەكەینەوە،تێبینی ئەوەی دەكەین كەوا زمانەوانی بەتەواوی نەنووسرایەتەوە،سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟؟

**بەڕێز شفان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگری سەرۆکی ئەکادیمیا یەك لە ئەندامە کاراکانە،بۆیە پێویستە لەئەندامە موتەفەریغەکان حساب بکرێتن،لە دەقە عەربیەکەدا (ویکون متفرغا)،یەعنی لەئەندامە کاراکانە، لێرەدا نەهاتووە کەموتەفەریغە یا متفرغ نیە، پێویستە ئاماژە بە موتەفەریغیەکەی بکرێتن.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئەو میکانیزمەی کە سەرۆکی ئەکادیمیای پێ هەڵدەبژێرێ دەبێ بەهەمان میکانیزم جێگری سەرۆك هەڵبژێرێ،چونکە جیگای ئەو ئەگرێتەوە لەحاڵەتی نەبوونی یا لەحاڵەتی غیاب، بویە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێ ئەگەر مەرج بێ بۆ هەڵبژاردنی دەستەکە بڵێین لاعضاء العاملین مەرج بێ بۆجێگرەکەش.

مادەی نۆیەم:

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة تضاف فقرتان(ج&و)الی المادة الحادية و العشرون من القانون كما يلي:

ج-يستلم اعضاء مجلس الاكاديمية غير المتفرغين مكافئة شهرية.

و-في حالة آنتهاء عضوية العضو العام غير المتفرغ المخصص لها الراتب التقاعدي ان لم يكن يستلم راتبا و مرتباً لوظيفة آخرى.

ئەسلی قانونەکە بەم شێوەیە، المادة الحادية والعشرون:

آ-يعتبر نائب الرئيس و سكرتيره و الاعضاء المتفرغون من ذوي الدرجات الخاصة.

ب-يخير العضو المتفرغ بين تقاضي راتبه و مخصصاته من دائرته و بينما هو منصوص من القانون.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی هەشتەم،مادەی یازدە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ج-ئەندامانی ئەکادیمیای خۆ تەرخان نەکردوو ڕێزانەی مانگانە وەردەگرن.

د-لەکاتی کۆتایی هێنان بە ئەندامیەتی ئەندامی کارای خۆ تەرخان نەکردوو ئەوا مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت،ئەگەر مووچەیەکی تری نەبێت یا وەزیفەیەکی تری نەبێت.

**ڕای لیژنە:** پێشنیار دەکەین لەدوو بڕگەی(ج،د)بۆ مادەی بیست و یەکەم زیاد بکرێ بەم شێوەیە.

ج-ئەندامانی خۆ تەرخان کردووی ئەکادیمیا لەجیاتی ڕێزانە پاداشتێکی مانگانە کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێ وەردەگرن.

د-وەك لەپرۆژە هەمواركراوەكە دا هاتووە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة نقترح اعادة هذه الصياغة و تضاف فقرتان(ج،د)من المادة الحادية والعشرين من القانون كما يأتي.

ج-يستلم اعضاء الاكاديمية غير المتفرغين مكافئة شهرية تحدد من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

د-تبقى كما هي واردة في مشروع التعديل.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشگیری لەپێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری دەكات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟؟گەشە دارا جلال،فرمان عزالدین محمود،سیوەیل عثمان احمد،پەیمان عزالدین عبالرحمن،دلشاد حسین قادر،سۆزان شهاب نوری،كاردۆ محمد پیرداود،ئاهەنگ عارف معروف،د-سەروەر عبدالرحمن محمود.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت بەم مادەیە من پشتوانی بڕگەی یەكەم ئەكەم بۆ مەسەلەی پاداشت،بەلام ئەو رێژانەیە بكرێتە پاداشت باشترە پێم وایە،سەبارەت بەبڕگەی دووەمەوە بەڕاستی ئەمانە لەسەر ئاستی كوردستان خەلكانێكی نوخبەن ڕەنگە بەپەنجەكانی دەست بژمێرێن،بەلام كەخۆی ئەلێ ئەندامی كارای خۆتەرخان نەكردوو هیچ پلەیەكی وەزیفی نیە،لێرەیا ئەلێت خانەنیشین بكرێن،حەتمەن ئەبێ پێش ئەوە پلەیەكی وەزیفی هەبێ ئینجا خانەنشین بكرێ،بەلام ئەم خەلكانە وەكو وتمان خەلكی نوخبەن ناوازەن ڕۆلی بەرچاویان هەیە لەزمانی كوردیا،ئەگەر ناویشیان بێنین هەموومان ئەیان ناسین كەچەند گرنگیان هەبووە ڕۆلی گەورەیان هەبووە، بۆیە پێویستە كەمترین پلەی خانە نشینكردنیان بەرێوەبەری گشتی بێ،بەپلە تایبەتیەكان خانە نشین بكرێن.سوپاس

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لەقسەكانم گەشە خان كردی بۆیە دووبارەی ناكەمەوە،بەلام سەرەتا دەمەوێ بلێم ئەندامانی موتەفەریغ و غیر موتەفەریغ لە ئەكادیمیای كوردی ئەوانە تەكلیف كراون، تەوزیف نەكراون،لەبەر ئەوەی هەموویان تەكلیف كراون بەرامبەر موكافەئە هەیە، خانەنشین نیە، بەلام بەڕاستی لەكاتی بەدوا داچوونم بۆ ئەكادیمیا لەو چەند رۆژەی بەڕاستی دەركەوت خەلك ئێستا لەسەر ئەكادیمیا خانەنشین كراوە،وەزیفەی

تری هەیەو خانەنشین کراوە لەسەر میلاکی ئەکادیمیا بەمانای موخالەفەی نەصی ئەو یاسایە کرایە، ئەوە خاڵی یەکەم، پاشان پلەشی درایتێ ئەوجا خانەنشین کرایە لەئەندامی ئەکادیمیا بەرز کرایتەوە بۆ پلەی وەکیل وەزیر پاشان بەپلەی وەکیل وەزیر خانە نشین کرایە لەئەسڵدا ئەوە موتەفەریغ بووە، بەڵام وەزیفەی هەیە بەپێی لەیاسا هاتیە لەفەقەرەی(د)ئەوانەی کەلە وەزیفە دان دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی وەزیفەکەی خۆیان لەوێ خانەنشین بکرێن، نەك لەسەر ئەکادیمیا، لەبەر ئەوەی ئەکادیمیا گوتمان تەکلیفە کە تەکلیف بێ تەکلیف موکافەئەی هەیە تەقاعودی نیە وە ئەگەر دەشکرێ ئەوا بەزیاتر ڕوون کردنەوە چ ناوی باس بکەم یاخود بەڕاپەۆرتێکی تر بیدەمە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاپۆرت بیدە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت مادە (ج)دەڵێ (تستلم اعضاء مجلس الاكاديمية غيرالمتفرغين مكافئة شهرية)ئەوە غیرموتەفەرغین زانیمان،بەس لێرە حاڵەتی دووەم دەڵێ (انتهاء عضوية العضو العامل غير المتفرغ يخصص له راتب تقاعدي) کەغیرموتەفەریغە مانای وایە وەزیفەکی دی هەیە کەوەزیفەکی دی هەیە مانای وایە راتبەکی تری هەیە، مووچەکی دی هەیە،ناکرێ ئەتو دووبارە خانە نشینی بکەیەوە یەعنی دووجار خانەنشین وابزانم لە قانوندا نیە، واتە بەمن وایە ئەو بڕگەیە هەر زۆر زیادە مادەم غیر موتەفەریغە تەفەروغی نەکردیە، واتە وەزیفەکی تری هەیە لەوێ خانەنشین دەکرێ بەپلەکەی خۆی دەکرێ وەگەر لەوەزیفەکەی نەما وەکو ئەکادیمیا بڵێین موکافەئەکی ڕەمزی بداتێ، ئینجا چەندە مەجلس ئیدارەیە، مجلس ئەکادیمیە لەکێ دەیدەنێ تەنها موکافەئەك بکرێت لەبەر ئەوەی ماوەیەك خزمەتی کردیە،بەڵام دووبارە خانەنشین بکرێتەوە وابزانم نایاساییەو سوپاس.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیا ئەم دوو بڕگەیە من پێم سەیرە هەرلیژنەی یاسا قبولیان کردووە کەدابنرێ لەبەر ئەوەی تەواو متناقزی یەکترن رێك وەکو ئەوەیە ئێمە لەجیاتی ئەو هەموو رستەیە ڕیز بکەین لەبڕگەی(د)بمان نووسیایە ئەو ئەندامانە بەدەر لەڕێنمایەکان خانەنشین ئەکرێن، چونکە لەئەساسە شتێك نیە،یەعنی لەقانونا خانەنشینی موقابیلی وزیفەیە،هەموو ئەو وەزیفانەی کە دەورین و بەموکافەئە حیسابە و خانەنشینی لەسەر حیساب ناکرێ و من بەتەواوەتی دژی ئەو پیشنیارەم کەبەهەر پلەیەکی وەزیفی بێ خانەنشین بکرێ کە ئەگەر خۆی لەئەسڵا پلەیەکی وەزیفی نەبێ ئەمە ناقانونییەك و ناجائزییەکی زۆر گەورەیە کەتۆ لەدوای تەواو کردنی خزمەتەکەی بێیی بە پلەیەکی وەزیفی خانەنشینی بکەی کەلە ئەساسا ئەو پلە وەزیفیەی نەبووە، کەئەمە ئێستا کێشەی ئێمەیە،کۆمەڵێك خەڵك خانەنشین کراون بێ ئەوەی ئەو

پلە وەزیفەیان هەبووبێ، دانانی ئەم مادەیە لەم یاسایە ئیعتیراف کردنە بەهەموو ئەو خانە نشینیانەی کە مەفروزە ئیمە پێیدا بچینەوە و بەدەر لەیاسا بەبێ مەرجی خانەنشین بوون خانەنشین کراون،ڕاستە ئەوانە کەسی زۆر گرنگن،زۆر گەورەن،خزمەتی زۆر گەورە ئەکرێن،بەلاّم هەربۆخۆی ئیعتیراف بەوە کراوە لەیاساکە کەئەمانە غیر موتەفەریغن لەو فەترەی غیر موتەفەرغیەیا ئەتوانی مانگی یەکی ملیۆنێك دۆلاریان بۆدابنێی بەموکافەئە، کەس قسەی لەسەر ئەمە نیە،ئەمە بەپێی یاسایە تەحدید ئەکرێ، بەلاّم دواتر تەقاعودیان بکەی کە لەئەساسا موتەفەریغ نەبوون ئەمە، نایاساییەکی زۆر گەورەیە، هەرخۆی ئەم یاسایە بەدەر لەرێنمایەکانە، مەفروزە یاسا بەدەر لەرێنمایی یاسایی تێدا نەبێ و سوپاس.

**بەرێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی ویستم بیکەم هاوکارانم کردیان،زۆر سوپاس.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەئەسڵی قانونەکە و لە تەعدیلەکەشا من باس لەوە ناکەم ژمارە چەنە،رەئیسی مەجمەع بیدەرجەت وەزیر (یتقاضى نفس الراتب والمخصصات) لەمادەی بیست و یەك (یعتبر نائب الرئیس والسكرتیر والاعضاء العاملون المتفرغون من ذوي الدرجات الخاصة.)

ب-یخیر العضو المتفرغ بین تقاضي راتبة والمخصصات من دائرتة وبین ما هو منصوص في هذا القانون)،هەمان شت هاتووە بەژمارەی جیاواز لەتەعدیلەکەیا عەینی شت باس کراوە ئەوەی ئەوان ویستوویانە بەداخەوە یەعنی موعالەجەی بکەن، موفەق نەبوون تیایە ئەو کەسانەن کەغیر موتەفەریغن،لەنەصی ئەصلی قانونەکە ئەوانەی موتەفەریغن وتوویانە وەزیر و دەرەجاتی خاص و سبەی ڕۆژێکیش کەتەواو بوو مودەکەیان تەقاعودیش ئەکرێن، بەلاّم ویستوویانە ئەوانەی غیر موتەفەریغش بن بێن ئەوانیش پاداشت بکرێن بەرەئی من(ج) بەسە ئەڵێ (یستلم أعضاء مجلس الاكادیمیة غیر المتفرغین مكافئة شهریة وتحدد من قبل رئاسة مجلس الوزراء).

د-هەر زۆر زۆر پێچەوانەی یاسایە، چونکە ناکرێ متفرغ نەبم بۆ کارێك بێم لەدواییا بەنەصێکی قانونی ئەوە بۆخۆم حەلاڵ بکەم کەتەعاقدیەکە وەربگرم (واذا لم یكن مرتبطاً بوظیفة اخرى) زۆربەی هەرە زۆری الحمدالله خەڵك لەم ولاّتەیا وەزیفەی هەیە و مەعاش لەحکومەت وەرئەگرێ هەربچی سەیری قائیمەکانی مەعاش وەرگرتن بکەی لەم ولاّتەیا بۆت دەرئەکەوێ کەس نیە بێ مەعاشی حکومەت،ئەم نەصە بۆ؟؟یاخود داتاشراوە بۆچەند کەسێکی موعەیەن، من زۆر هاوڕام لەگەڵ پەیمان خانە،موکافەئەی ملیونێ دۆلاری بەرێ هیچ کێشەمان نیە هەموو مانگێك،بەلاّم مەیە حاڵەتێکی نایاسایی بەنەصێك هەرچەند خۆی پاداشتی یەك ملیۆنی نیە ئەزانم دەنگە دەنگ دروست بوو هەرچەندە پاداشت تەحدید کراوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کە چەندە، بەلاّم وەکو شتێکی مەعنەوی و ڕەمزی بڵێ بۆیە ناکرێ

شتێکی ناقانونی بێت لەناو نەصێکی مادەیەکی قانونیا شەرعیەتی پێ بدەی، بۆیە من لەگەڵ لابردنی (د)م سوپاس.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن تەعەجوب لەیەك شتی دەکەم ئێمە خەریکە ئیعتیراف بەهەموو شتی دەکەین،زۆر زۆر موهیمە لەحەیاتی کورد دەیکەینە وەزیفە، ئەو موجەمەعەی یا ئەو ئەکادیمیەی کەئێمە پیی دەڵێن ئەکادیمیا ئەرکەکی زۆر زۆر بڵندی هەیە ئەمن ئەو قانونەی کەدەردێ زۆر زۆر بەلاوازی دەزانم بەنسبەت دەنگی ئەکادیمیاو ئەرکەکانی ئەمە سێ زاراوەی رئیسیمان هەیە لەکوردستان (کرمانجیە، سۆرانیە، زازاییە)، سبەی، دووسبەی ئەوە هەربەتەنێ هەرێمی کوردستان نیە هەموو کوردستانی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەتۆ تەماشای هەموو تاریخی دونیای بکەی لەئەوروپا شتەك هەیە لەحەربی عالەمی یەکەمێ سەدساڵ لەوەی پێشتر کەئەندامەکان هەموو دەبێ خۆ بەخش بن، ئەوەش کەمسئولی قانونی شتی زۆر مهیمن لەدونیایە، من تەعەجوب دەکەم ئەو موئەسسەم ئەساسەن لۆ کاری وەزیفی هەبێ لۆ مەعاشی هەبێ؟ هەر موئەسسەك کە ئحتیاتي کەمەسئوول بێ لەسەرەوەی ئەلفابێ زمانێکی کوردی دانێ کە مەسئوول بێ لەسەرەوە زمانەکەی تەوحیدکا کەمەسئول بێ لەسەرەوەی کەهەندەك شتی ستراتیجیەتی کوردی لەسەر شانبێ، کەروتبەی وەزیفی دەدرێتێ، ئەوە دەبێ ئەندامانی ئەوەی هەموو خۆبەخش بن هەموو فیعلەن کە ئەوەی وتیان نوخبە بن لەحەربی عالەمی یەکەم لەفەرەنسای دەوڵەتی(فرانکۆ فۆن)سێ کەس فیدیکیان دانا کەفیدیك مونەزەمەیەکە ئێستا خۆی خۆی بەرێوە دەبا، مونەزەمەیەکە ئێستا لەقانونی مقاوەلات لەدونیای بێ خۆیان بەشداری لێ دەکەن حەتتا بەشداری لێ دەکەی فیکرەی لۆ دەدەی پاشی حربی عالەمی یەکەم نالێم دووەم، حەربی عالەمی یەکەم (بەلچیکا و فەرنسا و سویسرا) مونەزەمەی فیدیکیان دانا کەئەو مونەزەمەیە ئێستا لەسەر ئەساسی قانونی فەرنسی دانرایە هەموو مەحاکەماتی دەولی دەچێتەوێندەرێ، بەریتانیا و ئەمەریکا بەو زەبەلاحیەی خۆیان مەمنون بوون ببنە ئەندام لێیان کەهەنکە ئیماراتی عەربی ئەندامە تێدا هەموو ئەندامەکانی خۆبەخشن،تەعەجوب لەوەی دەکەم کە موکافەئات و پارەی چ ئەو مونەزەمە گەورەیە کەمەسئولی کۆنترۆلی زمانەکی میلەتەکیە مەصیری میلەتەکیە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمە کاتێك قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین دەبێ بزانین کەدوو جۆر ئەندام هەیە لەوێ، یەکێکیان ئەوانەن کەمووچە وەردەگرن، یەکێکیان ئەوانەن کەمووچە وەرناگرن، ئێستا حالیەن 14 ئەندام هەیە لەدەستەی ئەکادیمیا لەسەرۆك و جێگرو سکرتێر و ئەندامەکان، لەم چواردەیە زۆربەی هەرە زۆریان خانەنشینن یالەزانکۆکان مووچەیان هەیە کەسێکی مووچە وەرناگرێ لەوێ تەنها ئەوەندەی من بزانم دووکەس مووچە وەردەگرێ لەسەر ئەکادیمیا ئەوانی تر یامووچەی تر وەردەگرن یالەشوێنی خۆیان،تەنها

يەك كەسيشە كەمووچەی نیە، هیچ مووچەیەكی نەبێ كەلەو شوێنەیە، بۆیە بەراستی ناشكرێ من لەگەڵ ئەوەدا نیم كەمووچەیان نەبێ هیچ كەسێك بەخۆڵ ناژی، ئەو كەسەی لەوێ ئیش دەكا یاخۆی تەفەروغ دەكا مووچەیەكی تری نەبێ ئەی ئێمە بۆچی لێرە مووچەمان هەیە؟؟ناكرێ بڵێین مووچەیان نەبێ و هاوكاری نەكرێن، بەرێزان ئەوەی لێرەدا هاتووە من لەگەڵ ئەو رەئیەم كەوا هەندێ لەهاوكارانیشم باسیان لێوە كرد بەڕاستی پێویستە شتێكیان بۆدابین بكرێ، بەلاَم چۆن بو'نموونە ئەگەر بێینە سەر ئەصلی موزوعەكە مەبەستی چیە وەكو ئەوەی كەبەرێزان دەیڵێن هەریەكێ لەوانە یاوەزیری موتەقاعیدە یائەندام پەرلەمانە، یامامۆستای زانكۆ بووە هەریەك لەوانەن،تاكە شەخصێك تیایدابێ (مامۆستا محمدی مەلا كریمە) كەنزیكەی شەست ساڵ خزمەتی كەلتورو زمانی كوردی كردووە هیچ مووچەیەكی نیە ئەو پیاوە،ئەو پیاوە ئێستا نەخۆشیشە كەوتووە و لەوانەیە نەتوانێ پاش ئەو هەموو خزمەتە بەردەوام بێ،چی بۆدەكرێت؟؟پلەیەكی وەزیفی نیە بەچی خانەنشین دەكرێ؟؟ئەمە كەبە نموونە دەهێنینەوە لەوانەیە لەداهاتوودا كەسانی تریش هەبن،تەنها شتێك كەئەو بەرێزە هەیەتی مانگانە ملیۆنێك و نیو موكافەئەیە كەوەری دەگرێ،كەنەمێنێ لەوێ موكافەئەكەش نامێنی،ئەو خزمەتەی كردوویەتی لەوێ هیچ مووچەیەكی تری نیە لەوێ، بەرێزان رێگا چارە چیە بۆ ئەمە؟؟ كەسانێكی تر ئەگەر بێن لەمەودوا بەو جۆرەبن چۆن جێگەی دەكەینەوە لێرەدا؟؟حەقە شێوازێكی بۆ دابنرێ بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم خانەنشینی بەپلەی وەزیفی دەبێ، ئەمانە پلەیەكی وەزیفیان نیە، بۆ خەڵكانێكی زۆر كەوا خزمەتیشیان نەبووە بەپلەی بەرز خانەنشین كراون، ئەی بۆ كەسێكی ئەوا ئەو هەموو خزمەتەی هەبێ ئەی بۆچی خانەنشین نەكرێ؟؟ئەمە خاڵێكیان، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان لەگەڵ خاڵێكی تردام كەمامۆستا فەرمان باسی لێوە كرد حەقە نازانم لەكوێوە دایدەنێن؟؟كەسێك كەوا موتەفەریغە لەئەكادیمیا حەق نیە خانەنشین بكرێ و بگەڕێتەوە، ئەمە حاڵەتێكی ترە كەمامۆستا فەرمان باسی دەكا خەڵك هەبووە لەئەكادیمیا موتەفەریغ بوە خانەنشین كراوە بەپلەی وەكیل وەزیر، بەلاَم پاشتر وەكو ئەندامێكی ناموتەفەریغ گەڕاوەتەوە واتە هەم مووچەی خانەنشینی وەردەگرێ هەم ئەمەشیان وەردەگرێ ئێستا ئەو موكافەئە ئەگەر تاقەتی ئیش كردنت نەمابوو بۆ خانەنشین بووی؟؟ئەو ئەگەر خانەنشین بێ بۆچی دەگەرێتەوە؟؟بەڕاستی ئەوە پێچەوانەی یاسایە حەقە بەدوا داچوونی بۆبكرێ و سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی كاك د.سەروەر كەتۆ خانەنشین بی،ئەتوانی بیی بەعەقد ئیش بكەی؟؟ئەمە شتێكی قانونیە،بەلاَم ناكرێ جارێكی تر تەقاعود بكرێیتەوە یەك تەقاعود دەكرییێ بەلاَم پێویستیان پێتە دێیی بەعەقد ئیشیان لەگەڵ دەكەی.

**بەرێز شێرزاد عبدلحافظ شریف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تکات لێدەکەم قسەکەم پێ مەبڕە،من پێم وایە ئەوەی کەباسی دەکەم نوقتەی نیزامە،موتەبەع وایە لەناو پەرلەمانی کوردستانا کەلەسەر قسەی برادەرێك یائەندامێکی بەرێز وەڵامان نەبێ، جوابی قسەی ئەو نەدەینەوە، بەڵام لەناو ئەم قاعەیە هەر ئێستا من گوێم لەئەندامێکی بەرێز بوو باسی ئەوە ئەکا ئەڵێ لەکوردستانا ئێستا کەس نیە موچەی نەبێ،دوو هەفتە پێش ئێستا لەیادی کرێکاران 5\1 ئاگاتان لێ بوو کرێکاران باسی چیان ئەکرد،چۆن باسی وەزعی خۆیان ئەکرد؟ دێیەکان هەموو واچۆڵ ئەبێ لەبەر ئەوەی بەراستی لەبەر بێ مووچەیی،بێ خواردن،بێ ژیانی کەهەیانە، یەعنی ئەمە کەی وایە کەئێمە بەراستی هەموو کوردستان مووچەی هەیە؟؟بۆیە تکام وایە ئەمە ئێستا لەبەر چاو بگیرێ، زۆر سوپاس بەداخەوە کەسەرۆکی لیستێك ئەو قسەیەی کرد.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزام بوو کاك شێرزاد؟؟توسەری خۆت نوقتەی نیزام بوو ئەوە؟؟ئەمە ئەصڵەن لەقانونی پەرلەمانا نابێ جەنابت وەڵامی قسەکردنی خەڵکی تر بدەیتەوە،باشە سەرچاو.جەنابی وەزیر.

**د.کاوە محمود شاکر-وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی(ج)م وەلەگەڵ لابردنی(د)م، هەر هەمووشی پەیوەندی بەئەندامی عامل هەیە، یەعنی پەیوەندی بە موئازیر و پەیوەندی بەئەندامی شەرەفەوە نیە،ئەندامی عاملی موتەفەریغ و ئەندامی عاملی غیر موتەفەریغ، چونکە لەو سنووریایە هەردووکی لەبەر ئەوە لەگەڵ مانەوەی(ج)م و لابردنی(د)م.

**بەرێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕای خۆمان لەڕاپۆرتی خۆمان دەربڕی بوو، بەڵام بڕای بەرێزم د.سەروەر زۆر بەجوانی شتەکەی ڕوون کردەوە:

1-بەنسبەت ئێمە دوو جۆر ئەندامی کارامان هەیە (متفرغ و غیر متفرغ)بەنسبەت موتەفەریغەکان ئەوان دیارە دەرەجەی خاصن،بەڵام ئەوانی غیر موتەفەریغ لەکاتی ئەو دەمەی کەئەندامن موکافەئەی شەهری وەرئەگرن ئەگەر هاتو ئەوە مشروطە ئەگەر هاتو راتبێکی تەقاعودی وەرگرێ ئەوە مشروطە دەبێ پێشتر راتبێکی تری نەبێ، هەروەها لەوەزیفەیەکی تر نەبێ، ئەوجا راتبێکی تەقاعودی بۆ دیاری بکرێ، بۆیە حاڵەتەکان ژمارەیان زۆر زۆر کەمە بەبڕوای من نموونەیەکی زۆر زۆر موەفەقی هێنایەوە ئەویش نمونەی (مامۆستا محمدی مەلا کریم) بوو، لەناو لیژنەشدا ئەومەسەلەیە بەجوانی باسی لێوە کرا، بۆیە بۆ موعالەجە کردنی ئەو مەسەلەیە کە ئەندامێکی غیر موتەفەریغ کەخزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کردبێ

لەماوەیـەکی زۆردا و راتبێکییشـی نـەبووبێ، پێشـتر وەزیفەیـەکی نـەبووبێ، زۆر زۆر تەبیعیـە راتبێکـی تەقاعودی بۆ ببڕدرێتەوە، ئەوەبو بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ ئەو ڕایە بوین،سوپاس

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تاقیبم نیە لەسەر قسەی زەمیلەکانم، بەڵێ بۆم نیە تاقیب بکەم، بـەلأم ئەوەنـەی مـن بـزانم لـەڕووی قانونیەوە هەنێ ئارائم گوێ لێ بوو کە باسی ئەوە ئەکەن راتب نەبێ یاتەقاعودی نـەبێ یاموکافەئـە نـەبێ، مەبـدەئیکی عـامی قـانونی هەیـە کـەحقوق بەرامبـەر بەواجباتـە،تۆ نـاکرێ لەهـەچ موئەسەسـەیەکا ئـیش بەخەڵکانێك بکەی، واجبات بدەی بەسەر شانیا حقوقێکیـان نـەبێ بۆیـان دیـاری بکرێ،بۆیـە مـن داوا کـارم لیژنـەی یاسـایی لەمراجەعـە کردنـی ئـەوە مەبـدەئی عدالەت،مەبـدەئی حقـوق تەساوی مەبـدەئی حقـوق بەرامبەر بە واجبات رەچاو بکا نەك ئەمەی نابێ هیچی هەبێ یانەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر،فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێویستیم بە نوقتەیەکی مەعلوماتی هەیە لەم بـارەوە خـۆی هـەموو حاڵەتەکە پەیوەنـدی بەئەنـدامی کــاراوە هەیــە ئــەوەی کارایە،ئەنــدامی کــارا هەنــدێك هەیــە موتەفەریغــە هەنــدێك هەیــە غــیر موتەفەریغە،پرسیارەکە ئەوەیە بۆ موتەفەریغ نیە؟؟کە موتەفەریغ نیە مـەعنای وایـە کارێکـی تـری هەیـە، بۆیە موتەفەریغ نیە، خۆ ئەگەر حاڵەتێکی مەسەلەن بۆ نموونە قانون تەنها لەسەر حاڵەتێك دروست نـابێ ئەگـەر حاڵـەتێکیش هـەبێ دەتـوانن زۆر بەئاسـانی بیکەنـە ئەنـدامێکی متفـرغ موعالەجـەی قەزیەکـەی پێبکەن،لەبەر ئەوە حاڵەتەکە چارەسەر ئەبێ وەکو ئەو حاڵەتەی کاکە حەمەی مەلا کـریم ئـەوە ناگەیـەنێ تۆ بەو شێوەیە موعامەلەی لەگەڵ بکرێ،لەبەر ئـەوە مـن پـێم وایـە زۆر ئاساییە ناموتەفـەریغ مانـای وایـە ئیشی تری هەیە، سەرچاوەی تری هەیە بۆیە ناموتەفەریغە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

هـەروەکو جـەنابت وتـت قـانونیش بـۆ یـەك نەفـەر دەرناچـێ،ئینجا ئەگـەر ماموسـتا محمـدی مـەلا کـریم دامـەزرێنرێ لـەوێ، بەئەنـدامی کـارا دایمەزرێنـە دوایـی بـەپێی کارەکـەی تـەقاعودی بۆبکە،.فـەرموو بـۆ مادەیەکی تر، مادەی دەیەم.

**عونی کمال سعید بەزاز:**

مادەی دەیەمی پرۆژەکە بەم شێوەیەیە.

یلغى المادة الثانية والعشرون ويحل محلها مايلي:

آ-يمارس العضو العامل عملها الاكاديمي ويشارك في لجانها و اجتماعاتها ونشاطاتها العلمية.

ب-يعد العضو العامل مستقلاً اذا تخلف الحضور ثلاثة اجتماعات متتالية بدون عذر مشروع.

ج-يفقد العضو العامل عضويته في احدى حالات التالية:

1-الاستقالة

2-الوفاة

3-عدم امكانيه الاستمرار في آداء واجباته بصورة مرضية بقرار من مجلس الاكاديمية.

د-اذا خلى مكان عضو من اعضاء المجلس يعلن الرئيس ذلك في اول جلسة ويجرى ملئه خلال ثلاثة اشهر بقرار من مجلس الاكاديمية.

ه-اذا حكم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.

ئەصلی یاساکە بەو شێوەیە:

المادة الثانية والعشرون:

آ-يمارس العضو عمله في الاكاديمية و يواظب الحضور والمشاركة في لجانه و اجتماعاته و نشاطاته.

ب-يعتبر العضو العامل مستقلاً اذا تخلف عن حضور ثلاثة جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

ج-اذا خلى مكان عضو من أعضاء المجلس يعلن الرئيس ذلك في اول جلسة ويقرر ملئه خلال ثلاثة اشهر.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

مادەی دەیەم:

مادەی بیست و دوو هەموار دەکرێت و ئەمانە دەچنە شوێنی:

ا-ئەندامی کارا لەناو ئەکادیمیادا کارەکەی خۆی دەکات و بەشداری لەلیژنەو کۆبوونەوە و چالاکیەکانی ئەکادیمیادا دەکات.

ب-ئەندامی کارا بەدەست هەڵگرتوو دادەنرێ گەر هاتو بەبێ بیانووی ڕەوا لەسێ کۆبوونەوەی لەسەر یەك ئامادە نەبوو.

ج-ئەندامی کارا لەم بارانەدا ئەندامیەتی خۆی لەدەست دەدات:

1-دەست لەکار هەڵگرتن.

2-مردن.

3-نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕەزامەند لەڕاپەڕاندنی کارەکانی دا بەردەوامبێت بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئەکادیمیا.

د-گەر شوێنی ئەندامێکی ئەنجومەن چۆڵ بوو ئەوا سەرۆك لەیەکەم دنیشتن دا ئاشکرای دەکات و لەماوەی سێ مانگ دا بەبڕیاڕی ئەنجومەنی ئەکادیمیا شوێنەکە پڕدەکرێتەوە.

هـ-ئەگەر حوکم درا لەسەر تاوانێکی ناسیاسی یا کەتنێکی کارلێکەر لەشکۆمەندی.

ڕای لیژنە پێشنیاز دەکەین مادەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە،مادەی بیست و دووەم لادبرێت و ئەمانە جێگەی دەگرنەوە.

ا-وەك خۆی بمێنێ وەك چۆن لەپرۆژە یاساکەدا هاتووە.

ج-ئەندامی کارا لەم بارانەدا ئەندامیەتی خۆی لەدەست دەدا:

1-دەست لەکار هەڵگرتن.

2-مردن.

3-نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕەزامەند لەڕاپەڕاندنی کارەکانی دا بەردەوام بێ بەپێی بڕیاڕی ئەنجومەنی ئەکادیمیا و لەرێگەی دەنگدانی نهێنیەوە.

د-پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەس لەجیاتی وشەی(ملئە)وشەی(اشغالە)بەکاربێ.

هـ-زنجیرەی بڕگە(ه)بکرێ بە(ج)

4-بەم شێوەیە ئەگەر بەتاوان یا کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درا.

**بەڕێز سۆزان شهاب خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

الماده العاشرة نقترح اعاده صياغة هذة المادة كالاتي:

تلغي المادة الحادية والعشرون ويحل محلها مایاتي:

(آ)و(ب)تبقى كما ياتي.

ج-يفقد العضو العامل عضويته في احدى الحالات الاتية:

1-الاستقالة.

2-الوفاة.

3-عدم امكانيه الاستمرار في آداء واجباته بصورة مرضية بقرار من مجلس الاكاديمية و بالتصويت السري.

4-يصبح تسسل الفقرة هاء.

رابعا.تعاد صياغتها كالاتي:اذا حكم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

د-نفضل استخدام كلمة(اشغاله)بدلا من(ملئه)في هذه الفقرة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لەبۆچوونی لیژنەی علاقات و ڕۆشنبیری دەکات و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەمادەی ڕابردوو ناوێك هات ئێمە داوا دەکەین لەپرۆتۆکۆل ناوەکە بسڕێتەوە، چونکە بەپێی یاسا نابێ هیچ ناوێك لەپرۆتۆکۆلا تۆماربکرێ،کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو مادەیە بابفەرموێ ناوی بنوسین؟؟عمر عبدالعزیز،د.احمد ابراهیم علی(وەرتی)،ناسك توفیق عبدالکریم. قادر حسن قادر، عبدالسلام مصطفى

صديق، بەڕێز هاژە سليمان، محمد دلێر محمود، سيوەيل عثمان، ئاشتى عزيز صالح، د.كاوە محمود شاكر- وەزيرى رۆشنبيرى و لاوان، بكر كريم محمد(ئاسۆ).

**بەڕێز عمر عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو مادەيە من دوو تێبينيم هەيە:

1-بڕگەى(ا)بەڕاستى شتێكى زۆر زيادە بۆ ناو ياسا، يەعنى ئەگەر ئەندامى كارا لەليژنە نەبێ و لەكۆبوونەوە بەشدار نەبێ، يەعنى شتێكى زۆر ڕۆتينە لەناو ئەم ياسايە نووسرايە، يەعنى چ پێويست دەكا (يمارس العضو العامل عمله في الاكاديمية ويشارك في لجانها واجتماعاتها ونشاطاتها العلمية) ئەمە شتێكى زۆر موتەبەع و زۆر تەبيعيە، حەق نەبوو پەيوەندى بەپەيڕەوى ناوەخۆى ئەكاديمياوە هەيبێ،فەقەرەى(ب)و فەقەرەى(ج)تێكەڵييەك هەيە،چونكە فەقەرەى(ج)خاصە بەباسى فوقدانى عزويەت، بڵێم لەدەست چوونى ئەندامێتى، بەڵام لەفەقەرەى(ب)كاكە هەرباسى ئەندامى كارا سێ كۆبونەوەى يەك لەدواى يەك ئامادە نەبوو بەموستەقيل حيساب ئەكرێ،بڕگەى دواى ئەويش باسى ئەوە ئەكا كەچۆن ئەندامى كارا ئەندامیەتى لەدەست دەدا،لەبەر ئەوە ئەبوايە خاڵى دوو يەعنى فەقەرەى(ب)لەخاڵى(ج)ما بوايە بەرەئى من،بەنيسبەت تێبينى سێيەمم لەسەر بڕگە سێ لە (ج) كە ئەڵێ (عدم امكانيه الاستمرار في آداء واجباته بصورة مرضية) مەفروزە بنووسرێ الاستقالة بسبب مرضية، چونكە دوو حاڵەتمان هەيە حاڵەتى (استقاله) كەخۆى (استقاله) ئەدا، حاڵەتى دووەميش الاقالەيە لەبەر ئەو هۆكارەى كەلێرە نووسراوە يەعنى صياغەكە بەو شێوەى لێ بكرێ (الاستقالة بسبب عدم امكانية استمراره في اداء واجبه)تائەخيرى،يەعنى صياغەكە بەو شێوەى لێ بكرێ كەليمەى الاستقالەى تێدابێ وەبڕگەى(ب)بخرێتە سەر بڕگەى(ج)، چونكە يەك مەوزوعە جيا كراوەتەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو مادەيە من پشتگيرى لە ئەوەى دەكەم كەلە راپۆرتى ليژنە كەدا هاتووە ليژنەى ڕۆشنبيرى بەس من پێشنيار ئەكەم كە خاڵى دووەم لە(ج)(ويفقد عضويته في احدى الحالات التالية)(الوفاة) كە من پێم باشە لەدواى خاڵەكانى ترەوە بێت، يەعنى بكەوێتە ئەخيرەوە دووهەمين خاڵەكان بێ بۆئەوەى پەلە نەكەين لەمردنيان، سوپاس.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە ئەم مادەيە قسە لەسەر رەقەمەكەى ناكەين بەس(ا)و(ب)و(ج) بخەينە جێگەى(د)يەعنى بيخەينە ئەخير، بەڵام (ه)كەئەڵێ (اذا حكم بجريمة غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف) ئەمە چى ئەبێ (يعتبر)

ئەوە (يفقد العضو) يەعنى ئەبێتە فەرعێك لەم سێ فەرعە، مەسەلەن كەئەڵێ (ج) (يفقد العضو العامل عضويته في احدى الحالات التالية) يەك (الاستقالە) دوو (الوفات) سێ (عدم امكان) يەعنى ناچێتە زيمنى ئەوان،بۆچى لێرە بەجيا هاتووە يەعنى بۆتە خاڵێك لەئەسڵى مادەكە كەخۆى كەئەنەهو ئەبێ فەرعێ بێ لەو سێيانە، بۆيە من پێم باشە(هـ)بكەينە فەرعى چوارەم لە(ج)وە(ج) بخەينە ئەخير، يەعنى بيكەين بە (أ) و(ب)و (ج) و(د) بێ، كەئەڵێ (اذا خلى مكان عضو) ئەمە بكەينە (د) بيكەينە(ج)،(د) بكەين بە (يفقد العضو العامل عضويته) ئەوكات لەباتى يەك و دوو، سێ و چوارەميشى هەبێ كە (هـ)ە، بەو شێوە تەسەلسولەكەى بەو شێوەبێ جوانترە وسوپاس.

**بەرێز قادر حسن قادر:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من تێبينيم لەسەر مادەى دەيەم برگەى(د)هەيە كەدەڵێ گەر شوێنى ئەندامێكى ئەنجومەن چۆڵ بوو ئەوا سەرۆك لەيەكەم دانيشتن دا ئاشكراى دەكات و لەماوەى سێ مانگ و بەبڕيارى ئەنجومەنى ئەكاديميا شوێنەكە پڕدەكرێتەوە من هەست دەكەم ئاليەتى پڕكردنەوەى شوێنەكە ديارى نەكراوە،بۆيە پێشنيار دەكەم بڵێ لەچوار چێوەى مەرج و حوكمەكانى كەلەم ياسايەدا هاتووە، سوپاس.

**بەرێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵلا چەند جێگۆڕكێ وئيقتيراح ئەكەم (ب)(اذا تخلف عن ثلاث اجتماعات) ئەوا (يفقد العضوية) نەيعتبر مستقلا، بۆيە منيش پێشنيارى ئەوە ئەكەم كە(ب)ببيتە تەسەلسولى(ج)يەعنى ببێتە حاڵەتەك لەوانەى (يفقد العضو) لەگەل(هـ)(اذا حكم عليه بجناية غير شرعية) ئەمانە سزانە يەعنى من ئەندامێتى لێ وەرئەگرم، بۆيە ئەتوانين(د)بيخەينە جێگاى(ب)وە(ب)بكەينە ثالثا لە(ج)وە(هـ)بكەينە رابعا ئەمە يەكەمين ئيقتيراحى منە، چونكە وابزانم تەوازونەكى دەبێ،يەك شتى ترم هەيە ئيمە بەشى خۆمان گلەييمان هەبوو لەشێوەى صياغەى كوردى، رێگام بدەن تۆزێك گلەيم هەبێ لەصياغەى عەربيش كەهەميشە جەخت لەوە ئەكرێ ئەمە ئەبێتە مەرجەع (عدم امكانيە الاستمرار) چونكە عەرب ئەوها قسە ناكەن،(عدم امكانيە الاستمرار) نيە يان (عدم امكانية الاستمرار) يا (عدم تمكنە من استمرار) و (من) نفية حەزەكەم ڕەچاوى بكەن،دوو،لەبيدايەتەكە (يلغى المادە) (فاعلە مؤنثة) رجاتان لێدەكەم تەعديلى بكەن،(ويجرى) لە(د)و(يجرى ملئە) چونكە كەهەمزەت دانا سەر كورسى يەعنى مكسورە، بۆيە و(يجرى ملئە) دوو طريقە لەعەربى هەيە، هەيە لەسەر واو دائەنێ، هەيە لەسەر ئەليف كەمحبوز نيە، بۆيە رجائەكەم ئەوەش تەعديل بكەن وەبا وايلێنێت شكمان هەبێ ئايا عەرەبيەكە ئەساسە ياكورديەكە،سوپاس.

**بەرێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەسەر مادەی دەیەم بەراستی لەعەربیەکەی دا هاتووە (الغاء) یەعنی (الغاء) بەو مانایە دێ کەدەبێ لابرێ ئەومادەدەیە هەمووی، لەکوردیەکەدا وانەهاتوە دەڵێ هەموار بکرێ، بۆیە پێویستە بەو شێوەیە صیاغە بکرێ کوردیەکەی ماددەی بیست لادەبرێت و بەم شێوەیە هەموار دەکرێتەوە، دەربارەی بڕگەی(ج)ئەندامی کارا لەم بارانەی خوارەوە ئەندامێتی لەدەست دەدا ئەمن پێشنیار دەکەم کەخاڵێکی تری بۆزیاد بکرێ ئەویش ئەوەیە ئەگەر کارێکی ئەنجامدا دژی ئامانجەکانی ئەکادیمیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم تەعدیلە کەکراوە بەنیسبەت بڕگەی(ب)وەلەگەڵ بڕگەی(ج)تەقریبەن بەشێوەیەکە تیکراری تیایە بۆ نموونە کەئەڵێ ئەندامی کارا بەدەست لەکارهەلگرتوو دادەنرێ گەر بۆماوەی سێ دانیشتن ئامادە نەبێ بەبێ عوزرێکی مەشروع،ئەو ئەندامانەی کەلەوێنە هەموومان دان بەوە دائەنین کە خەڵکی بەتوانان، خەلکی ناوازەن، خەلکی خاوەن ڕۆشنبیریەکی زۆرن،ئەمانە لەوانەیە بەلێکۆڵینەوە بە شیکردنەوەی زانستی بەشداری بکەن،شەرت نیە لەهەموو دانیشتنێکا ئەمە ببێ بەمەرجێك ئەگەر ئامادە نەبوو بەدەست لەکارکێشراوە دادەنرێ چونکە لە(ج)لەخاڵی سێیەم ئەڵێ نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕەزامەند بەردەوامبێ لەکارەکانیا بەپێی بڕیاری مەجلیسی ئەکادیمیا بەدەست لەکارکێشراوە دابنرێ و دەربکرێ لەبەر ئەوە ئەمەیان باشترە ئەوەی بانەمێنێت لەبەر ئەوەی ئەبێتە هۆی ئەوەی وەکو وەزیفە تەماشا بکرێ نەوەکو ئەوەی کەئەم دەستە ئەکادیمیە کوردیە بریتین لەکۆمەڵێك کەس کەهەڵدەستن بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبواری زمانی کوردی و زمانەکانی ترا، ئەمە لەلایەك لەلایکی تر شتێکی تر هەیە زۆر سەیرە بەلامەوە ئێمە ئەڵێین ئەکادیمیای کوردی یەکێ لەئەرکەکانی بریتیە لە بەرەو پێش بردنی زمانی کوردی و یەك خستنی زمانی کوردی، بەلاًم لەهەمان کاتا توانای ئەوەیان نەبێ کە بەکوردی بینێرنە پەرلەمان و بەزمانێکی عەربی بکرێ بەبنما، ئەوان چەند ڕۆژێك بەخۆیان نێن یان چەند سەعاتێکە ئەمەش بەزمانی کوردی و بەزمانێکی پاراو بنێرنە پەرلەمان و ئەو نەبێ بەبنەما، لێرە عەرەبیەکە ببێ بەبنەما دەترسم کارەکانی داهاتووشیان ئاوایی بێ،سەیرە بەلامەوەو سوپاس.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت مادەی عاشرەن، ئەمنیش هەمان رەئیم هەیە(ب)نەمێنێ ببێتە بڕگەیەك لەبڕگەکانی فقرە(ج)(فقد العضو العامل عضويته في احدى الحالات التالية)(الاستقالة، الوفاة)ئەوەی(ب)بنووسرێ (اذا تخلف العضو العامل عن حضور ثلاث اجتماعات متتالية بدون عذر مشروع) واتە فەقەرەی(ب)بابلێین زیادە بکرێتە بەشێك لەبەشەکانی فقرەی(ج)و(هـ)نووسرایە (اذا حكم عليه بجناية ئەو غير سياسيه) نەمێنێ باشە ئەو (جونحه مخله بالشرف) بەنسبەت صیاغەی ئەمە لەپەرلەمان و کەیاسا گفتوگۆ دەکرێ دائیمەن ئیعتیماد لەسەر عەرەبیەکەی دەکەین عەرەبیەکەش لەکوردیەکەی باشتر نیە،ئەوە بزانن و سوپاس.

**بەرێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم مادەیە من تێبینیم هەیە کە خاڵی(أ)ئەمە وەصفی وەزیفیە بەراستی هیچ شتێك بۆ ئەم ئەکادیمیایەو بۆ ئازادی و دەستەی بەڕێوەبردن نەهێڵراوەتەوە ئەمە (جۆب دیسیبسێکشرنە) واتە ئەم کەسە کەپۆستەکە وەرئەگرێ کۆمەڵێك وەصفی وەزیفی دەخرێتە بەردەمی کەیەکێ لەوەسفە وەزیفیەکان ئەوەیە بەشداری کۆبوونەوە و ئیجتیماعەکان بکا،لەبەر ئەم بنەمایەش داوا ئەکرێ کە ئەم کەسە تەفەروغی پێ بکرێ کەپۆستەکەی پێ ئەدرێ بەفەرمی کەواتە ناکرێ ئەو مەرجەی کەئەکرێ بۆدانانی هەمان ئەو مەرجەش قوەتی قانونی هەبێ بۆلابردنەوەی یابۆ (باطل) کردنەوەی مەکانەکەی،بۆیە بەبڕوای من ئەو وەصفی وەزیفیە ئەبێ لابرێ وە دووهەمیش(ب)ئەبێ لابرێ لەبەر ئەوە ئەمە بگەڕێتەوە بۆپەیڕەوی ناوەخۆی ئەکادیمیا (يعد العضو العامل مستقلا اذا تخلف عن حضور ثلاثة اجتماعات) خۆ دەبوو ئیرادەی ئەو دەستەیە جێ بهێڵرێت،ئایا ئەوان موتەفیقن سێ دانیشتن؟؟ئایا ئەوان موتەفیقن چوار دانیشتن،پێنج دانیشتن؟؟خۆ ئەمە ئەبێ بمێنێتەوە بۆ ئیرادەی ناوخۆی خۆیان وەکو چۆن پەرلەمان بەپیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵێك شتی رێك خستووە، ئەمەش ئەبێ بەپەیڕەوی ناوخۆی ئەکادیمیاکە رێك بخرێ، نەك بۆئێرە،ئێمە هیچ ئازادیەکمان بۆنەهێشتوونەتەوە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر من پێم وایە خاڵی(ج)ئەسبابەکان ئەگەر بەقانون رێك بخرێ بمێنێتەوە و لێرەیا خاڵی سێ (عدم امكان الاستمرار في أداء واجباته) ئەمە بە(قرارى مجلس ئەكاديميا) خۆی بۆخۆی هەردوو هەدەفەکەی سەرەوە ئەپێکێ،لەچیا مەجلیسی ئەکادیمی بڕیار ئەیا بەزۆرینەی دەنگ، بەسولسی دەنگ کەئەم عزوە عزویەتەکەی لەدەست با،یابەشداری ناکا لەکۆبوونەوە و نەشاتەکانی یان بۆ نموونە سێ کۆبوونەوە ئامادە نەبووە کەواتە خاڵی سێ هەردوو هەدەفەکەی سەرەوە بەقانون ئەپێکێ و سوپاس.

**بەرێز د.کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پیشنیازەکانی لیژنەی ڕۆشنبیری داین،بەلام سەبارەت بە(ب)لەگەڵ لابردنی بڕگەی(ب)ین،چونکە بڕگەی سێ کەلە(ج)ما هاتووە ئەو ئەرکە ئەنجام ئەدا واتە ئامادە نەبوون بەشێکە لەوەی کەناتوانی ئەرکەکانی جێ بەجێ بکا بەشێوەیەکی پێویست وەلەگەڵ ئەوەش داین ئەوەش بەدەنگدانی تەقدیری هین بێ مەجلیسی ئەکادیمی بێ،بەنهێنی هەروەکوو لەپێشنیازی لیژنەی ڕۆشنبیری هاتووە.

**بەرێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی یازدەی پرۆژەکە (تلغى الماده الرابعه والعشرون من القانون)، مادەی بیست و چوار لەئەصلی یاساکە بەم شێوەیەیە (على الجهات المعنية الاهتمام والاستفادة من نتاجات المجمع في شتى المجالات).

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەهەم ماددەی بیست و چوار لەیاساکە لادەبرێت،ڕای لیژنە وەکو ئەوەیەکە لەپڕۆژە یاساکەدا هاتووە.

**بەرێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(11)تبقى كما هي.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری هەڵوەشاندنەوەی مادەکە ناکەین، چونکە ئەو مادەیە گرنگی خۆی هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەکادیمیا لەهەموو بوارەکاندا. سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟؟جەنابی وەزیر.

**د.کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

ئێمە لەگەڵ لابردنی مادەکەین،چونکە لەئەساسەن نەك هەر ئستیفادە چونکە مرجع هەر کاری پێ بکەین واتە مەسەلە ئیستیفادە نیە لێی بکەین،لەپێناسەی ئەکادیمیا داناوە بۆ مەرجەعێك،بۆیە ئێمە ئەو قەڕاراتانەی بەنیسبەت ئەوەوە ئێمە ئیلزامە بەنیسبەت ئێمەوە ئیلتزامی پێوە ئەکەین نەك هەر سوودی لێوەرئەگرین بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەلە پێناسەکە دراوە پێی.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

مادەی(12)

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی دوانزە لەپرۆژەکە(تعدل المادة الخامسة والعشرون من القانون) وتقرآ كالاتي:

(تحدد علاقة الاكاديمية بالمجاميع العلمية للقوميات الاخرى في كوردستان-العراق بقانون)،المادة الخامسة والعشرون ئەصلی قانونەکە(تحدد علاقة المجمع بالمجاميع القومية للقوميات (المتآخية في كوردستان-العراق بقانون).

**بەرێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی دوانزەم،مادەی بیست و پێنج هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە،پەیوەندی ئەكادیمیا بەكۆڕی زانستی نەتەوەكانی تری كوردستانی عیراق كەوا بەیاسا دەسنیشان دەكرێت،ڕای لیژنە،ئێمە پێشنیاز دەكەین كەوا ئەم مادەیە لابرێ،پێویست ناكا،چونكە لەمادەی چوارەم دا هاتووە لەبڕگەی شەشەم،لەوێدا نووسراوە ئەكادیمیا بۆی هەیە پەیوەندی لەگەڵ كۆڕ و كۆمەڵە زانستیەكان لەگەڵ هەرێم و دەرەوەی هەرێم دابمەزرێنێت و پتەویان بكا،بۆیە ئێمە بەپێویستی نازانین.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:نقترح الغاء هذه اصلا فلاموجب لتكرارها اذ جاءت في المادة الرابعة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟؟ د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی)، سیوەیل عثمان احمد، صباح بیت الله شكری، سالم توما كاكو، سالار محمود مراد.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كارێكی باشە كەئەكادیمیا پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگای زانستی نەتەوەكانی تر هەبێ، بەڵام ئەگەر مەبەست لەوەبێ كە بەیاسایەكی تایبەتی ئەم علاقەیە رێك بخرێ لەڕاستیا پێویست نیە، یەكەم، چونكە تەبیعەتی علاقەكە بەمەبەستێكە كە تیایە پەیوەندی بەهێزكا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانی ئەكادیمیا، بۆیە لەئەساسا عیلاقەكە عیلاقەیەكی ئیجابیە بۆ ئامانجێكی باشیشە، خاڵێكی تر ئەوەیە ئاماژەشی پێدرا لەلایەن بەڕێزان پێش منیشەوە كە هەندێ خاڵ و بابەت خراوەتە ناو یاساكەوە كە پێویست بوو بەجێ بهێڵرێ بۆ پەیڕەوی ناوەخۆی ئەكادیمیا كەیەكێ لەو بابەتانە ئەوەیە رێكخستنی عیلاقە لەگەڵ موئەسەساتی ئەكادیمی لەهەرێمدا چ ئەوانەی كەهی نەتەوەكانی ترە، هەرچی موئەسەساتی عیلمی و ئەكادیمیشە پێویستە بەجێبهێڵرێ بۆ پەیڕەوی ناوەوخۆ،هەموو ئەو شتانە نەهێنرێتە ناو یاساكەوە، بۆیە من لەراستیا پشتگیری ئەم رەئیەی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەوەندیەكان دەكەم كەئەم مادەیە لابچێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە،منیش هاوڕام لەگەڵ هاوكارم كاك عمر و لیژنەی ڕۆشنبیری ئەو مادەیە لابرێ و سوپاس.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەحەقیقەت لەگەڵ رەئی لیژنەی ڕۆشنبیریم و بۆ من جێگای هەڵوەستەیە کەدەڵێ (تحدد علاقە الاکادیمیة بالمجامیع العلمیە للقومیات الاخری فی کوردستان-العراق بقانون)چونکە ئەمە بەحەقیقەت لەمادەی دووی (معدل) لەفەقەرە شەش چارەسەر کرا کەدەڵێ (توثیق وتعزیز العلاقات بالمجامیع العلمیة والمراکز والمباحث العلمیة داخل الاقلیم و خارجە) سوپاس.

**بەڕێز سالم توما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تایبەت بەم یاسایە قسەمان لەسەر مسەلەی زمان کرد کەزمانی کوردی فرە دیالێکتە ئەمە لایەنێکی گرنگ و دەوڵەمەنیە و بۆ هەرێمی کوردستان فرە زمانیش هەیە و ئەم مەسەلەیە ئەبێتە باعثي دەوڵەمەند کردنی ڕۆشنبیری پێکەوە ژیان، واتە ئاشنایەتی کەلتورە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگە دا ئەم خاڵە نابێتە رێگر لەبەردەم ئەندامێتی نەتەوەکانی تر لەکۆری زانیاری کورد، بۆیە منیش پێشنیار ئەکەم ئەم خاڵە نەمێنێ و ئەوان خۆیان سەربەست بن و ماددەی چوارەم ئەم لایەنەی موعالەجە کردووە، بەلاَم بۆچوونێك هەبوو کە مادام ئەم مادەیە هەیە رێگرە لەبەر دەم ئەندامێتی نەتەوەکانی تر لەکۆڕی زانیاری کورد کەپێم وایە نەبۆ کورد لەکۆڕی زانیاری نەتەوەکانی تر لەڕووی زمانیەوە مانایەك هەیە نەبۆ نەتەوەکانی تر لەکۆڕی زانیاری کۆرد و سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر-وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ێشنیازەکەی لیژنەی ڕۆشنبیرین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

مادەی(13)

**عونی کمال سعید بەزاز:**

المادة ثالثة عشرة:

1-احلال عبارة(امین عام المجلس)محل عبارة(سکرتیر)اینما وردت فی هذا القانون.

2-احلال عبارة(الاکادیمیە)محل عبارة(المجمع)اینما وردت فی هذا القانون،ئەصلی مادەکە نیە پێشنیاری نوێیە زیاد کردنی ماددەکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-دانانی بڕگەی ئەمینداری گشتی ئەنجومەن لەجێی بڕگەی سکرتێر لەهەرشوێنێکی یاساکە دا هاتبێ.

2-دانانی بڕگەی ئەکادیمیا لەجیی بڕگەی کۆڕ لەهەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێت.

ڕای لیژنە،ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو مادەیە نیە.

المادة الثالثة عشرة ليس لدينا ملاحظات بشآنها.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی،من وەکو نوێنەری لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو مینصەمە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوە دەکات کەوا لیژنە پێشنیاز دەکات کەوا ئەو مادەیە هەڵبوەشێتەوە و سکرتێر بمێنێتەوە و نەگۆڕێ بەئەمینداری گشتی لەدواییدا دەستەواژەی ئەکادیمی جێگای دەستەواژەیی کۆمەڵگای گرتۆتەوە بەپێی مادەی چوارەم لەیاسای ژمارە (39)ی ساڵی 2007 یاسای هەموار کردنی یەکەمی ژمارە (12)ی ساڵی 1997،بویە پێویست بەوە ناکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ڕەئی لیژنەی قانونی ئەکەم بەتایبەتی دەربارەی مەسەلەی ئەمین عام، من نازانم بۆچی ئێمە بچین سەلاحیەتی خۆمان بگونجێنین لەگەڵ نەتەوەیەك ئەو وشەیە بەکاردێنن بۆ سکرتێر، ئەگەر بێی لەهەموو زمانەکانی تر ئەوانەی کەمن ئەزانم عەل ئەقەل سێ، چوار زمانێکن وشەی (امین العام) هیچ عیلاقاتی نیە، من ئەترسم جارێکی تر لەکوردی سەقەت بکەینە دەست پاکی گشتی، بۆیە سکرتێر بمێنیت وە ملاحەزەی دووەمیش فیعلەن باس کراوە لەجێگای تر و سوپاس.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کەوا وشەی (امین العام) نەمێنێتن و سکرتیر جێگەی بگرێتەوە، بەلاَم دووهەمیان وەکو کاك عونیش ئاماژەی پێکرد ئەمە لەتەعدیلی پێشووتر ئاماژەی پێکراوە، پێویست ناکا جارێکی تر ئەکادیمی ببێ بەمەجمەع. سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو کەپێشتر هەموار کراوە،پێویست ناکا جارێکی تر.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی تازەمان نیە.

بەڕێز د.کاوە محمود شاکر:وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:

بەپێی ئەو دەقەی کەلەژێر دەستی منایا من پێم وایە کاتی خۆی سکرتێر بووە کراوە بە (امین العام) نەك ئێستا (امین عام) بکرێ بەسکرتیر لەبەر ئەوە ئەگەر (امین عام) بمینێتەوە خۆی (الامین العام) ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر بەپێی پێشنیازەکەی کاك عبدالسلام ئەیانەوێ بکرێتەوە بە سکرتیر، ئەوە مەسەلەیەکی ترەو پێشنیازێکی تازەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ مادەیەکی تر.

مادەی(14)

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەمی پڕۆژەکە (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی چواردەمی پرۆژەکە:پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەحکامی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی پانزەمی پرۆژەکە،(ینفذ هذه القانون اعتبارا من تاریخ صدوره وینشر في الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان)، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەمەوێ ئاماژە بەشتەکی بکەم هەندێ لەئەندام پەرلەمانەکان زمانی عەربی بەتەواوی دەرج نەکرایە واتە هەڵەی زۆری تێدایە من وەڵامم بۆ ئەو برادەرانە ئەوەیە کەئێمە ئەو صیاغمان دانەرشتووە، ئەوە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە،و لیژنەی یاسایی پەیوەندی بەوەی نیە،ئێمە پاش دەرچوونی یاساکە بەرپرسین لەوەی کە صیاغەی قانونی بکەین چ بەزمانی عربی چ بەزمانی کوردی و کەگوتمان زمانی عەرەبی دەبتە ئەساس مەبەستمان ئەوەیە مەفهومی قانونەکە کە پەسند دەکرێ لەپەرلەمان ئەوەیە ئێمە صیاغەی دەکەین لەچوارچێوەی قانوندا جێ بەجێ دەکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دەست خۆشیتان لێ دەکەین کەموناقەشاتی ئەو یاسایە تەواو بو داوا لەلیژنەی قانونی و لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەین تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بەهەند وەربگرن لەکاتی صیاغە کردنەوەی بۆ دەنگ لەسەر دانی ڕەچاوی هەردوو ئەو تێبینیانە بکەن بۆئەوەی لەدواجار بۆ خوێندنی سێیەم بۆ ئەوەی دەنگی

لەسەر بدەین، ئیستا دیینە سەر برگەی تر لەسەر بەرنامەی کار ئەویش خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆئەوەی سوود لەکات وەرگرین یاساکە لەبیست و دوو،بیست و سێ مادە پێك دێ و چوار راپۆرتی جیاواز هەیە،پێشنیار دەکەم کەوا ڕاپورتەکان هەمووی نەخوێنرێتەوە تەنها مادە مادە لەئەصڵی پڕۆژەکە زائدەن ڕای هەرچوار لیژنەو گفتو گۆی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش لەسەرۆکایەتی پێمان باشە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی یاساکە (مشروع قانون حق الحصول الى المعلومات) بەرێزان پرۆژە یاساکەکو پێشکەش کرایە بەهەموو هەڵەی زمانەوانی و چاپی ئاوا پێشکەش بەبەرێزتانی دەکەین، ناونیشانی یاساکە (مشروع قانون حق الحصول على المعلومات-قانون الضوء)،سەبارەت بەناونیشانەکە ئەوە ئەصلی پڕۆژەکەیە رای لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە (قانون ضوء) لادرێ،تەنها (حق الحصول على المعلومات) بمێنێتەوە،بەکوردیەکەش مافی بەدەست هێنانی زانیاری ئەوە ڕای لیژنەی یاساییە لەسەر ناونیشانی یاساکە سوپاس.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تقترح اللجنة تغير عنوان المشروع الى مشروع قانون حق الحصول على المعلومات في اقليم كوردستان-العراق.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی لیژنەی ڕۆشنبیریمان هەیە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاریەکان لەهەرێمی کوردستان-عیراق بێت.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە پێشنیار دەکات هەروەکو خۆی بێت، پشتیوانی لە پڕۆژە یاساکەو پشتیوانی لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەکات.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار بەس یەك تێبینی، خۆی قانونەکە نووسراوە دەڵێت لە هەرێمی کوردستان، یەعنی تەعریفەکەی و عنوانەکانی هەموو ئەوانەی تێدایە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەسەلەی دەزگا ڕووناکیەکەمان لاداوە، بۆیە عنوانەکەمان وەکو خۆی هێشتووەتەوە، بەبێ ئەو ناونیشانەی تر کە دەزگای ڕووناکیە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕووناکیەکە (ضوء)ەکە لادرێت، تەنها (حق الحصول على المعلومات) بمێنێتەوە، مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ لێرەوە دەست پێدەکەین، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (سۆزان شهاب- ئەڤین عمر- شوان کابان- عبدالسلام بەرواری)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەو پێیەی هەتاکو ئێستا لە وڵاتی ئێمە نەبووەتە عورف، کە یاسا بێ لە عنوانەکەی خۆی ناوێکی تری هەبێت، مەسەلەن کە دەڵێ قانون کە ضوئیش نابێت بوترێت، دەبێت بوترێت قانون النور، چونکە ئەوە ڕووناکیە، ڕووناکی دەدات بۆ هەموو کەسێك، یەعنی من دەمەوێت سەبەبی لابردنی ئەو ناوە، لە دونیادا زۆر قانون هەیە کە ئەهمیەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە ناوی لێ دەنێن، مەسەلەن ئەوەتا دەڵێن لە ئەمەریکا بەناوی مون لایتەوەیە، یەعنی لە وڵاتانی تر یاسا دەردەکەن ناوێکی دەدەنێ، هەتاکو ئێستا لەلای ئێمە نەبووەتە عورف کەوا یاسا ناوی هەبێت، بەس قەی چیەکا ئەگەر ئەوە بکرێتە دەست پێشخەریەك، یاسایەکی لەو جۆرە کە هاتووە ئێستا بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت، بەڵام بە (ضوء) نا، چونکە (ضوء) تەرجومەیەکی حەرفیە، بەڵام بکرێت بە قانون النور من پێم وایە زەرەرێکی ئەو تۆ نادات لە قانونەکە، بە عەکسەوە ئاماژەی ئەوە دەدات کە هیچ شتێك لە پەراوێزخستن و شاردنەوە نامێنێت، هەموو شتێك دەچێتە بەردەم ڕووناکی، هەر خودی خۆی ئەو تەعریفە، ئەو ناولێنانە ئاماژەیەك بوو، سەرەتایەکی زۆر باش دەبێت بۆ قانونەکە، بۆیە من پێم وایە لانەبرێت لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر چوار لیژنەکەی کە پێیان وایە لابرێت، بەڵام بەناوی (الضوء) نا لە نوسخە عەرەبیەکە بە قانون النور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری قسەکانی سۆزان خان دەکەم، لەبەرئەوەی ئێمە لێرە نوێنەری خەڵکین، هەڵبەتە پەرلەمان ئەو جێگایەیە کە هەر پێشکەوتنێك یاخود گۆڕانکاریەك بکرێت دەبێت لە پەرلەمانەوە دەست پێ بکرێت، بۆیە لە یاسایەك ئەگەر ناوێکی بۆ دانرێت ناوێکی لەو شێوە کە نور بێت یاخود ضوء بێت هەرچی بێت، هیچ زەرەرێك لە یاساکە نادات، بەلاّم ئەوە گۆڕانکاریەکە ئێمە بەسەر یاساکان دادێنین کە ناوێکی تایبەتی دەدەیتێ، لەبەرئەوە ئەو یاسایە خۆی یاسایەکی زۆر تایبەتمەندە وە یەکەمجارە لەو شێوە یاسایە لە کوردستان دادەنرێت، ئەوە یەکەم ختوەیە بۆ ئەو شێوە یاسایە یاخو بنیادنانی ئەو جۆرە یاسایانەیە لە کوردستان، بۆیە بەڕەئی من هیچ زەرەرێك نابێتەوە وە هیچ ئیشکالیەك دروست ناکات، ئەگەر ئەو ناوەی لەسەر دانرێت و، ڕێزیشم هەیە بۆ ڕەئی لیژنەکان، لیژنەکان ئەگەر ئەوە ڕەئیانە خۆیان جارێکی تر پێداچوونەوەی پێ بکەن و، ئەو ناوەی بۆ دانرێت باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلا من پشتگیری ڕای سەرجەم لیژنەکان دەکەم، لەوەی کە ئەو یاسایە ڕووناکیەکە لە عنوانی یاساکە لاببرێت، بەڕاستی چونکە هیچ پێویستی بەوە نیە، ئەوە نەبووە بە عورفیش، لەماوەی تەمەنی درێژی پەرلەمانی کوردستان، کە عنوانی یاسا دوو عنوان بێت، عنوانێك بڵێیت و دوایش بیخەیتە قەوسەوە بڵێی یەعنی ئەوە، هیچ پێویست ناکات بەڕاستی دونیاش ئەوەندە تاریك نیە، ئێمە پێمان وابێت بەو یاسایە ڕووناکی دەکەینەوە ئەوە یەك، دوو لەسەر ناوەکەشی من پێم وایە یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری بێت نەك زانیاریەکان، ڕاستە لە عەرەبیەکە جەمعە، بەلاّم لە کوردی عادەتەن لە هەندێك سیغە موفرەد بە مانای جەمعیش دێت و، وەکو جوانی زمانەکەش بەو شێوەیە جوانترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە یەك لەسەر مەسەلەی مانی ئەو پاش بەندە یان نا؟ تەصەور دەكەم ناموافق بوون لە كوردیەكەش و لە عەرەبیەكەش، ڕەنگە عورف هەبێت لە چەند دەوڵەت یاسای بەوجۆرە ناوی بكەنە یاسای بە ئینگلیزی دەڵێم(ترانس پەرەنسی)، یەعنی ناوەكە درێژە تاكو ببێتە كۆدێك ببێتە چەمكێك دەڵێم (ترانسی پەرەنسی ئاكت، یان كۆد، یان هەر شتێكی تر بێت (LOW)، واتە بە عەرەبی نابێتە ضوء نور دەبێتە شەفافیە، جوانە بە عەرەبی ئەگەر یاسای شەفافیە لە ناوی دانێین، چونكە یەك لە پرەنسیپەكانی حكومەتی شەفاف ئەوەیە كە دوو لایەنە، یەك خۆی پێزانین بداتە هاوولاتی تاكو ئاگاداربن كە چۆن حكوم دەكەن، دوو ماف بداتە هاوولاتی ئاگاداربێت ئەو خەڵكانەی دەنگم دایە چۆن ئیش دەكەن؟ بۆیە شەفافیەو (ترانسی پەرەنسی) بەپێی تێگەیشتنی من لە كوردیەكە زەعیفم نازانم ئەو شەفافیە بە كوردی چۆن تەرجومە بكەم؟ ڕووناكی ڕەنگە رووناهی چ فەرقی نەبێت ئەو تێبینیەم هەیە، ئەگەر ویسترا چەمكێك پەیدا بكەن بۆ ئەو یاسایە كە بە كوردی باس بكرێت، هەوڵ بدەین بە عەرەبی شەفافیەتەكەی تێدابێت، بەڵام بە كوردی وشەیەك فعلەن واتای كەلیمەی شەفافیەت بدات ئەوە یەك، دووەمیان تێبینی دووەمم من نازانم دەستوور زانەكان ویاسا زانەكان چەند هاوڕان لەگەڵ من، مافی وەرگرتنی زانیاری مافێكە دەچێتە چوارچێوەی مافە سروشتیەكان و، مافێكی دەستووریە ئێمە بۆمان نیە یاسایەك دەركەین مافێك تەعریف بكەین و مافەكە تەنزیم بكەین، ماف بەتایبەتی كە تەبیعی بێت وئیجابی بێت واتە تۆ تەنها ناتوانیت ڕێگا بگریت لە بەكارهێنانی ئەو مافە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بیری لێبكەینەوە، لەجیاتی یاسای ماف بكەنە یاسای گەیشتن بە زانیاریەكان یان مافی گەیشتن بە زانیاریەكان، بەڵام مافەكەی تێدانەبێت چونكە ئەگەر وتمان ماف یەعنی ئێمە مافەكە دەخەینە شك، پێویست بوو یاسایەك دەربكەین تاكو ئەو مافە پراكتیزە بكرێت، بۆیە هەیەش(formation access) پێ دەوترێت گەیشتن (الوصول الى المعلومات)، بۆیە بە تەصەوری من یاسای گەیشتن یان بەدەست هێنان بێ وشەی مافی تێدابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان ئەگەر ڕوون كردنەوەیەكتان هەیە یان تێبینیەك؟.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەو پێشنیارەی كە كردیتمان، لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لە پرۆژەی ڕاستە پرۆژەیە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانیش هەمان دەستەواژەیە، ئەو بۆچوونانە هەموو لەلای لیژنەكان تاوتوێ دەكرێت، بزانین كامە ناوو ناونیشان زیاتر لە ناوەڕۆكی یاساكەیە، واتە ناوەڕۆكی یاساكە دەردەبڕی بۆ وەردەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە موختەسەرات كە لە قەوانینی هەندێك عالەمینی لەسەر هەندێك مەواسیقی نیودەوڵەتی هەیە، كە موختەسەر بەكاردێت ناوی قانونەكە درێژە، بۆیە مەسەلەن دەڵێ سی داو یان هەندێك موستەلەحات بەكاردێت، كۆمەڵێك موستەلەحاتە موختەسرەكە وەردەگیرێت، لەبەرئەوە پێویست ناكات ناوی بنێین قانون (الضوء) یان قانون ناوی هەر شتێكی تری لێ بنێین. دووەمین بە نیسبەت شەفافیەت شەفافیەت، هێندێكی گەورەیە تەنها لە قانونی وەدەست هێنانی زانیاریە شەفافیەت نیە، شەفافیەت یەكێكە لەو پرەنسیپانەی كە لە هەموو كاری حكومی، لە هەموو كاری پەرلەمانی، لە میكانیزمی جۆراو جۆر، لە جومگەكانی حكوم دا دەبێت ڕەنگ بداتەوە، واتە تەنها شەفافیەت تەنها بەم قانونە هین ناكرێت، لەبەرئەوە تەنانەت ناویشی بنێین قانونی شەفافیەتیش، پێم وایە شەفافیەت بچووك دەكەینەوە، چونكە شەفافیەت فراوانترە، لەبەرئەوەی من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی كاك عبدالسلامم كە ناوی بنێین قانونی وەدەست هێنانی زانیاری، چونكە لە دەستووردا حەقێكمان هەیە، بەلأم ئەوە چۆنیەتی وەدەست هێنانی زانیاریەكەیە، میكانیزم وئالیاتە بۆ وەدەست هێنانی زانیاریەكە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان بۆ چوونی ئێمە وەلأم دانەوە نیە بۆ خوشك وبرایانی بەڕێز، بەلأم وەكو عورفێك پێویست دەكات عنوانی یاسا كورت بێت، دوو ئەو ناونیشانە پێم وایە لە تەفاصیل دا دۆزینەوەی كۆمەڵێك وەزایفی ترە كە لەگەڵ مەهامی یاساكە لەوانەیە تەناقوز بكات، بۆیە پێم وایە مەسەلەی حقوق مافی بەدەست هێنانی زانیاری دەچێتە حەقلی مافە گشتیەكانی مرۆڤەوە، بەپێی جاڕنامەی گشتی مافەكانی مرۆڤ، بەپێی پرۆتۆكۆلە مەدەنی و سیاسیەكان و، هەروەها پشت بەستن بە دەستووری عیراقیش ئەو مافە زامن كراوە، بۆیە ئێمە بەبێ ڕتوش بچینە تەفاصیلی ئەو بابەتەی كە پەیوەندە بەدەستهێنانی زانیاریەوەو، مەسەلەكان

لە چوارچێوەی عنوان دا کورت نەکرێتەوە، بۆیە پێم وایە ئەوەی کە لیژنەکان لەسەری کۆك بوون ئەوە ئەصڵی مەبەستەکەیەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینیتان نیە فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

المقصود بالمصطلحات الآتية هو معانيها المدرجة ازاءها:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

ثانياً: المجلس: المجلس الوطنى الكوردستاني.

ثالثاً: المؤسسة: مؤسسة الضوء.

رابعاً: الرئيس: رئيس مؤسسة الضوء.

خامساً: الهيئة العامة: وتشمل اية وزارة، أو مديرية عامة، أو الدوائر التابعة لها، أو مؤسسة، أو الجهات التابعة لحكومة اقليم كوردستان، ومنصب المحافظ ومجالس المحافظات والمحاكم، أو اية هيئة شكلت بموجب الدستور أو تعمل في ضله، أو اية هيئة تملك أو ادارة اخرى تعاونها حكومة اقليم كوردستان.

سادساً: الهيئة الخاصة: وتشمل الشركات التابعة للقطاع الخاص، أو اية هيئة تدير عملاً أو تجارة أو مهنة ولها شخصية قانونية.

سابعاً: الموظف: والمقصود به اي شخص مكلف يعمل لدائرة دائمة من قبل هيئة مسؤولية، لمدة قصيرة او لمدة كافية.

ثامناً: النشر: اي ايصال المعلومات الى جميع اعضاء بصياغة عامة مناسبة، عن طريق كافة وسائل النشر المعروفة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێنە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاكانی بەرامبەریانە:**

**یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان-عێراق.**

**دووەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان.**

**سێیەم: دەزگا: دەزگای روناكی.**

**چوارەم: سەرۆك: سەرۆكی دەزگای روناكی.**

**پێنجەم: دەستەی گشتی: هەر وەزارەتێك یان بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی و فەرمانگەكانی سەر بەوانەوەن یان دەزگا یان لایەنەكانی سەر بە حكومەتی هەرێمی كوردستانن و پۆستی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاكان و دادگاكان یان هەر دەستەیەك  بە پێی دەستوور، یان لەژێر سێبەریدا دامەزرابێ یان هەر دەستەیەك مولكداری یان بەڕێوەی ببات یان حكومەتی هەرێمی كوردستان باروبۆیان بكات.**

**شەشەم: دەستەی تایبەتی: كۆمپانیەكانی سەر بەكەرتی تایبەتن یان هەر دەستەیەك كارێك یان بازرگانیەك یان پیشەیەك بەڕێوە ببات و كەسایەتی یاسایی هەبێت.**

**حەوتەم: فەرمانبەر: مەبەست هەر كەسێكە كاری بۆ فەرمانبەرایەتیەكی بەردەوام لەلایەن دەستەیەكی بەرپرس پێ بسپێرێت چ بۆ كاتێكی كورت یان تەواو.**

**هەشتەم: بلاّو كردنەوە: واتە زانیاریەكە بگاتە هەموو ئەندامێكی كۆمەلگا، بە دارشتنێكی گشتی و شیاوەوە بۆ هەموو هۆیەكانی بلاّوكردنەوەی زانراودا.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی یەكەم، وەكو خۆی بێت و تەنها لە برگەی دووەم لەهەر شوێنێكی ئەو پڕۆژە یاسایە وشەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان هات بێت، بگۆڕدرێتن بە پەرلەمانی كوردستان، زۆرسوپاس.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی یەکەم واتای زاراوەو ئامانجەکان، لیژنە پێشنیار دەکات ناونیشانی بەشی یەکەم سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە: پێناسەو ئامانجەکان ماددەی یەکەم سەر لە نوێ دارشتنەوەی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت: مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بەمەبەستی ئەو یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: دەستە: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێم.

چوارەم: دەزگای گشتی: هەموو وەزارەتەکان و دام ودەزگاکان و دەزگاکانی یاسا دانان وجێبەجێ کردن و دادوەری هەروەها دەستە ناوخۆییەکان.

پێنجەم: دەزگای تایبەت: ئەو دەزگایانەی کە ئیش و کاری گشتی بەڕێوە دەبەن یان زانیاری تایبەت هەیە وەکو ژینگە تەندروستی و سەلامەتی گشتی.

شەشەم: فەرمانبەر وەکو خۆی.

حەوتەم: بلاْوکردنەوە وەکو خۆی.

هەشتەم: زانیاری بەیاننامەی زارەکی یان نووسراو یان تۆمارەکان و ئامارەکان یان بەڵگە نامەی نووسراو یان وێنەیی یان تۆمارکراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیکترۆنی یان بەهەر ڕێگایەکی تر.

نۆیەم: بەڵگەنامە ئەو زانیارانەی کە تۆمارکراون بە چاوپۆشین لە شێوازەکەی یان سەرچاوەکەی و مێژووی دەرچوونی یان حاڵەتە یاساییەکەی.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ڕۆشنبیری لەبەرئەوەی سیاغەکەی بە عەرەبیە هەر بەعەرەبی دەیخوێنمەوە: (تقترح اللجنة تغيير العنوان ليكون التعاريف والاهداف بدلاً من معاني المصطلحات والاهداف من هذا القانون:

المادة الاولى: تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا قانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

**ثانياً: البرلمان: برلمان اقليم كوردستان-العراق.**

**ثالثاً: الهيئة: مستقلة لحقوق انسان في الاقليم كوردستان-العراق.**

**رابعاً: المؤسسة العامة: كافة الوزارات والادارات والاجهزة والمؤسسات التشريعية والتنفيذية والهيئات المحلية.**

**خامساً: المؤسسة الخاصة: المؤسسات التى تدير موافقاً عاماً أو تؤدى اشغالاً عاماً أو تمتلك معلومات ذات المساس بالبيئة أو بالصحة أو بالسلامة العامة.**

**سادساً: المعلومة: بيانات شفوية أو مكتوبة أو سجلات أو احصائيات أو وثائق مكتوبة أو مصورة أو مسجلة أو مخزون اليكترونيت أو بأى طريقة اخرى.**

**سابعاً: الوثيقة: المعلومات مسجلة نظر عن شكلها و مصدرها و تاريخ انشائها أو حالة قانونية.**

**ثامناً: الموظف المختص: الموظف معين من قبل المؤسسة العامة للنظر في طلبات الحصول على معلومات.**

**تاسعاً: النشر: اى جعل معلومة متاحه لاعضاء المجتمع في صيغته الممكنة العامة بكل وسائل نشر المعروفة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ داڕشتنەوەی ماددەکەین، بەشێوەیەك کە ناوی پەرلەمان بچەسپێنرێت لە شوێنی ئەنجومەنی نیشتمانی، لەبەرئەوەی بە بڕیاری پەرلەمان ناوەکە گۆڕایە وە موئەسەسەش بکرێتە ئەنجومەن، لەبەرئەوەی ئێمە لە ناوەڕۆکی یاساکە کە هاتینە گفتوگۆی ماددەکانی دواتر لەگەڵ ئەوە نەبووین هیچ پێکهاتێکی نوێ زیاد بکرێت لە تەشکیلاتی حکومەت، رەئیس موئەسەسەت (ضوء) ئەویش بگۆڕدرێت لە بۆ (مجلس)، ئەگەر مجلسەکە بڕیاری لەسەردرا بڕگەی (شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)یش پێویستی بە داڕشتنەوەیە، لەبەرئەوەی هەندێك دەستەواژە پێ دەچێت لە کوردیەکە وەرگێرابێتە سەر زمانی عەرەبی، ماددەکە بەو شێوەیە دەبێت،**

الماده الاولى: يقصد بالمصطلحات الآتية المعانى مبنية ازاءها لاغراض هذا القانون

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان.

ثانياً: البرلمان: برلمان كوردستان.

ثالثاً: المجلس: مجلس المعلومات.

رابعاً: الرئيس: رئيس المجلس.

خامساً: معلومة بيانات شفوية مكتوبة أو سجلات أو احصائيات أو وثائق مكتوبة أو مصورة أو مسجلة أو مخزون اليكترونياً أو باى طريقة اخرى.

سادساً: الهيئة العامة: أية وزارة، أو مديرية عامة، أو الدوائر التابعة لها، أو المؤسسات أو الجهات التابعة لحكومة اقليم كوردستان، ومنصب المحافظ ومجالس المحافظات والمحاكم، أو اية هيئة انشأت بدستور أو فى ظله، أو أية هيئة تملك أو تديرها، أو تمويلها حكومة اقليم كوردستان.

سابعاً: الهيئة الخاصة: والشركات التابعة، للقطاع الخاص، أو أية هيئة تدير عملاً أو تجارة أو مهنة وتتمتع بالشخصية القانونية.

ثامناً: الموظف: اي شخص مستخدم لوظيفة دائمة او مؤقتة ولوقت جزئي او كامل من قبل هيئة مسؤولة.

تاسعاً: النشر: اي جعل معلومة متاحه لاعضاء المجتمع في صيغته الممكنة العامة بكل وسائل نشر المعروفة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان هاتووە (سەرگوڵ خان- كاك شوان- كاك عدنان- كاك عبدالله- پەیمان خان- سۆزان خان- كاك كاردۆ- كوێستان خان- ئاشتی خان- كاك دانا- كاك ئارام- كاك عبدالسلام)، فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەكەم وەكو موستەلەحات، من پێشنیار دەكەم وەكو ڕاپۆرتەكەی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری كە فەقەرەی سێ و چوار موئەسەسەكە و ڕەئیسەكەی ئەوە لابرێت، چونكە ئەوە هەم ئیستحداس كردنی موئەسەسەیەكی تازەیەو، هەم ئێمە ئێستا دەستەی مافی مرۆڤ كە بڕیاری قانونەكەی لە

پەرلەمان دەرچووە، هەرچەندە دەستەکە ئێستا ئەکتیف نیە و سەرۆکی بۆ دانەنراوە، بەڵام پێمان باشە ئەو یاسایە کە کاتێك دەردەچێت مافی پێدانی زانیاری لەلایەن دەستەی مافی مرۆڤەوە بێت، کە بە حکومی ئەوەی پێدانی زانیاری یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو کارە بدرێت بە دەستەی مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ئێمە ئیستحداسی موئەسەسەیەکی تر نەکەین و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی مافی بەدەست هێنانی زانیاری بەندێکە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، ئەوە مافی هەموو هاوولاَتیەکە، ئەوە ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسایەکمان دەرکردووە بۆ دامەزراندنی دەستەیەك، ناوی دەستەی باڵای سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ئەوە ئەرکی بەجێهێنانی ئەو یاسایە پێویست ناکات ئێمە دەزگایەکی تر یان دەستەیەکی تری بۆ دروست بکەین و، هەموو ئەو کێشە ئیداریانەی کە لەگەڵ خۆی دەیهێنێ جارێکی تر دروستی بکەینەوەو، بێینەوە قسە لەسەر ئەوە بکەین فەرمانبەری زیاتر لەو بابەتانە، بۆیە بەڕای من هەم پشتگیری لە پێشنیاری ئەو ڕاپۆرتەی هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم، کە هاتووە دەڵێت ئەوە ئەرکی بەدیهێنانی ئەو یاسایەو بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بسپێرێت بە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و، پشتگیری ئەو پێشنیارەی هەردوولیژنە دەکەم، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لە ئێستادا دەبێت ئەو مەوزوعە حەل بێت، چونکە پێم وایە ئەوە نزیك 50٪ی لە یاساکە دەبێت ئەویش مەوزوعی دەزگاکەیە موئەسەسەکەیە، کە لەم یاسایە دیارە لە زۆر یاساکانی وڵاتانی دەوروبەر ئەو یاسایە سوودی لێ بینیوە دەستەکە هەیە، ئەو هەیئەتە هەیە، بەڵام ڕای لیژنەکان وادیارە ڕای بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە گفتوگۆمان لەسەری کردووەو، ئەو وەرك شۆپانەی کە کراوە، پێیان وایە کە بوونی دەزگایەکی وا هەم زیادەیە، هەم لەڕاستیدا لە بری ئەوەی کە ڕێگا خۆش کەر بێت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە هەندێك جار دەبێتە موعەرقل، جۆرێك لە ڕۆتینیاتێکی زیاتر دروست دەکات، بۆیە قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، لەسەر دوو خاڵە یەکەم نەمانی ئەو دەستەیە، یەعنی ئەو دەستەیە

نەمێنێت وە لەیاساکە نەمێنێت، وەکو ئەوەی لە لیژنەکان دا هەر چوار لیژنەکە ئاماژەیان پێداوە، بەڵام مەوزوعی پەیوەست بوونی ئەو پرۆسەیە بابڵێین بە چیەوە دەبێت؟ منیش لەگەڵ هاوکارانم کە قسەیان کرد زۆر لەگەڵ ئەو ڕایەم کە پەیوەست بێت بە دەستەی مافی مرۆڤەوە، با بڵێین جۆرێك لە نزیکایەتی لە ئیشەکاندا هەیە، هەم ئەرکێکی ترمان لەکۆڵ دەکاتەوە کە مەوزوعی دروست کردنی دەستەیەکی ترە، هەمیش جۆرێك لە نزیك بوونەوە لە وەزیفەکە لەگەڵ ئەو مەسایلانەی کە مورتەبتن بە مافی مرۆڤەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاوشێوەی ئەو برادەرانە کە لە پێش من قسەیان کرد، منیش پێم وایە ماددەی یەکەم گرینگترین ماددەیە بەو پێیەی پێناساکانی تێدایە، لە یەکێك لە خاڵەکان دا باسی ئەوە دەکات کە دەبێت دەستەیەك دروست بێت، لەو ڕووەوە هاوڕام کە باوەڕم وایە دروست کردنی دەستەیەکی لەم جۆرە دەکرێت بڵێین زیادە پێویست ناکات، چونکە هەر بە تەبیعەت سروشتی یاساکە بە شێوەیەکە بۆ هەموو دام و دەزگاکانە، داوای شەفافیەت داوای پێدانی زانیاری لە هەموو دام و دەزگاکان دەکات، واتە خودی دەزگاکە، خودی یاساکە سروشتێکی گشتی هەیە، بەڵام من لە یەك خاڵ دا ناکۆکم با بڵێن لەگەڵ برادەرانی تردا، پێم وایە ئەو یاسایە پەیوەندی لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ دا پەیوەندیەکی هێندە نزیك نیە یاخود با بڵێین لەگەڵ پسپۆری دەستەی مافی مرۆڤ دا یەك ناگرێتەوە، ئەگەر چی بەشێك لەمەسەلەی زانیاری هەندێك دەچێتە خانەی مافی مرۆڤ و بەدواداچوون بۆ ئەو بارودۆخەی لە بەندیخانەکان دا دەگوزەرێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو دەستەیە، با بڵێین ئەرکی جێبەجێ کردنی یاخود ئەرکی بەدواداچوونی ئەو کارانەی هەیە، کە لە ئەصڵدا پێویست دەکات با بڵێین ئەو دەستەیە دەستەی دەزگای روناکی کە پێی هەڵدەستێت، ئەو ئەرکانە بسپێردرێت بە دەستەی با بڵێین دەست پاکی، با بڵێن دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان، کە سروشتی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سروشتی ئەو یاسایەی کە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری دەردەچێت لە پەرلەمانی کوردستان زیاتر لەیەکەوە نزیکە، یەعنی دەستەی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات، کە دەستەی روناکی دەبێت ئەنجامی بدات و، لەهەمان کاتدا یاساکە بۆ کێیە؟ یاساکە بۆ ڕۆژنامە نووسانە، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە، بۆ زانکۆکانە، بۆ ئەو دەستانەیە کە توێژینەوە ئەنجام دەدەن، بۆیە بە بڕوای من تەبیعەتی یاساکە لەگەڵ سروشتی یاسای دەست پاکی دێتەوە، بەتایبەت کە لە یاسای دەستەی دەست پاکی باسی ئەوە دەکات، ئەگەر با بڵێین دەزگایەك زانیاری نەدا بە دەستەی دەست پاکی، ئەوە دواتر دۆسیەکە ڕەوانەی دادگا دەکرێت بۆ

یەك لایی کردنەوەو، هەروەها یەعنی ئەگەر بەراوردێك هەیە دەمەوێت لێرە ئاماژەی پێ بدەم، ئەو دەستەیە زۆر پێویستە ئیشەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە بڕوات، بە قەناعەتی من ئەگەر هەڵسەنگاندنێك لە نێوان ئەو میکانیزمە بکەین، کە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی پێ هەڵەبژێردرێت و، هەروەها ئەو میکانیزمەی کە سەرۆکی دەستەی دەست پاکی پێ هەڵدەبژێردرێت، لەڕاستیدا میکانیزمی هەڵبژاردنی دەستەی دەست پاکی میکانیزمێکی بێ لایەنانە ترە و سەربەخۆیانە ترە، دەتوانێ دەزگایەکی سەربەخۆ تر دروست بکات، بۆیە من پێشنیاردەکەم ئەرکی دەستەی ڕووناکی، ئەرکی دەستەی پێدانی زانیاری بێت لە بڕی ئەوەی بدرێت بە دەستەی مافی مرۆڤ، بدرێت بە دەستەی دەست پاکی، واتە دەزگای نەزاهە کە هێشتان دروست نەبووە، بڕیارە دروست بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك عدنان عثمان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن من پێشەکی پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم، چونکە دیارە لە ئەنجامی چەند وۆرك شۆپێك و کاری زۆریان کردووە لەسەر ئەو یاسایە، بۆیە پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی ئەوان دەکەم، بەتایبەتی لە لیژنەی قانونی دا باس لەلابردنی مەجلیسەکە نەکراوە، بەڵکو مەجلیسەکە بوونی هەر هەیە، وەك ئەوەی کە لەبەر دەستی من دا هەیە، بۆیە من پێم باشە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری، من دەمەوێت قسەیەك لەسەر ئەوە بکەم بۆ سەر بەمافی مرۆڤ بێت؟ ئەوە حەقی زانیاری مافی منە، مافی منی تاکە، نزیکترین چونکە هەر خۆی هاتووە لە حقوقی مەدەنی و سیاسی لە (حق الحصول علی المعلومات) ماددەی نۆزدەیە لە عەهدی دوەلی (للحقوق المدنیة والسیاسیة)، منی تاك مافی ئەوەم هەیە چ وەختێك ویستم دەستم بگات تەنانەت زانیاریە هەرە ساکارەکانیش، پێویستە ڕەچاو بکرێت کە من بە ئاسانی دەستم بگاتێ، ئەوە هیچ عیلاقەی نیە بە مەسائیلی دەست پاکی و دەستەی دەست پاکی و ئەوانە، ئەوان مەعالەجەی حاڵەتێك دەکەن کە ناوی دژە گەندەڵیەو بەدواداچوونی جەرائیمی مونەزەمی گەندەڵیە، جەرائیمی نا مونەزەمی گەندەڵیە، عیلاقەیان هەیە بەسەر

مەحكەمەوە، بەلاَم ئەصلَى قانونەكە ئەو قانونە بۆ ئەوەیە منی هاولاَتی، منی تاك بە ئاسانترین شێوە دەستم بگات بە زانیاریەكان، بەڕێزان من یەك مەسەلەی زۆر بچكۆلەتان بۆ دەهێنمەوە، من كەسێك بم بمەوێت دیراسەیەك بكەم لەسەر ئەوەی ئاخۆ لەم ولاَتەدا چەندێك ئەجنەبی دەژین؟ مەشروعێك دەكەمەوە دەمەوێت ئەجنەبیەكان ڕاكێشم بۆلای خۆم، من خۆم تووشی حالەتێك بووم لەوەی كە ویستوومە بزانم چەند ئەجنەبی لەم ولاَتەدا هەیە بەسایتەوە بە پەیوەندی كردنەوە، هەتا ئێستا ئیشی لەسەربێت، رەقەمەكەم نەزانیوە چەندە؟ (مع العلم) من بۆ شتێكی زۆر بەسیت و ساكار دەمەوێت بۆ دیراسەتێك دەمەوێت، ئەوەیە مافی من كە من بزانم تەنانەت مەعلوماتە ساكارەكانیش كە پێویستە بیزانم لە كوێوە هەیە و چۆن دەستم دەكەوێت بە ئاسانترین ڕێگا؟ نە مەجلیسی دەوێت نە هیچ شتێكی تری ئەوێت، تەنانەت بەو سیغەتە بەسیتەی كە ئەوان باسیان كردووە، لەناو تەعریفاتەكان بسپێرێت بە دەستەی مافی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە قسە لەسەر مافێك دەكەین كە مافێكی دەستووریە وە یاساییە، بەپێی پێوەرە نیودەولَەتیەكانیش دەبێت ئەو مافە بلاَوبكرێتەوە، خۆی لە ئەصلَدا ئەوەیە كە مافەكە بلاَو دەكرێتەوە، بەلاَم هەموو هاولاَتیەك مافی ئەوەی هەیە كە بە زانیاریەكان بگات و، هەموو ئەو دەزگایانانەی كە هاوكارانم باسیان كرد كە پەیوەست داربن بەوە، ئەصلَەن دەبێت لە خزمەتی گەیاندنی ئەو زانیارانە دابن، نەك بەرپرسیارەتی وەرگرن، بۆیە من لەگەلَ ئەوە دام كە ئەو دەزگایە زەروریەتی نیە، حكومەتی هەرێم ئەركێتی ئەو یاسایە جێبەجێ بكات و، مافی هاولاَتیشە دەستی ڕابگات بە زانیاریەكان بە ئاسانترین شێوە، چونكە وەكو تەئكیدمان لێ كردەوە ئەصلَەكە ئەوەیە تۆ دەبێت زانیاری بدات، لەبەرئەوە من هەم لەگەلَ ئەوە نیم كە دەزگایەك هەبێت یان ئەنجومەنێك هەبێت، چونكە ئێمە لە كوردستان بەڕاستی یەكێك لە تەجوربەی ئیش كردنی خۆمان كێشەكانمان بۆ زۆر بواری كە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندی بە دەستەی نەزاهەوە هەیە، دەزگاكەمان هەیە و بوونە باریش بەسەر حكومەتەوە، بێ ئەوەی هیچ كارێكیش ئەنجام بدەن، لەبەرئەوەی پێمان باشە ئەو دەزگایە نەبێت ئەنجومەنەكەو، ئەو مافە مافی هاولاَتی بێت و، ئەركی حكومەت بێت ئەو مافە جێبەجێ بكات بەشێوەیەكی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم كە سێیەم و چوارەم لاببرێت، لەبەر دوو هۆ یەكەم دروست كردنی ئەو هەموو دەستەو دەزگایە، وا دەكات قورساییەك دەخاتە سەر حكومەت، ئێمە لەلایەك باسی تەرسیقی حكومەت دەكەین، وەزارەت كەم دەكەینەوە لەبەرامبەر دا 12 دەستەمان هەیە ئێستا دەبێت 13 دەستە ئەوە یەك، دووەم ئەوە دەبێتە ڕێگریەك كە هاووڵاتی بگاتە زانیاریەكان و، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم هیچ دەستەیەكی مافی مرۆڤ و نەزاهە ئەوانە ئیشی ئەوە بكەن، یاساكە خۆی پێویستە جێبەجێ بكرێت وەك خۆی، دواتر ئەوەی كە جێبەجێی ناكات یاساكە داواكاری گشتی و دادگاكان هەیە، مەسئولن لەوەی كە ئەو یاسایە بۆ جێبەجێ ناكرێت؟ بۆیە بە تەواوەتی پشتگیری ڕای بەڕێزان و هاوكارانم سۆزان خان و كاك كاردۆ دەكەم، لەوەی كە دەزگاكە نەبێت و، هیچ دەستەیەكیش سەرپەرشتی جێبەجێ كردنی ئەو یاسایە نەكات یاساكە وەك خۆی جێبەجێ بكرێت و، داواكاری گشتی و دادگایە كە دواجار مەسئولە لەوەی یاساكە بۆ جێبەجێ نابێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من سۆزان خان كردی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من پێم وایە ئەوە هەڵەیەكی زۆر گەورەیە، ئەگەر ئێمە مافی بەدەست هێنانی زانیاری حەسر بكەین بەدەزگایەك، پێم وایە ئەوە تەنیا لە سیستەمە تۆتالیتارەكان بەڕاستی ئەوە هەیە، پێم سەیرە یەعنی ئەو مەنتیقەی ئەو یاسایەی پێ نووسراوەتەوە چۆن بە چ شێوازێك بیركراوەتەوە؟، تۆ ئەگەر دەزگایەك هەبێت كۆنترۆڵی هەموو زانیاریەكانی بخەیتە دەست، ئینجا بیخاتە دەست هاووڵاتیان ئەوە نابێت بە ماف، ئەوە بێجگە لە مەسەلەی زانیاریەكە پەیوەندی بە هەموو دام و دەزگاكانەوە هەیە، یەعنی دواجار ئەگەر مەسەلەی بەدواداچوونە ئایا زانیاری خراوەتە بەر دەست یان نەخراوەتە بەردەست؟ هیچ پەیوەندی نیە بە

دەستەی نەزاهە، دەستەی مافی مرۆڤ، یاخود ئەو دەزگایەی کە قەرارە دروست بکرێت، یەعنی پەیوەندی بە هەر هەموو دەزگاکان هەیە کە لە هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن، هەتا دەکرێت پەیوەندی بە کۆمپانیەکانیشەوە هەبێت، دەکرێت پەیوەندی بە کەرتی تایبەتیش هەبێت، ئەو موئەسەسانەی کە لە کەرتی تایبەتەوە هەیە، یەعنی بۆیە بەڕاستی من پێم وایە ئەوە زیاد کردنی ئەوە حەل کردنی یان کۆنترۆل کردنی زانیاریە، لە جیاتی ئەوەی کە خستنە بەر دەستی زانیاری بێت، بۆیە بەڕای من پێویست ناکات ئەوە هەبێت و، ئەگەر لە حاڵەتێك مەسەلەی بەدواداچوونی تێدابێت یاخود ئەگەر سەرپێچیەك کرابێت لە دام ودەزگاکان ئەوە دادگاکانمان هەیە، دادگاکان دەتوانن ئەو مەسەلانە یەك لا بکەنەوە، یەعنی بەڕای من ئەو شتەی کە ئێمە هەندێك پێشنیارکرا، کەپێویستە بدرێت بە فلانە دەزگاو فلانەوە، ئێمە دادگامان هەیە کە ئەوە بوو بە یاسا، دادگا مولزەمە بەوەی کە ئەو مەسەلانە یەك لا بکرێتەوە، بۆیە من پێم وایە ئەو مەسەلەی دەستەو دەزگا نازانم چی ئەوە لەو یاسایەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە تێبینیەکانم وترا تەنها تێبینیەکم ماوە، ئەویش سەبارەت بە دەستەی گشتی کە باس نەکرا لە پێناسەکان دا، من پێشنیار دەکەم پێناسەکەی زۆر درێژە کورت بکرێتەوە بەو شێوەیە: هەر وەزارەتێك یان بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی یان دەستەیەك کە سەر بە دامەزراوەی دەسەڵاتی یاسا دانان و دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێ کردن بێت، بۆ ئەوەی ئەو تەفاسیلە نەوترێت و، وەرگرتنی زانیاریەکان بەشێوەیەکی گشتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بوون و نەبوونی دەزگاکە، من ناوەکانی ئەو خوشك وبرایانەم لایە ئەوانەی پرۆژە یاسایان پێشکەش کردووە، پێنجیان نەماون لەناو پەرلەمان، پێنجیانیش خۆیان داوایان کرد نەمێنێت، بۆیە تەصەور دەکەم هەر چوار لیژنە ڕەچاوی ئەوە بکەن مافی سەرەکی بۆئەوەی ئەو دەزگای ڕووناهیە چیە؟ بمێنێت نەمێنێت خۆ ئەوانەن ئەوانەی یاساکەیان پێشکەش کردووە یەك، دوو دێم خۆم ڕەئی خۆم لەسەر ئەو دەزگا چیە زوو

بە عەجەلە پێش ئەوەی بڵێم بمێنێت نەمێنێت لە پێناسەکان، چووم خوێندم لە ژوورەوە چی تێدایە جارێ ئەوە جێبەجێ ناکرێت شکم هەیە، چونکە دەزگایەکە دیار نیە لە ئاسمانە، هیچ دەسەڵاتی نیە، سەر بەهیچ کەسێك نیە، ئەو ئەرکانەی کە بچێتە ناو وەزارەت و ناچاری وەزارەت بکات کە وابکات وا نەکات، واتە نووساوە بە نەفەسێکی ئارەزوومەندانە لەسەر ئەو ئەساسە، دوون ئەوەی من تێگەیشتوومە لە چەند یاسام خوێند بەلایەنی کەم، یاسای گەیشتن بە زانیاری یاساکەی کە پەرلەمان دەری دەکات ئیلزامی دام و دەزگای حکومی گشتی دەکات، کە ئەوان ئەو ئەرکەی بەم دەزگایە بۆی لکێنراوە ئەوان لەناو وەزارەت و مودیریەتی خۆیان بیکەن، واتە ئەوان مۆزەف ڕابهێنن و سجلات دروست بکەن، ئەوان شێوەیەك بدۆزن کە داواکاری خەڵك وەرگرن و چۆن بیدەن؟ نموونەش زۆرن ئەگەر ویستیان من دەتوانم بۆتان هەربهێنم بە تەرجومە کراوی یان وەکو خۆی، بۆیە فیعلەن ئەو دەزگایە منیش لەگەڵ ئەو هەموو برادەرانەم، بەتایبەتی وابزانم ڕاپۆرتی دوو لیژنەش بوو کە نەمێنێت لە تەعریف, واتە ئەوە ئەسەری ڕەجعی هەیە کاك عدنان زۆر جوان وتی، کە زۆر گرینگە وە حەساسە تەبیعەتی یاساکە هەمووی دەگۆڕی، من لەگەڵ ئەوەمە کە ئەو دەزگایە بەوشێوەیە نەمێنێت، ئەگەر هاتو ئەو پرەنسیپەمان ڕەچاو کرد ئەوەی من باسم کرد، کە ئەو یاسایە دەبێ ناچاری بە شێوەیەك لە شێوەکان دام و دەزگاکان بکات، بۆ ڕێکخستنی بڵاوکردنەوەو دانی زانیاری و ڕێگا خۆش کردن بۆ گەیشتنی خەڵك بۆ زانیاری، ئەوکاتە مومکینە پێویستیمان بەیەك پێناسە یان چەمك هەبێت دەیهێنینە ئێرە، من گلەییم هەیە یان تێبینیم هەیە لەسەر چەند شت کە هاتووە، جارێك دەڵێت ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کردووتانە بە کوردی من نازانم شتێکی واقیع هەبێت ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بێت، بۆیە ڕەجاتان لێدەکەم بزانن باسی چی دەکەن ئێوە؟ پەرلەمانی کوردستان، ئێ بڵێن پەرلەمان تاکو تێبگەین، دەستەی گشتی نازانم چیە؟ من دەستە بە هەیئە تێگەیشتوومە، دەستە پێکهاتەی مودیریەتێك دەزگایەکە ئێمە موستەلەحمان نیە بۆ موئەسەساتی حکومی، وەزارەت دەستەیە ئەرێ؟، مودیریە عامە، دەستەیە؟، دام ودەزگایە یان دەزگای گشتی؟ یەعنی ئەگەر بڵێین موئەسەسە عامە سەر بە حکومەتە، بەڵام هەموو شت بەکاردێنین تەنها دەستە بەکارناهێنین، دەستە باسی ئەو دوو، سێ کەسە دەکات ئەوەی لەناو هەیکەلەکە موئەسەساتیان هەیە، بۆیە ڕەجاتان لێدەکەین وشەی دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت لابدەن بیکەنە دەزگا یان شتێکی تر، لە فەرمانبەر ئێمە ئیستلاحمان کردووە فێر بووینە لەزمان کە پێش ئێستا باسی یەکخستنی چەمکەکانمان کرد، خەریکە لە زمانی کوردی ئیداری وشەی فەرمانبەر و کارمەند لە یەکتر جودا بکرێن، بۆئەوەی فەرمانبەر بە عەرەبی پێی دەوترێت (موظف حکومی)و، کارمەند کابرایەکە وەکو مۆزەف، بەڵام ڕەنگە لە کەرتی تایبەت ئیش بکات یانیش لە حکومەت بە گرێبەست ئیش بکات، بۆیە لێرە لە تەعریفی فەرمانبەر هیچ ئیشارەتێك بۆئەوەی پێی دەڵێن لای ئێوە دەستەی گشتی (قطاع عام) باس نەکراوە، پێشنیار دەکەم ئەگەر مەبەست مۆزەفی حکومی بێت دەبێت لەوێ بە سەراحەت بڵێی لە دەزگایەکی گشتی یان ئەو ئیش دەکات، لە هەشتەم بڵاوکردنەوە پێناسەکردنی کردارێك دەبێتە پێناسەکردنی چۆنیەتی ئەنجام دانی ئەو کردارە بێت، بڵاوکردنەوە واتە زانیاریەکە یەعنی وشەی

بڵاوکردنەوە لە ڕووی زمانەوە کە کارێکە خستوویتی بۆ ناوێك زانیاری ناوە، واتە زانیاریەکە بگاتە هەموو ئەندامێك، من تەسەور دەکەم بڵاوکردنەوە گەیاندنی زانیاریە بۆ هەمووان واتە وەسفی ئەوە بکەی بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان یەك دەقیقە بزانین.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە یاسای پێشووش دا بەڕێزتان وەك سەرۆکایەتی ئەو ڕوون کردنەوەیەتان دا، کە ئەندامێك هەڵدەستێت لەسەر ماددەیەکی یاسایی قسە دەکات، پێویستە پێشنیارەکەی تەرح بکات ئەو هەموو شەرحە بەڕاستی یاساکە زۆرە، بە مانگێکی تر تەواوی ناکەین، ناچینە سەر بودجە، بۆیە ئەگەر ئێوە ئەوە تەنزیم بکەن کە دەچینە شەرح و تەفسیلاتەوە، حەقە ئەو ڕێگایە نەدرێت بۆئەوەی زۆر درێژ نەبێتەوە یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جاری پێشوو پێنج خوشك و برا قسەیان کرد، هەر پێنج یەك ناوەڕۆك قسەیان کرد هەریەك بە سیغەی خۆی قسەی کرد، هەمووشی تەئید بوو بۆ ماددەکە، بەڵام دەبێت ئەو خوشك و برایانە خۆیان موراعاتی وەزعەکە و موراعاتی ئەوە بکەن کە تیکراری شتەکان نەکەنەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی پێناسەکان هەروەکو باسیان کرد گرینگی تایبەتی هەیە، لێرەدا دەبێت بابەتەکان پەیوەندی هەبێت بە مەبەستی ئەو قانونەی کە هەمانە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە زانیاری بگات بە هاووڵاتی، هاووڵاتی مافی وەرگرتنی زانیاری هەبێت، ئەوەی کە زانیاریەکە دەبەخشێت دەزگاکانە، موئەسەساتە، لەبەرئەوە خۆی ئەساسەن دەبێت بیرەکە وابکرێتەوە کە مەرکەزێکی زانیاری، سەنتەرێکی زانیاریمان هەبێت لە وەزارات و لە مودیریەتی عام تاکو مودیریات، لەوە زیاتر بڵاو ببێتەوە بۆ فەرمانگەو، شتەکە زۆر پەرش و بڵاودەبێتەوە، یەعنی دەبێت تەوجیهەکە وابێت کە سەنتەرێکی زانیاریمان هەبێت، ئەم سەنتەرە مەرکەزی مەعلوماتی هەبێت، کە هەر هاووڵاتیەك بیەوێت داوای مەعلومات بکات من زانیاری پێشکەش بکەم و، مەبەست لە مەعلومات ئەم مەعلوماتە تەنها هەر ڕۆژنامەنووس نیە، هاووڵاتی ئاسایش پێویستی بە مەعلومات هەیە بۆئەوەی بگاتە دەستی ئەوە یەك، لە حاڵەتێك دا دێتە پێشەوە کە ئەو زانیاریە لایەنێك کە موئەسەسەی عام بێت یان خاص بێت، کە ئەو زانیاریە پێشکەش ناکات، لێرە دا چۆن چارەسەر بکرێت؟ ئێمە دوو تەریقەمان هەیە، تەریقەیەکمان هەیە ئەگەر دەزگایەکی ئیداری دروست بکەین، بۆئەوەی ببێتە

مەرجەعێك پێش بگەینە مەحکەمە ئەویش لەو حاڵەتە دەتوانین ئەو دەزگا ئیداریە بۆ نموونە: ئەوەی مافی مرۆڤ بێت کە ئەویش وەکو دەزگایەکی ئیداری موتابیع بێت نەك زانیاری ببەخشێت، موتابیع بێت و، یان راستەوخۆ ئەو هاوولاٌتیەی کە زانیاری دەست ناکەوێت بچێت بۆ مەحکەمەی ئیداری، شکات دەکات لە کەسێك کە وەزیفەیەکی عام دەکات کە زانیاری پێنابەخشێت، لەبەرئەوە من پێم وایە سەر لەنوێ بیرۆکەکە لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژرێتەوە تەعریفەکان، بە نیسبەت ئەوەی کە لە پێناسەکەی ئێرە هاتووە موئەسەساتی خاصە، لەوەی کە لە تەعدیلەکەی ڕۆشنبیری هاتووە، لێرە دا دەتوانین بڵێین موختەسە نەك خاسە، چونکە مەبەست لە خاسە، هەیئەی خاسە، هەیئاتی خاس، ئەوەیە موئەسەساتی خاس نەك هەیە موئەسەساتی خاس کەرتی تایبەتە، یەعنی مەبەستمان کەرتی تایبەتە، لێرە کە نووسیویەتی موئەسەسە خاصە مەبەستی کەرتی تایبەت نیە مەبەستی موئەسەساتی موختەسە لەناو کەرتی دەوڵەت دا، لەناو کەرتی عامە، بۆیە ڕەچاوی ئەو حاڵەتە بکرێت مەبەست لە مەعلومات و وەسیقە، من پێم وایە ئێمە بەس تەنها پێناسەی زانیاری بکەین نەچین بۆ پێناسەی وەسیقە، چونکە پێناسەی وەسیقە لە کۆمەڵێك قانونی تردا هەیە، لە پڕۆژەی قانونی ئەشرەفی نیشتمانی یان گەیاندنی یان پاراستنی بەڵگە نامەکان لەوانەیە بێت، لەبەرئەوە لێرە دا کە وتمان زانیاری پێناسەی وەسیقەشی کردووە، پێویست ناکات کە دەڵێی زانیاری وەسیقەش دەگرێتەوە، پێویست ناکات ئێمە دووبارەی بکەینەوە، ئەوەی نۆیەم ئەوەی لە ڕۆشنبیریش هاتووە، چونکە من ئەوەم لەبەردەستە بەتایبەتی دیسانەوە گەیاندنە نەك بیکەی، یەعنی گەیاندنی نەك (جعل المعلومة) بەڵکو (اصال المعلومة)، ئەوکاتەش وەسیقەکە لادەبەین دیسانەوە بە بۆچوونی من لەسەر ئەو چەمکانە کە ئیتیفاقی لەسەر چەمکەکان ئینجا دەزانین دارشتنەوەی پێناسەکە بکەین، بۆئەوەی وجهەکە وازح بێت لەسەر ئەساسی ئەو وجهەی کە دەمانەوێت قانونەکە چۆن بێت ئینجا ئەو تەعریفانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوە دانەبووین هیچ پێکهاتەیەکی نوێ بێتە ناو یاساکە یاخود بەو یاسایە دابمەزرێت، هەر لەبەر ئەو هۆیە ئێمە موئەسەسەمان گۆڕی بۆ مەجلیس، تەنها ناوەکەمان نەگۆڕی لە ماددەی سێ ئەصڵی پڕۆژەکە، کە موئەسەسە هاتووە باس لە هەڵبژاردن دەکات، کە ئەندامانی موئەسەسەکە هەڵبژێردرێت، بەڵام ئێمە کە کردمانە ئەنجومەن هەڵبژاردن نەمێنێت و، تەشکیلات پۆستی نوێ دروست نەکرێت، هەروەك لە مادده سێ هاتووە کە باس لەوە دەکرێت پێیەوە ڕەبت کرێت بە چ دەزگایەك یاخود چ هەیئەتێك؟ دەبێت ئێمە یاسای ئەو هەیئەتانەمان لەبەر دەست بێت و دیراسەت بکەین ئایا مەبەست لە

دەرکردنی ئەو یاسایەو، ئەو ئەرکانەی پێی ڕادەسپێردرێت دەگونجێت لەگەڵ ئەرك و مەهامی بەردەستەکان کە راسپێردرایە بەپێی یاسای ئەو دەستەیە کە دامەزرایە؟، تێبینیەکی ترمان هەیە سەبارەت بەو ئەنجومەنە ناوی لێدەنێین ئەنجومەن، دەستە هەر شتێك بێت، ئەوە نیە ئەو دەستەیە بۆئەوە دانامەزرێت کە هەموو زانیاریەکان لەلای دا کۆ ببێتەوە، نەخێر، لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو یاسایە جێبەجێ نەکرا، واتە هاووڵاتیەك، کەسێك داوای زانیاری کرد لە دەزگایەك دەزگایەکە نەیدا، ئەو هاووڵاتیە ڕوو لە کوێ بکات؟ ئەو ئەنجومەن، یاخود ئەو دەستەیە، یاخود ئەو هەیئەیە، بۆئەوەی دادەمەزرێت کە هاووڵاتی سکاڵای خۆی بگەیەنێتە بەردەم ئەو ئەنجومەنە، داوای لێبکات کە لایەنی پەیوەندیدار، لایەنی موختەس زانیاریەکەی پێنەدات، دەبێت هاووڵاتی ڕێگایەکی لەبەردەم بێت لە حاڵەتێك ئەگەر زانیاریەکەی بەدەست نەکەوت، باس لەوە کرا کە پڕۆژە یاسا پێشکەش دەکرێت و، ژمارەی یاسایی ئەندامان ئێمە وەکو لیژنە یاسایی ئەو تێبینیەمان هەیە، لەوانەیە لە چەند پڕۆژەیەکیش رووبەڕووی ئەو رەخنەیە ببینەوە، لەکاتی واژوو کردن لەسەر پڕۆژە یاسایەك کە ئەندام پەرلەمان بوو، پەرلەمانتار بوو، مافی خۆیتی واتە عیبرە بەوکاتەیە کە پڕۆژەکە پێشکەش کرایە نەك دواتر ئەو پەرلەمانتارە دەست لەکار دەکێشێتەوە، سەبارەت بە مەجلیس وەتەنی کاك عبدالسلام ئەوە ئەو پڕۆژەیە لە کاتێك ئامادە کرایە، کە ناوی پەرلەمان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو، ناوەکە بە بڕیاری پەرلەمان گۆڕدرا بۆ پەرلەمان و، هەر چوار لیژنە ڕەچاوی ئەوەیان کردیە، بۆیە داوای گۆڕینی ناوەکەیان کردیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە رۆشنبیری فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەوەی ئەو هەیئەتە پەیوەست بێت بە مافی مرۆڤەوە، لەبەرئەوە بەدەست هێنانی زانیاری یەکێکە لە بەندە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ، مەبەست هەیئەی مافی مرۆڤ دانی زانیاری نیە بە هاووڵاتیان، تەنها چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی ئەو زانیاریە، واتە چاودێری کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ کە بە دەست هێنانی زانیاری بەشێکە لە مافی مرۆڤ، ئەگەر وابێت ئێمە یاسامان هەیە بە مافی مرۆڤ ئەی دەستەی مافی مرۆڤمان بۆچیە؟ با لە دادگاکان خەڵك بڕوات شکات لە دەعوای خۆی بکات، بەڵام ئێمە چۆن دەستەی مافی مرۆڤ ساڵانە ڕاپۆرت لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ دەدات، ئامادە دەکات بۆ پەرلەمان، دەبێت بەشێك لەو ڕاپۆرتەشی ئامادە بکات لەسەر ئەو پێشێلکاریانەی لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە کرا، لەبەرئەوە ئەو هەیئەی مافی مرۆڤە تەنها دوو ئەرکی لەسەرە یەك: موتابەعە و تەنفیزکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتە لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، ئەگەر ئەوە نەبێت بڕوام وایە ئەوە باشترە هەروەکو هەموو بەندەکانی مافی مرۆڤ، دوو: ئیزافەی تر

ئەوە ئیزافەی شەخسیە هی لیژنەی رۆشنبیری نیە، (المؤسسة الخاصة) لە ئاخیرەکەی نووسراوە (ذات المساس بالبیئة او بالصحة او بالسلامة العامة او (بالمالیة العامة))ی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە تێبینیتان نیە کاك سالار فەرمووو؟.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەواو کردنی وتەکانی لیژنەی ڕۆشنبیری، ئێمە پێمان وایە لادانی ئەو دەزگایە وسەرۆکی دەزگاکە، بۆ ئەوەیە ڕۆتین کەم ببێتەوەو، ئەو فرە دەزگایە نەبێتە هۆکاری تەزەخومی مالیش، ئێمە دەستەیەکمان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کردووە، تەبیعەتی ئەو دەستەیە ریقابیە و، لەگەڵ مەهامەکانی ئەو یاسایەو ئامانجی ئەو یاسایە دەگونجێت و، لەو ڕووانگەیەوە بۆئەوەی بتوانین ئەم بەو یاسایە قوەتێك و دافعێکی تر لەڕێگەی ئیرادەی پەرلەمانەوە بسەلمێنین کە ئەو دەستەیە تەفعیل ببێت، چونکە بەڕاستی عەیبەیەکی گەورەیە تا ئێستاکە نەتوانراوە ئەو دەستەیە تەفعیل ببێت و، خودی مەسەلەی بەدەست هێنانی زانیاری با ببێتە کارتێکی تری فشار لەپاڵ کارتەکانی تر، بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەهامەی تر، بۆیە من پێم وایە دەبێت ئاماژە بە یەك خاڵی گرینگ بکرێت، چونکە ئەوە قسە کردنە لەسەر کۆمەڵێك مەبادء، ئەصڵی پڕۆژەکە و ئەو بەڕێزانەشی کە جارێکی تر لە خولی نوێدا پڕۆژەکەیان ئیمزا کردووە، پێم وایە مەبەستیان بۆ بە دەست هێنانی زانیاری بووە نەك لە دیدگایەکی تۆتالیتاریانەوە بۆ حەسر کردنی سەلماندنی ئەو مافانە، بۆیە پێم وایە ئەوە ئیجحافە بە حەقی ئەوان و ئێمەش لە ناوەڕۆك دا ڕەچاوی بەدی هێنانی ئەو مافانەمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لە ڕای لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تێبینیەکمان هەیە لێرەوە وەك سەرۆکایەتی، ئەو خوشك و برایانەی کە لێرە دانیشتوون، دەبێت ڕەئی لیژنەکانیان بڵێن، نابێت ڕەئی خۆیان بڵێن،چونکە ئەوانە تەمسیلی لیژنەکان دەکەن کە لێرە دانیشتوون، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني:**

**الهيئة وطريقة تاسيسها، وصلاحياته المادة الثالثة.**

**الاهداف**

المادة الاثانية: يهدف هذا القانون الى تحقيق الأهداف الآتية:

اولاً: تقوية شعب كوردستان واغنائه بالمعلومات.

ثانياً: المشاركة في معالجة ومكافحة مظاهر الفساد، ومساندة مبادئ الشفافية.

ثالثاً: تقوية وتعضيد المسلك الديمقراطى.

رابعاً: تأمين مناخ افضل لحرية التعبير عن طريق ضمان ايصال المعلومات الى المواطن.

خامساً: ضمان حقوق ايصال المعلومات التى تحتفظ بها الهيئات العامة والخاصة الى الافراد بشكل عام.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: ئەم یاسایە ئەو ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: بەهێزکردنی گەلی کوردستان و بەزانیاریەکان دەوڵەمەند بکرێن.

دووەم: بەشداریکردن لە چارەسەرکردن و بەربەرەکانیکردنی دیاردەی گەندەڵی و پشتگیرکردنی پرەنسیپی شەفافیەت.

سێیەم: بەهێزکردن و پشتگیریکردنی رێرەوی دیموکراسی.

چوارەم: دابینکردنی کەش و هەوایەکی باشتر بۆ ئازادی بیرو ڕادەربڕین، لە ڕێگای دابینکردنی مافی گەیاندنی زانیاریەکان بە هاوولاّتی.

پێنجەم: دابینکردنی مافی گەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە دەستەکانی گشتی و تایبەتی لەلای خۆیانی دەهێڵێتەوە، بە هەموو خەڵك بەگشتی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأهداف**

المادة الثانية:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

اولاً: تمكين مواطنين الاقليم من ممارسة حقه في الحصول على المعلومات الموجودة في المؤسسات العامة والخاصة وفقاً لأحكام هذا القانون.

ثانياً: مكافحة مظاهر الفساد، و دعم مبادئ الشفافية.

ثانياً: تأمين مناخ افضل لحرية التعبير والنشر عن طريق ضمان ايصال المعلومات الى المواطن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجەکان

ماددەی دووەم: لیژنە پێشنیار دەکات بەوشێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: هاوولاّتیانی هەرێم بتوانن و مافیان هەبێت لە بەدەست هێنانی زانیاری کە لەلای دام و دەزگا گشتی و تایبەتەکان هەیە بە پێی یاسا.

دووەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پشتگیری کردن لە پرەنسیپەکانی شەفافیەت.

سێیەم: دابین کردنی کەشێکی لەبار تر بۆ ئازادی بیرورا، هەروەها ڕاگەیاندن لە ڕێگای دەستەبەر کردنی گەیاندنی زانیاریەکان بە هاووڵاتیان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، ئامانجەکان، ماددەی دووەم ئەم یاسایە ئەو ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: بەرچاو ڕوونکردنی گەندەڵی کوردستان بە زانیاریەکان نەك بەهێزکردنی، پێمان باشە وای لێبکرێتن، بەرچاو ڕوونکردنی گەلی کوردستان بە زانیاریەکان لەجیاتی بەهێزکردنی گەلی کوردستان.

دووەم: بەشداری کردن لە چارەسەرکردنی نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی وپشتگیری کردنی پرەنسیپی شەفافیەت لەجیاتی بەربەرەکانی کردنی دیارەی گەندەڵی.

سێیەم: هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.

چوارەم: هەروەکو خۆی بێت.

پێنجەم: تێبینیمان نیە.

بڕگەیەك پێمان باشە وەکو لیژنەی ناوخۆ بڕگەیەکی بۆ زیادبکرێـتن بەو شێوەیە: پێشخستنی بوارەکانی ڕۆژنامە نووسی و ڕاگەیاندن بەجۆرێك جێگای متمانە بن لەڕووی دەرخستنی ڕاستیەکان بۆ جەماوەر و ڕزگار بوون لە هەواڵی بێ بنەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین، بەڵام پێشنیاردەکەین بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە،

**المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى:**

**اولاً: تقوية شعب كوردستان واغنائه بالمعلومات.**

**ثانياً: المساهمة في معالجة ومكافحة ظاهرة الفساد، و دعم مبدء الشفافية.**

**ثالثاً: توطيد ودعم النهج الديمقراطى.**

**رابعاً: توفير مناخ افضل لحرية التعبير عن طريق توفير حق الحصول على المعلومات للمواطن.**

**خامساً: توفير حق الحصول على المعلومات الى عامة الناس، الى كافة الناس تحتفظ بها الهيئات العامة والخاصة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاشتی خان- كوێستان خان- سۆزان خان- ئەڤین خان- كاك كاوە- كاك محمد- كاك جمال- كاك شڤان- كاك جلال علی- كاك عبدالسلام- كاك فاضل- كاك قادر- كاك سەردار- كاك خلیل- د. دانا- د. احمد- مامۆستا عمر- كاك گۆران- د. عمر نورەدینی)، فەرموو ئاشتی خان.**

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری لە سیاغەی لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم وایە ماددەی یەكەم دوورو درێژە، دووەم هەندێك دەستەواژەی لاستیكی و ناڕوونی تێدایە، بۆیە پشتگیری لەو داڕشتنەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە، مافی وەدەست هێنانی زانیاری مافێکی تەبیعیە، یەعنی نە عیلاقەی هەیە بەسەر موکافەحەی فەسادەوە، هەیە دارسە، هەیە باحسە، هەیە لێکۆڵینەوەیەك دەکات، خوێندکارێکی زانکۆ دەیەوێت لەسەر یەکێك لە زاهیرەکان بۆ بەحسی ساڵی چوارەم هینی بکات، بۆ ئێمە ئیلا دەبێ ڕەبتی بکەینەوە بەو بابەتانە، بۆیە من پشتگیری لە داڕشتنەوەکەی هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم، بەلاَم بەڕاستی یەعنی کردوومانە بە وێردی سەر زمانمان( مکافحة مظاهر الفساد، ودعم مبادئ الشفافية) یەك هەنگاویش نانێین، هەر بە قسەکردن هیچمان نەهێشتۆتەوە، بەڕاستی ئەوە مافێکە، من مافی خۆمە کە چوومە سەر ئینتەرنێت، چوومە سەر وێب سایتی وەزارەتی پەروەردە، بزانم چەند قوتابخانە هەیە؟ لە هەرێمی کوردستان چەند مامۆستا هەیە؟ لە هەرێمی کوردستان چەند قوتابی و خوێندکار هەیە لەڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێ؟ ئەو شتانە لەوانەیە من بۆ دیراسەتێك بمەوێت عیلاقەی نیە بەسەر گەندەڵیەوە، عیلاقەی هەیە بەسەر ئەوەی ئیغنای مەعلومات، حاڵەتی پێشخستنی ئیحصا مافی هەموو کەسێکە ئەو زانیاریانە بە ئاسانترین شێوە دەستی بکەوێت، بۆیە منیش لەکاتی خۆیدا لە موداخەلەی یەکەم لە تەعاریف دا وتم من لەگەڵ ئەوە نیم حەسر بکرێت بە مەجلیسەوە، لەگەڵ ئەوەش دانیم لە هەموو دائیرەیەك دا مەرکەزی مەعلوماتی هەبێت خەڵك بچێت لەوێ، بەڵکو نەشر بکرێت، نەشر کردن کە دەڵێی نەشر کردن مەعنای ئەوەیە لە جەرائیدی رسمیانە نەشری دەکات، لە وێب سایتەکان دا کە ئێستا ئەوە مۆدێرن ترین ڕێگەیە بۆئەوەی خەڵك مەعلوماتی دەست کەوێت، بۆیە ئەو دوو خاڵە یەکەم وسێیەم لەگەڵی دام، دووەمیش حەز دەکەم لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی خوێندنەوەی من بۆ ئەو یاسایە، بەتایبەتی بۆ ئەو هەیئەتە یاخود ئەو موئەسەسەتە، ئەو موئەسەسەیە کە دروست دەکرێت، تەنها هەدەفێکی هەیە ئەویش گەیاندنی مەعلوماتە بۆ خەڵکی، بۆیە بە ڕەئی من ماددەی دووەم هەمووی زیادە، تەنها ئێمە لە دوو دێڕدا کۆی دەکەینەوە، ئەوەی کاری یاخود هەدەفی ئەساسی ئامانجی ئەو یاسایەو ئەو موئەسەسە تەنها ئەوەیە ئیساڵی مەعلومات بکات، خامسا کە دەڵێت (ضمان حقوق ایصال المعلومات التی تحتفظ بها الهیئات العامة والخاصة الی الافراد بشكل عام) تەنها و تەنها ئەو دێرە کافیە بۆئەوەی هەدەفی ئەو موئەسەسە، ئەو یاسایە لەو ماددەیە بپێکین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من بڕگەكانی ئەو ماددەیە هەموو دەچێتە چوارچێوەی مەبادیئی دیموكراسی، هەربەخۆی مافی بەدەست هێنانی زانیاری بەشێكە لە مافێكی دیموكراسی هاووڵاتیان، بڕگەكان بەڕاستی تێكەڵ و پێكەڵن، ڕێكخستنەوەی وردیان دەوێت بۆ نموونە لەیەكەم بڕگەدا دەڵێت بەهێزكردنی گەلی كوردستان بە زانیاریەكان دەوڵەمەند بكرێت، ئەگەر وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەهێز كردنی گەلی كوردستان و دەوڵەمەند كردنی بە زانیاریەكان، ئەگەر دیقەت بدەین دەتوانین چوارەم لە جێگای یەكەم دابنێین، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ئەهمیەتی ماددەكە كەم بكاتەوە، بۆ نموونە دابینكردنی كەش و هەوایەكی باشتر بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین و قووڵكردنەوەی پرەنسیپی شەفافیەت، لێرە دا دەتوانین سێیەمیش لەگەڵ یەكەم و چوارەم دا تێكەڵ بكەینەوە، چونكە هەمووی مەبادیئی دیموكراسیەتە دەتوانی بە دوو، سێ بڕگە لە ماددەكە دا هەمووی شوێنی بكەیتەوە، نەك هەریەكە بڕگەیەكی بۆ كرایتەوە، كەچی لە بڕگەی یەكەم و سێیەم هەموویان تەواوكەری یەكترن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە خاڵی یەكەم دەست پێدەكەم، لەسەر داڕشتنەوەی ماددەكە بەڕاستی نووسینێكە تێكەڵ و پێكەڵیەكی پێوەیە، بۆیە من پێشنیاردەكەم خاڵی یەكەم بكرێت بە دەوڵەمەندكردنی گەلی كوردستان بە زانیاریەكان، چونكە بەهێزكردنی گەلی كوردستان بە زانیاریەكان و دەوڵەمەند بكرێت هیچ مانایەك نابەخشێت ئەوە یەكەم، بەڵام لە خاڵی دووەم یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو یاسایە بەربەرەكانی گەندەڵی و شەفافیەتە، بەڵام كۆمەڵێك زانیاری هەیە، من پشتگیری ڕایەكەی سۆزان خان دەكەم، كە حەقی هەموو كەسێكە بەدەستی بگات، بۆیە هەندێك زانیاری هەیە حەقە دەوائیرەكان بیخەنە سەر وێب سایت و، چونكە كۆمەڵێك زانیاری هەیە شەرت نیە بۆ گەندەڵی بێت، مەسەلەن باحیسێك پێویستی بە ئامار و بە ئەوانە دەبێت، خاڵی دووەم و سێیەم وەكو بابەتەكە ئیشارەتی پێدرا، یەعنی هەردووكیان ڕەبتن بەیەكەوە بەشداریكردن لە چارەسەركردنی بەربەرەكانی دیاردەی گەندەڵی و پشتگیری كردنی پرەنسیپی شەفافیەت، من پێشنیاردەكەم كە خاڵی سێیەمیشی بخرێتە پاڵ بكرێت بەیەك خاڵ بۆ بەهێزكردنی ڕێڕەوی دیموكراسیەت لە هەرێمی كوردستان، پێشنیاردەكەم خاڵی چوارەم وپێنجەم بكرێت بەیەك خاڵ، چونكە هەردووكیان تەقریبەن یەك مانا دەبەخشن، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە: مافی گەیاندن و دابینكردنی كەش و هەوایەكی باش بۆ ئازادی و گەیاندنی زانیاریەكان بە هاووڵاتیان، گەیاندنی ئەو زانیاریانەی كە لەلای دەستەكانی گشتی و تایبەت ماونەتەوە بگەیەنرێت بە هەموو خەڵكی كوردستان، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری یاسای گشتی بکەن، تەنها ئەوە لە چوارچێوەی دابین کردنی مەعلومەیە، ئەگەر بێین سەیری ئەو مادده بکەن، ماددەی دووەم سیفەتی عمومی تێدایە (یهدف القانون الى توفير المعلومات) باشە چ مەعلوماتێ؟ ولاّتە پێشکەوتووەکان هەندێك وەسایق هەنە، هەندێك ئەسرار هەنە، عیلاقەیان بە ئەمنی دەوڵەت، بە ئەمنی ئەو میللەتەیە، ئەو ولاّتەیە، ئایا ئەوەش حەقی هەر کەسێك هەیە پێی بگات یان نا؟ وەك ئێمە دەزانین، زۆر وەسایق لە ئەمەریکا پاش 25 ساڵ، 30 ساڵ، 50 ساڵ یەڵلا بێتن بۆ ڕای گشتی، بۆیە ئەمن پێشنیاردەکەم ئیختصار بکرێت بڵێن (یهدف القانون الى اتاحة المعلومات (عدا تلك المتعلقة بألامن القومی لطالبها ومن خلال الوسائل المختلفة) ئەو کاتە دەتوانین ئێمە کۆنترۆلی مەعلومات بکەین نەك هەموو مەعلومات فڕێدەنە سەر وێب سایت و، وەڵلا وا هەست دەکەن کوردستان لە سویسرایەو هەموو شتێك ئاساییەو ئەمنی قەومیمان دەستەبەر کراوەو، هیچ کێشەیەکمان نیە لە دەوروبەر، ناوەڵلا لەگەڵ ئەو مادده نیم، بۆیە پێشنیار دەکەم مەسایلی ئەمنی قەومی ڕەچاو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجەکانی ئەو یاسایە لەیەك شتی ئەساسی دا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانی تر هەمووی مولحەقاتن، تێك هەڵکێشن لەگەڵ خودی ئامانجی یەکەمی مەبەستمە ئێستا باسی دەکەم، من پێم وایە هەموو ئامانجەکان لەم نوقتەیەدا کۆدەبنەوە کە ئەو یاسایە مەبەستیتی، بەهێز کردنی پرەنسیپی شەفافیەت بۆ گەیاندنی زانیاریەکان بۆ گەلی کوردستان لە بوارە ڕێگا پێدراوەکان و، هاتووینە سەر ئەو ماددانەی کە بوار پێنادرێت دەبێت تەعریف بکرێت لە چ مەجالێك زانیاری بوار پێنادرێتن، بۆیە لێرە دیار بکرێت ئەوانەی کە بوار پێدەدرێت نیشان بدرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام وایە لەسەر ئەو دەستەواژانەی کە کراوە لە هەرێمی کوردستان دا چەند وەزارەتێك نەبێت کە بەڕاستی موستەهدەفن لەو مەسەلەیە، ئەگینا لە باقی وەزارەتەکانی تر چیت بوێت دەتوانی دەستت بکەوێت، مەسەلەن لە پلانی سالآنەدا، لە بودجە کە بۆی دادەنرێت، هەندێك شت هەیە کە لە زۆربەی دائیرەکان دا کە قیسمێکی تایبەت هەیە پێی دەڵێن قەلەم سرِی، یەعنی ئەوەش ئەگەر بێتە سەر بابەتی تەحقیق و تەحقیق کاری هەیە، بۆیە من پێم باشە ئەو خالآنە زیاتر کە تەعمیم بکرێت، ئەو خاڵەی کە لیژنەی ناوخۆش باسی کرد کە خاڵێك زیاتری هەیە بۆ رەخساندنی بواری پێشکەوتوو تر بۆ رۆژنامە نووسی، بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان بۆ جەماوەر و ڕزگار بوون لە هەواڵی بێ بنەماو تێکدەرانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەصەوڕ دەکەم لە دیاریکردنی ئامانجەکانی یاسا، هەموو بڕگەکانی تێدا دیار دەبن، ئەو وشانەی کە هاتوونە چ بە عەرەبی خوێندم چ بە کوردی بە زۆر جوانیان نازانم ئەگەر لە ئەسبابی موجەبە بێن، ئەگینا یاسایەك مافی ئەوەی نیە دابین کردنی کەش و هەوا بکات، یاسایەك مافی ئەوەی نیە بەشداری بکات لە چارەسەرو شت، بۆیە من تەئیدی کاك جمال دەکەم، حەز دەکەم ئەو خوشك و برایانە و ئەو بەڕێزانەی هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان بیر لە سیغەیەك بکەن، پێشنیاردەکەم هەدەفی رەئیسی هی دەرکردنی ئەو جۆرە یاسایە چیە؟ زەرورەتی دابین کردنی زانیاری بۆ گشت هاوولآتیان و مافی هاوولآتیان بۆ گەیشتن بەم زانیارانەو، ڕێکخستنی چۆنیەتی کۆکردن و گەیشتن بەو زانیاریانە، سیغەیەکی ئەوها پێشنیاردەکەم کە یاسایەکی ئەوهایە زیاتر تەحمیلی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرمووو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو، پێشنیارێکم هەیە بۆ زیادکردنی بڕگەیەك، ئەویش باشتر وایە بۆ زیادکردنی بڕگەیەك بۆ دروست کردنی تاکی بەهێز لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئیشارەتی پێنەداوەو، دەوڵەمەند کردنی بە زانیاری

بۆ کێبڕکێ جیهانیەکان لە بواری ئابووری و زانستی و تەکنەلۆجی و سیاسی ئەوە یەکێك لە خاڵە پێشنیارەکانمە، پێم وایە لە بڕگەی دوو و سێ یەك مەفهوم هاتووە، لە ماددەی (15) ڕەفزی ئەوانە دەکات، چونکە لێرەدا دەڵێت گەیاندنی زانیاری کە دەستەکانی گشتی و تایبەتی لەلای خۆیان دەیهێڵنەوە بە هەموو خەڵك بەگشتی، بەڕاستی لێرە دا مەفروزە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەحدید بکرێت، مەسەلەن ئەو زانیاریانە چین بە تاکی خەڵك یان بە خەڵکی کوردستان بگات بەگشتی؟ چونکە بەڕاستی زانیاری زۆرن، مەسەلەن هەندێك زانیاری هەیە ئەصڵەن نابێت بدرکێنرێت، چونکە زیان بە ئاسایشی نەتەوە دەگەیەنێت، ئایا گەیاندنی زانیاری لە بواری سیاسی، لە بواری ئەمنی و موخابەراتی، لە بواری زانستی و پەروەردەیی، لەکام بواردا مەسەلەن لێرە لەو پڕۆژەیە تەحدید نەکراوە، بۆئەوەی سبەی ڕۆژ نەبێتە گرفت، چونکە لێرە دەڵێت دەبێت هەموو زانیاریەکان بە خەڵکی کوردستان بە گشتی بگات، بەڵام لە ماددەی (15) ئەوەندەی کۆت و بەند بۆ داناوە دەڵێت هیچ زانیاریەك نابێت بگات، لەبەرئەوەی بە بڕوای من دەبێت ئەوە یەك لا بکرێتەوەو، تەحدیدیش بکرێت کام زانیاری بە خەڵکی کوردستان بە گشتی بگات، لەبەرئەوەی پاشە ڕۆژ سەر ئێشەمان بۆ دروست دەبێت، لە ماددەیەك و لە بڕگەیەك ئیشارەت بدات ڕێگا بدات کە زانیاری بە خەڵکی کوردستان و بە تاکی خەڵك لە کوردستان بگات، لەلایەکی تردا حەقیقەت دەبێت بزانین کام زانیاری بە خەڵکی کوردستان بگات؟ چونکە زانیاریەکان زۆرن هەندێك زانیاری هەیە قابیلی دەربڕین و کەشف بوونی نیە لەبەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەندێك زانیاریش هەیە زۆر مەفروزە بە تاکیش بگات و، تاکی بۆ پەروەردە بکرێت، بۆئەوەی پێی دەوڵەمەند ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر احمد فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم بەهێز کردنی گەلی کوردستان، من ئەو سیغەیەی لیژنەی ناوخۆم پێ گونجاوترە، بەرەچاوکردنی گەلی کوردستان بە زانیاریەکان، لە دووەمیش دا بەشداری کردن لە چارەسەر کردن و بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەڵی و پشتگیری کردنی پرەنسیپی شەفافیەت، من پێم وایە لەجیاتی وشەی پرەنسیپ وشەی کارکردن بێت بە پرەنسیپی شەفافیەت گونجاوترە، لە سێیەمیشی بەهێزکردن و پشتگیری کردنی ڕێڕەوی دیموکراسی، دیسانەوە لەجیاتی وشەی پشتگیری کردن گەشەپێدانی ڕێڕەوی دیموکراسی بێت، ئەو سێ مولاحەزەم هەیە ئەوانەم پێ باشترە لەجیاتی ئەوانەی پێشوو تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی یەكەم، ماددەی دووەم بەشی یەكەم بەهێزكردنی گەلی كوردستان، پێم وایە ئەو ڕستەیە هیچ واتایەكی وا نادات بەدەستەوە، ئەگەر بكرێت بە هاوولاتیانی هەرێم ئازادن و مافی خۆیانە لە بەدەست هێنانی زانیاری بەپێی یاسا لەسەرجەم دام و دەزگا گشتیەكان و، تایبەتەكان و، كەرتەكانی هەرەوەزی و تێكەلأویشی بۆ زیاد بكرێت، چونكە ئێستا ئەو دوو كەرتەش لە كوردستان دا بەڕاستی فەعالیەتیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەی من لەسەر خاڵی پێنجەمە، دابین كردنی مافی گەیاندنی ئەو زانیاریانەی كە دەستەكانی گشتی و تایبەتی لەلای خۆیانی دەهێڵنەوە بە هەموو خەڵك بەگشتی، لێرەدا عونصری كات عونصرێكی موهیمە بەڕاستی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، چونكە ئەویش دوو، سێ لایەنی هەیە، لایەنێك مەسەلەن من پێم باشە لەهەندێك لەو زانیاریانە خاریجی ئەوەی كە موحەرەمماتە، مەسەلەن كات دیاری بكرێت یان ئیشارە بەوە بدرێت كە زانیاری بەئاسانی بگات، لە كاتێكی دیاریكراو بگات بە دەست خەڵك، چونكە جاری وا هەیە خوێنكارێكە یاخود هەر باحیسێكە ئەیەوێت بەحسێك بكات لە مودەیەكی موحەددەدە داوای بەحسێك دەكات، دوای ئەوە مەعلوماتەكەی پێ بدرێت بەڕاستی لەوانەیە مەعلومەكە بە كەڵكی نەیەت، بۆیە لەوەیە ئەو كەسەی داواكارە من پێم وایە زەرەر دەكات، خاڵێكی تر من پێم باشە بەڕاستی كۆمەڵێك پرەنسیپ دیاری بكرێت كە ئەوانە موحەرەمماتن و، ناكرێت ئاشكرا بكرێت، مەسەلەن ئێستا لە ئەمەریكا (9) موحەرەممات دانراوە، مەسەلەن لە هەندێك وڵاتی تردا كەمترە، من پێم وابوو ئەوانە دەبێت دیاری بكرێت و ئەوە قابیلی ئەوە نیە دەستی بۆ ببرێت، هەندێكی تر هەیە بەڕاستی هەر عیلاقەی بە عونصری كاتەوە هەیە، مەسەلەن هەندێك مەعلوماتی تر هەیە لەوانەیە پاش بیست ساڵ مەسەلەن زەمەنی بۆ دانراوە، ئینجاكە دەتوانرێت بدرێت، بۆیە هیوادار بووم لەم خاڵە حیساب بۆ عونصری كات بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئێمە هەمووومان وەکو تاکێکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە لەسەر بنەمای زانیاریەکان هەڵسوکەوت دەکەین، ئەو زانیاریانەی بە دەستمان دەگات ئێمە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە با بڵێین ژیانی خۆمان ڕێك دەخەین، بەڵام ئەگەر زانیاریەکان ڕاست و دروست نەبن، لەوانەیە هەڵسوکەوتی هەڵە بکەین، جا بۆیە ئامانجی ئەو یاسایە چیە؟ خستنە بەردەستی هاووڵاتیە، زانیاریەکانە خستنە بەردەستیان بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بتوانین مامەڵە بکەین، یەعنی ئامانجی سەرەکی لەخودی ناونیشانی یاساکەش دا هەر ئەوەیە، بەڵام ئەگەر خوردی بکەینەوە بێگومان مەسەلەی زانیاریەکان پەیوەندی بە کۆمەڵێك پرەنسیپ و، کۆمەڵێك بواری ترەوە هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێین زانیاری ڕاست و دروست پەیوەندی بە مەسەلەی شەفافیەتەوە هەیە، ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت پەیوەندی بەو لایەنەوە هەیە، شەفافیەت بۆچیە؟ دیسانەوە بۆ مەسەلەی دەکرێت با بڵێین وەك ئەوە بێت ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی بێت، لە ڕووی ئیداریەوە بابڵێین ئیش وکاری شتەکان بەباشی بەڕێوە بچن لە دام و دەزگاکان کۆمەڵێك شتی تر، بەڵام پرەنسیپی شەفافیەت بمانەوێت نەمانەوێت پەیوەندی بە مەسەلەی بەدەست هێنانی زانیاریەوە هەیە، مەسەلەیەکی تر ئەوەیە مەسەلەی بەدەست هێنانی زانیاریەکان پەیوەندی بە مەسەلەی پرەنسیپی دیموکراسیەکانەوە هەیە لە چ ڕوویەکەوە؟ لەو ڕووەی ئێمە بۆ نموونە یەعنی ئەگەر نموونەیەکی بەسیت بهێنینەوە، ئەگەر من ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بم یاخود لە هەر ئەنجومەنێکی تری با بڵێین هەڵبژێردراو ئیش بکەم، من دەبێت حیسابی ئەوە بکەم لە کۆبوونەوەکان دا هەڵوێستم چی دەبێت؟ دەبێت حیسابی ئەوە بکەم ئەو هەڵوێستەی من لەوانەیە دواجار ئەوانەی کە دەنگیان پێم داوە بگاتەوە بەردەستی دەنگدەرانم، یەعنی زانیاریەکان بگاتەوە بەردەستی دەنگدەران، بۆیە ئەوکاتە من بەبەرپرسیاریەتیەوە هەڵوێست وەردەگرم، یەعنی دەبێت لەو پرەنسیپەشەوە تەماشای ئەوە بکەین، بۆیە مەسەلەی بەدەست هێنانی زانیاریەکان مەسەلەی لە بەردەست دا بوونی زانیاریەکان لای هاووڵاتیان پەیوەندی بە مەسەلەی دیموکراسیشەوە هەیە، بۆیە بەڕاستی من پێم وایە ئەگەر بمانەوێت ئامانجەکان دیاری بکەین، ئەوەی کە لە هەردوو خاڵی یەکەم و سێیەمی لیژنەی مافی مرۆڤ دا هاتووە، پێم وایە ئەو مەسەلانەی هەردوولای تێدایە، تەنها لە خاڵی دووەم دا، پێم وایە حەزف بکرێت ئەوەی کە عیلاقەی بە مەسەلەی گەندەڵی هەیە، لەبەرئەوەی خودی شەفافیەت مەسەلەیەکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی بۆیە دەکرێت مەسەلەی شەفافیەت لە خاڵی سێیەم ئیضافە بکرێت، من پێم وایە خاڵی یەکەم ئەصڵی ئامانجی با بڵێین ئەو یاسایەیە، لە خاڵی سێیەم دا کە لە مافی مرۆڤ ئیشارەیان پێداوە کورت کراوەتەوە، مەسەلەی شەفافیەت لەوێ ئیضافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرمووو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی( وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، دیارە لە ئەصڵی پرۆژەکە هەندێك درێژە خاڵەکان و، هەندێك ڕکاکەتیشی تێدایە بەتایبەت لە نێوان دەقە کوردیەکە لەگەڵ دەقە عەرەبیەکە، بۆ نموونە خاڵی یەکەم دەڵێت (تقوية شعب كوردستان واغنائه بالمعلومات)، کوردیەکەی دەڵێت بەهێزکردنی گەلی کوردستان بە زانیاریەکان دەوڵەمەند بکرێت، یەعنی لەجیاتی تەرجەمەکەی بەو شێوەیە بێت بەهێزکردنی گەلی کوردستان و دەوڵەمەند کردنی بە زانیاریەکان ، کە دەقاو دەق لەگەڵ عەرەبیەکە یەکتری دەگرێتەوە، من پێم وایە لێرە ڕاپۆرتەکەی هەردوو لیژنەی ڕۆشنبیری لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بەباشی کورتیان کردووەتەوە لە سێ خاڵ دا ئەوە بکرێت بە ئەساس (تمكين مواطنه الاقليم ممارثة حقيه في الحصول معلومات الموجودة على المؤسسات العامة والخاصة لأحكام هذا القانون)، پاشان لە دووەم دا ئەوەی کە پەیوەندی بە (مكافحة مظاهر الفساد) هەیە ئەوە لەپێشی دا بۆی زیاد بکرێت (المساهمة في مكافحة مظاهر الفساد، ودعم مبادئ الشفافية)، بۆچی لێرە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەگەڵ پرەنسیپی شەفافیەت؟ چونکە بەدەست خستنی زانیاریەکان پەیوەندی بە شەفافیەتی زانیاریەکانیشەوە هەیە، لەئەنجامی دەرخستنی زانیاریەکان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیش لە خۆ دەگرێت، چونکە لە ئەنجامی دەرخستنی زانیاری بۆ نموونە لەسەر دەزگایەك یان لەسەر بەرپرسێك، ئەوە دەبێـتە هۆکار بۆئەوەی کەسی گەندەڵ لە دام ودەزگایەك دا نەتوانێت لە پەنای شاردنەوەی زانیاریەکان درێژە بە کاری گەندەڵی خۆی بدات، یەعنی لە ئەنجامی ئاشکرا بوونی زانیاریەکان بەدەست خستنی ئەو زانیاریانە گەیشتنی بە ڕای گشتی، ئەوە بێگومان ئەو هۆکارەش دەبێت بۆ بەشداری کردن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەوەی کە لێرە لیژنەی ناوخۆ زیادی کردووە، من پێم وایە ئەوە خاڵی سێیەم ئەوەش لەخۆ دەگرێت، کە دەڵێت (تأمين مناخ افضل لحرية التعبير والنشر عن طريق ضمان ايصال المعلومات الى المواطن)، کە ئەوە دەڵێت پێشخستنی لە بوارەکانی ڕۆژنامە نووسی وڕاگەیاندن، یەعنی لێرەدا ئەگەر کەش و هەوایەکی باشتر ساز بکرێت، بۆئەوەی ئازادی بیروڕا بۆ بڵاوکردنەوە، ئەوە مانای ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە زانیاریەکان بە ئاسانی بگات بە دەستی ڕۆژنامە نووسانیش، بەس ئەوەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی ئەمنی قەومی ئەوانە هەیە، ئەوە لە ماددەی (15)دا باس کراوە، پێویستە لێرە باسی ئەهدافی قانونەکەیە، پێویست ناکات لێرە باسی ئەوە بکەین ئێمە ئیستثنائات لێرە دروست بکەین، لە ماددەی (15) باسی ئەوەی کردووە کە ئەو مەسائیلانەی کە ئیستثنائاتن، لە بابەتی ئەمنی قەومی، لە بابەتی شتی تایبەتی خێزان و کەسەکان، ئەوە لەوێدا دەتوانن موناقەشەی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ماددەیە من سێ تێبینیم هەیە، یەکێکیان وەکو نوقتە نیزام عەرز دەکەم، ئەگەر لێم وەرگرن بەڕاستی سەرەتا داواکارم خوا یارمەتی ئێوە بدات لە سەرۆکایەتی و، لە لیژنەکان، لە پەرلەمانتاران، بتوانین ئەو یاسایە بە پێنج، شەش کۆبوونەوەی سێ، چوار سەعاتیش تێپەڕێنن، من ئێستا حاڵی حازر هەموو ئەندامانی بەڕێزیش چوار، پێنج راپۆرت لەبەردەستمان دایە، راپۆرتی چوار لیژنە (لیژنەی ناوخۆ- لیژنەی مافی مرۆڤ- لیژنەی یاسایی- لیژنەی پەیوەندیەکان) بێجگە لە ئەصڵی یاساکەش کە ئەوە پێنج مەجموعە ئەوراق لەبەردەستی پەرلەمانتاران هەیە، من تێناگەم لەم نەریتە چیە؟ جارێك دەڵێن با ڕاپۆرت یەکخرێت یەك ڕاپۆرت پێشکەش بکرێت بۆ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە، ئەو سەرو بەندی بودجە و ئەو هەموو پرۆژە یاسا کەڵەکەبووەی کە لەبەر دەست بەڕێزتانە داواتان کردووە هەموار بکرێتەوە، من ئەوە دەکەمە پێشنیارێك ئەگەر لێم قبوڵ بکەن، کە ئەو ڕاپۆرتانە یەك خرێنەوە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، ڕەجا دەکەم ڕاپۆرتەکان یەکخرێنەوە، یەك ڕاپۆرت پێشکەش بکرێت، ئەصڵی یاساکەو یەك ڕاپۆرت زۆربەی ئەو بەڕێزانە هاودەنگن کە وەختێك دەچینە سەر ماددەکە، من دڵنیام لە بەعزێکی هاودەنگن لە بەعزێکی تر داوای حەزف و ئیزافە دەکەن، ئەوە خاڵی یەکەم کە نازانم ناوی بنێم نوقتە نیزام یان پێشنیار هیوادارم لێم وەرگیرێ، بە نیسبەت ئەو یاسایەوە هەر ئەوەیە هۆکاری کە درێژ ببێتەوە ناچارین قسەی لەسەر بکەین، ئەو پێنج خاڵە کە لێرە نووسراوە وەکو کاك عبدالسلامیش باسی کرد، نیوەی ڕێکی باسی ئەسباب موجیبەیە، ئێمە یەك ئامانجمان هەیە لەو یاسایە کە ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان کە بگەنە زانیاری لەوە زیاتر ئامانجێکمان نیە، ئەوی تریان هەمووی حەشوە خراوەتە ناو ئەو ماددەیەو خاڵی (1-2-3-4-5) مەجبوریشە پەرلەمانتار قسەی لەسەر بکات، لەبەرئەوە من ئەگەر لیژنەی هاوبەش دانیشتبووایە یەك عیبارەتی دادەڕشت کۆی هەموو سەرنجەکانی دەخستە ناوی، کە من پێم باشە بۆ ئەو ماددەیەی تازە مەجبورم قسەی لەسەر بکەین، پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە یەك دێر بێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئەگەر لێم قبوڵ بکەن (تصفية وصول المواطن الى المعلومات خطوة لمكافحة مظاهر الفساد، ومساندة مبادئ الشفافية)، بەس ئەوەیە ئامانجی ئەو یاسایە هیچی تر نیە ئەوانی تر هەمووی زیادە مەجبور دەبین قسەی لەسەر بکەین، ئاسانکاری گەیشتنی هاووڵاتیان بە زانیاریەکان وەك هەنگاوێك بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی و پشتگیری و لە پرەنسیپەکانی شەفافیەت بەکوردیەکەی، ئەوە وامان لێدەکات بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان قسە بکەین لەسەر ماددەکان، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە، من ئەو دێرە بە کوردی دەیخوێنمەوە هیوادارم بەڕێزێك بۆم مەعنا بکات یەعنی چی؟ بەهێزکردنی گەلی کوردستان بە زانیاریەکان دەوڵەمەند بکرێت، وەڵلاهی هیچ ڕێزمانێکی کوردی جوملەی وای تیانیە لە دێرینترین وەختەوە کە کوردی پێ نووسراوەتەوە، تکایە ئەوە چارەسەر بکەن با ناچار نەبین کاتی پەرلەمانیشی پێوە بگرین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا مامۆستا یەك تێبینی ترم هەیە لەسەر ئەوەی جەنابت، من تەئیدی جەنابت دەکەم، بەڵام گەیشتنە سەرچاوەی زانیاریەکان هەر بۆ شەفافیەت نیە، یەکێك بەحسێکی هەیە دەیەوێت خۆی هەندێك مەعلومات بزانێت ئەوەشی تێدایە تەبعەن، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتگیری ئەو ڕەئیەی کەوا ئەو ماددەیە بابڵێین کورت بکرێتەوە، یەعنی تێك هەڵکێش بکرێت و، پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەکانیش دەکەم کە باسی ئازادی ڕادەربڕینیان کردیە، بەڵام ئێمە قانونی ڕۆژنامەگەریمان دەرچوواندیە لە پەرلەمان و، لەو قانونەدا باسی ئەوەمان کردووە کەوا ڕۆژنامە نووسان دەتوانن دەستیان بە زانیاریەکان بگات، هەتا ئەوکاتەی مافی بەدەست هێنانی زانیاری دەردەچێت، بۆیە ئەگەر وابێت من پێم باشە ئەو بڕگەیەش بابڵێین زیاد بکرێت کە پشتیوانی کردن و بەهێزکردنی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری داڕشتنی ئەو ماددەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە داڕشتنەکەی دا هەندێك تەبیعەتی سیاسی لەناو داڕشتنەکە دا بەشێوەیەك زەق بووەتەوە، کە پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوە دووبارە دابڕێژینەوە، هەروەها لایەنی دروشم و شکل بەسەری دا زاڵە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم کە دووبارە ڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەو چڕکردنەوەی بەم شێوەیەش من پێشنیاردەکەم، ڕێکخستنی یاساییانەی مافی گەیشتن بە زانیاری بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دانانی ڕێ و شوێنی گونجاو بۆ پیادەکردنی ئەو مافە بەشێوەیەکی ڕوون و دیموکراسیانە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دوو چەمك هەیە لەوانەیە دکتۆرە ڕۆژان لێم تێبگات کە باسی دەکەم، باش لێم تێبگات چەمکێك هەیە، چەمکی ماف، چەمکی تەمکین بە مافەکان، ئەساسی قانونەکە ئەوەیە، مافی زانیاری هەیە بۆ هاووڵاتی چۆن ئەو قانونە وای لێدەکات کە مومارسەی ئەو مافە بکات، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام بەو

سيغەيەی کە تەقديمی دەکەم (يهدف هذا القانون ضمان تمكين المواطن من حقه في الحصول على المعلوم لدى المؤسسات العامة والخاصة وفق لأحكام هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەكان ئەگەر ڕوون كردنەوەكيان هەيە، ئەگينا بچنە سەر ماددەيەكی تر، فەرموو.

**د. رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثانی:**

**الهيئة وطريقة تأسيسها و صلاحياتها.**

المادة الثالثة:

اولاً: ينتخب المجلس مؤسسة روناكي لمدة اربع سنوات عن طريق الانتخاب الحر، بعد اربعة اشهر من مباشرة المجلس بالعمل، وله ان يعيد انتخاب نفس الهيئة السابقة بعد مرور مدة عملها.

ثانياً: تكون للمؤسسة ميزانية مستقلة تابعة للميزانية العامة، وتكون لها شخصية معنوية، وتتألف من خمسة اعضاء ينتخبون في جلستها الأولى، ويكون لهم رئيس هيئة، يسمى برئيس المؤسسة، يمثلهم لدى الجهات الأخرى.

ثالثاً: يحق لكل شخص ان يرشح نفسه لعضوية المؤسسة اذا توفرت فيه شروط العضوية.

رابعاً: يقدم رئيس المؤسسة تقريراً الى المؤسسة، كل اربعة اشهر مرة، او لدى الضرورة.

خامساً: شروط العضوية في المؤسسة:

1- ان يكون قد اكمل الثلاثين سنة من عمره.

2- ان يكون معروفاً بالنزاهة والسيرة الحسنة، ومن مؤيدی حرية التعبير ومناهضی الفساد.

3- ان لا يكون محكوماً بجريمة او جنحة.

4- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الأقل.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: دەستەو ڕێگەی دامەزراندنی ودەسەلآتەکانی

ماددەی(3):

یەکەم: ئەنجومەن دەزگای روناکی بۆماوەی چوار ساڵ، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو لەدوای چوار مانگ لەسەرەتای دەست بەکاربوونی ئەنجومەن، هەڵدەبژێرێ و دەکرێ ئەنجومەن هەمان دەستەی ڕابردوو دووبارە هەڵبژێرێتەوە، دوای تێپەڕبوونی ماوەی کارکردنیان.

دووەم: دەزگا بودجەیەکی سەربەخۆی دەبێ پەیوەست دەبێ بە بودجەی گشتییەوەو کەسایەتی مەعنەوی دەبێ و لە پێنج ئەندام پێکدێت و لەیەکەمین کۆبوونەوەیدا هەڵدەبژێردرێن، سەرۆکی دەستەیان دەبێ، پێی دەوترێ سەرۆکی دەزگا لەبەردەم لایەنەکانی دیکەدا نوێنەرایەتیان دەکات.

سێیەم: هەموو کەسێك مەرجی ئەندامی تێدابێ مافی ئەوەی هەیە خۆی بۆ ئەندامەتی دەزگا بپاڵێوێ.

چوارەم: سەرۆکی دەزگا هەرچوار مانگ یان هەرکاتێ پێویست بوو راپۆرتێك پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

پێنجەم: مەرجەکانی ئەندامەتی لەدەزگادا:

ا- دەبێ سی ساڵ تەمەنی تەواو کردبێت.

ب- دەبێ بەدەست پاکی و رەوشت باشی ناسرابێت و لە لایەنگرانی ئازادی بیروڕا دەربڕین یان بەربەرەکانیکردنی گەندەڵی بێت.

ج- نابێ بە گەورەتاوان یان بە کەتنکردن حوکم کرابێت.

د- دەبێ بەلای کەمی خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆیی بەرایی بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

ماددەی سێیەم: برگەی یەکەم: وەکو خۆی بێت لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە، لە برگەی دووەم، بەو شێوەیە دابرێژرێتەوە هەرچەندە لێرە بە دەزگا هاتووە لە ڕاپۆرتەکەمان، بەڵام بەهەڵە نووسرایە دەستەیە بودجەیەکی سەربەخۆی هەبێت لەجیاتی بودجەی سەربەخۆی هەبێت، ئەویشیان هەر بەهەڵە نووسراوە بودجەیەکی تایبەتی دەبێت و پەیوەست دەبێت بە بودجەی گشتیەوە، کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت، لە پێنج ئەندام وسەرۆك پێك دێتن لە یەکەمین کۆبوونەوەدا هەڵدەبژێردرێن و پێی دەوترێت سەرۆکی دەستە، نوێنەرایەتی دەکات، 3- وەکو خۆی هیچ تێبینیەکمان لەسەرنیە، 4- سەرۆکی لێرە بە دەزگا هاتووە سەرۆکی دەستە سێ مانگ یان هەرکاتێك پێویست بوو ڕاپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان دەکات، 5- هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە وەکو خۆی بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم:**

**دەستەو ڕێگەی دامەزراندنی دەسەڵاتەکانی**

لەبەرئەوەی لە ماددەی یەکەم دەستە بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ناسێنرا، لیژنە پێشنیاردەکات ماددەکانی دووەم، سێیەم لێك بدرێت و بەو شێوەیە لە ژێر ئەو ناونیشانەدا دابرێژرێتەوە، هەروەکو تەوزیح بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کۆمەڵێك ئەرکی لە ئەستۆ دایە، ئێمە ئەو ئەرکانەمان سەرباری ئەو ئەرکانە کردووە بۆئەوەی لەگەڵ مەهامی ئەو یاسایەش دا یەك بێتەوە، دەستەی مافی مرۆڤ ئەم ئەرکانەش لەئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ نوێ کردنەوەو پاراستنی بەڵگە نامەکان، لەبەر پێویستی گەڕانەوە بۆیان.

دووەم: ڕاهێنانی فەرمانبەران دەربارەی مافی پێزانین و کاراکردنی ئەو یاسایە لەکاتی جێبەجێ کردنی دا.

سێیەم: ڕێنمایی کردنی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە حاڵەتی دەرکەوتنی بەڵگەی تۆمارکردنی سەرپێچی کاران دەربارەی ئەو یاسایە.

چوارەم: وەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی لەلایەن کەسانی سەرپێچیکار لەم یاسایە دا هاتوون و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی گونجاو لەبارەیان دا.

پێنجەم: لێپێچینەوە لەگەڵ دەستەکان لە حاڵەتی هاتنی سکالآدا.

شەشەم: ئاراستەکردنی هاووڵاتیان بەباشترین ڕێگا بەپێی زانینیان بەو مافانەی کە هاتووە لەم یاسایەو دەرکردنی بلآوکراوەی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە.

حەوتەم: پێویستە هەر شەش مانگ جارێك دەزگا-گشتی و تایبەتیەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە دەستەکە بکەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**القسم الثاني:**

**الهيئة وصلاحياتها**

**المادة الثالثة:** هناك رأيان مختلفان بشأن هذه المادة اكثرية اعضاء اللجنة مع عدم تأسيس اى مؤسسة اخرى وانما امكان مهمة مراقبة تنفيذ هذا القانون الى هيئة مستقلة لحقوق الانسان في اقليم كوردستان-العراق، والاقل مع الابقاء على اصل مادة كما هو وارد في المشروع او تشكيل مجلس اخر لهذا الغرض، صلاحيات مؤسسة ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوە دانەبووین کەوا پەرلەمان هەستێت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێك، بۆئەوەی بەو کارە کە هەستێت بەو یاسایەی پێی ڕادەسپێردرێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە بڕگەکان لادرێت ماددەی سێیەم بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، کە ئەنجومەنێك پێك بهێنرێت، ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتی وەزیری ڕۆشنبیری بێت، بە ئەندامیەتی بەڕێوەبەری گشتی لە چەند وەزارەتێك پێك بێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەینە کە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و پێنجەم لادرێتن، تەنها بڕگەی چوارەم بمێنێتەوە، بڕگەکانی تر بەوشێوەیە دابڕێژرێنەوە.

المادة اثالثة: يشكل مجلس من خمسة اعضاء بالشكل الآتي:

اولاً: وزير الثقافة: رئيساً.

ثانياً: مدير عام وزارة العدل: نائباً.

ثالثاً: مدير الاحصاء العام في الاقليم: عضواً.

رابعاً: مدير دائرة تكنلوجية المعلومات: عضواً.

خامساً: مدير دائرة الاعلام فى وزارة الثقافة: عضواً.

سادساً: يجتمع المجلس مرة كل شهر على الاقل ويجوز الدعوة للانعقاد عند الضرورة.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تيبينی هەيە؟ ئەو بەڕێزانە ناويان نووسراوە، ڕێزداران (كاك محمد شارەزووری، نەسرين جمال، كاك عبدالله، پەيمان عزالدين، كاك عبدالسلام بەرواری، كاك فاضل بە شارەتی، خاتوو ناسك توفيق، كاك ئاسۆ، كاك دانا سعيد سۆفی، كاك عمرعبدالعزيز، د.احمد وەرتی،، كاك ئارام، سۆزان شهاب نوری، د.عمر نورەدينی، كاك عبدالله محمدامين، خاتوو كوێستان محمدعبدالله، خاتوو ئاهەنگ عارف رؤوف، خاتوو ئاشتی عزيز)، تابەيانی بەپيی ئەم ناوانە دەست بە گفتوگودەكەينەوە دانيشتنی ئەمڕۆمان هەڵدەگرين، بەخواتان دەسپێرين تا بەيانی سەعات 11ی پێش نيوەڕۆ هەربژێن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بايز اسماعيل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**چوارشەممە رێكەوتی 16\5\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

**چوار شەممە رێكەوتی 2012/5/16**

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە رێکـەوتی 2012/5/16 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (17)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2012/5/16 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن(17)ڕۆژی دانیشتن(2012/5/16) بەرنامەی کار

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی(1)ی مـاددەی (20) لەپـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە(1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(17)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/5/16 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و مامۆستا سعد دەکەین، ئێستاش بـەڕێز جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان، ناوی مۆڵەت دراو غائیبەکان دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەنـدامانی پەرلـەمان کـە لەدانیشـتنی ژمـارە(16)ی ئاسـایی لـە 2012/5/15، مۆڵـەت پێـدراون یـان ئامادە نەبوون.

1- اسماعیل سعید محمد مۆڵەت

2-بێریڤان اسماعیل ئیفاد

3- تارا تحسین مۆڵەت

4- شلێر محمد نجیب مۆڵەت

5- شەونم محمد غریب ئامادە نەبووە

6- صباح محمد نجیب مۆڵەت

7- عبدالقادر اکرام مۆڵەت

8- عمر عبدالرحمن مۆڵەت

9- محمد موسی مۆڵەت

10- ئامینە زکری ئامادە نەبووە

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کار، باشە گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم مۆڵەتی شەونم خانم پێشکەش کردووە، نازانم بۆ بە غیاب ناوی خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی کار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەدەست هێنانی زانیاری.

داوا لە لیژنەکان دەکەین کە پەیوەندیان بەم یاسایەوە هەیە بێنە سەر مەنەصە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەدانیشتنی دوێنێدا ماددەی سێیەمی پرۆژە یاساکە خوێندرایەوە، ڕای هەر چوار لیژنەشی لەسەر درا، ناوی ئەو پەرلەمانتارانە تۆمار کرا کە دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن، ئەگەر دەست بە گفتوگۆی ماددەکە بکرێت باشترە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك محمد شارەزووری فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێش دەستپێکردن بە گفتوگۆی ئەو ماددەیە پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر لێم قبوڵ بکەیت پێشنیارەکەم دەکەم، دیارە ئێمە پرۆژەی بودجە هاتووەتە لیژنەکان، پێویستیمان بەکات هەیە، هەر لیژنەکان پێویستیان بەکات هەیە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکان، بۆ تاوتوێکردن و ئامادە کردنی ڕاپۆرت، بەڕاستی دانیشتنەکانی پەرلەمان وای کردووە کە تۆزێك ئاستەنگ هەیە لەبەردەمماندا، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە یان دانیشتنەکان بخرێتە دوای بودجە یان بخرێتە ئێوارانەوە، تا ئێمە بتوانین بەیانیان لەگەڵ لیژنەکان کۆببینەوە، تا ڕاپۆرت بۆ بودجە ئامادە بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**خۆی ئەگەر دانیشتن بێت وەزیرەکان پاش نیوەڕۆ دەستیان بەتاڵ دەبێت، دەوامی ئاسایی خۆیان هەیە بەیانیان، ئەگەر لیژنەکان بیانەوێت سوود لەکات ببینن هەم دەتوانین کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەیانیان بەردەوام بێت و پاش نیوەڕوانیش سوود لەکات ببینن، لەگەڵ وەزیرەکان کە دەوامیان نیە، لە هەفتەی داهاتوویش قسەی لەسەر دەکەین بزانین چۆن دەبێت، ئێستا فەرموو قسەی خۆت بکە.**

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەماددەی سێیەم خاڵی یەکەم و دووەم، لە ماددەی یەکەم و دووەم زۆر قسەی لەسەر کراوە، تا ئێستا ئەم دەزگایە دیار نیە، ئایا سەر بە مافی مرۆڤە یان لیژنەی نەزاهەیە، بۆیە ئەگەر ئەم یاسایە دەزگایەکی سەربەخۆ بێت، ئەوە دەکرێت قسە لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەین، بەڵام ئەگەر پەرلەمان بەدەنگی**

ئەندامی پەرلەمان بڕیاری لەسەردا بخرێتە پاڵ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ یان دەستەی نەزاهە، بۆیە پێم وایە قسە کردن لەسەر ئەم خاڵە زۆر نابێت، چونکە ئەگەر خرایە سەر یەکێك لەم دووانە، ئەوان دوایی ڕێنمایی تایبەت بەو دەزگایە دەردەکەن، هەم بودجەی و هەم ئەندامەکانیشی، سەبارەت بەخاڵی سێیەم من لام سەیرە لەخاڵی پێنجەم باسی مەرجەکانی ئەندامێتی دەکات، بەڵام لەخاڵی سێیەم دەڵێت هەموو کەسێك، یەعنی هەموو کەسێك کە مەرجەکانی تێدا بێت، بۆیە من پێم وایە ئەم خاڵە زیادە، دوای ئەوەش بە موتڵەقی هاتووە، ئەگەر یەکێك لە وەسەت و لە جنوبی عێراقیشەوە بێت ئەتوانێت، ئەگەر بەپێی خاڵی سێیەم بێت، ببێت بە ئەندام لەم کۆمیسیۆنە، بۆیە ئەم خاڵە هەر زیادە و بەموتڵەقیش هاتووە، بۆیە من پێم باشە ئەم خاڵە بخرێتە سەر خاڵی پێنجەم، سەبارەت بەخاڵی چوارەم، دەڵێت سەرۆکی دەزگا هەر چوار مانگ جارێك، یان هەر کاتێك کەپێویست بکات ڕاپۆرت دەنووسێ بۆ سەرۆکی دەزگا، بۆ دەزگاکە نەبێت؟، بۆ تەنها سەرۆك بێت؟، پێنجەم مەرجەکان، من مەرجی یەکەمم زۆر پێ باشە، مەرجی دووەم: دەبێت بەدەست پاکی و ڕەوشت باشی ناسرابێت و لەلایەنگرانی ئازادی بیروڕا دەربڕین یان بەربەرەکانی گەندەڵی بێت، ئەوە کێ ئەو قیاسە دادەنێت کەسەرۆکی ئەو دەزگایە لەلایەنگرانی بیروڕای ئازاد بێت، بەڕاستی ئەو هەڵسەنگاندنە من پێم زیادە، هەر ئەوەندە بەسە کە بنووسرێت دەست پاك بێت و ڕەوشت بەرز بێت، خاڵی د- کە دەڵێت دەبێ بەلانی کەم خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆی بەرایی بێت، من پێشنیار دەکەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت (دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت) لەمەرجەکان ئەوەشی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کەمن دەمەوێت باسی بکەم، لەسەر ماددەی سێیەمە، ئەگەر بێت و لەماددەی یەکەم ئێمە سەیر بکەین، زۆر لەهاوکارانم بڕگەی سێ و چواریان ئیلغا کردۆتەوە، ئەگەر بێتو لەماددەی یەکەم بڕگەی سێ وچوار ئیلغا بکرێتەوە، کەواتە ماددەی سێ و چواریش ئیلغا دەبێتەوە، من پشتیوانی ئەوە دەکەم کە ئەم ماددەیەو ئەم حاڵەتە پێویستە ئەم یاسایە وەکو یاساکانی تر کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، یاسای

بەدەستهێنانی زانیاریە، لەبەر ئەوە پێویست بە دروست بوونی دەستەیەك ناكات، لەماددەی دووشدا زۆر لەهاوكارانم ئاماژەیان بەوەدا كە ئەم دەستەیە یان ئەم یاسایە بەرەوڕووی دەستەی مافی مرۆڤ بكرێتەوە، ئەمە دەبێت بە ئەركێكی گرانتر بۆ سەر دەستەی مافی مرۆڤ، ڕۆتینات زۆرتر دەبێت لەم حاڵەتەدا، بۆیە ئەكرێت لەحاڵەتی دووەمیشدا ، ئەگەر دەستەی مافی مرۆڤ پەسەند كرا كە ئەم یاسایە بەرەوڕووی ئەوان بكرێتەوە، كەواتە ماددەی سێ و چوار هەر ئیلغا دەكرێتەوە، یەعنی لەهەردوو ماددەكەدا ماددەی یەك و چواریش، ماددەی سێ و چوار ئیلغا ئەكاتەوە، بۆیە من بەڕاستی پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ئەمە دەستە نەبێت هەروەكو یاساكانی تری هەرێم ئەویش یاسایەك بێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان ولایەنی بەرپرس مولزەم بكرێت بەجێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، ئەگەر بێت و ئێمە دەستەیەكی تازە دروست بكەین، وابزانم ئەگەر لەخەیاڵمدا بێت ئەگاتە 13 دەستە، ئەم 13 دەستەیە واتە هەر یەكێك لەم دەستانە وەزیرێك سەرپەرشتی دەكات، كەواتە هەروەكو دوێنێ هاوكارم كوێستان خان باسی كرد، ئێمە چ تەرشیقێكمان لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا كرد، 19 وەزارەتمان هەیە، 13 دەستەشمان هەبێت، كەواتە لەژمارەی كابینەی پێنج كە 24 وەزارەت بوو ئێستا وەزارەتەكانمان زیادی كردووە، 19 وەزارەتی گەورەو 13 وەزارەتی بچووك، ئەمە كاریگەرییەكی خراپی هەیە لەسەر داهاتی هەرێمی كوردستان، لەسەر بەڕێوەبردن، لەسەر ڕۆتینات بەڕاستی ئەمە كاریگەرییەكی خراپی هەیە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە دەستە نەبێت، چونكە لەهەموو ڕوویەكەوە ئەم دەستەیە زیانی زیاترە، تاكو قازانجی لەبەر ئەوە پێنشیاری ئەوە دەكەم كە هەر یاسایەك بێت وەك یاساكانی تر، بەڵام دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان و لایەنی بەرپرس مولزەم بكرێن بەجێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، چونكە ئەمە مافی هەموو هاووڵاتیەكی ئەم هەرێمەیە كە بتوانێت بەزووترین كات و لەنزیكترین شوێن زانیاری بەدەست بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، عبداللە مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پێشنیارێکی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بە بنەما بۆ قسەکانی خۆم، دیارە ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە هەردوو ماددەی سێ وچوار لەیەك بدرێت، من لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەوان کۆکم و پشتیوانی ئەوان دەکەم، بەڵام ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە جارێکی تر ئەرکەکە بسپێردرێت بە دەستەی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام من جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو پێشنیارەی دوێنێی خۆم دەکەمەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەرکی ئەم دەزگایە بسپێردرێت بە دەستەی دەستپاکی، واتە دەستەی نەزاهە کە لەپەرلەمانی کوردستان یاساکەی بۆ دەرچوو، بۆچی بدرێت بەئەوان؟ من جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە ڕاستە مەسەلەی دەست گەیشتن بە زانیاری مافە، بەڵام یەکێکە لەمافەکان لەڕاستیدا، هێندەی مامەڵە کردنە، لەگەڵ ئەنجامی مومارەسەکردنی مافەکە، مامەڵەکردن نیە لەگەڵ خودی مافەکە، بۆ نموونە تۆ لەکاتێکدا مافی بەدەستهێنانی زانیاری مومارەسە دەکەیت بۆ ئەوەیە دەستکەوتێکت هەبێت، سروشتی کاروباری دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان بەپێی یاساکەی گونجاوترە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا کە لەئەنجامی مومارەسە کردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری بەدی دێت، بۆیە من پێم خۆشە برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەگەر دەرفەتیان هەبێت بەراوردێك لەبەینی ئەرك و مەهامی دەستەی نەزاهە و دەستەی مافی مرۆڤ و هەروەها ئەم پرۆژە یاسایەی کە ڕووناکی پێ دەوترێت بەراوردێك بکەن، بزانین ئەرك و مەهامیان لەگەڵ کامیان نزیکترە بۆ ئەوەی مەسئولیەتەکە بەو بسپێردرێت، ئینجا لەڕاستیدا منیش باوەڕم وایە کە پێویست ناکات لەهەرێمی کوردستان دەستەیەك هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا لەم قۆناغەدا پێویستە لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە، ئەگەر بەم شێوەیە دەربچێت، بەبڕوای من دادگاکان پڕ دەبێت لە سکاڵا، پڕ دەبێت لەسکاڵای هاووڵاتیان، ئێمەش دەزانین چ ڕۆتیناتێك لەدادگاکاندا هەیە، هەر سکاڵایەك 5 مانگ و 6 مانگی پێ دەچێت، سکاڵای وا هەیە بە10 ساڵ چارەسەر ناکرێت، بۆیە بوونی ئەم دەستەیە بەلانی کەمەوە دەتوانێت فلتەر یان قۆناغی یەکەم بێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیەك بە ئاسانی سکاڵای خۆی بەرز بکاتەوە بۆ دەستەی نەزاهە، لەوێوە بڕیارێکی سەرەتایی دەربچێت، ئەگەر بڕیارەکە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیەکە بوو ئەوە پرسەکە کۆتایی پێ دێت، خۆ ئەگەر ئەو

لایەنەی کە داوای زانیاری لێ کراوە وەکو پێویست ئیلزامی نەکرد ئەو کاتە دەستەی نەزاهە ئەتوانێت سکاڵاکە ڕەوانەی دادگا بکات، بۆیە جارێکی تر من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە تەبیعەتی ئەم پرۆژە یاسایەی کە ئێمە ئەمڕۆ موناقەشەی دەکەین، زیاتر لەگەڵ دەستەی نەزاهە یەك دەگرنەوە، باشترە سەر بەو دەستەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا سەبارەت بەماددەکە من هەروەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی خۆمان هی لیژنەی مافی مرۆڤ هاتووە، ڕام لەسەر ئەوەیە کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ تایبەتمەند بێت بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، یان لایەنی جێبەجێکاری بێت، بۆیە وەکو ئەوەی لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە پێشنیار ئەکەم کە ماددەی سێیەم نەمێنێت، لەگەڵ ماددەی چوار بکرێت بەیەك، ئەو ئەرکانە ئیزافە بکرێت بۆ ئەرکەکانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بەڵام پێم خۆشە ئیشارەت بەشتێك بدەم، کە ڕەنگە ڕوونکردنەوە بێت بۆ هەندێ حاڵەت کە گومان هەبوو، چونکە ئێمە هێشتا دەنگدانمان لەسەر ئەم ماددەیە نەکردووە، وە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کەدواتر دەنگدانەکە چۆن بێت، بۆیە پێم خۆشە ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە گومانێك هەبوو یان ترسێك هەبوو کە ئەمە کۆتکردنی مافێکە کە سەر بەدەستەیەکی دیاری کراو بێت، بەڵام لەماددەی چواردا ئەو ئەرکانە یان ئەو مەهامانە تێبینی دەکرێت کە ئەو دەستەیە هەیەتی دەزاندرێت کە ئەمە دەستەیەك نیە بۆ کۆتکردنی ئەو مافانە، یان جێگای مەحاکم بگرێتەوە، لەکاتێکدا کە مەفروزە لەمەحاکمەوە داواکاری لەسەر پێشێلکاری ئەو مافە تۆمار بکرێت، من پشتیوانی ئەو بەشەی قسەکانی کاك عبدالله دەکەم، کە لەم قۆناغەدا ئێمە بە ڕەچاوکردنی شێوازی کارکردن لەمەحاکمی هەرێمی کوردستاندا ئەزانین کە قورسە کەسێك بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر شتێك دەست بکەوێت، زۆر قورسە، یان ڕۆژنامەنووسێك زانیاری لەسەر کەسێك دەست ناکەوێت، یان کەسێکی بیانی زانیارییەکی

دیاریکراوی دەست ناکەوێت، ئەمە قورسە مەحاکمی هەرێمی کوردستان بەخێرایی یەکلایی بکاتەوە بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکەی، بۆیە یەکێك لەگرنگرتنی ئەرکەکان کە ئەم دەستەیە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ئەیگرێتە ئەستۆ، ئەوەیە کە بە ئاسانی هاووڵاتی و ڕۆژنامەنووسان بگەنە سەرچاوەکانی زانیاری و ئەمە ڕێك ئەوە ئەگەیەنێت کەوا ئەم دەستەیە ئیزافە بۆ چاودێری پێشێلکارییەکانی تری مافی مرۆڤ، ئەرکێکی تری ئەبێت ئەویش چاودێری کردنی ئەو مافەیە کەچۆن لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەبێت؟، کەمافی بەدەست گەیشتنی زانیارییەکانە، یان گەیشتنە بەزانیارییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە هیوادارم ئەمە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، تەسەور نەکەین کە ئەمە قورس کردنی ئەو مافەیە کە لەکاتێکدا دێتە لای دەستەیەکی دیاریکراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئەم ماددەیە گرنگترین ماددەیە لەم یاسایەدا، پێویستە مەجال بدرێت هەریەکەو بۆچوونی خۆی شەرح بکات، من تەسەور دەکەم لکاندن و پێکەوە بەستنەوەی چەند بابەتێك، لەگەڵ پرەنسیپ و مافی بەدەستهێنانی زانیاری وای کردووە سەرمان لێ بشێوێت، گەندەڵی بواری خۆی هەیە، ڕاهێنانی خەڵك بواری خۆی هەیە، بەهێزکردنی نەتەوەی کورد بواری خۆی هەیە، پرەنسیپی دەرکردنی یاسایەك یان دەرخستنی چۆنیەتی بەکارهێنانی مافی گەیشتن بەزانیاری زۆر زۆر ئاسانە، ئەو شتانەی کە ئێستا کراوە بە ئەرك بۆ ئەم ئەنجومەنە یان ئەصڵەن بیرۆکەی هەبوونی ئەو ئەنجومەنە ڕەد فیعلێکە لە بوونی گەندەڵی لە پێویستی ئەم ئەرك و ئەو ئەرکانە، کەچی لەزۆر دامودەزگای تر و وەزارات ودەستەکان ئەوە ئەرکی سەرەکیانە، بۆچوونی من بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی جارێکی تر دەیڵێمەوە کۆمەڵگا پێش کەوتووە، دامودەزگا فراوان بوون، سنووری ئیداری پەیدا بووە لە نێوان ئەو خەڵکانەو ئەوانەی کە متمانەیان پێداون پێویستی هەیە بە میکانیزمێك بزانم ئەوانەی کەمن متمانەم پێداون بەچاوی من حوکم بکەن چۆن حوکم دەکەن، واتە من ڕێگام هەبێت بزانم ئەوان چیان کردووە، ژمارەکان بزانم، چۆنیەتی

وەرگرتنی بڕیار بزانم، تا دوایی... لەهەمان کاتدا بەئەرکێك لەسەر حکومەت دەزانم ئەو بێ ئەوەی من بجوڵێم یان داوای زانیاری بکەم ئەو مولزەم بێت کە ئاگادارم بکات چۆن حوکم دەکات، تا ڕەوایی بدات بەو متمانەی کەمن پێم داوە، ئەگەر ئێمە تەنها سنووری مەسئەلەی گەیشن بەزانیارییەکان لەو سنوورە عەقلانیە دابنێین، ئاسانە زۆر بڕوا بکەن خوشك و برایان ئێمە بتوانین بگەینە ڕێك کەوتنێك، لەسەر ئەو ئەساسە بێین تەحمیلی مەسئەلەکە بەهیچ شتێك بکەین، لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکان هەڵساون لەهەر وەزارەتێك، لەهەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هۆبەیەکیان داناوە کە مولزەمە زانیاری بدات بەهاووڵاتی بە ڕاگەیاندنیشەوە، وە ئالیاتێك لە یاسایەکی وەك ئەمە دانراوە کە چۆن تۆ داوای ئەو زانیاریانە دەکەیت، ئەوانەی کە پێویست بوو بڵاوی بکەینەوە یان بڵاویان نەکردۆتەوە، ئەگەر لەسەر ئەو ئەساسە بچین ئەوە پێویست بە هیچ دەزگایەك نیە، بەڕێزان لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ئێمەش، چ لەکۆمەڵگایەکی تریش خەتەرە کە تۆ هەموو ئەو زانیارییانەی ئەو وڵاتەو ئەو دامودەزگایانە لەیەك جێگا کۆبکەیتەوە، ئێمە بیر لە شەخص نەکەینەوە کە کێیەو چ لایەنێکە، لە ئەڵمانیا ئەوە 20 ساڵە قبوڵ ناکەن کەژمارەی نیشتمانی بدەن، چونکە دەڵێن ڕەنگە بەخراپی بەکاری بهێنن، بۆیە پێشنیاری من ئاسانە ئەوەیە کە بۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار و حەز دەکەم، ئەگەر خوشك و برایان باوەڕیان هەیە بەو تێگەیشتنە یان بەو بۆچوونە، بیر بکەینەوە لەوەی کە ئەم دەسەڵاتانەو ئەم ئەرکانە، خاوی بکەین جارێ و لەو شتانەی کە تەحمیل کراون، بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی، بۆ هی شتی تر ئەوە ئەرکی ئێمە نیە خەڵکی تر ئەو کارە دەکەن، وەکو هەندێ لەخوشك وبرایانم باسی لیژنەی نەزاهەیان کرد، هەڵسین بزانین بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپە ئەرکی حکومەت بۆ دانی زانیاری و ماڧ خەڵك بۆ گەشتن بە زانیاری بە تەئکید سنووردارە، چونکە هەندێ شت هەیە هەوڵ بدەین بڵێین لە هەر دەزگایەك یان هەر وەزارەتێك هۆبەیەك دروست بکرێت بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ پراکتیزە کردنی ئەم ماڧە، ئەمە ئەرکەکانیەتی و ئەمەی لەسەرە، چۆنیەتی داواکردنی داواکاری بە فۆڕم، چۆنیەتی تێهەڵچوون و داواکردن، ئەمانە هەمووی بە حەقیقەت لەو ئەساسە دەکرێت، بۆیە داواکارم لە وەزارەت، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لەوەش بە خوارەوە لە پارێزگا، سەرۆکی ئەو فەرمانگانە بەئەرکی خۆی هەستێت کە لەدیوانی خۆی، لە مەکتەبی خۆی ئەم پێشکەشکارییە بکات تا ڕێگا بدات خەڵك بگات بە زانیاری، دەزگاکە بە ڕای من هیچ مانایەکی نیە، زۆر زۆر خەتەرە، بۆ ئەم ئیشانەش

داناندرێت، ئەوكاتە مەسەلەی گەیشتن بەزانیاری ومەسەلەی ناچاركردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی زانیاری بدات، باوەڕ بكەن بزر دەبێت لە هەموو ئەركەكانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەند كاك محمد شارەزووری باسی خاڵی چوارەمی كرد لە ماددەی سێیەم، بەحەقیقەت منیش تۆزێك لەوە تێناگەم، سەرۆكی دەزگا چۆن دەبێت، كە دەڵێت ئەگەر پێویست بوو ڕاپۆرتێك بنووسێت بۆ دەستەكە، یەعنی بەبڕوای من ئەم ڕاپۆرتە با هەموو دەستەكە بینووسن، بۆ ئەو جێگایەی كە ئەم دەستەیە سەر بەئەوانن، یەعنی مەرجەعەكەیان كوێ دەبێت؟، كە هاوەڵەكانم باسیان كرد یەكێ دەڵێت سەر بە مافی مرۆڤ بێت، یەكێك دەڵێت سەر بە دەستەی نەزاهە بێت، جەنابی وەزیری رۆشنبیری لێرەیە كەدیارە ئەو پەیوەستە بەم دەستەیەوە، بۆیە منیش بە پێویستی دەزانم ئەم دەزگایە هەر ئێستا بەڕەسمی دیاری بكرێت كەسەر بە یەكێك لەو شوێنانە بێت، كەوا پێویستە سەر بەوێ بێت، چونكە بەڕاستی ئەوەی كەمن تێبینی دەكەم لەم پرۆژە یاسایەدا ئەمە باس لەوەرگرتنی مافێك دەكات، جا مافەك مافی زانیارییە بەهەموو شێوەكانی، هەرچەند منیش لێرەدا پرسیارێكم بۆ دروست دەبێت، هەرچەندە ئێمە ئەم پرۆژە یاسایانە دەخەینە بەر گفتوگۆو لێكۆڵینەوەوە، بەحوكمی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای سەردەم، ئێستا پێم وانیە ئەو زانیارییانەی كە پێویست بێت، نەخرێتە سەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەكان، یان لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندن ئیشارەتی پێ نەدرێت، یەعنی دەبێت چ زانیارییەكی تر هەبێت، دوێنیش ئیشارەتمان پێدا كە بەڕاستی هەندێك زانیاری هەیە قابیلی دەرخستن ودەركەوتنی نیە، بۆیە لێرەدا زۆر پێویستە كە ئەم دەزگایە دیاری بكرێت كە سەر بە كام یەك لەو شەریحە و لایەنانە دەبێت كە پێویست بێت؟، خاڵێكی ترم، لە خاڵی پێنجەم باسی ئەو مەرجانە دەكات كە سەرۆكی دەزگا دەبێت هەیبێت، یەكێك لەو خاڵانەی كەمن زۆر بەگرنگی دەزانم و ئیشارەتی پێ نەدراوە، سەرۆكی دەزگا تاچەند توانای هەڵسەنگاندنی زانیارییەكانی هەیە، چونكە هەڵسەنگاندنی زانیارییەكان یان وەرگرتنی زانیارییەكان نەك تەنها دەبێت مەرج بێت بۆ

سەرۆكی دەزگاكە، دەبێت مەرج بێت بۆ هەر یەكە لە ئەندامەكان كەلەم دەستەیەدا دادەندرێن، ئەمە مەرجێكی زۆر ئەساسیە، ئەوانەی كەلەم دەزگایە دادەندرێن پێویستە ئاگاییەكی تەواویان لەوەرگرتنی زانیارییەكان وهەڵسەنگاندنی زانیارییەكان هەبێت، ئەوكاتە بكەوێتە بەردیدی هاوولاتیان بەگشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من تەقریبەن قسەكانم نەسرین خان و پەیمان خان هەندێكیان كرد، كاك عبدالسلام تەواو تەعبیری كرد، بەڕاستی من ناونیشانی ئەم یاسایە كە چەندێكە چاوەڕوانین بەتەسەوری من بۆی نەبوو كە باس لە زیاد كردنی دەزگایەك بكات، تەسەورم بۆی وابوو، خۆی نزیكەی 50 پرۆژەیەك خوێندنەوەی بۆ كراوە، منیش لەهیچ یەكێك لەو لیژنانەدا نیم، ئەم هەفتەیە هاتووەتە بەردەمم و سەیرم كردووە، تەسەورم بۆ ئەم ناونیشانە جوانە ئەوە بوو كە كۆمەڵێك یاسای دانابێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی زانیارییمان دەست بكەوێت، بەڵام بەڕاستی ئەمە چ زامنێك هەیە، بۆ ئەوەی كە ئەم دەزگایە نابێت بە ئەڵقەیەكی تری زیاد بۆ گەیشتن بە زانیاری، دوای ئەوەش كێن ئەو ئەندامانەی كەلەم دەستەیە ئەم ئیشە دەكەن، ئایا ئەم ئەندامانە هەر بەرهەمی ئەم كۆمەڵگایە نین، هەر لەم سیستمە حوكمڕانیەدا نین كەوەزارەتێك جاری وا هەیە مەعلومات نادات بەتۆ، بۆیە ئێمە وەكو چۆن لەزۆر لەپرۆژە یاساكان لە نەتیجەی گرفتێك پرۆژە یاسایەك پێشكەش دەكەین، بەس دوایی سەیر دەكەین لەشوێنێكی تر ئەمە حەل دەكرێت، بۆ نموونە پەرلەمان یەك حەڵەقەی هەیە كە ئەبێت مەعلوماتی دەست بكەوێت لەوەزارەتێك، ئەبێت نووسراو بكات بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەوانیش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بكەن، ئەمە ئیشی ئێمەی دوا خستووە، ئێستا تۆ دەستەیەك دەخەیتە ئەو بەینەوە بۆ ئەوەی ئیعلام و هەر كەسێك كەبیەوێت زانیاری دەست بكەوێت، ئەمە ڕۆتین زیاد دەكات، لەبەر ئەوە بەڕاستی من ناچمە سەر ئەو هەموو ناڕێكیەی كە

لەخودی ماددەکەدا هەیە، هەر ئەسڵەن، لەگەڵ زیاد کردنی دەزگایەك ودەستەیەکدا نیم بۆ ئـەو مەوزوعـە، بەڕێکەوت ئەمشەو ڕێـم کـەوت لەیاسای وڵاتـی یەمـەن، کە بەڕاسـتی شـوێنێك نیـە کە پێشـەنگ بێـت بـۆ دیموکراسیەت، بەڵام یاسایەکی زۆر جوانی هەیـە بـۆ چۆنیەتی بەدەسـتهێنانی زانیـاری، هـاتووە کۆمـەڵێك ماددەی داناوە، ئەوەی کە ئێستا کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، تەئکید ئەکاتەوە لەسەر ئـەوەی کـە هـەموو بەڕێوەبەرایەتیەك هۆبەیەکی تایبەتی هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت بچێت زانیاری وەربگرێـت، دواتـر فەقەرەیەکی هێناوە سزای داناوە بۆ هەر لایەنێك کە حجزی مەعلومات دەکات لە هاووڵاتیان، ئایـا قوتابیـە، یان ڕۆژنامەنووسە، جاری وا هەیە ئێمە بەخیلی دەبەین بـە ڕۆژنامـەنووسـەکان ئـەوان مـەعلوماتیان باشـتر دەست دەکەوێت تا ئێمە کە پەرلەمانتارین، لەبەر ئەوە بەڕاسـتی مـن دەڵـێم مـادام ئەوانەشـی کـە ئیمزایـان لەسـەر یاسـاکە کـردووە، مولاحـەزەیان هەیـە لەسـەری، دەکرێـت موڕاجەعـەی ئـەم یاسـایە بکەینـەوە بەشێوازێکی تر بینووسین، ئەمجارە بێین کۆمەڵێك مـاددە ڕیـز بکـەین کـە هـەم کۆبوونـەوەی زانیارییـەکان لەیـەك شـوێن و لەیـەك کۆمەڵـدا نـەبێت، لـەخودی بەڕێوەبەرایەتیـەکان بێـت، عقوبـەش دابنـێین بـۆ هـەر دەزگایەك کە زانیاری نادات بەخەڵك، یان بڵێین دەبێت هەر کۆبوونەوەیەك یان هـەر جەلسـەیەك دەکرێـت لەوەزارەتەکان، یان بەڕێوەبەرایەتیـەکان کاتەکەی ئاشکرا بێـت، ئەگـەر بکرێـت بڕگـەکان ئـیعلان بکرێـت، یاساکە بەم شێوەیە بێت باشترە، نەك ئەوەی دیسان دەزگایەکی تر دابمـەزرێنین، مـن پـێم وایـە ئەمـە زیـاد کردنی حەڵەقەیەکی ترەو ڕۆتین زیاد دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان دونیا بەوە جوانـە، ئینسان موتـەفائیل بێـت، دونیـا بـەوە جوانـە پـێش ئـەوەی شـتەکە بڵێیـت نابێـت گومـانی لـێ پەیـدا بکـەین، موشـکیلە پەیـدا بکـەین و لێـی بترسـین، بـا یاسـاکە دەربکـەین، مومارەسەی بکەین، کەی گلەییمان لێی هەبوو، کەی یاساکە جێبەجێ نەکرا؟، ئەو وەختە ئێمەش گلەیی لێ دەکەین، دکتۆر دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پشتیوانی لە فیکرەکانی کاك عبدالسلام و ناسك خان دەکەم، من دوێنێ خۆم لێرە هەمان فیکرەم تەرح کرد، بەڵام ئەگەر بچمە ناو هەندێ وردەکارییەوە، سەرەتا دەڵێم دروست کردنی دەزگایەك بۆ بەدواداچوون وچاودێری مافی بەدەستهێنانی زانیاری، زیادکردنی حەڵقەیەکی تری رۆتینە، لەوە زیاتر هیچی تر نیە، ئەگەر ئێمە پێشنیاری بکەین سپاردنی ئەو ئەرکەی کە ئێستا لەماددەی سێدا هاتووە، بسپێرین بەدەزگای نەزاهە، یان دەستەی مافی مرۆڤ، پێم وایە ئیشکالێکی یاساییمان هەیە، لەبەر ئەوەی سەرەتا دەبێت یاساکانی ئەوان کە بۆ ئەو دەزگایانە دەرچووە هەموار بکەینەوە، ئێمە ڕۆتینێکی تریش هەیە لەهەرێمی کوردستان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو حەوت کابینەیە، هەمیشە وەزارەتەکان ودەستەکان دروست دەکرێن وهەڵدەوەشێندرێنەوە، ئەگەر دەستەی مافی مرۆڤ هەڵوەشایەوە، شتێکی تر دامەزرا، چ دەزگایەك ئەو یاسایە جێبەجێ دەکات لەو کاتەدا؟، یەعنی بەڕاستی تووشی ئەو ئیشکالیاتەش دەبین، ئەوە خاڵێکی تر، بەهەمان شێوەی کە کاك عبدالسلام پێشنیاری کرد کە هۆبەیەك هەبێت، بەڵام من پێم وایە پێویست ناکات هۆبەش بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پێش وەخت ئێمە لەزۆربەی دامودەزگاکاندا نووسینگەی ڕاگەیاندنمان هەیە، ئەگەر دەزگایەك نووسینگەی ڕاگەیاندنی نەبێت، دەتواندرێت نووسینگەی ڕاگەیاندن بە مەسەلەی بەدواداچوون یان ئامادەکردنی، یان فەراهەم کردنی زانیارییەکان بۆ هاووڵاتیان ئەو ئیشانە ئەو نووسینگانە بیکات، لەزۆربەی ئەو شوێنانەی کە ئێمە بینومانە دەزگایەك هەیە بابڵێین لەخودی وەزارەتدایە بەڕێوەبەرایەتیە یان نووسینگە بێت، ئەو بەو ئیشوکارەی دەستەبەرکردنی زانیاری هەڵدەستێت، بێگومان ئەو کاتەش دادەندرێت، چ زانیارییەك دەتواندرێت بخرێتە بەردەست، لەچ کاتێکدا، چەندی پێ دەچێت؟، بەڵام ئەگەر هاتو ئەو نووسینگەیە ئیشەکەی خۆی بە پێی یاسا نەکرد، سەرپێچی یاسای کرد، زانیارییەکانی نەخستە بەردەست، بێگومان ئەو کاتە دەبێت لەو یاسایە دیاریکرابێت، چ سزایەکی بۆ دادەندرێت، بۆ ئەمەش من پێم وایە ئێستا لەکوردستان مەحکەمەی ئیداریمان هەیە، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەگەر فەرمانبەرێك لەو دەزگایانە سەرپێچی بکات، ئەوە هەڵەیەکی ئیداری کردووە، ئێمە دەتوانین ئەو پرسە بسپێرین بە مەحکەمەی ئیداری، ڕاستە ئێمە ئێستا یەك

مەحکەمەی ئیداریمان هەیە، دەتواندرێت مەحکەمەی ئیداری لە دهۆك و سلێمانیش بکرێتەوە، پێم وایە دەبێت ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە، بۆیە من پێم وایە لەبری ئەوەی ئەو ماددەی سێیە کەهەیە ئاماژە بەو دەزگایە بکەین، کە نووسینگەی ڕاگەیاندن لە دامودەزگاکان پێویستە ئەوە دەستەبەر بکەن، بۆ خستنە بەردەستی زانیاری بۆ هاووڵاتیان، دواتریش ڕێ وشوێنێك دابندرێت بۆ ئەوەی، ئەگەر ئەو کارمەندە ئیشەکەی خۆی بەباشی جێبەجێ نەکرد ئەوکاتە دەبێت سکاڵا ئاراستەی مەحکەمەی ئیداری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من زۆر دەترسم تاوتوێی ئەم پرۆژە یاسایە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموولایەك، نەتیجەی نەزۆك و بێ ئاکام دەربچێت، چونکە بەڕاستی یەکێکە لەو پرۆژە یاسایانەی کەدیارە باش دیراسەو تاوتوێ نەکراوە لە لیژنەکاندا، بەئاقاری قسەکاندا هەستی پێ دەکەین، وە بەڕاو سەرنجی خوشك وبرایانیش کەبەرەو ئەوە دەچین کەنەبێت یان بیکەین بەیاسایەك کەدەستەی نەبێت، کەئێستا ئێمە موناقەشەی ماددەی سێ وچوار دەکەین هەمووی باسی دەستەو سەڵاحیاتی دەستە و مەرجی ئەندامانی دەستە دەکات، لەولاش تەوەجوهێك هەیە کە زاڵیشە لەناو هۆڵی پەرلەمان کە ئەصڵەن دەستە نەبێت، یان دەزگا نەبێت، ترسی ئەوەم هەیە کاتەکەمان هەمووی بڕوات و بەنەتیجەش نەگەین، کە ئەمەش خەلەلێکە لە موناقەشەکردنمان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، بەهەرحاڵ من ڕای خۆم وا دەردەبڕم کەبەڕاستی ئەزموونێکە ناڵێم ناسەرکەوتووە، ئەمەیان ڕەشبینیەکە نیە کە سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، باسی هەڵسەنگاندنی ڕابردووە، ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوومان لەگەڵ دەستەو دەزگای سەربەخۆ نیە لە کوردستان، ئێمە زیاد لە 12 دەستەو دەزگامان هەیە، یان زۆر کارا نەبوون یان کاریان لەبەر ناڕوات، یان فیعلەن حەڵقەیەکی ڕۆتینە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، لەبەر ئەوە ئەمەش ئیزافە دەبێت، ئەمەیان باسی ڕەشبینی نیە، چونکە ئێمە واقیعەکەمان

لەبەرچاوە، چەندین دەستەو دەزگای ترمان هەبووە، یان کاریان لەبەر نەڕۆشتووە، یان خۆیان نەیانتوانیوە ئەو دەزگایە بن کە یاسا ویستوویەتی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کەباس لە یاسای دەستەبەرکردنی مافی زانیاری بکەین، تا هاووڵاتی کوردستان دڵنیا بکەینەوە کە یاسایەك هەیە مافی دەداتێ کەزانیاری دەست بکەوێت، ئالیەتەکان هەرچی بێت گرنگ تەحقیقی ئەم ئامانجەیە، کەئەمە بە بوونی ئەو دەستەو ئەو ڕۆتینەی کەباس کراوە تەحقیق نابێت، من وادەزانم ئەم ماددەی سێ وچوارە کاتمان دەگرێت و نازانم چۆنیش چارەسەر دەبێت، دەزانم هەر دەبێت موناقەشە بکەین و مافی هەموو پەرلەمانتارانیشە کە قسەی تێدا بکەن، بەڵام تێبینیم هەیە، لەگەڵ ئەوەدا نیم کەدەستە هەبێت بەڕاستی، یان دەزگای سەربەخۆ بێت، یان سەر بەمافی مرۆڤ بێت، یان هەر یاساکە بە گشتی یاسای دەستەبەرکردنی زانیاری بێت و زیاتر تەئکیدی لەسەر بکەینەوە، باسی دەستەو دەزگای تێدا نەکەین، بۆ ئەوەی هەم ئامانجەکە بێتە دی، کەئەوەیە هاووڵاتیان بەگشتی مافی ئەوەیان هەبێت، نەك هەر ڕۆژنامەنووسان یان توێژەران، بەڵکو هەموو هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەبێت کەزانیاریان دەست بکەوێت، یان پەیوەستی بکەن بەیەکێك لەو دەستانەوە کە بەفیعلی هەمانە لەکوردستان، بۆ ئەوەی ئەرکێکی گرانی تر دروست نەکەین لەسەر شانی حکومەت و حەڵقەیەکی تری ڕۆتین دروست نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کەماددەی سێ ئیلغا بکرێت، کەباس لەدەستە دەکات، ئۆتۆماتیکیەن ماددەی چواریش، ئەگەر بێت و دەنگدانی لەسەر بکرێت ئەویش ئیلغا دەکرێتەوە، بۆچی؟، لەبەر ئەوەی کە هەندێ پێشنیار کرا سەبارەت بەوەی کە ئەم ئەرکە بسپێردرێت بەدەستەی مافی مرۆڤ، لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی مافی مرۆڤیش باس لەوە دەکرێت کە حەوت ئەرکی تر زیاد بکرێت بۆ دەستەی مافی مرۆڤ، کە ئەوەش لەڕاستیدا یاسایی نیە، چونکە یاسای دەستەی مافی مرۆڤ، پەسەند کراوە ناکرێت ئێمە بێین کۆمەڵێك ئەرکی تری بۆ زیاد بکەین، ئەوە کاتێك دەبێت دەستەی مافی مرۆڤ یاساکەی هەموار بکرێتەوە، لەکاتێکدا ئەوە دوو تا سێ ساڵە

دەستەکە خۆی نەکەوتووەتە کار، ئەگەر بێت و ئێمە بمانەوێت هەمواری بکەین دوو ساڵی تریشی پێ دەچێت، ئەوە خاڵێك خاڵێکی تر سەبارەت بەوەی کە بەبێ دەستەش یاساکە موعالەجەی چارەسەری وەرگرتنی زانیاری کردووە، هەر لەماددەی سێیەم فەقەرەی (7) باسی لە فەرمانبەرێك کردووە کە لە دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکاندا ئەو فەرمانبەرە هەڵدەستێت بەپێشکەش کردنی زانیاری، لەبەر ئەوە پێویست بەزیاد کردنی فەقەرە ناکات، ئایا هۆبەیەك دابندرێت، یاخود بەرپرسی ڕاگەیاندن ئەو کارە بکات، چونکە لەماددەی(8)ی یاساکەدا چارەسەری ئەوەشی کردووە، پێویست بەوە ناکات کە ئێمە هیچ کەسێکی تر زیاد بکەین، هۆبە یان بەرپرسی ڕاگەیاندن، چونکە لەماددەی (8)دا باسی ئەوە ئەکات کە فەرمانبەرێك موختەسە بە پێدانی زانیاری لەهەموو دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان، وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد، ئەگەر بێت و دەستەیەك زیاد بکرێت، هەم لەڕووی ڕۆتینی ئیدارییەوە زیاد دەکات، هەم لەڕووی داراییەوە، ئەبێتە ئەرکێکی قورس لەسەر حکومەت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ماددەی سێ و چوار ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زیاتر لە یاسای چوار وڵاتم لەبەردەستدایە، سەبارەت بەم بابەتە، ئەمە ئەرکێکە کە دەبێت حکومەت بیخاتە سەر ئەستۆی خۆی، لەوەی لەهەموو دائیرەیەکدا کە کەسێك بیەوێت زانیارییەکی دەست بکەوێت، تەبعەن مەرجیشی هەیە، خۆ ئەوە نیە تۆ بەشەفەهی بچیت بە کابرا بڵێیت فلان شت چیە؟ نا ئسوڵی خۆی هەیە، داواکاری پێشکەش دەکات، ئینجا وەڵامەکە وەردەگرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام سپاردنی بە دەستەی مافی مرۆڤ لەڕووی جێبەجێ کردن وترەینینی فەرمانبەرەکان وچاودێری پێشێلکارییەکان دەبێت، لەکوێدا؟، لە چ فەرمانگەیەکدا پێشێلکاری کرا؟، بەڵام حکومەت، وەزارەتەکان بەدەرچوونی ئەم یاسایە، دەبێت ئیلزام بکرێن بەوەی لەهەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان کەسێك، یاخود هۆبەیەك کە بەناوی مەرکەزی مەعلوماتەوە دەبێت، من پێویستیم بەداتایەکە، بەژمارەیەکە، ئەو ڕۆژەی کەدەچم تەڵەبێکی خەتی

پێشکەش دەکەم، پێم دەڵێت من تا ئەم مەعلوماتەت بۆ کۆدەکەمەوە پێویستیم بەدوو ڕۆژە، پاش دوو ڕۆژ من دەچم تەڵەبەکە وەردەگرمەوە، ئەی ئەگەر پاش دوو ڕۆژ نەیدامەوە، من بچم سکاڵا لەکوێ بکەم؟، ئەوە بۆ بخەینە ئەستۆی مەحاکم، مەحاکم خۆی کەم کێشەی لایە، ئەمە پێشێلکارییە لە حەقی من، کە حەقی منە وەك مرۆڤێك پێویستە کۆمەڵێك زانیاریم هەبێت، لەبەر ئەوە باشترین شوێن ئەوەیە ئێمە ئەم ئەرکە بسپێرین بە دەستەی مافی مرۆڤ، ئەگەر لەیاسای دەستەی مافی مرۆڤیش نیە، بەدەرچوونی ئەم یاسایە هەر خۆی بۆ خۆی، ئۆتۆماتیکی دەبێتە زمنی مەهامی ئەو دەستەیە، لەبەر ئەوە هیچ پێویستیش ناکات یاسای بۆ هەموار بکەین، چونکە هەمیشە (اللاحق يلغى السابق) لەبەر ئەوە ئێمە زۆر بەئاسانی دەتوانین چارەسەری بکەین، پێویست ناکات دەستەی جیاوازی بۆ دروست بکەین، پێویستیش ناکات بیسپێرین بەدەستەی نەزاهە، لەبەر ئەوەی مەرج نیە من مەعلوماتەکەم بۆ ئەوە بوێت، بۆ موراقەبەی حاڵەتێکی گەندەڵی بێت، بەڵکو بۆ بەحسێك دەمەوێت، بۆیە پێویستە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، پێویستە زانیارییەکان لەدەوائیردا وەربگیرێت، وە پێویستە دەستەی چاودێری فەرمانبەر زانیاری پێ بدات، دەورات و ۆرك شۆپ بکاتەوە، هاووڵاتیان فێری ئەوە بن چۆن بتوانن بگەنە سەرچاوەکانی زانیاری، یەعنی بەکورتی پێویست ناکات دەستە هەبێت، من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ وڕۆشنبیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر عمر، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسەی ئەو ماددەیە تەنزیمی دەکات، پرسێکی چەند مەزهەرەو چەند ڕوویەکی هەیە، یان لەچەند ڕوانگەیەکەوە پێویستە ئێمە لەسەری بوەستین، یەکەمیان: ئەوەیە کە پرسێکی تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، لەجاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان، هەروەها لەدەستووری عێراقیشدا ئاماژەی لەسەر کراوە، لەلایەکی تریشەوە پرسێکی یاساییە، ئێستا ئێمە بەیاسا تەنزیمی دەکەین. هەروەها لەهەمان کاتدا پرسێکە پێویستی بە ڕەقابەو چاودێری کردن هەیە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئەم مافە چۆن ممارەسە دەکرێت، ئەم یاسایە چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ ئالێرەدا دەکرێت ئێمە

ئـەركی چـاودێری كـردن و جێبـەجێكردنی ئـەم یاسـایە بسـپێرین بـە دەسـتەی مافـەكانی مـرۆڤ، هـەروەها پەرلەمانی كوردستانیش، چونكە ئـەم دەسـتەیە بـۆ خـۆشـی لـەژێر چـاودێری پەرلەمانـدایـە، واتـە دەسـتەی مافـەكانی مـرۆڤ بـۆ خـۆی دەسـتەیەكە تەبیعـەتی تـەنفیزی نیـە، بـەڵكو تەبیعـەتی ڕەقـابی هەیـە، بۆیـە جێبەجێكردنی ئەم یاسایە، دەكرێت یەكێك بێت لە ئەركەكانی دەستەی ماڤ مرۆڤ، خاڵێكی تر ئەوەیـە كـە ئـەم پرسـە پرسـێكی تەنفیزییـە، دامودەزگـا ڕەسمیـەكان، دەزگـای حكـومی، هـەروەها دەزگـای تایبـەتیش پێویسـتە لـە ئاینـدەدا ئـەم یاسـایە جێبـەجێ بكـەن، ئـالێرەدا وەكـو ئـەوەی كـە لـەڕاپۆرتی لیژنـەی یاسـایدا هاتووە، پێشنیاری ئەنجومەنێك كراوە، مەجلسێك كراوە كەڕەنگە لەڕاپۆرتەكەی لیژنەی یاساییدا تەنها مـن بـووم كـە تەحـەفوزم هـەبوو، بـەڵام لێـرە پێویسـتە ئـەم پرسـە ڕوون بكەینـەوە، چـونكە پێكهێنـانی ئـەم ئەنجومەنە لەجێبەجێكردنی یاساكەدا، لەچەند ڕوویەكەوە پێشنیار پێشكەش دەكات، لەڕووی ڕاهێنانـەوە، لەڕووی ڕێنماییـەوە، لـەڕووی تەنسیقەوە، لـەڕووی تەحقیقـەوە، لـەڕووی وەرگـرتنی ئـەو سـكاڵایانەی كـە دەكرێت تەبیعەتی تەنفیزیان هەیە، نەك هی یاسایی بچێتە لای مەحكەمـە، بـۆ نموونـە، سـكاڵایەكم هەیـە دەزگایەك زانیاریم ناداتێ، دەچمە لای ئەم مەجلسە، كەلەوێ ئەوانیش دەستەیەكیان هەیە بـۆ موتابەعـەی ڕۆژانە، سكاڵایەك پێشكەش دەكات، ئـەم دەسـتەیە بـەخێرایی تەنسیقم لەگـەڵ ئـەم دەزگایـە بـۆ دەكـات و ئیشەكەم بۆ چارەسەر دەكات، بۆیە مانەوەی مەجلسەكە، لەڕووی جێبـەجێكردنی یاسـاكەو تەنسـیق لەگـەڵ دەزگای ڕەسمیەوە دەبێتە مایەی بەئاسانی جێبەجێكردنی یاساكە، نەك ئەنجومەنەكە ببێتە مایـەی ئـەوەی لەڕووە سلبیەكەیەوە تەعقیدات دروست بكات، عەرقەلە دروست بكات، ببێتە ناوەندی ئـەوەی كـە كۆنتـرۆڵ سلبی مەعلومات بكات، نابێ لەو گۆشەیەوە سەیری ئەنجومەنەكە بكەین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كـە ئـەوەی لەراپۆرتی لیژنەی یاسـایی هـاتووە، لەسـەری بوەسـتین زیـاتر گفتوگـۆی لەسـەر بكـەین، ڕەنگـە ببێتـە مایـە ئاسان جێبەجێكردنی یاساكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم دەستەیە نەبێت و ئیلغا بکرێتەوە، پاساوی من بۆ ئـەم ئیلغاکردنەوەیـە، ئەوەیـە کـە بـوونی ئـەم دەسـتەیە ڕێگـرە نـەك ئاسـانکار، وە ناکۆکـە لەگـەڵ نیـەتی موشـەریع کـە گـرنگترین خـاڵی یاسـادانانە، نیـەتی موشـەریع لێـرەدا موەجەهـە بـۆ ئـەوەی کـە مافێـك دەسـتەبەر بکـات، ئـەویش مـافی بەدەستهێنانی زانیارییە، بەڵام بوونی ئـەم دەسـتەیە، واتـە بـۆ پێـدانی زانیـاری وکۆکردنـەوەی زانیـاری بـە مەفهومی موخالەفەکەی واتە دەستەکانی تر ئەو زانیارییانە نەدەن، لەبەر ئـەوە لێـرەدا جەوهـەری یاسـاکە دەکەوێتە مەترسیەوە من پشتگیری ئەوە دەکـەم کـە هـەموو دەزگاکـان زانیـاری بـدەن، بـۆ ئـیعتزازیش، ئـەم ئیعتزازانە دەکرێت دەستەیەك دیاری بکرێت کە ئیعتزاز لـە نـەدانی زانیـاری بچێتە بـەردەم ئـەم دەسـتەیە، بەڵام دەستەی مافی مرۆڤ بەباش نازانم، لەبەر یەك خاڵ، لەبەر ئەوەی ئێمە دەستەی مـافی مـرۆڤ ئەمـە دوو ساڵە ئەم دەستەیە هەیە تا ئێستا نەکەوتووەتە ئـیش و یاسـای بـۆ دەرچـووەو سـەرۆکی بـۆ دانـەنراوە، ئـەم یاسایە بەم ڕێگەیە بسپێرین یەعنی ئەمەش درێژە دەخایەنێت و ئەم یاسایەش جێبـەجێ نابێت، ئەمـەش ناکۆکە لەگەڵ پێوەرێکی دەولی کە خاڵی زۆر گرنگ لەم یاسایەدا بریتیـە لـە پێدانی زانیـاری لـەخێراترین کات، لەبەر ئەوە من تەئیدی ڕەئیەکانی کاك داناش دەکـەم، کـەپێی وایـە لەهـەموو دەزگایـەك و لـە هـەموو وەزارەتێـك بەشـی ڕاگەیانـدن هەیـە، ئـەم بەشـی ڕاگەیاندنـە پێویسـتە ئـەم زانیارییانـە بـدات، کـە ئەمـە ڕاستەوخۆ خزمەت دەکات بەم پێوەرە دەولییەی کـە ئەصـڵ لەمـەعلومات ئەوەیـە کـەبڵاو بکرێتـەوە، نـەك ئەوەی کە ئیستیسنا بکرێت یان قەیدی بخرێتە بەردەم لەوەی کە زوو بگاتە بەردەمی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر سروشتی یاسایەك دەکـەین کـە پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنی بوارێـك هەیـە، یـان مافێکە کـە بەدەستهێنانی زانیارییە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، یەعنی ئەم ڕێکخستنە کاریگەری هەیـە لەسـەر ڕای گشتی، کاریگـەری هەیـە لەسـەر بـەڕێوەبردنی حکومـەت، کاریگـەری هەیـە نـەك تـەنها لـە سیاسـەتی دارایـی کـە

پەیوەندی بە شەفافیەتەوە هەیە، لەهەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بەچ شێوازێکە، هاووڵاتی حەقی خۆیەتی و بەتایبەت ڕۆژنامەنووسان یان میدیا ومیدیا کاران، کە لایەنێکی گرنگی بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانیارین، کەئەو یاسایە بۆیان ڕێك دەخات، ئایا ئێمە ئامانجمان لە ئاسانکارییە، یان دروست کردنی فلتەرێکی ترە، یان حەڵقەیەکی ترە لەبەدەست هێنانی زانیاری، بۆ نموونە: ئەگەر بیسپێرین بەدەستەی مافی مرۆڤ، ئێمە دوو ساڵە دەستەی مافی مرۆڤمان دەرکردووە تاکو ئێستا سەرۆکەکەی دانەنراوە، ئایا بەدەرکردنی ئەو یاسایە ئێمە کێ دەکەین بە بەرپرسیار؟ ئەگەر ئەم دەستەیە نەیتوانی ببێتە ئەم بانقی زانیارییەی کە پێویستە زانیاری لێ بەدەست بێت، تۆ سکاڵا لەبەردەمی کێ دەکەیت؟ کە دەزگای مافی مرۆڤ کارا نیە، بەرپرسیارێتیەکە هەڵناگرێت، وە ناتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە ئاسانکارییەکە ئەوەیە کە حکومەت مولزەمە لەهەموو دامەزراوەکانی بەمافی مرۆڤەکەشیەوە کە زانیاری بدات، بە رۆژنامەنووسان بە هاووڵاتیان، بەو رێکارییانەی کە، ئەگەر برادەران سەبر بگرن لە ماددەکانی تری ڕێکخراوە، ئەگەر زانیاری نەدات چی دەکەین؟، سکاڵاکە دەچێتە بەردەمی کێ؟، سزاکەی چیە؟، بۆیە من بەڕاستی هەم پشتیوانی ڕەئی کاك عبدالسلام دەکەم، هەم هی کاك داناش، کە ئاسانکاری دەکەن لەوەی کەهاووڵاتی بگاتە زانیاری، حکومەت پابەند بکرێت، ئەگەر ئیشکالاتێك دروست بوو بۆ هاووڵاتیان لەوەرگرتنی زانیارییەکان، ئەم سکاڵایە بەرەوڕووی دادگا بکاتەوە، دادگا ئیجرائات لە یاساکە دیارە، سزاکانی چیە ورێچکەی خۆی دەگرێت نابێت بڵێین دادگا سکاڵا زۆرەو ناتوانێت و قەرەباڵغی دروست دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە ئامانجمان لەئاسانکاریە لەبەر مافێکە کە مافێکی دەستووری سروشتیە کە وڵاتی ئێمە پێویستی پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەماددەی یەکەم من ئیشارەتم بەوەدا کە، لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەستەیەك هەبێت، لەگەڵ ئەوەش نیم کە وەسیتێك هەبێت لەنێوان هاووڵاتی ودەزگاکانی حکومەت، کەئایا دەستەی مافی مرۆڤە، یان دەستەی

نەزاهەیە وەك هاوڕێکانم باسیان کرد، هێشتا ئەو دوو دەستەیە خۆیان دانەمەزراون، پێشتریش وەزارەتی مافی مرۆڤمان هەبوو، هەمووومان لەیادمانە چەند کار بە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ کرا، چ جا بەدەستەکەی، ئایا وەسیت هەبێت لەنێوان هاوولاتیان بۆ ئەوەی سکالاکانی بگەیەنێتە مافی مرۆڤ، ئەویش دواجار هەر دەبێت بیدات بەدادگا، لەبەر ئەوە من پێم وایە نە دەستەیەك هەبێت، نە هیچ وەسیتێکش هەبێت، ئەو وەسیتە هەر دەزگایەك بێت یان هەر شوێنێکی ترە، بۆیە پشتگیری هەردوو ڕای هاوڕێیانم کاك عبدالسلام وکاك دانا دەکەم، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم ماددەیە هەر لە ئەساسدا ڕەد بکرێتەوە، ئەم ماددەیە نەمێنێت لە یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئیەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، فعلەن کردنەوەی هۆبە لەهەموو وەزارەتەکان شتێکی زۆر گرنگە، جەنابت باسی شتێکت کرد دوێنێ، ئەوەی بەحسی ئەکادیمی هەبێت ئەوە دەچێت لەو دەزگایە زانیارییەکان وەردەگرێت، بەڵام من شتێکی تر بەپێوەری پلاندانان و ئەندازیاری بۆی دەچم، شەرت نیە ئەو دەزگایە تۆ بۆی دەچیت مەعلوماتی لێ وەربگریت، ئەو دەزگایە زۆرجار لەوەزارەتەکانی زۆر فەعال، وەك شارەوانی، گواستنەوە، ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە، زۆر گرنگە کە خۆی مەعلومات بداتە هەندێ سایتی جیهانی وەك (گۆگڵ) کە مەسحی ئەو شارە بکەن، لەجادەی (30)ی (60)ی (100)ی (120) مەعلومات بە (سی، دی) بدەنە سایەقەکان بۆ ئەوەی بزانن ئاراستەی مرور بۆ کوێ دەچێت؟ حادیسە لەکوێ بووە؟ بۆیە ئەو دەزگایە لە وەزارەتەکان وەك کاك عبدالسلام دەڵێت، زۆر گرنگە هۆبەی تایبەتی خۆی هەبێت، دەزگاکە خۆشی مەعلومات بداتە هاوولاتیان تا ئاسانکاری موهیمەی چاکسازی لەوەزارەتەکان پەیڕەو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم خاڵە منیش هاوڕام کە ئیلغا بکرێت، بەو پاساوانەی کەزۆربەی هاوکارانم باسیان کرد، لەڕاستیدا ئەمە خۆی هەر لەناوەکەیەوە کە ئیقرار کراوە بە ماف هاتووە، ئەگەر هاتو دەزگایەکی بۆ دابندرێت یادەستەیەکی بۆ دابندرێت لەوانەیە لەچوارچێوەی ماف بچێتە دەرەوە، چونکە ئەوکاتە دەچێتە بەردەم ئەوەی کە هەموو زانیاری و بەرپرسیارێتیەکان تەنها لەیەك شوێندا کۆببێتەوە، کەبەرپرسیارێتی لەزۆربەی دامودەزگا گشتی وکەرتی تایبەت و ئەشخاص کەپێگەی فەرمیان هەیە، بەرپرسیارێتیەکان لەوان بگوازێتەوە بەتەنها بچێت حەسر بکرێت لەناو یەك دەستەدا، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە هەموو جومگەیەك لەدامەزراوە گشتی ودامەزراوە تایبەتیەکانیشدا بۆ نموونە کۆمپانیایەکی نەوت، ئەگەر بەتەنها زانیارییەکان لەدامەزراوەیەکی فەرمیدا بێت، یان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، یان دەستەیەك کە لە هەیکەلی ناو حکومەتدا بێت، دواتر زۆر کێشەو بەربەستێکی گەورە دروست دەبێت کە ئەبێت بە ڕێنمایی ڕێکبخرێت، ئایا چۆن مەحکومیەت دەدەیت بە کەرتی تایبەت وبەهەندێ ئەشخاص کەبتوانن زانیاری بدەن، بەو ئالیەتەی کەلایەنەکانی تر دەیدەن، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە دەبێت ئەم یاسایە ئیقرار کردنەکەی لەناونیشانەکەیەوە کە مافە، ئەگەر هاتو سەر بەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بێت، دەستەی مافی مرۆڤ مافی ئەوەی نیە کە ماف بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکات، ئەرکی سەرەکی چاودێری کردنی پێشێلکارییە سەبارەت بە مافی مرۆڤ، بۆیە ئەمە مافە، یەعنی ئەو ناتوانێت ئەم مافە تەوزیع بکات بەسەر خەڵکدا، دەبێت ئەمە ببێتە جۆرێك لە هۆشیاری و پرەنسیپی دیموکراسی لەهەموو جومگەکانی دامودەزگای گشتی و تایبەتدا، ببێت بە بنەمایەك کە بدرێت بەشێوەیەکی زۆر نەرم، کە خەڵك هەست نەکات حاڵەتێکی شازە، کۆمەڵێك شتی ڕۆتینات بگرێتە بەر، ئینجا زانیاری دەست بکەوێت، وەکو لەزۆربەی وڵاتاندا کە سایتی هەندێ دامودەزگا دەکەیتەوە تەواوی زانیارییەکانت دەست دەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە پرۆسەی موناقەشە کردن ودەنگدان دوو پرۆسەی جیاوازە، لەم ئالیەتەی کە موتەبەعە لەکوردستان ناچارمان دەکات کە کۆمەڵێك قسە کردن هەبوو لەسەر ئەوەی کەماددەی سێیەم بمێنێتەوە، تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ماددەی چوارەمدا، ئەگەر هاتو ئەمە دەنگدانی هێنا، من خۆم بە بەرپرس دەزانم کەهەندێ

مولاحەزەم هەیە لەسەر ماددەکە لەڕووی نووسینەوە مولاحەزەکانی خۆمی لەسەر بڵێم، یەکێك لەوانـە، لـە بڕگـەی چـوارەم هـاتووە هـەر چـوار مـانگ جارێـك دەکرێـت کـە پێویسـتە بنووسـرێت، هـەر چـوار مـانگ بەشـێوەیەکی خـولی یـان بەشـێوەیەکی دەوری بەرپرسـە لـەوەی کـە ڕاپـۆرت بخاتـە بـەردەم ئەنـدامانی ئەنجومەنەکەی خۆی، سەبارەت بە خاڵی پێنجەم: خاڵی ب- کـە نیشـان دراوە دەبێـت بەدەسـتپاکی وڕەوشـت باشی ناسرا بێت، ئەمە بەچی قیاس دەکرێت یەعنی ئەمە دەستپاکی ونەزاهەت دەبێت ئەو کەسە سـومعەی لەڕێگەی دادگاو لەڕێگای هـەر سـکاڵایەك کـە لەسـەریەتی، دادگـا دەتوانێـت ئـەم مەسـەلەیە یـەکلا بکاتـەوە، چونکە مەسەلەی ڕەوشت بەرزی لەناو کۆمەڵگەیەکدا لەشارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر بەرێـژە دەگۆڕێـت، بۆیـە ئەمە مەسـەلەیەکی نسـبیە قیاسـکردنی زۆر زەحمەتـە، هـەروەها ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە لایـەنگری ئـازادی بیروڕا بێت، ئەمە کێ قیاسی دەکات کـە لایـەنگری بیروڕایـە؟، بـەوەی کـە ڕۆژنامـەنووس بێـت، ئۆپۆزسـیۆن بێت، بێ لایەن بێت، ئایا ئەمانە مەرجە بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـە پشـتگیری لـەئازادی بـیروڕا بکات؟، زۆرجـار یەکێك لەدەسەڵاتدایە لەوانەیە هەندێ هەڵوێستی هەبێت بـوێرتر بێـت لەکەسـێکی بـێ لایـەن، بۆیـە ئەمـە قیاس کردنی مەسەلەیەکی زەحمەتە، سەبارەت بەخاڵی ج- ئەڵێت نابێت بەگەورە تاوان یان بە کەتن حوکم درابێت، کێ لە ڕووداوەکانی (17)ی شوبات و ڕووداوەکانی تر زۆربەی ڕۆژنامەنووسان دەعوایەکی کـەتنیان لەسەر نەبێت، بۆیە ئەمە مەسەلەی کەتن زەحمەتە دەبێت ببەسرێتەوە بە ئەو گەورە تاوانانـەی کـە وەکـو یاسـاکانی تـر مخلـە بالشـرف ئەمانـە، یـەعنی ئـەوەی تێـدا جـێگیر بکرێـت، دادگـا ئـەم مەسـەلانەی یـەکلا کردبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە وا دەست پـێ بکـەین، کـێ زانیـاری دەبەخشـێت؟، سەرچاوەی زانیـاری کوێیـە؟، ئێمـە ئەغلـەبی لەسـەر ئـەوە ڕێککـەوتووین و لـەوە ئەچـێت سەرچـاوەی زانیـاری سـەنتەرێکی زانیـاری بێـت، کـە لـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتەکان یان دەزگاکانی حکومی، یان لەشەریکاتی کەرتی تایبەت هـەبێت، ئەگەر

لەسەر ئەمە ڕێك بكەوین، ئەوە دەتوانین ئەمە تۆمار بكەین، هەنگاوێك بچین بەرەو پێشەوە، ئەمە سەرچاوەكەیەتی، حاڵەتی دووەم: ئەگەر هاووڵاتیەك هات بۆ ئەم شوێنە كە سەرچاوەی زانیارییە، ئەم سەرچاوەیەش مەركەزی تەدەفوقی مەعلوماتیە، بەو مانایەی دەبێت پێش ئەوەی هاووڵاتیش بێت پرۆشۆری هەبێت، زانیاری حازر بكات، مەوقیعی ئەلكترۆنی هەبێت، كە ئامادەی زانیارییەكان بكات پێشەكی، گەر هاووڵاتیەك هات بۆ ئەو مەوقیعە بۆ ئەو شوێنە سەنتەری زانیارییە، زانیاری پێ نەبەخشرا، لێرەدا ئیحتیمالەكان دەست پێ دەكات، كۆمەڵێك ڕاو بۆچوون دێتە پێشەوە، یەكێك لەو ڕاو بۆچوونانەی كەهاتووەتە پێشەوە، دەقی پرۆژەكە كەپێشكەش كراوە كەئەوە ئینتخابی دەستەیەك بكرێت، من پێم وایە ئەغلەبی موداخەلەكان، لەگەڵ ئەوە نین كە دەستەیەك هەڵبژێردرێت، یەعنی ئەمە ئیحتیمالێكی زۆر زەعیفە، زۆر كەمە لەو ئیحتیماله، ئەمێنێتە هەڵبژاردنەكانی ترمان، هەڵبژاردنەكانی ترمان ئەوەیە كەیان سەر بە دەستپاكی بێت، ئەویش هەستم كرد كەمی لەگەڵ ئەوەدایە، كەلەسەر دەستپاكی بێت، خەیاراتی ترمان هەیە، سەر بەماڤ مرۆڤ بێت، یەكێ لە خەیاراتەكانی تر كە لەهەڵبژاردنی لیژنەی یاسایش هاتووە، كە ئەمە شتێكی ئیدارییە سەر بەحكومەت بێت، كە لیژنەیەكی هەبێت، حكومەت لەم نموونەیە، نموونەی تری هەیە، بۆ نموونە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەك، بەڕێوەبەرایەتی عقود هەیە، بەڵام ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی عقودی هەموو وەزارەتەكان پەیوەندییەكیان هەیە بەوەزارەتی پلاندانانەوە بۆ نموونە، لەهەموو جێگایەك كوالێتی كۆنترۆڵ هەیە لە هەموو وەزارەتەكان، بەڵام ئەم كوالێتی كۆنترۆڵە دیسانەوە، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانندا بۆ نموونە پەیوەندییەكیان هەیە بۆ تەعلیمات وبۆ تەوجیهات، بەڵام جێگای ئەو شوێنە ناگرێتەوە، كە لە هەروەزارەتێكدا سەربەخۆیی ئەو وەزارەتەش پێشێل ناكات، لایەنێكی تر هەیە كە هەر نەبێت، پرسیارەكە ئەوەیە كە هەر نەبێت، شێوازێكی ئیداری نەبێت، لەو حاڵەتەدا هاووڵاتی كەمەعلوماتی دەست نەكەوێت ڕاستەوخۆ دەبێت بچێت بۆ دادگا، لەم حاڵەتەدا كۆمەڵێك گیروگرفتمان بۆ دروست دەبێت، گیروگرفتەكانیش ئەوەیە، فەرمانبەری گشتی لەو حاڵەتەی كە مەترسی هەبێت بچێت بۆدادگا هەمووجارێك، پێم وایە موشكیلە دروست دەبێت بۆ فەرمانبەری گشتی، ئەوەی كە وەزیفەی گشتی هەبێت، ئەبێت سەرچاوەیەكی ئیداری هەبێت كەپێش دادگا ڕێنمایی فەرمانبەری گشتی بكات بڵێت كاكە ئەم زانیارییە حەقە بیدەیت و حەقە نەیدەیت، ئەگەر نەیدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت یاسای ئینزیباتی

فەرمانبەرانی دەوڵەت هەیە، کە لەسەری جێبەجێ دەکەیت پێش ئەوەی بگاتە دادگا، چونکە هەندێ شت هەیە، لەیاسای ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت چارەسەر دەکرێت، پێش ئەوەی لەیاسایەکی تایبەتی یان یاسای عقوبات، یان یاسایەکی خاص هەبێت، لەبەر ئەوە لێرەدا گرنگی شوێنێکی ئیداری هەیە، ئەو شوێنە ئیدارییە گرنگە، من پێم وایە ئەوەیە کە لەلیژنەی یاسایی باسیان کردووە، دوور لەوەی کە وەزیری رۆشنبیری تێدایە یان وەزیرێکی تر بێت، بەڵام لەم پێکهاتەی کە هاتووە، من پێم وایە وەزارەتی ناخۆش پێویستە، یەعنی لەجیاتی ئەوەی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی رۆشنبیری تێدا بێت، ئەگەر وەزیری رۆشنبیری تێدا بێت، وەزارەتی ناوخۆ پێویستە لەوەدا هەبێت، چونکە هەندێ مەعلومات هەیە، مەعلوماتی ئەمنیە، مەعلوماتی عەسکەرییە، ئەوەی کەتەحدیدی دەکات ئەم زانیارییە نابێت بدرێت، عەسکەرییە، ئەمنیە، ئەبێت سەرچاوەکە سەرچاوەیەکی ئەمنی بێت یان عەسکەری بێت، لەپێش ئەوەی بگات بە دادگا، لەبەر ئەوە من پێشەکی لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە لەلیژنەی یاسایی باسی کردووە، بەڵام پێشەکی تەسبیتی ئەوە بکەین کەدەبێت مەرکەزێکی مەعلوماتی هەبێت بۆ ئەم حاڵەتە، هەر نەبێت ئەو ئیشکالیەتەمان بۆ دروست دەکات، لەحاڵەتێکدا ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنێکی تەنفیزی نیە، ئەنجومەنی حەجبی مەعلوماتی نیە، یەعنی ئەوە نیە کە مەعلومات حجب بکات، یان مەعلومات ببەخشێت، ئەنجومەنێکە کەتەسهیلی وەزارەتەکانی تر دەکات کە لە تەعلیمات و شتی ئاوا، وەسیتێکە، وەسیت لەنێوان حکومەت وهاووڵاتیدا هەبووە، بەشێك لەو وەسیتانە کۆمەڵگای مەدەنین کەخۆیان وەسیتن، لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا، یەعنی بوونی وەسیت لەنێوان حکومەت وهاووڵاتی ودۆزینەوەی ئەو میکانیزمانە مەسەلەیەکی عەیبە نیە، مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە، ئەمە باشە هەبێت، حکومەت خۆی وەساتەت دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سوڵتەی قەزائی مەشغوڵ نەبێت بەم حاڵەتانەوە، کەچاوەڕێ دەکرێت زۆر بێت لەم کۆمەڵگایەمان کەکۆمەڵگایەکی ئینتیقالیە، بۆیە پێویست دەکات وەکو ئیجرایەکی کاتی ئەو ئەنجومەنە هەبێت، ئەو ئەنجومەنەی کە لیژنەی یاسایی باسی کردووە، وەزارەتی ناوخۆش ئەندام بێت لە وئەنجومەنەدا، من پێم وایە ئەمە چارەسەری حاڵەتەکە دەکات، ئەگەر لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو ئەنجومەنە نەبێت ئەو وەختە ئەبێت بچین نزیکترین جیهەت دوای ئەو ئەنجومەنە پێم وایە دەستەی مافی مرۆڤە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەکان وەکو لیژنە تێبینیەکیان هەیە، بەڵام نەك ڕەئی خۆیان بێت، نەك وەڵام دانەوەی ئەندامانیش بێت، ئەوە دەتوانن قسە بکەن، ڕۆژان خان، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی، هیچ لەگەڵ پێکهاتەیەکی نوێ نەبووین کە دروست بکرێت بۆ ئەوەی زانیاری دەستەبەر بکرێت بۆ هاووڵاتیان، هەر لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەنجومەنێکمان کرد، ئەنجومەنەکە لەکەسانێك پێك دێت کەخۆیان پۆستیان لە دامودەزگا حکومیەکان هەیە، واتە دۆزینەوەی پۆستیش نیە بۆ کەسانێك، ئەرکەکانی دیاری کراوە لەماددەکانی دواتر، لەکاتی تاوتوێکردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە لیژنەی یاسایی، پێشنیاری ئەوەش کرا کە سەر بەدەستەی نەزاهە بێت یان دەستەی مافی مرۆڤ، ئەو دوو دەستەیە بەڕێزان تا ئێستا دانەمەزراون، مافی مرۆڤ لە ساڵی 2010 یاساکەی دەرچووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دانەمەزراوە، ئەگەر ڕەبتمان بکردایە بەیەکێك لەو دوو دەزگایە، مەترسی ئەوە هەبوو یاساکە پەسەند بکرێت لەپەرلەمان، بەڵام جێبەجێ نەکرێت، لەبەر ئەوەی کە دەستەکان دانەمەزراون، هەروەها پێشنیارمان کردووە لە ماددەی هەشتدا، لەهەر فەرمانگەیەك فەرمانبەرێك هەبێت، بۆ ئەوەی کەهاووڵاتی داوای زانیاری کرد بزانێ ڕوو لەکوێ بکات بۆ داواکردن، ئەو ئاسانکارییەی کە پێشنیارتان کردو باستان کرد، لە ماددەی 8 و ماددەکانی دواتر باسی لێوە کراوە، ئەرکەکانی ئەنجومەنیش دیاری کراوە، کەچی پێ ڕادەسپێردرێت لە چ حاڵەتێك ئەو ئەنجومەنە تەدەخول دەکات، واتە ئاسانکارییە زیاتر نەك ئاستەنگ بێت لەبەردەم هاووڵاتیان، لەحاڵەتێك کەداوای زانیاری دەکەن، سەبارەت بە مەعلوماتی ئەمنی کەس باسی ئەوەی نەکرد کە چ ئەندامێك زیاد بکرێت لەئەنجومەنەکە، واتە ئیعتیراز لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنەکە نەبوو لە لیژنەی یاسایی، پێشنیار کرا ئێمە نەمانزانی زۆر فراوانی بکەین تاکو بتوانن کۆبوونەوەکانیان ئاسان بێت، بتوانن لەکاتێ پێویستی کردو ڕوو لەو ئەنجومەنە کرا و کێشەیەك یان سکاڵایەك هاتە بەردەمیان بتوانن بەزووترین کات کۆببنەوەو ئامادە بن، لەبەر ئەوە بە پێویستمان نەزانی کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە فراوان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەداین کە بەدەستهێنانی زانیاری سەر بەدەستەی مافی مرۆڤ بێت، چونکە ئێمە بەجۆرێك لەمافی دادەنێین، بۆیە ئێمە لەڕاپۆرتەکەشماندا هاتبوو، مەسەلەی پێکهێنانی دەستەی مافی مرۆڤ من پێم وایە ئەوە نزیك بووەتەوە بۆ ئەوەی کە دەستەکە دابمەزرێت، بۆیە ئێمە دەتوانین ئەوکاتە سەر بەو دەستەیە بێت، زیاتر سوودمەند بین لەوەی کە چۆن بتوانین مافەکانیان وەکو مافێك ئێمە زانیارییەکان بەدەست بهێنین، کاتێك کەسەر بەو دەستەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەلیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەپێویستمان زانی کە دەزگا نەبێت، ئەو دەزگایە هەڵبگیرێت، یەعنی ئەرکەکەمان بچووك کردۆتەوە، بۆیە ئەو ئەرکەمان سپاردووە بەدەستەی مافی مرۆڤ، چونکە پێمان وابووە ئەمە مافە، پەیوەندی بەمافی مرۆڤەوە هەیە، زیاتر لەدەستەی مافی مرۆڤەوە نزیکە، بۆیە ئەو ئەرکە، لەگەڵ ئەرکەکانی تری مافی مرۆڤ پێی بسپێردرێت، بەنیسبەت زانیارییەکان مەبەست ئەوە نیە کە زانیارییەکان هەمووی لەلای دەستەی مافی مرۆڤ کۆبکرێتەوە، بەڵکو دەستەکە پشتیوانی لە مافەکان دەکات، یەعنی پشتیوانی لەبەدەستهێنانی مافەکانی دەکات، بۆیە ئەگەر بچینە سەر ماددەی چوارەم، کەباس لەسەلاحیەتەکانی دەستە دەکات، ئێمە وەکو لیژنەکەی خۆمان، هەروەها وەك لیژنەی مافی مرۆڤیش ئەو خاڵانەی پۆلێن کردووە کەوا لەئەرکەکان ودەسەڵاتەکانی دەستەیە وێڕای ئەو ئەرك ودەسەڵاتانەی خۆی کەلەیاسای دەستەی مافی مرۆڤدا هاتووە، بۆیە پێمان وایە ئەو دەستەیەی مافی مرۆڤ

ئەم ئەركەی پێ بسپێردرێت، نەك دەزگایەكی سەربەخۆ بێت، وە سەر بەدەستەی نەزاهەتیش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ وێڕای تێبینیەكانمان هیچ ئیزافەیەكی ترمان لەسەر ڕاپۆرتەكە نیە، پشتگیری لەڕوونكردنەوەكەی لیژنەی یاسایش دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله، ئەگەر نوقتەی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێ نەگەیشتنێك لە ئەندام بوون لەو ئەنجومەنە، یاخود لەو دەستەیە هەیە، كەهەست دەكەم تۆزێك هەڵەیە، بوون بەئەندامی وەزارەتی ناوخۆ، بەو مانایە نایەت كەئەم وەزارەتە دیاری دەكات كەچ جۆرە زانیارییەك بەخەڵك بدرێت، بەڵكو ئەوە پەرلەمانە دەستنیشانی ئەو مەسەلەیە دەكات، خۆ ئەگەر وابێت ئەوە ئەندامێكی وەزارەتی پێشمەرگەش ئەندام بێت، ئەندامێكی دەزگای پاراستن وزانیاریش هەر ئەندام بێت، بۆیە با لەسەر ئەوە ساغ بینەوە كەپەرلەمان دەستنیشانی ئەوە دەكات كەچ زانیارییەك بەخەڵك بدرێت یان نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر لیژنەی ناوخۆش ئەندامی ئەم پەرلەمانەن، ئەویش ڕەئی هەیەو موناقەشە دەكات، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دەستەیەی كەوەزیری ڕۆشنبیری سەرۆكیەتی، كە ئەو دەستەیە وەك وەزیری ڕۆشنبیری پێشنیاری كرد، ئەبێت ئەندامێكی وەزارەتی ناوخۆش بۆ نموونە لەوێ ئەندام بێت، بۆ ئەوەی دەستنیشانی بكات چ

زانیارییـەکی ئـەمنی بگـات یـان نـەگات، قسـەکە لەسـەر ئەوەیـە، ئێمـە دەستنیشـانی دەکـەین چ زانیارییـەك بەخەڵك بگات، نەك ئەوەی کە ئەو دەستەیە دیاری بکات، یان فلان وەزارەت وفلان دەستەی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی باسی ئەوەی کرد کە ئەم دەسـتەیە کـاری چـی دەبێـت؟، بـەڵام کەباسـی سـکاڵا کـرا، سـکاڵاکە نەیوت بۆ کوێ دەچێت، کەمن سکاڵام هەبوو وەکو هاووڵاتی، سکاڵاکەم بۆ کوێ بەرم؟، ئەگەر ئـەم دەسـتەیە شوێنێکی دیاریکراوی نەبێت، سندوقێکی بەریدی نەبێت، کەسێك نـەبێت سکاڵاکەم لێ وەربگرێت، مەجبورم بچمە مەحکەمە، وەڵڵا ناچم چونکە دەبێت پارێزەر بگرم و رسومی قەزیە دەفع بکـەم، هـەتا سـەرەم دێـت وسەرەم نایەت، ئەو کاتە تاقەتم نابێـت، بۆیە نـە مەعلوماتەکـەم دەوێـت، نـە سـکاڵاکەش پێشکەش دەکـەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاسۆ نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ناتوانم بڵێم نوقتـەی نیزامـە، بـەڵام .. باشـە سـوپاس، کـە نوقتـەی نیزامـی نـەبێت قسـە ناکـەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر جەنابت ناوت خوێندرایەوە، هەموو کۆتایی بەقسە هات، ئینجا جەنابت هاتیە ژوورەوە، گەر نوقتـەی نیزام نەبێت حەقت نیە قسە بکەیت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر(وەزیری ڕۆشنبیری):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە کەباسی یاساکە دەکەین، دەبێت هەموو ماددەکانمان خوێندبێتەوە، بە پەیوەندی بەهەموو ماددەکانەوە، بۆ ئەوەی بتوانی هەماهەنگیەك لەنێوان ماددەیەك کە ئێستا موناقەشەی دەکەینەوە، لەگەڵ ماددەیەك کەلەوانەیە لەدواوە هاتبێت و موناقەشەمان نەکردبێت، لەو ڕوانگەیەوە لەم یاسایەدا کۆمەڵێك ئیستیسنائات هەیە، ئەو ئیستیسنائە بۆ نموونە هەندێ زانیاری سەربازییە، یان زانیاری ناوخۆییە، یان ئەمنیە، ئەم زانیاریانە تایبەتمەندی خۆی هەیە بەپێی ئەم یاسایە، ناکرێت هاووڵاتی داوای ئەو زانیارییانە بکات، لێرەدا پێوەرەکە کوێیە؟، پێوەرەکە دەسەڵاتی تەنفیزییە، ئەبێت بڕیاری ئەوە بدات، کە ئەو زانیارییە بدات، تەنانەت قەزاش، ئەگەر بچێتە بەردەم قەزا، قەزاش ڕای دەسەڵاتی تەنفیزی وەردەگرێت، بۆ؟، چونکە دەسەڵاتی تەنفیزی پێی وایە ئەو زانیارییە، زانیارییەکی ئەمنیە، هەندێ وردەکاری زانیاری ئەمنی لەدەسەڵاتی تەنفیزی ئیحتیفازی پێوە دەکات، لەبەر ئەوەی کە دەڵێم نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەو سوڵتە تەقدیرییە، بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەگەڕێتەوە، کە ئەو بتوانێت تەحدیدی ئەو ئەرکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخیر کەس کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم نیزامیە لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوەی کەمن باسی دەکەم، تەحدیدی مەساری موناقەشەکانمان دەکات، وەکو دیتمان ئەم یاسایە، بتوانی هەموو ئەو ماددانەی کەماون تەفصیل کراوە، بۆ ئەوەی ئەم دەستەیە هەبێت، ئێستا تاکو بزانین چۆن مامەڵە، لەگەڵ ماددەکانی پاش ئەو دەکەین، بەتەسەوری من دەبێت هەوڵ بدەین، ئەو تێبینیانە هەمووی وەربگرین، چۆن لەخوێندنەوەی سێیەم بڕیار دەدرێت، ئێمە ئەگەر گەیشتینە قەناعەتێك کەدەستە بمێنێت تاکو بەردەوام بین، نەمێنێت ئەو پێشنیارەی دەنگی لەسەر بدەین

گۆڕانكاری گەورە دەكرێت لەهەموو ماددەكان، بۆیە من پێشنیارم ئەوەیە، ئێستا گەڵاڵەكردنەكە لێرە فورسە بدەینە ئەم بەڕێزانە، ئەگەر دەستە بمێنێت ئەوە بەردەوام دەبین، ئەگەر لەهۆبەیەك فەرمانبەرێك دیاری بكرێت، مەسەلەی مەرجەعیەت دەمێنێتەوە، ئەوكاتە ئەنجومەنێكە بەنوێنەرایەتی وەزارەتەكان بەڵام بە یاسا تەحدید دەكرێت كام زانیاری دەدرێت یان نەدرێت، ئەوكاتە تەئسیری دەبێت لەسەر بەڵگەو چۆنیەتی، بۆیە من تەسەور دەكەم، ئەگەر ئەوە نەكەین، ئێمە هەڵدەسین موناقەشەی هەندێ مەواد دەكەین نازانین ئایا دەستە ماوە؟ یان نەماوە؟، ئایا ئەنجومەنە؟ یان ئەنجومەن نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەك تەنها ئەو یاسایە، هەموو یاسایەك بڕگەو بەندەكانی پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، ئێستا چەند پێشنیارێك كراوە لەسەر ماددەی سێیەم، كاتێ هاتین دانیشتنی دەنگدانمان كرد، بەدەنگدان یەكلایی دەكرێتەوە، ماددە هەیە 4 پێشنیار ماددەش هەیە 5 پێشنیارە، لەیاساكانی تریش كەئەو سیستمە پەیڕەو دەكرێت گفتوگۆ هەمووی بكرێت دوایی دەنگدان لەسەری بكرێت، ئەوە كاتێ لیژنەكان دادەنیشن وڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە دەكەن، پێشنیارەكان كۆدەكەینەوە، داڕشتنەوەی ماددەكان لەسەر ڕۆشنایی ئەو پێشنیارانە ئامادە دەكەین و بەدەنگدان ئەوە یەكلایی دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو بەڕێز دكتۆرە رۆژان ئاماژەی پێكرد، ئێمە خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو یاسایە دەكەین و گفتوگۆی دەكەین، كاتێ كەچووینە خوێندنەوەی سێیەم و دەنگی لەسەر دەدەین، ئەوكاتە بەدەنگدان یەكلایی دەكەینەوە، بەڵام لەئێستا لەناو هۆڵی پەرلەمان سێ ئاراستە هەن كە بەهێزن، ئاراستەیەكیان ئەوەیە كە

دەستەی مافی مرۆڤ سەرپەرشتی ئەم دەستەیە بکات، ئاراستەیەکی تر ئەوەی لیژنەی یاسایی کەپێشنیاریان کردووە ئەنجومەنێك هەبێت، ئاراستەیەکی تریان ئەوەی کە هەر فەرمانگەیەك یان وەزارەتێك بۆ خۆی زانیارییەکان بدات، لەبەر ئەوە ئێستا بەرچاو ڕوونی هەیە لەنێوان پەرلەمانتارەکان، ئەگەر من لەو ئاراستەیە بم کە ئەنجومەنێك هەبێت لە ئەنجومەنی وەزیران، سەرپەرشتی کاروبارەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بکات، ئەتوانن بۆ ماددەکانی داهاتووش لەو ڕوانگەیەوە ڕوانینی خۆم بۆ بڕگەو ماددەکان بخەمە ڕوو، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێستا ئێمە ئەوە بەدەنگدان یەکلا بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئەو ماددەیە موناقەشەی زۆری لەسەر کرا، ئێمە داوا دەکەین هەر سێ لیژنەکە هەموو تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لای خۆیان تۆمار بکەن، بەپێی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە هەیە صیاغەی بکەنەوەو لەکاتی دەنگدان یەك یەك دەیخەینە دەنگەوە، کامەیان زۆرترین دەنگی هێنا ئەوەیان دەبێتە ئەو ماددەیە، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صلاحيات المؤسسة

المادة الرابعة:

تقوم المؤسسة بما يلي:

أ- التأكد على سلامة تنفيذ هذا القانون خلال زياراتها للهيئات العامة والخاصة والتقارير التي تستلمها منها بموجب احكام هذا القانون.

ب- إصدار التوصيات لتجديد وحماية الوثائق تيسيراً للرجوع اليها.

ج- المشاركة في تدريب الموظفين الرسميين على حماية هذا القانون وتأثيراته لدى التنفيذ.

د- ارشاد السلطات ذات العلاقة الى الحالات التي تظهر فيها سوابق المتهمين، وفق هذا القانون.

هـ- استلام الشكاوي الناشئة من مخالفات هذا القانون، واتخاذ الاجراءات المناسبة.

و- التحقيق مع الهيئات في حالة وصول الشكاوى.

ز- توجيه المواطنين وبأحسن الطرق للتعامل مع الحقوق الواردة في هذا القانون، مع اصدار المنشورات الخاصة بهذا الموضوع.

ح- تقديم مشاريع تعديل هذا القانون الى المجلس.

ط- تقديم التقارير الى المجلس لاتخاذ الاجراءات اللازمة بشأنها.

ي- التدخل للحصول على المعلومات في حالة فشل أي مواطن في الحصول عليها بموجب هذا القانون بعد ان يلجأ الى المجلس، فللمواطن رفع الشكوى ضد الجهات والافراد الذين يخالفون هذا القانون امام المحاكم الخاصة.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە بەكورديش بيخوێننەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسەڵاتەكانی دەزگا

ماددەی چوارەم:

دەزگا ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

أ- جەخت كردن لەسەر بەڕاستی جێبەجێكردنی ئەم ياسايە لەميانەی ئەو سەردانانەی بۆ دەستەكانی گشتی وتايبەتی ئەنجامی دەدات و ئەو ڕاپۆرتانەی لە دەستەكان وەريدەگرێت بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە.

ب- دەركردنی ڕاسپاردەكان بۆ نوێكردنەوەی پاراستنی بەڵگەنامەكان، بۆ ئاسانكردنی گەڕانەوە بۆيان.

ج- بەشداری كردن لەڕاهێنانی فەرمانبەرانی فەرمی دەربارەی مافی ئاگاداربوون و كاريگەری پيادەكردنی ئەم ياسايە.

د- ڕێپێشاندانی دەسەڵاتەكانی تايبەتمەند بۆ ئەو حاڵەتانەی كە بەڵگەی سەركۆنەكردنی تۆمەتبارانی لێ پەيدا دەبێ بەپێی ئەم ياسايە.

هـ- وەرگرتنی ئەو سكاڵايانەی دەربارەی سەرپێچيكارانی ئەم ياسايە پەيدا دەبێ و وەرگرتنی ڕێكارەكانی گونجاو.

و- لەحاڵەتی گەیشتنی سکاڵاکان دەسکردن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستەکاندا.

ز- ڕێپێشاندانی هاووڵاتیان بە باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت بەو مافانە بکەن کە لەم یاسایەدا هاتووە، دەرکردنی بلاوکراوەکانی پەیوەندیدار بەم لایەنەوە.

ح- ڕاسپاردەکانی پرۆژەی هەمووارکردنی ئەم یاسایە پێشکەش بە ئەنجومەن بکرێ.

گ- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان بە ئەنجومەن بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنەکانی پێویست.

ی- دەست خستنەناو بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان لەحاڵەتی سەرنەکەوتنی هەر هاووڵاتیەك لەبەدەست خستنی زانیاریەکا بەپێی ئەم یاسایە، دوای ئەوەی پەنا بۆ دەزگا دەبات و بۆی هەیە داوا دژ بە لایەن و ئەو تاکانە بەرز بکاتەوە کە پێشێلی ئەم یاسایە دەکەن لەبەردەم دادگا تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان وڕاگەیاندن، بەم شێوەیە ڕای خۆمان دەربڕیوە، سەبارەت بەناونیشانی ماددەکە، پێشنیارمان کردووە کەوا ناونیشانی ماددەکە لەدەسەڵاتەکانی دەزگاوە بۆ دەسەڵاتەکانی دەستە بگۆڕدرێت، چونکە ئێمە پێشتر پێشنیارمان کردبوو کەوا ئەم دەسەڵاتانە بدرێت بە دەستەی مافەکانی مرۆڤ و سەر بە دەستەی مافی مرۆڤ بێت، بۆیە پێشنیارمان کردووە کە ناونیشانەکە دەسەڵاتی دەستە بێت،

المادة الرابعة:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها:

تقوم الهيئة فيما يتعلق بهذا القانون بما يلي:

اولاً: اصدار التوصيات لتجديد وحماية الوثائق تيسيراً للرجوع اليها.

ثانياً: المشاركة في تدريب الموظفين حول حق الاطلاع وفعالية تطبيق هذا القانون وتأثيراته لدى التنفيذ.

ثالثاً: ارشاد السلطات المختصة الى الحالات التي تظهر بها ادلة ادانة المخالفين لهذا القانون.

رابعاً: استلام الشكاوي الواردة اليها عن مخالفة احكام هذا القانون واتخاذ الاجراءات المناسبة والتحقيق منها.

خامساً: توجيه المواطنين لافضل طريقة للتمتع بالحقوق الواردة في هذا القانون واصدار المنشورات المتعلقة بهذا الخصوص.

سادساً: تقديم التقارير النصف السنوية الى البرلمان لاتخاذ الاجراءات المناسبة بشأنها.

سابعاً: التدخل للحصول على المعلومات في حالة عدم تمكن الحصول عليها وفق هذا القانون بعد لجوءه الى(الهيئة) ولها ان ترفع الدعاوي الى المحاكم المختصة على الجهات والافراد التي تنتهك هذا القانون امام المحاكم الخاصة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە ماددەی چوارەم كە دەسەڵاتەكانی دەزگایە، ئەمەی خوارەوەیە:

أ- كە لە (أ) ی ماددەی چوارەم هاتووە، جەخت كردن لەسەر بەڕاستی جێبەجێ كردن ئێمە بەتەنها وشەی(بەڕاستی) پێشنیارمان كردووە كە لابرێت، ئەوانی تر وەكو خۆی بمێنێتەوە.

ب- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

ج- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

د- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

هـ- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

و- لەكۆتایی ڕستەكە ئەمەی بۆ زیاد بكرێت( كەلە هەفتەیەك زیاتر نەبێت).

ز- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

ح- وەكو خۆی بمێنێتەوە.

گ – وەكو خۆی بمێنێتەوە.

ی- بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە: دەسـتێوەردان بـۆ وەرگـرتنی زانیارییـەکان لەحاڵـەتی سـەرنەکەوتنی هـەر هاووڵاتیەك لەبەدەستهێنانی زانیارییەکان، بەپێی ئەم یاسایە دوای ئەوەی پەنا بـۆ دەزگـا دەبـات و دەزگـاش کراوەتەوە( دەستە) بۆ دەستە دەبات و بۆی هەیە داوا دژ بەلایەن و ئەو تاکانە بەرز بکاتەوە کەپێشێلی ئەم یاسایە دەکەن، لەبەردەم دادگا تایبەتمەندەکاندا) سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەر ئەوەی لەماددەی یەکەم دەستەکەمان بەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ناسێندرابوو، بۆیـە داوا دەکەین دەستەی مافی مرۆڤ ئەو ئەرکانە لەئەستۆ بگرێت، یەکەم: دەرکردنـی ڕاسـپاردە بـۆ نـوێ کردنـەوەو پاراستنی بەڵگەنامەکان لەبەر پێویستی گەڕانەوە بۆیان.

دووەم: ڕاهێنانی فەمانبەران دەربارەی مافی پێزانین و کاراکردنی ئەم یاسایە لەکاتی جێبەجێ کردندا.

سـێیەم: ڕێنمـایی کردنـی دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدەکان لەحاڵـەتی دەرکـەوتنی بەڵگـەی تۆمـەتبارکردنی سەرپێچیکاران دەربارەی ئەم یاسایە.

چوارەم: وەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی کە لەلایەن کەسانی سەرپێچیکار لەم یاسایەدا هاتووەو گرتنـە بـەری ڕێ و شوێنی گونجاو لەوبارەیەوە.

پێنجەم: لێپێچینەوە لەگەڵ دەستەکان لەحاڵەتی هاتنی سکاڵادا.

شەشەم: ئاراستەکردنی هاووڵاتیان بەباشترین ڕێگا، بەپێزانینیان بـۆ ئـەو مافانـەی کـە هـاتووە لـەم یاسـایە، دەرکردنی بڵاوکراوەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.

حەوتەم: پێویستە هەر شەش مانگ جارێك دەزگا گشتی وتایبەتیەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بـە دەسـتە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی (أ)ی ماددەی چوارەم، لە بنچینەی پرۆژەکەدا ڕەد کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی تێیدا هاتووە کە تەئکید کردنە لەجێبەجێکردنی یاساکە، ئەوە پێویست ناکات.**

**بڕگەی(ب) هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.**

**بڕگەی (ج): لیژنە پێشنیار دەکات وشە (فەرمییەکان) کە لە پاش (فەرمانبەران)دا هاتووە لا بدرێت و دەستەواژەی (لە پاراستنی ئەم یاسایە) بگۆڕدرێت بە (سەبارەت بە مافی بینین) و بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:**

**(بەشداری کردن لە مەشق پێ کردنی فەرمانبەراندا سەبارەت بە مافی بینین و کارایی پیادە کردنی ئەم یاسایە).**

- **بڕگەی (د): لیژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (پەیوەندیدار) بگۆڕدرێت بە (تایبەتمەند) و بڕگەی (پێشینەی تۆمەتبارانی تێدایە) بگۆڕدرێت بە (بەڵگەکانی تاوانبار کردنی سەرپێچیکاران) و بڕگەکەش بەم شێوەی دادێ دابڕێژرێتەوە:**

**(ڕێ پیشاندان بە دەسەڵاتی تایبەتمەند سەبارەت بەو حاڵەتانەی بەڵگەی تاوانبار کردنی سەرپێچیکارانی تێدا دەردەکەوێت بە گوێرەی ئەم یاسایە).**

- **بڕگەی (ه): پێشنیار دەکەین دەستەواژەی ( لە ئەنجامی سەرپێچییەوە) بگۆڕدرێت بە (کە لەبارەی سەرپێچیکارانەوە هاتووە) و بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:**

**(وەرگرتنی سکاڵای هاتوو لەبارەی سەرپێچیکارانی ئەم یاسایە و گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو).**

- **بڕگەی (و): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.**
- **بڕگەی (ز): پێشنیار دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:**

**(ڕێنمایی کردنی هاووڵاتیان بۆ باشترین شێواز بۆ پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون و بڵاوکراوەی پەیوەندیدار لەم بارەیەوە دەربکرێت).**

- **برِگەی (ح): پێشنیار دەکەین ڕەت بکرێتەوە چونکە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا بە گوێرەی ئەو میکانیزمە دەبێت کە بە دەق لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە.**
- **برِگە (گ): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.**
- **برِگە (ی): پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دادێ دابرِێژرێتەوە:**

**(دەست تێوەردان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حاڵەتی ناتوانایی لە بەدەست هێنانیدا بەپێی ئەم یاسایە لە پاش پەنا بردن بۆ ئەنجومەن، بۆشی هەیە سکاڵا بۆ دادگای تایبەتمەند بەرز بکاتەوە دژ بەو لایەن و کەسانەی ئەم یاسایە پێشێل دەکەن).**

**پێشنیاریش دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابرِێژرێتەوە:**

**ماددەی چوارەم:**

**(ئەنجومەن ئەمەی دادێ دەکات:**

**یەکەم: دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ نوێ کردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکان بۆ ئاسان کردنی گەڕانەوە بۆیان.**

**دووەم: بەشداری کردن لە مەشق پێ کردنی فەرمانبەران لەبارەی مافی ئاگادار بوون و کارایی پیادە کردنی ئەم یاسایە و کاریگەرییەکانی لە کاتی جێبەجێ کردندا.**

**سێیەم: ڕێ نیشاندان بە دەسەڵاتی تایبەتمەند سەبارەت بەو حاڵەتانەی بەڵگەی تاوانبار کردنی سەرپێچیکاران دەردەکەوێت بەپێی ئەم یاسایە.**

**چوارەم: وەرگرتنی سکاڵای هاتوو لەبارەی سەرپێچیکارانی ئەم یاسایە و گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو.**

**پێنجەم: لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستەکاندا لە حاڵەتی هاتنی سکاڵادا.**

**شەشەم: ڕێ نیشاندان بە هاووڵاتیان بۆ گەیشتن بەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون و دەرکردنی بڵاوکراوەی پەیوەندیدار لەو بارەیەوە.**

**حەوتەم: پێشکەش کردنی ڕاپۆرت بۆ ئەنجومەن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەبارەیانەوە.**

**هەشتەم: دەست تێوەردان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حاڵەتی ناتوانایی لە بەدەست هێنانیدا بە پێی ئەم یاسایە دوای پەنا بردنە بەر ئەنجومەن، بۆشی هەیە سکاڵا بۆ دادگاکانی تایبەتمەند پێشکەش بکات دژ بەو لایەن و کەسانەی ئەم یاسایە پێشێل دەکەن لە بەردەم دادگاکانی تایبەتمەندندا).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیەو دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەی قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن( ئاشتی خان، کوێستان خان، سۆزان خان، ئەڤین خان، کاک حمە سعید، کاک جلال، بێریڤان خان، کاک دڵشاد، کاک برهان، کاک عدنان، کاک محمد، مامۆستا کاوە، کاک شوان، شلێر خان، سەمیرە خان، زکیە خان، هاوڕاز خان، کاک نەژاد، کاک عومەر هەورامی، گەشە خان، کاک عبدالرحمن، دکتۆر عومەر) ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوارەم، لەبەر ئەوەی بەدەنگدان یەکلایی نەبووەتەوە، مافی ئەوەمان هەیە ئەو کەموکوڕیانەی کە لەدەسەڵاتەکاندا دەیبینین قسەی لەسەر بکەین، سەبارەت بە خاڵی(أ) کەدەستەواژەی جەخت کردن لەسەری نووسراوە، (جەختکردن) یەعنی ئەگەر هاتو بەردەوام ئەم دەستەیە یان ئەم دەزگایە جەختی کردەوە بەس بە قسەی نەکرا، کەواتە ئەمە وا دەکات کە دەسەڵاتەکانی زۆر حەسر کراو بێت، کەلە جەختکردنەوەیان بمێنێتەوە، مەهامی گەورەتر دەکەوێتە سەرشانی کە ئەبێت سیاساتێك دابنێت و موراقەبەی تەنفیز کردنیشی بکات، بۆیە من لەبری ئەو خاڵە، پێشنیاز دەکەم دانان وڕێکخستن یان بەعەرەبی(وضع وتنظيم وتنفيذ البرامج والخطط والسياسات الخاصة بالدفاع عن حق الفرد بالحصول والاطلاع على المعلومات) واتە دەبێت سیاسەتێك دابڕێژدرێت سەبارەت بەوەی کە ئەمە مافە هی هاووڵاتیان، بۆ ئایندەش چۆن دەگاتە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆی دەبێت سیاسەتێك بۆ ئەم مەسەلەیە دابڕێژدرێت، سەبارەت بەخاڵی (ج)م لەهەمان ماددە، کە بەشداری کردن لەڕاهێنانی فەرمانبەرانی فەرمی، من لەنێوەندەکەدا ئیقتراحی ئەوە دەکەم، کە دەستەواژەی بەرپرسەکانیش لەدامەزراوە گشتیەکان نەك بەتەنها فەرمانبەر، ئەویش ئیزافە بکرێت، لەهەمان دەستەواژە باس لە مافی ئاگاداربوونی هاووڵاتیان دەکات، ئەم دەستەیە بەتەنها دەسەڵاتی ئەوەی نیە کەمافی ئاگاداربوون بدات بەهاووڵاتیان، یان بە فەرمانبەرەکانی خۆی کەهۆشیاریان دەکاتەوە، دەبێت زیاتر لە پرۆسەی هۆشیارکردنەکە لە مافی ئاگاداربوون، بۆیە ئیقتراحی ئەوە دەکەم ئیزافەی (كيفه واهميه تمكين الافراد من الحصول على المعلومات) یەعنی ئەبێت

توانای ئەم فەرمانبەرانە بەرز بکاتەوە، نەك بەتەنها هۆشیارییان بداتێ کە ئەم بڕگەیە بڕگەیەکی مافە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر، خاڵی (ز) بەبڕوای من تا دەگەینە ئەو خاڵە، بەتەنها دەسەڵاتەکانی ئەم دەزگایە باس دەکات لەبەردەم هاوولاتیاندان، ئایا دەسەڵاتەکانی ئەم دەزگایە لەبەردەم دامەزراوە گشتی و فەرمییەکاندا چییە؟، چونکە ئێمە بێین لەسەر ئەم خاڵە قسە بکەین، دواتر دوو خاڵمان هەیە، کە سزاکانە، هەروەها لە نێوەندی ئەم خاڵانەش باس لەوە دەکات کە دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی سکاڵای هەیە، کەواتە دەبێت یەکەمجار بەر لەوەی بچینە خاڵی سزاو بەرزکردنەوەی سکاڵا دەبێت دەسەڵات تەحدید بکرێت کەئایا ئەم بەرپرسیارێتیەی لەبەردەم دامەزراوە گشتیەکانە چی دەبێت؟، نەك بەتەنها لەبەردەم هاوولاتیان وفەرمانبەراندا، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەم دەزگایە، ئەگەر مایەوە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە ڕەصدی موخالەفات بکات، واتە تەقنینی بکات لەلای خۆی، تۆماری بکات کە ئەو موخالەفاتانە چین، بیشی کات بە تەقریر ونەشری بکات، بۆیە وەکو ئیقتراح دەکەم، (رصد المخالفات ونشر التقارير والدراسات التي تتضمن معيقات ممارسة الحق في الاطلاع وكيفية التغلب عليها) واتە ئەمە بەردەوام نەشر بکات، نەك دەزگاکە بخاتە بن دەست، ئینجا ڕەئی عام و ڕەئەکەی سەرووی خۆی بزانێت کە ئەمە مەشاکیلی هەیە یان بیداتە دادگا، پێویستە ڕەئی عام بەردەوام ئیتلاعی هەبێت، کە ئەم دەزگایە چ موعەوەقاتێکی هەیە لەبەردەم دامەزراوە گشتیەکان، بەڵام دامەزراوەی زانیاری نا، فلان فەرمانبەر هاوکار نیە، بۆیە بەردەوام دەبێت تەقاریری هەبێت بۆ ڕەسدی مەعلومات وئەو موعەوەقاتانەی کە دەچێتە بەردەم دەزگاکە، هەروەها من ئیقتراحی ئەوەش دەکەم حەقی دخولی هەبێت بۆ ئەوەی بچێتە هەموو دامەزراوەیەك، ئێمە بەدەسەڵات لێرەدا بۆی ڕێك بخەین، کەبچێتە هەموو دامودەزگایەك و مافی ئەوەی هەبێت کە تەقارير وەربگرێت، زانیاری پێویست وەربگرێت، دواتر چۆن داوای سزا دەکات، کە لەدەسەڵاتدا تەحدید نەکرابێت، کە لە سزاکاندا تێیدایە کە یەکێك زانیاری نەبەخشی دەبێت پێشتر بەدەسەڵات ئەمە دیاری بکرێت، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم بڕگەیەك هەبێت کە حەقی دخولی هەبێت، بۆ دەزگاو هەروەها تەفتیشیش بکات لە سجلەکانیان، ئەوراقەکان و سبوتیەتی ئەوراقەکانیش چیە؟، بۆ ئەوەی بتوانێت لە تەقاریری خۆیدا ئەمە تۆمار بکات، خاڵێکی تریش لە سزاکاندا تیایەتی کەئەمانە مافی ئەوەیان هەبێت کەئەو بەرپرسیارانە یان ئەو کەسانەی کە پۆستی گشتیان هەیە، بەو ئالیەتەی کەدانراوە ڕووبەڕوی سزاو لێپرسینەوە ببن،

جارێکی تر دەڵێم دەبێت دەسەلاٌتی بدەینێ پێش ئەوەی بچینە سەر سزاکان، بۆیە ئیقتراحی ئەوە دەکەم کە مافی ئەوەی هەبێت نەك بەتەنها شەکاویەکان بەرز بکاتەوە بۆ دادگایە یان هەر لایەنێکی تر، بەپێی ئەوەی کە دەنگدان یەکلایی دەکاتەوە، پێشنیازی ئەوە دەکەم کە دەسەلاٌتی ئیحالەی مەسئولینی هەبێت بۆ قەزا، یان مەسئولین لەوێدا مەبەست لەو فەرمانبەرە، یان دامەزراوە فەرمییە هەیە، کەزانیاری دەدات، ( احالة المسؤولين عن اخفاء المعلومات وتعديلها بشكل مخالف لحقيقتها بقصد التهرب من تقديمها الى القضاء) واتە ئەم دەسەلاٌتەی هەبێت بۆ ئەوەی دواتر لە سزاکاندا ورد بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارەی دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەزگاکە نیم، لەگەڵ ئەوەش نیم کە ئەمە بسپێردرێت بەهیچ دەزگاو دەستەیەکی تر، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام کەئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، پێویست بە بوونی ئەم ماددەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ئیشکالیەتم هەیە لەگەڵ بوونی مەجلس و کۆکردنەوەی و(التأكد من السلامە) کاکە من مافی خۆمە وەکو هاووڵاتی لەماڵی خۆم دانیشتووم لەسەر کۆمپیوتەرەکەم، کلیکی سایتی وەزارەتی پەروەردە بکەم مەعلوماتەکان کەپێویستە وەری بگرم، ئەگەر هاتو بەدەر لەوەی کە مەعلوماتی عامە، پێویستیم بەوە بێت کەبۆ شتێکی زۆر تایبەت مەعلوماتێك وەربگرم تەڵەبێکی خەتی پێشکەش دەکەم بۆ بەشی مەعلوماتی وەزارەتی پەروەردە، بڵێم من بە خەتی ئەم شتانەم دەوێت، مەجلسی بۆ چیە؟ من لێرەدا چەند شتێك دەکەم، بۆ نموونە: باس لەو شیعر و شانامانەی کە ئێمە لە یاساکاندا هەمانەو دای دەنێین، (التأكد على سلامة تنفيذ هذا القانون خلال زياراتها للهيئات العامة والخاصة والتقارير) کاکە خۆ من نامەوێت

دەزگایەکی ڕەقابی تر دروست بکەم لەپاڵ ئەو هەموو دەزگایەی کەهەیە و کەسیشی ئیش ناکات، من ئـەوەم ناوێت من دەمەوێت شوێنێك هەبێت تەنها یەك شوێن هەبێت، شوێنێکی ڕەقابی کـەمن تەڵـەبێکم تەقدیم کرد بۆ هەندێ زانیاری نەیاندامێ شوێنێك هەبێت سکاڵاکەی خـۆمی پێشکەش بکـەم، بەدواداچـوون بکـات ئەو دەزگایە دەبێت ئەو مەعلوماتە بدات بەمن، نابێت لێم بشارێتەوە ئەرکی ئەوە ئـەو مەعلوماتـە بـۆ مـن بەدەست بهێنێت، ئەگەر هاتو ئەو دامودەزگایە مەعلوماتەکەی نـەدا بـەمن، نەیشیدا بـەو مەجلسـە کەواتـە یان ئەوەتا من لەچوارچێوەی ئەوانەی کەنابێت بیزانم، دەچێتە نـاو ئـەو چوارچێوەیەوە، یـان ئـەو کەسـە بەقەسـدی مـەعلوماتم لـێ دەشـارێتەوە، یـەعنی یەکێکـە لـەم دوو حاڵەتـە، لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی ئێسـتاش دەیڵێمـەوە کـەمن وتم بسـپێردرێت بـە دەسـتەی مـاڤ مـرۆڤ، بـۆ موهیمـە ڕەقابیەکەیـەتی بـەڵام هـەموو حکومەت مولزەمە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، بوونی هۆبەی ڕاگەیاندنی زانیـاری کـە بەبـەردەوامی مەعلوماتی لێ بێت، من یەك نموونەی تر دەهێنمـەوە، مەسـەلەن (التأكـد علـى سـلامة تنفيـذ هـذا القـانون خلال زياراتها للهيئات العامـة والخاصـة والتقـارير) ئـەم لاپەڕانـە هـەمووی هەڵبـدەرەوە بزانـە ئیجرائاتەکـە چیە؟، بوونی نیە؟، ئیجرائاتی موناسب چیە؟، کەس نازانێت، (التحقيق مـن الهيئـات حـال وصـول الشـكوى)، ئـەی چـی لـێ دەکـات شـکواکە؟ دەیخاتـە نـاو چـەکمەجەکەی خۆیـەوە، چـی لـێ دەکـات؟ ئێسـتا دێمـە سـەر مەحکەمەش (تقديم تقارير الى مجلس أنتخـاب أجرائـات اللازمـة ومـاهي ألاجـراءات اللازمـة) وجـودی نیـە، دێیتە سەر ئاخر(ما ألى محاكمة خاصة) لە چی قانونیکا هەمو قانونی عێراق بگەرێ بـە عقوباتیشـەوە پـێم بڵێ عوقوبـەی پێنـەدانی زانیـاری چیە؟ غەرامەیـە؟کێ غەرامەکـە ئـەدات ئـەو مۆزەفـەی کـە زانیاریەکـەی نەداوە، لە سەرووی خۆیـەوە پیـان وتـووە نابیێـت ئـەو زانیاریـە بـدەی، وای لـێ دێـت هـیچ کـەس ناوێرێـت زانیاری نەدات، هەرچی زانیاریەك و بـە دەرەیـش لـە چوارچـێوەی ئـەم یاسـایە بێـت بۆیـە مـن ڕجاتـان لـێ دەکەم تەعقید کردنـی ئـەم مەسـەلەیە پێویسـت نیـە، وەڵڵا پێویسـت نیـە، بـەس پێویسـتی بەوەیـە هـەمو وەزارەتێك سەنتـەرێکی هەبێت ئێ بەڕێوە بەرایەتیەك سەنتـەرێکی هەبێت ئیتر خۆ مـن مـەعلوماتێکم داوا کردو نەیاندامێ، ئەم خوێن ڕشتنەی بۆ چیەو بۆ مەحکەمە بگرم و موحامی بگرم؟ عوقوبەشی نـەبێت لـە قانونا؟ عقوبەی نییە، عوقوبەی تیا نییە .

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لەبەر ئەوەی ئێمە تاکو ئێستا بۆمان یەکلا نەبۆتەوە ئایا لەبەر دەنگدان؟ ئایا ئەم دەستە ئەمێنێتەوەو ئەبێ بە جێهەتێك، تەنها وەکو یاسایەك دەدرێتە دەستەی مافی مرۆڤ ئەوان جێبەجێی ئەکەن یاخود مەسیری چی لێ دێت؟ ئەمە تۆزێك بە مەجهولی ماوەتەوە، بۆیە بەڕاستی ئەم یاسایەش ئێستا کە موناقەشەشی ئەکەین تۆزێ بەو نامەجهولیە ماوەتەوە، بەلآم ئەگەر مایەوە، لەدەنگدانا ئەگەر مایەوە وەکو دەستەیەك دەنگی هێنا وەکو دەستەیەك مایەوە من هەندێ مولاحەزاتم هەیە لەسەر ئەم مادە کە لە یەکەوە دەست پێ ئەکەم:

خاڵی یەکەم: کە ئەڵێت جەخت کردن لەسەر بەڕاستی جێبە جێ کردنی ئەم یاسایە، خۆی مەبدئێکی گشتی هەیە کە یاسا ئەبێ جێبەجێ بکرێت یاسا مولزەمە لەسەر هەمو جیهاتێك چ فەرد بێت چ جهەتێکی مەعنەوی و دەزگایەکی حکومیش بێت، بۆیە بەڕاستی بوونی ئەم خاڵە لەم ماددەیە لاواز بوونی یاساکان نیشان ئەدات، بۆیە هیچ پێویست ناکات ئەم خاڵە کە ئەلیفە (أ) بە هیچ شێوەیەك لە ناو یاساکە بمێنێ، چونکە ئەمە دەلیلی ئەوەیە ئەم یاسایە ناچێتە بواری جێبە جێکردنەوە، ئەگەر بەم خاڵە مایەوە، چونکە جەخت ئەکات لە جێبە جێکردنی بۆ هەلگرتنی زۆر زۆر باشترە .

خاڵی ج: ئەڵێت ئەڵی بەشداری کردن لە ڕاهێنان ئەگەر ئەمە دەستەیەکە ئەرکی سەر شانی ئەوەیە کە ڕاهێنان بە خەڵك بکات، نەك ئەو تەرەفێك بێت، تەنها بەشداری بکات، بەڵکو ئەرکی سەرەکی ئەم دەستەیە ئەبێ کە خۆی ڕاهێنان بە فەرمانبەران و بە لایەنەکان بکات تاوەکو ئەوان فێر بن چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاخود تەسبیت کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بکەن لە خاڵی (د) ئەڵێت: کە ئەڵێ ڕێپیشاندانی دەسەلآتەکانی تایبەت، بەڕاستی من ئەمە لێرەدا وەکو خاڵێك ئەبینم ئەویش زیادەیە، تۆ کە کاتێك سکالآت وەرگرت کە سکالآیەکت بۆ هات تۆ ئەو کاتە هەڵدەستی بە ئیجرائاتی خۆت، پێویست ناکات تۆ لەسەر ئەوەشەوە بڕۆی دەزگاکە لەوێدا ئاگادار بکەیتەوە، کە لەگەڵ ئەوەشا دەزگاکە ئاگاداریشت کردەوە، چونکە وەکو سۆزان خان باسی کرد تۆ لە یاساکاندا کە هەیە لەبەر دەستدایە بۆ جێبەجێ کردنی هیچ یاسایەکیان تیا نییە سزا دانرابێت بۆ پێ نەدانی زانیاری، بۆیە ئەو خاڵەش من لێرە بە زیادی ئەبینم هەڵگرتنی زۆر باشترە، هەروەها من جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە ئەبێت ئێمە لێرەیا ئەگەر لە ماددەی (18) هاتووە ئەو سزایانە بەشێوەیەك زۆر وازح و زۆر روون ئاشکرا دانرێ و، بکەوێتە بواری جێبە جێکردنەوەو بلآو بکرێتەوە لەسەر هەموو لە بلآو کراوەکان و لە ئیعلام و لە دەزگا رەسمیەکانیش بلآو بکرێتەوە کە ئەم یاسایە ئەگەر پێشێلکرا کە مافێکە خەڵك مافی خۆیەتی زانیاری دەست کەوێت، ئەگەر

پێشێلکرا ئەم سزایانەی بەر ئەکەوێت و، هەروەها باسی دادگای تایبەتمەند دەکات، من نازانم وابزانم هیچ دادگایەکی تایبەتمەندمان نییە بۆ ئەم مەسەلەیە، زۆر سوباس .

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من لەگەڵ ئەوە نیم نە دەزگا هەبێت، نە دەستە هەبێ، نە سەر بە دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی نازانم ئەوەی دەستەی نەزاهەو هیچ دەستەیەکن، چونکە خۆی، یان کارمەندێك لە هەر دەزگایەکا یان هۆبەیەکی تایبەت بە زانیاری و راگەیاندن هەڵ ئەستن ئەم ئیشە ئەکەن ئەوە خاڵێك. بۆیە پێم باشە ئەم ماددەیە ماددەی (4) نەبێت، بەڵام هەندێك لە بڕگەکانی بڕگەی (ب،ج،د،ی) بگوازرێتەوە بۆ ماددەی (5)، چونکە ماددەی پێنجەم من پێموایە ماددەیەکی زۆر گرنگە بە هەندێك دەستکارییەوە ئەم بڕگانە بگواسترێتەوە، چونکە مافی هاووڵاتی بۆ دەسخستنی زانیاری بەهێز دەکات ئەو بڕگانەش بە هەندێ دەستکاریەوە بڕگەی (ب) وای لێ بکرێ: نوێکردنەوەی پاراستنی بەڵگەنامەکان بۆ ئاسان کردنی گەڕانەوە بۆیان (ج) ڕاهێنانی فەرمانبەران دەربارەی مافی ئاگاداربوون و کاریگەری پیادەکردنی ئەم یاسایە (د)، هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان بە باشترین شێوە، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت بەو مافانە بکەن کە لەم یاسایەدا هاتووەو بۆ دەر کردنی بڵاو کراوەی پەیوەندیدار بۆیان (أ، ج، گ) ڕەفز بکرێت (ی) لە حاڵەتی بە دەست نەخستنی زانیاری بەپێی ئەم یاسایە هەر هاووڵاتیەك بۆی هەیە داوا دژ بەو لایەن و دەزگایانە بەرز بکاتەوە کە پێشێلی ئەم یاسایە دەکەن و، دەبێ یاساکە لەم بڕگە یا لە ماددەیەکی ترا سزاکە دیاری بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلە مان.**

دیارە زۆربەی خوشك و برایان لە ماددەی پێشوشدا داوای ئیلغا یان یەکخستنی ماددەی (34) یان کرد من پشتگری دەکەم، دوو/من دوێنێش باسم کرد لە هەموو فەرمانگەیەکا بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون هەیە کە قسمی ئیحساو مەعلوماتی تێدایە، من بۆ نموونە باسی ئەکەم بۆ خوشك و برایان و بۆ خەڵکیش کە ئەو شتە ئەبینم لە دوای ساڵی (2003)وە لەبەر ئەوەی جەوی سیاسی و ئەمنی ئارام بوو لە کوردستاندا بڕواتان بێت زیاتر لە (10) قوتابی ماجستێرو دکتۆرای بەغداو تکریت و موسل هاتنە دائیرەی صناعەی سلیمانی داوای مەعلوماتیان کرد بۆ شەهادەی دکتۆراو ماجستێر وابزانم بە تەفاصیل

چونكە ئێمە ئیشەكانمان ئەكرد بە تەفاصیل بەبێ پرس، بەلاّم داوای پشتگیریمان لێكردن لە جامیعەی سلیمانی و، یەعنی ئەمە شتێكی فەرەزیە كە فەرزی دەكەین بەسەر خەڵكا كە لە هەموو دائیرەكانی ئەم حكومەتەو ئەم دەسەلاّتە قەپات كراوە مەعلومات نادرێ ئیحسا نادرێ و، ئەبێ مەحكەمەو مەحكەمە بگیرێ و خەڵك بدرێ بە مەحكەمەو خەڵك سجن كرێ، ئەمە بەڕاستی وا نیە.

دوو/من ئەپرسم هاوولاّتیان كە ئێمە بە ناوی هاوولاّتیانەوە، من بە ناوی هاوولاّتیانەوە داوای ئەم یاسایە ئەكەم ئەوەندە زەروورن بەم یاسایە هاوولاّتیان داوای ئەوە ئەكەن ڕۆژانە مەعامەلاتیان ڕۆتین نەبێت مەعامەلاتی بڕوا داوای بەرتیلی لێ نەكرێ، ئەوە نەكرێ، ئەوە نەكرێ، ئایا من تەئكید ئەكەمەوە ئەم یاسایە سیاسەتكاران، میدیاكاران، كۆمەڵی مەدەنی داوای ئەم یاسایە ئەكەن؟ هاوولاّتی داوای ئەكا؟ ئێستا ئەگەر ئەولەویەت هەبێت لە ناو پەرلەمانی كوردستاندا ئەولەویەتی هاوولاّتی مەسەلەی ئیجاری مەبانی تیجاری و سەكەنی ئەكا مانگی (7) وا هاتە پێشەوەو خەڵك لەوانەیە كێشە دروست بێت، لەوانەیە خەڵك بكوژرێت، هاوولاّتی، من لێرەوە ئەپرسم لە خەڵكی بە شەرەفی كوردستان لەسەر مەعلومات داوا كردن پەكی كەوتووە، خۆ من لەگەڵ ئەوەدام مافی خۆیەتی هەموو هاوولاّتیەك هەموو مەعلوماتێك وەرگرێت و، من تەئكیدیش ئەكەمەوە لە جیاتی ئەوەی ئێمە داوای مەحكەمە بكەین، داوا لە هەموو وەزارەتەكان بكەین كەسایتێكیان هەبێ لایەنی سالاّنەی خۆیان تیا ئیعلام بكەن و، ڕۆژانەو حەفتانە چیان جێبەجێ كردووەو چی مەعلومات هەیە لە سایتی خۆیاندا بلاّوی بكەنەوە و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەرێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ئەوەی باسی دەكەم تێكەلاّوە لە ماددەی چوارەم و سێیەم، چونكە ئەوهایە ئیشەكەی من، من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو دەزگایە، یان ئەو دەستەیە هەبێ، بۆ ئەوەی بلێم دەسەلاّتەكانی چیە بۆ بەجێهێنانی مافی زانیاری، دەڵێم ئەو دەسەلاّتە بۆ تەنها بدرێت بە دەستەیەك، بۆ نەدرێت بە حكومەت و بە وەزارەتەكان و دەزگاكان خۆیان بەرپرس بن لەوەی زانیاری بە هاوولاّتیان بدرێت، چونكە ئەگەر هاتو مافی زانیاری جێبەجێ كرا، بە تەواوی درا بە هاوولاّتیان مەعنای وایە مافی مرۆڤ لەو هەرێمە جێبەجێ كراوە، پێویست ناكا دەستەیەكی تایبەت بێ بەو ئیشە دروست بوونی دەزگایەك، یان دەستەیەك و پێدانی دەسەلاّت، مەعنای وایە دەبێتە بارگرانیەك لەسەر حكومەت و لەسەر بودجەو كاری هاوولاّتیانیش گران دەبێ، دیسان دەبێ بە دوای چەند كارێكی تر بكەون ژیانی ڕۆژانەیان زەحمەت دەبێ، دروست بوونی دەزگاو دەسەلاّت و پێدانی دەسەلاّت ئەوەیە كەمكردنەوەی ڕێزلێنانە لە وەزارەتەكان و دەزگا حكومیەكان بۆ كارەكانیان، ئەمە كە دەستەیەك دروست دەكەین مەعنای ئەوەیە بڕوامان نیە بە حكومەتەكەو بە وەزیرەكان و بەرپرسەكان كە زانیاریمان پێ بدەن، یەعنی ڕێزلێنان كەم دەبێتەوە لە كۆتاییدا دەڵێم هەموو زانیاریەك لەسەر

هاوولاَتی له لای حکومەتە، ئەگەر دەستەش دروست بوو، ئەو دەزگایە دیسان ئەو دەزگایـە حکومەتـە دەبـێ بگەڕێتەوە بچێ له حکومەت وەرگرێتەوە زانیاریەکە بدات بە هاوولاَتی، بۆیە دەڵێم یەکسـەرئەو دەسـەلاَتە بدرێ بە حکومەت بە وەزارەتەکان و بەرپرسـەکان دەسـتەیەکی تایبـەت بـەو شـێوەیە دروسـت نـەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم خاڵەو لەسەر دروست کردنی هەیئە حـەز ئەکـەم تـەوزیحێك بـدەم، بـەپێی ئـەم یاسـایە هـەموو هاوولاَتیەك مافی خۆیەتی له هەموو دامودەزگاکانی حکومەت زانیـاری بەدەسـت بـێنێ دروسـت بـوونی ئـەم هەیئە رێگر نیە له جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بەدەرکردنی ئەم یاسا هەموو دەزگاکانی حکومەت خاصەو عامە مولزەمن بە جێبە جێ کردنـی، دروسـت کردنـی ئـەم هەیئەتـە لـە هـەمووی سـەیرتر ئەگـەر سـەیری یاسای بە دەستهێنانی زانیاری ولاَتان بکەین هەرچی ولاَت هەیـە یـا مفـەوەزی عـامی هەیـە بـۆ چـاو دێـری کردن، یان دەستەیەکی هەیە، یان هەیئەیەکی هەیـە ئـەو دەسـتەش نابێـت لـە ئەنجومـەنی تـەنفیزی بێـت، چـونکە ئـەو دەسـتە، ئـەو هەیئـە سـیفەی ڕەقـابی هەیـە، ئەنجومـەنی تـەنفیزی سـیفەی رەقـابی بەسـەر ئەنجومەنی تەنفیزیەوە هەیە، ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی نیە ڕەقابە لەسەر خۆی دانـێ، ئـەوە دەسـتەیەکی سەربەخۆیە سەر بە پەرلەمانە ڕەقابەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەکات، نەك ئەنجومەنی تەنفیزی وەك له پرۆژەکەی لیژنەی یاسایی هـاتووە، بـەپێی ئـەم خاڵانـە ئەگـەر ئێمـە بڕۆینـە ئەخیریشـی ئـەو برادەرانـە باسیان کرد لەبەر ئەوە ناوازحیەك هەیە ئەم یاسایە هەیئـەیان هـەبێ و نـەبێ جێبـەجێ ئـەبێ هەیئـە بـۆ چاودێری کردن و تەسبیت کردنی هاوولاَتیە، هەیئـە بـۆ چاودێری کردنـی ئـەم یاسـایە لەلایـەن دەزگاکـانی دەوڵەتەوە، بۆئەوەی بوونی ئەم هەیئە پێویستە بۆیـە رەسـدی موخالـەفات بکات، تـەقاریری شـەش مـانگی بکات وەکو هەیئەی مافی مـرۆڤ بداتـە پەرلـەمان و، لـە بیریشـمان نـەچێ بـەپێی بڕیـارە نێودەوڵەتیـەکان، بەپێی بڕیاری ژمارە (59)ی (46) بە ئازادی گەیشتن بە زانیاریەکان مافێکی بنەڕەتی مافی مرۆڤە، بۆیە پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە یا پێشی ئەڵێ بـەردی بناغـەی هـەموو ئازادیەکانـە، کـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان داوای کردووە، بۆیە زۆر پەیوەستە بە مـافی ئـازادی ڕادەربـڕین و مـافی مرۆڤـەوە، بۆیـە پـێم باشـە لەسـەر ئەوەبێ لەسەر ئەو ئەرکانەی کە ئەم هەیئە هەیـەتی، پێموایـە ئەوەشـی بـۆ ئیزافـە بکـرێ (تقـدیم تقـاریر نصف سـنویة) (تقـدیم تقـاریر شـهریة الی الـرأي العـام وتقـاریر نصـف سـنویة الی البرلمـان) بـۆ ئـەوەی رەئـی عامیش ئاگادار بێت لـە رەسـدی موخالەفـەکان و، ئـەبێ لـە داهـاتوو عێـراقیش مـولزەم بـێ بـە بڕیارەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە ئەو بڕیارانەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرئەچێ ئێمە ئەگەر لـەم یاسـایە

جێی بۆ بکەینەوە کە هاوتابێ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا، پێموایە تەواوەو بوونی ئەو هەیئەش ئاسانکاریە، نەك حەلقە دروستکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشوو ویستم قسە بکەم بە نوقتە نیزام بەڵام مەجال تەواو بووو نەمویست سەری ئەندامانی پەرلەمان بئێشێنم، بەڵام حەز ئەکەم دەربارەی ئەو هەیئەتە کە هەیە دژی ماددەی چوارەم لەبەر ئەوەی هەر لەگەڵ وجودی هەیئەتا نیم، قانونیەکان لێرەن خۆزگە کاك عەونیش لێرە بوایە نەزەریەی سولەم و تەدەروجی قانونی هەیە، نەزەریەی سولەم و تەدەروجی ئیداری هەیە لە هەمو شوێنێکا کە من زوڵمێکم لێ ئەکرێ ئەو مازالیمەی خۆم ئەدەمە دەست کێ؟ نابێ جیهەتێکی بەرەو ژوور لەو شوێنە هەبێ کە نایدا بە من، لەبەر ئەوە وجودی ئەو هەیئەتە زەرورە، ئەو ڕێگەی تەعنەی بۆ دیاری کراوە زەرورە لە رووی قانونیەوە ئەمە زیاد لە (100 ) دەوڵەتی دونیا باس ئەکا ئەم کتابە ئەم هەیئەتانە هەیە، هەیئەتی هەیە، یان وەزارەتی هەیە، وەزارەتی مەعلومات هەیە لە هەندێك وڵاتدا، من سەیرم لێ دێ یەعنی کە تۆ سولەمی ئیداری، تەدەروجی ئیداری نەبێ بچێت شەکوا بکات لەو جێگەی کە مەعلوماتت ناداتێ، ئەی چی ئەکەی؟ یەعنی محاکیم بەوە مەشغول ئەکەی، هەندێ شت هەیە کە ئیشی مەحاکیم نیە، ئیداریە، دێینە سەر ئەسڵی ماددەکە لە ماددەکەدا بەڕاستی کە لە فەقەرەی (أ) نووسراوە (التأكید) لە زۆربەی وڵاتانە ئیشرافە، نەك تەئکید، یان لەبەر ئەوەی ئیشراف سەلاحیەتی زیاتری هەیە موستەڵەحێکی شمولی ترە وەك لە تەئکید.

دووهەم شت من حەز ئەکەم ئیشارەتی پێ بدەم ئەندمانی پەرلەمانی بەرێز، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، (قانون الوصول الى المعلومات) لەگەڵ هەندێ قانونی ترە تێکەڵاو ئەکەن، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دەمانەوێ (قانون الوصول الى المعلومات) دەربکەین و هەندێ قانونی تر ئیخفال بکەین وهەمووی لەم یاسایە جێی بکەینەوە، کە بەڕاستی بەم شێوەیە جێی ناکرێتەوە بە سەراحەت، بۆ نموونە لە بەریتانیا قەواعیدی مومارەسەی (وصول الى المعلومات) هەیە کە لە ساڵی (1997)وە دەرکراوە لە ساڵی (2000) خۆی قانونی (حریە الحصول على المعلومات) دەرکراوە دوای (20) سال جەدل هەر لە پاڵ قەواعیدی مومارەسە بۆ گەیشتن بە زانیاری ساڵی (97) قانونی حیمایەی أسراری (1989) هەیە، قانونی (قانون وصول الى السجلات الرسمیة) (58) هەیە لە (2003) کۆمەڵێ ئیستیسنائات زیاد کراوەو، هەندێ مەسائیل و مەعلومات هەیە دوای (30) ساڵ مەجال ئەدەن خەڵك ببیبنێت، بۆیە بەڕاستی ئەمانە کە لەم یاسایە جێی ئەکرێتەوە حەقە بەس بۆ رازی کردنی دڵی مەجموعەیەك خەڵك و ئیعلام و ئەو شتانە نەبێ، چی راستە لە دنیادا، چی پەیڕەو دەکرێ لە بەریتانیا لە ئەو روپا، با ئێمەش لەگەڵ ئەوەیا بین، بەراستی بەو شێوەیە

نیـه هەنـدێ کـەس بـاس ئـەکا هـەموو لـەم پەڕەیـە نـەبێ، یـەعنی شـتی وا لـەم دونیایـەدا نیـە، بـۆ نموونـە ئیستیسنائات هەیە عوقوبەی لەسەرە ئەگەر تۆ ئەو ئیستیسنائاتانە بشکێنی، وڵاتێکی وەك ئۆکرانیا کـە بـە وڵاتێکی پێشکەوتوو ناژمێردرێ لە ئەورووپای شەرقیە مەسەلەی ئەسراری دەوڵەو تەحقیقات و محاکەمات و مـەعلوماتی شەخصـی و موراسـەلاتی دەوائـیرو بـۆ تـەقریری سیاسـاتی مـالی و سیاسـی وڵات مـەعلوماتی موئەسەساتی مالی ئەمانە لە ئیستیسنائات دایە بەڵێ ئەم هەیئەیە پێویستە هـەبێت بڕگەیەکیشی بـۆ زیـاد کرێت حەقی هەبێت ساڵانە بە لایەحەیەك ئەو مەعلوماتانەی کە بۆ تۆ نیە دەسـتت بکـەوێ لێـت مـەمنوع بکات، ئیستیسنای بکات، بەڕاستی قـانونی صـەحافە دەرکـراوە لـە سـالی (2007) کۆمـەڵێ سـلبیاتی تێدایـە، هەموو کەس و لایەك پێوەی ئەنالێنێ، خەڵك هەبووە لەبەر ئەوەی هەنـدێ مـەعلوماتی درۆی لەسـەر بـڵاو کراوەتـەوە وەکـو بـا نـاو نـەهێنم خـۆی ئیعـدام کـرد دوای (32) سـاڵ پێشـمەرگایەتی، دوایـش دەرکـەوت وەسایقەکان تەزویرە، بەڕاستی حەقە ئێمە ئەو سەغەراتە قانونیانە لەم یاسایە نـەهێڵین، بـۆ نموونـە ئـەم یاسایە بەشێوەیەکی عام باسی ئەوە ئـەکات بـە هـەموو زانیاریـەك بگـەیت، شـتی وا نیـە لـە دنیایـە، بـەپێی ماددەی (57) لە قانونی أصولی محاکماتی جەزائی بڵاو کردنەوەی هەر هەواڵێك لەسـەر تـەحقیقاتی محـاکم موجەرەد نەبەء و هەواڵ بڵاو بکەیتەوە جەریمەیە، ئێستا ئەمەی جەرائید لێرە دەیکات موخالەفەی نەصی ئەم ماددەیە، سوڵتاتی مخەوەل نیـە شـکات بکـات، لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی حەقـە زۆر بـەوردی سـەیری ئـەم یاسایە بکـەین، نەیکـەین بـەوەی کـە لـە جیـاتی یاسـا ئیحتیرامـەن بـۆ جـەنابتان فـەوزا تەشـریع بکـەین لـە پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ تەئیدی جەنابت کاك برهان هەندێك وەسـایقی دەوڵەتـە پێشکەوتووەکانی دونیـا دوای (50) سـاڵ، (30) ساڵ ئینجا دەبێت خەڵك بچێت سەیری ئـەو وەسـایقانە بکـات، لـە هەنـدێ وڵاتـانی پێشکەوتوو دەڵـێ رەسم لێرە مەمنوعە، رەسم گرتن مەمنوعە، فەرموو کاك عەدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

تەبعـەن سـەرەتا ئەمـەوێ تـەوزیحی یـەك خـاڵ بـدەم کـە بـاس لـەم مەوزوعـە، لـەم یاسـایە دەکرێـت باسـی ڕۆژنامەنووس ئەکرێت لەڕاستیدا هیچ فەراغێکی یاسایی بۆ ڕۆژنامەنووس نیە بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری، لەوانەیە زۆر لە بەڕێزەکان ئاگاداری ئەوە نەبن لە یاسای ڕۆژنامەنووسی زۆر بە ڕوونی باس لەوە کراوە کە مـافی ڕۆژنامەنووسـە بـۆ دەسـت گەیشـتنی بـە زانیاریـەکان و، تەنانـەت عوقوبـەش دانـراوە لـەو یاسـایە، عوقوبەی غەرامەو ئەوانە دانراوە، بۆ ئەو کارمەندەی کە زانیاری بـە ڕۆژنامـەنووس نـادات، ڕۆژنامـەنووس خۆی ئاگای لەمە نیە کەمتر بەکار دەهێنرێت، ئەوە ئەکرێت، بەڵێ لەو یاسایە بەڕاستیەکەی زۆر جـوان لـە یاسای ڕۆژنامەنووسیدا زۆر بە وازحـی ئـەم خاڵـە هـین کـراوە، بۆیـە لەڕاسـتیدا ئـەم یاسـایە زۆرتـر هـەموو

کۆمەڵگا دەگرێتەوە، نەك تەنها رۆژنامەنووس ئەگرێتەوە، تەبعەن لەم یاسایەدا بۆ ئاگاداریتان تەنانەت باسی رۆژنامەنووسیش ناکات باسی رۆژ نامەنووس و خەڵکیش ئەکات، یەعنی با بڵێین بەدیوێکدا فەراغێکی یاسایمان نییە ئێمە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ئەگەر یاسای رۆژنامەنووسی بابڵێین تەتبیق بکرێت و کاری لەسەر بکرێ، بەڵام پێمانوایە ئێستا قسەمان لەسەر مافە، قسەمان لەسەر دەزگا نیە، یەعنی قسەمان لەسەر چەسپاندنی مافێکی دەستووریە، مافێکی سروشتی دامەزراوەکانە، ئینسانەکانە، ئینسانی شەخصی و مەعنەوی لەو کۆمەڵگایە کە دەستی بە زانیاریەکان بگات، کە قسەمان لەسەر ماف بێت من پێموایە لەم حاڵەتە ماددەی (چوارەم) هاوچەشنی ماددەی (سێیەم) لەڕاستیدا دەبێ هەر هەمووی دەبێ هەڵوەشێتەوە، یەعنی تۆ دێی مافێك دەچەسپێنی لە کۆمەڵگا بۆ هاووڵاتیان، بۆ ڕۆژنامەنووس، بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ هەمو کەسێك، کە بەگوێرەی پێویست، بەگوێرەی پێداویستیەکانی خۆی هەندێ زانیاری دەست بکەوێ لە دەزگاکانی حکومەت، ئیتر لێرەدا مەسەلەن دروست کردنی دەزگاو ئەرکەکانی دەزگاو بەدواداچوون و ووەرك شۆپ و تەدریب کردن و ئەوانە لەڕاستیدا ئەمە زەرورەتێکی بۆ نامێنێت، لەوانەیە لە ئایندەدا یەعنی دوای ئەوەی تۆ ئەم مافە ئەچەسپێنی بە یاسایەك و، کاری لەسەر ئەکرێت و با بڵێین هاووڵاتیان هەوڵی ئەوە ئەدەن و عەرقەلە ئەبێت، یان هەندێ کێشە ئەبێت لەوانەیە دواتر لە قۆناغی دووەمدا پێویست بە هەیئەیەکی وا بکات، یان پەرلەمان پێی وابێت پێویست ئەکات ئێمە هەیئەتێکی دابنێین، بەڵام لە ئێستادا هەنگاوی سەرەتا پێموایە چەسپاندنی مافەکەیە، وەك مافێکی سەرەتایی ئەم کۆمەڵگایە، دواتر ئەکرێ قسە لەسەر هەنگاوی تر بکرێ، بۆیە پێموایە ئەم ماددەیە سەرتاپای هاوچەشنی ماددەی (سێیەم ) دەبێت ئیلغا بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی پێشووتر ئێمە باسی ئەوەمان کرد حەقە ئەو هەموو ڕاپۆرتی هەموو لیژنانە سێ، چوار لیژنەنە ڕاپۆرتیان هەیە، هەریەکە بە نەوعێکە، هەتا جەلسەکە تەئجیل کرا، بۆ ئەوەی هەندێکمان داوامانکرد ڕاپۆرتێکی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەی موناقەشە کردن، بەڕاستی ئێستا ئێمە ئەگەر بەڕاشکاوی قسە بکەین هەموومان بەندەکان و ماددەکان موناقەشە دەکەین بەبێ ئەوەی بزانین لەکوێ دەستمان پێ کردووەو لە کوێش کۆتایی پێ دێت، ئێستا سەرمان لێ شێواوە بەڕاستی، ئێستا ئەگەر ئێمە باسی دەسەڵاتەکانی ئەو دەزگایە بکەین، دەستەیە، هەیئەیە، نازانین ئایا دەنگی لەسەر دەدرێت بمینێت، هەبێتن؟ نازانین، بەڕاستی شتێکە دیار نیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتێکی هاوبەش نیە، یاخود لیژنەکان بە یەکەوە لەسەر هەندێ نوقاتی موشتەرەك یەك لایان نەکردۆتەوە،

ئێمەش هەریەکە رەئیەکی جیاوازمان هەیە، من پێموایە ئەو پڕۆژە یاسایە کە  پـڕۆژە یاسـایەکی زۆر زۆر حەساسە چ پێویست دەکات ئەوەندە پەلەی لێ بکـەین، یـەعنی قابیلـە بـا جارێکی تـر تـەئجیل بکرێتـەوە، لیژنەکان جارێکی تر پێدابچینەوە، بەتایبـەتی ئێمـە تـا ئێستاکە لـە لیژنـەی پێشمەرگەو شـەهیدانم، ئـەم پڕۆژە یاسایە شمولی ئێمە ناکات، نەمان خوێندۆتەوەو بڵێین موناقەشەی خۆمانمان لێ کرد بێت، بـەو دوو، سێ ڕۆژەی لەبەر دەستماندایە پێنج، شەش راپۆرت هەر موقارەنـەی ڕاپۆرتـەکانمان پـێ نـاکرێتن، ئێستاش هاتووین بە کۆمەڵێك تەناقوزات ئێمە لەناو ئـەو قاعەیـە باسـی پـڕۆژە یاسـایەکی حەسـاس دەکـەین، مـافی بەدەستهێنانی زانیاریە، ڕاستە لەڕووی مافی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و جاڕدانی مافی مرۆڤ و ئەو شتانەی کە هەیە لە دنیادا ئەوە وەکو مەبادء هەیە، بەڵام ئێمەش هەرێمێکین، کۆمەڵێك خصوصیاتی خۆمان هەیە، کۆمەڵێك شتمان ماوە پێ بگاتن، یەعنی ناکرێ دەرگای خۆمان بخەینە سەرپشت، بۆ ئەوەی کە باسی ئازادی مافی مرۆڤ دەکەین سبەینێ ئێمە ئەوەی کە ئێستا کاك عەدنان باسی کرد لە مافی ڕۆژنامەنووسێ دەتوانێ هاووڵاتی زۆر ئیستیفادە لەوە بکات وەکو مافی هاووڵاتیش بەڕاستی نازانم ئێمە زۆر زوو نیە ئەوەندە پەلە بکـەین، کـە شـتێك پـێ بگـاتن لێـرەوە بـە پەلـەو پـروزێ، بـەس بـۆ ئـەوەی پێمـان بڵـێن ئێمـە دیفـاع لـە دیموکاسیەت و مافی مرۆڤ و ئەوە دەکەین، ئێمە بـە قەناعـەتم زۆر پەلـە نەکـەین، ئەگـەر دەشمانـەوێ لـەو حەفتەیە یـان لـەو دوو حەفتـەی ئاینـدە جێبـەجێی بکـەین بـا مـەجالێك بدەینـەوە لیژنـەکان بـە پـوختی شـتەکان بخەنـە بەردەسـتی ئێمـە بەڕاسـتی، ئەگـەر مایـەوە لێـرە ئـەو دەزگایـەی کـە ئێسـتا دیـار نیـە دەسەڵاتەکانی دیار بێ، یاخود دەمێنێ، یان نامێنێتن پێداچوونەوەیەك بە هەموو بڕگەکانی دەسـەڵاتەکانی بکرێت باشە، تێکەڵ و پێکەڵیەکی زۆر هەیە لە بڕگەکاندا، من پێم باشە هـەر بڕگـەی چـوارەم نـەمێنێ لـە دەسەڵاتەکانی ئەگەر هەبێتن، بڕگەی (ی) کە ئاخیر بڕگەیـە بـە دوورو درێـژی دەسـت خسـتنە نـاو ئەوانـە هـەر لـە ڕووی کوردیەکەیـەوە هـەر زۆر زۆر نارێکـە (التـدخل) بـە عەرەبیەکەیـەتی دەسـت خسـتنە نـاو بەدەنگەوە هاتن زیاتر لێرە جێـی دەبێتـەوە، بـە دەنگـەوە هـاتن هـەر بگـۆڕدرێ بـەو شـێوە سـیاغە بکرێـت (بەدەنگەوە هاتنی هەر هاووڵاتیەك ئەگەر نەتوانێ زانیـاری بەدەسـت بهێنێ بـەپێی ئـەو مافانـەی کـە لـەم یاسایەدا جێگیر کراوە) ئەوە بە کورتی بە روونی بێتن، نەك بە کۆمەڵە شتێکەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خـۆی لەڕسـتیدا ئـەم پـرۆژە یاسـایە هـی سـاڵی 2009 و 2010 و2011 یـەو، ئێمـە چـەندین جـار کۆبوونەوەمان تەئجیل کرد، موناقەشە کردنەکـەمان تـەئجیل کـرد، بـۆ ئـەوەی تەوحیـد بکـرێ و، ئێسـتاش هەر پەرلـەمانتارێکی بـەڕێز ڕووی لـە لایەکـە بەڕاسـتی هـیچ کۆبەندیـەك، بـە دەگمـەن کۆبەندیـەك هەیـە لەسەر یەکێ لە ماددەکان، ئەوە دوو سەعاتە تازە ماددەو نیویێکمان بۆ ئـەمڕۆ موناقەشـە کـردووە، دوێنـێش دوو ماددەمان موناقەشە کردووە، بە حاڵ وا بـڕوا بـەخوا بـە یـەك هەفتـەی تـر تـەواو نـابین، بـەڵێ، بـەڵام ئەوەی کە قسە دەکات شەرت نیە بچێتە سەر هەموو ماددەکان، هی وا هەیە لەسـەر هـەموو ماددەکان قسـە

دەكاتەوەو دەچێتە دواوە، ماددەكانی پێش خۆی موناقەشە دەكاتەوە بەڕاستی، یەعنی ئەگەر وا بڕوات ناتوانین موناقەشەی ئەو پڕۆژە یاسایە بكەین بەڕاستی، فەرمو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز كاوە محمود شاكر /وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نیە ئەبێت ڕێز لە نیزامی ئیدارەی جەلسات و شێوەكانی ئەوەی كە بڕیارتان داناوە بۆ موناقەشە ئەوە بگرێ، بەلام لەم حاڵەتە هەڵبژاردنی خەیار دەست نیشانی ئاراستەی هەموو نیقاشاتەكان ئەكات، لێرەش چوار، پێنج خەیار هەیەو لە ئارادایە، ئەگەر لە سەرەتاوە تەقریرێكی موەحەد هەبێ لەسەر دەنگدان چ خەیارێكمان ئەوێت؟ پەرلەمان چ خەیارێكی ئەوێ؟ ئایا دەیەوێ بەس مەركەزی مەعلوماتی بێ ئەنجومەن نەبێ ئەوەی لیژنەی قانونی ئەیەوێ؟ ئایا ئەیەوێ ئەوەی پێشنیازی ئەنجومەن بێ؟ ئایا ئەیەوێت دەستەی مافی مرۆڤ هەبێ؟ ئایا ئەیەوێ دەست پاكی بێت؟ ئەگەر ئەم خەیارە لە پێشەوە ئاراستە بكرێت ئاسانكاری ئەبێ بۆ كاری موناقەشەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە پێویستی بە تصویتە، هی وا هەیە دەڵێ ئەسڵەن ئەو موئەسەسەیە هەر نەبێ، هی وا هەیە دەڵێ هەبێ و بەشێك بێت لە مافی مرۆڤ، هی وا هەیە دەڵێ بەشێك بێت لە نەزاهە، هی وا هەیە دەڵێ بەشێك بێت لە پەرلەمان، بەشێك بێت لە ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی وە نەبێت شتێكی موەحەد بێت، بۆ ئەوەی ئینسان سەیتەرەی لەسەر بكات بەڕاستی سێ، چوار بۆچوونی جیاواز هەیە، با بەردەوام بین لەسەری، كاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ببورە، وەڵلا من دەمەوێت قسە لەسەر خاڵێك بكەم، یەعنی خاڵێكی نیزامی، یەعنی نازانم پەیڕەوی ناوخۆ هەموار نەكراوە، ئێستا هەر وەك عورفێكمان كردووە وا لەم خولەی سێیەمەیە، یەعنی ئێمە ئەم ئیشكالیەتە مەوزوعی خوێندنەوەی سێیەم لەم یاسایە بینیمان بە وازحی، یەعنی ماددەی (3) وەك كاك عبدالسلام خۆی زۆر بە وازحی قسەی لەسەر كرد ماددەی (3) كە گرنگترین مەوزوعە، یەعنی ئەم یاسایە بەشێكی كرۆك، یەعنی 50٪ یا 60٪ عیلاقەی بەو دەستەیەوە هەیە، ئەوەمان حەسم نەكرد، یەعنی موناقەشەیەكی باشی لەسەر كرا، دەبوایە حەسم كرایە، كە حەسم بكرایە لەبەر چاوی هەموومان ڕۆشن ئەبوو ئیتر لەبەر ئەوەی ئیشەكە چیە؟ موهیمەكە چیە؟ ئەركەكە چیە؟ یەعنی ئەمە نە پەیڕەوە هەموار كراوە، نەشتێك، یەعنی عورفێك هێنرایە ناو پەرلەمان ئەكرێ بۆ هەندێ حاڵەت لەسەری بڕۆین و خوێندنەوەی سێ یەم بكەین، بۆ ئەوەی مەجالێك هەبێ، بەلام ئەگەر بۆ هەندێ حاڵەتی لەم جەشنە كە ماددەیەكی عوقدەیی گرنگ دێتە پێشەوە بۆ حەسمی نەكەین و بەدەنگدان وەك جاران چەند ساڵ پەرلەمان لەسەری ڕۆیشتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەگەر پەرلەمانتاران هاوکاربن کاتێك کە ماددەیەك دێتە گفتوگۆ، تەنها قسە لەسەر ئەو ماددە بکرێ و پێشنیار پێشکەش بکرێ، تەنها دوو نموونە دەینمەوە باس لە سزا کرا، سزا لە ماددەی (18) باسی ئەوە کرایە، باس لە ئیستیسنائەکان کرا، تایبەتە بە ماددە (15)، ئێمە هێشتا لە ماددەی (4)مین، ئەگەر موئەسەسە دەنگی هێنا، پێشنیارتان بۆ ئەرکی موئەسەسە چیە؟ ئەگەر ئەنجومەن دەنگی هێنا پێشنیارتان بو ئەرکی ئەنجومەن چیە؟ ئەگەر هەردووکی دەنگی نەهێناو ئیلغا کرا، ئەوا ئەو کات ئەو ئەرکانە پێویست ناکات، واتا تەنها ئەو ماددە تایبەتە بە ئەرك و مەهامی مەجلیس، یان ئەنجومەن، یەعنی داوای هاوکاریتان لێ دەکەین کە تەنها لەسەر خودی ماددەکە پێشنیار پێشکەش بکەن و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس تێبینی هەیە فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عەدنان باسی کرد، بەڵام من بە وازحتر دەڵێم ئەو عورفەی کە ئێستا ئێمە لەسەر دەچین حەقیقەتەن عورفێکی خزمەت بە یاساکان ناکاتن بۆ سورعەتی وەخت لێمان دەکوژێتن و، ئەوەی کە دکتۆرە ڕۆژان باس ئەکات حەقیقەتەن ئەو فەرەزیاتانە دەبێ هەمووان ئیدراج بکرێن لەو سەری دووبارە موشکیلەمان بۆ دێتە پێش، هەر دەبێ ئیلا بە دەنگدان عیلاج بکرێت ئەم مەسەلە، کە بە تەصویت نەبێتن ئەم عەوارزانە هەنە، یەعنی ئەم عورفە شتێکی باش بێت، جانبە خراپەکەی ئەوەیە کە وەختەکەمان لێ دەکوژێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لێرە من بە فرسەتی ئەزانم جارێکی تر پشتگیری لە پێشنیاری ڕاپۆرت کە لە ناو راپۆرتی هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و رۆشنبیریدا هاتووە، کە ئەرکی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بسپێردرێتە دەستەی مافی مرۆڤ و، ئەرکەکانی لەم مادده دیاری ئەکرێ، کە دەوترێ بسپێردرێتە دەستەی مافی مرۆڤ، ئەو دەستەیە بۆخۆی یاسایەکی هەیە، ئەم یاسایە سەلماندنی مافێکە کە مافی مرۆڤە، ئەو دەستەیەش دەستەی مافی مرۆڤە زۆر وازحە، یەعنی هیچ پێویستی بە هەموار کردنەوەو ئەوانەشی ناوێ، کەمێك بەد حاڵی بوون هەیە لە وەی کە ئەگەر دەستەی مافی مرۆڤ بێ هەمان وەزیفەو هەمان هەیکەلیەتی ئەو دەستەیەی هەیە کە موقتەرەحە لە یاسا ئەسڵیەکە، نەخێر وا نیە، کۆمەڵێك ئەرکی تر ئیزافە بووە بۆ ئەرکەکانی دەستەی مافی مرۆڤ و، وەکو هەر ئەرکێکی تر ئەمەش جێ بەجێ ئەکات، ئەم دەستەی مافی مرۆڤە ئاسانکاری ئەکات بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم یاسایە، نەك دەبێتە دەستەیەکی ئیداری و سەرۆکی هەیئە ئەبێت و وابکات و وا نەکات، فەقەت دەستەی مافی مرۆڤ خۆی بە یاسایەك تەنزیم کراوە هەیە هێشتا بە داخەوە سەرۆکەکەی دانەنراوە کە من پێموایە دەبێت پەلە بکرێت لەوەدا ئەرکەکەی ئاسانکاری ئەبێت بۆ ئەوەی هاوولاتی زانیاری دەست بکەوێت، نەك دەبێ بە ڕۆتینێك، یان عائیقێك بۆ ئەوەی هاوولاتی، یان هەر دەزگایەك، یان هەر موئەسەسەیەك، یان هەر رۆژنامەوانێك، یان هەر موئەسەسەیەکی ئیعلامی کە زانیاریەکی دەوێت دەستی بکەوێت بەو مانایەی دەستەی مافی مرۆڤ نابێتە بنکەی زانیاری من داوای زانیاری بکەم لە دەستەی مافی مرۆڤ ئەو بچێ زانیاریەکەم بۆ داوا بکات، باس لەوە کرا کە لە دەزگاکانی حکومەتدا فەرمانبەرێك، یاخود هۆبەیەك هەبێت لە یاسایەکە تیایەتی لە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن تیایەتی کە دەبێت هەموو موئەسەسەیەکی حکومی، یان هەموو موئەسەسەیەکی غەیر حکومی ئەو کەسە مەعنیە، یاخود ئەو فەرمانبەرە مەعنیەی هەبێت کە داواکاری رووبەڕوو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زانیاری تیا بێت لەسەر عوقوباتەکانیش هەمووی تیایە، تکام وایە خوشکان و برایانی پەرلەمانتار بە دیقەتتر سەیری راپۆرتەکان و دەقی یاساکان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە ئەو دەزگایە نەمێنێ، یەعنی نەبێ ئەو دەزگایە، بەڵام چونکە ئەگەر لە هەر فەرمانگە ...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان ئەگەر ئیجازەی برای خۆت بدەی، ئەگەر پێتان باش بێ چارەگە سەعاتێك فورسەتان دەدەینێ بێینەوە، هەموو بێینەوە ژوورەوە بەڕاستی ئەوانە بخەینە دەنگەوە، بۆ ئەوەی حەسمی بکەین دەستە هەبێ

یان نەبێ؟ سەر بە مافی مرۆڤ یا سەر بە هین بێ؟ ئەوە مومکینە زۆر لە مەسەلەکە، ئیشەکانمان ئاسانتر بکا، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە چارێگێك بەڕاستی رێك ناکەوین، ئەگەر مەجالێکی تر، ئینجا بۆچی بووە، بەرنامەیە چۆن گۆڕا لەکاتێکدا ئێمە دائیمن یاساکانمان وا رێکخستووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو شلێر خان بەردەوام بە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەگەر لە هەر فەرمانگایەك و وەزارەتێك هۆبەیەك هەبێ، یان بەشێك هەبێ ئەو زانیاریانە بداتە ئەو کەسانەی کە داوای دەکەن، پێویست بەو دەزگایە ناکات، بەلأم ئەگەر بووش ئەو دەزگایە هەر بەپێی ئەو ماددەیە ئەرك و دەسەلأتەکانی ئەوەندە بە (10) خاڵ دیاری کراوە، ئەگەر بە پوختی دابڕێژرێتەوە بەڕاستی لە (5) خاڵدا دەتوانی هەموو ئەرکو دەسەلأتەکانی دیار بکەیت، بۆ نموونە خاڵی (أ) لەگەڵ خاڵی (ی) دەتوانێ بکرێتە یەك خاڵ خاڵی (د) لەگەڵ خاڵی (ز) بکرێتە یەك خاڵ هەمووی لە (5) خاڵ دەتوانی هەموو ئەرکەکانی دیاری بکرێ، لە خاڵی (ج)دا دەڵێ دەستە بەشداری کردن لە ڕاهێنانی فەرمانبەرانی فەرمی، نازانم مەبەست چیە ئەو دەزگایەی کە هەموو زانیاری لەلایە دەسەلأت و ئەرکی زۆری هەیە بەشداری بکا لەو خولانەی کە لە بۆ فەرمانبەران راهێنانی فەرمانبەران دەکرێ نازانم مەبەست چیە لەوەی؟ یان دەبێ خۆی سەرپەرشتی ئەو خولانە بکات، نەك بەشداری بکات لە راهێنانی فەرمانبەران، خۆی دەبێ مادام ساحێبی ئەو هەموو زانیاریەیە دەیداتە خەڵك دەبێ خۆی سەرپەرشتی خولەکان بکات و راهێنانی فەرمانبەران بکات بەپێ ئەو پێویستیەی کە بۆ ئەو زانیاریانە پێویست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هیوادارم لێرەو پاش موراعاتی کات بکرێت لە هەموو جیهاندا کات زۆر گرنگە، ئێمە هەر لێرە بە کەیفی خۆمان قسەی دەکەین و هەمووش نەفسی قسەیە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵێ بەنیسبەت ماددەی (4) یەکەم

خاڵم لەسەر ئەوەیە بڕگەکان هەمووی کورت بکرێتەوەو پوخت بکرێتـەوە، چونکە هـەموویان هاوبەشـن و، جۆرێك مەتاتی لە داڕشتنەکەدا هەیە، دووەم جار بـە دەسـتهێنانی مـافی زانیـاری لـە هـەموو ولاٚتـدا ببێتـە مـافێکی دەسـتووری و یاسـایی گرنگـی خـۆی هەیـە، نزیکـەی (90) ولاٚت لـە جیهانـدا هەیـە، بـە پرنسـیپە نێودەوڵەتیەکاندا سەر بە مافی مرۆڤە ئەم دەستەیە، هەر لە ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە نەهێشتنی گەنـدەڵی لـە کانونی دووەمـدا لـە ساڵی (2000) لـە مـاددەی (13) لـە بڕگـەی (أ) و (ب)دا هاتووە بۆ بەهێز کردنی شەفافیەت لە پرۆسەی بڕیار وەرگرتن، هەروەها هاندانی خەڵك بۆ بەشداری تێدا کردن، (ب) زامن کردنی دەستکەوتنی زانیاری بەشـێوەیەکی پراکتیکـی بـێ بـۆ هاوولاٚتیـان، بـە دەسـتهێنانی زانیاری لەلای منەوە زۆر زۆر گرنگە، خاسەتەن لە کوردستان، چونکە بەرچاویەکی دیموکراسی هەیە، ئێستا لە عێراقدا هەر کەس ناتوانێ باسیشی لێوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمو زەکیە خان .

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمو هاوڕاز خان .

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا تووشی ئیشکالیەتێك بووین، لەبەر ئەوەی هەرچی قسە دەکەین دەبێ بە ئەگەر قسە بکەین، مـن قسەکەی کاك عدنانم زۆر پێ جوان بوو، بەڕاستی پێموایە لە جێگای خۆیەتی کە ئەو ماددە زۆر حەساسـە، پێویستی بە یەکلایی کردنەوە هەیە، ئـاخر تـۆ ئێسـتا کۆمـەڵێك ئەگـەرت لـە پێشـە، ئەگـەر هـەر قسـەیەك بکەیت دەبێ بە ئەگەر قسە بکەی، ئەگەر سەر بە مافی مرۆڤ بێت وابێت، ئەگەر سەر بـە دەسـتەی نەزاهـە بێت وابێ، ئەگەر دەزگاکە هەبێ وابێ، یەعنی بەڕاستی ئەوەندە ئەگەرت لە پێشە پێموایە ئـەو ئیشـکالیەتە گەورەی دروست بووە، ئەو هەموو قسانەی لەسـەری دروسـت دەبێـت، یـەعنی بـۆ زیـادی هـەر قسـە کـردن و دووبارە کردنەوەی قسەکانە بەداخەوە..........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ویستمان بیکەین، بەس دیارە برادەران ناڕازی بوون، بۆیە نەمانکرد، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستا دێمه سەر ئەگەر، ئەگەر تەبعەن کە دەشکەوێتە دواوە قسەکانی تۆ ئیتر زۆربەی دەکرێن و من لەسەر ئەوانە ناچم، بەڵام ئەگەر تەبعەن من بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بوونی دەزگا نیم، لەگەڵ یاسام، بەڵام لەگەڵ بوونی دەزگایەك نیم بۆ ئەم بابەتە، بەڵام ئەگەر ئەمە دەزگا بمێنێتەوە دەسەڵاتەکانی زۆر سەیرو سەمەرەن، دەسەڵاتێك سەر بە پەرلەمان بێ ئیشیشی جەخت کردنەوە بێت، جەخت کردنەوە یەعنی قسە کردن و دووبارە کردنەوەی قسە، ئەسڵەن دەبوایە ئەمە هەر بگوترایە جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە تا دواین جوولە کە ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ بەڕاستی کە باسی دەرکردنی ڕاسپاردەکان بۆ نوێکردنەوە ئەسڵەن هەر خاڵێکی زۆر ڕەکیکە، ئەسڵەن نوێکردنەوەو پاراستنی بەڵگەنامەکان دەبوایە بەم شێوەیە بێت، یەعنی خاڵەکان زۆر سەیرن ئەوەنە ڕەکیکن من نازانم هەتا تێگەیشتنێکی تۆزێ سەیرە، ئەگەر یەعنی بتەوێ ماناکەی بە جوانی واضح بێت. خاڵی (ج) دەڵێت بەشداری کردن، یەعنی دەزگایەك بەم هەموو زەبەلحیەی سەر بە پەرلەمانە ئیشی ئەوە بێت بەشداری لە ڕاهێنانی فەرمانبەران بکات، ئەسڵەن دەبێت فەرمانبەران رابهێنێت ئەو ئیشی ئەوە بێت، نەك بەشداری بکات، ئەو کاری ئەوە بێت، بەرنامەی ئەوە بێ کە فەرمانبەران بۆ ئەمە ڕابهێنێ، یەعنی زۆربەی خاڵەکان بەڕاستی تێبینیان لەسەرە زۆر سەیرو سەمەرەن بەرێ پیشاندانێ ئەسڵەن لە جیاتی رێ پیشاندانێ دەبوایە بنووسرابایە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی تایبەتمەند بەو حاڵاتانەی کە بەڵگەنامەکانی کە سەرکۆنەکردنی تۆمەتبارانی لێ پەیدا دەبێت بەپێی ئەم یاسایە بەو شێوەیە بێت، یەعنی ئەمە چیە رێ پیشاندانی تۆ دەزگایەکت هەبێت و بەم شێوەیە بێت و ئیشیشی ڕێپیشاندان بێ، هەتا لە خاڵی (ح) سەیری دەکەی لە ڕاسپاردەکانی ئەمە هەر زۆر نا وازحە، ڕاسپاردەکانی پرۆژەی هەموار کردنی ئەم یاسایە پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات، یەعنی واتا پێشکەش بە پەرلەمان دەکات، ئەگەر ویسترا ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە رێگای تر نیە بۆ هەموار کردنەوەی؟ ئەمە تەنها تاکە ڕێگایە؟ بۆیە بەڕاستی من پێم سەیرە ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوەو، بۆ ناوەکەشی، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بوونی دەزگادا نیم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێزکاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ جەنابتان بڕیارتاندا کە چارەگێك دوا بخرێ، من پێموایە ئەم یاسایە بەڵێ پێشنیارت کرد ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگەو، هەمووومان ئامانجمان لەوەیە کە یاسایەك ڕێك بخرێت پەیوەندی بە مافی زانیاریەوە هەیە، موتەفقین لەسەری و، پێشموایە تەندروست ترین کاری پەرلەمانی ئەوەیە کە هەر پەرلەمانێك ئازاد بێت بۆ مەنتقی خۆی خۆی پاساوی خۆی بێنێتەوە، یەعنی کات و زەمەن و ئەوانە نەکەینە بڵێین یاساکە

بکەینە قوربانی، ئەی پەلەمەو کاتمەو ئەوە، بەلاَم ئەمن لەگەڵ ئەوە بووم وەقتی بدەینێ، پێشنیاری بەرێزیشتەوەیە با سەعاتێك وەقتی بدەینێ لیژنەکان دانیشن گفتو گۆ بکەن چەند سیغەیەکی رێکو پێك ببینن لەسەر پێشنیاری برادەران ئەو سیغانە بخرێتە دەنگدان .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرمو کوێستان خان .

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابتم کە ئێمە کاتێك بدەین بە خۆمان، بۆ ئەوەی رێککەوین لە سەر ئەوەی کە بێینەوە دەنگدانی لەسەر بکەین، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەمە یاسایەکە ڕەهەندێکی نیشتمانی هەیە بە رەئی من پێویستی بە تەوافق هەیە، ئەمەش بە چارەك و سەعات ناکرێ، پێویستی بە یەك، دوو رۆژی دانیشتنی لیژنەکان و؟، ڕەنگە سەرۆکی فراکسۆنەکانیش هەبێ، بۆیە پێشنیار ئەکەم سبەینێ بدرێ بە لیژنەکان و بە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دابنیشن لەسەر بوونی دەستە، یان نەبوونی رێك بکەون، ئایا سەر بە دەستەی مافی مرۆڤ بێت یان هەر سەربەخۆ بێ؟ ئەمانە یەك لای بکرێتەوە رۆژی دووشەممە بخرێتە دەنگدانەوە، ئینجا بچینە سەر ماددەکانی دیکە، چونکە هەموو ماددەکانی دیکە وابەستەیە بە بوونی ئەم دەستەوەیە، یان پابەند بوونی بە دەستەیەکی دیکەوە، من ئەو پێشنیارەم هەیەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرمووو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پەلە کردنا نیم بەڕاستی وەك ئەندامێکی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەدا نیم پەلە بکرێ و، یاساکە هەڵپروسکێنین و بڵێین یاسایەکمان دەرکردووە بۆ بە دەستهێنانی زانیاری، چونکە بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، دووەم/ زۆر ئاسایە ئێستا نەشچینە دەرەوە دەنگی لەسەر بەین بە رەئی من بۆ؟ سێ ئیقتیراح هەیە یەکێکیان ئیقتراحی ئەسڵی مەشروعەکەیەو لیژنەی قانونیش پشتگیری دەکات کە دەستەیەك هەبێ، ئەنجومەنێك هەبێ، دووەم/ موقتەرەحێك هەیە لە دوو ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤدا هاتووە کە ئەڵێ ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بسپێرێتە دەستەی مافی مرۆڤ، سێ/ هیچیان نەبێت لە موئەسەسە حکومی و غەیری حکومیەکاندا فەرمانبەرێك، یاخود کە ئەوە لە ئەسڵی یاساکەشدا هەیە، تەبعەن لە ڕاپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و مافی مرۆڤیشدا ئاماژە بەوە کراوە ئەو سێی موقتەرەحەیە بە ڕای من پێویستی بەوە نیە ئێمە جەلسەکە ڕاگرین سەعاتێ یا چوار رۆژ یا دوو رۆژ یا بە نیو سەعات و دوایی بێینەوە، ئێستا سێ موقتەرەحی زۆر وازحە و، هەر موقتەرەح چەند کەسێك پشتگیری لێ ئەکات، ئەو سێیانە بخرێتە دەنگدانەوە باشترە لەوەی کە دواخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرمو کاك جمال .

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و سەیری یاسا بکەین، یاسا مەبەستی ئەوەیە پێگەهاندنی زانیاری بۆ هەر کەسێك کە داوا بکاتن، ئەگەر بێنین سەیری مەتنی قانون هەمووی بکەین، ئەبینی زیاتر سیغەی ئیجرائی وەرگرتیە (علیە ان یفعل کذا) وا بکات و وا بکات، عەریزە تەقدیم کات و نازانم چی و چی، تۆ لێرە خستە ئیتارێکی بەڵێین ئیجرائی، ئەوە دەتوانن بە ڕێگای حکومەت، بەرێگای چەند تەعلیماتێك ئەو شتە تەنزیم بکەن بۆ دەرکەوتن لە بەینی هەبوونی موئەسەسەو نەبوونی موئەسەسە، من ئیقتراحێکم بۆ لیژنەی یاسایی ناردیە، ئەگەر بتوانن ماددەی (سێیەم) بکرێت (یؤسس في أقلیم بانك بأسم بانك المعلومات ألاقلیمي یدیرە موظف بدرجة مدیر عام ویعاونه عدد من الموظفین ویرتبط بوزارة التخطیط ومهمته تترکز في حفظ المعلومات وایصالها للطالبین وفق احکام هذا القانون) ئەگەر نا ئیتیفاق نەکردن لەسەر هەبوونی ئەم دەزگایە یان نا، بەخوا مەحاوری موناقەشات هەمووی تەقریبەن ئێمە ناگەینە حەڵێك، بۆیە هەر دەگەڕێینەوە سەر مورەبەعی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە دانیشتنی ئەمڕۆ تەئجیل بکەین بەیانی کۆبوونەوەی هەرسێی لیژنە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان خۆمان لەگەڵتان دانیشین، پێتان باشە ئێوە بۆ ئەوەی بگەینە سیغەیەك؟ فەرمو کاك ئاسۆ .

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

من پێموایە درێژە بە گفتوگۆیەکان بدەین، چونکە بەڕاستی بوونی هەیئەتێکی لەم جۆرە هەبێ یان لەگەڵ سلاحیاتەکانی هیچ لە جەوهەری مەوزوعەکە ناگۆڕێت، چونکە جەوهەری قانونەکە پێدان و وەرگرتنی زانیاری و زانیاریە، ئەو هەیئەتە هەیئەتێکی موراجەعەی خاریجیە، لە دەرەوەی دەوائیرەکانی حکومی و ئەو هەیئەتە خاصانەی کە دەبێ زانیاری بدەن، بۆیە من پێموایە ئێمە درێژە بە گفتوگۆیەکان بدەین وەکو چۆن کۆمەڵێ پێشنیار هاتووە لێژنەکان دابنیشن دەرجی کۆمەڵێك موقتەرەحات هەیە بکەن، پێویست ناکا ئێمە ئەو جەلسەیە تەئجیل بکەین، با ئێستا تەصویتی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێراد .

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵ باس ئەکەم، یەکێکیان/ زیاد لە سێ ئەندامی بەڕێز باسی ئەوەیان کرد لەدوێنێ و لەم رۆژە کە لیژنەکان هەموویان دابنیشن یەك راپۆرت حازر بکەن، چونکە ئێمە بەڕاستی سەرمان لێ تێکچووە نازانین هەریەکەو چوار، پێنج ئەوەمان لەبەر دەستایە کە ناتوانین قسەی لە سەر بکەین، دووەمیان/ من پشتگیری کوێستان خان دەکەم ئەمە ڕەهەندێکی نیشتمانیە بەڕاستی پەلەی تیا نەکرێت باشترە، چاوەرێ بکەین با لیژنەکان یا سەرۆك فراکسیۆنەکان یا ئەوانی تر لەگەڵ یەکتریا قسە بکەن و بگەینە نەتیجەیەك و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سپاس ، فەرموو کاك حمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی جەنابت ئەکەم، کە ئەو لیژنە تایبەتانە لەگەڵ سەۆکی فراکسیۆنەکان دابنیشن هەم تەحقیقی ئەو ئامانجە ئەبێت کە ڕەهەندی نیشتمانی هەیەو بە تەوافق بێت، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریش، عەفو خاڵێکی تریش بەڕاستی ئێمە سیستەمی گفتوگۆکانمان گۆڕیوە پێچەوانەی لائیحەیە، لە ماددەی $(72)$ لە بڕگەی $(3)$ دەڵێ ئەنجومەن گفتوگۆ ئەکا لەسەر پرۆژەکەو، لەسەر یەکە یەکەی ماددەکان دەنگ دەدرێ، ئەگەر ئێمە بهاتایە بەپێی ئەو سیستەمەی پێشوو برۆیشتباینایە بەپێی ماددەی $(72)$ ئێمە دەنگمان بدایە لەسەر مانی دەستەکە یان نەمانی، مانی دەزگاکە یان نەمانی، ئەو کاتە ئەم گرفتانە دروست نە ئەبوو ، بۆیە من پێموایە لە یاساکانی تریشدا سەیر ئەکەی ئەو گرفتەو ئەو ئیشکالیەتە درست بووە کە ئێستا ئێمە کەوتووینەتە ئەو تەنگەژەیەوە کە ئەبێ جەلسەکەی بۆ تەئجیل بکەین، بۆیە من پێموایە تەئجیل کردنی جەلسەکە ئیتر بۆ ئێوارە بێ؟، یا بۆ بەیانی بێ، بۆ ئەو دانیشتنە بکەین کە جەنابت فەرمووت لە ژێر ئیشرافی تەواو، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە من پێم سەیرە، یەعنی ئەگەر رێکین لەسەر ئەوەی کە تاقەتی کۆبوونەوەکەمان نەماوە ئەمە شتێکە، ئەگەر نا قورسی و زۆری ڕەئیەکان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە لە ماددەی $(3)$ و $(4)$ دایە لە ماددەکانی تردا نیە، ماددەکانی تر ئەڕوات و، ئەو دوو ماددەیەش تەواو بووە، یەعنی ئێستا لە تەواو بووندایەو، لەسەر دوو خاڵیش یەعنی یەکەم/با ئێمە هەموو یاساکان نەکەین بە ڕەهەندی نیشتمانی،من

ئەمە حەقێکە کە مافێکە پێموا نیە هیچ ڕەهەندێکی نیشتمانی هەبێ، دووهەم/لە هەمووی گرنگتر ئێمە هیچ یاسایەك بەقەدەر ئەم یاسایە بە کاوەخۆ ئیشمان لەسەر نەکردووە، سێی هەفتە تەئجیل کرا بۆ ئەوەی لیژنەکان راپۆرتی هاوبەشیان هەبێ، ئەگەر نیەتی ڕاپۆرتی هاوبەش هەبوایە لەو سێ هەفتەیە ئەبوو، بۆیە من یەعنی وە پێشنیارەکەی جەنابیشت بەو ئاراستەیە نەبوو کە جەلسە تەئجیل ببێ بە تەنیا بۆ ئەوە بوو ئەو برادەرانەی لە دەرەوەن بگەڕێنەوە جارێکی تر بۆیە ئەو دوو ماددەیە تەواو بوو ماددەکانی تر درێژە بە گفتو گۆکردن بدەین لە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی زۆر کرا لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هاکارانم، بەڵام ئەمە مافە تەئکید ئەکەمەوە ناکرێت بە تەوافق یەکلابکرێتەوە، ئەگەر زۆرینە لە تەوافق و سەرۆکی فراکسیۆن و لیژنەکاندا بڕیار درا کە ئەم مافە نەبێت، کەواتە ئەم مافە لە خەڵك ئەسەندرێتەوە، تاکە یاسایەك ئەبێ جەخت کەینەوە بە تەوافق نەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو لانا خان.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئێستا ئەوەی تێبینی دەکەم ئەمە هەموومان موتەفقین لەسەر یاساکە، بەس ئەوەی کە کێشەمان لەسەری هەیە کە تەکوینی ئەو هەیئە، ئەو دەستە، یەعنی ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزت کردت کە بیدەینە دەنگدان بۆ؟ لەبەر ئەوەی یەعنی بزانین مەسەلەن بدەینە دەنگدان بۆ ئەوەی تەئجیل بێتن کە لیژنەکان هەموو کۆبنەوە ئەوەی پەیوەندیان هەیە لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی یاسایی لەگەڵ یەکتری دابنیشن سیغە یاسایەکە بەشێوەیەکی باش دابڕێژنەوە، بۆ ئەوەی مەسەلەن بەیانی، سبەینێ بتوانین جەلسەکە مەسەلەن بەردەوام بێ ئیشی لەسەر بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە من دەبینم هەموومان موتەفقین حەقی هەر هاووڵاتیەکە زانیاری وەربگرێ، موتەفقین لەسەر یاساکە، یاسایەکی گرنگە، بەس ئەوەی موتەفق نینە ئەو دەستە، ئەو هەیئەتە تەکوین ببێتن، تەبیعی ئەو هەیئەو ئەو دەستەش بە رەئی من ئەوە حەلەقەیەکی ئیداری زیادە کە دادەنرێتن و، پشتگیریش لە رەئی کاك عبدالسلام دەکەم کە گوتی شوعبەیەك هەبێ، یان هۆبەیەك هەبێ لە هەموو وزارەتەکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکە پەرلەمان.**

وەڵلا من ئەگەڕێمەوە بۆ ماددەی (71) لەپەیڕەوی ناوخۆ، وابزانم لایەحەو پەیڕەو ئەساسە لەم شتانە، بەداخەوە دوێنێش ئاماژەم بەوە کرد ئەمڕۆش پێشبینیم کرد وەکو کوردەواری ئەڵێ شێخیش نیم تەسەورم وابوو کۆبوونەوەی ئەمڕۆ نەزۆکەو بەداخەوە ئەڵێم بەرەو ئەوە ئەچێت گفتوگۆکان داخرێن، لە دوێنێش عەرزم کردن کە ئەمە تەنها ڕاپۆرتی هاوبەش چارەسەری ئەمەیە، چونکە کاتەکەمان بۆ ئەگەڕایەوە ئێستاش بەپێی ماددەی (71) لە خاڵی (4) باسی ڕاپۆرتی هاوبەش ئەکات، بەڕێزان، لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ هەر پرۆژە یاسایەك پێویستی بە زیاتر لە لیژنەیەك بوو، پێویستی بە ڕاپۆرتی هاوبەش هەیە، لەبەر ئەوەی من پێشنیاری ئەوە ئەکەم حەلێکی وەسەت لەبەینی ئەوەی جەنابت و بەعزێ لە براو خوشکان وتیان پێویستی بە کۆبوونەوەو سەرۆك فراکسیۆنەکان و ئەو دەنگوباسە نییە بەڕاستی، تەنها ڕاپۆرتێکی هاوبەشمان ئەوێت، خیارەکان تەرح بکەن بە کورتی و پوختی، ئەوەندە ڕەئی هەیە دەنگی لەسەر بدەین لە مەسەلەی دەستە بیزات دەبێ یان نەبێ؟ چونکە ئەوە تەحەکوم ئەکا لە موناقەشەکان، بۆیە بەیانیش عەرزم کردن خیارەکان جێ بکەینەوە یەك، دوو، سێ دەنگی لەسەر بدەین بە دەنگدان، چونکە ئەوە پەیڕەوی ناوخۆیەو، دەرچوون لەوە بەڕاستی دەرچوونە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس کوێستان خان قسە دەکات دوایی دەچینەوە سەر موناقەشەکان، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من ئەمەوێ یەك روونکردنەوە بدەم، من ئێستاش تەئکیدی دەکەمەوە کە ئەمە یاسایەکە ڕەهەندی نیشتمانیە، چۆن یاسایەك ڕەهەندی نیشتمانی نیە کە پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە تۆ داوای زانیاری بکەی لەسەر نەوت، لەسەر بودجە، لەسەر گرێبەستەکان، چۆن ڕەهەندی نیشتمانی نیە؟ پەیوەندی بە هەموو تاکێکەوە هەیە کە داوای زانیاری ئەکا بە ڕاگەیاندنەوە هەیە لە هەموو یاسایەك گرنگترە کە پێویستە بە شێوەیەك دەربچێ کە دوایی وەکو یاسای خۆپیشاندنی لێ نەیەت، وەك یاسای دەزگای ئاسایشی لێ نەیەت، وەك دەزگای ئاسایشی گشتی لێ نەیەت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشە، زۆر سوپاس، فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە منیش دامنابوو بیلێم بەڕاستی زۆربەی برادەران گۆتیان، منیش ڕەئیم ئەوەیە كە حەقیقەت ڕاپۆرتەكان زۆر تێكەڵ و پێكەڵن، یەعنی ئیحترامم هەیە بۆ برادەران، یەعنی پیاو نازانێ كامەی بخوێنێتەوە، تەركیزی لەسەر كامەی بێتن، بكرابایە ڕاپۆرتێك و لەگەڵ ڕاپۆرتی ئەسڵی یەعنی با بلێین پرۆژە یاسای ئەسڵی ئەو كاتی پیاو دەیتوانی دوو قسان لەسەری بكاتن ئیشكالیەتەكە لەوە دایە یەعنی بە حەقیقەت حەق وا نیە چی تر موناقەشە بكرێتن، بەرەئی من بخرێتە دەنگدانەوە لەگەڵ ئەوە دانە هەیئە هەبێ، ئێ تەواو، تەواو .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو هاوكارانی پێشووم لەبەر ئەوەی پشتیوانی ئەو رایەم كرد كە پێویست بە دەستە ناكات پشتیوانی ڕایەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم لەوەی كە ئێمە ئەنجومەنێكمان هەبێ، چونكە هەروەكو بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریش ئاماژەی پێدا ئەو ئەنجومەنە بە مەبەستی پڕكردنەوەی دوو بۆشایە، یەكیان/ ئێمە پێویستمان بەوە هەیە وەكو پەرلەمانی كوردستان ڕاپۆرتمان دەربارەی ڕەوشی جێبەجێكردنی ئەو یاسایە لە داهاتوو بە دەست بگات، یەعنی پێویستە یەكێك لە مەهامەكانی ئەو مەجلیسە ناردنی ڕاپۆرتی (6) مانگی بێت بۆ پەرلەمانی كوردستان ئەمە یەك. بابەتێكی تریان وەرگرتنی ئەو شەكاوی و ئەو داوایانەیە كە كەسانێك كاتێك كە داوای مەعلوماتێك ئەكەن پێیان ناگات، مەجلیس بە دواداچوونی بۆ بكات و، بەپێی ئەحكامەكانی ئەم یاسایە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، خالی (3) پێویستە بكرێت بە مەهامی مەجلیس هەروەكو هاوكارێكم پێشووتر ئاماژەی پێدا تەحدیدی ئەو زانیاریانە بكات، كە پێویست ئەكات هاووڵاتیان بگات، یەعنی مەرج نیە هەموو زانیاریەك كە بەدەست هاووڵاتیان بگات تەحدیدی ئەو زانیاریانە بكات، واتە تەحدید كردنی زانیاریەكان لە دەسەڵاتی مەجلسەكە بێت، بۆیە پێشنیارەكەی من وایە ماددەی (4) كە هەڵدەگرین لە بڕی ئەوەی بڵێی ئەركەكانی دەزگا ئەوا ئەبێت، ئێمە ئەڵێین ئەركەكانی ئەنجومەن بریتی دەبێت لەو سێ خاڵەی كە پێشووتر ئاماژەم پێدا دوا تریش ئەگەر پێویست بێ بە نووسین بۆتان ئەنێرم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو گەشەخان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (أ) لە ماددەی (4) من پشتیوانی لیژنەی یاسای ئەکەم، کە پێویست بەو ماددەیە هەر ناکات، یەعنی ئەمەخۆی کە دەرئەچێت، یاسا خۆی لە خۆیا سیفەیەکی ئیلزامی هەیە عامەو موجەرەدە بۆ هەر کەسێك، لەبەر ئەوە عەیبیشە هەرلە یاسادا شتی واش دابنێین، بەڕاستی من ئەچمەوە سەر ئەو ڕایەی کە ئێمە دەبوایە یەکلابووینایەوە ئایا ئاخۆ بە دەستهێنانی مافی زانیاری چ ئۆرگانێکە؟ ئایا دەزگایە؟ چونکە بەڕاستی بەپێی هەرەمە قانونیەکە سەلاحیات و واجبات وحقوقی ئەو دامودەزگایە جیاوازە، ئەگەر بۆ نموونە ئەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام یەکلا بۆوە ئەندامانی پەڕلەمان دەنگیان لەسەر ئەوەدا ئەو کاتە هەر دائیرەیەك پەیوەندە بە وەزارەتێکەوە، وەزیر سەلاحیەتی دەرکردنی ڕێنمایی هەیە، بۆ نموونە لە خاڵی (ب) دەرکردنی ڕاسپاردەکان بۆ نوێ کردنەوەی پاراستنی بەڵگەنامەکان، کە ئەمە فەحواو ناوەڕۆکی ئەساسی یاساکەیە، پێویستە کە سیفەتێکی ئیلزامی بدرێتێ، ئەگەر هۆبەکان دروست بکرێ و وەزیر بتوانێ تەعلیمات بۆ ئەو هۆبانە دەر بکات، ئەو کاتە دەبێ ئێمە بڵێین دەرکردنی ڕێنمایی بۆنوێ کردنەوەو پاراستنی بەڵگەنامەکان، ئێمە کێشەمان هەیە لە دەرکردنی یاسا، کاتێ یاسا دەر ئەکەی وەکو پێویست جێبەجێ نابێت، جا چ ئەوەی ڕاسپاردە بێت، لەبەر ئەوە فیعلەن یەعنی وەکو ئەوەی ئەندامان وتیان تووشی سەر لێ شێوانێك بووین، ئەبوایە ئەم مەسەلەیە یەك لابوایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر بێین سەیری بکەین ئامانجمان لە دەرچوواندنی ئەم یاسایە بۆ چیە؟ هەر بۆ ئەوە نیە کە بە ئاسانترین شێوەو زووترین کات زانیاری بە دەست هاووڵاتی کوردستان بگات، هەر بۆ ئەوەیە ئێمە مەبەستمان هەموو بۆ ئەوەیە، ئەگەر هەر بۆ ئەوەیە کەواتە ئەنجومەن، یان دەستە پێویست ناکات هەبێت، چونکە ئەگەر ئەنجومەن، یا دەستە هەبوو بنکەی لەکوێ دەبێ؟ لە هەولێر دەبێ مەسەلەن بۆ نموونە، خەڵکێك لە زاخۆ، یان لە باتوفە، یا لە هەڵەبجە، یا لە پێنجوین بێنە ئێرە بۆ دەستکەوتی زانیاریەکی بەسیت لە ئەنجومەن وەربگرن، ئەمە زۆر پێموایە یەعنی ئیشکالێکی گەورە دەبێت، ئەگەر ئەم دەستە هەستێت بۆ هەرجێیەکی لە مانە بنکەیەك دابنێ هەر دیسان دەبێتە ئیشکالیەت بۆ دامەزراندن و ئیتر

بارگرانیەك بۆ سەر حكومەت، یەعنی ئەمە لێرە پێموایە ئەم دەستەیە نەبێ، یان ئەو ئەنجومەنە نەبێ، چونكە ئیشكالیاتی زۆر گەورە بۆمان دروست دەكات لە ڕووی داراییەوە، لە ڕووی پەیوەندی كردن پێوە، سەردان یان پێدانی زانیاری، یان لەوانەیە ئەو دەستەیە بە كەیفی خۆیان بڵێن ئەو زانیاریەمان پێ نیە، یا پێ بدەن، یا ئاستەنگێگی بۆ دروست بكەن، لێرە ئەڵێ ئەگەر پێی نەدای ئەڵێ بچێ شكایەت بكە، شكایەت لە كێ بكات؟ لە كوێ بكات؟ كێ وەردەگرێ ئەو شكایەتە تاوەكو بچێتە دادگا؟ سۆزان خان ئیشارەتی پێدا، من بەڕاستی پشتگیری قسەكانی ئەو ئەكەم پێ ماندی دەبێت ناچێت، هەر لە دادگاش واز دەهێنێت و داوای ئەو زانیاریەش ناكات دەڵێ هەر نامەوێ و لە كۆڵم ببێتەوە، من پێموایە ئەمە هەرنەبێ ئەو دەستەیە، ئەگەر هەر نەبوو ماددەی (3) و (4) ئیلغا بكرێت نەمێنێت، ئەگەر هەر هەبوو پێشنیار ئەكەم بۆ مەسەلەن ئەم بڕگانە زۆر ئیشكالیاتی تێدایە تەعدیل بكرێ و رێك بخرێت، مەسەلەن بۆ نموونە ئەڵێ وەرگرتنی سكاڵا بۆ سەرپێچی كردنی ئەوانە بۆ كوێ ببەن مەسەلەن؟ یا لە حاڵەتی گەیشتنی سكاڵا دەست كردن بە لێكۆڵینەوە لەگەڵ دەستەكاندا كەی دەگاتێ ئەو ئەنجامە؟ كە سكاڵا دوای ئەوە چوو كێ ئەو ئەنجامەی، ئەو داواكاریەی پێ دەدات؟ بەلام ئەگەر لە ناو هەر دامودەزگایەكی حكومی، یا هەر دائیرەیەكی حكومی و هۆبەیەك هەبێ و یا نووسینگەیەكی هەبێ مەسئوول بێ بەرپرس بێ بە پێدانی زانیاری، ئەو كاتە بە ئاسانی ئەتوانێ، ئەگەرئەو فەرمانبەرەی لەوێیە ئەو زانیاریەی پێنەدا دەتوانێ بچێتە لای مودیرەكە شكات بكات، یەكسەر بۆ ماوەی حەفتەیەك ئەنجامەكەی ئەداتێ، یان ناداتێ، یا موحاسەبەی ئەو فەرمانبەرە ئەكات، ئەتوانی بە زووترین كات بە ئاسانترین كات موحاسەبەی ئەو فەرمانبەرە بكات، بۆچی زانیاری بەو برادەرە، بەو هاووڵاتیە نەداوە؟ ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.كاوە شاكر محمود/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئێمە ئیتفاقمانكرد كە هەرچی بێ ناوی ئەم شوێنە ئەمە مەعلومات نادات، مەعلومات لە جیهاتی مەعنی، هەر لە بیدایەتی تەعریفی قانونەكە ئەوە تەواومان كردووە، بەلام دێینە سەر مەهامی ئەو شتە، ئەم شوێنە ئەگەر ئەنجومەن بێ، ئەگەر دەستە بێ، ئەگەر مافی مرۆڤ بێ، ئەگەر دەستپاكی بێ، بە هەموو ئەو خەیاراتانەی كە هەبێ ئەتوانین ئەركێكی موەحەدی بۆ دابنێین، ئەو ئەركە لەوانەیە ئەگەر بە عەرەبی بەس (تائەكە) بگۆڕین بڵێین (مجلس) بێت بڵێین (یقوم) هەیئە بڵێین (تقوم)، بۆ نموونە و، دەتوانین كۆی بكەینەوە لە (پێنج) خاڵی سەرەكی من بە نووسراویش تەقدیمی بەڕێز لیژنەی قانونیم كردووە، كە بریتیە لەمە (یقوم المجلس او تقوم الهیئة ) هەرچی بە ناوی (بالمهام التالية:

اولاً: أصدار التعليمات للمؤسسات الحكومية وغير الحكومية لتسهيل تمكين المواطن في الحصول على المعلومة من الجهات المعنية)، یەعنی دیسان تەحویلی جیهاتی مەعنیەكە ئەبێتەوە .

ثانياً: (وضع برنامج) خۆی تەدریب ناكات (وضع برنامج عمل لتدريب الموظفين لاداء مهامهم في تدفق المعلومة وتوفيره للمواطن).

ثالثاً: أستلام شكاوى من المواطنين والتحقق فيه وتبليغ الجهة المعنية بتقديم المعلومة والمواطن بقرار حول الموضوع وفق احكام هذا القانون.

رابعاً: يقدم او تقدم المجلس تقريره الى المحكمة المختصة في حالة وجود قضية حول تدفق المعلومة.

یەعنی كاتێك هاووڵاتی موقتەنیع نەبێت بە قەرارەكەی شەكوا تەسجیل دەكات.

خامساً: يقدم تقرير نصف سنوي حول عمله.

ئەمە بەپێی ئەوەی كە مەجلیسێ بێت یان هەیئە سەر بەكوێ بێت، دەتوانن ئەم ئەركانە ئەركێكی موەحەدە دەتوانێت ئەنجامی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**القسم الثالث**

**كيفية الوصول الى المعلومات**

المادة الخامسة:

لكل شخص الحق في الاطلاع والوصول الى المعلومات التي تحتفظ بها الهيئات العامة والحصول على عدد الوثائق التي يرغبون في الحصول عليها وكما وردت في نصوص هذا القانون.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو بەكوردیەكەشی.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاریەكان**

ماددەی پێنجەم:

هەموو كەسێك مافی ئاگادار بوون و گەیشتن بەو زانیاریانەی هەیە كە دەستەكانی گشتی لە لای خۆیان دەیهێڵنەوە، چەندانیەك لەو بەڵگەنامانەی دەیانەوێت بە دەست بێنێت وەكو لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لێژنەكەمان سەبارەت بە ماددەی (5) بێجگە لە یەكەم وشەی كە دەڵێت (هەموو كەس) بكرێتە (هەموو هاووڵاتیەك) بێجگە لەوە هیچ تێبینیەكی ترمان لەسەر ناوەڕۆكی ماددەكە نیەو، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی سێهەم (كیفیة الوصول المعلومات) لێژنە پێشنیاری كردووە كە ناونیشانی بەشەكە بگۆڕێ لە (كیفیة حصول المعلومات) بۆ (كیفیة الحصول الی المعلومات) لە بڕی (كیفیة الوصول الی المعلومات) ماددەی (5) (ترى اكثرية الاعضاء اللجنة تبديل كلمة شخص بكلمة مواطن واعادة صياغتها بالشكل الاتي: يحق لكل مواطن الاطلاع والحصول على المعلومات التي تحتفظ بها المؤسسات العامة والتي ينص عليها هذا القانون والحصول على نسخ الوثائق التي يطلبها) ئەمە ئەكسەریەت لەسەر ئەو ڕەئیەیە، والاقلية مع ابقاء هذه المادة كما جاءت في اصل المشروع) كە كەمینەش لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە وەكو لە پرۆژە یاساكەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو لیژنەی یاسایی. هاژەخان تۆ چیت خوێندەوە؟ بەناوی كێت خوێندەوە؟ باشە فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەمان تێبینی زۆرینەی ئەندامانی لێژنەی ڕۆشنبیریمان هەیەو هاوڕاینە لەگەڵ وان، هەمان تێبینیمان هەیەو بەو شێوەیە دامانڕشتووە كە دكتۆر ئەحمەد خوێندیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای ئێمە وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ بەو شێوەیە (چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاریەكان) لێژنە پێشنیار دەكات ناونیشانی بەشی سێیەم بەم شێوەیەدا بڕێژرێتەوە (چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاریەكان) ماددەی پێنجەم

دوو ڕا هەیەیە سەبارەت بە ماددەکە یەکەمیان ڕایەك کە ڕای زۆرینەیە کە پێشنیار دەکات وشەی کەسی بگۆڕێت بە هاوولاَتی و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە هەموو هاوولاَتیەك مافی ئاگادار بوون و گەیشتن بەو زانیاریانەی هەیە کە دەستەکانی گشتی لای خۆیانی دەهێلێتەوەو چەند دانەیەك لەو بەلگەنامانەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن ڕای دووەم/ کە ڕای کەمینەیە داوا دەکەم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوەو وشەی هاوولاَتی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟. ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسەبکەن(زکیە صالح، ئارام قادر، خلیل عثمان، عبدالسلام بەرواری، شڤان احمد، گەشە دارا، شۆڕش مجید، سۆزان شهاب، پەروین عبدالرحمن، شوان کابان، لانە چەلەبی، ئاسۆ کەریم، دلّشاد حسین، سیوەیل عثمان، عبدالله مەلا نوری، پەیمان عزالدین، کوێستان محمد، ئاهەنگ عارف، ئاشتی عزیز، کاردۆ محمد، سەمیرە عبدالله) کاك زکیە خان، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز دگەل راپۆرتا یا ڕۆشنبیریی و مافی مرۆڤ و یاسایی نینم، کو ئەڤ کەلیمە (لکل شخص) ببێتە (لکل مواطن) چونکو هەندی ئەز تێگەهم مواتن ئەو کەسەیە کو رەگەزنامە یا یولاَتا هەبیتن، باشە ل ڤێرا کێ دا دێتە تەکلیفا وی کەسی بێتە چ ئەوێ ئەجنەبی بیتن کو ما ڕێکخراوێ یێت دیانی مە لێرە هەی، نەتەوەی یەکگرتی، مە یێ ڤێ درکێ هەی کو ئەوان ژی ماڤێ کەی هەی کو بگەهنە مەعلومات، دێ تەکلیفا وی ڤێرێ چ بیتن؟ ژ بەر هەندێ پێشنیار دکەم بێژین (الحصول على معلومات حق من حقوق المواطن الاساسية وللمواطنين والاجانب ممارسة هذه الحق في حدود القانون)، یەعنی ئەوەی کە قانون تەحدیدی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر( ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەر بۆ ماددەی (5) پێشنیار دەکەم هەر زاراوەی شەخص بمێنێتەوە ئەویش لەبەر چەند پاساوێك:

یەکەم/ ئەگەر بێت و بیکەین بە هاوولاَتی ئەو کاتە لە رووی قانونیەوە ناتوانرێ ڕێکخراوێکی کۆمەلگای مەدەنی، یاخود سەنتەرێك داوای هیچ زانیاریەك بکات لە هیچ دامودەزگایەك، بەس کە ئەلێین شەخص، شەخصی مەعنەویش و شەخصی تەبیعیش دەگرێتەوەو، لە لایەکی تریشەوە ئێمە ڕێگری دەکەین لەوەی کە چەندین رۆژنامەو سەنتەری ئەجنەبی لەناو کوردستاندا هەیە، ئەو کاتە هیچ وەختێ مافیان نابێ داوای هیچ زانیاریەك بکەن، کە ئەوەش بە زەرەر دەگەڕێتەوە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و،

پێشنیارێکی تریشم هەیە تەنها هەیئاتی عامە نووسراوە، خاصەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە ماددەی (1)دا باس لەوە کراوە کە هەیئاتی عامەو خاصەش دەبێ زانیاریەکان ببەخشن و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەکی بچووکیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لەماددەکەی تردا زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان گلەییان لەوە هەبوو کاتێکی زۆر بە فێڕۆ دەچێت، سوود لە کات وەربگرین، وابزانم تێبینیەکان ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەش دیارە کە چوار لیژنەنە لەسەر وشە ئەوەیە ئەو مافە دەستەبەر بکرێت بۆ هەموو تاکێك، یان تەنها بۆ هاوولاتیان؟ جگە لەوەی ئەو پێشنیارەی کە کرا دەستەی گشتی و دەستەی تایبەت، هەر ئەوەندەیە ئەگەر بەکورتی پێشنیارەکان پێشکەش بکرێت و سوپاستان دەکەین دووبارە نەبێتەوە، بەڵێ دامەزراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئارام و زکیە خان قسەکانی منیان کرد، قسەکانی منیش هەر لەسەر داڕشتنەوەی ماددەکە بوو، ئایا ئەجنەبی بۆی هەبێت ئیستیفادە بکات، یان نا؟ مەبەستم زیاتر ئەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم ئەم ماددەیە زیادە، ئەم ماددەیە باسی مەبدەئێك دەکات، هەر ماددەیەکی قانونی دەبێت ختوەی ئیجرائی لە پشت بێت، دەڵێت هەر کەسێك مافی هەیە، بەڵام ئەگەر تەماشای ماددەی شەشەم بکەین هەر لەوێ دەڵێت هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە پێشەکی داوا بکات و..........هتد، ئەوەی لێرە هەیە هیچ نییە، شتێکە بە تەسەوری من ئەگەر بێینە سەر ماددەکانی تر دەبینین خۆی رەوا نییە، نە هەموو بەڵگە هاوولاتی مافی ئەوەی هەیە دانەیەکی لەلای خۆی هەبێت، لەو یاسایانەی لە دەوڵەتانی تردا هەیە، لەوێ نووسراوە ئەساسەکەی لەو قانونە دوو شتی تێکەولاّو کردووە بەڵگەنامەو زانیاریەکان، یاسا دەبێت هەمووی لەسەر زانیاریەکان ئیش بکات، عیلاقەی بە بەڵگەنامە نەبێت، ئەو زانیاریانەی کە من مافم هەیە بیگەمێ لە بەڵگەنامەکاندا هەیە، بۆیە ئەو مافەی کە وێنەی هەبێت ئەوە بە تەسەوری من حەق نییە، چونکە یەکێکە لە ئیستیسنائەکان، ئەوە یەك.

دوو/ لێره وابزانم فورسەته بڵێم، چونكه پێشنیار هەیه، دامودەزگای حكومیه حەقی منه زانیاری لێ وەربگرم، ئەو مولزەمه زانیاریم بداتێ، به چ حەقێك من ئیلزامی كۆمپانیایەكی كەرتی تایبەت بكەم مەعلوماتم بداتێ، ئەو چ مەعلوماتی هەیه، غەیری مەسائیلی ئیقتیصادییەو تەفەوازیەو ئەوه، ئەوه له ئەمنی ئیقتیصادی دەزگا دێت، تكا دەكەم ئەمه دەرفەتێك بێت واز له دامودەزگای تایبەتی بێنین، واجیبی یاسا دابین كردنی مومارەسەی مافه بۆ هاووڵاتی بەرامبەر دامودەزگا تەنها گشتیەكان، بۆیه من تەسەور دەكەم لەسەر ئەو دوو تێبینیەش ئەگەر باش تەماشای روحیەتی ئەو ماددەیه بكەین هیچ ئیزافه ناكات، ئەگەر لا بدەین هیچ ئیشكالیەتمان نییه، چونكه ئەو پرەنسیپه گشتیەی باس كراوه لێره هەر لەسەرەتای ماددەی شەش دابین كراوه، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شیڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ كاك عبدالسلام، حەقیقەتەن ئەو ماددەیه هەبوون ونەبوونی وەكو یەكه، یەعنی به حوكمی ئەوەی له ماددەی شەشدا عیلاج كراوه، به خۆی بەشێكه، عینوانەكه نازانم (چۆنیەتی گەیشتن به زانیاریەكان) حەقیقەتەن زۆر لەگەڵ ناوەڕۆكی ئەم ماددانەی خوارەوه گونجاو نییه، هەر مافی بەدەستهێنانی زانیاری، چونكه ئیجرائاتەكان باس نەكراوه چۆنیەتی وچۆن پێی دەگات، ئەگەر ئەو ماددەیه مایەوەو ئیلغا نەكرا، من پێم باشه ئیلغا بكرێت، چونكه وەكو گوتم هەبوون و نەبوونی وەكو یەكه بەپێی ماددەی شەش كه عیلاج كراوه، ئەگەر وەكو خۆی مایەوه فەرەزیه وەكو دكتۆره رۆژان گوتی (كەسەكه) ببێته (هاووڵاتی)، منیش لەگەڵ ئەوەمە، بەڵام له مافی ئاگادار بوون و گەیشتن بەو زانیاریانەی هەیه كه پەیوەندیداره بەو، یەعنی به مەفهومی موخالیف وەربگرین، من مەسەلەن كەسێكی فەلاحم دەمەوێت بچمه وەزارەتی پێشمەرگه داوای زانیاری لێ بكەم، هیچ مەعنی نیمه، هەر بۆ وەخت كوشتنه، هەر بۆ فزولیەته، حەقیقەتەن دەبێت ئەو كەسه مەعنی بێتن بەو داواكارییانه، ئەوه به مەفهومی موخالیف، جا بۆیه من پێم باشه ئەوه بەو شێوەیه بێتن كه پەیوەندیداره لەچوارچێوەی یاسادا، ئەوەی دەزگا تایبەتەكان پێویست ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گەشه خان فەرموو.

**بەڕێز گەشه دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەكانی من دكتۆره رۆژان وەڵامی دایەوه كه عیلاقەی به شەخصی تەبیعی و شەخصی مەعنەویەوه هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ناونیشانی بەشەکە، ئەگەر بێین تەماشای ماددەی پێنج بکەین باس لە مافەکە دەکات کە هەموو هاوولاّتیەك، یاخود صیاغەی بۆ دادەڕێژرێتەوە، یان هەموو کەسێك مافی بە دەستهێنانی هەیە، ئەوە لە ماددەی شەش لە بڕگەی یەکەمدا دووبارە بۆتەوە، بەلاّم ئەگەر بێینە سەر ناونیشانی بەشەکە، من پێشنیار دەکەم کە ناونیشانەکە بەو شێوەیە بێت، چونکە لەو بەشە هەم باسی ماف دەکات، کە کێ دەتوانێت ئەو مافە پیادە بکات و بەدەستی بگات، هەم ڕێکارەکانی بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە، من پێشنیار دەکەم ناونیشانی بەشەکە بکرێتە (مافی بەدەستهێنانی زانیاری و چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاری)، چونکە هەم باس لە مافەکە دەکات، هەم باس لە چۆنیەتی گەیشتن بە ڕێکارەکانی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم جارێ (لكل شخص) بکرێت (لكل مواطن كوردستاني)، چونکە تۆ دەبێت حیسابی ئەوە بکەیت، یەعنی ئەوانەی کە دانیشتووی کوردستانن مەعنین بە بابەتێکەوە ئەوانە بن داوای زانیاری دەکەن، کەسێك لە جنوبەوە بێت پێم بڵێت وەڵلا تۆ دەبێت زانیاریم بدەیتێ، بەڕاستی مافی نییە، دەبێت پەیوەندیدار بێت بەو کەسانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دانیشتوون، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەمم/ سەبارەت بە هەیئات عامە، من لەگەڵ ئەوەدام بکرێت بە موئەسەساتی حکومی، ئیتر کە دەڵێیت موئەسەساتی حکومی هەم وەزارەت دەگرێتەوە، هەم هەموو ئەو دەستەو هەیئانەش دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە بابەتەکە، یەك ئیزافەی تر، من بۆیە موسیڕم لەسەر ئەوەی کە مواتن بێت، چونکە ئێمە لەناو هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك ڕێکخراو هەیە کە ئەجنەبین، یەعنی خەڵك هەیە موقیمە، سەدان کۆمپانیا لێرەیە، پێویست ناکات من مەعلوماتی خۆم وا بە ئاسانی بیدەمە دەستی، غەیری ئەوەی بلاّو دەکرێتەوە لەسەر سایتەکان، ئەوە جیایە، بەلاّم ئەگەر شتێك بەتایبەتی بێت بگەڕێت بە دوایداو بێت بیەوێت، وەڵلاهی لەگەڵ ئەوەدا نین وا بەو نەوعە ڕەهایە بێت، مواتنی کوردستانی بێت و موئەسەساتی حکومی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەكانی من سۆزان خان وكاك شڤان كردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو تەعدیلانەم كە لیژنەی رۆشنبیری كردوویەتی لە ئەسڵی ماددەكەدا، لە عینوانەكەشدا پشتگیری رەئیەكەی كاك شۆڕش دەكەم، بەڵام بەشێوەیەكی تر عینوانی بەشەكە بكرێت بە (الحصول على المعلومات)، چونكە (كیفیە) بە مانای چۆنیەتی دێت، چۆنیەتی خەتەواتی بەدەستهێنانی زانیاریەكەیە، یان گەیشتن بە زانیاریەكەیە، ئەمە تەئكید كردنە لەمافەكە، لەبەر ئەوە عینوانی بەشەكە بكرێت (الحصول على المعلومات)، هەروەها لەگەڵ ماددەی پێنجەم ئەو دەقەی كە لیژنەی مافی مرۆڤیش و لیژنەی رۆشنبیریش سیاغەیان كردۆتەوە، من پێم باشە یەك بڕگەی لە ئەخیرەوە بۆ زیاد بكرێت هەمووی دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی وازیح بێت مەبەستم لە بڕگە زیاد كردنەكە چیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئیستیسنائاتمان هەیە لەو زانیاریانەی كە ناكرێت بدرێت هەم بە هاوولاتی، هەم بە رۆژنامەنووس، هەم هەر دەزگایەكی تریش كە داوا دەكات، لە ماددەی (15)ی ئەسڵی پرۆژەكە دوایی كە ئیزافەی ماددەكە كراوە بووە بە (16) لە راپۆرتەكاندا ئیستیسنائات هەیە، دەبێت لەم ماددەیە ئاماژە بە ئیسیسنائات بدرێت بەم شێوەیە:

(یحق لكل مواطن الاطلاع والوصول على المعلومات التي تحتفظ بها المؤسسات والحصول على نسخ من الوثائق التي یطلبها ماعدا ما استثنى في المادة ( ) من هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم، پێمولیە بەو شێوەیە صیاغە بكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیمە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە (لكل شخص الحق في الاطلاع والوصول الى المعلومات الصحیحة التي تحتفظ بها المؤسسات الحكومیة والخاصة والحصول على عدد من الوثائق التي یرغبون في الحصول علیها من قبل قسم او شعبة)، لێرە هەر كەسێك مافی خۆی هەیە زانیاری وەربگرێت، لە هەمان كاتیشدا تەبیعی ئێمە لەو یاسایە ئەگەر تەماشای بكەین لە ماددەی پازدە هاتووە هەندێك زانیاری هەیە، یەعنی ئەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، نابێت ئەو زانیاریانە بە دەست هەموو هاوولاتیەك بگات، ئەوە ئیشارەتی پێدایە لە ماددەی پازدە، لە هەمان كات

تەئیدی قسەکانی کاك شڤان دەکەم کە گوتی هەر کەسێك بچێتە هەر دامودەزگایەکی حکومی بڵێت من زانیاریم لەسەر بابەتێك دەوێت، نابێت بەشێوەیەك بێت، دەبێت بە کتاب رەسمی بێت، مەسەلەن لە زانکۆی کە ئەبحاس دەکەین دەبێت ناونیشانی بەحسەکە بنووسین، دەبێت کتابێکی رەسمی تەوجیه بکرێت لە کولیەکەی بۆ ئەو جێگاو دامودەزگایەی کە مەعلوماتمان لێی دەوێت، یەعنی بەشێوەی وا نا کە ئێمە بەخۆمان سەردانی موئەسەساتی حکومی بکەین بە شەفەهی وەڵلا مەعلوماتمان لەسەر بابەتێك، یان زانیاریەکمان لەسەر بابەتێك دەوێت، دەبێت بە کتاب رەسمی لەو جیهەتەی ناونیشانی بەحسەکەمان بنووسین، ئینجا ئێمە لێرە ئەو زانیاری و مەعلوماتانەمان پێ دەدرێت، دەبێت ئەوە بەو شێوەیە بێت نەك هەر کەسێك بەس بۆ وەخت رابواردن و، یان بیەوێت بۆ خۆی مەعلومات کۆ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی زانیاری من لە زۆربەی وڵاتاندا ئیتیجاهی سائید ئەوەیە وەکو لەو ماددەیە هاتووە، یەعنی شەخص بەشێوەیەکی گشتی، ئینجا ئەو شەخصە چ تەبیعی بێت، چ مەعنەوی بێت، چ ئەجنەبی بێت، چ مواتن بێت، من لەگەڵ راپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیرییم، بەڵام بە مەرجێك ئەو ئەجنەبیانەی کە لە هەرێمی کوردستان موقیمن و ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی بە شەخصی خۆیان و چالاکیەکانی ئەوانەوە هەیە، پێویستە پێیان بدرێت، دیارە کەباس لە ئیستیسنائات کرا بە تەئکید ئەو ئیستیسنائاتانە نایانگرێتەوە وەکو لەماددەی شازدەدا هاتووە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین شەخص بێت، یان هاووڵاتی بێت، بێگومان مافی بە دەستهێنانی زانیاری مافێکی ئەساسی هەموو هاووڵاتیەکە، بەڵام ئێمە لە بیرمان نەچێت عێراق مولزەمە بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانەوە، کە پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە ئیمزای کردووە، لە ماددەی (19)ی ساڵی 1948 نووسراوە هەموو کەسێك بۆی هەیە دەستی بگات بە هەواڵ و زانیاری و بیرو راو وەرگرتن و گەیاندنی بەوانەی تر بە هەر کەرەستەیەك بێت بەبێ دانانی سنوورەکان، واتا ئەگەر ئێمە ئێستا سنوور دەدانێین هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بین ئێمە لەگەڵ ئەو ئتیفاقیە دەولیە دەبین، کە ئیتفاقیەی دەولی تەسەور دەکەم خۆی قانون رەئیەك هەیە، کە قوەی قانونی بەسەر دەستوور و قوەی ناوخۆشدا دەبێت، بەڵام لە هەندێك دەوڵەتیشدا وا عیلاج کراوە، (حق الحصول على المعلومات) مافی ئەساسی هاووڵاتیانە، بۆ هاووڵاتیان

و بێگانەکان دەتوانن مومارەسەی ئەم مافە بکەن بەپێی یاسا، راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ و ئەو مونەزەمە نێودەوڵەتیانە پێویستیان بە زانیاری هەیە، ناکرێت تۆ بە بیانووی ئەوەی ئەم یاسایە کە هاووڵاتیە زانیاری نەدەیتێ، بۆیە تەسەور دەکەم ئەگەر ئەمە بکرێت بە کەس، یان هاووڵاتیان و بێگانەکان کە مافی بەدەستهێنانی زانیاریەکانیان هەیە بەپێی ئەم یاسایە، باشترەو فراوانترەو هاوڕاو هاوتایە لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتیەکان کە لەماددەی (19) ساڵی 1948 هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دڵشاد لە کوردەواری خۆمان دەڵێن سڕی میهنە هەیە، کەس سڕی میهنەی خۆی نادات بە خەڵك، ئەوەی جەنابت دەڵێی موتڵەق نییە، مەسەلەن لە دەوڵەتان گوێمان لێ دەبێت لە ئەخبار دەڵێ جاری وا هەیە جاسووسێك دەگیرێت لەسەر ئەوەی کە دەیەوێت مەعلوماتی دەزگایەکی صناعی بدزێت ببات بۆ جێگایەکی تر، یان فرۆشتوویەتی، دەبێت ئێمە بە موتڵەقی تەماشای مەسەلەکان نەکەین، شتەکان محدودن بەڕاستی، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو بەشە نووسراوە (کیفیة الحصول الى المعلومات) بۆ خۆی ئەگەر بنووسرێت (حق الحصول على المعلومات) باشترە، ناونیشانی پرۆژە یاساکەش هەر ئەوەیە مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

بەنیسبەت ماددەی پێنجەمیش، پێموایە لابدرێت باشترە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی شەشەم برگەی یەکەم نووسراوە، پێویست ناکات بیخوێنمەوە دووبارەو دوورو درێژی بکەمەوە، تێیدا نووسراوە ئەو مافەی لە ماددەی پێنجەم زیادەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک عبداللە مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاک ئارام قادر کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا دوو رەئیم هەیە، یەکێکیان/ ئەوەی تایبەتە بە کەس و هاووڵاتی، ئێمە لەنێوان ئەو دووانە داین، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەدام بە کەس بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی تاکە مەترسی کە ئێمە هەمان بێت لەوەیە کە کەسی بیانی، یاخود رێکخراوێکی بیانی سوود لە هەندێك زانیاری وەربگرێت، کە رەنگە

دەزگایەکی جاسوسی بێت بۆ ئەو مەرامە سوودی لێ وەربگرێت، کە ئێمە سەیری یاساکەمان کرد بێت و هەمووومان خوێندبێتەوە، لەماددەی (15) کە ریز پەڕەکاندا هەموو ئەو مەترسیانەی کۆنترۆڵ کردووە، کە ئەوانەی ئێمە مەترسیمان لێی هەیە دەزگایەکی موخابەراتی، یاخود کەسێکی سەر بە دەزگایەکی موخابەڕاتی سوودی لێ وەربگرێت، لەوێدا غەدەقە کراوە هەم بۆ هاووڵاتی، هەم بۆ غەیرە هاووڵاتیش، بۆ بیانیش، کەواتە ئەو مەترسیانەمان بەوە دەرەویتەوەو، ئەگەر بە کەس بمێنێتەوە زیاتر لەگەڵ ئامانجی یاساکە دەگونجێت کە یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی یاساکە پرەسیپی شەفافیەتە لە هەرێمی کوردستاندا، کە تۆ بەم جۆرە دەتوانی ئەو زانیاریانە کە مەترسی نییە بۆ ئەمنی قەومی و بەو مەفهومانەی تر نایدەیتە هیچ کەسێك، نە هاووڵاتی، نە بیانی.

خاڵێکی تر لەم ماددەیە، لەگەڵ ئەوەی کە بە کەس بمێنێتەوە پشتیوانی لە رەئیەکەی کاك عبدالسلام دەکەم کە ئەو ماددەیە لەوێ لابرێت، چونکە دەتوانی لە ماددەی شەشدا بە هەمان شێوە هەر بە کەس بیهێڵیتەوەو هەمان ئامانج بپێکێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە هەموو کەسێك بێت، هۆکارەکەشم دیارە هاوکارم کاك ئارام روونی کردەوە پشتگیری لە ئەو رەئیەی بەڕێزی دەکەم و بەم شێوەیە بێت (هەموو کەسێك مافی ئاگادار بوون و گەیشتن بەو زانیاریانەی پەیوەست بە دەستە گشتی و تایبەتیەکانەوە هەیەو چەند دانەیەك لەو بەلگەنامەی بیانەوێت بە دەست بێنن وەکو لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە)، واتا دەستە تایبەتیەکانیش دەست نیشان بکرێت، چونکە لە پێناسەکاندا یەکەم دەستەی گشتی پێناس کردووە، کە وەزارەت و موئەسەسات و ئەوانەیە، دەستە تایبەتەکانیشی پێناس کرد بوایە.

دووەم/ من کە دەڵێم پەیوەست بێت بە دەستەی گشتی و تایبەتیەکانەوە، لەبەر ئەوەی لەلای خۆیان دەهێڵنەوە، ئەمە دەستەواژەیەکە پێویستە لابرێت، رەنگە بەهۆی ئەو دەستەواژەیەوە هەندێك لە زانیاریەکان بشارێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لە قسەکانم کوێستان خان ئاماژەی پێدا، بەڵام شتێك هەیە ئەو زانیاریەی کە ئێمە ئێستا باسی لێ دەکەین، زانیاری ئەنواعە، زانیاری هەیە عیلاقەی بەوە هەیە کە تۆ شتێکی عیلمی و

تەكنەلۆجيايەو تەقەدومەو چاكسازييە، زانيارى هەيە خۆت ناتوانى بيدەيت، زانيارى هەيە هەر نەشر نابێت وەكو جەنابت گوتت پاش پەنجا ساڵ، حەقە ئێمە تەسنيفى ئەو زانياريانە بكەين كە دەڵێت، ئەو زانياريە چيەو چى نييە؟ منيش لەگەڵ ئەو رەئيەمە كە هەموو كەس داواى زانيارى بكات، بەلاَم زۆر گرنگە ئەوەى كە زانيارى دەدات بڵێت ئەوەت بۆ چيە؟ تەحليلى بكە، چونكە تۆ دائيمەن بە تەحليل و موناقەشە دەزانى لە مەرامى موقابيل بگەيت، ئەگەر ئەوە دەزگايەكى جاسوسى بێت، يان صيناعەت لىَ بدزێت، يان دەزگايەك بێت بيەوێت خزمەتى تەكنەلۆجياى بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشتى خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتى عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من بەرگرى لەوە دەكەم كە كەس بێت، بەو پاساوەى كە ناوى ياساكە ناوى حەقە، تەئكيدمان لىَ كردەوە كە حەقە، دواتر كە گەيشتە سەر ئەوەى حەقە كىَ مومارەسەى بكات، خەريكە كاڵ دەبێتەوە، يەعنى خەريكە مەنزورمان بۆ مومارەسە كردنى كىَ حەقە كە مومارەسە بكات؟ كاڵ دەبێتەوە كە تەوق دەكرێت لە مواتندا، بۆيە بە بڕواى من حەقى دەستكەوتنى زانيارى ئيدراج نەكراوە لە حقوقى مواتنە، يەعنى ئەمە عيلاقەى بە حقوقى مواتنەوە نييە، ئەمە عيلاقەى بە حەقى شەخصەوە هەيە، وەكو پێشتر هاوكارانم گوتيان ئەمە لە دەستوورو لەكۆمەڵێك پرۆتۆكۆلى نێودەوڵەتيدا ئەمە ئاماژەى پىَ كراوە، بۆيە بڕوام وايە حەقەكە حەقى شەخص بێت، نەك هى مواتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من رەئيم وايە ماددەى پێنج دەمج بكرێت لەگەڵ ماددەى شەش، يەعنى واى لىَ بكرێت، چونكە دووبارەى تيايە (هەموو كەسێك مافى ئاگادار بوون و گەيشتن بەو زانياريانەى هەيە كەپەيوەنداره بە دامەزراوە گشتى و تايبەتەكان)، كۆتايى پىَ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سميرە خان فەرموو.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم کە ئەو ماددەیە زیادە، نەمێنێت، بەڵام ئەگەر هەر مایەوە پشتگیری قسەکانی زەکیە خان دەکەم لە بەشێکی رەشنووسی دەستووری هەرێم ماددەی شەش بڕگەیەکی نوێ عیلاج کراوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە شاکر محمود/ وەزیری رۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مافی وەرگرتنی زانیاری مافێکە وابزانم هەتا لە دەستووریشدا هەیە، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیسان ئێمە دووبارەی دەکەینەوە قانونەکە پێموایە شتێکی زیادە، ئەمە یەك.

دووەم حاڵەت، ئێمە ئەگەر بڕیار بدرێت دەست نیشانی ئەرکی ئەو هەیئەتە بکەین هەرچی بێت ناوی ئەوەیە ئیصداری تەعلیمات بکات، تەعلیمات دەربکات، من پێموایە ئەم ماددەو ماددەکەی تر هەر هەمووی بریتیە لە شتی ئیجرائی و تەعلیمات دەرکردن، لەبەر ئەوە پێموایە دەتوانین هەر هەمووی لاببەین، ئەوەندەی کە تەعلیمات دەردەکات بەپێی ئەو تەعلیماتە بلاّو دەبێتەوە کە چۆن چۆنی زانیاری بە دەست دەهێنێت، ئەگەر بمێنێتەوە دەبێت هەندێك گۆڕانکاری تیا بکرێت وەکو گوتم، تا لە شەخص و هاوولاّتی نەترسی، هەتا هاوولاّتیش نەبێت قانونی ئیستیسمار هەیە تەنزیمی ئەوە دەکات کە موستەسمیر چۆن مەعلومات وەرگرێت و عیلاقەکەی تەنزیم دەکات؟ یەعنی لەقانونی ئیستیسماردا هەیە، قانونی ئەرشیفی نیشتمانی هەیە کە هەر کەسێك چۆن وەسائیقی دەست دەکەوێت و تەحدیدی وەسائیقەکەی کردووە، قانونی ئیحصامان هەیە، دیسان قانونی ئیحصاش کۆمەڵێك موحەرەمات و شتی دانا کە چۆن شت دەست دەکەوێت، واتا هەر ئەم قانونە نییە، کۆمەڵێك قانونی تر هەیە کە عیلاقەی بە زانیارییەوە هەیە، دەبێت ئێمە رەچاوی بکەین لەم حاڵەتە، هەیئە بکرێتە موئەسەسە، چونکە ئێمە گوتمان لە تەعریفەکەی پێشوودا بە موئەسەسە، ئەگەر ئەو ماددەیە زەروری بێت بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ ئێستا لیژنەکان کۆبوونەوەیان هەیە، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**     **د.حسن محمد سورە**     **د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**